
دوای ئەمانی ڕۆژانی تاریکی
جارێکی تر خاکمان وەرد ئەبێتەوە و
کانیاوەکان ئەژێینەوە

# وەرد

بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی
و داب و نەریتی دانیشتوانی و دەوروبەری
بە شیعر و پەخشان

٢

پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار



# مێژووی شاری سلێمانی

ڕێکخستن و پێداچوونەوەو سەرپەرشتی کردنی چاپ:
مەحموود ئەحمەد محەمەد

بەرگی دووەم

2007زایینی 2707کوردی

# وەرد

( مێژووی سلێمانیو داب و نەریتی دانیشتوانیو دەوروبەری بە شیعرو پەخشان )

نووسینی:

## پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار

رێکخستنو پێداچونەوەو سەرپەرشتی کردنی چاپ:

مەحموود ئەحمەد محەمەد

( بەرگی دووەم )

٢٠٠٧ی زایینی ٢٧٠٧ی کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم


- ناوی کتێب: وەرد.
- نوسینی: پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٤٦٨) ساڵی (٢٠٠٧) دراوەتێ.
- ڕێکخستن و پێداچونەوەو سەرپەرشتی کردنی چاپ: مەحموود أحمد محمد
- تایپ و دیزاین: کۆمپیوتەری شانیا
- شوێنی چاپ: چاپخانەی تیشك
- ساڵی چاپ: ٢٠٠٧

# زنجیرەی وەرد

## بەشی هەشتەم

## رووداوی مێژوویی لەشاری سلێمانی

## کارەسات لە سلیمانیا

❖ گرانی گەورە ساڵی ١٧٨٦ی زایینی.

❖ مستەر ریچ لە ساڵی ١٨٢٠ی زایینیدا مقابەلەی مەحموود پاشای بابان ئەکا لە سلێمانی.

❖ موئامەرە (١٢٣٦ ك) و (١٨٢١ ز) هێرش بۆ سەر سلێمانی لە تانجەرۆ. (دێ باریکە) لەلایەن والی بەغا بەدەسیسەی عبداللە پاشاو سلێمان بەبە.

❖ بەسەرهاتی سلێمانی لەسەردەمی عبداللە پاشاو سلێمان بەبە.

❖ لە ساڵی ١٨٢٨ دا بە ئەمری شاهزادە والی سنە هجوم کرایە سەر شاری سلێمانی زۆر دوکانو خانو سوتێنرا.

❖ ساڵی (١٨٣٠) شەڕی گردە گرویێ لەبەینی محمود پاشاو سلێمان پاشا دا ١٢٤٥ی کۆچی.

❖ لەبەهاری ١٨٦٩ی زایینیدا گەورەترین نەخۆشی و ڕشانەوە لەسلێمانی داکەوت لەئەهالی (٢٠٠٠) کەسی کوشت. لە ئەشرافیش لەخەڵکی سلێمانی قادر ئاغای هۆمەر ئاغای کوشت

❖ ١٨٨٠ گرانی گەورە.

❖ بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی ساڵی ١٨٩٠ دروست کردنی منارەی مزگەوتی گەورە (منارە پچوکەکەیان).

- ساڵی (١٩٠٣-١٩٠٤)ی زایینی نەخۆشی ڕشانەوەکە یەک مانگ دەوامی کرد. زیاتری بخایەندایە کەس نەئەما.
- ١٩٠٨ی زایینی ئاژاوەی موسڵ.
- ١٩١٩ی زایینی بەدیل گرتنی شێخ مەحموود.
- ١٩١٦-١٩١٨ ی زایینی گرانیەکە.
- ١٩٢٣-١٩٢٤ ی زایینی بۆردومانەکەی ئینگلیز بۆ سەرشاری سلێمانی.
- ١٩٣٦/١١/١٢ ی زایینی مردنی ئەحمەد حەمدی شاعیر (دڵی وەستا).
- ١٢٠٧-١٣٠٥ ی زایینی کۆچی دوایی حاجی کاک ئەحمەد.
- ١١٧٥-١٢٥٤ کۆچی شێخ مارف.
- روداوەکانی سلێمانی لەساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٢٣ی زایینی.
- ١٩١٨ی زایینی مێجەر نوئیل حوکمی کردووە.
- ١٩١٨ ی زایینی شێخ مەحموود.
- ١٩٢٠ی زایینی مێجەر سۆن.
- ١٩٢١ی زایینی گولد سمیث.
- ١٩٢٣ی زایینی شێخ مەحموود.
- ساڵانی گرانیەکە لە (١٩١٦-١٩١٨ز).

❖ ١٩١٧ گرانی لە سلێمانی پەیا بوو خەڵکی شپرزە کرد، کەئەیان وتساڵی گرانیەکە فلان لەدایك بووە یا شوی کردووە مەبەست ئەم گرانیە یە.

❖ ١٩٢٣ بۆردومانەکەی سلێمانی لەلایەن تەیارەکانی ئینگلیزەوە بۆ ترساندنی خەڵکی سلێمانی کەدوای شۆڕشی شێخ محمود نەکەون.

❖ ١٩٣٠ (٦ ئەیلول ڕەش) شەڕی بەردەرکی سەرا (کەمن تەمەنم چوار مانگ بووە) لەلایەن عەسکەرەوە دەستڕێژی گوللە لەخەڵکی بێ چەك و بێ تاوان کرا، خەڵك کوژرا.

❖ ساڵی ١٩٣٢ لافاوەکەی سلێمانی.

❖ مەجید یەعقوب ١٩٣٧ – ١٩٣٩ موتەصەریف بوو، کاری باشی کرد.

❖ ١٩٥٧ لافاوە گەورەکەی دووهەم.

❖ ١٩٦٣ زندە بەچاڵی زیاد لە ٧٥ لاوی قارەمان لەسلێمانی بەدەستی بەعسی فاشست بەفەرمانی زەعیم صدیق!!.

❖ ١٩٦٨ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی.

❖ ڕشانەوە (١٩٠٣ – ١٩٠٤)ی دا.

❖ زانکۆ مانگی ١٩٨١/٩ گوێزرایەوە.

## هاتنی مستەر ریچ قونصلی ئینگلیز بۆ سلێمانی:

لــە ســاڵی ١٨٢٠/٥/١١ (میــستەر كلودیــوس جــیمس ریــچ) گەیشتە سلێمانی پاش مانەوەی یەك دوو ڕۆژ لە سەرچنار ئەمجارە هاتــە نــاو شــارەوە چونكە ئەستێرە ژمێرو بــەخت گــرەوەی محمــود پاشا لەكتێبو شتی وایان ڕوانیو ئەو ڕۆژەیــان هەڵبــژارد بۆ ئــەوەی میــستەر ریــچ بێتــە نــاو ســلێمانی، هــەموو دانیــشتوانی شــار هــاتن بەپیریــەوە لەقــەراغ شــار وەســتابوون چــاوەڕوانیان كــردو نزیــك نیوەڕۆی ئــەو ڕۆژە گــەیشت بــەم تەرتیبــە هاتــە شارەوە: ١٨٢٠/٥/١١ لەســـەر چـــنارەوە بـــەرەو ســـلێمانی، ریـــزی یـــەك كەلـــە پێـــشەوە ئەڕۆیشتن: بۆری زەنگ بەیداخ هەڵگر، دەلیل.

## مستەر جیمس بێل فریزر لەسلێمانی ١٨٣٤:

لــە ڕۆژی یــەكی تــشرینی یەكــەم ســاڵی (١٨٣٤ز) میــستەر بیــل لەگەڵ عەولی خدر ئاغا كە خەڵكی سلێمانی بووە گەیشتە سلێمانی لەلای سلێمان پاشای بە بە حاكمی سلێمانی  میوان بوو بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئینجا پاش دوو ڕۆژە بەرەو قەرەداغ و كفری.

## نەخۆشی تاعون Plague

لـــە تـــشرینی یەكـــەمی ســـاڵی (١٨٣٠ز) لەســـەروی ئێرانـــەوە بەهۆی كاروانچییەوە نەخۆشی تاعون هاتە سلێمانیەوە بوو بەهۆی

مردنـی (٤٠٠٠)چوار هـەزار کـەس لەخـەڵکی شـارەکەمان هـەروەکوو مـستەر فرایـزر کاربەدەسـتێك بـووە لەباڵیۆزخانـەی ئینگلیـز لـە تەورێز، کەپاش نەخۆشی تاعونەکەو مردنی خەڵکەکە وتویەتی: (بە ٧٣ سـاڵی تەمـەنم تـا ئێـستا شـارێکی وا وێرانـی وەك سـلێمانیم نـەدیوە کـە بەگـەرەك و کۆڵانەکانیـدا سـوڕامەوە هـەموی کـەلاوە و خانوی روخاو بوو بەتـەواوی وێرانـە بوو جگە لـەو شوێنە کـەماڵو خێزانـی لـێبوو، ئـەوێ کـەمێ باشتر بوو، وا دەرئەکـەوێ کـەخاوەنی ئەو خانوە وێرانانە هەموی مردون و کەسی تیا نـەماوە کە ئاگاداری ئـەو خانوانـە بکا بـە درێـژی ساڵو رۆژگـار ورد ورد روخـاونو بوون بەکـەلاوە وێرانـە... رۆژی واهـەبووە لەوشارۆچـکە بـچوکەدا زیـاد لـە ١٥٠ کـەس مـردون، نەخۆشـی یـە هێنـد کوشـندە بـووە کـەس فریـای کفنو دفنیان نەکەوتووە.

ئەگێڕنـەوە کەلـەدوایی دا زەلام بـەدارە مەیتـەوە گـەڕاون لـە کۆڵانانا و لەماڵان بۆ کۆکردنـەوەی ئـەو لاشە بۆگەنانـە کـەبێ خـاوەن کەوتون و کەس نەماوە بیان نێژێ، یـا ترسـاون لاقـەیان بکـەن توشـی نەخۆشـی بـبن، هەرچـەندە خـەڵکی خێـرا خێـرا چـون بـۆ کفن کـڕین هەرکەسـە بـۆ خـۆی کـەئامادەبێ بۆکاتـێ کـە گرتـی و پێـی مـرد زۆرکەسیش هـەر لەترسـا بـێ ئـەوەی نەخۆشیەکە بگرێـت مـردووە!! ئـەم دەردە کەبۆتـە هـۆی مردنـی هـەزارەها کـەس، دەرمـان نـەبووە و هێـشتا چارەسـەری ئـەوجۆرە نەخۆشـییە نەدۆزراوەتـەوە تاسـاڵی ١٨٩٤ گوایا دەرمانی ئەو نەخۆشییە دۆزرایەوە

چارەسەری ئەوە دۆزرایەوە کە نەیەڵێ هێندە خەڵك بیگرێت، پێش دۆزینەوەی ئەو دەرمانە کە تاعون لەسلێمانی پەیدابووە ماڵی وا هەبووە تاقی تیانەماوە هەموو مردون.

ئەوکاتە لەساڵی ١٨٣٠ دا سلێمانی نفوسی ١١ هەزار کەس بووە ٥٠٠٠ کەسی ماوەتەوە.

## براکوژی لەناو بابانەکان

شەڕی ناوخۆی وڵات کەناویان ناوە، براکوژیو ناوەکە پڕاوپڕیەتی، ئەوکاتە بەو شەڕە خەڵکێکی زۆر کوژراوە لەهەردوولا لەرۆڵەی خوێن گەرمی کورد لەبەینی سلێمان پاشای بەبە و محمود پاشای بەبە، لەمەدا خەڵکی زۆر ڕایان کردووە بۆ هەولێرو کەرکوك هەموو ماڵ وێرانو دەربەدەر بوون ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لە ١١٠٠٠ وە بوون بە ٥٠٠٠ کەس!! واتە لەماوەیەکی کەم دا لەشەڕی براکوژیەکەی نێوان ئەو دوپاشا یە کە خزمی نزیکی یەکتر بوون ٦٠٠٠ ڕایان کردوە بێجگە لە کوژراو لەهەردوولا.

مستەر فرایزر ئەڵێ (بەبازاڕی سلێمانی دا گەڕام لەهەموو جێگەیە قەرەباڵغتر بازاڕەکەی بوو کە دەغڵو دانو مێوژیان بەزۆری ئەفرۆشت هەروەها گوێزو بادەم و زۆر شتی تر (دیارە خەڵکی شارەکانی تر بووە.))

##ساڵی ١٩٤٤:

لەبیرمە کە معروف جیاووك (١٩٤٤ – ١٩٤٦) جادەی کاوەی دروست کرد کە هات بوو بە موتەسەریفی سلێمانی کاکە حەمەی ئەمین عەتار چوو بوو بۆ بەخێرهاتنی، وەکوو دۆستێکی ناسیاو ئەفەرموێ: یەکەم بۆ بەخێر هاتن هاتووم دووهەم بۆ کارێکی چاکە بۆ ئەم شارە خۆشەویستەمان، معروف بەگیش بەخێر هاتنی لێ دەکا، ئەمجار کاکە حەمەی ئەمین عەتار دەڵێ: جەناب! پێش چەند ساڵێك بڕیار دراوە شەقامێك راکێشرێت لە گۆیژەوە بۆ شاخەکانی ئەوبەر قەرەداغو گڵەزەردە، شەقامێکی پانو شارەکەمان بکا بە دوو کەرتەوە لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی عەرزی جەنابی خۆشەویستمو دڵسۆز بەکورد بکەم کە تۆ بەڕاستی لایەقی ئەم جێگەیەیت بۆیە داوام ئەوەیە بەڵکوو ئەو کارە خێروچاکە پڕ سوودە بەزووترین کات پاڵ پێوەنێیتو دەس پێ بکرێ، دەفەرموێ: کە چووم بۆ بەغا ئەم داوایەت ئەگەیەنم، بەینێکی پێ چوو مەعروف بەگ بۆ کارێك بانگ کرا بوو، ئەویش داواکەی شارەکەمانی گەیانبوو پەیمانیان دابوو کە بەزووترین کات رای لەسەر بدرێ، لەپاش چەند مانگێك رای لەسەر دراو بە موتەسەریف راگەیەنرا کە دەست پێبکرێ، باوکم کاکە حەمەی ئەمین عەتار بە ڕەحمەت بێ چووە لایو هاتەوە زۆر دڵی خۆش بوو هەموو ئازای پێ ئەکەنێ، وەکوو دەڵێن: لە خۆشی ئەو مژدە حۆشە کە شارەکەمان شەقامێکی وا گرنگی تیا ئەکرێتو ئەم پەڕو ئەو پەڕی ئەبێ بە بازاڕو دوکان، لە ١٩٤٥دا دەست بە خانوو روخان کرا، هەرچی ماڵێ روخێنرا سنگی لە کاکە حەمە

ئەکوتا کە خەتای ئەو بووە وا ماڵیان روخاوەو ماڵی وێران بوو، ئەمیش لەخۆشییا ئارامی نەبوو، هەرچەندە بۆ ئەو کاتە خۆی لە هەموو کەسێك زیاتر زەرەرمەند بوو تا ناوەڕاستی جادەکە دەستەیە خانووی چەند ژوری هی ئەو بوو، هەمووی بەر جادەکە کەوت و هەموو تەعویزی چاکیان درایە لەچاو ئەو رۆژەدا، ئەمیش سەد دیناری بۆ نووسرا تەعویز بەڵام وەری نەگرت فەرموی بیدەن بەو موستەحەقانەی ئاوارە ئەبن، من نامەوێ هەرچەندە بۆ ئەو رۆژە ئەوسەد دینارە خانویەکی بچکۆلەی تیا ئەبوو، هەزار رەحمەت لە گۆڕی دڵسۆزی کوردستانەکەمان.

## تەموین

هەموو ئەزانین شەڕی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٣٩ دا دەستی پێکرد تا ساڵی ١٩٤٥ ی خایاندن شەش ساڵ ئەم خەڵکە، هەموو دنیا کەوتە نەهامەتی و برسێتی و روتی و پینە و پەڕۆ بێ خواردنی و نەخۆشی تراخۆما و مەلاریاو سیل و گرانەتا! ئەمە لەوڵاتی ئێمەدا بەزۆری لەهەموو دێهاتەکان دا هەبوو، لەهەمووی خراپتر و کوشندە تر لە ناوچەی شارەزوور ئێمە هەرەتی منالی و هەرزەکاریمان بوو لەوقاتوو قڕی و بێ بەرگی و بێ کارگەی شت دروست کردنە کە هەمووی بەتەیارە بۆردومان کراو تەخت کراو سوتێنرا چاومان کردەوەو تەمەنی منالیمان بەسەر برد چونکە کارگە هەمووی قڕهات هیچ پێویستیەکی بەشەر نەما ئەوەی پەز

مەنـدەیی کـۆنی خـۆی نـەبوو بێـت بـەکاری بێنێـت وا لـە رووتیـا ئەکەوتـە سـەر زەوی، ئـەوەی کـەمێکی کـونی مابووبێـت وا دەسـتی پێـوە ئـەگرت و ئاگـاداری ئـەبوو بـەڵام پـێڵاو نـەبوو زۆربـەی خـەڵکی دێهاتـەکان پێخـاوس بـوون کـڵاش و کـەوش لـەوڵاتی خۆمـان ئـەکرا بەڵام لەبەرگرانی چەرم و بزمارو دەزوو شتی وا زۆرگران بوو کەس بۆی نەئەکرا خۆ منالّی بەسەزمان ئێجگار بێ بەش بوو لەیاریەکانی کچ دایکەکانیان بوکی قامیشیان بۆ ئەکردن، سەرە بڕشتی سورمەو کوتـالّی تـر بـۆ جلـی بوکـە کـە گـەر ببوایـە ئـەوەش نـەما بەدەگمـەن خەیات کوتالّی بۆ ئەچوو بۆ دورون نانی خەیاتیش بڕا بوو، بەڵام ئێمـەی سـاویلکەو دڵپـاک و هـیچ نـەدی و بـە هـەموو شـتێك دڵمـان ئەکرایە وە ویاریمان پێ ئەکرد نەك وەك منالّی ئەم زەمانە کەبەهیچ رازی نـابن هێنـدە شـتی تـازە داهـاتوو ئـەبینن!! کـوڕ هـەڵماتی پـێ دروسـت ئـەکرا زۆر رێـك و پێـك بـوو ئێـستا بۆیـە ناکرێـت خەڵکەکـە پێویـستی پێـی نیـە لـەزۆر جێگـای سـەر چـەم و زەلکـاو وەکـوو شـارەزورو ئـەو دێهاتانـەی سەرچـەمەکان مێشولەی مـەلاریا زۆر بـوو عالەمەکـە توشـی مـەلاریا بـوو بـوون دەرمـان نـەبوو لـەبنی بێنێـت لـەدواییا حـەبی کـنین داهـات بـەوە لـەبن یـان ئـەهێناو تـداوی نەخۆشـیەکەیان پـێ ئـەکرد بـەڵام هێنـد زۆر بـوو لـەتواناداا نـەبوو میریش زۆر گوێی بەوڵاتی ئێمە نەئەدا لەبەر ئەوە منالّو کوڕوکالّی زۆری پێ ئەمرد عالەمەکەت ئەدی هەموو رەنگ زەرد و ورك لێهاتوو لەڕ لی و وشك چاو بەقوڵا چوو بریناوی رەش داگەڕاو سەر کەچەڵ بـەزۆری ئـەو دوو سـاڵەی کـەباران نـەبوو دانەوێڵەنـەکرا شـینایی و

سه‌وزه‌و میوه نه‌ما عاله‌مه‌كه شپرزه‌و ماڵ وێران بوون به‌زۆری خه‌ڵكی دێهاته‌كانی ئه‌م دیوو ئه‌و دیوی كوردستان له‌به‌رئه‌وه‌ی كوردی دێهاته‌كانی سه‌رسنور زۆربه‌ی روی كرده ئه‌م دیو سلێمانی‌و كه‌ركوك، ئافره‌ت زۆر بوون به‌نانه‌سكی كاریان بۆماڵان ئه‌كرد، ماڵی واهه‌بوو ده‌ستدار بوون چوار ئافره‌تی ئه‌گرته خۆی خزمه‌تی ماڵ‌و مناڵیان پێ ئه‌كرد له‌ڕێی خواردن‌و به‌رگێكی كۆن، هه‌بوو مایه‌وه و هه‌ش بوو كه باران باری و خواردن په‌یا بوو بارو دۆخی وڵاته‌كه‌یان باش بوو گه‌ڕانه‌وه دێهاته‌كانی خۆیان له‌سه‌ر سنوری عێراق-ئێران ئیتر باسی ئه‌و چه‌ند ساڵه‌ی میلله‌تی دێهاته‌كانی كوردستان هه‌رناكرێت ره‌نگبێ هی عه‌ره‌ب‌و شوێنی ناوه‌راست‌و خواروی عێراق هه‌ر زۆر خراپتر بووبێت، به‌ڵام ئێمه هه‌ر ئاگاداری وڵاتی خۆمان بووین، وڵاتی ئه‌وان گه‌رم‌و بێ ئاو ئاخۆ حاڵیان چۆن بووبێ؟ ئیتر باسه‌كه هێند دورو درێژه هێند دڵ ته‌زێن بوو خۆ نه‌باسێ مابوو نه‌قسه مابوو له‌غه‌یری باسی شه‌ڕه‌كه زیاتر كه مه‌ترسی خستبووه ناو هه‌موو دنیاوه هه‌موو كه‌س له‌گه‌ڵ ئه‌و نه‌گبه‌تی‌و برسێتی‌و نه‌خۆشیانه شا به‌ته‌مای خراپتر بوو، خه‌ڵكه‌كه شپرزه بوون له‌برسا له‌به‌ر ئه‌وه میری ته‌موینی دانا هه‌ر خێزانه‌ی به‌پێی سه‌ر موچه‌ی خواردن‌و جلی به نرخێكی هه‌رزان بۆ برینه‌وه خواردن شه‌كرو چاو فاسۆلیاو گه‌نم‌و برنج‌و نیسك‌و نۆك هه‌رچه‌نده هه‌مووی خراپ‌و بێ كه‌ڵك‌و بن عه‌مبار بوو به‌ڵام له‌نه‌بوونی باشتر بوو، چیت‌و خام‌و بلوریش بۆ جل كه ره‌نگیان ئه‌كردو ئه‌یان كرد به به‌رگ به‌پێی ده‌فته‌رێكی بچكۆله كه ده‌فته‌ری ته‌موینیان پێ ئه‌وت

لـەوکاتی شـەڕەدا وەکـو هـەموو شـەڕێك تـازە دەوڵەمەنـدی زۆر زۆر پـەیابوو بوو کەبێویژدانانـە خواردەمـەنیان گشت شاردەوە کەکاتی قاتوو قڕی بەنرخێکی زۆر گران بیفرۆشن.

ئا لـەو باسـی برسـیەتیو روتـیو نەخۆشـی زۆرەوە شـتێکم بیرکەوتــەوە کــەتا ئێـستا شـێوەکەیم لەبەرچـاو لاناچـێتو لــەدڵ دەرناچێت کاتێ کە یەتـەوە بەرچاوم موچڕك بەلەشم دا دێت لەشم ئەلـەرزێ بـۆ شـێوەی ئـەو لاوە کـوردە دڵ بـەدنیا خۆشـەی ئەوکاتـە کەنمونـەی هـەموو کڕوکـاڵو گـەنجێکی زەمـانی شـەڕبوو بـەزۆری لەلادێکاندا.

ڕۆژێـك لـە پـشوی هاوینـا بـوو هـەموو دانیـشتبوین نـانی نیوەڕۆمـان ئـەخوارد لـەدەرگا درا یـەکێ چـوو کردیـەوە هاتـەوە وتـی کوڕێکە قوڵینەو سەبەتەی هێناوە ئەڵێ نای کڕن دایکیشم فەرمووی ئا بانگی کەن کاتێ هاتە پێشەوە چی هات کوڕێکی چواردەو پانزە ساڵ پشتی چەمیبووەوە لەبەر قورسی بارەکـەی لەقوڵینـەو سـەبەتە پڵاو پاڵێو لەشارە زورەوە تا ناو شار دیارە بەپێ چونکە ئوتومبیل نـەبوو کـوڕ چـی دوو چیلکە هێنـد لاواز و ڕەنـگ زەرد دەمو چاوو دەستو قاچ برینـاوی هـی مێشولە ڕەنگ نـەخۆشو ڕەش هەڵگـەڕاو لەبرسا روتو چڵکنو پینـاوی و پێخـاوسو سـڵاوێکی کـرد دایکـم فـەرمووی ڕۆڵـە دانیـشە وتـی توخـوا زۆرم برسیە تێـر قـوبڵیم کـەن ئێمـەش دڵمـان قـوڵپی ئـەدا بـۆی بۆئـەو وەزعـە کـە شتی وا لەشارا نەبوو نەمان دیبوو خێرا تێر قووڵی کرا دیارە بۆنی قبوڵی کردبوو ئـیتر کۆمـەڵێ بارەکـەی کـرا و ڕۆیـشت تـا بـەینێ هەرباسـی ئـەو

روداوەمــان ئــەکردو ئێمــەی منــاڵ هــەتا گــەورە کــانیش لــەدڵی دەرنەئەچوو کەنمونەی گەنجی لادێکانی ئەوکاتە بوو، وتمان چۆن ئەو هەموەت بۆ هەڵگیراوە وتی کاسبکار هەر من ماوم گشت هان لە ماڵەوە مەلاریایانە یا مردون لە ناعیلاجیو موحتاجیا هەر من یان هەم... خۆ تەلەبەش زۆر بێ بەش بوو کاغەزەکە عەمارە پو قەڵەم چرووك هەر بەگوێزان دات ئەدا قرچ نوکەکەی ئەشکاو دەستی خۆشت بڕیوە.

دەقی ئەو نوسینانەم کەلە کۆتایی ساڵی (١٩٧٣)دەست پێ کردنی ساڵی (١٩٧٤) و ترس و لەرزو نارەحەتی میلەتەکەمان بۆ ڕۆژانی داهاتوو ڕێکەوتن و ڕێ نەکەوتن لەگەڵ میریدا بەگشتیو هەروا چەن باسێك تاییەت بەخێزانی خۆمان بە تاییەتی هی ئەو ڕۆژە نادیارانەی داهاتوو ئەویش بێ دەسکاری دەقەکەیم خستە سەر کاغەز باسی ئەو ڕۆژانە ڕۆژ بەڕۆژ هەندێکیشم کە زۆر تاییەتیە سڕیەوە.

## ساڵی ١٩٧١:

بەسەر دیار بەکردا تێپەڕبووین بەرەو لەندەن زۆر زۆرم لاخۆش بوو، دەمدی ئەو شارە دڵگیرە خۆشە گەورەیە بەزۆری هەرچیمان ئەدی کورد پەروەر و دڵسۆزو بە خزمەت بوو بۆمان، لەبەرئەوە لەخۆشیا چەند شەوێك ماینەوە و پیایا گەڕاین، ئەوکاتە

كورده كانی وڵاتانی ده‌وروبه‌رمان به‌تایبه‌تی دانیشتوانی دیاربه‌كر به‌چاوێكی پڕ هیواوه دیانڕوانیه ئێمه، له‌به‌ر ئه‌وه به‌دزیه‌وه كارێكی وایان بۆ كردین تا ماوم بیرم ناچێته‌وه و به‌چاوێكی پڕ فرمێسكه‌وه وتم:

به‌من چی دیاربكر! ئه‌وه‌نده خۆشبـــــــــیْ!
ئه‌و ڕۆژه خۆشـــــــــــه یه‌ك بگرینـــــه‌وه

## ئه‌مرۆ كه (٣)شه‌ممه‌یه ١٩٧٤/٢/١٩:

دڵمان زۆر ته‌نگه وه‌ك ته‌خته‌ی سه‌ر ئاوین هه‌موو ئازامان له ترس‌و خه‌فه‌تا ئه‌له‌رزێ، چونكه هه‌واڵێكی خۆش نیه ورده ورده له‌م ڕۆژانه‌دا باسی ڕوداوی ناخۆش ئه‌كرێت، صه‌دام ده‌بابه‌ی هێناوه‌ته شار له‌م ڕۆژانه‌دا له‌كه‌ركوك شه‌ڕ بوه جموجوڵی میری زۆره، خوا نه‌كرده ئه‌مجاره بقه‌ومێ خراپ ئه‌قه‌ومێ! دیاره میری نیازی خراپه به‌زۆر شت ده‌رئه‌كه‌وێ و خه‌ڵقه‌كه‌ش تۆقیوه، ئیتر خوا ڕه‌حم كا كه‌س ده‌نكه ڕوناكیه‌ك بێت‌و له دڵیا نیه.

دیسان سه‌ر له‌نوێ ورته ورت‌و ترس په‌یا بۆته‌وه، خوایه شه‌ڕ نه‌بێ خوایه دڵی نه‌رم كه‌ی دان به حوكمی زاتیه‌كه‌مانا بنێ، هه‌رچه‌نده به‌ڕای من كه‌من له‌سیاسه‌ت نازانم له‌وه ناچێ كه‌مترین داواكاری گه‌لی كورد بدا چونكه دڵی پاك نیه له ئاستمانا چاوه‌ڕێی ئه‌وه بوو له‌م چوار ساڵی شه‌ڕ وه‌ستانه‌دا خۆی به‌ته‌واوی بگرێت

پـەکی لـەپارە بۆ جاش و کرینـی چـەك نەکـەوێت وەك مـاری حـەوت سەر پێمانەوە بات لەوە ئەچێ زۆر نیازی خراپ بێ!

منـیش لـە بـەر خۆمـەوە هـەر ئـەڵێم ئـەی بـاوکی کـورد ئـەی بارزانی! ئێمە گشت لە گەڵتاین بەسەر بەماڵ بەمناڵەوە لـە کوڕ لـەکچ لـە هـەژارو دەسـتدار هـەموو کـوردی کوردسـتانی گـەورە لەگـەڵتاین دەست بە دوعا کە سەرکەوێ باوەی سەرۆك!، ئەمجارەت ماوە هەڵنە نگوێـت لەشـاخ نەکەویـە خـوارێ هـەموو لەگـەڵتاین بەخوێنـەوار نەخوێنـەوار بەهـەموو جۆرێـك لەگـەڵتاین دوعـا گـوێن کـە بگەیتـە پۆپـەی سـەرکەوتن قاچـت هەڵنەخلیسکێت ئـەوە هیـوای گەلەکەمانـە کەدابـەش کـراوەو بـەزۆر خراوەتـە پـاڵ تورکیـا و سـوریا و ئێـران و کوردی روسیا کوردی ئـەوروپا خوێنـدکاران کوردی یەمـەن کـوردی لوبنان کوردی هەموو جێیەك هاین لەگەڵتا دەست بەدوعا دەڵێین: بۆ پێشەوە بۆ سەرکەوتن بۆ بەرزی بۆ گەیشتن بە ئامانجت ئاخ لە وتە وتـی خـەڵکی و پـڕو پاغانـدەی ناحـەزانمان ئەوەنـەی تـر عالەمەکـە تۆقیـوە فـران فـران و ڕاکـە ڕاکەیـە هـەر پیکابـەو نـاو مـاڵ هـەر کـەس بەپێی توانای خۆی شتی بە نرخی خۆی هـەروا ماڵ و منـاڵی بـەرەو ئـەودیو بەپەلـە نـەك پیکـاب دەسـت نەکـەوێ هـەر خەڵکـەو ئـاڵتون خانوو ئەفرۆشێت پارە بێت و لە گیرفانیا بەڵام هیچی پارە ناکا.

زوربه‌یان چونه‌وه بۆ لادێ، به‌دڵ ده‌مگوت خوا بكا ماڵو منداڵو ناوماڵیان به خۆشی به زوترین كات بێنه‌وه، به‌ڵێ: دوو ڕۆژمان ماوه بۆ یانزه‌ی ئازار. به‌یانیه‌كه‌ی ۱۱/۱۰ /۳/ ۱۹۷٤ له خره‌ی ده‌بابه خه‌به‌رمان بوه‌وه.

ده‌ی خوایه ده‌ی نه‌جاتمان به‌ی عاله‌مه‌كه وه‌ك چۆن ژنێك ژان ئه‌ی گرێو زۆربه گرانی مناڵه‌كه‌ی ئه‌بێ و ده‌روی لێ ئه‌بێته‌وه ئاوا له‌و ته‌عزیه‌یه دوعا به ده‌وره بوو بو ده‌روو بوونه‌وه له كورد، هه‌ر سه‌دام حسێبه هه‌مووی به‌ده‌ست ئه‌وه خوا دڵی له عاستمانا نه‌رم كه‌ی گوایا هه‌ر اتفاق كرا وا كاك ئیدریس به‌ره‌و به‌غدا ئۆغر ئه‌كا خوایه بلّێ ی به‌و ده‌قیقه‌یه بگه‌ین عاله‌مه‌كه به ئاشكرا هاواری ئه‌كردو دوعا به ده‌وره بوو ئیتر كاك دارایان شێت كردبوو.

ئاخ چی بنوسم هۆشم نیه ئاگام له خۆم نیه ئابه‌م نوسینه ساكاره ئه‌م كه‌مه‌كیه به‌ڕۆژو ساڵه‌وه با بنوسم كه نوسینه‌كه‌م زۆر بێ ئاهو لاوازه، چونكه نوسه‌ر نیم به‌ڵام هه‌ر ئه‌نوسم گه‌ر لێ زانه‌كان یالێ نه‌زانه‌كانی وه‌كوو منو هاوتای من هه‌ریه‌كه‌ی له‌به‌ر خۆیه‌وه باسی ئه‌م ڕووداوانه‌و ئه‌م ڕۆژه ڕه‌شانه‌و ئه‌م هه‌موو دڵه له‌رزێو دوعا به‌ده‌وره‌ی ئێمه مانا نانی سافیلكه‌و هه‌وڵی شا پیاوانو خۆ به‌خت كردنی گه‌نجانمان بنوسرێ هه‌ركه‌س له‌به‌ر خۆیه‌وه وا ڕۆژی یه‌ك هه‌زار په‌ره‌و بوتلێك حبر ئه‌با به‌ڵام نوسینه‌كه باشتره هه‌ر چۆنێك بێ له نه‌نوسینه‌كه بۆ ئه‌وه‌ی نه‌وه‌كامان نه‌وه‌ی دوا ڕۆژ مێژووی وولاته‌كه‌ی لێ ون نه‌بێ، بزانێ گه‌ر به پشتی خوا شتێكمان ده‌ستگیر بوو كه بزانن چۆن ده‌ستگیر بوه، ئه‌وه به خۆڕایی ده‌ست

نەکەوتوە ئەو دەنکە حوکمە زاتیەو هەوڵ بۆ زیاتر بدەن و ببنە چقڵی چاوی دوژمن هەڵی کۆڵن کوێری کەن.

## 1974/3/11:

ئەمڕۆ (11) ئازارە دڵی گەل پڕ ئێش و ئازارە هەر کە خەڵکی گوێی لە خڕەی دەبابە بوو هیوای نەما زیاتر خەڵکی بەرەو ئەو دیو بۆ پشتگیری سەرۆک و شۆڕش ڕۆیشتن، مەگەر ئەوانە نەبێ کە ماوەنەتەوە ئەوانەی کە وەتەن ئەفرۆشن بۆ پارەوکورسی وا چاوەڕوانن دوعا ئەکەن کە میری چوڕێ چڵکاوی سوکیتیان بداتێ بەقوزەڵقورتیان بێ!!

ڕۆژی (11) ئازار سەعات شەشی ئێوارە لە تەلەفزیۆنەوە (ئەحمەد حەسەن بەکر) بەیانی خوێنەوەو مەوقیفی حوکومەتی ئیعلان کرد بە گۆرانی نیشتمانی و برقیاتی پشتگیری کە هەمووی هەڵبەست و درۆیە!! نازانم چی بنووسم دەستم قەڵم ناگرێت و گۆ ناکا چاوم وا لە داخانا تاریک ئەبێ دڵم ئەلەرزێت و پەلە پەل ئەکات سەرم هاتۆتە ژان لە شم ئەلەرزێ وەکوو شۆڕە بی خوایە ئەم کوردە بۆ وا بەختی ڕەش بێ لەچ گەلێك کەمترین.

پۆلیس لە شارا نەما ئەوەی چەکی پێ بێت بەچەکەکەوە بەرەو ئەو دیو ڕۆیی، هەرگیز بەهاری واتەڕو جوان نەبوە وەکوو ئەمساڵ بەلاّم وا هەست ئەکەم کە دەشت و دەریش لە گەڵمانا مات و

## ئەمڕۆ سەعات (٧) ئێوارەیە ٥-٦ /١٩٧٤/٣:

لە تەلەفزیونا ئەڵێ (خطاب هام) للسيد الرئيس (احمد حسن بكر) عن تقرير السياسي للمؤتمر الثامن لحزب البعث.

هەموو دەس لەسەر دڵو دەم بە دوعا دەی خوایە باسێکی خێری ئێمەی تیا بێت کە چەند ڕۆژێکمان ماوە بۆ ئەو باسەی کە گوێ قولاغین هەرچی دڵسۆزە نەك ئەوانەی چاوە چاوی ئەوەن کە ڕێکەوتنو دڵخۆش کردنی کوردی تیا نەبێت کە خۆی کوردە بۆچی؟ بۆ ئەوەی چۆڕێ چڵکاوی بۆگەنی دەست کەوێ لەو ڕێك نەکەوتنە نەفس نزمو دژ بەکوردی دڵسۆزو وەتەن پەروەر زۆر کەس لە کوردەکەی خۆمان کە بەچاوی خۆمان دەمان بینی کەوشەکەی بەعسیان ئەلستەوە بۆ ئەوەی ئەگەر ڕێك کەوتن نەبوو سود مەند بن لە چڵکاوو پارەو لەتە کورسیە شرێکی بێ حورمەتیو سووکێتی.

## ئەمڕۆ ١٩٧٤/٣/٨ :

هەواڵێك هات کە شەڕێك بوە لە دەربەندیخان ئەمەش هەواڵێکی دڵ خۆش کەر نەبوو.

سێ ڕۆژی تر یانزەی ئازارە، دەی خوایە ئاهەنگ بگێڕین ئاهەنگی ڕاستی بەدڵی هەموان بێ، وەکوو وتم خەڵکەکە بە زۆری ئەوانەی خەڵکی دێهاتە کانو کە سوکارو جێگایان هەیە لەدەرەوە بۆ ئەوەی گەر خوا نەکردە شەڕ بوەوە دووربن لەو شەڕە وا

غەمگینن، ئەو بێ دەنگیەی سەرەوەو ڕاکە ڕاکەی دڵسۆزان خوا بکا جاسوس خۆی نەخاتە پاڵیان هەر ئەی خا باسی خەڵکی ڕاکردوو ئەکەن کە بەم تەڕو توشیە خزاونەتە مزگەوتی دێهاتەکان بی خواردن و بێ خەم هێشتا خواردنیان نەگەیشتوٚتێ.

هەر قوتابیە بە تەنەکە ئاو بەگوێ درێژ یەنن لەو کانیو چەمەوە بۆ خەڵکەکە کە ئەیانەوێ خزمەتی ڕاکردوی شۆڕش بکەن.

بازاڕو دوکان نیە هەتا قەسابخانەش ئیزرابە هەتا منالآنیش یاری ناکەن لە پەنا ماڵەکانیان بەترسەوە ڕاوە ستاون.

## ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١٨:

دەنگ گەرم بوو کە گوایا وەفدێك چوە بۆ سەرەوە هەر ڕۆژەی قاوو قەوانێك دەر ئەچێ لەلایەکەوە وا ئەڵێن لە لایەکی ترەوە خڕە خڕی دەبابە بەڕێ کەوتوە بەرەو شار.

زانای کوڕم جل کۆنەکاتەوە بە زۆری جلە کوردیەکانی بۆ سبحەینێ ٣/١٩ کەبەرەو سەرەوە ئۆغر ئەکەن وەك سەدەها قوتابی زانکۆکانی کورد بۆ ڕێگەیەکی نەزانراو بۆچی هەر لە عیلمی خوادایە کەس نازانێ داهاتوو چۆن دەبێ! زانا لە پۆلی دووی ئەندازیاری (هندسة) توانا لەسێی ئیدارە ئیقتیصادی مستنصریة یەو داناش لە چواری (هندسە)یە.

جا دەبێ دڵی دایك لەو کاتەدا چۆن بێ وا کورەکەی جل کۆئەکاتەوە بۆ ڕێگەیەکی هاتوو نەهاتو نەزانراو سامناك؟ منیش وەکوو هەموو دایکێك دڵم ئەکوڵێ ئەویش جار جار سەیرێ ئەکا کە ئەبێ هەر بڕوا، ئاگری جگەر (وەکوو دەڵێن) هەڵی گرتوە ئەبێ هەر بڕوا بەرەو سپیری ئەو دەنگە دەنگو بانگەوازی شۆڕشی پیرۆز کە هاوار ئەکا بۆ ئەو غەدرە زلە کەلە کورد دەکرێ بەو دەنکە رازی بێتو کەچی دانی پیا نەنێو دەستمان بیبڕنو جوژمن لەوادەو بەڵێنی خۆی پاش گەز بۆتەوە...ساڵێك بوو چوو بوینە خانوی تازەوە ژورەکەی وەکوو ژورێکی گەنجێك پڕ لە شتی جوان خۆیو داناو یەکی جانتایەکی بچکۆلە جلو هەنێ پارە لە گیرفانیانا بەرەو دواڕۆژێکی سامناك ملیان لێ نا!، ئەڵێن نێرنێکی پڕ لە زەلام بەجلی کوردیەوە بە چەپڵە ڕێزان ویستویانە بەرەو سلێمانی بێن گەیشتوونەتە قەرە هەنجیر پێشمەرگە رای گرتوون بۆ کوێ ئەچن؟ وتویانە (للنزهة في الشمال) تەلەبەین ئیتر شکیان لێ کردون کاتێ تەفتیش کراون هەموو کلاشینکۆف دەمانچەیان پێیە پۆلیسو ئەمن.

تانکەرێکیشیان تەفتیش کردوە کە سەیر ئەکەن (٣٧) پۆلیس لە تانکەرەکەدایە بەدوای ئەو نێرنوەن هەموو پێکەوەن بۆ خراپە کردن نێرراون.

**ئێستا ١٨/٣/١٩٧٤:**

لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە ئەکەم پیاو بە دەگمەن ئەبینم هاتو چۆ بکەن، شار چۆڵو هۆڵ.

**١٩/٣/١٩٧٤ یەکشەممە:**

سەعات یانزەی بەیانی زاناو دانای کوڕم هەردوکیان ئۆغریان کرد هەر دوکیان بەرەو قەڵادزە کە زانکۆی سلێمانی گوایا لەوێ دائەنرێت، بارانێکیشە لافاو هەرمەپرسە، منیش لە شێت بونا بوم کاتێ جێبەکە هات جێبی مەلا ساڵحی دراوسێمان قبولیو مریشکم بۆ لێنا بوون، وتم: بیخۆن ئیتر لەمەودوا ژیانی پێشمەرگایەتی قوبڵیو ساوەرو نانو پیازو نانو دۆتان دەس ناکەوێت، شوکری خوا بکەین، عەبدولیان لەگەڵ چوو بەراستی دڵم لەوەستانا بوو بەڵام هەر دوعام بە دوایانا ئەخوێنو دڵخۆشی خۆمم ئەدایەوە، منیش وەکوو هەزاران دایك خوا بکا لەو سەرەوە بە سەربەستیو سەرکەوتوییو سەربەرزی بینەوە، ئاڵای کوردستان بەدەستەوە بە سرودی کەس نەڵێ کورد مردوە کورد زیندوە نانەوێ ئاڵاکەمان بەرەو شار بنەوە، بە پشتی خوا خوا دڵمان نەشکێنی ئەم لاوە خوێن گەرمانە شەرمەزارو پەشیمان نەبنەوە بە شادیو سەرکەوتوییو سەربەرزی هەموو بینەوە خۆباران سێ شەوو سێ ڕۆژە خۆشی نەکردۆتەوە.

ئایا فرمێسكی نه‌هامه‌تی ئه‌ڕێژێ یان نیشانه‌ی خۆشی به ده‌میه‌وه؟.

هێنده باران زۆره ڕێگه‌ی خه‌ڵكه‌كه نادا هه‌تا جێبیش ده‌رناچێ، له چوارتا به‌داخه‌وه چه‌ن لاوێكی خوێن گه‌رمی قوتابی – به هۆی بارانی زۆره‌وه – خانوویان به‌سه‌را ڕوخا و شه‌هید بون دڵی هه‌موومانی ته‌زان.

## ١٩٧٤/٣/٢١:

ئه‌مڕۆ (٢١) ئازاره نه‌ورۆزی ڕه‌ش كه‌س جه‌ژنی نه‌كرد، ئاگر نه‌كرایه‌وه، عالـه‌م دڵی له ته‌قینایه ئه‌مڕۆ هه‌نێ له سه‌رۆك فه‌رمانگه‌كان‌و كار به ده‌سته‌كان كا غه‌زیان بۆ هات شار به جێ بێڵن.

## ئه‌مڕۆ جمعه‌یه ١٩٧٤/٣/٢٢:

سه‌عات دوی پاش نیوه ڕۆ باوكی منالأنم به جێبێك به‌ره‌و سه‌ره‌وه ڕۆیشت، هه‌موو شتێكی به جێ هێشت بێ ئاوڕ دانه‌وه به‌ڕوویه‌ك‌و دڵێكی خۆشه‌وه خوا حافیزی لێ كردم ئایا دوا ماڵ ئاوایی ئه‌بێ یان نا له عیلمی خودایه، باوكی منالأنم كاغه‌زێكی له چوار تاوه نارد كه ئه‌ڕوا به‌ره‌و كارێزه و له‌وێوه له‌گه‌ڵ شیخ مه‌حموودی كارێزه به‌ره‌و سه‌ره‌وه ئه‌ڕوات ئینشائه‌ڵلا خێر ده‌بێ.

بەڕاستی زۆر دڵم خۆشە بە ئیلتیحاقی باوکی منداڵەکانمەوە و زۆر شانازی پێوە ئەکەم کە دەستی لە سەرو ماڵو پلەی سەرۆک دادگایی و منی هەرزەکارو تاقە کچەکەم هەڵگرتوو بە دڵێکی پڕ هیواو شانازیەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد، کاکە تواناش لە بەغداوە لە مانگی شەش چوە لای باوکی بۆ ئەو ڕێگە هاتو نەهاتە ئاگری کوردایەتی هەڵی گرتو ڕۆیشت بەرەو سەرەوە خۆیو سێ کوڕە تازە پێگەیشتوەکانمان خودایە، ئاخری خێربێ، بەدڵێکی خۆشەوە، بەسەربەرزی بەرەو ماڵ بێنەوە هەرچی هەڵئەستێ باسی تۆپەکانی پێشمەرگە ئەکا کە لولەیان چەند درێژەو چۆنو چۆن نین.

**١٩٧٤/٣/٢٤:**

ئەمڕۆ لە دەرگای بەندیخانە نوسرابوو بۆ کرێ!! کەسی تیا نەما پۆلیسەکان دەرگا کەیان شکاندو هەموو بەدییەکان ڕایان کرد بۆ سەرەوە خۆشیان ڕۆیشتن بەرەو سەرەوە بۆ پشتگیری شۆڕشو چەك هەڵگرتن.

**١٩٧٤/٣/٢٥ یەك شەممە:**

ئەمڕۆ (٢٥) مانگە خەڵکی لە (٢٦) ئەترسی چونکە دوا مەوعیدی پانزە ڕۆژەکەیە کە بەغدا دایناوە گەر نەچونە جەبهەی

وطنییەو مەفعوولی حوکمی زاتی بەتاڵ ئەبێت یەعنی شەڕ ئەبێتەوە، هەر ماڵەو بە پیکابو جێب پڕ لە سنوقو نوێن لەترسا بەرەو دیوی شارباژێڕ دەڕوا، شار نیوەیی بوە لە ترسی ئەم زاڵمە پیاوی گەورەو زۆربەی لە دڵسۆزی تیا نەماوە! کار بە دەستی میری لەوانەی بۆ سودی خۆی هەوڵ ئەدا هەڵوێستی خۆ فرۆشییان هەیە کوردی چیو کوردستانی چی بە پولێك نای کڕیت ئەوانەی ماون کاك (بهاء الدین احمد شیخ (حمد)، موتەسەریفو حاکمەکان ئەوانیش واخەریکن بڕۆن!! رەئیسی مەحکەمەکە (مستەفا فەقێ رەشیدە) باوکی منداڵی من پێش ئەوان پەیوەندی کرد. ئیمشەو (٣/٢٦/ ١٩٧٤ز) بابزانین چی ئەبێ، عالەم تۆقیوە ئەمڕۆ معاش درا بەخەڵکی ئەمنو استخباراتو عسکریە وەستابوون ئەیان دا.

**١٩٧٤/٣/٢٦:**

وا زیرە ئەکەم لە ترسی دەستی چەپەڵی بەعس تەنها خۆمو دڵڤانین، دەوری حەڤدە ڕۆژە دەرگای حەوشەم نەکردۆتەوە.

**ئەمڕۆ ١٩٧٤/٣/٢٧:**

وتم بابچم بۆ بازاڕ لە ترسا خۆم پێچایەوە ڕۆیشتم کەچی لای ئەو مەوقیفە گەڕانیمیانەوە وتیان: سەربازێك کوژراوە قلیشاوەتەوە نابێ کەس بەرەو خوار بڕوات بازاڕیش چوڵو هۆڵە کەس ناوێرێ بێ بەلامانا.

## شەوی ٢٨-٢٩ /١٩٧٤/٣/:

شـەوی پێـنج شـەممە سـەعات دەو نیـو ١٠:٣٠ دانیـشتوم وا مێشکم ئەتـەقێ هـەر ئیخبـاری عـەرەبی ئەکەمـەوە بـەڵکوو ئەمـە خـوا هەواڵێکی خۆشی بۆمان تیا بێت، گەر دووربێ قەوما پیس ئەقەومێ ئەمجارە عالەمەکە سەرو ماڵی تیا ئەچێ، هەی خاکمـان بەسـەر لـەم زریانو تۆفە خوایە ئاخۆ چیمان لە ڕێگەدا بێ.

ئای لەم ڕۆژە ڕەشە ئاخۆ چیمان لە پێشەوە بێت هەر پیکابو جێبـە بـەرەو ئەزمـەڕ عەسـکەر سـەیریان ئـەکا ئـەمری پـێ نیـە جـارێ تەفتیش یاتەقەیان لێ بکا حکومەت حەز ئەکا بڕۆن بۆ ئەوەی ببێتە زەغـتو زەعیفـی بـۆ سـەرەوە، ئـەم هێرشـی ڕۆیـشتنەی خـەڵکی شارەکە بەشتێکی باش نازانم.

## ئەمڕۆ جومعە ٢٩-١٩٧٤/٣/٣٠:

سـەرۆکی ئـەمر لـە دەنگـی کوردستانەوە قسەمان بۆ ئەکا خـوا بۆمانی بهێڵـێ هـەموو هیوامـانو خۆشـیمان دەنگـی کوردسـتانە کەبـە شـەو قسەمان بۆ ئـەکاو دڵخۆشمـان ئـەکا، دوێنـێ شـەو ئێستگەکە وتـی (٢) کـۆلیج لەقـەڵادزە کراوەتـەوە خـوا بکـا ئـەم زاڵمـە داخـی خۆیمان پێ نەڕێژێ شتێك لە قەڵادزە نـەکات دوربێ بۆردومـانی کـاو داربا بەرۆحمانا هەموو جەرگمان لەوێیە من دوو کوڕم!!.

•

:١٩٧٤/٤/١٧

ئەمرۆ حاجی رسول تەلەفونی کرد هەموو ئازای پێ ئەکەنێ کە هاتوە بۆ سلێمانی بوە بە قایمقام لە پاش چەند مانگێك کرا بە موتەسەڕیفی سلێمانی.

## شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٤:

تەقەیەکی بێشومار کرا بەزۆری لەگەڕەکی ئێمە، هەر گوللەی سوربوو بە ئاسمانا دەچوو، دیارە دەسیسە بوو بۆ ئەوەی ئەوانەی پیاوەکانیان ئیلتیحاقیان کردوە چۆڵی کەن یەکەم تالآنی کەن، دوهەم دەس بەسەر خانوەکەدا بگرن و جاش‌و خزمی خۆیانی تێخەن. لویزەی خوشکم چوو بوو بۆ بەغدا لەوێ مابوەوە ئەوە حەفتەیەکە لەگەڵ ئافتاو خانی خەسوی هاتنەوە بەینێکە لە ماڵی ئێمەیە لە تەقەکەی شەوی ١٨-١٩٧٤/٤/١٩ دا کەسێ سەعات‌و نیو دەوامی کرد من‌و کچەکەم دڵڤان و لویزە لە ژێر پیلیکانەدا خۆمان مات دابوو، تاسێ سەعات‌و نیو!! کاتێ سبحەینێ سەیرمان کرد کوشێك گوللە لە حەوشەکەمانا بوو، زۆر شوشەی پەنجەرەی ڕوەو شارمان شکابوو، ئەو ترسە هەرچەند خۆم بە تەبیعەت ترسنۆك نیم بەلآم لەو تەقانە زۆر ترسام کەشالآو بێننە سەرمان خۆم‌و کچەکەم‌و خوشکم سەربڕن بەزۆری کچەکەم زۆر ترسا هەر ئەلەرزێ.

سبحەینێ چووم حەبی ڤالیۆمم کڕی بەلآم زۆر ترسام بە زۆری بۆ کچەکەم بەلآم نەخەو نەخواردنم نەماوە.

## ئەمڕۆ کە ۱۹۷٤/٤/۹:

جەیشێکی زۆر بەرێوەیە بەرەو ئێرە لەم ڕۆوە ڕێی کەرکوک گیراوە نایەڵن چۆلەکە بەکووش بەرەو کەرکوک بڕوا.

## ڕۆژی ٤/١٦:

ڕێی کەرکوک کرایەوە ئافتاو خان ڕۆیشتەوە بۆ بەغدا ئەمڕۆ ٤/١٦ کاغەزی باوکی منالآن لەسەرەوە هات زۆر دڵخۆشە بەو ئیلتیحاقە زۆر باسی تیا نوسیبوو.

هێشتا بڕیارم نەداوە کەلە شار دەرچم بەرەو قەشان بەلآم مێشکم تەقیوە لە دەنگی قازیفەی (R B G) ئار بی جی و بۆمبا بێجگە بەملیۆن گوللەی کلآشنکۆف کە شەوانە ئەتەقێ، هیچ بەیانییەك نیە کۆشێك قاوانە فیشەکی گوللەی تەقیو لە باخ و سەربان کۆنەکەمەوە چونکە دنیا بووە بە رەبایەی جەیش و جاشی میری! پێشمەرگەی قارەمان و لە خۆ بۆردوو، شەو نیە نەدەن بەسەر رەبایەیەکا و زۆریشیان لێ شەهید ئەبێ بەداخەوە.

خۆ تۆپی حکومەتیش لە حامیەی نزیك ماڵی ئێمە ئەزمڕو گوێژەو ئەو دیوی سمیوە تەقەکەش لەناو جەرگ و دڵا دەنگ ئەداتەوە عالەم تۆقیوە، وەبە قەست بەرەو ڕوی مالآن ئەڕوا زۆربەی ئەکەوێتە مالآنەوە لە چەند ماڵ گوللە کەوتە ناو بەرمیلی نەوتەوە خەڵك و ناو ماڵی سوتان!! کاك قادر ناویش مەشهور بەقالە قەلەبالغ

به‌وه سوتاو وه‌فاتی كرد خه‌ڵكه‌كه زۆر داخی بۆ خوارد، له‌گه‌ڵ ناپیاویكردن‌و ترس خستنه ناو شارو دڵی خه‌ڵقیه‌وه‌و پڕو پاگانده‌ی ترسناك‌و تۆقێنه‌ر هێنده زۆره خراپه‌ی هه‌رباس ناكرێت.

ئینجا باسی خوشكی خۆشه‌ویستم‌و دڵسۆز به شۆڕش لویزه پێشمه‌رگه‌ی نه‌ناسراو له شارا ساڵه های ساڵه یانی له‌ده‌ست پێ كردنی شۆڕشه‌وه هه‌میشه ئاماده‌بوو گیانی خۆی به‌خت بكا... وه‌كوو وتم له‌گه‌ڵ ئافتاو خان هاتنه‌وه، كه ڕێگه‌ی كه‌ركوك كرایه‌وه ئافتاو خان ڕۆیشته‌وه بۆ به‌غدا لویزه‌ش بۆیه مایه‌وه كه بچێ بۆ قه‌لادزه بۆ هه‌واڵی باوكی مناڵانی‌و هاوسه‌ری شێخ كه‌مالی شێخ غه‌ریب كه‌له هه‌ولێر ساڵێكه مه‌سئولی حزبی پارتی‌و مودیری پۆلیسه، كاتێ ده‌ستمان له بنا بڕا، حه‌پسخانه‌ی هه‌ولێر كه زۆربه‌ی دڵسۆزه‌كانی كوردی تێدا به‌ند كرابوو به‌ره‌ڵلای كردن‌و چه‌ك‌و جبه خانه‌ی كه‌له ژێر ده‌ستیا بوو بردی ڕۆی بۆ سه‌ره‌وه‌و دای به لێپرسراوانی ئازادی.

ئه‌میش (واته: لویزه‌ی خوشكم)دزه دزه له‌ماڵی ئێمه‌و خزمی تر چه‌ند ڕۆژێك مایه‌وه چوو بۆ قه‌لادزه بۆ هه‌واڵی هاوسه‌ره‌كه‌ی كه چه‌ند مانگه ئه‌وه‌تی چوته‌وه سه‌ره‌وه نه‌یدیوه. كاك كه‌مال له ساڵی (١٩٦٢) دا التحاقی به شۆڕش كرد بوو ئه‌م چوار ساڵه‌ی ده‌ست برینه كه هاته‌وه بۆ ناو مه‌سئوولی لقی چوار بوو له سلێمانی یان جێگیری لق بووه ئێستا كه چوته سه‌ره‌وه فه‌رمانده‌یه‌كی پێشمه‌رگه‌یه دیاره هه‌میشه له‌شه‌ڕو جه‌به‌هه‌یه، به‌هه‌رحاڵ خۆی پێ نه‌گیراو به‌ره‌و قه‌لادزه‌و به‌مه‌به‌ستی په‌یوه‌ندیكردن كه‌وته ڕێ. هه‌ر

گەیشتە قەڵادزە شار بۆ ردومان كراو برینار كرا، ئەویش هەر ئەو كراسەی كەلە بەریا بوو پێی بوو فەقیانەو داوێنی بۆ ئەبڕن و برینەكانی بۆ دەپێچن. بەپێ لەگەڵ حەشامەتەكە بەرەو سەر دەشت بەباران و سەرما و برسێتی و خوێن پیایەتە خوارێ دەكەوێتە ڕێ.

لەسەر دەشت پزیشكی بەڕێز كە دڵسۆزێكی بێ پایانە دكتۆر جەمال غەفوری گەورە تەداوی ئەكا و ئەی نێرێت بۆ تاران بۆ عملیات ئیتر بەدەم خۆشە چەند شەوو چەن ڕۆژ لە قەڵادزە ڕێ بەر رێدار ناكەوێت لەبەر منداڵ و گەورە لە پیرو جوان لە ژن لەپیاو لەبریندار لەساغ لەكەوتنی لاشە لەسەرە ڕێگەدا هی بریندار یان پیرو داماو كەبریان نەكردوە.

ئیتر باسی ئەو ڕۆژەی بۆردومانی قەڵادزەو زانكۆكەی و كوژرانی دەیان كەس لەتەلەبەی زانكۆو خەڵكی شارۆچكەكە كە لەپاوە بۆمانیان دەگێڕایەوە روداوێك بووە بەداستانی ڕۆستەم ناگیرێتەوە!!

لە ٤/٢٥ دا خۆشم ماڵم جێ هێشت بەرەو ماڵی دڵسۆزان لەترسی، گرمەی ماتۆڕ.

## ئەمرۆ ٤/٢٠:

هێندە ئەلەرزێم نەم وێرا دەركەوم بچمە لای دكتۆر بەدزیەوە چوم بۆ بەغدا بۆ چەند ڕۆژ بەلام خراپتر بووم هێندە لەوێ ترسانیانم.

## ڕۆژی ٤/٢١:

لەبەر کچەکەم هاتمەوە زۆر خراپ ترم دکتۆرێکی خزم لەوێ بەدزیەوە دیمی وتی: هەر ڤالیۆم بخۆ، دڵم زۆر پەلە پەل ئەکاو لای چەپی سنگیشم ئەیەشێ ئێستا ماتۆڕ بەڕۆژ بەدەوری ماڵەکەمانایەن بەڵام باکم نیە کچەکەم شاردۆتەوە ئەمڕۆ دیسان تەقەیەکی زۆر بوو ئەڵێن لە ڕەبایەی جاشی سەر قەبران دراوە.

دوێنێش پولیسی عەربەت هی ڕەبایە لە مەکتەب ئێوارانی عەرەبی داوە هەشت قوتابی شەهید بوە

## لە ١٩٧٤/٥/٢٦:

دا دەستی کرد بەگرتنی ئەو خێزانانەی کە مێردەکانیان چونەتە ڕیزی پێشمەرگەوە سا کۆن یان هی نوێ ئەڵێن ئەمڕۆ دوو سەد خێزان گیراون لە سلێمانی لەم کاتەدا لە سەرەوە باوکی مناڵانم نامەیەکی نارد، ئەڵێ دەست لە خانو ناو ماڵ هەڵگری بڕوا بەرەو قەشان کە هەموو کەسو کاری خۆی بوو، جیرانی شارۆچکەی ماوەت بوو لەقەشانەوە بۆ ماوەت چارەکە سەعاتێك ئەبێ بەپێ لە ٦/١ دا سلێمانی بە جێ بێڵن بانەگیرێن خانوی تازەمان کردبوو ساڵێك تیا بووین بەناو ماڵی تازەوە، هیچم لا گرنگ نەبوو تەنها نەکەوینە دەست ئەو دڕندانە،، لەوکاتەدا پێشمەرگەی دڵسۆزو قارەمان کاکە فتاح ئاغای هەڵکەوتوو خەبەری بەپێشمەرگەیەکا ناردبوو فەرموو بووی گەر نیازتان هەیە بێنەدەرەوە بەزووترین کات

وەرن چونکە نیازمان وایە ئێمە لە ئەوەڵی مانگی شەشدا هەموو ڕێگەی ئەزمڕ مین ڕێژ ئەکەین لەبەرئەوەی بەعس وای نیازە بەرەو ئەزمەڕو ئینجا بەرەو شاربازێڕ بێتو وێرانی کا وائێمە خۆمان ئامادە ئەکەین بۆ ئەو شاڵاوە، ئیتر ئەو خەبەرەی ئەوو نامەی باوکی مناڵان زۆرتر هانی دام کە خۆمو کچەکەم بڕۆین بۆ قەشان بۆ ناو خزمان.

:١٩٧٤/٥/٢٨

دڵڤانی کچم لە ئیمتحان بوەوە دەرچوو بۆ سێی ناوەندی، بێ گومان خزمی عەشایەر زیاتر خزمایەتیان تیاماوە وچاویان نەکراوەتەوە وەکوو خەڵکی شار... بەڕاستی زۆر دڵسۆزییان نوان لەگەڵمانو دابوو نەریتی عەشایەریان زۆر بەجێ هێنا زیاد لەپێویست لەگەڵمان ماندوبوون.

لەو کاتەدا خەریکمو لە دڵی خۆم دا سێو دوو دەکەم. حاجی رسول هاتەوە کە قایمقامی سلێمانی بوو وەبەتەمای جێی زۆر زلتر بوو، پێی وتم: بڕۆ بۆ ئەو دیو من یەمە خانوەکەتانەوەو ناوماڵەکەت بەرە دەستم وەکوو برایەکی دڵسۆز بۆت نیگا ئەدەم، تا لەم شارەدا بم کەس ناتوانێ دەستی لێ باو ئەڵێم ئەمە ناو ماڵی خۆمە هی ئەوان براوەتە ماڵی خزمیان، ئیتر زۆر دڵم خۆش بوو وام زانی راست دەکاو شتی لەبەرچاوە!!.

## ڕۆژی ١٩٧٤/٦/١:

جێبمـان بۆ هـاتو چـەند خزمێکـی دڵسۆز لـە پیـاو لەگـەڵمانا مـن و دلڤـانی کـچم بـەرەو دێی قەشـانو نـاو خزمـان ڕۆیـشتین شـەوەکەی گەیـشتین بەسـەلامەتی بـەڵام ئەوشـەوە سەرانسەر گرمـەی تۆپو شەڕو هـەرابوو تالـە سوره قـەڵاتیش دەرچوین هـەر ترسـم بـوو کە تۆپێکمان بەرکەوێ

## ١٩٧٤/٦/٦:

ئەمڕۆ پێنج ڕۆژە وام لەقەشان بەئازادیی ئەمانە ئەنووسم ئاخ ئازادی لەشارا دەنکێ ئازادیم نـەبوو ئێمـە سـەعات ١١,٣٠ ئـەو ڕۆژە گەیشتین...

هەمووخـەڵکی قەشـانو دەوروبـەری خـەریکی زەرعـاتکردنن ئاخۆ کەی پـێ بگا؟ ڕەنگبـێ مانگی هەشت، ئـەوانیش سـەریان لـێ شێواوە بەتەما نین لێ ی بخۆن چونکە تەیارە یەتە سەریان بی تەقە.

کە گەیـشتمە قەشـان مـژدەیان دامـێ کـە کـاك کمـال (هاوسـەری لـویزەی خوشـکم) نـەقڵی تەوێڵـە بـووە زۆرم پێخـۆش بـوو بـۆ چـونە دەرەوەی ئێمە لەوێ بێت باشە.

ئەمڕۆ هەواڵمان بۆ هات دوێنێ گوایا جـەیش چۆتە عەربـەتو شەڕ بوە، پێنج پێشمەرگە شەهید بوە ئاخ دەستم شـکێ بـۆت کاکـەی پێشمەرگە گیانت چەن هەرزانە شەهید بونت چەن ئاسانە!!! ئەمڕۆ

چاوم لە ڕێگەیە کە کوڕەکانم و باوکیان لەسەرەوە بێن بۆ قەشان چاومان لەڕێ یە یەکەم جارە وا دور کەوتونەتەوە لێمان، بەڵێ ئەوا لەشاخی ناڵە شکێن دەرکەوتن، ناڵەشکێنی بەرامبەر بەقەشان نەك ناڵەشکێنی بەرامبەرمیاندواو شەش حەوت زەلام دیارە بە دوربین سەیریان کردن ئەوانن ئێوارەکەی ١٩٧٤/٦/٦ زۆر ماندون (٣٥) کات ژمێر بەڕێوە بوون لەسەرەوە لە مەڵبەندی ئازادی یەوە بۆ قەشان نیوە بە سواری ئێستر نیوە بەپێ دوو ئێستریان بەکرێ گرتبوو بەنۆرە سوار بوبوون، خۆیان و باوکیان، باسی قەڵادزەیان کرد کەچی لێ هاتوە لە بۆردومانەکەی مانگی چوارا من هەر حەبەسام!

(میوان لەقەشان و ماوەت) یەن بۆ بەخێر هاتنیان منیش هەر ماچی منالان (دانا و زانا)م ئەکرد لە خۆشیا بەلام هەموو ئازایان کوترا بوو بەو سی و پێنج کات ژمێرەی ڕێگە... باوکی منالان بەشەو کە میوان ئەڕۆیشتنەوە باسی ئەوەی بۆ ئەکردین لەڕاکە ڕاکە بۆ ناو کونە تەیارە... کە کوڕەکانم باسیان ئەکرد عالەم ڕائەکا هەر باوکم نەبێت هاوارمان ئەکرد بابە تەیارەکە هات ئەی وت: ئێوە بچن من چۆن یەمە ناو کونە تەیارەوە؟ ئەی پێشمەرگەکانی پێشەوە چی بکەن؟ دەیانگوت: شەو کاتژمێر دوانزە لەدەنگی تەیارە بەخەبەر یەین.. لە ناو جێگەوە بەرەو کونە تەیارە راکەن نە دۆشەك هەیە نەبەتانی، خواردن بەرناکەوێ عەشامات هێند زۆرە، کەس ئاگای لەکەس نییە. باوکم تابتوانێ خواردنی ئەوان ناخوا هەرئەیکرێت. دانا دەڵێ: دایە کەخواردن دێت قاپێك ئاوی سوورە

شەش دەنك بامیەی تێدایە خواردن هەر ئەوان ئەمان دەنێ...! بەڵام بە فەخرو شانازیەوە باسیان ئەكرد وتی: لەم شەوانەدا نیوە شەو بۆمب بارانی كردین هی ئەو شاخانەی ئازادیو چۆمان، باسی ئەو هەموو ئەو عالەمەی ئەكرد كە التحاقیان كردوە، ئەی وت لەگەڵ ئەوەشا دایە هەموو ورە بەرز دڵخۆش لەكانی دڵیانەوە دڵیان خۆش بوو كە شەرەفی پێشمەرگایەتیان دراوەتێ منیش لەو باسانە دەنكێ نەئەترسام.

پێش هاتنمان بۆ گوندی قەشان كە پرو ساباتمان بۆ كرابوو لە دێبەرەكەی ئەحمەد دا...

ئێستاشەوی نۆلەسەر دەی مانگی (٦) دانیشتوین لەبەر ساباتەكەدا، كۆنە تەیارە كراوە هەروڕەیی هات بەرەو ناو كۆنەكە رادەكەین بەیانی ئەبێ لە مەلابانگدان دا بچینە كەپرەكەوە، بچوكە لەبەریا ئەنوێن... غازم لە سلێمانیەوە هێناوە هەموو شەوێك تولە مار یان گورگو چەقەڵ یەن بەمیوانمان لە نیوە شەودا خشەی گەڵا وشكەكەی كە پرەكە هات ئەزانم یا مارە یان یەكێكە لەو حەیوانانە خێرا منداڵ هەڵ ئەستێ ئەبێتە هەراو چركەی تفەنگ ئیتر رائەكەن، دوێنێ مارێكی زلمان لەكەپرەكەدا كوشت.

:١٩٧٤/٦/٣٠

توانا لە زانكۆی مستنصریە یە لە پۆلی سێی (إدارة و اقتصاد) كەلەم رۆژەدا لە ئیمتحان بوەوە ئەویش التحاق ئەكا

لەپێش دادێ بۆ قەشان دوایی ئەچێ بۆ سەرەوە ئەبێ بە پێشمەرگە.

ئێستا لە بانێژەکەی ماڵی احمدی مامی مناڵەکانم دانیشتوم سەیری ئەو ژنانە ئەکەم کەلەدێبەرەکەی ماڵی احمد توتن ئەنێژن و ماشە سپی و فاسۆلیا و بامیەو کولەکەو ترۆزی ئەڕوێنن...

## ئەمشەو ١٩٧٤/١٠/٩:

سەگ وەڕێکی زۆر پەیا بوو سەگوەڕ، تاریکی، ترسی قەسفی سبحەینێ، بەرەبەیانە ئاسمان تاریک لە سەگ وەڕ زیاتر گوێت لە هیچ نیە خوڕەی چەمەکەش چەمی قەشان یەك کیلۆ مەتر دەڕوا نەختێ دوورە.

لەبەر ساباتەکەدا دانیشتوین پڕە لەپیاو بۆ لای مستەفا هاتون ئەمڕۆ بێجگە لەخۆمان و ماڵی ئەحمەد کە (١٠-١٢) کەسن و (٢) پێشمەرگەی مستەفا (٢٥) میوان نانی خوارد کە میوان زۆر بێت زۆر خەریك و دڵخۆشین.

## دەقی هەواڵی خزمانی قەشان و خۆمان و دانیشتنی شەومان:

ئێمە لەبەر ساباتەکە دانیشتوین ئەو بەرمان شاخی دڕی یە زۆر دێ یەکی بەرزە لە قەشان بەرزترە دەوری پانزە چرای کزمان لێ

دیارە، گوێ لە ئێستگەی دەنگی کوردستانی خۆشەویست ئەگرین دوو پێشمەرگە بە تفەنگەوە لامان دانیشتون بە دایمی، خۆشمان کوڕانەو باوکیان ئەحمەدو زۆر لە خزمان تفەنگیان پێیە هەتا بە دانیشتنیشەوە لەسەر ڕانیانە دنیا زۆر تاریکو نوتەکە یەکەم جارە ئێمەی کچی شار زۆر لە لادێ بین، هەموی هەرپێمان خۆشە بە هیواوە ئەژین گەنجین بە هەموو شتێك پێ ئەکەنین ترسەکەمان ئەڕەوێتەوە، منال لە دەورمن چاوەڕوانی توانا گیانم بێت بەرەو قەشان، بەم ئاگر بارانە بە شەوو بە ڕۆژ ئەزمەڕو سیتەکو ئەو ناوە بۆردومان ئەکا، خوا ئەیزانێ کێ ی تیا ئەچێ، دەك ورەت بڕێ ئەمە دوهەم جارە ئەمڕۆ بۆردومانی ئەزمڕو ئەو دێهاتانەی دەوری ئەکا دوکەڵی تۆپیش بۆ ئەزمڕو هەموی سوتان، رادیۆی بەغداش لە خۆشیا هار بوە گوایا قەرەداغی گرتوە لەم باسانەدا ئێمە هەرتوو ئەتەکێنن بۆ مان تووی زۆر نایابی تیایە، ئەڵێ ی شەکرە کە تەیارە زۆرەو یەتە سەرمان کونە تەیارەی تر ئەکەن، ئەحمەد لەبەر باسکەکەی لای توەکان بۆ خۆیان و بۆ ئێمەش خەریکی کونەتەیارە دروستکردنن ئەڵێن: لە شێوەی ($L$ ئێڵی ئینگلیزی) باشە وابۆمان هەڵئەکەنن، وەستا مەولودی کاریزکەن لەبەر دەمی ساباتەکە کونەتەیارە هەڵئەکەنێ. دەنگ هەیە گوایا کاکە فتاح ئاغای ئازاو دڵسۆز بەخۆیو هەزارو پێنسەد پێشمەرگەوە ڕویان کردۆتە قەرەداغ، گەر ڕاست بێ بۆ سەندنەوەی، یەکێ ئەڵێ وایە یەکێ ئەڵێ وانیە بەڵام ئێستگەکە نەی وتوە چاومان لەپیرە مەگرونە ئەمڕۆ بۆردومانی کرد قەشان بەقەد شاخێکەوەیە زۆر بەرزە.

قەشان زۆر مانای هەیە:

١. قەشەنگ
٢. جێی قەشەكان
٣. پەڵەی سپی ناو چەوانی ئاژەڵ
٤. مانگا قەشانو بونەقەشانی پێ ئەڵێن

گوایە قەشانە كۆن لەسەر لوتكەی شاخەكە (شاخی گابەروا) ئاساری كۆنی لێیە گوایە لەزۆر كۆنا جێی قەشە بوە دەیانگوت: لە چۆمانو گەلاڵەو ئەو جێگایانەی كە پێشمەرگە بنكەی زۆری لێ داناوە لە دار توەكان نوسراوە بۆ كونە تەیارە چۆن لە ولاّتان ئیشارەت ئەدرێ بۆ فلاّن شار بۆ فلاّن ناوچە ئێمەش ئەمەمان هەیە بەلاّم زۆر شوكرین بەهیوای ڕزگار بوون.

:١٩٧٤/١/١٧

قەشان ئەمڕۆ زۆر قەرەباڵغ بوو دەستە دەستە لە لادێو لەشار خەڵقی ئەهاتن بۆ ئێرە بەرەو سەرەوە بۆ چەك وەرگرتن ئەیان وت سی مانگە انتزار ئەكەین ئێمە كارمان چیە گەر شەڕمان پێ نەكەن؟! هەر پەنجا پەنجا بەكۆمەڵ ئەهاتن.

:١٩٧٤/٦/١٩

شەو تەڵقە تەنورە حەشر ئەكا كە ئەتەقێ تەیارەی بە دواوەیە دێت بۆ بۆردومان كردن كە تەیارە بۆردومان ئەكا لە پێشا

دوکـەلێکی ڕەش بـڵاو ئەکاتـەوە بـە ڕۆژ بـۆ ئـەوەی تەیارەکـە هـیچ نەبینرێ پێشمەرگە تەقەی لێ بکا.

برێ پێشمەرگەم بینـی وتم: کاکەی پێشمەرگە حاڵتـان چیە لـە ئـەزمڕ وتـی: برسـیمانە نانمـان ئـەوێ بـە ئەختـەرم وت بـڕۆ چـی ئاردمان هەیەو هەروا لەماڵان ماڵو تەنەکە ئارد بکەن بەنانو بۆ یان بنێرن کاکە با حەیوانێکتان بۆ بکڕم بیبە، وتـی: خوشکێ پەنجاش بەش ناکا خوا ئەکا نانەکەیان بۆ ئەچێ هیچیان ناوێ پەرێشانن بۆ نانەکە لە قەرەداغ جەیش شکاوە پێشمەرگە بەرەو ئەوێ ئەڕۆنەوە.

ساباتەکەمان لە موڵکی ئەحمەد دایە کە باوکی مستەفا واتـە: (فـەقێ رشـیدی قەشـان) داویەتییـە نـاوی رەشـە هـەرمێ یانـە زۆر موڵکی چاکەو میوەکەی وتری کەی لەزەتی لەوەدا نیە.

## ئەمڕۆ ١٩٧٤/٦/٢٠:

حاجی عبداللە بەگی باناڵی هاتبوو بە شوێنما بچین بۆ باناڵی ئێمە هەموو لە ماڵی حەمە کەریم، پێشمەرگەی مستەفا دەعوەت کرا بـووین لـە کـەولێن تـەیارە کـە بەسـەر مانـەوە بـوو تـا گەیـشتینە باخەکەی کەولێن ئەم وت: ئێستا نا ئێستا ڕەشاشو بۆمبامـان تـێ ئەگرێت بەڵام هەر کەشفی ئەکرد.

**١٩٧٤/٦/٢١:**

جوانترین وێنە هی میوانێکمان بوو حاجی فاتم ژنی مارف ناو خزمێکە بەسواری ئێستر کە بارگەی لیفەی بۆ کرا بوو خۆی مریشکێکی کوڵی زەردی هێلکەکەی لەبن دەستتا وەکوو عادەتی خۆیانو قاپە کەرەو شیرێژ بەدەستەوە حاجی مارفیش بەرچنە سێوو هەڵوژە بەدەستەوە ئەو میوە عەجایبە ساغو پاکو بەلەزەتە وەکوو هەموو میوەیەکی کوردستان، حاجی فاتمی لایەقو قسە خۆشو ڕو خۆش ئەمرۆ ٢٢-١٩٧٤/٦/٢٣ شەممە بۆ یەکشەممە بەرامبەر شاخی ناڵەشکێن لەبەر ساباتەکەمانا مانگم لێ دیارە ئەزمڕ کەوتۆتە لای چەپم بەرامبەرم شاخی ناڵەشکێن لەیەك بین تەلقە تەنورە ئەبینم ئەمڕۆ (٢٦) سەعاتە شەڕە، گوایا جەیش ئەزمڕو گۆیژەی گرت، ئێستا دەنگی کوردستان مژدەی داینێ کە لەگوێژە حکومەت شکا عەسکەرو جاش گەڕاونەتەوە بۆ حامیەو پەنجایان لێ کوژراوە، قوڕ بەسەر، ئەوانیش بەسەریانا فەرز کراوە، عەسکەری قوڕ بەسەر کوڕی ڕەشو ڕوتو هەژارن یەك هێلیکۆپتەرو (حاملة القنابل) بەئاسمانەوە سوتان، خوا بکا ئەوەی ئەزمڕیش بشکێت بەڵکوو ئەمە خوایە حکومەت شل بێت لە ئاستمانا!! جوانترین وێنە وێنەی دێی دڕیە بەو بەرزیەوە و چراکانی ماڵانو ناو باخەکانی دیارە، ئێمەش لە وێوە وا دیارین لێرەوە کە خەڵکی ئەڵێن جوانترین وێنە وێنەی قەشانە بە شەوو بەڕۆژ لە دریەوەشەو بەناڵە شکێنا جێبو تراکتۆر سەعات دەو دوانزە ئەڕوا ئەڵێن خواردن وشت بۆ

پێشمەرگەی ئەزمڕ ئەبا، لە پێش شەڕی ئەزمڕدا بۆ پێنجوێنو تەوێڵە ئەچون بۆ شت گەر ئەزمڕمان گرتەوە ڕێگە ئەکرێتەوە.

حەمە کەریمی پێشمەرگەی مستەفا لە سەماوەرە کە چای دیژلەمەمان بۆتێ ئەکا کە فێر بوین بە دیژلەمە چرای لۆکسی غازم لە سلێمانیەوە هێناوە حەمە عەلی پورە مەنیج لامان دانیشتوە وەکوو پاسەوان تەمو غوباری سەر ئەزمەڕو دوکەڵی سوتانی خەرمانو شت بەری ئاسمانی گرتووە.

ئایا ئەگەر جەیش پێشڕەوی بکا ئەگاتە ئەم ناوە یاننا؟ خوایە نەگات ئەم شاربازێڕە بە هەشتە پڕ خێرو بێرە وێران کات، وا گوێم لێ یە منالی کە پرەکانی دەوروپشتمان کردویانەتە ڕۆژی حەشر کە گوێم ڕاگرت وا منالی ئەحمەد دلێر دارا نزار دیاری شالاّو دڵکەش شلێر سەرگوڵ و منالی سەپانەکانیش حمەعەلی پورە مەنیج مام مەولودی ئێرانی منالی ئەختەر، حسن ڕوناک ڕوپاك فەرەیدون و زۆری تر کردویانەتە ڕۆژی خۆیان ئەڵێن: تەق تەق تەق پێوەی نێ، وامیکەکە نزیك بوەوە، دەی دەی وا هات پێوەی نێن، منالاّن هەموو بە جارێك تەق تەق تەق.. بەجارێ بە تفەنگ بە دەمانچە بەزۆری شەو پێوەی نێن بابکەوێ ڤنگ ڤنگ ڤنگ ڤر ڤر ڤر دەی خێرا واهات ئەرێ والله خستمانەخوارێ بەڵێ: میکەکە مان خست حسێن وەرە بۆ سەیری وا میکەکەمان خست هەموو منالاّن هەڵئەبەزنەوە ئۆخەی نەجاتمان بوو لە میکەکە ئیتر ناوێرن جارێکی تر بەسەرمانەوە بڕۆن دەی ڕاکەنە ناو سەنگەرەکانتانەوە بە قوربانتان بم ڕاکەن! دەی ڕاکەن دەی فەرەیدون ڕاکەرە ناو سەنگەرەکەتەوە!!! ئەمەم بەڕاستی

بەو شێوەیە گوێ لێ بوو دەوری پانزە منالْ بەیەك دەنگ هاواریان ئەکرد کردبویانە ڕۆژی خۆیان ئای لە منالْی کوردستانو لە منالْی ولاْتە خوا پێداوەکان چۆن ئەژین؟! نەخۆشی نەڕابواردنو یاریو دنیا بینین و خوێندن ئەمە چەندان سالە ئەوەپیشەیانە لە بیرەوەری سالْی شەستو یەکا باسی ئوتۆمبێلی زانای کوڕمم بۆ نوسیون کە ڕەشاش دای لە مالْەکەمان لە هەلْەبجە زانای (٥) سالْ ئۆتۆمبێلی وا بە قوپاوی هاتبوە بەرچاوی کەمێکی ڕەسم کردبوو ئەهات.

## ئای کە ئەم یادانە دلْتەزێنە

:١٩٧٤/٦/٢١

ئەم یادانە هەندێکی دلْتەزێنەو هەنێکی بەنسبەت خۆمانەوە خۆشە لە قەشانەوە سێ زەلامی دلْسۆز ڕۆیشتن بۆ جەبهە بە چەکی خۆیانەوە بونە هێزی بەرگریوڕۆیشتن ئەمرۆ کاغەزێکمان لە سلێمانیەوە بۆ هات کە ناومالْەکەمان حجز کراوە حاجی ڕەسول وتویەتی بۆچی حەشاری نەداوەمن کە موتەسەریفم دەسەلاْتم نیە.

:١٩٧٤/٦/٢٤

ئەمڕۆ لە مالْی حاجی حمە علی مامی مستەفا لە موڵکی لا گوێزی ناو دەعوەتبووین. ئەمڕۆ فقی هەمزە هات بۆ بەخێرهاتنی باوکی منداڵان (کورو)ێکی بەدیاری هێنابوو یانی گیسکی دوو سالە .

**٦/٢٥ :**

شێخ مەحموودی کارێزە هات بۆ بەخێر هاتنی باوکی منداڵان لە کارێزەوە. چاوم ڕواوە بۆ توانا گیان کەلە بەغداوە بگات لە ئیمتحان بۆتەوە شەو خەومان نیە لەبەر توانا خوایە چۆن ئەگاتە ئێرە، بەم ڕێگە هاتو نەهاتو ناو عەسکەرو جاشو تۆپو تەیارە! وا منو باوکی شێت ئەبین چاوم ڕوانیوەتە ئەو ڕێگەو شاخە، دەی خوایە دەرکەوێت دوێنێ دوو لاوی جل کوردیمان دی بەرەو ئێرە ئەهاتن منو باوکی بەلاشعوری ڕامان کرد ئیتر ئەو نەبوو.

## ئەمڕۆ ١٩٧٤/٧/٢:

توانا گیانمان بەدی کرد خۆیو مام سەعید بە سواری ئێستر وا دیارە پێش ئەو عومەر چاوشین هونەرمەند تفەنگ بەشانەوە هات بوو بە میوانی احمد کە توانا گەیشت مستەفاو و کوڕەکانم داناو زاناو خزمان لە پیاوان هەموو دەعوەت کرابوون لە بانالێ لەماڵی عبداللە بەگی بانالێ دوێنێ هات بە شوێنمان وتی: قوربان کاك مستەفا پیاو هەر جارێك باز بە سەر شانیا ئەنیشێتەوە، بۆیە کاتێ توانا گەییی پیاوەکان کەسی لێرە نەبوون.

ئاغا ژنە سەلمە (لەوێ بەژنە ئاغا وای پێ ئەلێن) ژنی دوهەمی فەقێ ڕەشید دایکی ئەحمەد زۆر ژنێکی ئاقڵو لایەق بوو وتی: خوارەحم کات بەم عالەمە یان ئەبین بەخانی خانان ڕۆڵە یان بە توزی بانان!؟!

یان سەر ئەکەوین یان ئەشکێین ئەمەی خوارەوەش لەو کاتەدا ووترا بۆیە خستمە سەر ئەم کاغەزە لەو کاتەدا مەلا مستەفا (مەلای قەشان) دانیشتبو سەر گروشتەیەکی گیراوە هەر چەندە پەیوەندی بەم نوسینەوە نەبوو بەلآم خۆی مەلایەکی پڕو تێ گەیشتوو بوو زۆر قسەی کۆن و سەر گوروشتەو قسەی پێشینانی لابوو، بەلآم لە بەر ئەوەی من گەنجێکی شەرمن و پیاوی زۆر هەمیشە لەبەر ساباتەکەمان وەکوو دیوە خانێکی جاران پڕ پڕ لە پیاوی دێکەو میوان بۆ بەخێر هاتنەوەی کوڕەکانم و باوکیان چین چین لە هەموو دێ یەکی ئەو ناوچە یەوە ئەهاتن لەبەر ئەوە هیچ سوودم لە مەلا مستەفا وەرنەگرت بۆ نوسینەکەم.

فەرموی: ڕۆژێك سوڵتان محمود و هەیاسی خاس بە شوێنێکا تێپەڕ ئەبن سوڵتان سەیر ئەکا وا جوتیارێك جووت ئەکا زۆریش بەتەمەنە جوتیار چاوی بە سوڵتان محمود کەوت دەستی لە جوتەکە هەڵ گرت سوڵتان وتی: هەیاس ئەوە دیارە نیشانەی سلآوە لێم، با منیش سلآوێکی لی بکەم سلآوەکەی لێ کرد جوتیارە زۆر بەجوانی وەلآمی سلآوی سوڵتانی دایەوە سوڵتان زۆر پێخۆشحاڵ بوو ئەم کابرا پیرەی زۆر بە وردو تێگەیشتوو هاتە بەر چاو ویستی تاقی کاتەوە هەندێ پرسیاری لێ کرد وتی: مامە لەگەڵ دورا چۆنیت.

کابرا وتی: قوربان دورم نزیك کردۆتەوە.

وتی: ئەی لەگەڵ دوا.

وتی: ئەیکەم بەسێ.

وتی: گەر ڕێویەکی زیندوت بۆ بێنم ئەی گۆڕرویت؟ وتی: مەگەر! سوڵتان ئەو وەڵامانەی زۆر لا جوانو خۆش بوو بەڵام ویستی ماناکەی کە زۆر کورت بوو تێ بگا وتی: هەیاس تا سبحەینێ بۆم حەل کە، هەیاس شەو نەنوست تا بەیانی بۆی حەل نەکرا بەیانی زوو ڕۆیشتەوە لای کابرای جوتیار وتی گەر حەلەکەی ئەم پرسیارانەم نەدەیتێ سوڵتان لە سەرم ئەدا، وتی: چیم ئەدەیتێ وتی ئەوەندە پارە وتی کەمە وتی ئەوەندەی تر، وتی: کەمە، هەیاس وتی: هەرچی سەروەتو ماڵم هەیە بۆ تۆ چونکە سەروەت ئەبێتەوە سەر نابێتەوە گەر هەموی نەدەم بەتۆ لەسەرم ئەدا وتی پرسیاری یەکەم مانای ئەوەیە چاوت بڕ ئەکا شتی دوور ببینی؟ منیش وەڵامم دایەوە کە هەر شتێ نزیک ئەبینم.

٢. وەڵامەکەی دوو ئەکەم بەسێ یانی بە دووقاچ ناڕۆم خەریکم گۆچان هەڵ ئەگرم.

بۆ ڕێویەکە مەگەر نەی نێرێت گەر ناردت بۆت ئەگروم.

## ئەمڕۆ ١٩٧٤/٧/٤:

چوار شەممەیە نیوەڕۆ لە مولکی کەڵەکن بوین لە ماڵی کاك حەمە عەلی کوێخا نزیك کاریزانو پردەکەی قەشانە بەڵام زۆر دڵم ناخۆش بوو چونکە زانا ئەمڕۆ چوو بۆ لای لویزەی خوشکمو مناڵەکانی لە پاوە، عبداللە ی پێشمەرگەی باوکی مناڵانمان لەگەڵ نارد بە بارگیری قادری حمە علی پورە مەنیج ڕێیە کە تۆپی

بەسەرەوەیە کە بۆ چوارتای ئەنێرێ، حکومەت ماڵی چوارتای بە پێوە نە هێشتوە خانوەکان وێرانن، شەو درەنگانێك جێبێك هات بەرەو ڕوی ساباتەکەمان زۆر ترسام وتی زانا بەرێوەیە خەبەرێکی پێیە سەیرمان کرد شێخ لە تیفی کوڕی شێخ مەحموودی کارێزە بوو باوکی دیاری پیا ناردبوو، دیاری لادێ شتی تەبیعی خۆیانە یا کارو بەرخە، یان میوەیە یا مریشكو قەلە، بەڵام هەموی تەقدیرو خۆشەویستی ڕاستیە بۆت شتەکە گرنگ نیە.

ڕۆژی ٧/٧ لە ماڵی مامۆستا موحەممەد میوان بوین لە کونی بر (یان سۆفی سەید) زۆر جێگەیەکی خۆشە یەکشەممە ٧/٨ لە دوێنێوە تۆپ ئەنێ بە چوارتاوە یەك لە دوای یەك، هەرچی یەت باسی تۆپ بارانی چوارتا ئەکات ٢ شەممە ٧/٩ لە کارێزان لە ماڵی حسێن ئاغا دەعوەت بووین.

جوانترین داب و نەریت لە قەشاندا ڕەنگبی لەزۆربەی دێهاتی کوردستان ئەوە هەبێ هەر سلاو ئەکەی لە پێشا دەستی گوڵو ڕیحانە لە کانیەکە هەڵئەکێشن و پێش کەشت ئەکەن و ئینجا کاشی بنکداری پڕ دۆ یان کاسەی داری پڕ دۆی سارد کەوچکی داری تێ ئەخەن و بەڕێز لە گەورەوە بۆ بچوك ئەی گێڕن کەس ناڵێ دەمی پێوە نراوە نای خۆمەوە.

:١٩٧٤/٧/١٢

خۆمان دەعوەتمان کرد بۆ هەموو ئەو پیاوانەی هاتوونەتە لامان و دەعوەتیان کردوین چوین، نزیك ڕۆیشتنمانە بۆ ئێران لێرە

هەمیشە تەیارەمان بەسەرەوەیە گەر کوڕەکانو پیاوەکان گەڕانەوە ئازادی وامنو ئەو کچەم لە ژێر ساباتەکەدا چی بکەین بەتەنها، دەعوەتەکەمان بە دوو وەجبە کرد چونکە خەڵکەکە زۆر بون جارێ دەوری سی پیاو هی قەشانو بەرسماقو ڕێی ماوەتو دەشتی تلێو جێی تر بەو بەر مانەوە دارو دارستانی زۆری دێی ئالان قۆزێ ئەم دیوە بەو بەرچەمەکەوە هەروا بانالّی هەردو درەختەکانی شەخصەکەی گردە شیری بەینی قەشانو ماوەت لەم کوردستانە بە بەرزیو تەلانەوە گەر داری پیری سەدان سالّی لێبێو مابێتەوە ئەوە شەخصی لێیە خەڵکی ئەڵێن گوناهە بڕێتەوە ئەم ناوە هەموو شەخصە کە هەریەکەی شفای نەخۆشیەکی گرتۆتە خۆی.

وەکوو پیر محمدو پیر وسوو پیری گردە شێری پاش کەلّکێو بەر سەرقەبرانو سەدەها پیری تر دەلّێن زەمانی زوو شەڕی گەورە لەم ناوەدا بوەو ڕوی داوەو سەحابەکان لەو جێگایانە نێژراون. بەلاّم مێژوو ئەوە ناسەلمێنێو سەرچاوەی ڕاستو دروست باسی ئەوەناکەن لەکوردستان دا صەحابەی پێغەمبەر شەڕیان لەگەڵ میللەتی کورد کردبێو لێیان کوژرابێ، ئەو قسنو شەخصانە هەمووی پیاو چاکی کوردنو خەڵك ڕێزی لێ گرتون وقسنی بۆ هەڵبەستون.

## ڕۆژی ١٩٧٤/٧/١٤:

ڕۆژی نامبارەك ١٤ تەموزی شوومە، دەعوەت بوین لە مالّی حاجی مەحموودی ئەورەحماناغا لە سەرچاوەی باخی، هەموش

حەیوان سەر ئەبڕن و ئەی برژێنن بۆ ئەم عالەمەو سەماوەرو دیژ لەمەو نانی تیری و دۆ.

:١٩٧٤/٧/١٦

دەمی ئەو ڕۆژانەی قەشانمان پێش چونە ئێران کە نوسیومە وا میوان دەرکەوت حاجی فەقێ ڕەشیدی سەراوو کوڕەکانی کورێکیان هێنا بوو واتە گیسکێکی دووساڵە. حاجی سەلیمی قامیش گەیشت خۆی و چەند پیاوێك بۆ بەخێر هاتن. جوانترین وێنەی ئەو پیاوە ڕیش سپیە بەتەمەنە کەلە دورەوە هات رانك و چۆغەی لەبەر بوو، سەرێکی گەورەو دەمانچە بەقەد سواری ئێسترە لە قامیشی تەنیشت دری بەو بەر قەشانەوە، تفەنگ چیە جلەوی ولاخەکەی ڕا ئەکێشاو یەکێکیش بەگورج و گوڵی لە پێشەوە ئەڕۆیشت و چەند پیاوێکی تفەنگ بەشانی خزمی لە دواوە ئەرۆیشتن، وێنەی جوانی ئەو سوارانە کەبەرەو ڕومان ئەهاتن هەر باسی تەواو نابێت بەڕاستی ئەم کەڵە پیاوانەش ئەم خاوەن دیوە خان و پیاوەتی و خزمەت و دەست گرتنی هەژارو نان بدەی و چی بڵێی لە سیفاتی شا پیاوانی کونی کورد تیایانا ماوە، هێندە لێ هاتوون کە دەرئەکەوتن زۆر دڵم پێیان ئەکرایەوە ئەو پیرانە عەیب بوو بۆ داب و نەریتی عەشایەری ئافرەت ببینن ئەگینا حەزم ئەکرد خۆم بچم بە پیریەوەو دەستی ماچ کەم، ئەوانیش هێندە قەدر زان بوون... بەلام زۆریان کە ئەهاتن باوکی منالان ئەهات ئەی وت: وەرە دانیشە تۆ حەز لە قسەو باسی کوردایەتی و باسی لە شکری

عەشایەرو باسی شاپیاوانی کۆنی ئەم ناوچەیە ئەکەیت، ئەم وت عەیب نیە؟ ئەی وت قەی ناکا وەرە... بە زۆری شەو دانیشەو گوێ بگرە تا بلێی ئەوپیاوانە بەسەرو سیماو لێ هاتوو بوون. چەند پرسیارێکم لە ئاغا ژنە سەلمەی ژنی ناوە ڕاستی فەقێ رەشید باپیری منالەکان کرد ئەویش زۆر شتی ئەزانی بەو نەخوێندەواریەوە وتی: ئەو بەری چەم هەمووی شینکایەتی پێ ئەڵێن بێجگە لە دێی بانالی (دێی کۆن) و گەورەو پیاوماقوڵی شینکایەتی حاجی سەلیمە کە ئەم میوانەتانە. قامیشی چوار تایەفەن جانی، کوێخا احمد، جبە، ڕەوەند، حاجی سلیم لە تایەفەی کوێخا ئەحمەدە تفەنگو پیاوی زۆرە لە دەست پێ کردنی شۆڕشی پیرۆزەوە لە نۆسەدو شەستو یەکەوە لەگەڵ شۆڕشە لە قامیش دا ئەنیشت هاوینە هەوارەکەی ناوی برزوتە کە هاوین لەوێ دائەنیشت بەرامبەر بە قەشانە زوو مولکی فقی رشید باپیری منالەکانم بووە دەست ئەو کەوتوە ئەڵێن زۆر خۆشەو زۆری داوا کرد کە هەموو بۆ چەند شەوێك بچین بەلام وەختمان نەمابوو مستەفا ئیجازەی مانگێکی هەبوو کە سەر لە کەسو کاری بدا یا خۆیو کورەکانی ئێمەش ئەبا بۆ ئێران، ئەم برزوتە کەسەر بە قامیشەو بەشاخی دولانەوەیە، زۆر مولکی بەنرخی تێدان دامێنەکەی جەنگەڵی بیشوانە، بەگشتی برزوت کێوو کەژێکی خۆشە پڕ کانیو داری چڕو باخی میوەو جێی ڕاوو ڕابواردنو خۆشو بەدەگمەن کەلە ولاتێکی ترا بێت نایاب ترین هاوینەهەوار ئەبێ بەلام فەقێ ڕەشید کە لەساڵی (١٩٢٠)یان (١٩٢٥) هاتۆتە ناوشار لەو دەورەدا

بەمروری رۆژگار رئیس عەشایەرەکانی نزیکی دەستیان بەسەرا گرتوەو سودیان لێ وەرگرتوە.

فەقێ ڕەشید لە باوکەوە کوڕی حاجی صالّح ئاغایە ئەویش ئەچێتەوە سەر باپیراغا یان بابکر اغای دوانزە سوارەی مەریوان هەر دەستدارو ناو دار بوون لە دایکیشەوە.

هەرچی یەکی لەو میوانانەمان هاتوە بەزۆری خوڵکی کردوین کە پیاو ولاّغ ئەنێرین بە شوێنتانا بۆ چەند شەوێك ئەبێ تەشریف بێنیت بە ماڵو مناڵەوە بێ گومان من زۆر حەزم ئەکرد کە بچین بەلاّم مودەکەم کەم بوو ئەبوایە بڕۆشتینایە بۆ ئێران.

## ڕۆژی ١٦-١٩٧٤/٧/١٧:

ئێوارەکەی وا تاریکە تەیارە بەسەر قەشانەوەیە سەر سیری پشت چوارتای بەم ئێوارەیە بۆردومان کرد خوا ئەیزانێ رۆحی کێ ی پێوە ئەڕوا دوو ڕۆژە لە ئەزمڕ شەڕێکی زۆر گەرمە.

## ڕۆژی ١٩٧٤/٧/١٧:

وا میوان دەرکەوت کۆمەڵێکی گەورەن کوڕانی کوێخا مەحمودی گابەرواو جەماعەتەکەی بزنەکەی هێنابوویان سەربڕاو نانو چێشت کرا ئەم کوێخا محمودە پیاو ماقوڵی دێ ی گا بەروایە

خۆی لەبەر پیری نەی توانیبو بێت بۆ بەخێر هاتنمان وا ئەو کۆمەڵەیەی ناردبوو حمە ساڵح و حمە امین و چەند پیاوێکی ترو حاجی ملا برایمی ئالآن قۆز.

## ئەمرۆ ١٩٧٤/٧/٢٠:

سەعات ٦,٣٠ بەیانی قەشانمان جێ هێشت سەفەرمان بەرەو تەوێڵەیە ئیتر سەرسیر قەسف ئەکرێت ئێمە بەدوایدا ئەڕۆین و تۆپ هەمیشە بۆ ئەو ڕێگەیەی ئێمە پیا ئەڕۆین هەیەو ڕەبایەی جەیش و جاش بەم دیو ئەزمڕەوە بە دوربین سەیری ئەم دیو ئەکا دیارە چاوی لە ئێمەش ئەبێ چەند ئەسپ و ئێستر سوار بە کۆمەڵ دور نیە تەقەمان لێ نەکەن زۆر ئەترسم.

ئەسپێك بۆ من یەکێ بۆ باوکیان هەر منالەم یەکێ سواری ئەسپێك بووە وا گەیشتینە دەشتی تلی کە موڵکی خۆمانەو ئینجا بەردەپان هەروا بەلای بانالێ دا تێپەڕبوین موڵکی عبداللە بەگی بانالی کە زۆر دێیەکی فەرەح و پرشینابیە.

ئینجا وا گەیشتینە سەر سیر لە دوای بەر زەردوو ئاوێکی سپی لەکونێکەوە ئەڕژایە ناو چەمەکە وتیان ئەمە ئاوی مەعدەنییە دوای ئەو ئاوە ئەشکەوتێکم دی پرسیم ئەمە ناوی چیە ناوەکەیان وتو وتیان ئەمە وەکوو نەفەقێکە تا ئەو شاخە کە کە دێی دۆڵبێشکی پێ ئەڵێن... ناوەکەی خەڵکی بە چراوە پیا ڕۆیشتون، ئەڵێن هەموو لەبەردە کە تاق تاق و ژوور ژورە، بەلآم زۆر سامناکە

نـەیان توانیـوە هـەموی بـبڕن ڕۆژێ لـە ڕۆژان لـەدوا ڕۆژا ڕەنگبـێ وەسائیلی تاز پەیدا ببێ و کەشف بکرێ و ببێ بە شتێکی نرخدار... عبداللە هەر ئەو ڕۆژە جێبی لە تەوێڵەوە بۆ هێنابوین تاسەر سیر لە سەرسیرەوە ولاّخەکانمان مان جێ هێشتو گشتمان سواری جیب بوین من زۆر لە تەیارە ئەترسام گەر بۆردومانمان کا هەمووموان تیا ئەچین، هەشت سەعات و نیو بە سواری ولاّغ ڕۆیشتین تا سەر سیر زۆر هیلاك بوین قاچ و دەستمان گۆج بو بوو، دیارە لە بەرئەوە بوو کەم سواری ولاّغ بوین هەشت ڕەبایە جەیش و جاش لە ئەزمڕ بەرامبەرمان بوو خوا کردی تۆپیان پێوە نەناین سەعات چواری عەسر لە شەش و نیوی بە یانیەوە وا ئەڕۆین بەرەو تەوێڵە بە جێب سەعات دەو نیوی شەو گەیشتینە تەوێڵە چوینە لای کاك کەمال پێشمەرگە چێشتی بامێیان بۆ لێ نابوو بامێی بێ تام و بێ لەزەت و ساردو بێ ڕۆن و بێ گۆشت ئێمەی (٩) کەسی برسی هەر نانمان ئەگوشیە ئەو ئاوە ڕونەو ئەمان خواردو تێر نەئەبوین هێندە برسی و ماندوو بوین.

## بەیانی ١٩٧٤/٧/٢١:

بـەرەو پـاوە کەوتینـە ڕێ کـات ژمێـر ٩,٣٠ ی بـەیانی وا گەیشتینە دێی نەو سوو یەك دوو دێی بچوك ئینجا پاوە تەنها بە جێب دوو کات ژمێر ڕێگە بوو، هەر نزیك ماڵەکە بوینەوە لویزە بە دەستێکی برینـاری قـەڵادزەوە بەلـەفاف بەسـتراو ڕای کـرد بـە

پیرمانەوە بە گریان، ئۆخەی وا شێت بووم ئەوە ئێوەن چوینە ماڵەوە خانویەکی بچوکیان گرتبوو (٤) ژوور بەشەڕیکی لەگەڵ ماڵی دیاری بەگی جاف ئێمەش چوینە سەریان هەموو لە سەریەك هەیوان بوین بەم هەموو خەڵکە چوار ژوریەکی بۆ میوان ماڵی یەکێکیش بۆ نوستنی خێزان هەنێ نوێن هەرزان لەپاوە کراوە پاوە شارۆچکەیەکی زۆر خۆشە لەناو شاخایە جادەیەك و فلکەیەك و بازاڕێکی تیایە زۆر فێنك و پاکە هەموو خەڵکەکەی هەورامین بە هەورامی قسە ئەکەن هەموو ئیش کەرو کڵاش چن و جۆڵایی و زەعیف وەکوو ئاسك بەو شاخانەدا هەڵئەگەڕێن کە زۆربەی ماڵەکانیان بە شاخەوەیە.

## ئەمڕۆ ٧/٢٢:

وا ئەچین بۆ ئۆردوگای سەرباز کە پانزە هەزار پەنا هەندەی لێ یە، حەز ئەکەم بیان بینم بزانم چۆن ئەژین و ناسیاوی لێیە سەلیبی ئەحمەرو شیرو خورشیدی ئێرانی ئەیان ژیەنن، هەموو شارە زۆری و هەڵەبجەیین بیست دەقیقە لە پاوەوە (پاقی) وە دوورە بەڕاستی ڕێگەیەکی زۆر خۆشە هەموو دارو درەختە چەمێکی لە ڕێگەدایە لای دێی شمشێر وەکوو چەمەکەی ئەحمەد ئاوا وایە بەڵام لەسەر زۆر سارد تر شوتیەکمان کڕی بە (٩) تمەن (٩) کیلۆ بوو هەر لەسەر چەمەکە خواردمان، هەموو باخاتی چڕە بەزۆری هەڵوژە زەردەیە دابەزین هەڵوژە بکڕین کابرا سەبەتۆکەیەکی بۆ هێناین پارەی وەر نەگرت، هەموو کڵاشی دەست کردی خۆیان و

هەروا ڕانکو چۆغەی دەست کردو مشکی خەت ڕەشو موریان ڕەشو خەت سەوز ئەبەستن، کە هەموو هەورامان ئەوەیە عادەتیان کەلای ئێمە دەوری سلێمانی پیاوان هەر خەت خەتی رەشو سپی ئەبەستنو ژنان بۆ کۆڵوانە بەکاری دێنن. ڕۆژی یەکەم هەر کەهاتین ئێوارەکەی دکتۆرە ناسکو چەند کەسێکی تر هاتن بە میوانمان.

لەبازار هاتینەوە ست ئەختر ساڵحو شەهلای داود بەگ دانیشتبون هاتن بۆ لامان دەستە بریناڕەکەی لویزە برینەکەی کەمێ باشترە بەڵام دوو پەنجەی باش حەرەکە ناکا ئەچێ بۆ تاران لەسەر نەسیحەتی دوکتۆر جمال غفور بۆ عملیات چونکە ئێسقانەکەی بردوە ڕەنگبێ بە تەنیا زانای کوڕمی لە گەڵا بچێ کە لە سێ هندەسە بوو دور لە ئێستا.

## ١٩٧٤ ٧/٢٦:

کات ژمێر پێنجی بەیانی لویزەو زانا ڕۆیشتن بەرەو تاران بۆ تەداوی دەستە بریناڕەکەی لویزە پاش تەواوی کردنو بینینی دوکتۆر، گەڕانەوە شکور باش بوو.

## ١٩٧٤/٧/٢٨:

لویزە بەشەو باسی گوندی شێنی مان بۆ ئەکا کەلە قەڵادزەوە عالەمەکەو ئەم بەتەنیاو بریناریو هەبوە مردوە لە ڕێگاو بی نانو بی ئاوو ترسی تەیارە کە دوای ئەم حەشاماتە بکەوێ نیو ملێون

زیاتر تەلەبەی زانكۆی سلێمانیو هەولێرو بەغداو هی تر كە چۆن هەشت كات ژمێر بە پێ خاوس بەلەتێ كراس كە دڕی بۆیان بۆی بۆ بەستنی برینەكەی.

باسی ئەو دێ یەی ئەكرد دەیگوت دانیشتوانی گوندی شینی ئاگایان لە دنیا نیە لە زەمانی حەجەری دا ئەژین ئەڵێت شوو كردنیان زۆر سەیرە.

ئەمە دەقی نوسینەكەی ئەو ڕۆژەیە كە خوشكم بۆی گێڕامەوە لە حەفتاو چوارا دوای قەسفی قەلآدزە بەوێدا تێپەڕ بوو بوو بەبریناری دێی شینی نزیك سنوری سەر دەشت لە پێشا كچ لەگەڵ كوڕێكا یەكتریان خۆش ئەوێ ئەمجار كوڕەكە كچە هەڵدەگرێو دەچێتە ماڵی كوێخا یان ئاغا یان پیاو ماقوڵێك ئیتر كەسو كاری كچەكە رازی دەكرێ مەسەڵەت دەكەن. جاری وایش دەبێ مەسڵەتكردنەكە ساڵێكو زیاتر دوادەكەوێ. مشكلەیەك هەبوو لەو كاتەدا كچێك لەگەڵ كوڕێكا بوو سكی پڕ بوو بوو كچە كوڕێكی بوو براكانی لە خۆشی ئەو كوڕە ئارامیان نەبوو خاڵەكانی ناویان نا ڕێبوار ئینجا عورفەكە وایە ئەبێ دوای منداڵ بونەكە كوڕەكە بێت داوای كچەكە بكاتو بیبات، بەشەرتێ خوێنەكەی بات كە یەك سەر بزنە بەلآم ئەم كوڕە كە بوە بەباوكی ڕێبوارو بڵێین كچەكەی بردوەو بزنەكەی نەدا بوو براكانی كچەش ئەیان وت بزنە نەهێنێت ئەی كەین بەساقەی گوللەیەك... ژنان بە لویزە یان وتبوو هەموو هەر وابوینو پیاوەكانمان خوێنەكەی داوە كە بزنێكە بەلآم شەریف زۆر ڕەزیلە خوێنەكە نادات یانی بزنەكە، بەراستی ئەو عادەتە لە ناو

کوردەواریـا هـەرگیز روی نـەداوەو نـەبوە، نـازانم بەتـەنها ئـەم دی شێنێ یە ئەم عادەتـەیان لـە کوێ وەرگرتـوەو بۆ چەند ساڵە ئەمەی تیا بوە یان هەر هەبوە.

:١٩٧٤/٧/٣٠

ئەبێ کوڕەکانمو باوکیان بگەڕێنـەوە بـۆ سـەرەوە مـنو دلڤانی کچم تا کرماشـان لـە پاوەوە ڕەوانـەمان کـردن تواناشـمان لەگەڵـە ئـەو ئەچێتە تەوێڵـە لای کـاك کـەمال کـە جێگـری ئـامر هێـزە، کـاك جمـال نامق ئامر هێزە، هێـزی زمنـاکۆ، توانـاش چـەك هەڵئـەگرێ لـە تەوێڵـە بـەلام دانـاو زانـا لەگـەڵ باوکیـان لـە ئـازادی و چـەکیان هـەڵگرتوە ٣شـەممە ٧/٣٠ چـوین لـە ئوتێـل بـزرگ دابـەزین هـەموو کـوردن شارێکی خۆشو گەورەیە لە شەستەکانا ساڵی (١٩٦٨) بەسیاحەت چـوینو گـەورە نـەبوو بـەلام هەسـت ئەکـەم جـاری پێـشوو هـەموو ئەهلەکە بەجارێ کورد بوو تاقە تاقە کار بەدەست نەبێ کە فارس بـوون. بـەلام ورد ورد کوردەکـان بـەرەو شـارانی فـارس بـە هـۆی وەزیفـەو کـارەوە پـەرشو بڵاویـان ئەکاتـەوە بـۆ شـارەکانی فـارس ئوتـۆمبێلی خـصوصی مـان گـرت لـە پـاوە بـۆ کرماشـان بـە هەشـت دینـار.. پـاص سـەری بـە (٣٥) فلـسە، پـاوە، سـەریاس، سەرچـڵە و چـەند دێیـەکی تـریش هـەموو هـەورامی ئینجـا رەوانـسەر کـە دێ یەکی گەورەیە زۆر خۆشە ئاوێکی گەورەو خۆشی تیایە دەنگ هەیـە کە حکومەت لە سەریاس خانوو بکا بۆ زستانی پەنا هەندەکانمان، ئینجا پێش کرماشان شەریکەیەکی گەورەی نەوت هەیە، بەداخەوە

هەموو خاکی کوردستان نەوتەو نامان دەنێ!! ئینجا چەند دێ یەکی تر ئینجا کرماشان.

کرماشانی چی!؟ بازاڕەکەی پڕ پڕ لە هەموو چەشنە شتێك نەك وەك بازاڕی لای ئێمە بەتاڵو حەتاڵ، کە شەکر بێت چا نیە کە چا بوو سابون دەست ناکەوێ، ئەبێتە قاتو قڕ نرخی ئەچێتە ئاسمان کەتایت بوو تەڵی حاجەتو دۆشاوی تەماتە قاتیە هەروا کوتاڵ بەڵام لێرە ڕۆحی بەشەر لەم بازاڕە هەیە شت نیە پەکت بکەوێ هەندێ شتمان کڕی بەڵام کەم، جێگەمان نیە بە هەموان تاقە ژورێکی بچوکمان لەپاوە هەیە یەك قەرەوێڵەو دەستێ نوێنو باوەڵێك جلی کوردی.

باسی تاق بوستان کرا ڕەسمیان گرتوە شتێکی عجایبە بەکورتی سەر گروشتەکەیان بۆ باس کردم کە کورد بون (شیرینو فەرهاد) حەزیان لەیەك کردوە هەر لەگەڵ فەرهاد مەلیك (شاە) (بێستونیش) هەر حەزی لە شیرین کردوە بیانوی پێ گرتوە بۆ ئەوەی نەی هێنێو خۆی بیهێنێت.

بیانوەکە ئەوە بوە کە فەرهاد تۆ ئەبێ ئەو شاخە کون کەیتو هەموی هەڵکەنی کەلەڕاستی دا شتی وا بۆ ئادەمیزاد بەپاچو قوڵنگ ناکرێو موستەحیلە بتوانێ! دیار فەرهاد هونەرمەندێکی عەجایب بوو، ئەو هەیکەلو شتە عەجایبەی لەو شاخە کردوە هەر بۆ ئەوەی شیرینی دەست کەوێ کاتی ملك بێستون ئەبینێت کەوا تەواو بوەو ئەوشتە عەجایبەیە زۆر لای سەیر ئەبێ پیرەژنێك ئەنێرێتە لای فەرهاد ئەڵێ شیرین مردوە ئەویش لە داخا خۆی ئەکوژێ کەشیرین

ئەبیستێ وا فەرهاد خۆی کوشتوە لە داخا ئەمرێت ئەمە زۆر بەکورتیە خۆی حکایەتێکی زۆر دورو درێژە.

## ١٩٧٤/١٠/٩ - ٤ شەممەیە:

دانا و باوکی لەسەرەوە هاتنەوە دیاریەکی بی شوماریان هێناوە بۆمان ئەویش ئەسپێیە! هەموو لەشیان خوراوە ئیتر جلەکانی ژێرەوەیانم سوتان و خۆیان شت دەمێك نەهاتبوونەوە، لەهەمان کات و سات دا خەبەرمان بۆ هات کە هەندێکی کەسی تر ئەوانەی ناومالّیان حەشاریان نەدابوو مالّیان تالان کراو کەس زەرەری وەکوو مالّی ئێمەو لویزەی خوشکمی لێ نەهات بەلام بەخەیالّمانا نایە مالّ ئەبێتەوە خوا ئەکا بەسەرکەوتویی زوو یا درەنگ شاد ئەبینەوە بە شارە خۆشەویستەکەمان، چەن مالّی وا هەیە چوار شەهیدی داوە با مالّی هەمومان بڕوات مالّی دونیا چلّکی دەستە.. بەلام ئەوەی ناخۆشە ئەوەیە کەسێ لە خوێنی خۆت بێ یانی کوردێك بێ هەلّ وەرگرتبێ وئاوا هەموو ناومالّت تالان بکاو خۆشی بەهاوڕێ و دۆست بزانێ!

## ئەمڕۆ ٣ شەممەیە ١٩٧٤/١١/١٩:

زۆر دلّمان خۆشە چونکە کاك کەمال لە تەوێلّە هاتەوە بۆ پاوە مژدەی خۆشی پێ بوو، ئێمە هەموان هەر چاوەڕێی مژدەی سەرکەوتنی خۆمانین هی هەموو هێزەکان کاك کمال زۆر بە دەماخ

بـوو، وتــی: هێزەکــەی (هێــزی زمنــاکۆ) زۆر ســەرکەوتنی بەدەسـت هـانیوه (٣) لوتکـەی شـاخ و گـەروی هۆمـەر ئاغایـان سـەنۆتەوە زۆر تـۆپ و تفـەنگ و تـۆپ و عـەتاد و خواردنیـان دەس گـیر بـوه برینـارو کوژراوو هـەڵاتوی عەسکەرو زابت زۆرە، ئێستگەکەش باسی شـەش زابتـی کـرد کـە کـوژراون قـوڕ بەسـەر ئـەوانیش خـاوەن مـاڵ و منـاڵن ئەوانیش ئەمریان پێیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئـەتوانن و جوان لەگـەڵ خەڵکی دێهات و فەقیرو شت بەکار بێنێت هەندێ دەست بگرێتـەوە دوو فـەوج و سـیریەیەک سـرییەک شـالاویان هێنـاوەبۆ ئـەو جەبهەیـەو تێـك شـکابوون! گوایـا ئەشـرەف مـەڕوان نوێنـەری (أنـور سـادات) دوجار چۆتە سـەرەوەو بەغدا خـوا بکـا ئـەو فێڵبـازە پـەنگێ بە کـورد نـەدا برسـتی دڵمـان بپـچڕێنێت ئـەویش و شـاش هـەر ناپیـاون ئـیتر خوایە ڕەحم.

## ئەمڕۆ ١٩٧٤/١١/٢٢:

جمعـە نیـازم وایـە بـە دزیـەوە بـڕۆم بـەرەو سـلێمانی خـوا بکـا ئەمنەکان کە شفم نەکەن و بمگرن، بەڵام دەنکێ تـرس بێت و لـە دڵما نیـە هێنـدە ئیمـانم بـە شۆڕشـەکەم بـە هێـزە، دوێنـێ جـەنابی شـێخ عوسمـان کاغـەزێکی ناردبوو بـۆ کـاك کـەمال دەعوەتی مـن و ئافتـاو خـان و لـویزەی خوشکمی کردبوو بـۆ دوو ڕوە بـۆ حەفتەیـەك کە ئـەو نـاوە ببیـنین بـەڵام نەچوین چـونکی نامـەی بـاوکی منـاڵانم هـاتبوو کەبـچم بـۆ سـلێمانی بـۆ چـەند ڕۆژێـك وەزع و حـاڵی ئـەوی تـێ بگـەم

بێمەوە زۆرم پێخۆش بوو كە سلێمانی ببینمەوە، بڕیارم دا بڕۆمەوە بەڵام زۆر خۆم دەر نەخەم نەك خەبەرم لێ بەن.

**باسی ئەو سەفەرەم بەكورتی:**

بە جێبەكەی كاك كەمال دوو پێشمەرگەم لەگەڵ بەرەو كارێزە بە (٣) شەو گەیشتمە ماڵی شیخ مەحموود لەكارێزە لە دەرگامان دا جەنابی شیخ خۆی هات دەرگاكەی كردەوە و ژن و كچ و خوشكی هەموو پێكەوە دانیشتین تا نیوە شەو ئەمجار نوستم، بەیانی زوو بەرەو سلێمانی بە ئێستر كەوتمە ڕێ، شێخ برایەك و پیاوێكی لەگەڵ ناردم تا سلێمانی چومە ماڵە خزمانی خۆمان قەراغ شار كە ماڵی حاجی احمد محمود ئاغا بوو، بەڕاستی بەشەر نەمابووم لە هیلاكیا قاچم گۆج بوو بوو دەستم ئیشی نەئەكرد سەرم ئەیەشا، چونكە ڕێگەی ئەزمڕ باران و قوڕ بوو ئێسترەكە خزی منیش بەسەرا لە ملیەوە كەوتمە خوارێ كە قوڕو بەفر نەبوایە مێشكم ئەتەقی بەلام سەرم بریندار بوو هەروا بارگەكەی كە لە كارێزە بۆیان هەڵبەستم باش نەبوو ناڕەحەت بوو زۆر ئەزیەتی ڕانمی دا، هەمووی روشا بوو، هەر گەیشتمە ماڵی حاجی ئەحمەدی خزمان بۆ چەند ڕۆژێك نەخۆش بووم، لە هیلاكیا و ئازاری قاچم و برینی سەرم، ئیتر نەیان وێرا لای كەس بڵێن هاتوە بۆ ئەوەی نەگیرێم، هەواڵ لە دوا هەواڵ بۆمان ئەهاتە ژوری، لە كوشتن و ماڵ تالان كردن كە هی ئێمەو مانانیش دەوری ١٠/١٠ تالان كرابوو هیچمان بۆ نەمابوەوە.

واسێ ڕۆژە لەسلێمانیم هەر قاچم نیە هەستم هی سواری ئێسترەکە کە دوو هەم جارە سوار بوم لە ژیانما یەکەم کەلە قەشانەوە بەرەو ئێران هەشت سەعاتو نیو تا سەرسیرولای جێبەکە، کە بۆمان نێردرابوو ئەم جارەش لە کارێزەوە بەرەو سلێمانی (٧) کات ژمێر بە بارگیر کە دوو سەعاتی بەپێ بەناو ئەو قوڕو بەفرو سەرمایەدا چونکە لەتواناما نەمابوو هیلاکی سەربارگیرەکەو بارگە نارەحەتەکەو ئەعصابو ترسو هەروا بەسەر چیابێم هەر هەواڵی ناخۆشو گرتنو کوشتنو تاڵانو ترسی خۆم کەشف نەبم، دایما شەو لە ناو جێگەکەدا لەشارە خۆشەویستەکەما بوو بووم بە بێگانە، ئەهاتە بەر چاوم کەوا دوو ئەمنی قولە ڕەش سمێڵ بابڕ دەوریان دامو پەلیان گرتم یەکسەر بۆ بەغدا لەو شەوانەدا گرمە گرمو ناڵە ناڵ پەیدا بوو وامان زانی هەروەك هەموو شەوێك دەست ڕێژو هاتنە ناو سلێمانی مەفرەزەی کاکە گیانەکە ئەدەن بەسەر رەبایەدا کەچی خەڵکەکە هێند ورەیان بەرز رایان کردە بەر دەرگاو دوعاو گریانو ترس چرای شاریش کوژایەوە دوای چەند شەوێك مانگ بەسوور گیرا خەڵقی ئەیان وت تەجربەیە هەرکاتێ بومەلەرزە کە بوو لە دواییا مانگ بەسور گیرا ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئاشتیو خۆشی ئەبێ، دەخوایە بەسە ئەم خوێن ڕشتنە.

## بــەکورتی باســـی ســـەفەرەکەی گەڕانـــەوەم لـــە سلێمانیەوە بەرەو پاوە:

ڕۆژی ١١/٢٤ سـەرم لەخانوەکـەی خۆمـان دا عـەباو دەمو چاوم شاردبوەوە کەچوومە ماڵی حاجی رسول کەلە ماڵەکەی ئێمـەدا بوو، جـەنابی عـالی مـەقامی دوای چـونە دەرەوەی خـەڵقی لەجێگەیـەکی تـرەوە نـەقڵ کرابووبـۆ سـلێمانی و کرابـوو بـە قایمقـامی سـلێمانی، ئینجا کە ئێمـە ماڵەکەمان بە ناوماڵـەوە بۆ ئـەو بـەجێ هێشت، بوو بـوو بـەنائب موحـافیز ئـەمجار هـاتبوە نـاوی، کـەمن ڕۆیـشتمەوە بـوو بوو بە موحافیزو ناو ماڵەکەی ئێمەی بردبوو هیچمان نـەمابوو بـەڵام خۆیـان لەوێـدا مـابوون! کـەجێمان هێـشتبوو ماڵەکـەمان پـڕ پـڕ بـوو لەناومالّ! کەسەیری ماڵەکەمم کرد ناو ماڵەکە تـالاّن کـراوە زۆر دڵگیر بووم کە ئـەو ماڵـەم چـۆن جـێ هێشتبوو چۆنم دییـەوە! ئیتر باسـەکە زۆر دورو درێـــژە حکایەتەکـــە لای هـــەموو دۆســـتو هاوڕێـــەکمان ئاشکرایە، کە حـاجیم دی وتـی بـۆ هاتویتـەوە خێـرا بڕۆرەوە ئـەگینا کەشف بیت زۆر خەتەرە!! داخی خانوەکـەمان کە بـەتازەیی ساڵێکی تیا بوین جێم هێشتبوو ئاوا دیمـەوە قـەت بیرم ناچێتەوە. ئیتر کە بەتەواوی باری کرد بۆ قەڵا بەرزەکە بۆ خانووی تایبـەتی محـافظ (٨) ماڵی جاشی تێ خستبوو، ماڵی کاک سەید خورشیدو کە سوکاری و ڕەبایـەو دۆشـکەیان لـە سـەر بانەکـە هەڵبەسـتبو دەیـان منـاڵ و ئافرەتو جاش و شتی وا لـە خانوەکـەی ئێمـەدا بوون، کاتـێ هاتمـە ماڵەوە لەشم وەك شۆڕە بی ئەلـەرزی لـە ترسا چۆن زاتم کرد چومە ماڵەکەی خۆم و خۆم لەو چڵکاو خۆرانە ئاشکرا کرد؟ من لـە حـەیای

خۆم ئەترسام مردنم لا هیچ نەبوو بەلاّم بكەویتە ژێر دەستی ئەو درندە ترسناكانە هەر بەبینینیان زەنەقت ئەچێ ئینجا وەرە بت گرن و پەل بەستت بكەن و ڕەوانەت كەن، گیان دەرنابەی!! خوای گەورە، ئەوە بۆ تەنها بەختی كورد وابێت؟ نازانم خۆ بەهێزو بە توانایت هیچ شتێك بۆ گەورەیی و بە توانای و دادی خوا دورنیە هەقی كەس بەسەر كەسەوە ناهێلێت، بەڕاستی ئەمە حالّ نیە سەدان ساڵە كوردی تیایە، بە دەست تورك و فارس و عەرەبەوە هەموو وامان پێ ئەكەن كەسێك نەهاتە سەر حوكم لەم سیانە كە دەنكێ سیاسەت بگۆڕێت لەگەلّ كوردا هەموو هەرپێمان ئەكەن خوا گەورەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێمەش دەستمان بڕوا، ئەمە دنیایە خۆ خوا بۆ عەبدایەتی دروستی نەكردوین، ئەمە لەدلّی خۆما هەر خەریكی باسی ئەم ناحەقیانە بووم، كە ماڵەكەم دیبەوشێوەی لێ كرابوو من جێم هێشتبوو كاتی خۆی پڕ پڕ بوو لە ناومالّ هێندە زۆر بوو جێگامان نەبوو.. ئێستا واچی شتی نایاب و بەنرخ بوو لێ ی هەلّبژێرا بوو نێررا بوو بۆ بەغداو جنوب بە لۆری پۆلیس لەلایەن ئەو چوار كار بەدەستە گەورەیەی حوكومی یەوە لە كوردو لە عەرەب كە حوكمی سلێمانیان ئەكرد لەو ڕۆژە ڕەشەدا دوان عەرەب مودیری ئەمن و مودیری مونەزەمەی بەعس عەرەبی و معیدی خەلقی عمارە دوانیش كورد! سەیرم كرد زۆر ناومالّی خۆمم لە ناو تالآنیەكانی حەوشەكەمانا بەدی كرد بەلاّم نەم وێرا دەم بكەمەوە گەر لەو تەقینەوەیەدا خەبەرم لێ بدرایە دەسەلاّتم نەبوو بەلاّم زۆر چاوم گێڕا بۆ كتێبخانەو دوو سێ یەی دادگاكە زۆرمان بەلاوە

گرنگ بوون چونکە باوکی منداڵەکانم (رئیس محکمە) بوو، هەروا زۆر لەو شتانەی کە نابێتەوەو بنە گوینیە بیرەوەری خۆشم کاغەزە شڕ ئەوەی لام گرنگ بوو ئەو شتانە بوو، وتیان سوتانویانەو چەندەها کتێبی کوردی بەنرخ و قانونو ئیزبارەو ئەوراقی بەنرخی باوکی منالان نەك تەختەو دارو نوێنو فنجان بەهەرحاڵ بەدڵ شکاویو خەمو خەفەتەوە بڕیارم دا بگەڕێمەوە، ماڵ ڕۆیشتووە باسەریش تێدا نەچێ. شەو لە سلێمانی دەرچوم.

## ڕۆژی ٣ شەممە ١٩٧٤/١٢/٣:

کە نەم ئەزانی هەرەس ڕۆژ بە ڕۆژ لێم نزیك ئەبێتەوە ئێوارە لە ماڵی حاجیئەحمەد خزمەمان (٢) ئێسترم گرتبوو بە (٦) دینار ئێوارەکەی تاریکە شەو چاو چاوی نەئەدی دوای بانگی خەوتنان سواری ئێستر بووم بەرەو کارێزە وشکە سەرمایەکیش بوو نەبێتەوە، بە جلی کوردی گەرم نەئەبومەوە، هەر چەندە زۆریشم لەبەرا بوو هەر گەیشتمە کارێزە وشك تەقەیەکی بی شومار بەسەرما دەستی پێ کرد تومەز مەفرەزە بوو هاتبوە ناو شار، دوو کەسی خۆمانم لەگەڵا بوو پیاو وتیان مەترسە تەقەی خۆمانە هاتوون بۆ کارێك، وتم چۆن ئەترسم خوا بمکات بە قوربانی دەستیان خوا بیان پاریزێتو کەسیان زیان نەهێنن کاکە پێشمەرگەکان هەر بەو شەوە تاریکە لە پاش چەند دەقیقە گەیشتینە شیخ ئەحمەدی هیندی.

ته‌قه باران سه‌رما تاریكی، به‌لاّم هیوا هیچی پێ نه‌ئه‌بینم وام ئه‌زانی ڕۆژی به‌هاره ئه‌و نه‌ترسانو هێزو جورئه‌ته چی بوو خوا پی ی دا بووم؟ كه‌یه‌كه‌م ڕووداو بوویان یه‌كه‌م سه‌فه‌ری وا بوو له ژینما به‌لاّم وره به‌رز به توانا له پڕ ئه‌م ڕێكخراوه‌م له‌و تاریكیه بۆ هات كوڕێكی خزمی هه‌رزه‌كار له گه‌لّم دا بوو به‌ده‌نگی به‌رز به‌ته‌نیا كه‌وا نزیك بوینه‌وه له قه‌یوان ئه‌م وته‌وه كوره ئه‌ی وته‌وه‌و ئه‌یوت بته‌قن به‌خوا ده‌ره‌قه‌تی كورد نایه‌ن ئێمه كۆڵنه‌ده‌رین به‌خۆشتان نه‌زانی بیستو دوو ڕۆژ له‌سلێمانی وا ئێستاش ده‌رچوو به‌سه‌لامه‌تی..

ئـــای نیـــشتمان ئه‌مـــه ئـــه‌بینن
له‌مالّ له‌رۆڵـــه‌م لـــه‌خۆم ئه‌ترسم
به‌نرخ تریت هه‌ر تـۆی مه‌به‌ستم
چونكه ئه‌مانه گشت ئه‌ده‌م له‌ڕێی
نیـــشتمانه‌كه نـــادۆڕێنم بـــۆی

پێش كه‌لّكی قه‌یوان له ئاوێكمان دا هێنده تاریك بوو چه‌می چه‌ق چه‌ق بوو كوڕه‌كانی له‌گه‌لّما بوون نه‌م ئه‌دیین له پڕ ئێستره‌كه سمێكی دا لوتی كه‌وته ناو چه‌مه‌كه‌وه به‌لاّم فیێریان كردم كه ئێستره‌كه به‌ره‌و پێشه‌وه سمی دا تۆ خۆت بشكێنه‌وه به‌ره‌و پشته‌وه، باوه‌كوو پێشوو كه‌له كارێزه‌وه هاتیت به‌سه‌را نه‌كه‌ویت، ئیتر ئه‌مجاره به‌سه‌را نه‌كه‌وتمه خوارێ، كه‌سیش پێی نه‌ئه‌زانی له چه‌مه‌كه‌دا ئه‌خنكام، ئێستری ئه‌وان خێرا خێرا ئه‌ڕۆی پێشم كه‌وتبوون كاتێ ده‌نگم لێ كردن گه‌ڕانه‌وه زۆر خه‌فه‌تیان خوارد، ده‌ی سه‌ركه‌وتین به‌سه‌ر كه‌لّكی قه‌یوانا هاتینه خوارێ نوختـه‌ی

پێشمەرگە بوو بۆ لێ پرسین تۆ کێیتو تۆ کێ نیت کە پرسیان من کێم وتم: فلأنم لایان سەیر بوو چۆن بەم شەوە نەترسامو وا بڕم کردوە؟ بەڵێ بەم تاریکیو سەرمایە بەرێ کەوتین بە چەمەکەی قەیوانا لەودیو کەڵکەکە یانی بەرەو کارێزە لەچەمەکە تەنها گوێم لە شڵپی ئاو بوو هاواری کوڕەکانم ئەکرد وەڵام نەبوو، هەر دەنگی خۆم دەنگی ئەدایەوە خوایە من لە کوێم هیچ شا رەزاییەکم نەبوو هەنێ ڕۆیشتین تروسکایی چەندچرام بەدی کرد وتم ئۆخەی ئاواییە ئێسترەکە وەستا لەبەر شەوقی چرای ماڵەکان کوڕەکان بەدی یان کردم وتیان هێندە هاوارمان لێ کردی وا تۆقین وتمان نەماوە چونکە چەمی دۆڵی قەیوان گورگو چەقەڵو ڕەندەی زۆرە، وتمان کە دەنگی نیە دیارە خوراوە توشی شتێك بووە. وتم ئەمە کوێ یە وتیان دێی قەیوانە، وتم: دەی با بڕۆین ڕۆیشتین بە (٢) کات ژمێر دواتر گەیشتینە دێی کارێزە لە دەنگە دەنگی ئێمە جەنابی شیخ محمودی کارێزە هاتە دەرێ وتی ئای خوایە ئەوە بەو شەوە بەرێدا هاتوی چون ماویت لە تۆپو گوللەی وێڵی مەفرەزەو تەقەو تۆپی عەسکەرییەو چەمو شاخو چێوو چی وتم کات چەندە وتی سێی شەوە.

هێندەی نەماوە بۆ بانگ وتی لە کەیەکەوە بەرێ کەوتوی وتم لە حەوتی ئێوارەوە یانی ٨,٣٠بەرێوەین برسیمان بوو خێرا قەڵێکیان سەر بڕیو سوپای داریان داخستو قەڵەیان دا لە دو شیش چونکە بار بوو جێی بوەوە لە ناو سوپا دارەکەدا، نان تەڕ کراو سەماوەر تێ خرا منیش وا لە سەرماو لە هیلاکیا شل بووم

زۆریشم خه‌ودێ. ژنه کانی و کچ و خوشکی خۆی و هه‌موو تا هه‌تاو که‌وتن دانیشتین ئای گه‌نجی چه‌ند خۆشه، تواناو به‌رگه‌ی هه‌موو شتێ ئه‌گرێت! سبحه‌ینێ شیخ جه‌نابی خۆی و به‌دری خانی ژنی به جێبه‌که‌ی بردمیان تا پێنجوێن منیش شل بوم له هیلاکی و بێ خه‌ویدا

له پێنجوێن جێبێکی ناسیاوی بۆ گرتم تا ته‌وێڵه ئه‌مه (٣) شه‌ممه بۆ چوار شه‌ممه ٤-٤ /١٢

ئه‌م یادانه ئه‌نوسم وه‌ك و بیره‌وه‌ریه‌کی ئه‌و ڕۆژانه نه‌ك به‌سه‌رهاتی خۆم من له چاو هه‌زاران ژنه پێشمه‌رگه یان دایکی پێشمه‌رگه هیچم نه‌دیوه له زه‌لاله‌ت و قوڕ به‌سه‌ری ئه‌وه‌ی ئه‌م کورده دیوێتی وه‌کوو ئه‌ڵێن: به داستانی ڕۆستەم ناگێڕێته‌وه نه‌ك وه‌کوو ئه‌م ده‌نکه بیره‌وه‌ریه که تایبه‌ت به‌خۆمه‌و شتێکی ئاسایی بوو بۆ زۆربه‌ی ئافره‌ت له‌وکاته‌دا که په‌یوه‌ندی به‌کوردایه‌تی‌وه بوه یان وه‌کوو بیر خستنه‌وه‌یه‌ك که ئافره‌تی ئه‌و ڕۆژه دیوێتی!

پێش ئه‌وه‌ی بڕۆین به‌ره‌و پێنجوێن به‌و هیلاکیه دوو کات ژمێر من و ئافره‌ته‌کانی ماڵی شیخ محمود نوستین هه‌ر ئه‌و شه‌وه ناردی جێبێکی لاندروڤه‌ری په‌یدا کردو گرتی به بیست و چوار دینار.

وا به‌فره کڕێوه‌یه بارانه، ترسی ئه‌وه‌ی که جێبه‌که‌مان ڕوی به‌ره‌و پێنجوینه‌و هه‌موو ره‌بایه‌یه‌و چاویان لێمانه له‌وانه‌یه تۆپێکمان پێوه نێن، چونکه وتیان: دوێنێ ته‌قه‌یان له جێبێکی ئه‌هالی کردوه وایان زانیوه جێبی تۆپه‌کانی پێشمه‌رگه‌یه، به‌لاّم له

سایی خواوه بەرنەکەوتون پڕبووه لە منداڵو ئافرەتو خێزان، لە پێنجوێنیش جێبێکم گرت بەرەو تەوێڵە بەڵام سی ی عەسر بوو وەرەقەی بۆ پێشمەرگەی تەوێڵە تەواو نەبوو.

لە ماڵێکی خزمی شیخ مەحمودی کارێزە مامەوە ئەو شەوە بەیانی کات ژمێر دە پێشمەرگەو هەموو شتێك تەواو بوو شێخ براکەی خۆی شیخ مستەفا و بورهانی پیاوی خۆی لەگەڵ ناردم تا تەوێڵە دامیە دەست کاك کەمالی شێخ غەریبو گەڕانەوە پێنجوێن بەڵام جێبەکە تا سەید سایەق بردمی پێنج دینارم دایەو جێبێکی ترم گرت بۆ تەوێڵە توانا لە تەوێڵە ژورێکی بچکۆلانەی بەکرێ گرتبو لەگەڵ دوو رەفیقی (کەمالی شیخ ئەحمەدو ئازاد ناوێك) توانا لە حەمامی دەرەوە بوو خەبەریان بۆنارد خێرا هاتەوە دەرگای ژورەکەی بۆ کردمەوە، ژوور چی بۆن خنك پڕ تەڕە شوع بچوك سارد دەرگاو پەنجەرە شکاوو پڕ درز خۆمشكو ئەسپێ باس ناکرێ پیاوی ئەخوارد.

هەر سێ کوڕەکە لەسەرما لە ناویەك جێگەدا ئەنوستن،دانا ئەیوت توانا غەدارەهەر چمکی لیفەکە را ئەکێشێت بەلای خۆیاو ئێمە دەر ئەخا هەر رەق بوینە تەوە!! خواردن هەر دەست ناکەوێت ئەوەش خەوو جێگەکەیانە، توانا وتی هەواڵ هات گۆشت لە بازاڕا هەیە چوم ڕانێکم کڕی بیکەین بە چێشت تەماشا ئەکەم (١٢) کەسم لەپشتەوەیە یەن بەشداری خواردنەکە بکەن، هەموو رفیقو پێشمەرگەی تر ئیتر کردمانە بەزمو پێکەنینو ڕابواردنێك نەبێتەوە، ئیتر وەکوو دایکێك زۆرم خەفەت خوارد وتی دایە ئێمە پاشاین لە

چاو پێشمەرگەدا بڕۆ خەڵکی ژیانو گوزەرانیان چۆنە هەر لە مەوزوعو کوندا دا رزاون هەمووش شانازی پێوە ئەکەن، منیش وتم هەموانتان دایکتان هەیە دایك وایە بۆ ڕۆڵەی خۆی! تاقە ژورەکەیان بۆتە ئوتێل هەمیشە حەوتو هەشتی تیایە ئەمانیش زۆریان پێخۆشە هەموو ڕۆڵە تازە پێگەیشتووەکانمان چاوەڕێی ئەم ڕۆژە بوون گەر خوانە کردە بەعس پەشیمان ببیتەوە لە پەیمانی یانزەی ئازار، ئەوە گشت بدەنە کێو، چەك هەڵگرن دژ بەبە پیلانەکانی بەعس. خوا مەخسوی حاسڵ کردن بەو ڕۆژە پیرۆزە گەیشتین گشت هاتوون بۆ فیداکاری خوا بیان پارێزێت.

هەستم کرد توانام پارەی پێ نەبوو ویستم پارەی بەمێ نەی ویست وتی دایە پێشمەرگە بە خۆیو منداڵو منداڵی دە دینار یارمەتی وەر ئەگرێ ئێمەی قوتابی دانیشگا یەکی مانگی یارمەتی هەژدە دینار وەرئەگرین، بۆیە ئەم مانگە پارەم نیە هەرنانو چا ئەخۆم نەش مردوم لە برسا، چونکە چەند ڕۆژ یارمەتیمان دوا کەوتوە...

بابێینەوە سەر گەڕانەوەکەم لە سلێمانیەوە کە گەیشتمە تەوێڵە ڕۆژی هەینی بە جێبی کاك کمال بەرەو پاوە ١٩٧٤/١٢/١٣ گەیشتم بیستو دوو ڕۆژ هیچ هەواڵێکی منیان وەر نەگرتبوو هەر لە ترسا شێت بوو بوون بەزۆری کچەکەمو خوشکم هەربە گریانەوە ماچو باوەش پیا کردن چونکە لە پڕ خۆم کرد بە ماڵا دوانزەی نیوەڕۆ بوو لە دوای کات ژمێرێك زاناش هاتەوە لەوانی پێخۆشتر بوو کە دەست بەعس نەکەوتمو ئاشکرا نەبووم چونکە ئەو بیستو

دوو ڕۆژه من بێ سه‌رو شوێنم، شێت بوو بوون دوای عه‌سر دانا گیانیش له‌سه‌ره‌وه هاته‌وه، هه‌موو هه‌واڵێكی سلێمانیم بۆ گێڕانه‌وه باوكی مناڵان كه‌منی ناردەوه ته‌نها بۆ اضباره‌ی ده‌عواو كاغه‌زو كتێبی به نرخ نه‌ك بۆ ته‌خته‌و دارو پنه‌و تیرۆك و كاشی و جلوبه‌رگ كه ده‌رزییه‌كییان له‌ماڵه‌كه‌دا نه‌هێشتبوو!!!.

## ئه‌مڕۆ ١٩٧٥/١٢/١٨:

دنیا سه‌یره هیچ كه‌س نازانێت خوا چی له چاره‌ی عه‌بدی خۆی نوسیوه، پار ئه‌م حه‌له‌و ئه‌مڕۆ، خوا چۆن چه‌رخ گه‌ڕا!! چی ڕوی دا ئای بایه قووشی شوم چیت به‌م شاره كرد سێ مانگ له سه‌ردار عه‌له‌تریكه‌كه‌ی به‌رماڵی ئێمه ڕوی ئه‌كرده سلێمانی و به‌ده‌وری خۆیا ئه‌سوڕایه‌وه بۆ گه‌ڕه‌ك و ماڵمان ده‌یخوێند قسه‌ی پێشینان نه‌خشی به‌رده هه‌مووی له ته‌جربه‌وه‌یه، باوه‌ڕم پێی نه‌بوو كه خه‌ڵكی گه‌ڕه‌ك ئه‌یان وت شارو ماڵ چۆڵ ئه‌بێت خوا ڕه‌حم كا، خۆ داخی شای ئێران ده‌ڵێی خێرمان پێ ئه‌كا مانگی جارێك به پێی سه‌ر ڕۆن و برنج و فاسۆلیا ئاردو خۆی و سابون و تایت، خه‌ڵكه‌كه‌ش ناعیلاج و لێ قه‌وماوه وه‌ری ئه‌گری به‌لام خوا ڕه‌حم كا له پڕ ئه‌مه‌ش ببڕێت له ده‌ست گۆڕینێكی ترا ئه‌مجاره له بنا ده‌ستمان ئه‌بڕن، هه‌رچه‌ند ئازوقه‌یه‌ت.. ئیتر ئه‌گریم دوا ڕۆژێكی سامناك و ڕه‌ش یه‌ته به‌رچاوم بۆ میله‌ته قوڕ به‌سه‌ره سه‌ر لێ شێواوه‌كه‌م، هاتون بۆ پشتگیری سه‌رۆك و شۆڕش زۆریان كوڕ

کوژراو ماڵ سوتێنراو لێ قەوماو تەعزییەك ئەبێ ژنە هەڵەبجەیی لە ئۆردوگای سەریاسەوە یەن ئەیکەنە لاواننەوەو گریانو قوڕ پێوانێك نەبێتەوە، بۆ کوڕە پێشمەرگە شەهیدەکانیان بۆ هەڵەبجەو قەڵادزەی بۆمبا باران کراو بۆ کوشتنی خەڵکەکانی ڕۆژی ۱۹۷٤/۱۲/۱۹ هەتاوە هەوا خۆشە پاوە بەفریش بێ هەر زور سارد نیە وەك سلێمانی، شاخو کەژی دەورمان سپی یە لەبەر بەفر کەچی هەوا خۆشە هەوا نای گرێتەوە.

## ئەمڕۆ ۲ شەممەیە ۱۹۷٤/۱۲/۲۳:

کە عارفەیە نامەم نارد بۆ لەندەن بۆ داراو دلێری برام مژدەی خستنی تو بولیف سوخویەکانم بۆ نوسین، کە چەند ورەمان بەرزە ئەو دوو تەیارە بە تۆپەکانی پێشمەرگە کەوتن! دانا کە هاتەوە بۆ لای من باسی خستنی ئەو دوو تەیارەیەی بۆ گێرامەوە. وتی لە (اعلام) بوم چونکە هەواڵی بە ئینگلیزی لە ئێستگەی کوردستانەوە ئەخوێنەوە گەر شەوێك دەنگی نەبوایە شێت ئەبوم، وتی: لە ئیعلام بوم لە قەسری سەلام وڕەی تەیارە هات، سەرم هەڵبڕی لۆریەکی گەورە بەسەر سەرمەوە لە ئازادی یەوە هاویشتی بۆ گەلاڵە وێرانی کرد، حەوت کەس لە ژێر پردەکەیدا خۆیان شاردبوەوە لە پردەکەی دا هەر حەوتیانی کوشت سی کەس بە هەمووی لەگەلاڵە کوژراو برینــدار هــەبوو زۆر زەرەرو زیــان بــەو دەورو بــەرە گەیــشت... خۆشترین شت کەوتنی تۆ بو لێفەکە بوو ڕاست لەسەر کێوی

هەندرێن کەوتە خوارێ شەش زابت و عەسکەری تیا بوو سووتان هەر لەو ڕۆژانەدا هێلیکوبتەرێك کەوتە خوارێ ئێرانیش تەقەی لە دوو مێك کرد کە چوو بونە خاکیەوە خستیانن ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە.

جێگەمان زۆر تەنگە لە خانوی دەرویش ئەول واحیدا سێ ماڵ بە مناڵەوە لەسەر هەیوانێکی بەرتەسك بۆ هەموان سێ ژوورە ئەمانەوێ ژورێك لەم گەرەکە بگرین نەختێ گەورەتر بەلاّم دەست ناکەوێ و ئەمانیش نایەڵن.

**ئەمڕۆ ١٩٧٤/١٢/٢٨ شەممە:**

حاجی حمە سالحی حمە ڕەزا هات لە عارفاوا وە بۆ لامان وتیشی لەم ڕۆژانەدا ئەو چوار کەڵە پیاوەی قەیسەری وەسمان پاشایان سووتان لە پێشا سەر لە ئێوارە مەنعی تەجەول کراوە کەس بەو ناوەدا نەڕوا، لۆری پۆلیس هاتوە چی فەرش و کوتاڵی ژنانەو پیاوانە مەکینەی سنگەرو شتی تر کە هەمووی ئەو چەند سەد دوکانە هی بازرگان و بەرگ درو بوو تالاّن کراوەو سوتێنراوە،نەیان هێشتوە ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە بچێت تا بەیانی کلۆ کۆی دامردوە بەیانی خاوەنی دوانەکان چوون قوریان پێوا هەبوە قاسەی پڕ پارەو ئاڵتونی ژنەکەی لە دوکانەکەیدا قایم کردوە لەناو قاسەکە، یا قاسە بڕاوە عالەمەکە ئیفلاسی کردوە هیچیان نەماوە هەبوە چەند دوکانیش موڵکی خۆی بوە ئەوەشیان

سوتانوه ئه‌م كه‌ڵه پیاوانه‌ی له‌پشت ئه‌م تاوانه‌وه بوون مودیری منظمة، مودیری أمن، مودیری شورته، موته‌سه‌ریف.

ئه‌یان وت یه‌كێ له‌و ماڵ وێران كراوه كوڕێكی گه‌نج ئه‌ی كێشا به‌خۆیا ئه‌ی وت دوێنێ ئێواره له به‌غداوه گه‌یشتوم بایی هه‌شت هه‌زار دینارم فاسۆنی جلی پیاوان هێناوه به‌قه‌رز ئه‌ی هاوار فلسیشم نیه بیده‌مه‌وه چی بكه‌م چۆن ئه‌و قه‌رزه به‌مه‌وه به‌و كابرایه‌ی به‌غدا.

ئه‌مرۆ ٣ شه‌ممه‌یه ئاخر ڕۆژی ساڵی نۆ سه‌دو حه‌فتاو چواری شوم‌و نه‌گبه‌تی له خوام داوایه به پشتی گه‌وره‌یی‌و به‌توانای خواو به دڵسۆزی سه‌رۆكی خۆشه‌ویست ساڵی نۆسه‌دوو حه‌فتاو پێنج (١٩٧٥)ساڵێكی خۆشی‌و سه‌ركه‌وتن‌و ئازادی بێ بۆ كورد هه‌موو به‌دڵێكی خۆشو به‌وره‌یه‌كی به‌رزو به سه‌ركه‌وتویی به‌ره‌و ماڵ بینه‌وه خوا دڵمان خۆش كا.

## له‌مانگی ١٩٧٤/٣ تا ئه‌مرۆ كه ١٢/٣١:

له ماڵی خۆمانا نین ئاواره‌و ده‌ربه‌ده‌ر هه‌ر دڵ پڕ ئه‌شكه‌نجه‌و ترس‌و نائومێدین، له ساڵی تازه‌دا ئێمه‌و ماڵی لویزه گواستمانه‌وه بۆ خانوی شاره میر حیدری، ژنه‌كه‌ی ناوی حفصه خانمه له چاو هی ئێره‌دا زۆر ژنێكی لێ هاتوه مجله‌ی بانوانمان بۆ ئه‌خوێنێته‌وه، ئه‌ڵێ نه‌ك ساڵه‌های ساڵ بمێننه‌وه له ئێرانا با فارسی فێر بن، هه‌موو گه‌ڕانێكمان خه‌سته‌خانه‌ی شیرو خورشید بوو كه دڵمان

تەنگ بوایە منو لویزە سەرێکمان لێ ئەدا، لەوێ دکتۆرە ناسکی توفیق افندی چی هەواڵی شۆڕشی بزانیایە بۆی باس ئەکردین ئەو ورەی بەرز تر بوو، ناو ماڵو شتی هەموو لە ماڵی باوکیا بوو لەگەڵ کورە ساواکەی نەردین خۆیو دکتۆر ئومێدی مێردیو کچەکەی دێرین لە پاوە بون منو لویزە روخابوین چونکە من مێردو سێ کوڕی قوتابی زانکۆم لە ناو ئاگری سورا بوون لە سەرەوە، هیچ بە تەمایان نەبووم هەمیشە توپو تەیارە بە شەوو بە ڕۆژ بە سەریانەوە بوو لویزەش هەروا مێردەکەی کاك کەمالی شیخ غەریب هەمیشە لە جەبهەدا بوو لە سەر لێواری مەرگ بوو.

ناسك زۆر خزمەتی نەخۆشی راکردوی ئەکرد هەروا خزمەتی نەخۆشی شارۆچکەی پاوەی ئەکرد زۆر بەڕێزو خۆشەویست بوو بوو لە ناو خەڵکی پاوەدا بە دڵسۆزی خزمەتی هەموانی ئەکرد زۆر لە کارەکەیشیدا زیرەكو لێ زان بوو هەموو کەس لێ ی ڕازی بوو.

:١٩٧٤/٨/١

کاتێ باوکیو دانا خواحافیزیان لێ کردین لە کرماشان کە بڕۆن دانا وتی: دایە زۆر ناخۆشە ئەچینەوە ژێر قەصفو راکە ڕاکەو خۆ فڕێ دانە ناو کونە تەیارە و هەواڵی دڵتەزێن و زاناشم لەگەڵ نییە بەتەنها شێت ئەبم.

**١٩٧٤/٨/٢ :**

ژنی نوری ئەمین بەگ (فەریدە خان) هاتن بۆ پاوە لای ئێمە میوان بوون خۆی‌و چوار منالّی.

**١٩٧٤/٨/٥ :**

ڕۆژێکی زۆر ناخۆشە هەرمن‌و ئافتاو خانین چوار منالّی لویزەو چواری فەریدە خان‌و هەرا هەراو میوانی زۆری ئێمە و مالّی دیاری بەگ‌و کاک کەمال کە چووە بۆ بەمۆ نزیک خانەقین بۆ شەڕ، لویزە لە تارانە بۆ عەمەلیات کەسمان لانیە من‌و ئافتاو خانی دایکی شێخ کەمال غەریب واشێت ئەبین لەهەموو داخێکا لەبێ جێگاییا بێ ئیسراحەتی تر تەیارەش جار جار یەت هی عێراقی بۆ قەسفی سەریاس‌و ئێرەو جێگای تر زۆر ئەترسین هەر قەسفی سەر داناو باوکی‌و عالەم بکا لەسەرەوە ئەزانین. دوا ڕۆژمان‌و هەمووی کۆمەلّ بوەو کەوتووینە بەرخەتەر دلّم‌و لەشم وەکو شۆڕەبی ناو ئاو ئەلەرزێ.

**١٩٧٤/٨/١٢ دوو شەممە:**

ئیسگەی کوردستان باسی هجوم ئەکا کە حەوت ڕۆژە حکومەت هجوم ئەکا وەتا ئێستا هێند نەی توانیوە ببێتە پێشەوە

ئاگر بارانێكە نەبێتەوە هەرخەڵقەو ئەكوژرێت هجومی عامە بەغدا هەرباسیشی ناكا وتی: ۲۵۰ عەسكەر كوژراوە بەڵام دوژمن نایڵێت، پێش هجوم عەسكەر هەویەی لێ ئەسەنرێت نەك دەست پێشمەرگە بكەوێتو ئیعلانی بكاتو دەم كەسو كاری عەسكەر بكەوێت چونكە تا ئێستا دانی بەوەدا نەناوە كەشەڕ هەیە ئیعلامی وڵاتەكانیش نابەن بڵاوی بكەنەوە. ئەو كوژراوانە لەوناوەدا بێ هەوییە لاشەیان بۆگەنی كردووە.

**ئەمڕۆ ۱۹۷٤/۸/۱٦:**

ڕۆژی یادی ۲۸ ساڵەی دامەزراندنی حزبی پارتیە و شەوەكەی ۲۷ ڕەجەب یادەكە ئەكرێتەوە ئەمڕۆ ۱۳ ڕۆژە هجومە.

**۱۹۷٤/۸/۲۳، هەینی:**

توانا ئۆغری كردەوە خوا ئاگای لێ بێ دوایی هاتەوە ڕێگە نەبوو سەیتەرەی ئێرانی گێڕابویانەوە.

**۱۹۷٤/۹/۱**

زاناو توانا چون بۆ تەوێلە كە توانا التحاق بكا ناوی خۆی بنوسێت بە پێشمەرگە لای كاك كەمال شێخ غەریب.

كاك میرزا حه‌سه‌نی، پیاوو دڵسۆزو كورد په‌روه‌ر زۆر خزمه‌تی كردین به شانازیه‌وه ده‌یگوت: ئه‌م ئێواره یه په‌نا هه‌نده‌م ده‌عوه‌ت كردوه زۆر پێخۆشحاڵو دڵ خۆش ئه‌بوو ئه‌ی وت: ئێوه هاتون بۆكوردایه‌تی: وتی: سبحه‌ینێ ئێواره كاك میرزا حسێنی برام ده‌عوه‌تی هه‌یه بۆ ده‌ست په‌ڕیوو قاچ په‌ڕیو له پێشمه‌رگه ده‌وری ٣٠ كه‌س ده‌بن كه دیومن دڵم بووه به‌ئاو.

زۆر باسی دكتۆر جه‌مال غه‌فوری گه‌وره‌ی كرد كه چه‌ند به دڵسۆزی تیماری پێشمه‌رگه ئه‌كات خه‌ڵكی زۆر خۆشیان ئه‌وێو ناوی ئه‌زانن منیش وتم: زۆر دڵسۆزو كورد په‌روه‌ره خوا بیهێڵێ هه‌زاران هه‌زار دڵسۆزی وامان هه‌یه له سای خواوه.

ماڵه‌كه‌ی زۆر ساده‌و ساكار بوو هه‌ر ژوره‌ی هۆرته‌یه‌ك و لایه‌ك له‌دیواره‌كه دا به‌سته‌كه نوێنی تیا هه‌ڵچنرابوو جاجمی سورمه‌ی زۆر عه‌جایبی به‌سه‌را هه‌ڵكێشرابوو، هه‌رچه‌نده خۆی ده‌ستدار بوو به‌ڵام ناو ماڵه‌كه‌ی وابوو، منیش به‌ژنه‌كه‌یم وت: ئه‌بێ مریه‌م خانم! ناوماڵی كورد له‌گشت لاوه وه‌كو ناوماڵی كوردی كۆچه‌ری بێ چونكه نازانین كه‌ی بار ئه‌كه‌ین باسوك‌و سوڵ بین، وه‌كو ئێوه پاره بێ له‌باخه‌ڵمانا باشتره ئێمه هه‌موو یه‌كی چه‌ند ژور ناو ماڵمان جێ هێشتووه بۆ ژێر ده‌ست به‌عس‌و چڵكاو خۆره‌كانی به‌ناو كورد!!

ئه‌مڕۆ خانم كوڕی بوو وتم: ناوی ئه‌نێی چی وتی: یا غلام یا حه‌مه ڕه‌زا، وتم: ناكاوه یا به‌رزان وتی: والله هه‌مومان سه‌ر ئه‌بڕن به‌ڕاستی باسی پیاوه‌تی‌و دڵسۆزی میرزا حه‌سه‌ن به‌م دوو دێره

تـەواو نابێـت بـۆم گێڕانـەوە، کـە سـاڵی ١٩٦٨ی شـووم بـۆ سـیاحەت هـاتین بـۆ ئێـران ئـەوەی لام گـرنگ بـوو هـەموو کوردسـتانەکەبوو، هەموی گەڕاین گەیشتینە مهاباد سبحەینێ ویستم بچمە سەر گۆڕی قازی موحەمەدی شەهیدو تێر تێر کێلە پیرۆزەکەی ماچ بکەم و تێر تێـر لەسـەر گۆڕەکـەی بگـریم بـە کـوڵو بـاس و رازی دڵمـی بـۆ بکـەم سـەبارەت بـەکورد وتیـان: جێگـەی گۆڕەکـەی کـراوە بـە سـاختمان (معمل) منیش ئەو دوو سێ دێرە شیعرە ساکارەم لەوکاتـەدا بۆهات وتیان: ئادەی شیعرەکەت کە ئەو رۆژە وتوتە وتم:

سالّی شەست و هەشت چومە مهاباد گـەڕام بـۆ گـۆڕی قـازی موحەممـەد
وتیـان: مەگـەڕێ لـەناو گۆڕسـتان خۆ سەر گۆڕەکەی کرایە سـاختمان

کاکـە میرزا حـسن کاتـێ ئەچوینە ماڵەکـەی لەخۆشـیا ئـارامی نەبوو، خۆزگە نەمردمایە جارێکی تر ئەو برا دڵسۆزەو خێزانەکەی مریـەم خـانمی دڵـسۆزم بدیایـەوە کەئـەم وت: سـوپاس عەزیـەتمان داون ئـەیوت: توخـوا هێنـدە مـەڵێن سـوپاس خـوا بمـان گرێـت ئێمەکەی بەشەرین خوا لەسەر تەمەنی ئێمە هەڵگرێت بیخاتە سەر تەمـەنی پێـشمەرگە کابرایـەکی لـێ بـوو زۆر ڕوی ئـەداینێو خۆشەویستی و دڵسۆزی خۆی دەر ئەبڕی ئەی وت: دەك زمانمان داوەشـێ زمانیـشمان نـەبێ ئێـوە بۆکـێ دەسـتتان لەهەمووشـت هەڵگرتووە بۆ ئێمەش نییە؟ میرزا حەسەن ئەی وت: ترسی ئەوەم لەدڵایە کە خۆتـان خستۆتە ژێـر چنگی ئەم زاڵمـە واتـە: حەمە رەزا شـا بـەخوا لەدەسـتی یـەت دەسـتتان لـێ بـەرەڵاکات!!! هـەموو کوردێکی دڵسۆز لەودیو ئەو ترسەی لەدڵا بوو لەگەڵ شادا چونکە خۆیان ماران گاز بوون.

:١٩٧٤/٩/١٩

سبحه‌ینێ ره‌مه‌زانه پار ئه‌مڕۆ بێ ئاگا بوین له‌م كۆسته زله‌مان ئه‌م ده‌ست گۆڕینه ئه‌م نه‌گبه‌تیه ئێمه به‌ته‌مای شای‌و زه‌ماوه‌ند بوین بۆ دانپیانان به‌مافمان كه‌چی شاییمان لی بوو به‌شین گوێ له‌ڕادیۆی به‌غدا ئه‌گرم سه‌رم ئه‌ته‌قێ ئه‌م شه‌ڕه قورسه‌یه چی زابت‌و ئه‌من‌و عه‌سكه‌ر ئه‌كوژرێ كه‌چی باسی مه‌شاریعی چۆمان‌و گه‌لاڵه‌و ڕێی حاجی هۆمه‌ران ئه‌كات چۆن حكومه‌تێكی وازل ئه‌بێ وا درۆ بۆ گه‌له‌كه‌ی بكاو بیان خه‌ڵه‌تێنێت خۆ گوێ له‌ڕادیۆی به‌غدا ئه‌گرین ئه‌ڵێ سبحه‌ینێ مه‌كته‌به‌كانی عێراق ده‌كرێته‌وه دڵه گریا وتی: صنفی سێم، دیاره منالیكه بیری هاوڕێ‌و مه‌كته‌بی ئه‌كاو زیره‌كه حه‌زئه‌كا له‌هاورێكانی دوا نه‌كه‌وێت.

منیش وتم دڵه‌گیان خۆ تۆ له هه‌زاران ته‌له‌به‌ی كوردستان زیاتر نی كه هاتونه‌ته ریزی پێشمه‌رگه به‌س نیه باوكت هات بۆ پشتگیری شۆڕش به پاكی‌و دڵسۆزی براكانت له دوو سێ و چواری جامعه‌ن هاتونه‌ته ئه‌و ریزه پڕ شه‌ره‌ف‌و شانازیه ده‌رچون مه‌كته‌ب چیه؟ به‌س نیه باوكت پیاوی به‌عس نییه وه‌كوو پیاوه‌سوكه‌كان سوكێتی به‌سه‌ر شانی خۆی‌و منالو كه‌سوكارا هێنابێت مه‌كته‌بت لێ رۆیشتبێت ژوره‌كه‌ت تالان كراوه بوكه‌كانت براون ئه‌وانه هیچ نیه به‌لام سه‌ر شۆڕی‌و سوكێتی له‌كه‌یه‌كه به‌سه‌ر شانه‌وه هه‌رگیز ناسڕێته‌وه...

لەبەینی کرماشان‌و پاوه شاخێك هەیە مەرقەدێك دیارە گومەزێکی سپی بەسەرەوەیە ئەڵێن: هی حەزرەتی وەیسە، لە کوردستانی ئێران دێن زۆر زۆر بەهێزە بەڵام ئایینی تێکەڵ بەئەفسانە هەموو جیگەیە شێخی خۆی هەیە بەزۆری لەکوردستان دانیشتوان هان ئەدرێن کەهەر ڕێگەی ئایینی خورافیات بگرن هەرناوێرن بڵێن کوردین، شێخی پاوه شێخ نصرالدین کەهەموو شتێ بەدەست خۆیەتی خەڵکەکە ئەی پەرستن...! ئەم ڕەمەزانە هەموو کەسێك لەئێمە دوعا بەدەورە ئەکا بۆ کزی بەعس‌و سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان ئەوانیش بۆ شێخ نصرالدین:

١٩٧٤/١٢/٣١

هەموو مانگێ یانزەو دوانزەمان بە دوو لێو دڵتەنگی‌و ترس‌و دڵە لەرزێ بردە سەر ئایا بەرەو چی ی ئەڕۆین ئایا دان بە حوکمی زاتیەکەمان دا ئەنێ یان لە بنا دەستمان ئەبڕێ‌و فرێمان ئەدەنە کەنەلانێکی پڕ مارو هەژدیها هەموو کورد بە جارێ، کەس دڵی خۆش نەبوو بەرۆژو بەشەو لەگەڵ سێ‌و دوی دڵمانا ئەژیاین هەموو دڵتەنگ‌و ڕەنگ هەڵبزڕکاو لێو بە بار کەس بەتەمای خۆی‌و ماڵ‌و منداڵ‌و ئازیزی نەبوو، لەو مارە حەوسەرەی ڕانە ئەدی دڵمان خۆشکا ژیانمان خۆش کا.

وەکوو نوسیومە ئەمڕۆ ڕۆژی ٣ شەممە دوا ڕۆژی ساڵی (١٩٧٤) ی شوم‌و نەگبەتیە ١٩٧٥/١٢/٣١ هەموو دەست بە دوعا کە

ساڵی (١٩٧٥) ساڵێکی خۆش‌و پڕ کامەرانی‌و پڕ هیوا بێ بۆ کورد بەڵام مەحاڵە..! بڕوانە خەڵکی هەموو ئەم شەو چەند خۆش رائەبوێرن چۆن جەژنی سەری ساڵ بەرێ دەکەن ئێمەی کوردیش ناوی خۆمان لە ترسی ساڵی تازە کە ئەڵێن حکومەت خۆی ئامادە کردوە کە بەهار شەڕ بکاتەوە بە جارێ نەمان هێڵێت ئەی خوایە چی بکەین؟

واهاتینە ساڵی هەزارو نۆسەدو حەفتاو پێنج:

**٤ شەممە ١٩٧٥/١/١**

ئێمە لە ئێران پەنا هەندەگی‌و ئاوارەین هیچ دەسەڵات‌و توانایەکمان نیە، بەرەو هێرشی ئەم بەهارە دەڕۆین ساڵی پار تا توانراوە خۆ بەخت کراوە خوێن ڕژاوە ماڵ دڕاوە میللەتێکی بچوک هەر ئەوەندە لە توانایایەتی هیچ دڵسۆزێک دریغی نەکردوە هەموو گیانی ڕۆڵەکانی خستۆتە سەر لەپی دەستی‌و پێشکەشی کردوە بە شۆڕش کەلە گیانی ڕۆڵە شیرین تر نیە ماڵی وا هەیە چوار رۆڵەی لەدەست داوە بێجگە لە ماڵ‌و سامان.

## ٢٦٧٤ کوردی/ ٣١-١/١/١٩٧٥

### ١٧-١٨/١٢/١٣٩٤ ذی الحجة

## ١٠-١١/١٠/١٣٥٣ شەمسی ئێرانی

**ڕۆژی ١٩٧٥/١/١**: ویستمان نەختێ خەم بەبا بەین گەڕانێکمان بۆ خۆمان دۆزیەوە بۆ ماڵی خاوەن ماڵەکەمان کە ماڵی ئێمەو کاک کەماڵی تیایە چوین بۆ ماڵی خاوەن ماڵەکەمان ماڵی شارە میر حیدری ژنەکەی لەچاو ژنی ئەم شارە زۆر تێگەیشتوو شت زانە زۆرمان خۆش ویست.

بەڵام دەمی نەکردەوە باسی کوردایەتی بکا وەکوو هەموو خەڵکی پاوە حەقیانە لەجەوری شاە زۆر ئەترسن و هیچ دەسەڵاتێکیشیان نیە، هەموویان بە کات ژمێرێک لووش ئەدا ئاموشۆی ئێمەو مانان قەدەغە بوو نەئەبوو پیاوو ژنیان ئاشنایەتیمان لەگەڵ پەیدا بکەن نەك فێری کوردایەتی بن لێمانەوە بەڵام ئەو ژنە چەند جارێك سەری داین و خوڵکیشی کردین کە بچین زۆرم لاسەیر بوو هەر منو خوشکم زۆرمان پێخۆش بوو ئەو خوڵکەی کردین، چونکە موحتاج بە گۆڕانێك بوین ئیتر کە چوین زۆر خۆشمان ویست زۆر لایەق و ڕوخۆش و بە خزمەت بوو مناڵەکانی بانگ کرد سڵاویان لێ کردین ژیلا کچەکەی بوو (١٠) ساڵانە سەلاح و ساسانی (٣) ساڵ پرسیارمان لێ کرد بۆچی ئەمڕۆ پشوو بوو لە ئێرانا ئایەبو سەری ساڵە وتی نەخێر.

وتــی ۱۰/۱۱ وتــی مــاهی دەیمــاهی پــێ ئــەڵێن خۆیــان، موناســـەبەتێكی دینیــە، شــاهمان لەتەلــەفزیۆن دا دی خــەڵكی لــە رەئیس وزەراو وەزیرەكــانو كاربەدەسـتی دەوڵـەت ئەهاتنـە لای بـۆ كاخی گوڵستان پیرۆزبایی ئەم جەژنە (عیدی غدیر)پێ ئەڵێن.

وتـی ولاّتـی ئێمـە حـەقی سـەری سـاڵی میلادیمـان نیـە سـەری سـاڵی ئێمـە جـەژنی نـەورۆزە لـە یەكـەم ڕۆژیـەوە تـا دوانـزە ڕۆژ جەژنمانـە ڕا ئـەبوێرینو پـشوو مەكتـەبو دایـرە نیـە، رائـەبوێرین سـەری سـیانزە هـەم ڕۆژ ئەڕۆینـە دەشـتو چیاو بـاخ سـیانزە (۱۳) كۆچك هـەر كەسـە سـیانزە بـەرد هەڵئـەدەین یـانی سـیانزە نـەحسو شوومە لـە نیـەتی ئـەوەی هـەموو خـەمو شـومو ناخۆشـیمان بڕوا لـە هـەموو جێگـەیەكی ئێرانـا ئـەم عادەتـە هەیـە لەیەكـەم ڕۆژی جەژنەوە تــا ســێهەم لــە هــەموو ماڵێــك ئــاگر ئەكرێتــەوەو جەژنــە پــیرۆزە ئەكرێت... لێرە ناوی كوردی لێ نـان قەدەغەیـە، ئـەم ناوانـە زۆر بـاون حەمە ڕەزا غولام ساسـان محمد علی حسین بۆ كچیش نـاوی دینـی باو بوو ماڵێك كوڕیان بوو بۆ ناو ئەگـەڕان منیش وتم بۆ نـاوی نـانێن كاوە وتی سەرمان ئەبڕێت ناوی نا هیوا.

ئای هیوا تۆ چـەن سـەیریت گـەر هیـوا نەبوایـە مرۆڤ بـە هیـواوە نەژیایــە هیــچی بــۆ نەئــەكراو نەئــەژیا ســەیرە هیــوا ئــەبڕێت بــۆ قەزیەكەمانو لەپڕ شتێك یەتە پێشەوە هیوا پەیا ئەكەینەوەو دڵمان كەمـەكی خـۆش ئـەبێت هەرچـەندە هـەر ئەترسـین لـە دەسـت بـڕینو پاش گـەز بونـەوە بـەلاّم كـە سـەیری هـەنێ ڕوداوو مامەڵـەی ئەكـەین هەر ئەترسین.

ئـای هیـوا لـەم ڕۆژانـەدا زۆر زۆر دەنـگو بـاس ئەبیـستین تروسكەی هیوا لە دڵمانا دەنكێ پەیدا بوە، ئەڵێن گوایا شاە ئەچێت بـۆ میـسرو ئـەردەن ئـەڵێن شـاە بەسـاداتی وتـوە زۆر لەروسـی دور كـەوەرەوە من هـەموو نەوعە ئەسلحەو عـەتادێكت ئەدەمێ (بە ئێمە چی) هەروا یارمەتی پارەو شتی ترت ئەدەم گوایا ئەردەن كەوتۆتە بـەینی عیراقو ئێران بـۆ ڕێكـەوتن لەلایـەكی ترەوە عێراق حەشر بە ئێران ئەكا لە تەلەفزیۆنو ڕادیۆ دا ئەڵێ من حوكمی زاتیم بەتەواوی داوە بـە (زەمـرەی خائنـە) لـە (أعـالی الجبـال) كـە ئێـستا لـە ئـاخری نەفەسـیانان هەرچـی شـكاندنێكی هەیـە لـە قـەڵادزەو رەوانـدوز بـە خـەتای ئێرانـی ئـەزانێ، ئـەڵێ هـەموی مـدافعی ایرانـی یـە جێـب عـەمیلو زومـرە خائنـە مـەراكیزەكانمان قەصـف ئـەكا بـە مـدافعی ئـەمریكا بـۆ ئـەوەی مەسـیرەی پێـشكەوتنو حورییـەت لـە عێراقـا نەهێڵێت.

لەلایەكی ترەوە هەواڵێك هەیە گوایا سادات یەت بۆ عێراق ئایە ئـەم جمـو جۆڵـە خێـری كوردی تیـا بـێ، قـەت بـاوەڕم نیـە هەرچـەند خەڵكی لە خۆیانەوە دڵ بەو جمو جۆڵـە خۆش ئەكەن بەچە مەعلوم بـۆ سـودی عێـراق نیـە، كـێ حـسابی بـۆ ئێمـە كـردوە لـە دنیایـا بەتایبەتی عەرەبو ئێرانو ئەمەریكا... لەلایـەكی ترەوە دەنگ هەیە گوایـا بریجنێـف دێ بـۆ عێـراق و سـوریاو میـسر بـەڵام بەناوینەخۆشییەوە تەئجیلی كردوە.

هیوایـەكی تـر كـە پەیـدامان كـردوە لـە خۆمانـەوە ئـەڵێن: كێسنجەر هەر هەڕەشـەی لە دەوڵـەتانی بەرهەمهێنـەری نـەوت كردوە گەر نەوت قەدە بكەن یا گرانی كەن ئەوە ئەكەینو ئەوە ئەكەین.

سەفەری شای ئێران بۆ مصر و هی سادات بۆ ئەردەن و مەلیك فەیصەڵ بۆ ئەردەن‌و ئەم جۆرە باسانە بە شەوو بەڕۆژ ویردی سەر زمانمانە بزانین چی دەبێ! خوا رەحم کات.

## پاوە ١٩٧٥/١/٣ پەنا هەندەگی:

ئەی پێشمەرگە تۆی ئیلهامی شیعری منی خامەی منی مێژوی کوردی پی ئەنووسم ئاواتمی. ئەی پێشمەرگەی شیرین لە دڵی مناو دڵی گشت کوردێکی دڵسۆز بۆ بینای کوردستان هیوای بەرزو تۆ کوڵەکەو دارو پەردووی بینای کوردستانی گەورەیت. تۆ بناغەی بیناکەیت. تۆ پەنا گەیت بۆ دروست کردنی. تۆ چرای دوا ڕۆژی کوردی. تۆ مەشخەڵ هەڵگری ئالاّ هەڵگری ئەی ئەو دەستانەت نەڕزێ هەر بە هێزی ئەو قۆڵ‌و بازوە تفەنگ‌و گوللەکە هەڵئەگرێت ئەی ماندوو ئەی برسی ئەی بێ جێگە ئەی بێ خەو ئەی چاو نەترس ئەی شۆڕشگێڕ!!.

تۆ ئەو چاوەی کەڕێگای دوا ڕۆژی کورد ئەبینێت ئەو ئەقڵەیت کەدوا ڕۆژێکی بەرز بۆ گەلەکەت دا ئەنێیت. ئەو ڕوناکیەیت کە کوردستان ڕۆشن ئەکاتەوە، ئەو هێزەیت کە دوژمنی کورد ئەبەزێنیت ئاوازێکی نەمریت لەناو کوردا. ناوێکی ناو داریت نەمریت لەدڵ‌و دەرونمانا. ئەو مۆمەیت کە ئەتوێیتەوە لەڕێی کوردا.

ئەو ڕێبازەیت کە هەموو کورد بە دواتەوەیە ئەو ڕێگەیەیت کە هەموو کورد پیاتا ئەپەڕێتەوە بەرەو دەریای ئاسایش‌و ئاشتی.

جـێی هیـواو شـانازیت بـۆ هـەموو کـورد، کاکـەی پێـشمەرگە ئێمـەی دایـك لـە هـەموو کاتێکدا داوای بـەرزیو سـەرکەوتنو دوژمـن بەزانتان بۆ ئەخوازین، شانازی بەشانو چەکەکەتو پاو پوزە وانەو سـەرو کلیتەکەتانـەوە ئەکـەین، قـەدوو فیـشە کدانەکـەت، دەسـتو نارنجۆکەکەتو دڵو دەرونو ئیمانو چاو نەترسیەکەتو ئازایـەتیو لە خۆبوردویەکەت کە دوژمنی هانیوەتە لەرزین و پەلە قاژێ.

کلاوە قوچو کلیتە گوڵوانکە دارەکەت جامانە بەستراوە تـونگو تۆڵەکـەت کاڵـە پوزەوانـە هەڵکێـشراوەکەت گـورجو گـوڵی رەوتو ڕۆیشتنەکەت روە خۆشە پڕ شانازیو ئیمانو هیواکەت کاتی شالاو کەبەرەو پیری مەرگ ئەڕۆیت.

سلاو هەزاران سلاو بۆ تۆ کاکە شیرینەکەم.

سلاو بۆ ئێوەش کـورە شیرینەکانم داناو تواناو زانا کـە جـێی شانازیمن ڕوم یەت ناوتـان بێنم کـە ئەوەتـەی بومەتـە دایك خـەو بـەو ڕۆژەوە ئەبینم کە کوڕە شیرینەکانم چەکی شـەرەف بـۆ پارێزگـاری لـە کوردسـتان بکەنـە شـانیان، کـاتی گـەورە بونو زانکۆیـان تـەواو کـرد بـەدڵو دەرونێکـی پـڕ کوردایـەتیو ئیمـانی ڕزگـاری هـەتا هـەتایو بـەدڵو دەرونێکـی ڕاسـتیو دڵـسۆزی جـێی شـانازی دایکتـانن ئـەو ناوە بەرزە پڕ شانازیەتان لێ پیرۆز..

دایکتان...پاکیزە

:١٩٧٥/١/٣

یەکێ هاتەوە لەسەرەوە ئەڵێ دەنگ هەیە قوتابی زانکۆ بە زەماڵە بنێرن بۆ هۆڵەندا گوایا مانگێکە هەوڵیان بۆ ئەدرێت.

وا دانیشتوین لە تاقە ژورە بچکۆلەکەمان هێندە بچوك و تەسك و ساردە تك تك دڵۆپە یەتە خوارێ خرەی بان گێرانە. کارەباش براوە دەنگی مەهەستی دەنگ ئەداتەوە.

## ڕۆژی ٢ شەممە ١٩٧٥/١/٦:

(یوم الجیش العراقیة) بەخەربار تەرفیعات بەرادیۆ دەر ئەکا بۆ جەیش بۆ ئەوەی زیاتر بیان دابە کوشت.

ئەم پاوەیە شارۆچکەیەکە ئێجگار دڵگیرو خۆشە چوار دەوری بە شاخی بەرز بەرز تەنراوە بەفری ئێجگار زۆرە بەڵام سارد نیە هەوا نایگرێتەوە ئاوی زۆرە خۆش و سوك و ساردە هاوین هەر ئاوی بەلوعەمان ئەخواردەوە نەك هی سەلاجەو سەهۆڵ.

لەگەڵ ئەوەی کە بەفری زۆر زۆرە سارد نیە ئێجگار درەخت و باخی زۆرە، هەتا بڵێی شارۆچکەیەکی خۆشە، لە خوام ئەوێ ڕۆژێ لەڕۆژانی کوردستانی گەورە بکرێت بە جێی سیاحەت بۆ زستان و خلیسکانن و ڕابواردن لەهەموو دونیاوە خەڵکی بۆی بێ.

## هه‌ر ئه‌مڕۆ ١٩٧٥/١/١٦:

ئارزوقه‌مان وه‌رگرت هه‌ر چه‌ند وه‌ری ئه‌گرین داخی دنیا ئه‌چێته دڵمانه‌وه كه خێرمان پێ ئه‌كا به گونیه‌و هه‌مانه یاخوا ئاخری خێر بێت.

## ئه‌مڕۆ ١٩٧٥/١/١٦:

كاغه‌زێكمان بۆ هات له سلێمانیه‌وه ئه‌ڵێت كاك حاجی ڕه‌سوڵ (موته‌سه‌ریف) له دوای ماڵ تالأن كردنه‌كه‌مان موبیله‌كه‌مانی فرۆشتۆته‌وه به خزمه‌كانمان به حه‌فتا دینار ئه‌وانیش پاره‌كه‌یان داوه‌تێ و موبیله‌كانی داونه‌تێ.

## ئه‌مڕۆ به‌فر حه‌شر ئه‌كا ١٩٧٥/١/١٧:

ئه‌ڵێن له كرماشان یه‌ك مه‌تری تێ كردوه ڕادیۆ هاوار ئه‌كا ئه‌ڵێ ئه‌ی خه‌ڵكینه ڕێگه‌و بان زۆر خراپ بووه خلیسكه سنه، سه‌رده‌شت، شیراز، ته‌هران، هه‌مه‌دان، زۆر جێگه‌ی تر له‌به‌ر به‌ستنی ئه‌رزو سه‌هۆڵ به‌ندان له‌به‌ر ئه‌وه كه‌سه‌فه‌رتان كرد زنجیر بۆ تایه‌تان ببه‌ستن به‌تانی له‌گه‌ڵ خۆتان به‌رن بۆ ڕێگا ئۆتۆمبێل (ماشین) زۆر ئه‌خلیسكێت ئای داخه‌كه‌م بۆ منالی كوردستان بێ جێگه‌و بێ مه‌كته‌ب بێ پوڵ و خواردن و جلی یاری له‌ده‌ر به‌ده‌ری و پێویستی هه‌تیوی خه‌مباری بێ دایك و باوك! خوایه چیمان له خه‌ڵكی كه‌متره بۆ به‌ختمان وابێت.

**٢٠-١٩٧٥/١/٢١ سێ شەممە:**

باوکی دانا ئیمشەو هاتەوە لە ئازادی کە موافەقەتی بۆ کراوە بڕوا بۆ لندن بۆ تەداوی تەیارەی حجز کردوە توانا لە هێزی زمناکۆوە لە تەوێڵەوە هاتەوە بۆ لای باوکی.

**:١٩٧٥/١/٢٣**

ئەمڕۆ یوم العاشورایە لەدوێنێوە شینە لە تاران و لە شیرازو لەقوم و لە هەموو ئەو شارە موهمانە و مزگەوتە عەجایبانەی دەرخست لە خودان بە زنجیر مسەلسەلەیەکی دەرخست بۆ چەن شەوێك کە چۆن حوسێن شەهید کراو ماڵ و خێزانی لەناوبرا.

**ئەمڕۆ ١٩٧٥/١/٢٦ یەك شەممە:**

٦بەهمەنی /١٣٥٣/١١ شمسی = ڕۆژی شاهو میللەتە کە دکتۆر مصدق انقلابی کرد دژ بەشاه لەدوایی دا (مصدق) لە سێدارە درا. لە هەموو ئێران تەحتیلە.

ناوی کوردستان ناوێکی دێرین وێنەی جوان و خاکەکەی زێرین
هەزار بەهەزار کێوانی بەفرین لانەی شێرانی نەبەز پۆڵایین

ئەمڕۆ کە ڕۆژی شاهو میللەتە مەسیرەیەکی زۆر گەورەیە وزیر (أمیر عباس هویدا) وە دەبیری کل حزبی ئێران و مجموعەیەکی زۆر

لە شەخصیاتو ئەمێریکی برای شاە رئیس حزبی مردم و هی حزبەکانی تر و منظمەی أمن حزبانی تر (یعنی جاش) تەلەبەی جامعەی کوردی بە جلی کوردیەوە ژنانی بهداشت (صحە) مونظمەی شیرو خورشید و باقی عامەی گەل کەهوتافیان شاهنشاه شاهنشاە جاوید شاە، زۆربەی ئەهالی بە جلی میللی یەوەو موسیقا لێ دان خۆپیشاندانیان کرد لە دوای هی تاران مسیرەی ئەصفەهانی پیشان دا ئەڵێن ئێران انقلابی سفیدی تیا کراوە بەڕاستی وایە ئێران زۆر پێشکەوتوە شاە کردویەتی بەوڵاتێکی پێشکەوتوو لە لایەکی ترتریشەوە عاشورایە هەرایە لە خودانە حەیوان سەر بڕینە هەریسە کردنە ٤ صفر ١٣٩٥ هـ ١٩٧٥/٢/١٥ شەممە.

ئەم ڕۆژانە لە هەرە ڕۆژە ناخۆشەکانمانە هەموو دڵتەنگو چاو بە فرمێسک لە لایەکەوە دانا ڕۆیشت بەرەو تاران کە بچوایە بۆ هۆڵندا زەمالە ئاخۆ چۆن ئەبێ خوا ئەیزانێ باوکی چو بۆ نەخۆشی بۆ تاران بەرەو لەندەن. ١٣٥٣/١١/٢٤ شمسی.

کاك کەمال مانگێكو چوار ڕۆژە لە سەرەوەیە لویزە کوڕی بە مردویی بوە لە خەستەخانەی شیر خورشید ١٣-٢/١٤ توانا لە هێزی زمناکۆ وەکوو ئەڵێن جەبهەی ئەمامییە گەر دوژمن شالاوی هێنا بەرەو تەوێڵە خودایە من چبکەم ئێوارەکەی ڕۆژی ٣ شەممە چوم بۆ ماڵی شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی خەڵکی ئێران بەتایبەتی کوردستانەکەی ئیمڕۆ شێخو مەلا ئەپەرستن لە دەمی خۆیان ئەگرتەوە چی هەیانە بە دەمیانا ناچێ ئەی هێنن بۆ شێخ، دەروێش لە سنەوە هاتبون خێری خۆیان بۆ هێنابون، ترێ سپیکەمان خوارد

لەوەدا نەبوو کەمێ پێستەکەی چرچ بوو دۆو دۆشاوێکی پەمەییان دانا وتی ئەمە تایبەتیە هی تری کشمیشیە هەروا پێستە پەنیر، باس ناکرێت زۆر عەجایب بوو کاك کمال ٢١-٢/٢٢ لە سەرەوە هاتەوە وتی زەمالەکەی تەلەبەی جامعە تأجیل بوە بۆ مانگی (٩) و ١٩٧٥/١٠ لەبەر ئەوە دانا یەتەوە.

## تایبەت بە خێزانی خۆمان لەپاوە

ئەم خەڵکی پاوەیە زۆر بە توندی چاویان بە ستراوەتەوە بەڵام چی بکەن هەرچی وەزیفەی زلە نادرێت بە کورد هەر مامۆستای سەرەتایی و مۆچەخۆری بچوکن. لەوە زیاتر نا باقی قایمقام مودیر وەزیفە گەورە هەموو فارسن کورد لەشاری خۆیا هیچی بەدەست نیە!

٢/١٢ قانونی تازە دانرا (ڕەستا خیزی ملی ئێران) راپەڕینی تازە گەلی ئێران هەموو حزبە درویـنەکان گوایا خرانە یەك کران بە ئەوەی سەرەوە رستا خیز. هەمووی چاو بەستە لە ٣/١ گەیشتینە پاوە سێ مانگە تیپی مۆسیقای سلێمانی بەناو کۆیەو هەولێرو کەرکوك ئەگەڕێن تەمثیل و گۆرانی بۆ پەنا هەندەی ناو شارەکانی کوردستانی ئێران لێ دەدەن و کۆڕ دەگرن و ئاهەنگ دەگێڕن بە سەرۆکایەتی کاك ئەنوەر قەرەداغی کەسێك لە خەڵقی پاوە بۆی نیە بچێت ئەگینا لە سەری ئەدرێت بەڵام تاکە تاکە پیاویان بەدزیەوە چاو پڕ فرمێسك هاوبەشی دەکەن.

ئەمڕۆش ٣/٦ بۆ دوهەم جار چومەوە بۆ بەشداریکردن لەو تەمثیل و کۆڕو مۆسیقایە. ئەچن بۆچی بۆئەوەی تێر تێر بگریم هێندە بگریم بەڵکوو ئەو حیرس و داخ و دڵتەنگیی و دڵ لەرزین و پەلە پەل و ناخۆشیە کەمێ کەم بێتەوە بۆ زۆر شت بۆ نەخۆشی و کوڕ مردنی لویزە، بۆ بێدەنگی سەرەوە، ئێستگە هیچ شتێکمان پێ ناڵێت بۆ ڕۆیشتنی باوکی منالآن بۆ نەخۆشی بۆ لەندەن. بۆ بێدەنگی دانا کەلە سەرەوەیە خەبەری نیە، بۆ کۆمەڵگای لە شکری عێراقی لە عەربەت و سلێمانی ئاخۆ چی بەدەستەوە بێت.

ناردنی باوکیان بۆ پارە کە بۆی بنێرم بۆ لەندەن کە نیە و پەیا نابی، وا دڵم بە هەمووی لە تەقینایە ئەم تیپە هەرهی سلێمانی نەبوون بەڵکوو هی کۆیە هەولێر کەرکوك و جێگەی تر کە ئۆکۆردیۆنم ئەدی قوڵپم ئەدا چونکە دانا ڕۆژانێك بوو ئۆکۆردیۆنی لە تیپی زانکۆی سلێمانی لێ ئەدا، کاتێ کە هاتمەوە کاك کەمال هەواڵێکی نا خۆشی دامێ کە شاهو سەدام لە جەزائیر لە موئتەمەری قیمەی ئوپیك کۆبونەتەوە و یەکتریان دیوەو دوو سەعات و نیو قسەیان پێکەوە کردوە لە داخاماڵەکەم بەجێ هێشت چوم سەرم لەماڵە خزمێك دا کاتێ دانیشتم ناردیان بە شوێنما لە ماڵەوە وەرە میوانمان هاتووە کە ڕۆیشتمەوە ماڵی دکتۆرە ناسك هاتبون وتم: هەواڵ چیە دکتۆرە بۆ خاتری خوا وتی: تەلەفزیۆن پیشانی دا کە شاە و سەدام پێنج کات ژمێرو نیو پێکەوە گفتوگۆیان کردوەو دڵیان خۆش بوەو یەکتریان ماچ کردوە ئەمە نەتیجەی هات و چۆی (أشرف مروان) بوە بۆ بەغدا کە دەجار زیاتر بۆ بەغداو تاران هات، چاومان لێ بوو لە تەیارە خانەی جەزائیر شاە

گەیشت لە پاش نەختێ سەدام گەیی هەواری بومیدێن تەعاروفی پێ کردن بەیەكو تەوقەیان کرد.

ئیتر هەرچی ئیزاعەی عالەم هەیە لە هەوالا باسی سەدامو شای ئێرانو تەوقیعی رێککەوتن نامەی سنووری نێوانیانو یەکتر ماچ کردن و قاعەی موئتەمەری ئۆپێك دەنگی ئەیەوە لە چەپڵە رێزانیانا مۆتمرین چوم بۆ خەستەخانەی شیرو خورشید ٣/٨ شەممە چوومە (بیمارستانی پاوە) ناسك ورەقەیەکم بۆ بکا نەخۆش بوم، زۆر دڵی خۆش بوو وتی: ئەمشەو گوێم لە لندنو ئیسرائیل بوو کە گوایا مەسئەلەی کورد براوەتەوە نەیان وت چۆن بەلام دکتۆرە لە خۆیەوە زۆر متفائلو دڵخۆش بوو. بەلام ئێمە بە پێچەوانەوەین ئیمشەو تەلەفزیۆنی ئێران وتی: شاه تەقریری داوە پەنا هەندەکان ئێمە لەرێی ئینسانیەوە بە خێومان کردون لە مەو دوا بە دڵنیاییەوە ئەڕۆنەوە کە (١٥٠) هەزار کەسن.

## یەك شەممە ١٩٧٥/٣/٩

نیازم وایە لەگەڵ زانای کورمبەرەو مهاباد بڕۆین، لەوکاتەدا وتم:

دیسان ئەم کورە والی قەوماوە
دەستی براوەو قاچی براوە
خەمو پەژارەی ورو کاوە
لە هەرچوارلاوە پیلان گێردراوە

شـەوەکەی گەیـشتینە مـەهاباد لـە ئوتێـل ئاریـا خـۆم دا بـە جێگەکەدا ماندوو بێ تاقەت چاو پلڕ فرمێسك دڵتەنگ بێ هێوا ئیتر چوینە بازاڕ کـاك (کـەمال)مـان دی کـەمالی شـیخ عـزت وتـی بچن بـۆ رزائییە باشترە وەك لێرە، بەڵکوو دانا ببینین... ئیتر چوین سەرمان لـەماڵی کـەمال طـە دا عیفـەت خـانی ژنـی بـە نیـوە مردوویـی و بـە قوڵپـەوە هـات بـە پیر مانـەوە لـەباتی بـە خێـر هـاتن ووتـی کچی قـوڕ کـراوە بەسـەرمانا، ئێوارەکـەی سـت فـرە قفطـانو مـاڵی حـاکم بـایز عبداللـە هـاتن کردمانـە گریـانو قـوڕ پێـوان شـەوەکەی لەگـەڵ زانـا سـەردانێکمان کـرد مـاڵی کـاك دارا تۆفیـقو ژنـی کـاك خەسـرەوی بـرایو هەنـدێ کەسـی تـری لێ بـوو سـبحەینێ بـەیانی چـووین بـۆ نەغەدە وەکوو شێت سەرم بەچەند ماڵێکی خۆماندا کرد هـەموو هەر ئەو باسە بوو زۆری بۆ سەرۆك ئەگریانو ئەترسـاین کەشاە گرتبێتی دەنگـی نـەبوو لـە نەغـەدە سـەرم لـەماڵی زاهـیر حوسـێنی پـورزام دا، وتـی بـۆ وا لـە خـۆت ئەکـەی؟ خـۆت شـێت کـردوە، ئـەم گریـانو قـوڕ پێوانە مەکە مەسئەلەکە جارێ مـەعلوم نیـە وتم: سـەرۆك سـەرۆك بـۆ خاتری خوا وتی بە ئێمە هیچ ناکرێت انشاالله باش ئەبێ.

سبحەینێ چومەوە رەزائیە بۆ ماڵی کاك کامل عـەتاری ئـامۆزام وتـی دوێنێ مظفر هاتەوە لەو دیو وتـی: سـەرۆك هاتـەوە وا لـەو دیـوە دڵـی خۆشـە ڕۆژی ٣/١٣ شـەڕ وەسـتاوە کـە هاتمـەوە دو کاغـەزی بـاوکی منـاڵان هـاتبوو کـە وا ئەچـێتە لای دکتـۆر لـە لەنـدەن زۆر لەمـەراقیا بـوم داناشمـان لەگـەڵ خۆمـان هێنایـەوە لـە ڕێگـا ئۆتۆمبیلەکـەمان خلیـسکاو وەرگـەراین چـونکە هەمووڵەشـێت بۆنابووین.

## ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٥:

هـه‌ر لـه‌ خۆمانـه‌وه‌ دڵمـان خـۆش بـوو گوایـا اشـرف مـروان كاغه‌زی شه‌فه‌وی بردوه‌ بۆ شاهو بۆ ملك فیصل واحمد حسن بكر به‌ڵكو باسی ئێمه‌ی تیابێ .

## ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٥:

یه‌كه‌م اجتماعی ایران – عێراق له‌سه‌ر ئاستی وه‌زه‌رای خارجیه‌ ئه‌نجام درا + اسرائیل ئه‌ڵێ وه‌فدی كوردی تیایه‌ یاخوا وابێ به‌ڵام ئێمه‌و كاك كه‌مال وره‌مان ڕوخاوه‌و ڕوناكی له‌ دڵمانا نیه‌ ڕۆژ پاش ڕۆژ زیاتر ده‌ڕوخاین، ده‌ی خوا نه‌بێ و نه‌قه‌ومێ خوا نه‌كرده‌ گه‌ر بوو وه‌كوو هیچ جارێك نیه‌ قوڕی ڕه‌ش و خه‌ستمان بۆ ئه‌گیرێته‌وه‌ تیا ئه‌چه‌قێین ده‌رهێنانه‌وه‌مان نابێت ئیتر خوا ڕه‌حم كات...

## ١٩٧٥/٣/١٧ :

خۆزگه‌مان به‌ خۆیان له‌م شارانه‌ی ئێران خۆ حازر كردنه‌ شت كڕینه‌ بازاڕ به‌ر ناكه‌وێت بۆ ئه‌م جه‌ژنه‌یان ماڵه‌ ده‌وڵه‌مه‌ند هه‌تا په‌رده‌و ناو ماڵ ئه‌گۆڕن ئێمه‌ش كۆست كه‌وتوو بێ هیوا نازانم خوا چی له‌ چاره‌ نوسین و دوا ڕۆژێكی چۆن ها له‌ پێشمانه‌وه‌؟! چاو پڕ فرمێسك و دڵته‌نگ هه‌موو مێردوڕۆڵه‌مان ئه‌چنه‌ شه‌ڕه‌وه‌ ئه‌م شه‌ڕه‌ی كه‌ به‌ته‌مایه‌ كلۆكۆمان دا مرنێت شه‌ڕی مان و نه‌مانه‌ قه‌ت

دەرەقەتی هێرشی ئەو نایەین و بەرگەی ناگرین بەچ چەکێکمانەوە کورمان نامێنێت لە کۆڕی شەڕا توانا ئەڕواتەوە بۆ ئەو دیو بۆ هێزی زمناکۆ هەموو تەوێڵەو بیارەو هەڵەبجەو دێهاتی دەورو بەریان چوڵ ئەکری پێشمەرگەی تێ ئەچێت بۆ شەڕو بەرگری، توانا وتی: چیم لە ژورەکەمایە ئەی نێرمەوە بۆتان تا دوا هەناسەم شەڕ ئەکەم کاک کەمال یەکەم سەنگەر من دووهەمم.

## ١٩٧٥/٣/١٧

کاغەزێکی باوکی منالانم لە لەندەنەوە بۆهات، هەر نازانین چی نوسیوە دیارە زۆر ئاگاداری وەزعەو دڵ تەنگو بێ تاقەتو دڵ ناخۆشە، ئەی وت: لەلەندەن ئینشا الله هەواڵی خۆش وەردەگرمو بە دڵێکی خۆش ئەگەڕێمەوە بەلام لە ئێمە خراپ ترو بێ هیوا تر بوو لە کاغەزەکەدا و ترساش بوو کە شاه ئێمەی کورد لە ئێران دەرکات و بەگورگان خواردومان دا، هەرچەند لەش لەرزینو دڵ لەرزینو دەم وشکیو بێ خەویو راچڵەکینەکەم کەبە دکتۆرە ناسك ئەڵێم، ئەڵێت هەر حەبی ڤالیۆم بخۆ، ئای چیمان بەسەر هات ئای شاه چۆن پشتت بەرەلا کردینو دەستت برین هەر رۆژت یەت بۆ کوێ ئەچیت بۆ چۆڕێ ئاوو کوتێ عەرز بۆ وات بەکورد کرد؟ ئای لەم گلپەیە وەرە میردمانو کوڕمانو برامان ئەکەونە ئەوگڕو کڵپەیە ئەم بەهارە خوایە چی بکەین وەرە بمێنە ئای چاوەکانم وەختە تاریك بێ ناوی خۆمم بیر چۆتەوە لەهەموو سەرلوتکەی شاخەکان

ئاگرکراوەتەوە منالآن تایە یان بردوە خۆ نازانن جەژنی کوردە ئەوان بەهی ئێرانی ئەزانن دلّیان خۆشە کەبەرەو پیری رۆژانی خۆشی ئەچن نازانن هەموو کورد بەرەو پیری نەمان و قڕان و زریان و کارەسات کلّوکۆ دامردن دەڕوا، منالّی نازانێت گەرپێ ی نەلّێیت کێ ئەوێرێ ناوی کورد بێنێت زمانی لەبنا ئەبڕن، هانیان ئەدا زیاتر بۆ ئێرانی بکەن هەموو چاویان بەستراوەتەوە درەگیان دراوەتێ رەگەزی خۆیانیان لەبیر براوەتەوە، زۆر هانیان ئەدا بۆچونە سەرشێخ و موریدو دەروێش و حکایەت و قاوە خانە، هەر بەمانەوە خەریکیان ئەکا کە بیر لە کوردو کوردایەتی و وەتەن و شتی وانەکەنەوە. لەلایەکی ترەوە هەربەباس و حکایەتی دێوو درنج و خورافیات و ئەوشتانە گوێ و ئەقلّیان پڕ پڕ بووە، ئیتر دنیای تازەو خوێندەواری و عیلم هەر هیچ هەتا لە تەلەفزیۆنیشا هەر ئەو باسانەیان بۆدەکرا بۆ ئەوەی هەرگیز بیر لەهیچی ترو پیلانەکانی شاهو پۆخلّەواتی نەکەنەوە.

**۱۹۷۵/۳/۱۸ چوارشەممە:**

لەبەر تەلەفزیۆنی کرماشان دانیشتوم عالەم لەمالّی خۆیا سەیر ئەکا کەس بەدەرەوە نییە ئاگر دەرئەخا و باسی چوار شەممە سوری، ئەمە یانی نزیک ترین چوارشەممە بەنەورۆز کە چهارشەنبە سوری پێ ئەلّێن: بە فارسی. لەم رۆژەدا ئاگر ئەکرێتەوە وەباسی خاشوک زەنی ئەکاو باسی قەزا (چێشت) ئەکا کە نەوعە چێشتێك

هەیە لەم ڕۆژەدا لێ ئەنرێ وەکو چۆن ئێمە سەمەنی مان هەیە ئەڵێت مهمان هەرچی یەت ئەبێت لەم قەزایە بخوات، هەقە ئێمەش سەمەنی بکەین بە عادەتێکی تەواو بۆ نەورۆز هەرچی هات بیخوات دیارە لەکۆنا وابووە.

ئێستا دومبەلە (یانی مسلسەی) تەڵخ و شیرین یانی تاڵو شیرین پیشان ئەدا زۆر زۆر خۆشە فارسییە لە سێ هەم هەڵقەدایە. لێرە لە نەورۆز هەرباسی ئاگرو ئاگرکردنەوە پیشان ئەدا و باسی ئاگر کەیەکەم جار چۆن کراوەتەوەو بینراوەو دۆزراوەتەوە دیارە ئاگر پەرست بوون ئاگر هەموو شتێکە لە نەورۆزدا ئێستا سەعات ٩:٤٥ شەوە مەراسیمی چهارشنبە سوری پیشان ئەدا ئاخر چوارشمە سوری ئاگر ئەکرێتەوە لە ڕۆژەکانی ترنا.

شارێکی ئێران پیشان ئەدا خەڵکی بەجلی تنکریەوە هەڵئەپەڕن بە دەهۆڵو زوڕنا، لەلایەکی ترەوە خەڵکی پیشان ئەدا کەدارو چیلکە لەدەشتو دەر کۆئەکەنەوە بۆ ئاگرەکە لەم چوارشەممەیەدا واپیاوێك ئەبینم جلی تنکری لەبەرایە شتێکی بەدەستەوەیە وەکو حەلقەیە وایە زنجیری پێوەیە نەوعە شیعرو قسەی سەیر ئەڵێ و لە دەرگایە ئەدا. هەروا خانویەکی پیشان ئەدا چەند ئاگری تیا کراوەتەوە خەڵکی باز بەسەر ئاگرەکەدا ئەداو مخسودی خۆی ئەڵێ، لەوانە ژنێك هاوار ئەکا ئەی ئاتش چە گەرمی دڵی همسرم وا گەرم بێ، وا ژنێك ئەبینم قاپێکی زۆر گەورەی نقێم داری پڕ لە ئاجیل هەنجیرە وشکەو نوقڵو شیرینی تر داناوە کە پێی ئەڵێن ئاجیلی چهار شنبە سوری، ژنێکی تربیخواو بیکاتە

ئاگری مەقەڵیەوەو شتێك ئەخوێنێ، ئاگرەکە کە کراوەتەوە بازی بەسەرا ئەدەن... لەلایەکی ترەوە پیرە ژنێك خەنەی لەسەر بەری دەستی گرتۆتەوە ئەیدا لەناو چەوانی کچێکی هەرزەکار بۆ بەخت، لەلایەکی ترەوە هێلکە رەنگاو رەنگو خەت خەت کراوە، پیرەژنێکی تر ئەبینم نێرگەلە ئەکێشێت و مەنجەڵێکی بن رەشی لەبەر دەمایە خێرا خێرا رەشیەکە ئەرنێت و ئەیدا بەپیاوی ماڵو لەسەر هێلکە بەو رەشیە رەسم ئەکات و شت دائەکوتێ بەسەر هێلکەکەدا بەرەشی مەنجەڵەکە، هەر نوقتەیە ناوی یەکێ لەخەڵکی ماڵەکە ئەڵێتو ئەی خاتە سەر ئاگرەکەو ئەی برژێنێت، یەکێ شەربەیەکی هێناو ناوی خێزانەکەی نوسی و خستیە ناو شربەکەوەو بەدەوری سەری خێزانەکەدا گێرای یەکێکی نەباڵق لەسەربان فرێی دایە خوارێ، وتی نەگبەتی بڕواو خۆشی بێت، ژنێکم دی لە کۆڵانێکا چەند بەردی هاویشت و گوێی گرت وەکو شەماڵە، ژنێکی تر سەتڵێکی پڕ خۆڵە مێشی هێناو کچان لەدەوری کۆبونەوە یەکی ملوانکەیەکیان فرێ دایە ناو خۆڵەمێشەکە بۆ مەخسود هەمو ئەم کارانە ژنو پیاوی لێ زانی خۆی هەیە، لەلایەکی ترەوە چۆن لای ئێمە حەوت ماڵەیان حەوت ماڵی محمد ناو ئەکەن بۆ سواڵ ژنێك سەری خۆی داپۆشیوە و بێ قسە سواڵ ئەکا خەڵکی لەوێ شیرینی بۆتێ ئەکەن لای ئێمە پارە بوو جاران، کە ئێستا نەماوە.

شتێکی تر جەماعەتێك دانیشتون حەوت کچی نەباڵق، پیرە ژنێك چەند چنگ ئارد لەنیەتی رەدی قەزاو بەلائەکات بەهەویر کچان یەکی گونکێك ئەگرن لێی یەکێکی تر ئەیکاتەوە یەکی بەقەی ناوساجیە ئینجا هەندێ لەو هەویرە ئەکا بە هەرشتە و هەنێکی بە

شـكلی تـەیرو ئینـسانو شـتی وا ئینجـا لەگـەڵ نەوعـە سـەوزەیە تێکەڵی ئەکا و لـێی ئەنێ ئەڵێ هەرچی ئەمسالْ ئەو سەوزەیە بخوا سالێکی تەواو نەخۆش ناکەوێ.

۱۹-۲۰/۳/۱۹۷۵

ئێستا شەشی ئێوارەیە لەرادیۆدا بەغدا قسەیەکی کرد وتی: لە مەکتەبی سیاسی جێبی عەمیلەوە بەرقییە یەك هاتووە بۆ فیرقەی هەشت کەزەرەر زۆر لەهەموان کەوتوە بارێکەوین هەموو حەپەساین بڵێی ڕاست بێ وایە وانیە ڕاستە درۆیە؟

هەرلـەپاش نیـو سـەعات ٦,٥ ئیـسرائیل وتـی: ئیـستگەی کوردستان وتویەتی: وەفدی عێراقیو کوردی لـە مەعەسـکەرێکی سـەر سـنوور مفاوەزەیـان کـردووە، لەپاشـا وتـی: عێـراق ڕەفـزی کردووە، منو لیزە ئیشو کارمان پێ ناکرێت هەربوین بە موعەلیقی سیاسی وا ئەبێت وانابێت، ئەم یادانە هێند دڵتەزێنە هێند دڵتەزێنە هەموو ڕۆژێك حەوتجار ئەچینە شەرای مەرگو نامرین خوایە چی ترمان لەپێشەوەیە.

۱۹۷۵/۳/۲۱

ئـەمڕۆ نـەورۆزی ڕەشـە ئاگرمـان کـوژاوە کۆترەکانمـان باڵیـان شکاوە هان لەمردنا وا ئـەڕۆین بـەرەو کرماشـان بەپیر باوکیانـەوە کـە سەفەرەکەی بڕیو هاتۆتەوە بێ تـەداوی وشت بۆ دوارۆژێکی دیاری

نـەکراو، بـەدڵێکی تـەنگ‌و چـاوێکی پـڕ فرمێـسك‌و هەسـت بەلـێ‌قەوماوی‌و دەس بڕاوی‌و بێ هیواو دڵشکاوی ئەکا، کرماشان لـە ئوتێل کـەدیم کـە بۆ چاك بونـەوە چـوو بـوو خـراپتر بوبوو رەنـگ هـەڵبزڕکاو قسەی بۆنەئـەکرا کـە ئێمـەی دی نـەی ئـەزانی بڵـێ چـی دانـای لـەتاران جێ هێشتبوو نازانێت چی لـێ دێ؟ بۆ کوێ ئـەڕوا؟ ئـەی وت: لـەتاران چـی کـوردێکی لـی بـوو روخـابوو هـەر ئـەی وت: شاه بۆ دەستت بڕین لەبنا؟ زانا چووە بازاڕ لەکرماشان بەشڵەژاوی هاتـەوە وتـی: رەفیقێکم دی وتـی: هەرەسـە چەك دانانـە لـێ قەومانـە هـەی هـاوار ئـەمجارە بچین بۆکوێ؟ سـەر بـە کوێ‌دا بکـەین بچینـەوە ژێر دەست دوژمنێکی ترمـان ئیتر بـەرەو پـاوە رۆیـشتین لەڕەوانسەر لەچایخانەی فەرەج دانیشتین پشوبدەین لـەولاوە دکتۆرێك بـەجێبێك لـە ئەنزلـەوە هـاتبۆوە کـە چـوو بـوو بـۆ ئۆردوگـای ئـەنزل سـەر لەنەخۆش بدات وتـی: هەرەسـە... ئیتر ئەوەنـدەی تـر مردنـی خۆمـان دی هـیچ گـەلێك هەیـە هـەرەس بەشۆڕشـێکی وا زڵی پـێ بێـت ئێمـە نەبێ، خەم هەیە لەمە گەورەتر؟ کە گەڕاینـەوە لەماڵـەوە لویزەم چۆن دی کـە تـامردن بیرم ناچێتەوە هـەروا پیـاو دەسـت لەکەلەکـە و چـاو سـورو بـێ هـۆش‌و بـێ قسە ئـەوە روخانـدنی میللەتێکـە بەتـەواوی میللـەتی کـورد هـی هەرچـوار کەرتەکـە کـە بینـای هیوایـان لەسـەر کرابوو بۆ گشت، هـەموو لەئێمـە روخـاو تـر بـوون دوا رۆژی هـەموو کوردێك بووە. خۆتـالان کردنـی فرۆشـگاکان‌و فـڕان فـڕان‌و مـاڵ تـالان کـردن‌و چەك لەبەر باران فڕێ دراوو شپرزەیی‌و هـەموو پیـاو هەربـە دەوری خۆیـا ئەسوڕایەوە وەك سـەرخۆش کـەس نـەی ئـەزانی بـەرەو کوێ بڕوا رو لەکوێ کا.

## ١٩٧٤/٣/٢٤

گه‌ڕاینه‌وه به‌ره‌و سلێمانی كه تامردن كزه‌ی به‌جێ‌مانی خوشكم به‌چوار منالّی ورده‌وه به‌ته‌نها له‌وخانووه دا له‌یاد ده‌رناچێ مه‌گه‌ر له‌گۆڕا هه‌ر ئه‌گریا خوشكێ بۆ خوا له‌م غه‌ریبییه به‌ته‌نها جێم مه‌یه‌لّه منیش ئه‌گریام و له‌خۆم ئه‌دا چی بكه‌م پیاوه‌كه‌م ئه‌ڕواته‌وه ئه‌لّێ یه‌ك ده‌قیقه له‌خاكی شای نامه‌ردا نامێنم ئه‌ی وت: ئه‌ی من چی بكه‌م وا مێرده‌كه‌م ئه‌چێته شه‌ڕه‌وه ئای له‌و رۆژه سامناكه، نابێ تا تاقه كوردێك مابێ له‌یادی كا، كه‌ئه‌م شایه نامه‌رده چی پێ كردین!! ئه‌و رۆژه تاریكه شه‌وه زه‌نگه بۆ كورد چۆن هاته‌كایه‌وه؟ خه‌لّقی ئێرانیش له‌هه‌لّپه‌ركێ و جه‌ژنی نه‌ورۆزدا بوون شا سه‌د سالّ چوبوه سه‌ر عومری كه ئه‌مان دی له ته‌له‌فزیۆنا به‌خۆشی سه‌ركه‌وتنه‌كه‌ی شا بانوو پرسیار یان لی كرد له‌دنیادا حه‌زله‌چی ناكه‌ی وتی: هه‌ر له‌په‌نا هه‌نده‌گی، ئێمه‌ش به‌جارێ هاوارمان كرد خوا گه‌وره‌یه تۆش ژینت له‌په‌نا هه‌نده‌گی به‌ریته سه‌ر تا ماوی... ئیتر هه‌ر خه‌لّك بوو دوعای له‌شاه ئه‌كرد كه‌به‌ری ئه‌م زولّمه زله له میلله‌تێك نه‌ی خوات، كه خۆت به‌سه‌ركه‌وتنی ئه‌زانی هه‌رهه‌مان رۆژ ١٩٧٤/٣/٢٤ گه‌یشتینه هه‌لّه‌بجه‌ی وێران كه بۆردومانی كردبوو شه‌وله‌وێ بوین سبحه‌ینێ ٣/٢٥ گه‌یشتینه سلێمانی زه‌لمیش پرد روخاو خه‌لّكی به‌تراكتۆر ناومالّ و شتی ئه‌په‌ڕانده‌وه، ئیتر وێنه‌كێشانی ئه‌وحالّه حالّه به‌م دوو وشه‌یه ته‌واو ناكرێت كه چیمان به‌سه‌رهات ئای دلّه چۆن نه‌پچڕای!! هه‌روا داخی ئه‌و حه‌فتاو دوو هونه‌رمه‌نده كه هاتبوون ئه‌گه‌ڕان به‌شارا ناو چون ته‌واویان نه‌كرد په‌رته‌وازه بوون له‌پاش ده رۆژ له‌سلێمانی له‌مالّه

خزم چوینە ماڵەکەی خۆمان ماڵی چی هەربۆن میز کاسی ئەکردیت هەشت ماڵە جاش بەرەوەیە مناڵەوە کەلەسەرەوە میزیان هەڵئەدا، خەڵکی بەکرەجۆ بوون حاجی رەسوڵی موتەسەریف دابونیە، ماڵیش دەرزیەکی تیا نەمابوو زۆر لەخزمو بێگانە لەگەڕانەوەمانا خزمەتیان ئەکردینو دڵنەواییان دەکردین، زۆریشیان نەیان ئەوێرا بێن بۆلامان ناومان لێ نرا (عائدون) ئەهاتنە لای عائدون هەتا بەشەوی تاریکیش نەیان ئەوێراو ئاوڕیان لێ نەئەدایەنەوە، تەنانەت هاوڕێی گیانی بەگیانیو دۆستی نزیکمان هەبون خۆیان لێ شاردینەوە، ئەوەش سوێ یەك بوو بیر ناچێتەوە، خۆ ئێمە جەریمەمان نەکردبوو ئاگری کوردایەتی هەڵی گرتین کەبەسەر کەوتویی بهاتینایەوە بەشانازیەوە ئەهاتنە لامان بەداخەوە بۆ هەندێك تا ئەمڕۆ کە ١٩٧٥/٤/١٣ موتەسەریف حەوت لۆری ناو ماڵی تالانی، ڕەوانەی بەغدا کردووە بۆ فرۆشتن ئەوە مدیری ئەمنو مدیری مونەزەمەو رەئیسی صحە ئەوە دیارە زۆر زیاتر ئەمڕۆ ٤/٢٤ یادی شەهیدانی قەسفی قەڵادزەیە کەساڵێکی بەسەرا تێپەڕیوە تەلەبەی جامعە بەجلی ڕەشەوە دڵتەنگ و خەفەت باری هاوڕێکانیانن!.

## ١٩٧٥/٤/٢٤

ماڵی کەمال تەها کۆنە قایمقامو عارف تەها کۆنە نائیب محافیزمان بانگکرد بوو بۆ قاوەڵتی هیچمان نەبوو لەسەر عەرز بەتانیمان بۆ راخستن. باسی روخاوی خۆمانو ئەوان ناکرێت

ئەوانیش ماڵیان تالآن کرابوو بێ ناومالْ سەرلێ شێواو، ئای لەم ڕۆژە ڕەشە چاو سوور کەرەوەمان نەما ئەترسم سەرۆك لەم داخە زلە توشی شتێ ببێ خوا ئەوە نەکا، ئەمە حاڵی دڵسۆزانە نا دڵسۆزیش بەجلی سەوزو سورەوە لەسەیرانن ئێمەش هەموو جلمان تۆخ یان رەش.

١٩٧٥/٤/٢٨

ئەمڕۆ ٣٨ شەهیدی خنکێنراوو چاو هەڵکوڵراو هێنرانەوە، هەر دڵسۆزێك ئەبینیت ئەلێی لە قەبر هاتۆتە دەرێ، ئەوانیش واتە: چڵکاو خۆرو نادڵسۆزەکان لە بەکرەجۆو بەختیاری سەر چنارن!! با دوژمن بتەقێ کورد وەك گیاکەڵە وایە لەسەرەوە ئەیبڕن لە ژێرەوە سەوز ئەبێتەوە بەپشتی خوا هێندەمان نەماوە سەر لەنوێ خۆکەون. موتەسەریف بەرقیەی بۆ بەغدا لێ داوە کە حاکم موستەفا خەتەرە دوری خەنەوە، لەترسی ئەوەی ناو ماڵەکەمان کە بردویانە نەبینرێ ئیتر ئەمری نەقلی هات ئەبێت لە حەفتەیەکدا بڕوات بۆ رومادی، ئەمڕۆ ١٩٧٥/٦/٩ دووشەمەیە وا ئەڕوات و هاوڕێیەکی دڵسۆز بەرقیەکەی بۆ هێناو تا ئێستا ماوە.

١٩٧٥/٦/١٠

کاك حاجی رەسوڵی موتەسەریف تەلەفۆنی کرد من هەڵم گرت فەرموی: چەند سنوقی تەختە دە بەرمیلی نەوتو چەندەها شیشی

بەلوعە لەماڵی ئێوەیە وا لۆری ئەنێرم باباریان بکەن. دیارە هی تالانی دوکانان بووە ئیتر لۆری هات بردنی.

١٩٧٥/٧/١٧

لەقەرەجاوا چەند نەخۆشێکی کولێرا هەیە ئەڵێن: لەکارێزەکەدا سەگ تۆپیوە نەیان زانیوە ئاوەکەیان خواردۆتەوە خەفەت لەسەر خەفەت. ئاوو کارەبا نیە.

١٩٧٥/٨/٣١

یەك شەمەیە لە هۆڵەکە دانیشتبووم چاوم لێیە لتفیە خانی ژنی ئیسماعیل عارف لەئێران هاتۆتەوە بە پیکابێکی شڕکەو پڕکەوە ماڵەکەیان بەرامبەرمانە موتەسەریف خزمێکی خۆی تێ خستووە، کەناو ماڵەکانمانی هەنێ لەموتەسەریف کڕیوەتەوە، ژنەکەی ناوی قومریە یە، لوتفیە خان ئەپاڕێتەوە لێ ی تەنها ژوورێکم لەماڵەکەی خۆم بەرێ تیا بژیم ئەویش نایداتێ ئای لەکوردایەتی، وا ئەپاڕێتەوە کچێ بۆخوا خانوی خۆمە تەنها ژوورێك لە ئێرانەوە هاتومەتەوە، هیلاکم هەر نایەڵێ، گرەی گەرماو ئارەق کردنەوە حەشرم پێ ئەکا موازەنەم تێك چووە، خۆ سەریەشە لەوەدانیە لەرزین و بێ هێزی هەر مەپرسە! دانام دوای هەرەس گەیشتبووە لوبنان تەلەفۆنیان بۆکرد هاتەوە هەر گەیشتە بەغدا گیرا خرایە حەپسخانە.

١٩٧٥/٣

باسی دەست بەردانەکەی شاە کە هەرەسی بە شۆڕشەکەمان هێنا، کەتا سەد ساڵی تر لەتەمەنی کورد سوێ و پاشە لەقەکانی هەر ئەمێنێت و زامەکانی ئەکولێتەوە شاە محمد ڕەزای پەهلەوی شای ئێران کەلەدوای باوکی زاڵم و زۆرداری ڕەزا شای پەهلەوی لەساڵی ١٩٢٥-١٩٤١ حوکمی ئێرانی کرد بە ئاگرو ئاسن هەروا حەمەڕزای کوڕیشی ١٩٤١-١٩٧٩ لەباوکی زاڵمتر حەمە ڕەزا شا دوای باوکی هاتە سەر حوکم...

ڕۆڵەی ڕۆڵەم تازە نەونەمام و خونچەی پشکوتوو، سەرگوروشتەیەکی ڕاستە قینەتان بۆ ئەگێڕمەوە کەلەسەردەمی لاوی منا ڕوی دا، هەتا ماوم ئەو ڕوداوە دڵتەزێنە قڕ بەکورد هێنانە فەرامۆش نابێ لە دڵما و لەدڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزا کەهەرچی ناوێکی لێ بنێی و هەرچی پێی بڵێی هێشتا کەمە! بڵێ: شای دەست بڕو بێ بار هێشتا زۆر زۆر کەمە، هەبوو نەبوو تازە زوحاکێ بوو، ئەژدەهاکێ بوو، بێ پەیمانێ بوو، دڕندەو جانەوەرێ بوو، دکتاتۆرێ بوو، خۆپەرستێ بوو، کورسی پەرستێ بوو، مەغرور و چاونەترسێ بوو، بێ وەعدو پەیمانێ بوو، بێ باکێ بوو، لەخوا نەترسێ بوو وێنەی لەجیهاندا بەدەگمەن بوو، ئەم کابرا بەدەگمەنە لەدنیادا، شای ئێران بوو، شا لە زۆرشتا لەسەدام خراپتر بوو بەڵام (صەدام) ئەوە بوو ئەوەی لەگەڵیا بوایە بەگورگان خوار دوی نەئەدا، وەلێ هەردوو جاشی مارکەرێك بوون، ئەم شایە بێ خەبەر لەدوا ڕۆژی زاڵمان، مێژوو نەزان لە پاشەڕۆژی زاڵمان نەزان بێ خەبەر

لەسەر گروشتەی زوحاکی کۆن کەبەدەست کاوەی ئاسنگەرەوە چی بەسەرهات! بەڵێ: ڕۆژێ لەڕۆژان لێمان قەوما دەس بڕاو بوین پاش گەز لە عەهدو پەیمان لێ کراوبوین، لێقەوماوو دەسە پاچەو بێ دەرەتان و دەس بڕاو، دوژمن پاش گەز بۆوە لەو پەیمانەی بۆمانی مۆرکردبوو، چوینە دەرگەی هاوارمان لێ کرد لێقەوماوین زوڵم لێکراوین ڕۆڵە کوژراوین پەیمانێك پێمان درا دوژمنەکەمان پاش گەز بووەوە لێی! درۆی لەتەکمانا کرد، دەستی بڕین... ئەمرۆ ڕۆژی پیاوانە ڕۆژی مەردانە ڕۆژی گەورەی بەویژدانە، سنگی دەرپەڕاند، وتی: منم باوکی هەموتان پشی پشی بۆکردین پێی وتین: فەرموو لەچ دەترسن؟ دەرگای والا کردەوە کردنیە ئەودیو دەرگاو دەرگای لەسەر داخستین، خستینیە ژێر چنگی خۆیەوەو کردنیە بارمتە لای خۆی، ئێمەش خافڵ و خەوتوو، پێی وتم: ڕێگە بۆت فراوانە، مادەم گرتت ئەم دەرگانە تەئمین بە ژیانی خۆتو ئەو وردەلانە ژیان تەئمین بۆ هەموان، هانێ جێگا، هانێ بان، هانێ خواردنو نان، هانێ پێ خەف و چەكو دراوان، سنگی دەرپەڕان، منم باوکی هەموان، گەورەی هەژارانو بێ دەرەتانان، وازناهێنم دەس بەرنادەم لێتان، تاکو نەی سەنن مافی ڕەوای خۆتان، بۆ خۆشی ژیان، ئەمەیە ئەجر کەخوا دای پێمان، ئێمەیش دەستەو دوعا دەك خوابت هێڵێ بۆکوردان، داڵدەدەری بەویژدان، کەسی بێ کەسانو لێ قەوماوان! تاچەن مانگێ دڵخۆش بووم، لەخەمو زۆرداری پێشوو فەرامۆش بووم بێ باك بووم، پشت بەهێزو لەخۆگیراو، خێزان کۆ بووم هەر لەبەر خۆمەوە ئەموت گەر شای

بەویژدان نەبوایە روم كردایە چ لایە؟ ئەی گەورەمان باوكی كوردان، خەریكە دڵم پاك بێتەوە لەگەڵتان، پاشی لەسێدارەدانی قازی سەرۆكمان، ئەو زوڵمە زلەی كردت لێمان، ڕۆژێ لە ڕۆژان پاش تەنها یەك ساڵان خەباتمان ئەكرد بەدڵو بەگیان، بێ ترس و لێكدان، بەرامبەر دوژمن شەڕمان ئەكرد، بەو چەكە كەمەی هەمان بوو بەو پەڕی ئیمان بەرامبەر دوژمن راوەستام، تفەنگە شڕێك بەرامبەر تۆپی قورس و دەبابە، ڕۆڵەی خوێن گەرمی پێشمەرگە نیوەی بوو، هەركۆڵنەدرا ڕۆژێ لە پڕ چرپا چرپا پەیا بوو لەناو قەوم و خۆێش، چریكە هەستا دەستی پێ كرد فرمێسك و ئێش زامی چەند ساڵەی لێمان كراوە كولاوە، لە كوشتن و ئیعدام و دێ و ماڵ روخان و تالان، سێدارە هەڵخستن دەست و قاچ بڕین، نینۆك دەرهانین چاو هەڵكۆڵین ڕەزیل و رسوا كردن، خوێنەواری و بەرگ و زمانمان قەدەغە كراو، ماف لێ سەنراو بێ جێگە ماو، گشت دەركراو چی قەوماوە چی ڕوی داوە؟ وتیان: كاكە بابڕۆینەوە بەرەو لای دوژمن بۆ ژێر چنگی بەعس، ئەمیش دەستی بڕین لەهەموو پەیمانێك كە پێی دابوین پاش گەزبوەوە پشتی شكانین وەك هەمان دوژمن...!

ئەوەی دیمان و پێمان كراو لێمان كرا نەی بینینەوە چاومان تاریك، بێ هیوا دڵشكاو مل كەچ كەرامەت شكاو، لێ قەوماو هاواریان ئەكرد چیتان كرد خوێنی شەهیدانتان دابەزایە، خۆتان دایە پەنا دوژمنی ناسراو، كەوتینە بەینی دوو ئاگری گەشەوە لیرە بمێننەوە ژێر دەستی ئەم زاڵمە یا بەرەو ئەو ئاگرە سورە بڕۆمەوە

دوژمن بەیەک، گەورەو بچوک فری ئەداتە ناوی، برینی ساڵەهای ساڵم کولاوە هیوا و خۆشیم ڕەوایەوە.

کاتێ کە گەڕاینەوە هاتینەوە بۆ بەردەست دوژمنە هەرە گەڕەکەی پێشوو دانی لێ گیر کردینەوە وتی: ئۆخەی هاتنەوە ژێر چنگم، داوای ماف ئەکەی دەبخۆ دەی!؟ لەو هەموو مافە زیاتر چیتان ئەوێ ئۆخەی وەرنە پێشەوە بۆ ئیعدام بۆ تەعریب بۆ کیمیاوی بۆ زیندان بۆ ئەماکن موحەرەمە بۆ دێهات وێران کردنو (قریە عەصریە) دروست کردن بۆ قڕان بۆ قەدغەی کشتوکاڵ زەرع کردن و قڕانکردنی چی سەرەوەتو ماڵو ناو ماڵو ئاژەڵتان هەیە ئۆخەی ئەمەیە ڕۆژی من (واللە) ئەبێ کارێکتان پێ بکەم با بەدەواری شڕی نەکردبێ قەت خۆتان نەگرنەوە کاتی لەژێر دەستی شای زوحاکا بوین چونکە هەمیشە ترسی دەست لی بەردانیمان هەبوو لێمان لەبەرخۆمەوە ئەم چەند وشەیەی کە ڕێکم خستبوو ئەم وتەوە:

دەستم دامێنت دەخیلتم ڕۆژگار  
جەور نەنوێنی دڵخۆش کەی بەدکار  
دوژمنم زۆرە پێمی خۆش نەکەی  
دوژمنەکانم بکە شەرمەزار

لەگەڵ ئەوەشدا کە پێی کردین، لەپاش هەرەس و پاشە لەقەکانی بەڵام ورەمان هەر بەرز بووە ئیمانمان بەدڵسۆزان هەرپتەو بووە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان جارێکی تر و سەر لەنوێ تی هەڵ

ئه‌چینه‌وه‌و شۆڕش ئه‌كه‌ین به‌پشتی ئه‌وان. دوژمن وتی: ئۆخه‌ی به‌كزی‌و مل كه‌چی هاتیه‌وه ژێر ده‌ستم، شاهی په‌نادەر دایه ده‌ستم گشت مه‌به‌ستم، ئه‌منیش ئێستا ده‌ڵێم: ئۆخه‌ی زاڵم تۆش له‌پاش سێ ساڵ ته‌نها سێ ساڵ دوای هه‌ره‌سه‌كه وه‌كو په‌یمان شكان به‌شه‌ق به‌پاڵ، وه‌ك گشت زاڵمان به‌زۆر به‌زۆر ده‌ركرای له‌ماڵ، زاڵمی زۆردار خوا زۆر زوو هه‌قی دایه ده‌ستمان، هه‌موو گه‌ل دژی هه‌ستان چۆن به‌ملی كه‌چ ده‌رمت كرد له‌ماڵ، ئاوا تۆش به‌قونی به‌تاڵ كه‌چه‌ن بێ خه‌م‌و خه‌یاڵ بووی به‌سوكێتی ده‌ركرای به‌ڕسوایی ده‌ركرای له‌ماڵ، ئه‌مه په‌نده بۆ زاڵمان بۆ خوێن مژان گه‌ل نامرێ خه‌بات ئه‌كا تامافی ره‌وای ئه‌سه‌نێ هه‌ق ئه‌ژی‌و ئه‌درێته ده‌سمان. بژی هه‌ق بژی دادی ئاسمان.

## حه‌مه‌ره‌زا شا له‌نێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٧٩

رۆژی ١٩٧٩/٢/٢٠ به ته‌یاره‌كه‌ی خۆی، خێزان‌و ماڵ‌و مناڵی، تاقم‌و حه‌ره‌س‌و خزمه‌ت كاره‌كانی تا وڵاتی مه‌غریب بردیان و دایان نان‌و هه‌موو ته‌یاره‌و تاقم‌و حه‌ره‌س‌و خزمه‌ت كار گه‌ڕانه‌وه بۆ ئێران له مه‌غریب ئه‌وانیان جێ هێشت، ته‌صریحی داوه له مه‌غریب زۆر خه‌مباره، ده‌بخۆ ده‌ی ئێمه‌ش وا خه‌مبار و روخاو بوین.

**رادیۆی مونت كارلۆ ئه‌ڵێ: له مه‌غریب له‌ژێر مراقه‌به‌یه‌كی زۆر به‌قوه‌تایه**

ئەی شای ستەمکارو بێ وادەوپەیمان! وات زانی هەزار زوڵم بکەی چاوی گەل هەڵکۆڵی لەچینی دیوارا هەڵیان چنیت تاوەی رۆنی قرچاو بکەی بەسەریا لەپاش ئەوەی سەری تاشراوە و بەهەویر دەوری سەری گیراوە رۆنەکەی تێکەی هەزاران تەعزیبی وا مەگەر سەدام کردبێتی لەدنیادا ئەگینا لەهیچ شوێنێکی نەبووە و روی نەداوە، کوا کاخەکانتو کورسیە زێرینەکانتو تاجو موجەوهەراتەکانت دادی ئاسمان بۆمان هاتە رو سوپاس بۆتۆ خوای خاوەن داد. ئۆخەی‌ئەوەمنم شابەریسوایی ببینەوە سەرباسی وڵاتی خۆمان رژێمی بەعسی فاشست. دەبینم!! ساڵی ١٩٧٦ زوڵمو زۆر داریو کوشتنو برین دەستی پێ کرد، دێ چۆڵ کردن گەیشتۆتە ئەوپەری، خوا ئەو خوایەیە کورد وا دەسەوسان لەژێر لەقەیانا ملی کەچ بێ دەسەڵات هەر خەڵکەو لەپەناوە ئەکوژرێت کەس نازانێت کێ کوشتویەتی نیوەی عالەمی دڵسۆز لەداخا دەردەدارو سەکتەو مردنی کتوپڕ لەداخا داخ لەوەدا نیە، عالەمەکە بەرێگەدا ئەروا ئەبزرکێنێ وەکو سەرخۆش زوڵم گەیشتۆتە ئەوپەری بێ دەسەڵاتیەکە عالەمەکەی کوشتووە ناتوانێت فززە بکا ئای بۆ شێرەکانمان لەکوێن؟.

کێوانمان هەمووکرا بە سەنگەر
هێزی داگیر کەر لێی گرتووە لەنگەر
بەڵام بەعسییەکان خەیاڵیان خاوە
کورد قەت نافەوتێو هەروەك خۆی ماوە

نمونـەی کارەسـاتێك کەلـەخزمی ئـەو کەسـانەوە بیـستومە کـە ون بوون:

## قالە تەگەرانی:

ڕۆژی ۱۹۷٦/۱۲/۲۸ سـێ شـەممە چـومە لای حاجیـەکی ژن کەلە حەج هاتبوەوە باسی خوشکەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە کە ناوی حەلاوە ژنی شێخ عەولی جوانە مەرگو زیندە بەچاڵ کراو لە ساڵی ۱۹٦۳ دا لەگەڵ ۷۲ لاو زیندە بەچاڵ کراو کە چوار کوڕی مناڵو ژنێکی گەنجی لەپاش بەجێماو، بەدەست بەعسی یەکەم جار کە هەزاران تاوانی وایان کرد تەنها شەش مانگ حوکمی عێراقیان کرد.

ئەم باجی حەلاوە دوو کوڕی لەگەڵ کاکە قاڵە تەگەرانی دا ڕۆیـشتونو کـاتی دایکـی خـۆی ئـەزانێ دەنگیـان نییـە چـۆن هەڵخەڵـەتاون؟ نـازانرێ، کەئەچـێ بـۆ بەغـدا بەپرسـیار ئوتێلەکـە ئەدۆزێتـەوە کـاك قالـە ئـەبینێت لـەناو ئوتێلەکـەی سەرتاشـراو قـات لەبـەرا کەهـەرگیز هـەر جلـی کـوردی لـەبرا بـووە کاسـب کـار فـەرش فرۆش بووە چۆن لەخشتەیان بردووە کەس نازانێ ئەوە نهێنیەکە تازە مێژوو دەری ناخا هەباسی باجی حەلاو چووە لەگەڵیا هەباسی برای چووە بەشوێنیا بیهێنێتەوە ئەویشیان گرتووە نەیان هێشتووە بچێتە دەرێ لە ئوتێلەکە دایکە وەکوو شێت کەئەچێ قالە ئەبینێت ئـەڵێ هـاتوم بەشـوێن کوڕەکانمـا بیـان بەمـەوە لـەڕێی خـوادا کاسبکارم نییە بەخێومان کا ئەو دوانە کاسبکارمان بوو، ئەویش

ئەڵێ دوو سەد دینارمان داونەتێ بڕۆ بۆمان بێنەرەوە کوڕەکانت ئەدەمەوە دەس، ئەویش ئەگەڕێتەوە سلێمانی کە دوو سەد دینارەکە قەرز کاتو بیبات بۆ کاک قالە ئایە قالە ڕاستی کردوە بەدانەوەی دوو سەد دینار کوڕەکان وەرئەگرێتەوە بۆ نەگبەتی ئەو ژنە کە ئەگاتەوە سلێمانی بەشوێنیا کەوا شێخ لەتیفی شێخ مەحمود وەفاتی کردووە وەرە بۆی بلاوێنەرەوە کەباجی حەلاو دەنگ خۆش‌و شیعر زانە. تا لەتەعزێ ئەبنەوە و ئەچێتەوە بەغدا تەماشا ئەکا ئوتێل چۆڵو هۆڵ بەشەری تیا نەماوە بۆ کوێ چون؟ لەهەرکەس لەخاوەن ئوتێل لەمو لەو هیچ کەس دەنگێ لەو سرە نازانێت، بۆ کوێ و بۆچی؟ کە گوایا هەر خەڵکی سلێمانی هەزار کەس بوون کەناوی سێ سەدو پەنجا کەس تەنها هاتووە باقی قووت دراوەتەوە ناویانو رەقەمی خانوو ناونیشانیان هەر هەشت ژنی تیا بووە کەچۆن بەشوێن کوڕیانا و گل دراوەنەتەوە کاتێ لەگەڵ کوڕیان کۆبونەتەوە نەك سرێکیان دابێتە دەست دایکیان، کوڕێکی ملازم چووە بەشوێن براکەیا کوڕێکی حەرەس پێی وتووە بۆ خوا پێت ئەڵێم مەیەرە ژورێ گەر هاتی تۆیش گل ئەدرێیتەوە، ئەمە لەزۆر شارو دێهاتی کوردستان کراوە ئەم کۆمەڵە کاك قالە سەرکردەی بووە و دراونەتە دەس ئەو، ئیتر شتی تر نازانرێ ئایا چییان پێ کرا بۆ کوێ بران بۆ یەك کەلیمە نەزانرا تا ئەمڕۆ هەر تەنها وترا لەکاتی خۆیا گوایا بینراون لە پاپۆڕێکا بەرەو ئێران تەخریبیان پێ بکەن لەنیوەی ئاوەکەدا پاپۆڕەکە تەقێنراوەتەوە ئیتر هەر خوا ئەیزانی چییان لی هاتوو چۆن سەرنگون کران!.

# ساڵی (١٩٧٤) ی شووم

دەقی نوسینەکەم کەلەو ڕۆژانەی مانگی دوو سێ دا کە نوسیومە یادێکی ترسناکو سامناکو تاریک کە ڕۆژانی ڕەشو کارەساتی دڵتەزێنو قڕ هێنانی کوردی لە دوا هات کە هەتا هەتایە ئەو سوێ یانە لە دڵ دەرناچێ ئەو کاتەو پاشە لەقەکانی لە هەڵەبجەو گەرمیانو بەرزانیەکانو زیندە بەچاڵو ئیعدامی بە کۆمەڵی گەنجان لە موسڵو هەزاران کوێرایی بە چاوا هاتنو چی بڵێی لە دنیا دا نەکراوە پێمان کرا، تاڵانو بڕۆ بە هیچ شتێ لەدڵ دەرناچێت مەگەر خوا بۆمان بڕەخسێنێت، ڕۆژێ کورد هەبێت خوا هۆیە پەیدا کات بۆمان کە هێندە بکەوینە خۆشیو بەرزی ئەو سوێو داخو خەفەتە فەرامۆش بێت لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزو وەتەن پەروەر، ڕۆژێ بێت ئاڵاکە هەڵکەین بەدەستی خۆمانو بەکوێرایی چاوی دوژمن بەلام سوێی شەهید بوونی هەزار هەزاران لاوی دڵسۆزو کورد پەروەرو هەڵکەوتوو هەرگیز لە دڵ دەر ناچێت تا کوردێك مابێت.

زۆر بەکورتی باسی دوا ڕۆژەکانی و کۆتایی چوار ساڵەکەی پەیمانی یانزەی ئازار وەکوو ئەڵێن مانگە شەو سەر لە ئێوارە دیارە، لەوە ناچێت ئەم بەعسە خێر بە ناوچەوانیەوە بێ، بەوەدا لەکاتی ئاشتیو ماچو موچوو گوایا دڵخۆش کردنی کورد هەر ڕۆژەی برو بیانویەك بەکورد ئەگرێت ئەکوژێت ئەبڕێت مؤامرة لە کوردستانا ئەکا مەلا ئەتەقێنێتەوە تەقەلە موکبەکەی کاك إدریس بارزانی ئەکات پێشمەرگە شەهید ئەکا ئیتر بڵێم چی هەرچی نەشی

پێمان ئەکا، ئەمە گوایە پەیمانمان لەبەینایەو ڕێك کەوتوین، ئای لەم چاو بەستنەوەی کە دایناوە بۆ چوار ساڵ من کەنەفامێکمو هیچ لە سیاسەتو سیاسەت کاری نازانم بەڵام ئەوەندە ئەزانم یەك دەنك من بە نسبەت خۆمو دڵی خۆمەوە روناکایی نابینم داهاتوو بە تاریك ئەبینم، لە کاتێکا کەوتۆتە دارە دارەو خەریکە خۆی گرێتو چەکی بۆ هاتوەو کەمێ بەهێز بوەو دۆستی پەیا کردوە خوا بکا وەك ماری حەوت سەر پێمانەوە نەدا بۆیە ئەو چوار ساڵەشی دانا تا خۆی ئەگرێ لەوە ئەچێ خۆی گرتبێت چۆن دڵی کورد خۆش ئەکا بەخوا تا لە توانایا بێت پیچمان ئەکا ئیتر خوا رەحم کات ئەوە مارێکە هەر خۆیو حزبەکەی دەوێ کێ نەچوە سەر ڕێگەی پێوەی ئەدا، کورد ناچێتە سەر ڕێگە ئەو مەگەر کەمێ نەفس نزمو پارە پەرستو خایەنو بە خۆوە نەدیو ئەگینا هیچ کوردێکی بەشەرەف ناچێتە سەر ڕێگەی.

من شەو ڕۆژ خەفەت کوشتومی وەكو شێت بەڕێگەدا ئەڕۆم هەر ئەبزرکێنم هیچم پێ ناکرێ هەر خەریکی سیو دوی دڵی خۆمم دنیام وەکوو شەوە زەنگ یەتە بەرچاو پێکەنینم بیر چۆتەوە نازانم هەڵەم یا ڕاستم هەر ئەڵێم خوایە زوو ئەو حەفتەیە بڕوات و حەفتەیەکی تربێ.

هەر ئەڵێم خۆزگەم خەوم لێ ئەکەوت بۆ حەفتەیە ئاگام لە دنیا نەبێ ڕزگاریشم بێت لەم خەمو پەژارەیە هەمیشە وەکوو فلیمێکی سینەمایی یەتە بەرچاوم کوشتن لە کاتێکا پاش گەز بێتەوە لە پەیمانەکەی ئای ئەم بارە چەند قورسە بەکەس هەڵناگیرێ، خوایە

ڕۆژمان لێ بێتەوە لەم تاریك و شەوە زەنگە رزگارمان بێ، ئای چاوە چاو بەتەما بووین خۆشی ببینین، چەند ناخۆشە کەس بەتەمای خۆشی نیە.

مەترسی کوشتوبڕین هەمیشە هەیە، خوایە ڕەحمێك خوایە بۆچی بەختی کوردوا بێت بەو دەنکە رازیو دڵخۆش بیت لە ئەوەش بێ هیواین هەر پەنجەیەکمان هەزاری وەکوو ئەوانە یەنێ کەبێ گەڕو گێچەڵ بوون بە خاوەنی هەموو شتێك.

## هەر ١٩٧٤/٢/٢٠ شەممە

دانای کوڕم کە کوڕی گەورەمە لە چواری هندسەیە لە زانکۆی سلێمانی هاتەوە وتی: تیپەکەمان تیپی مۆسیقای زانکۆ کە خریجی تیا بوو ئۆکۆردیۆی لێ ئەدا وتی: ئەبێ بچین بۆ بەغدا بۆ ئاهەنگ گێڕانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەبۆنەی دامەزرانیەوە کاك عادل مورادی سەرۆکی یەکیەتی قوتابیان تەلەفونی کردوە ئەبێت تیپەکە هەر بێن بۆ ئاهەنگەکە، هەرچەندە تیپەکە قەدەغە کراوە، زۆر مەراقم کرد لەوانەیە ئەو زاڵمە تەفرو تونایان کات چونکە قەدەغەی کردوە مۆسیقاو ئاهەنگ گێڕان بەو هۆیەوە ڕۆژی چوارشەممە یەنەوە جا ئەم دوو ڕۆژەم چۆن لێ بڕوا کوڕەکەم چووە بۆ ئەو ڕێگەی هاتوو نەهاتە! خواکردی جومعە شوکر بە سەلامەتی هاتنەوە بەڵام ترس زۆر لە دڵیانا بوە.

هەر ئەمڕۆ چوارشەممەیە محمد اسماعیل پیاوێکی زۆر دڵسۆزو کورد پەروەرو پێشمەرگەی کۆن هات بە میوانمان هێندە هەواڵی ئەم وەزعەی بۆ گێڕامەوە نەبێتەوە، لە دڵسۆزی خۆی و مەراقی وەك هەموو دڵسۆزێك وتی لەگەڵ کاك شەفیقاغا دا چووم بۆ سەنگاو بۆتە حقیقی کەوتنی ئەو هێلیکۆپتەرەی پێشمەرگە کە خستویانە وەزع لەو ناوە زۆر باش نیە ئیتر خوا ڕەحم کات وتی وتویانە لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵێك موهەندیس هاتوونەتە ئەم ناوە کە بیر لێ دەن بیری دەرهێنەری نەوت، خەڵکی دێهاتەکان نەیان هێشتوە وتویانە بەئەمری بەرزانی نابێ بیری نەوت لێ درێت و لەشکری عێراق چوە و هێلیکۆپتەر چوە ئەوە قەوماوە ئیتر خوا ڕەحم کات وەزع زۆر ناخۆشەو لەشکر کە چوە وتویەتی ئەبێت ئەو دێهاتانە هەموو چۆڵ کرێت عەرەبی تێ بێت.

چۆڵیان نەکردوە ئیتر بوەتە تەقە لەنێوان ئەهالی و پێشمەرگە دژ بە لەشکری عێراق، خوا بکا نەقەومێت (٢) کەس شەهید بوە ئینجا پێشمەرگە ئەو هێلیکۆپتەرەیان سوتانوە، شەفیقاغا بۆ تەحقیقی ئەو حاڵە چوە، وتی: خۆزگە کورد حکومەتێکیان بۆ خۆیان دابنایە... هەروا باسی کرد چۆن قزعە دابەش ئەکرێ، وتی (٢٢٠) کرێکاری ئەو دێهاتانە دەرکراون لە ئیش هی شرکە زۆربەیان ئەندامی حزبی پارتین و حزب بە خێویان ئەکا.

بەڵام هەموو پیاو دڵی بۆیان ئەبێ بەئاو ڕوت و ڕەجاڵ و بێ پارەو و مات و غەمبارو خاوەن خێزان و باسی پیرە مێردێکی کرد کە دوای کوڕەکەی کەوتوە تەمەنی چواردە ساڵانە ئاگری

کوردایـەتی زۆری بـۆ ئـەو لاوە هێنـاوە رای کـردوە خـۆی لـە حـزب نوسیوە بوە بە پێشمەرگە باوکەش بۆ خوا تەنها ئەو کورە چوارده ساڵەم شك ئەبەم ناوی بکوژێننـەوە نـەك بکوژرێ و ماڵم کاول بێت، ئـەوانیش کوژانویانەتـەوە، کـورە دەمانـچەکەی خـستۆتە سـەر لاجانگی وتـی باوە خـۆم ئـەکوژم بـۆ هاتوی ئـەم سـەرە بۆچی باشـە گـەر لـەڕێی کـوردا نـەڕوا دەمانـچەکەی تـەقانوە برینـارە پێشمەرگە فراندیانەتـە خەسـتەخانەکە شـوکر باشـە ئـیتر کـاك محمـد اسـاعیل دەیان هەواڵی لەو وێنەیەی پێ بوو، ئەویش وەکوو من دڵـی ئـەکولاً خوایە دڵی ئەم زاڵمە نەرم کـەی لـە گیروگرفت کەهەبێ و زۆر زەق بـێ تـەنها کـەرکوك مـاوە کـەدانی پیـا بنێـت ئـەم کـاك محمـد اسماعیلـە عەریفی پۆلیسە ئامۆزای عەریف اسماعیلە.

## زیندانیکردنی زانای کورم!

دوو ئیـسقانی ڕەش داگـەڕاوی چـا و بەزەقـەوە چـوو جێـی جگـەرەی ئـاگراوی بەدەسـتو دەم و چـاویەوەکوژاندبویانەوە بۆتـە برین، ڕەنگ زەرد چڵکن و بۆگـەن پـێ خـاوس جلی جامعە لەبەرا پر لەئەسپێ شڕو وڕی تەعزیب لەبرسا لەترسا لـەژێر تـەعزیب لـە تینـوا هـەمووی بـۆ هاوڕێکـانی گێـڕا بـوەوە، بـەلاّم بـۆ خێزانـی خۆمـان نـا کەچـۆن بـەیانیان بەهـەموان کەلـەژورێکی (١٠ م٢) دا دانـراوین شـەوڕۆژ لەتەشـتێکی فـافۆنی قوپـاوی چـڵکنا نـسکێنەیەکی ناخۆشیان لەبەر دەما دائەناین کەوچك نەبوو دەبوایە بەدەس بمان

خواردایـە، هێنـدە برسـی بـووین نـاعیلاج ئـەمان خـوارد! ئـەم دو حەفتەیـە سـابونو ئاومـان نـەدی، ڕۆژێ هێنـدە دەسـتم پـیس بـوو داوای سابونم کرد هێندە بە سۆندەی ئاو لەپشتی رووتیان دام تا شل بـووم!! شـەو لەزیندانەکـەمان دا (٤) کـەس ئەنوسـت بـاقی بـە پێـوە، لـەپاش دوو سـەعات خەبـەرمان ئەکردنـەوە چواری تـری دوو سـەعات ئەنوسـت بـاقی بـەپێوە، لـەپاش دوو سـەعات خەبـەرمان ئەکردنەوە چواری تر دوو سەعات ئەنوست، ئاوا تا رۆژ ئەبوەوە...

هێنـدەیان لێ دابـوو جلـی تـازەی زانکـۆی شڕشـڕو وڕ بـوو بـوو سـەعات قۆنـەرە کراسـی تـازە هـەر بەشـەق لیێـان سـەندبوو، ئـەو حەرەسو ئەمنانە ئەیان توانی نەختێ هێواش تر بن لەگەڵیانا خۆ کاربەدەستی گەورە لە گەڵیان نەبوون! خوا هەق لەگەورەو بچوکیان بکاتەوە، رۆژێکی وا بۆ هەموویان هەریـەت!! تاماوەیەکی زۆر وڕبوو ماتییـەك بەسـەریا هـەڵ کشابوو دەمـی بـۆ نەئەکرایـەوە قسە بکـا، ئەیوت هەرخۆم ئەزانم چیم دی و چی لـەم گەنجانە ئەکرێ! من چۆن دڵم بکرێتەوە عالەم وا لـە سجنا!! والله گـەر چەرخێك بگەڕێ هەموو بێنە دەرێو ئەوانەی وایان پێ ئەکردین بێنـە ژوورێ دڵم خۆش ئەبێ و دڵم ئەکرێتەوە ئەوە من کامێرایەکم پێ گیرا وایان پێکردم، ئەبێ ئەوەی کاغەزێك بەیانێك دەمانچەیەکی پی بگیرێت حاڵی چۆن بێ پـێش ئیعـدامکردنی؟! بۆیـە ئـەڵێ حەڤـدە لاو ئیعـدام کـراون هاوڕێکانیان لـە سجنا وتویانە خوزگەمان بەخۆیان! بلێی ئێمـەش بەوڕۆژە بگـەین لـەم میحنـەتو عەزابە ڕزگارمـان ببێ ئیستیراحەتی ئێجگاری بکـەین وا سبحەینێ دە گـەنجی تر ئیعدام ئەکرێن ڕۆژانی

دوای بەربوونی وردە وردە ئەوانەی لەگەڵیا بوون لە سجن سەریان لەزانا ئەدا هەموو وەکوو زانا تاساو لاواز ورد ورد شوێنی سوتان بەدەستو دەمو چاوەوە وەكو برینێك مابوو.

## ١٩٧٧/٥/١٦:

لەمانگی پێنجەوەو لە پێشتریش ئەمساڵ بەتوندو تیژی و بەپەلە بەعس دەستی کردوەبە دیهات چۆڵ کردن کەدی یەك چۆڵ ئەکا لە دواییا کانیو کارێزەکان پڕ ئەکاتەوە بە کۆنکرێت دای ئەرژێ، نازانێ کە هێند جیرین وەكو خۆمان لەلایەکی ترەوە زۆر بەزیاتر تاو دەسێنێو ئەتەقێ، بەری ئاو چۆن ئەگیرێ هەی زاڵم مەنعی زراعەتی کردووە لەبەهارەوە نابێ کەس لەکوردستانا زراعەت بکا ئەی ئەم خەڵکە چی بخۆنو بەچی بژین؟!.

## ٢٦/ ڕەمەزان ١٩٨٧/٨/٢٩:

ئەمڕۆ کۆمەڵێك خەڵکی لادێکان هاتن باسی دێهاتە چۆڵ کراوەکانیان کرد ئەڵێ بەیانی زوو کە خەڵکەکە بێ خەبەرن! زیلی عەسکەری زۆر ئەدا بەسەریانا پەلەپەلێکیان لێ ئەکا، دەی سوارین دەی سوارین زۆری پیاوەکان بەشەقو لوولەی تفەنگ پیا ماڵین ئەیانخەنە ناویەوە، فریای هیچ ناکەون کەمی کەلو پەلو ترکەو پڕکەی منداڵ نەبێ، هەر سوار ئەکرێن لەپاش نەختێ هەر ماڵەی

بۆمبایه‌كی بچوكی پێوه‌ ئه‌نرێت‌و خانوه‌كه‌ ئه‌ته‌قێته‌وه‌و ئه‌سوتێ ئه‌وه‌ی ده‌نكێ مابێت به‌بیلدۆزه‌ر ته‌خت ئه‌كرێ.

ئینجا كانی‌و ئاو پڕ ئه‌كه‌نه‌وه‌و ئه‌كه‌ونه‌ دره‌خت بڕین، ئه‌ڵێن پیرێ دێ یه‌كیان پێ چۆڵ كردون قه‌شان كه‌شه‌صت ماڵ بوو، مه‌لاكه‌ قورئانه‌كه‌ی بردوه‌ به‌پیریانه‌وه‌ وتویه‌تی: توئه‌م قورئانه‌ ته‌نها ئه‌م مزگه‌وته‌مان بۆ بهێڵنه‌وه‌، زابته‌كه‌ش چه‌پۆكێكی به‌قورئانه‌كه‌ دا داوه‌ فرێی داوه‌ته‌ سه‌ر ئه‌رز وتویه‌تی (كلام سید الرئیس قرآن) به‌و عارفه‌یه‌ لێیان تێكدان له‌كاتی روخانن دا به‌رده‌وام ته‌یاره‌ی میك وره‌ی یه‌ت به‌سه‌ریانه‌وه‌ بۆ ترسانن و موراقبه‌ت.

هی واهه‌یه‌ منالی ساوای له‌په‌له‌ په‌لیا له‌بیر چوه‌ گریاوه‌ با دابه‌زم ساواكه‌م بێنم به‌جێمان هێشتوه‌، هی وایان هه‌بوه‌ به‌رهه‌می كشتوكاڵیان له‌چه‌ن فه‌رده‌ نۆك‌و فاسۆلیاو چه‌ڵتوك‌و نیسك‌و گه‌نم‌و سه‌دان فه‌رده‌ پیازو مریشك‌و مراوی‌و قازو قه‌ل‌و هه‌رچی به‌رهه‌می لادێ هه‌یه‌ هه‌بوه‌، كاتێ چونه‌ته‌ سه‌ریان كه‌ هه‌موو شتێ پێ گه‌ییوه‌ ئاماده‌ بووه‌ بۆ فرۆشتن هیچیان بۆده‌رنه‌چوه‌و نه‌یان هێشتوو حه‌شته‌بای خوا له‌گه‌ڵ خۆیان به‌رن! به‌سه‌ڵته‌ خێزانی سواری زیل كراون بۆ كۆمه‌ڵگا زۆره‌ ملێیه‌كان كه‌هیچ بنه‌مایه‌كی تێدا ژیانی تێدانه‌بوو، به‌هه‌رحاڵ ئه‌مانه‌ هه‌رباش بوو سه‌ڵته‌ خێزانی خۆیان ده‌رچوون چش له‌ماڵ‌و ملك هه‌ر سه‌ر سه‌لامه‌ت بێ، چونكه‌ خراپتریش هه‌یه‌، وه‌كوو ئه‌وه‌ی له‌سالانی ١٩٨٧-١٩٨٨ دا ڕوی داو ئه‌نفالی كورد كرا وه‌كوو له‌وه‌دوا باسی ده‌كه‌ین. ئه‌وه‌ كوڕو كچی

هەرزەکار لەگەرمیان وەك بەرهەمی کشتوکاڵ بردویانن!! نەبوە روی نەداوە لەتأریخی هیچ میلەتێکدا ئەمە روی نەداوە.

١٩٧٨/٩/١

ئەمرۆ بەیانی زوو عەلی فەرەج ناو خەڵکی دێی فەرەجاوای نزیك سلێمانی کەلەسەر چەمی تانجەرۆیە خۆی لەبنەڕەتا گەرمیانیە هات وتی: دوێنێ چووم بۆ سەید سادق کە وتیان خەڵکی گەرمیانیان لەوێ هەڵڕشتوە بەلۆری عەسکەری بەم سورەی هەتاوە گشت پەرشوو بلاّو بونەتەوە لەودەشتەدا ژن و پیاو خۆیان لەقور هەڵکێشاوە بێ خواردن و ئاو، گشت بەم رەمەزانە وا ئەمرن لەبرسا یەك کووت جلیان پێ نیە ژن و منداڵ واوەیلاو باوکە رۆیەکیان بوو لەو دەشتە ئەو سەری دیار نەبێت، هەردەڵێن: بەم ڕەمەزان و جەژنە لێمان تێك چوو (قوڕیان کرد گە)وە سەرمانا ئاخر بۆ چیمان کردوە.

ئەمجار مام عەلی وتی: چەن ماڵێکی خزمی خۆمی تیا بووە پیاوە هەرزەکارەکان بە جیا براون حەوت ئافرەتی میمکە زاو خوارزام هێناوە وەبەرو بێشکەی ساواوە، وا ئەمرن لەبرسا من نیمە بەخەمیان کەم مەگەر خێرەو مەند.

وتویانە سپیدارمان بڕیوەتەوە بۆ فرۆشتن بردویانە، تێزاب کراوە بەدرەختەکاناو سوتانویانە، گشت ئەو عالەمە بە ژن و

پیاوەوە خۆی لە قوڕ هەڵکێشاوە لەو دەشتە وەزمانی بەڕۆژوو وەسووری هەتاو رەمەزانیشە دەك خودا قبوڵی نەکا بۆ وامان پێ ئەکا ئەم کافرە.

## وەك بیره وەریەکی زۆر دڵ تەزێن بەباشم زانی بینوسم:

### ١٩٧٩/٢/٢٠ باسی قەسابخانەکەی موسڵ

کەبەبێ هیچ تۆمەتێ هەر کوڕی گەنج گوم ئەبن سایەق بە ئوتومبیلەکەیەوە ئەبرێن بۆ موسڵ دایكو باوك بەهەڵە داوان دوایان ئەکەون نایان بینن پێش ئیعدام کردنیان بەدووسێ ڕۆژ نامەیەکی بچوکیان پێ ئەنوسن کە وەرن بۆ موسڵ ئەتان بینین کە ئەچن مژدەیان ئەدەنێ کە کوڕەکانیان لەم ڕۆژانەدا ئیعدام ئەکرێت!! هەشە تائەمان ئەچن کراوە، بەلاَم نابێ داوای مەیتەکەی بکەنەوە قەدەغەیە!! حاڵی حازر ئەمرو حەڤدەی تر چاوەڕێی ئیعدام کردن ئەکەن هەفتەیە لەمەو پێش حەوت کران هەموو تەمەن (١٥-١٦) ساڵ کران بە (٢٥) ساڵ هەرچەندە قانون بەکار نایەت گوایا لەبەر قانون تەمەنیان کراوە بە (٢٥) هەیە بۆ خستەخانەکان خوێنیان ئەگرن هێند زۆری ئەگرن بێ هۆش ئەبێ یاساوڵێکی گەڕ یەت دەست ئەنێتە بینی تا ئەمرێت یەکێك وتویەتی دوێنێ شەو فلاَن مرد چونکە بوتڵیان بریە کۆمی تیا شکاو تۆشی نەزیف بوو

چاره‌یان نه‌كردو مرد!! حه‌قده‌ سالأن بوو ته‌له‌به‌ی پێنجی ئاماده‌یی بوو ناوی (سۆران) بوو.

ئیتر باسی قه‌سابخانه‌كه‌ی موسڵ ته‌واو نابێ كه‌ ئه‌مانه‌ ئه‌نووسم دڵم ئه‌له‌رزێ وه‌ختـه‌ شێت بم با له‌م باسه‌ دڵته‌زێنانه‌دا بوه‌ستم.

١٩٨١/٦/١٠

وه‌كوو بیره‌وه‌ریه‌ك ئه‌م كه‌مه‌كیه‌ ئه‌نووسم له‌شه‌ڕی عێراق‌و ئێرانا ئه‌م ڕۆژانه‌ به‌چه‌كی سپی ده‌سه‌و یه‌خه‌ شه‌ره‌ له‌ پێنجوێن‌و بایاوی عه‌سكه‌ری قوڕ به‌سه‌ری هه‌ردولا ئێران‌و عێراق قوڕبه‌سه‌رانه‌ ئه‌وه‌ی تیاچوو تیا ئه‌چێ كه‌س حسابی بۆ ناكا.

ئێمه‌ش هاین له‌به‌ینی دوو ئاگری سورا هه‌ر هه‌ره‌شه‌ ئه‌كا یه‌مه‌ سلێمانی هه‌رزیره‌ی إسعافم گوێ لێیه‌، گوندی خۆمان مانگێكه‌ چۆڵ كراوه‌ پێنجوێنیش دوێنێ ٦/٩ قسمێكی پێ چۆڵ كردن زور خانوو روخاوه‌ به‌تۆپی خومه‌ینی.

## ڕۆژی ١٩٨١/٦/٩

مفاعله‌ نه‌وه‌ویه‌كه‌ی به‌غدا تـه‌دمیركرا وه‌كوو ده‌ڵێن: له‌لایه‌ن جوله‌كه‌وه‌یه‌! ئێستا هێزی خومه‌ینی وا له‌ده‌وری ته‌وێڵه‌و بیاره‌دایه‌ پێنجوێنیش تۆپی به‌سه‌ره‌وه‌یه‌ بۆته‌ وێرانه‌ له‌لایه‌ن ئێرانه‌وه‌.

١٩٨١/٦/٢٠

ئەمڕۆ هەواڵێکی زۆر دڵتەزێن هات ئەڵێن گوایە زوحاکی نوێ دوو کلیە ئەگوێزێتەوە بۆ هەولێر ئەمڕۆ دوو هەزار چەکداری هێناوە لە هێزی خاسە، چی پێیە هێندە منالَن خەلَقی سلێمانی ناویان ناون فەریکە نۆك.

١٩٨١/٦/٢١

ئەمشەو ترسی ئێجگار زۆر بوو لەبەر فەریکە نۆك نەبەشەر نە ئوتومبیل بەجادەو کۆلانەوە نیە.

١٩٨١/٣/٢٨

یەك شەمە هەشتی شوباتە (عروس الثورات) تەقە وەك بریشکە، عالەم تۆقی واشار گیرا، ئەم ڕۆژانە لەهەرە ڕۆژە ناخۆشەکانمانە هیچ قسەو باسی تر نەماوە هەر باس باسی سەرقەبرانە بڕۆرە سەر قەبران بەپێوە سەدان ژنی جلو لەچك ڕەش لە خۆ ئەدەنو شیعر بەسەر قەبرەکەدا هەلَئەدەن، هەموو لاوی گەنج بڕۆ لەو سەرقەبرانە هەموو خەلَکی شاری تێ ڕژاوە کەس سەبرو توانای نەماوە عالەمەکە بەدەنگەوە ئەلاوێنێتەوەو ئەقیژێنێتو لەسنگو سەرو دەمو چاوی ئەدا.

تۆپی ئێرانیش حەشر ئەکا بۆ سەر یاڵەکانی گوێژەو ئەزمەڕو خانوە قورەکانو سەید سایەقو ناو دێهاتەکان خومەینی موشەك بۆ ئێمە ئەهاوێژێت ئەڵێ عێراقە بەغداش ئێمە بۆردومان ئەکا و وێرانی ئەکا ئەڵێ لایەنی ئێران ئەگرن، خوایە ئێمە چی بکەین چۆن ئەم کەرە لەو قوڕاوە دەربێنین.

١٩٨١/٦/٢٩

لەئەخبارا وترا قاعەی مجلس ایرانی تەقێنرایەوە (٦٩) کەسایەتی کوشت وەكو بەهەشتیو مونتەظیریو صادق پورو وبیست ئەندامی شورا (٦) وەزیرو (١٢) نائب وەزیرو باقی شخصیاتی زل زل.

١٩٨١/٧/١٥

ئای داخی زانکۆی خۆشەویست کەلە گیانەلاَ وایە عالەم ڕۆ ڕۆیەتی بۆی عالەم لەداخا واشێت ئەبێ! لەهیچ قانونێکی عالەما نیە هەڵکەندنی زانکۆ و بردنی بۆ جێگەیەکی تر.

ئەمەش یەکێکە لە هەرە هەرە کارە دڵتەزێنەکانی بەعس دژی کورد!! داخەکەم زانکۆی خۆشەویست جێی شانازیمانە واشێت ئەبم هەر ئەگریم بۆت زانکۆی هیوای شارەکەمان کەبێ خەموو

شارەو شار، منالْمان تیا ئەی خوێنند ئەمرۆ فەرمان لە بەغداوە
هاتووە کە جێگەکەی بکرێ بەدوائرو مەخفەری پۆلیس.

ئەمرۆ شینمانە هەموو خەڵکی شارەکە تێکڕا لەماتەم دایە.
لەم ڕۆژانەدا هەر خەڵکی هەڵەبجەو تەوێڵەو بیارەو سید سادقو
عەربەت لەترسی تۆپی ئێرانماڵو حاڵی خۆیان جێ دێڵن.

١٩٨١/٧/١٩

بەشەو بەپیکاب یەن بۆ سلێمانی عالەم لێ ی تێك چوەو سەری
لێ شێواوە.

زانکۆی خۆشەویست لە مانگی ١٩٨١/٩ گوێزرایەوە عالەم
تەعزیەتی ١٩٨١/٧/٩ واتە (٧)ی ڕەمەزان.

ئەمرۆ هەواڵ هات کە چەند شێرمان بەناهەق شەهید بوون
(فتاح ئاغا)و (کاکە ساڵح)و غیرە دینە ڕەشو (حەمەی سید علی) و
باسی کۆی تر لەم شێرانە هەروا ئامر هێزی بەجەرگ و ئازا رئیس
عبداللە تاقانە کەلەم داخە زلانە داوەفاتی کرد بەسەکتە ١٩٨١/١٠/١
چین چین کاروانیان ئەڕوا ئەڵێن: گوایا کاك دارا توفیقیش خوا ئەوە
نەکات ئەمانە کەلەشەڕدا نەکوژران سەدام لە داخی دڵی خۆی
ئەوشێرانە ئەکوژێت زانکۆی خۆشەویست سێ مانگی ڕەبەقە بێ
بشوو بوون ئەگرییم بۆ کۆچی ناهەقت، زوحاکی نوێ هەر خەریکی
اتفاقیاتی حدودە بزانین چی ی تری بەدەستەوەیە کەلەم شەڕە

بـوەوە، دوێنــێ لەگــەڵ سـعودیە پـار لەگـەڵ ملـك حوسـێن‌و کوێتـا حیسابی خۆی کرد، ئەڵێن زۆریشیان خاك پـێ ئەفرۆشێت ئەو ساڵە لەگەڵ شای ئێران دا اتفاقیەی کرد کە شوکر بەرەکەی خوارد.

## ١٩٨١/١٢/٣٠

شـەڕ زۆر گەرمـە کوژراو لەوەدانیـە لـە سـومار– گـیلان غـەرب‌و سۆسنگردو جێگەی تر.

## ١٩٨٢/١/١ جمعة ٧ ربيع الأول ١٤٠٢

هاواربکــەن ئاشــتیمان ئــەوێ بــۆ کوردســتان هەرچــەندە بەخشپەیی شەڕەکەی هێنایە کوردستانەوە، شەڕەکە زۆری کوشتار هەیە رۆڵەی خریجی جامعە مان‌و پێشمەرگەی ئازاو نەبەزی وەکوو جــەمال‌و شــێرکۆ، نــوری حمــە علــی، باســی کامیــان بکــەم خۆگرانیەکـەش لـەوەدا نیـە لەگـەڵ (١٩٨١) دا خـواردن دووقاتـە خـۆ تەبـەروعات‌و معـاش بـڕین‌و ناخۆشـی تـەواو نـازانم چـۆن ئـەژین‌و دڵمان بەبەریەوە ماوە؟ هەر خەڵقەو بەلادا یەت سەرەطان‌و نەخۆشی ناوسك‌و نەخۆشـی نەفسی هـەرباس ناکرێ باشەڕەکە ببڕێتـەوە ئەو کاتە پـێ‌ی ئەزانین.

لـە (١٩٨٣) دا باسـی چـی بکـەم: هـەموی وەك یەکـە کوشتنەو سـوتانە چـی نەشـبێ ئـەکرێ لەلایـەن هـەردوو لاوە، برازایـەکم (١١)

ساڵە عەسکەرە ئەوەتی شەڕە لەسەر پێڵی زەهاو لە موزوع دایە، سێ مانگ دەنگی نەبوو هەمموومان شێت بوین، کە هاتەوە دەستو پەلی سوتابوو، دایکو باوکو هەموان شێت بوین، گێرایەوە وتی مەوزوعی تەڕو پڕ حەشەرات قونیلەیەکی بچکۆلەمان دانابوو بۆ خواردنو چا دروست کردن لەقوتویەکا منو (٤) هاوڕێم پەتاتەمان ئەکولاَن لەبەر تاریکی ڕژا بەدەستما سووتا.

## ١٩٨٤/١٢/٢٢

لە ١٩٨٤ دا شەڕەکە هەر بەر دەوامە ئەمساڵ حەربی ناقیلاتە سەدام ئەڵێ هەرچی ناقیلەیەك بێتە ئاوەکانی ئێرانەوە ئێمە لێی ئەدەین لە زۆریانی داوەو سوتانویەتی و بەحارەکانیش کوژراوو بریندار! تا ئێستا لە (١٠-١٢)ی داوە ئای دڵمان تەقی بڵێی ڕۆژێ بێت ئەم شەڕە کۆتایی بێتو هەنێ ئەم مللەتە پشوو بات هەرچەندە بۆ عەرەب بێت، بەڵام بەزۆر بەزۆر هەردوکیان هەریەنەوە بەرەو کوردستان بەدەستی ئەنقەست بۆ نەمانی کورد

## ١٩٨٥/٤/١٩ دا:

دڵمان شەقی بردوە بۆ ئەم بێ تەلەفونیە هەواڵی مناڵەکانم نازانم لەیەك بینی موشەك ئەنێ بەبەغداوە، شەڕ زۆر گەرمە هەموو ڕۆژێك ئەڵێت نسوری خۆمان ئەچنە سەر تارانو شارەکانی شیمالی

غـه‌ربی عێـراق وه‌ك و بانـه‌و مـه‌ریوان خانـه‌و ئیـسلام ئابـادو گـیلان غـه‌رب به‌هه‌شـت هه‌شـت له‌سـه‌ره‌وه. له‌سـه‌ره‌وه تـه‌یاره‌و له‌عـه‌رزه‌وه تۆپ ئه‌وانیش له‌یه‌ك بینه ساروخ و تۆپ چ ئاگر بارانێكه؟!.

## ١٩٨٥/٥/٣٠

پێـنج شـه‌ممه ئێـستا ئوتومبیلێـك پـڕ لـه ئـه‌من له‌بـه‌ر ده‌رگـا دابه‌زین وتیـان بـه‌باوكی منـالاّ وه‌ره بۆ دایـه‌ره‌ی ئـه‌من بۆ ئیـستجواب ئه‌مــه ســه‌ری چــه‌ن هــه‌م جـاره ئه‌یانــه‌وێ كوره‌كانمـان ده‌سـت لــه خوێندن هـه‌ڵگرن و بێنـه‌وه شـه‌ڕی بۆ بكـه‌ن و بكوژرێن تـه‌له‌فونیان لێ بڕیوین ئه‌وه‌ی پێمان ئه‌كه‌ن نای كه‌نه‌وه.

وتوشـیانه له‌مـه‌و دوا نابـێ لـه‌دیواری ئێـوه شـعارات بنوسـرێت سـه‌عات چـواری عه‌سـریش كۆمـه‌ڵێكی تـر هاتنـه‌وه بۆ پرسـیار كـردن ده‌رباره‌ی كوڕه‌كانمان شـه‌وی ٦/١ دوهـه‌م موشـه‌كی نـا بـه به‌غداوه لـه پێشا وه‌ك و فیشه شێته شـه‌وقی داوه‌تـه‌وه هـه‌موو عاسمـانی به‌غدای رووناك كردۆته‌وه له‌دوایی دا ته‌قیوه‌ته‌وه چون ته‌قینه‌وه‌یه.

## ١٩٨٥/٦/٣

سـاڵ به‌سـاڵ ئـه‌ڵێن خۆزگـه‌مان بـه‌پار كـه پـار ئـه‌م حه‌لـه ئـه‌مان وت: قـه‌ت لـه‌م سـاڵ خـراپتر نابێـت بـه‌لاّم و ئه‌مسـاڵ ئێجگـار خـراپتره لـه‌پار سـه‌ده‌ها دێهـاتی سـوتان دێهـات نـه‌ما لـه‌پاره‌وه ده‌وری كۆیـه

هه‌ولێر دوكان مه‌رگه هه‌ڵه‌بجه دێهات نه‌ما ڕه‌نگبێ ساڵێكی تر ئاوات بۆ ئه‌مساڵ بخوازین.

## ٢٧/ خه‌زان

دوو موشه‌كی نابه به‌غداوه به‌(حی الضباط)و (صالحية) سه‌ده‌ها كوژراوو برینار هه‌یه خانوو روخاوه هه‌ر سبحه‌ینێ بولدۆزه‌ر یه‌ت ته‌ختی ئه‌كات بۆ ئه‌وه‌ی كه‌س هیچ نه‌بینێت هه‌مووشتێ دائه‌پۆشێت.

## ١٩٨٥/ ٦/٢٥

له‌دووینێ عه‌سره‌وه تا دوی شه‌و هه‌زاره‌ها كه‌س گیران و خرانه زیلی عه‌سكه‌ری له سلێمانی له ماڵ‌و منداڵ‌و ژن‌و پیاو له ماڵه خزمێك ئێواره هاتمه‌وه له‌به‌ر فرقه‌و ئه‌منا زیلی عه‌سكه‌ری ئێجگار زۆر وه‌ستابوو.

## ١٩٨٥/١٠/١٧ پێنج شه‌ممه

ئه‌مڕۆ به‌یانی سه‌عات پێنج‌و نیو له‌ده‌نگه ده‌نگ‌و ژاوه ژاو ڕاچڵه‌كیم په‌نجه‌ره‌م كرده‌وه ئوتومبیل ئه‌گه‌ڕا به مایكرۆفۆن هاواری ئه‌كرد منعی ته‌جه‌وله بۆ ئاگاداری كه‌س نابێ سه‌ر له‌ماڵ ده‌ربێنێ

هەر هەتاو کەوت دەستی پێ کرد لەتەقە تۆپ بەسەریشمانەوە هلیکوپتەر ماڵ بەماڵ بۆ عەسکەری ڕاکردوو ئەگەڕان زیاد لە دەهەزار یان لەو عەسکەرە منداڵو قوڕ بەسەرانە گرت. لەلایەکی ترەوە نە نەوت نەغاز نە خواردن فڕان فڕانێکە بۆ ئەوانە هەر باس ناکرێت.

## ١٩٨٥/١٠/٣١

شارمان سێ ڕۆژە ئێجگار مەشغوڵە (یوم النصر) وهاتنی (سيد الرئيس حفظه الله ورعاه) لەم ڕۆژە پیرۆزەدا شەوێك لەشارەکەمان نووستووە و پیرۆزی کردوە ملیونەها سەرف کراوە بۆرازاننەوە، لەماڵی عزیز اورحمان موفتی نوستوە لە (حی بکر) ئەبێ هەموو ساڵێك ئەو حەفلەیە بکرێت بۆ هاتنی (سيد الرئيس) ناوی گۆڕا لە (حی بکر) بۆ حی الصدام ئەو ماڵەی لێ ی دائەبەزی بەسەریا ئەڕژێت ئەو ڕۆژە دەوام نیە مەسیرەیە هەتا کاربەدەستە گەورەکانیش ئەبێ بەشداری مەسیرە بکەن.

بەئەمری شێخ جەعفەری موحافیز ئەبێ دەوری ملیۆنێك دینار لەکاسبو خەڵکی تر کۆکرێتەوە بەقاڵ هەموو ووشکەو تەڕە بنێرن بۆ ئاهەنگی ئەو ڕۆژە پیرۆزە کە هەمووی ئەچێتە گیرفانی خۆیانەوەو ئەوانەی ئاهەنگ ئەگێڕن، شێخ وتویەتی ئەبێ هەموو دەمتان بە پێکەنین بێت دڵخۆشیو بەشارەت پیشان بەن بۆیادی

هاتنی (سید الرئیس) بۆ ئەوەی بەجوانی و دڵخۆشی لە تەلەفزیۆنا دەرکەون.

دڵمان بەبەریەوە نەما لەبەر باسی ئەو ڕۆژە ناخۆشانە دڵم و دەست ئەلەرزێت دەمم وشك بێ تاقەت هەمیشە چاو بەفرمێسك!!!. باهی ساڵی (١٩٨٥) لەمەدا کۆتایی پێ بێنم باسی سەیرانگاو جێگەیەکی خۆش تان بۆ بکەم کە بۆ یەکەم جار دیومە هەر لەبەهاری ئەمساڵدا بوو ناسیاوێکمان خەڵکی چەمچەماڵ هات بەشوێنمانا وتی: ئەمساڵ بەهارێکی تەڕو سەوزو خۆشە حەزئەکەم بێن بە میوانمان بۆ چەمچەماڵ نان لەلای بەردەقارەمان بخۆین و بۆهەنێ جێگەیی ئەسەریی کونیشتان ئەبەین لەو دەورە چونکە ئەزانم دایکی دانا حەز لەجێی ئەسەری ئەکا.

چوین نانێکی جوانیان کردبوو و حەیوانیان بردو لەلای بەردە قارەمان لە دامێنی شاخی دەربەندی بازیان بە کۆمەڵ دانیشتین بەڕاستی شوێنێکی دڵگیرو عجایبە هێندە سەوزو گوڵی بۆن خۆش و بارەی مەڕو سیرەی سەماوەر، برژانن و قرچەی بریشکە هەموو تێکەڵ بوو بوو هەرچەندە ئەو گری کوێرەیە لە دڵمان گرێ دراوە ناکرێتەوە خەموو داخی شەهیدان و شەڕو سوتان فەرامۆش نابێ سواری پیکاب و جێب بووین عەسرەکەی بەرەو ئاغجەلەر لەڕێگە ڕێك لە ناوەراستابەرەو ئەوێ دێ یەکم دی قەڵایەکی کۆنی لەناوەڕاستا بوو بەسەر گردێکەوە، وتم: ئەوە چییەو ناوی چییە ووتیان ئەوە دێی تەوەکەڵە، ئەو قەڵایەش قەڵای گاورانی پێ ئەڵێن، قەڵایەکی زۆر زل و تۆکمە بوو هەرچەند زۆر کۆنە بەڵام

زۆربه‌ی بیناكه‌ی ماوه دیواره‌كانی مه‌ترو نیوپان ئه‌بوو پان تاق كه‌لێ دراوه بۆ ده‌رگا ماوه‌و به‌پێوه‌یه زۆر بیناو جێگه‌و دێ یه‌كی نایاب‌و خۆش‌و وێنه‌ی جوان بوو، زۆرم لاخۆش‌و سه‌یر بوو كه‌نه‌مان بیستوه، وتیان گه‌ر حه‌ز ئه‌كه‌ن بابڕۆین به‌ره‌و قه‌ڵاكه زۆر دووره و ئه‌بێ هه‌موو ناو دێ یه‌كه به‌پێ ببڕن وتیان بابچین به‌ڵام سه‌ر له‌ئێواره بوو نه‌مانتوانی بچین وتیان: له‌ناو قه‌ڵاكه‌دا نه‌فه‌قێك هه‌یه بنی دیار نیه خه‌ڵكی زور هه‌وڵیان داوه كه بچنه خوارێ بۆ ناو نه‌فه‌قه نه‌یان وێراوه وتم خوا گه‌وره‌یه ئه‌م ناخۆشیانه كۆتاییی بێت ڕۆژێ له‌ڕۆژان‌و حكومه‌تێكی كوردی دڵسۆزمان بێت، هه‌مووی بگه‌ڕێن‌و ده‌ستی پیا بێنین، بێته هاوینه هه‌وارو سه‌یران گاو هه‌موو شتێكی لێ تێ بگه‌ن، وتیان: كه‌ڵه‌شێریان گوێ لێ بوه له‌ناو ئه‌و نه‌فه‌قه قوڵه خوێندویه‌تی وتم: نه‌گبه‌ته ئه‌وه هی ئاواییه‌و وتی: كه‌وتوه هه‌روا ئاسار له ئاغجه‌له‌ر زۆره به‌ڵام هه‌ر دیواره وه‌ك هی ته‌وكه‌ڵ به‌باشی نه‌ماوه هه‌روا جوانی‌و خۆشی دی ی شێخ پاڵه‌وان به‌رامبه‌ر ته‌كییه به‌و به‌ره‌وه ئه‌وه هه‌رباسی جوانی‌و خۆشی ته‌واو نابێ.

وتیان له ساڵی (١٩٧٢) لیژنه‌ی پسپۆڕ هاتوه‌و بۆ ناو ڕێزه شاخی ده‌ربه‌ند وتویانه ئێجگار شاخێكی پڕ معادن‌و خێرو بێره منیش ئه‌ڵێم هه‌ر چۆڵ نه‌كرێ.

چه‌ندم لا خۆش بوو ئه‌و وێنه عه‌جاییباته ئه‌و هه‌موو ئاساره كۆنانه به‌ڵام له ناخی دڵما پڕ پڕ ژان بوو كه خۆمان خاوه‌نی نین، بێگانه به‌هه‌وه‌سی خۆی خۆی كردوه به خاوه‌نی وه‌كوو ماڵی خۆی

بێت هەر چاویشی بەرایی نادا بڵێ ئەم شاخانە هەمووی خێرو بێرو کانی معادنە تابە تەواوی سرمان ئەکا دەڵێ نەخەڵەتا بن بڵێن: ئێمە خاوەنی کوردستانین هەرچی بڵی کوردستان زمانی لەبنا ئەبرێت بڵێ (شمالنا الحبیب) خوشیو سەوزیو پڕ ئاوو شاخی هەزار بەهەزاری ئەوە باسی ناکرێت خوا بیخاتەوە دەستمان.

١٩٨٦/٦/٢

شەڕ ئێجگار گەرمە لەدایك بوانی هەزارو نۆسەدو چلوشەش (١٩٤٦) وەتا هەشت موالید پێکەوە بانگ کران هەموو مامۆستای زانکۆو تاتەلەبەی سونفی سێی زانکۆو مامۆستای سەرەتاییو موالید لە دائرە کانو مەعمەلەکانو زۆری تر بانگ کرانو تەسفیر کران بۆ شەڕ زۆربەی ئەوانەی کورد بوون خۆیان کرد بە خەفیفە عالەم لەعەزرەتی تەسفیر خۆیان نووسی بۆ جاشێتی بە مەمنونی بەلاّم حکومەت قبوڵیان ناکا زۆربەی مەعمەلەکان داخران مودیری کارگەی جگەرە باسی کرد وتی: عەمەلەم هەموو براون گەر نەش برێن پارەمان نیە مواد بۆ مەعمەلەکەمان بکڕین.

١٩٨٦/٦/١

دێی بنگردی سەر بەقەلاّدزە کە پەنجا هەزار کەسن (٥٠ هەزار) دەرکران ودێ یەکە ڕوخێنرا لوریو پیکاب لەسلێمانیەگشت

به‌سوغره گیراون بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و كه‌سانه دابه‌ش بكرێن به‌سه‌ر دێهاتو شارا به‌سه‌ر ماڵه لادێیه قور به‌سه‌ره‌بێ رزقو پاره به‌م ره‌مه‌زانو به‌ره جه‌ژنانه ئه‌وه جێژنانه‌یانه، به چی خۆیان به خێو كه‌ن هه‌ی هاوار ئاگر بارانه قه‌ت نه‌بوه‌و نه‌كراوه بێ پاداش هه‌روا به‌ئاسانی ده‌ركران، ئه‌ڵێن كتابێك لای موته‌سه‌ریفه تێیدا هاتووه هه‌موو قه‌زاو ناحیه‌كان چۆڵ ئه‌كرێنو ئه‌گوێزرێنه‌وه له سه‌ید سایه‌قه‌وه تا سلێمانی هه‌موو رێگاكه ئه‌كرێته مجمع بۆیان له چه‌مچه‌ماڵه‌وه تا سلێمانی ئه‌مبه‌ری ئه‌وبه‌ری جاده ده‌كرێته كۆمه‌ڵگاو خه‌ڵكی تێ ده‌خزێندرێ.

١٩٨٦/٦/١٢

زاڵمی وه‌كوو ئه‌م زوحاكی نۆییه هه‌رنه‌بوه چی پێ كردین؟ من هه‌رباسی كورد بكه‌م، واعه‌ره بوو فارس ئه‌وه حاڵیانه له‌هه‌موان زه‌لیل تر ئێمه‌ین له‌گه‌ڵ ترسیشا وامێشكمان ته‌قیوه له ده‌نگی سه‌مه‌تیو هلیكۆپته‌ری تر وره‌ی میكو سۆخۆ ده‌نگی تۆپ شه‌قه‌ی ئار بی جی كلاشنكۆف، خۆله غه‌یری چونه سه‌ر قه‌برانو چونه ته‌عزێ به‌م رۆژگاره هیچی تر نیه جلی ئاڵو والا بۆ گه‌نج بۆته عه‌یب، خشڵ به‌خودا كردن سه‌یران گه‌ران چۆنه خارج هه‌موو له‌بیر چونه‌ته‌وه، هه‌رباس باسی ئه‌وه فلان كوژرا كوری فلان گولله‌ی وێڵی به‌ركه‌وت فلان ماڵ روخا فلان مرد كوڕانی فلان گیران.

١٩٨٧/٥/١٢

چواردەی ڕەمەزانە دی ی قازانقایەو چەرمەگا سوتێنرا لەگەڵ زۆر دێهاتی تر.

١٩٨٧/٥/١٥

هەموو عاسمانی سلێمانی چەرە دوکەڵە لەئێستای خۆی نا کا، کوردەکە عەیبدار ئەکا، گوایە دێهاتی ڕێگەی هەڵەبجە هەمووی چۆڵ کران و سوتان لەلایەن مەحموود بەگی گۆڵێ و دێهاتی ڕێی قەرەداغ لەلایەن مەحموود سید گوڵ، گەر کوردەکە بۆی بکا بەدڵو بەگیانی خۆی بۆ ئەیکا.

١٩٨٧/٥/٢٤

دوێنێ شەقلاوە گیرا پێری حەریرو باتاس و ڕەواندز گیران. ئێران عملیات ئەکا و بە جێی دێڵێ، هاوار لە سلێمانی و شنگارو ئاکرێ ئەکات! ئێستگەکە ئەڵێت هەموو هەڵسن ئەمرۆ لە هەڵەبجە نەورۆڵیەکان و کوکۆیی کە دوو عەشایەری ئازاو ناوداران هەموو بەچەکەوەن لە هەڵەبجە دەماخیان کردوە هاوار لەگەل ئەکەن هەستن چۆن قبوڵ ئەکەن دێهاتی کورد نەمێنێ؟ کورد بەدێهاتەوە ماوە بەڵام گەل هیچی پێ ناکرێت، مەگەر خوا دەرەقەتی زوحاکی نوێ بێت دنیای لە پشتەو بەپارەی بێ شوومارەوە، ئیتر باسەکە هەر تەواو نابێ هەروا هەڵەبجە لەپاش موزاهەرەکە چەند لاوی لێ گیراوە لای

خـۆی خەفیفـەن، گـەرەکی کـانی ئەشـقانی تـەخت کـردوە هـەروا مزگەوتەکەی مەلاکەی تەمەن (٩٠) ساڵە هەر نەهاتۆتەدەرێ لەژێریا مردوە.

**١٩٧٨/٥/٢٣**

دووی جـۆزەردان شـەممە (٢٥) رەمـەزان ئەمـە هـەمووی (علـی حسن مجید) ئەیکا ئەمشەو اجتماعی هەیە لەگەڵ زابتـە گەورەکان و مجلس وطني .

لەسەریـشەوە سـەدان دێ چـۆڵ کـران و سـووتان وەکـوو دیـرە لوك بامرنێ و شیلادزێ بە دارو ماڵ و نا و ماڵ و ئاژەڵ و تەیرەوە.

دەنـگ هەیـە کەشـەش سـەد قوتـابی لەسـێ وە تاشـەش گـیراون لــەکوڕ و لــە کــچ تەلەبــەی ســانەوی، دوان دوان و چــوار چــوار هەلیکۆپتەر بەسەرمانەوەیە لەشەش و نیوی بەیانیەوە تا ئائێستاکە کـاتی بـەر بانگـە هەشـت و نیـوی ئێوارەیـە، هـەر دەنگەکەکەی مێشك ئەتەقێنێ لە هەندێ جێگاش ئاوڕشێنێ ئەکات بەم سەمتیانە چەندە هاژن بەراوێتە بوون ئەڵێن منالّی ساوا تۆشی رەعشەو صەرع بوون چـنگیان گـرژ ئـەبێت و دەلـەرزێ و چـاویان سـپی ئـەبێ هەڵبـەت خەتایەکی گەورەمان کردوە کە خوا ئەمـەی لـە چارە نوسیوین دیـارە زۆر زیاترمان لەبەرە ئەو دوانە شەڕ ئەکەن کەچی کوردی تیا چووە وەزعی هەڵەبجە لەوەدا نیە ئاگر بارانە ئەو هەڵەبجەییانەی لەشاری

سلێمانیا دانیشتون چوون بۆ هەواڵی کەس و کاریان ئەڵێن بەشەو و بەڕۆژ بەم رەمەزانە تەقەو سمتی یان بەسەرەوەیە، ئەڵێ هەرگەنجەو بەدزیەوە عەسکەری عەرەب بەچاوی پڕ فرمێسکەوە بۆ ئەو شارە جوانە ماڵیان بۆ دەرئەکەن موزاهەرە لە هەڵەبجەو سید سایەق و عەربەت بەردەوامە، خەڵکەکە موزاهەرە ئەکەن و هاوار ئەکەن ئەی مللەت پشتگیریمان بکەن نایەوێت بمێنن عالەمەکە هەمووی هەستاوە زابت و عەسکەری وا هەبوو ئێجگار زاڵم بوون هەش بوو بەدزیەوە لەکولانە باریکەکانا شتیان لەگەڵیان دەر ئەکرد لە ٣ شەممە وە ٣ ڕۆژە نەئا و نەکارەبا نیە غولغولەی ڕۆم هەستاوە عالەم زەنەقی چوە منالْ هەرتێك چون لەترسا.

١٩٨٨/٣/١٦

هەڵەبجە قەسف کرا هەزارەهای تیا کوژرا ئیتر ئەوەی روی داوە لە هەڵەبجە بەدەم ناگێڕێتەوە، ماڵی وا هەیە لەشەش حەوت سەر خێزان تاقیان دەرنەچوە.

ئەڵێن: ئەوانەی رایان کردوە بۆ عەبابەیلێ بۆ خۆشاردنەوە ئێوارەکەی لەترسی کیمیاوی، بەڕۆژ ڕۆیشتون، ئەڵێن گوایە هەتا و مەفعوولی ناهێڵێ بەیانی زوو خراپە وتیان: کاتێ سەیرمان کرد هەموو هەڵەبجە یەك پارچە گڕرە کێشامان بەسەرمانا وتمان کەس دەرنەچوە سی و شەش فرۆکە پێکەوە ناپاڵم و کیمیاویان پێکەوە ئەڕشت لەگەڵ تەقانەوەی هەزاران هەزار إسطوانەی غازو تانکەری

ئه‌وتی ماڵان و به‌نزینی سیاره هه‌موو پێكه‌وه، ئه‌ڵێن ئه‌وه‌ی كه ئێواره‌ی پێش به‌یانی قه‌سف رای نه‌كردبێت وا نه‌سه‌رو نه‌ماڵی ده‌رنه‌چووه، هه‌بوه ئه‌و ئێواره‌یه كه هه‌ڵه‌بجه گیراوه له‌ترسا به‌ره‌و عه‌بابه‌یلێ و دێهاتی عه‌نه‌ب و بیاوێڵه‌و دێهاتی تر رای كردوه، پردی زه‌ڵم ته‌قێنراوه‌ته‌وه ئه‌وه‌ی پێش ته‌قینه‌وه‌ی پردی زه‌ڵم به‌ره‌و سلێمانی نه‌چووبێ تیا چووه، ده‌ڵێن: ئه‌گه‌ر به‌ره‌و ئه‌ودیو رێگه‌یان بدایه ده‌رده‌چون.

هه‌رچی له‌سارداوا بووبێت تاقی ده‌رنه‌چوه، چونكه كیمیا قورسه یه‌ته خوارێ به‌تانی ته‌رو په‌ڕۆی ته‌ڕ باشه هه‌موویان له‌سارداوا ئاماده كردوه هیچ جێگه‌یه‌كی به ده‌ره‌وه نه‌بێ له‌ژێر به‌تانی ته‌ڕا محفوزه، وایان وتوه وتویانه ناچینه جێی به‌رز خراپه بۆ قه‌صف بۆ ده‌رمان باشه سارداو بۆ قصف باشه بۆ كیمیاویی خراپه هه‌ر ئه‌مانه‌یان وتوه نه‌یان كردوه راكه‌ن ئه‌ڵێن ساردداوی بینای محكمه شه‌ش سه‌د كه‌سی تیا خنكاوه ناپاڵمیش به‌سه‌ریانا روخانویه‌تی، هه‌نێ ساردابی گه‌وره‌ی ماڵان هی وا هه‌بوه حه‌فتاو پێنج كه‌سی تیا بوه تاقی ده‌رنه‌چوه، ئیتر سبحه‌ینێ حه‌وت پیاوی گه‌نج كه‌حه‌مه‌ی سۆفی احمد حه‌قه په‌یكه‌ری بۆ بكرێت وتویه‌تی وه‌رن بۆ خوا با ئه‌م مردوانه بنێژین ئیتر به شۆفلێ جاده‌و كولان چاڵی درێژی لێ هه‌ڵكه‌نراوه‌و به‌جل و ئاڵتونه‌وه فرێ دراونه ناوی، ده‌وری پێنج هه‌زار كه‌س و خه‌ریكه چل ڕۆژ ته‌واو ئه‌كات كه‌س قه‌بری دیار نیه هه‌ر ناشتنه‌و ته‌واو نابێ.

١٩٨٨/٤/٢٨

جەژنی لەدایك بونی زوحاکە (واتە صەدام) مەسرەف و هەڵپەرکێ و گۆرانی و چەپڵە ڕێزان بوی لەحسابانیە، لەبەر سەرکەوتنەکانی، یاسر عەرەفاتی لەلاوە دانیشتوە لەساڵۆنە زلەکەی کەدایما تیایا ئەو جەژنە ئەکرێت بۆ بانی (مجد العراق وقائد النصر وحفيد النبي محمد ومنتصر بالله) ئەم ناوو شیعارانە لەدوای گرتنەوەی فاو پەیدا بوو کە بەجۆگەلەی خوێن گرتیەوە، ئەوە جەژن و ئەوەش هەڵەبجە ئیتر هەرخوا هەقمان بسەنێ.

١٩٨٨/ ٤/١٨

هەرکە تەیارەی زۆر هاتە سەرشارەکەمان بەملیۆنەها گوللەو قازیفەتەقی ئەوە بزانە بەرەو جێگەیە ئەڕوات بیگرێتەوە، ئەڵێن بەرەو فاوە هەموی بۆ کوردە نەماین لە دەنگی تەقە هەموو جارێك سی چلێ پێوە ئەبێ و ئەمرێ، چەرە دوکەڵیش پەیا ئەبێ هی سوتاننی جێگەیە.

١٩٨٨/٤/٢١

هەڵەبجە کە لە جێی ترا ئەژین بەتەواوی هەواڵی کەسوکاریان بۆ هات کە چەندیان لێ کوژراوە تا ئەو ڕۆژە ڕێگە نەبوو کەس نەی

ئەزانی. ئەم هەشت ساڵی شەڕە دەستکردە کە قەت نەبوە لەدنیادا هەرئەڵێن یانی لەساڵی هەشتاوە ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار ساڵ لەساڵ زیاتر ڕوداوی دڵتەزێن و خوێن ڕشتن ئەبێ.

١٩٨٨/٤/٢٣

باسی ئەنفالە، کە بە کورتی لەدەمی گەرمیانیەکەوە بیستومە، کە تەنها یەکێك ئەم هەموەی لایە ئەی ئەوانی تر، علی ناو کەلە بنەڕەتا خەڵقی سەنگاوە هاتوتە دێی فرج ئاوای سەرچەمی تانجەرۆ کە بەشێکی هی ئێمە یە سەری لێ دام کە هەربەگەرمیانی قسە ئەکا وتم: علی هەواڵ چیە؟ وتی قوروەسەرم باسی چیت بۆبکەم؟ چیت بۆ باس کەم، ئەوەی قەومیاگە هەتا هەتایە نەقەومیاگە، گشت ریش چەرموەکان یەژن ئەمەمان هەرگیز نەدیوەو نەقەومیا گە نە لەزەمان عوسمانی و سەفەربەلەکا نەلەشەرە گەورەکانا، قوروان ئەوکاتانە هەرچەند گەرمیان جێگای سەخت بوو دەرمان و تۆپ و تەیارە نەبووگە وزەلامی ئێمەشیان نەبرد کە بۆ شەڕ هەر بە بیستن بیستومانە! زەلام گشت بریاگە بۆ شەڕی سەفەر بەلەك، بەلام ئافرەتەکانمان لەجێ و شوێنی خۆیان ماتن ئیتر پیاو نەهاتۆتەوە ئیترکوڕوکاڵ گەورە بوون جەیشێکی بێ شومار خۆی دا بەسەر دێهاتا ماڵ و مناڵ وەجیا هەرزەکارو پیاو وەجیا کراونەتە زیلەوە هەنێ دێهات ئەم کارەی پێ زانیوە خێرا چی هەبوە گشتی فڕی داوەتە پیکابەوە، هەموو چەند هەزار دیناری بوگە لە ناو جلا

داینا‌گە نەی کردوە بیداتە دەست ژنە کامڵەکان بیخەنە باخەڵیان هەر دوو هەنگاو ڕۆییون زابت و عەسکەر ڕێی پێ گرتگن و گشتی لێ سەنون و سایەقی پیکابەکە بردگە کەس نازانێ بۆ کوێ، ئیتر ئاگر وارانیکەنەووە، هەر قازو قەلە لەو دەشتەدا قیرە قیر بلاو بونەوە، بێ ساحێب، کافر بەزیی پیایانا ئەهاتەوە هێند زۆر بوون عەسکەرو زابتیش فریا نەئەکەوتن بیبەن، ماڵی وا هەبووە قەسەم بەخوا چوار سەد سەر مەڕو بزنی هەبووە گشت بریا گە، ئێستە خێری پێ ئەشێ، هێند رزقی بوە بەشی چەن ساڵ دەخوایە وەم رەمەزانە هەڵی نەیری گشت هەرزەکار بڕیاگە خوا ئەزانێ رەمی کریاگن نەکریاگن.

ماڵێکی خوارزام ئەڵێ سەددانە مریشک و کەڵەشێرو تاکە فەرش و بیست بەتانی تازەو تەسجیل و تەلەفزیۆن نۆ دەس نوێنی لۆکە، گشتی براوە خوا بکا هەرزەکارەکانمان هیچیان لێ نەیە ماڵی دنیا هیچ نیە.

چەندەهام بەسەرەوە ئافرەت و منال خۆشم ئاوارە بەچی وەخەمیان کەم خوایە.

ئەوە چی عەشرەتم هەیە هەرزەکارەکانیان گیراگن، گشت پیاوی ریش چەرموش کەس نازانێ بۆ کوێ بریاگن قەسەم بەخوا هێند دەسدارو خاوەن دیوە خان و دەس گری هەژارو پیاوی ناو پیاوان و پیاوی خاس و خاوەن پیاوەتی خاوەن پارەی تێدایە مەرخودا بزانێ. کەس نازانێ کوڕوکاڵ بۆ کوێ بریاگن خۆ

کچەکانیش خوا بکا حەسییە تیان نەبرابێت، هەر پیاوەو بەلادادێ، ئەوا مەنتیقەی ئێمەش وەك شارباژێرو شارەزورو هەورامانی لێ هاتگە. ئەوان هیچ نەبێ هەر پێیان چۆڵ کرا و کۆمەڵگایان بۆکرا بەلام هی ئێمە سەنگاو مەنطیقەی قەرەداغ دەلۆو (زەنگنە) داودە جەباری، قەسەم وە خوا جاشێکی تیا هەڵکەوتگە، هەڵکەوتەی وای تیابوگە لەهیچ قەومێکا نەووە، قورعان وەهەقت کەس نەی داین وەشوو ئێران نەبێ ئەی توانی بەری لێ بگرێ، نەی هێڵێ ئەم زوڵمە زلانەمان لێ بکا، ئای داخی وە جەرگم کەی ئەم هەرزەکارانەمان یەنەوە؟ ئایا چۆن یەنەوە یان ئەو ولاتە چۆن دروست ئەبێتەوە ئاخ!! ئەمە دەقی قسەکانی علی بوو.

١٩٨٨/٥/١٧

سێ شەممە ئەمرو هەواڵ هات دێهاتی دەوری کەرکوکیش پێیان چۆڵ کراوە، ئەم هەموو موستەشارانەمان هەیە یەکێ دەم ناکاتەوە گیرفانیان خۆش بێ من هەموو خەفەتم ئەوەیە بۆیان کەزۆربەیان کوری هەژا رن و هەڵخەڵەتاون ڕۆژێك ئەبێ هەموویان لێ ئەسەنێتەوەو خۆشیان ئەکوژێ، خۆ لەرەشەی سالحە دڵسۆزتری نین چی لێ کرد هەمووی لێ سەنەوەو خۆشی کوشت ئەو دوژمنایەتیە پەیابوە لەبەینی ئەمان و طواریا لەیەکتر ئەکوژن شتێکە والەمەدا خاتمەی بینم.

ئیتر ڕۆژە ڕەشەکان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو ڕۆژی ڕەشتر ڕۆیشتن، من تا ١٩٨٩ لەم وولاتـە بووم حـەوت سـاڵ بوو منـاڵو بـرامم نـەدیبوو پشویە هات لەهەشتو نۆدا بۆ چەند ڕۆژی ڕێگای خارج کرایـەوە وە خـوا بـۆی کـردین چـووین بـۆ لەنـدەن بـۆ لایـان بـۆ یەکدو مـانگ بـەڵام شـەڕی کوێـت قـەوماو نەهاتینـەوە وانتفازەکـان بـوو دوای ئـەوە خـوا دەرگـای خێـری لـە کـورد کـردەوە بـەڵام ئێمـە هـەر ئـاوارەین خـوا ڕۆژێکمـان بـۆ بێنێـت بگەڕێینـەوە وڵات بـەئازادیو سەربەسـتیو نەمانی کۆستی گەورە کە زوحاکی نوێیە.

## ١٩٨٨/٧/١٨ شەممە

ئێستا سەعات سەعات چواری عەسرە گوێم لە ئێستگەی ئیمارات بـوو وتـی ئێـران رازی بـوو بـە قـەراری (امـم متحـدە ٥٩٨) وەسـتانی شـەڕ ئیتر ئەم وت خوایـە لـەم میراتیـەدا بەشـی کوردی تیا بێت بـێ بەش نەبین خوایە.

٧/٢١ وردە ووردە شـەڕ هـەرماوە خومـەینی وتـی: قەرارەکـەم قبـوڵ کـرد بـەڵام وەك کاسـە زەهـراو بخۆمـەوە کـەس بـەزور پـێ ی نـەکردم بـەڵام بۆ مەصـلەحەتی گەلەکـەم وام بـەباش زانـی..! لـەماڵی دارای برامم لەمام جەلالیان پرسی ئایا حسابێك بۆ ئێمە کراوە وتـی مەجبورن حسابمان بۆ بکەن گەر نەی کەن ئێمـە هـەر بەردەوام ئـەبین لەخەباتا.

هەرچەند بەڕەسمی موافقەت کرا بۆ شەڕ وەستانن بەڵام هەر بەردەوامە عێراق باسی موافەقەت ناکا پاشە لەقەی شەڕ هەر ماوە، کوشتن‌و برین‌و دێ وێران کردنەکە هەر بۆ ئێمەیە داخی چەندان ساڵی رق‌وقینی لەکورد لەم شەڕی هەشت ساڵەدا بەتەواوی رشتی، ئێستاش بەگەرمی شەڕ ئەکا داخی خۆشی لەئێران ئەکاتەوە عالەم دڵی وەك تەختەی سەرئاوە هێشتا ئەم هیچی نەداوە بەدەستەوە هەر ئەکوژێ هەقی نیە لەبەیانیەوە ئێمە تۆپ‌و میکەکەمان بەسەرەوەیە بۆ ئێمەو ئەودیو.

## شەممە/ یەك شەممە دەوری ٧-١٩٨٨/٨/٨

عێراق موافەقەتی کرد بۆ راوەستانی شەڕ.

١٩٨٨/٧/٢٩

لەم کاتی ی شەڕ وەستاننە کەس ئاگای لەخۆی نیە لەداخی گەرمیان‌و هەڵەبجە.

گوایە گەنج لەکورو لەکچی؟ کوا (٢٠٠٠) دێی گەرمیان؟ ئەڵێن: کچ فرۆشراون بە سعودیەو ئەردەن، کوڕ کوژراوە مەرو ماڵات‌و خێرو بێریان بەتاڵان بریاوە. یەك کەس هەواڵی ئازیزی خۆی نازانێ هەموو پیرەکان لە ژن‌و لەپیاو حەواڵەی سەحرای عەرەبستان کران بەم جەژنە بە تینوێتی، کە فێری دۆی ساردی خۆیانن.

## یادی سه‌فه‌رێك تكایه له‌ره‌نگاوی ته‌مه‌نمه‌وه

باتۆزێ داخی دڵم هه‌ڵ ڕێژم بۆتان دڵ ته‌قی، ساڵێك له‌كۆتایی شه‌سته‌كانا بوو یادی مامی به‌نرخ و خۆشه‌ویستم كاك فه‌تاحی ئه‌مین عه‌تارم كرد حه‌زم كرد كه پێش ئه‌وه‌ی كۆچی دوایی بكا سه‌ریی لێ ده‌م بۆ ئه‌سته‌مبوڵ مناڵه‌كانیشم به‌رم و بیان بینێت، مامێكی دڵسۆزو چاك و كورد په‌روه‌ر له زابته خوێن گه‌رمه‌كانی كوردو خه‌ڵكی شاری سلێمانی خۆشه‌ویست و یه‌كی بوه له هه‌ره پیاوه دڵسۆزو به‌كاره‌كان بۆ حكومه‌ته‌كه‌ی شێخ محمود له‌دوای رۆیشتنی شێخ و شه‌ری یه‌كه‌می جیهانی وه‌كوو زۆر له زابته كورده‌كان سه‌ری خۆیان هه‌ڵگرتوه و ڕۆیشتون بۆ ئه‌سته‌مبوڵ نه‌هاتونه‌ته‌وه له‌داخی دڵی خۆیان كه سه‌دیان بگره سه‌دان له‌و زابته به‌كارو دڵسۆزو چاكانه بوون و خۆیان و نه‌وه‌یان تواونه‌ته‌وه! چونه‌كه‌مان به ئوتۆمبێل بوو له‌سه‌ره ڕێگا ده‌بوایه پشومان له‌سوریا بدایه له‌شاری شام چوینه بازاری (حمیدیه) كه گۆڕی سه‌لاحه‌دین له‌ناوه‌ڕاستیا جێی خۆیه‌تی كورد شانازی به‌سوڵتان (صلاح الدین و سلطان محمد ظاهر بثرس) بكه‌ن كه دوای سوڵتان سالح ئه‌یوبی كوره‌زای سلاح الدین بووه به‌سوڵتان كه حوكمی شام و حه‌له‌ب و میسرو لیبیا و فه‌له‌ستین و زۆر جێگه‌ی ئیسلامی تری كردوه قه‌لاَو بیناو مزگه‌وتی كه‌له قاهره تا ئێستا ماوه و خه‌ڵكی ئه‌و ولاَتانه خۆیانی پێوه هه‌ڵئه‌كێشن و هه‌زاران هه‌زاران كوردی وا هه‌ڵكه‌وتوو كه ملله‌تانی بێگانه‌ی حه‌سانۆته‌وه و كردونی به‌شت و حسابێكیان بۆ میلله‌ته‌كه‌ی خۆیان نه‌كردوه!! كوردی هه‌ژارو هه‌روا

بەقوڵو بازووی مللەتی کورد قەڵایان داڕشتونو خەڵکی تر خۆی بەسەرمانا فش ئەکاتەوە! روی زەمانە رەش بێ وەکوو ئەڵێن شا محمد علی گەورە پاشای میصر لە زمانی خۆیەوە بیستراوە کە کوردبوەو خەڵکی شاری دیاربەکر بووەو لەبەر دوژمنایەتی لەگەڵ عەشرەتەکەی چووە هەلاتوە بۆ ئەلبانیای ئیسلام لەوێش جێی نەبۆتەوەوە بەعەشرەتەکەیەوە بۆ میسر لەوێ نیشتەجێ بووەو خواروژو دەستی داوەتێ بوە بە شای میسرو تائێستا ئەو شا گەورەیە کە کورد بوە جێی فەخری عەرەبەو کە خستویانەتە پاڵ خۆیان! لەبازاڕەکەی (حمیدیە) پرسیاری گۆڕی سەلاحەدینم کرد پیشانیان دام هەر سەرمکرد بەژورا بە گلەیی و باسی ئەو ڕۆژە رەشەی کوردم کرد کە چیمان بەسەر هاتوە.

بێینەوە سەرباسی ئەو مامە بەنرخەم کە گەیشتینە لای لە خۆشیا جێی بەخۆی نەئەگرتوو لەعەزرەتا هەر ئاو خور خور بەچاوەکانیا ئەهاتە خوارێ چونکە تائەو ڕۆژە خۆی هەر بەئاوارەو غەریب زانیوەو منالی منالەکانی بەناوی خێزانەکەمانەوە ناو نابوو لەماڵی خۆی داینایین ژوری بۆ تەرخان کردین تا نیوە شەو باسی رۆژانی خەبات و خزمەتی خۆیو زابتە کوردەکانی ئەوێی بۆ ئەکردم.

تك تك فرمێسکی گەرم بەڕیشە سپیەکەیدا ئەهاتە خوارێ هەردەیگوت: دەرکەوە دادی خودا، دەرکەوە دادی خوا، دەرکەوە دادی خودا، ئیتر وادیم بەچاوم راستە ئەم پەندو باوە زۆر دڵی بەسەروكو شوڕشەکەمان خۆش بوو هەمیشە گوێ قولاغی

هەواڵێکی خۆش بوو، هەواڵی شۆڕشی ئەپرسی ئەی فەرموو هیوام وایە هەر سەرکەوێ ئەبێ ئەم شۆڕشە سەری کورد بەرزکاتەوە بەڵام گیرو گرفتو دەستی چەپەڵی زۆر تێ ئەکەوێ لەنەتیجەدا هەر سەر ئەکەوێ بەهۆی ئەوەوە شتێکمان هەر دەس گیر ئەبێ ئاوی گەش بە چاویا ئەهاتە خوارێو هەناسەیەکی قووڵی بێ دەسەڵاتیو غەریبو لێ قەوماوی خۆی بۆ گەلەکەی هەڵئەکێشا ئێمەش لەگەڵیا.

بۆوم گێڕایەوە کە چومەتە سەر گۆڕی (صلاح الدین)و گلەییم لێ کردوەو گریاوم وتومە: هەرچی بێ بەشیو بێ بناغەییو بێوڵاتیو کەرت کراوی هەرچی تا ئێستا لە دێر زەمانەوە بەسەر کوردا هاتووە لە چاوی تۆی ئەناسم لەو کاتەدا کە دنیا لەژێر پێتا ئەلەرزی ئەت توانی هەموو شتێ بۆ میللەتەکەت بکەی فەرمووی: کورد هەروا بوە لەکۆنەوە بۆیە بێ بەشین ئای چیمان دی؟! لە زەمانی شیخا چی فیداکردنو سەروماڵو موڵك بەخت کردنو هەموو شتێ لە پێناویا بەهەرزانمان زانی، بەلام دەستی چەپەڵو خاین پشتی بەردا بەڵێ راستە هەرچی لێ قەومانێك بوو بێت بۆ کورد لە چاوی ئەو گەورانەی پێشووزۆر پێشوو ئەناسرێت چونکە دنیا نەوعێکی تر بوە هەلی زۆر گەورەیان بۆ هاتووەو دنیا لە ژێر دەستیانا بوە کەچی هیچیان بۆ نەکردوین*.

---

* بەڕاستی ئەمە گلەییەکی بێ جێیە ئاڕاستەی کەڵە پیاوی وەکوو (صلاح الدین) دەکرێ، چونکە ئەوکاتە بیرۆکەی نەتەوایەتی لەئارادا نەبووە تا ئەوو ئەمسالی ئەو هەوڵی دروستکردنی کیانێك بۆ کورد بدەن، هەمووی سەدو حەفتا ساڵێکە نەعرەی قەومایەتی لەوڵاتانی ئیسلامی دا سەری هەڵداوەو بانگەشەی بۆ دەکرێ!

ئەو مامە بەنرخەم لەساڵی هەزارو نۆسەدو شەستو هەشتا وەفاتی کرد بەتەمەنی هەشتاو شەش ساڵی بێ موراد بەدڵ لە دوایی بە چاوێکی پڕ فرمێسك بێ ئەوەی روناکییەك لە قەزیەکەمانا بیێو دڵی پێ خۆش بێ، مامە خۆشەویستەکەم! تا ماوم فرامۆشت ناکەم هەمیشە های لەدڵو دەرونما ئەو دڵسۆزیەت بۆ خێزانو وەتەن. هەرخەمی توانەوەی نەوەکەت بوو، بەڵام بێ گومان تواونەتەوە بوون بە تورك وەکوو هەزارانی تر کەلە گەڵتا بوون.

ئەم زەمانە ئەو فلیمە تیکرار بۆتەوە دیسان سەرلەنوێ قەل فر بەکورد کرا بەڵام بەشێوەیەکی تر گەر فریای خۆمان نەکەوین نەوەی نوێی ئەم سەردەمەشمان لەدەس ئەچێ، جاران سەدەها بوون ئەمڕۆ ملیونەها بڵاو ئەبنەوە بەوڵاتانی بێگانەدا بێ ئەوەی هەویەی شەخسی خۆیان بزانن زۆر زۆر بەداخەوە باوکەکان دایکەکانی دڵسۆز خێراو بەزوترین کات فریایان کەون لەو قوراوە دەریان کێشن پاك بیانشۆنەوە قوڕاوی ڕەشی عەولەمە.

---

دەی کەوابێ بەچ عەقڵێك ئێمە گلەیی لەقارەمانی وەکوو (صلاح الدین) بکەین؟ لەراستی دا ئەمە وەکوو ئەوە وایە بڵێین: بۆچی (صلاح الدین) لەشەرەکانی دا تەیارەو صاروخی بەکارنەهێناوە؟ بۆ تەلەفۆنو ئەنتەرنێتی نەبووە؟!

(مەحموود أحمد)

## هەنێ لەبیرەوەریی منالّی خۆم ئەو دەنکەی ئەو زەمانو کاتە کە بیرم ماوە ١٩٣٦:

ئەوا ساڵ ساڵی هەزارو نۆسەدو سییو شەشە بەیانیەك لە خەو هەستامو کەوەکوو خەویش لەبیرمە دایکم گۆڕیمی بەدڵێکی خۆشەوە کە کچە گەورەکەی ئەبا لە مەکتەب دای ئەنێ بردمی بۆ قوتابخانەی زارا کەلە خانوی حاجی ئەحمەدی پیرۆزا بوو، لە گەڕەکی دەرگەزێن بوو دەرگای خواروی لەسەر کۆڵانی سەرشەقام بوو نزیك شیوی قازی، بەڕێوەبەر خواڵێخۆش بوو فاتمەخانی محی دینە فەنی بوو، هەروا بەهیجە خانی خوشکی مامۆستا وەکوو لەبیرم بێ دوو مامۆستای تر مینا و مەلەك ناو کە عەرەبی موسڵاوی بوون خوشکی دکتۆری شارەزا بەپێی ئەوکاتە دکتۆر نوری فتوحی کە دەوری پانزە ساڵێك مایەوە خۆیو سێ خوشکە کەیو خزمەتێکی بێشوماری شارەکە مانیان کردو زۆر خۆشەویستو جێی رێز بوون لەلای خەڵکی شاری سلێمانی، هەروانەعیمە ئەحمەدی مامۆستاشی لێ بحوو یانی بەڕێوە بەرێكو چوار مامۆستا و چوار پۆل.

لەبیرمە ژنو مێردێك هەر لەژێر خانەکانا ئەژیان وەکوو فەراشی پیاوو فەراشی ژن باجی حەیاتو مەلا مارف ناو دوو منالّیان هەبوو شەوکەتو ئەختەر ئەمانەم وەکوو خەو لەبیرە کە دایکم بردمیو کەوتنە گفتوگۆ لەپاش یەك سەعات دایکم جێی هێشتم لەو بڕوایەدا بووم کە دایکم هەتا هەتایە لەگەڵم ئەبێ لەپۆلا کەرۆیی کەوتمە گریانو راکردن بەدوایا خاڵۆزای جوانە مەرگم کەلە

چاومنا زۆر گەورە بووە لە پۆلی چوار بوو دەستی گرتم بردمیە لای خۆی کە ئیتر ترسی تەنیایم ڕەویەوەو هەستم بەوە کرد دڵسۆزێکم هەیە لەپاش ئەو ڕۆژە سامناکا نە بوو بە پاڵ پشتم هەمیشە چمکی کراسەکەیم گرتبوو خۆم پێوە نوسانبوو نەك یەکێ بمفرێنێت تا مانگێ بەتەواوی ڕاهاتم بەڵام لە هیچ حاڵی نەئەبووم مناڵێکی پێنج شەش ساڵی ئەو کاتە لە بیرمە لەکۆتایی ساڵا هەر مناڵەی پارچە نوسراوی درابە من نەبم هەبوو بەپێکەنین و خۆشی خۆشی ئەرۆیشتەوە هەش بوو بەگریان ئیتر ئەم ڕووداوە سەیرەم بۆ دایکم باس کرد هەموو پێنج شەموانێك ئیستیعراض هەبوو شەرقیمان ئەوت کە سرودی نیشتمانی بوو، وەکوو ئەی دلێران و ئەیوەتەنی کوردی ئازیزو ئای کوردینە ئای مەردینەو زۆری تر لە شیعری شاعیرە هەڵکەوتوەکانی ئەو کاتەو کۆنتر بوو لە پێش هەموویانا ئەبوایە سرودی (مليكنا مليكنا نفديك بالأرواح عش غانما عش سالما بوجهك الوضاح...) مان بوتایە.

دایك لە فاتمە خانی پرسی بوو بۆ دڵی کچەکەمت خۆش نەکرد پارچە یە کاغەزی دڵخۆشکەرەی بەیتێ ئەویش وتبوی ئاخر ئەو لە سونفی نیوەو ئیمتحانی نەداوە چونکە مناڵە لەساڵی هەزارو نۆسەدو سی و حەوت خرامە پۆلی یەك.

هیچم لە پۆلی یەکەم بیر نەماوە کە دەرچووم بۆ دوو لەپۆلی دوا بووم لە بیرمە فاتمەخان لەپڕ خۆی کرد بە ژوری پۆلی دوو بۆ تەفتیش و هەروا کە کردبوومانە ڕۆژی حەشر ژوری بە ڕێوەبەر نزیکی ژوری پۆلی دوو بوو کە بێدەنگمان بکا کاتێ هاتە ژوری

دەسە خەناویەکانی منی بەرچاو کەوت کەقەدەغە بوو لە قوتابخانە فەرمووی حەی حەی ئەوە چیە پاکو خان دایکی دایکم ئەوە خەنەت گرتۆتە دەست؟ چونکە زۆربەمان دایکەکانمان کەسەری هەموو مانگێك پیشەیان بوو سەرو دەستو پێ یان تێ ئەگرت ئێمەش داوامان لێ ئەکرد کە دەستو قاچمان تێ گرێو دڵیان نە ئەشکانین بەنەخشو نیگار بۆیان تێ ئەگرتین هەروا شەوی جەژنو پێش شاییو روداوی خۆش فاتمە خانی بەڕێوەبەر فەرمووی: ئەوە نازانیت قەدەغەیە ئامناڵ مەستەرەیەکم بەنێ بۆ بەختی من هەرمنی بەرچاو کەوت لە هەموانا چەن دەس بە خەناوی تیا بوو ئەو ڕۆژە هەموو دەستیان خستە ژێر مێزەکەیان کەوای وت لە خۆشیا بیست مەستەرەی بۆڕاگیرا منیش لەشم وەکوو شۆڕەبی ئەلەرزی لە ترساو لە دڵی خۆما دوعام ئەکرد بەسەرە تیژەکەی بەدەسما نەماڵێت خوای منو ئێوە کردی بەسەرە کولەکەی دوو جار بەدەسمیا ماڵی ئیتر هۆشم هاتەوە بەر لە خۆشیا باوەرم بەخۆم نەئەکرد کەلەو سزا توندو تیژە سامناکە ڕزگارم بوە.

هەر لەو ساڵەدا بوو زۆر قیژە قیژ مان کردبوو فاتمەخان بهیی خانی سید فتح الله ی نارد کەبێ دەنگمان کا زۆر زۆرمان لا گەورە بوو، وای لێ ئەترساین زۆر لێمان تورە ئەبوو ئەیفەرموو من پشتی سەرم چاوە ئەزانم کێیە هێندە قیژە قیژ ئەکا راوەستێت بۆم، منیش بە هەموو ئەقڵێکمەوە ئەگەڕامو ئەگەڕام بۆ چاوەکەی پشتی سەریوام ئەزانی لەژێر قژەکەیەوە شاردویەتیەوە.

لەساڵی هەزارو نۆسەدو سی ی نۆدا چومە پۆلی سێ، ڕۆژێك کە چوینە مەکتەب تەماشامان کرد زۆر کش و ماتوو بێ دەنگیە لەپاش نەختێ ریز کراین، فاتمەخان هات لەبەر دەممانا لە حەوشەکە بەماتیەوە راوەستاو فەرمووی: تەلەبەکانم ئێستا هەواڵێکی ناخۆشمان پێ گەیی لەلایەن مودیری مەعاریفەوە کە مەلیك غازی وەفاتی کردوە، کە ئوتۆمبیلەکەی خۆی داوە لە عاموودی عەلەتریکی سەرجادە لەبەر ئەوە مودیر ئەمری کردوە کە هەموو تەلەبەیە جلی رەش کا بۆی تا چل ڕۆژ، ئێمە کوتاڵەکە ئەکرین هەروا ئەی دەین بەبەرگ درو بۆتان بدروێ و قردێلەی ڕەش بە تۆپ ئەکرین کە کراسەکە تەواو بوو لەگەڵ قردێلە یەك دابەشی ئەکەین بە سەر تەلەبەکاندا، دەبێ بۆ سبەینێ هەرکەسە پارەکەی بێنێت لە پاش چەند ڕۆژێك هەموو مەکتەب رەشی پۆشی بوو هەروا مامۆستاو بەرێوەبەر... کوتاڵەکە لەبیرمە تەختی رەش ئەستور لەگونیە ئەچوو هێند خراپ بوو، قاپ قاپی باریکی سپی کلاشەکانی پێشمان سپی بوو.

هەروا قردێلەکەش ڕەش هەر لەو ساڵەدا بوو لە بیرمە برای خۆشەویستم خوا لێ خۆش بوونوری کاکە حەمە هات بە شوێنمانا، وتی: وەرن ئەتان بەم بۆ جێگەیەکی خۆش و تازە داهاتوو ئەویش بۆ جادەی تازە کەشوێنێکی زۆر خۆشەو تازە تەواو بوە باخی میللی منیش لە خۆشیا ئارامم نەما چونکە لە مەکتەب هاوڕێکانم دیقە دیقەیان ئەداین کە دوێنێ باوکمان بردینی بۆ ئەو شوێنە خۆشە، خۆمان لێ دا لە تەل و قردێلەمان لێ بەست

مـن و خوشـکه بـچکۆلەکەم، لـەوێوە دەسـتی گـرتین و بردینـی بـۆ سەیری باخەکە کە هێشتا دارەکان ساوا بوون ڕاستە جادەی لە ناوا کرابوو ئاوێکی پیا ئەڕۆی کە ئاوی کانێسکان بوو چەند کورسی دارو تۆکمـەو ڕێـك و پێـك لـە قـەراغ ئـەو جـادەو ڕێگایـە دانرابـوو، هـەروا بونی گوڵـە باخی عەسل و گوڵـە زەردو هەمیشە بەهار کاسی ئـەکردی نەخـشەی ڕۆژئـاوایی، هـەروا خـانوی موتەسـەریفمان دی، زۆر لامـان سـەیر بـوو، خـانوی وا لـە شـارا نـەبوو، فلکـەی غـازی کـە ئێستا تۆپـە خڕەکـەی تیایـە، کـە هینـی دادە گولاڵـەی پـێ ئـەڵێن ... هەریەکـەم جـادە لەشـارا کەلـەو باخـەوە تابـەردەرکی سـەرا ئـەڕۆیی بـەڕێك و پێکـی کـە نـاو نرابـوو جـادەیی تـازە (ئێـستا مەولەویـە)، زۆرمـان بێخـۆش بـوو دڵمـان کرایـەوە خۆشـی ئـەوەش کـە هەنـدێ نـوقڵی تـرش و شـیرینی بـۆ کـڕین و بردینیـەوە ماڵـەوە، ئـەوە یەکـەم کـاری چاك بـوو بەغـدا (خێـری پـێ کردبـوین) بـۆ شـارەکەمانی بکـا ئـەویش (مەجیـد یـەعقوب)ی بەڕەگـەز تورکمـان خـەڵکی کـەرکوك بـوو کرابوو بـە موتەسـەریفی سلێمانی لـە ساڵی هـەزارو نۆسـەدو سـی و حەوت بۆماوەی سێ ساڵ و چەند مانگێك ئەو کارە چاکەی کرد بۆ ئـەوەی شار گـەورە بێت و خەڵکە کە لـەو دەورو بـەرە خـانوو بکـەن، سـاڵی هـەزارو نۆسـەدو چل چومە پـۆلی چوار کـە زۆر شـانازیم بـە خۆمـەوە ئـەکردو خـۆم بەگـەورە ئەوانـە ئـەزانی لەگـەڵما بـوون لـەپۆلی چواردا ئەمانـە بون (نـەزیرە مجید بـەگی حـاجی فرج بـەگ، ئەختـەر قـادر (قالـەی مـەنیج خـان)، ئەختـەر قـادر (قالـەی حەمـەی حـاجی)، فەیمەی درویش ئەفەندی، ئەختەر رسوڵ، تابان ئەمین بـەگ، میرەبـان

ئه‌مین به‌گ كه‌ بهیه‌ خانی خوشكیان بهیه‌ ئه‌مین مامۆستامان بوو یه‌ك دوو ساڵ بوو ته‌واوی كردبوو، ناجیه‌ ڕه‌شید (ڕه‌شه‌ی حسین)، عاصمه‌ فه‌ره‌ج (فه‌ره‌جی ڕه‌شان)، فه‌خریه‌ فتح الله‌، گه‌لاوێژ نوری (شێخ نوری شاعیر)، ئه‌ختەر فه‌تاح ناو، حبیبه‌ فتاح ناو، پاكیزه‌ حاجی حه‌مه‌ ئاغا، عه‌تیّ‌ی ئه‌حمه‌دی ته‌ها، مه‌حسوم‌و زۆری تر كه‌ ناویانم بیر چۆته‌وه‌ كه‌ هه‌موو له‌ خێزانی دیارو خه‌ڵكی شاره‌ خۆشه‌ویسته‌كه‌مان‌و ناسراو هه‌مووش بنه‌چه‌ی یه‌كترمان ئه‌ناسی مامۆستاكانمان به‌هیجه‌ خان، نه‌عیمه‌ ئه‌حمه‌د، به‌هیه‌ ئه‌مین، مه‌لیحه‌ ئه‌حمه‌د به‌گ، ئایشه‌ زه‌كی (زه‌كی زوهدی)، كه‌له‌و ساڵه‌دا شوی كرد مله‌ لیره‌ی بۆ كرابوو، چه‌ند جارێك بۆ مه‌كته‌ب له‌ ملی ئه‌كرد زۆرمان لا جوان بوو تازه‌ داهاتبوو هه‌روا لوطفیه‌ قه‌فتانیش هات به‌مامۆستایی بۆ زارا، له‌و ساڵه‌دا له‌بیرمه‌ هه‌موو جارێك كه‌ به‌هیجه‌خانی محی دینه‌فه‌نی بهاتایه‌ سه‌رمان، شیعرێكی شاعیری به‌ناو بانگ‌و كورد په‌روه‌ری بۆ ئه‌هێناین‌و بۆی ئه‌خوێندینه‌وه‌ كه‌ پورزای خۆی‌و مامی مناڵه‌كانی بوو، خوا لێخۆش بوو شێخ نوری شێخ ساڵحی كورد په‌روه‌ر ڕۆژێك كه‌ ئێمه‌ له‌پۆلی چواربووین ئه‌م شیعره‌ كه‌ تازه‌ ترین بوو دای نیّ كه‌ له‌به‌ری كه‌ین ئه‌ویش (په‌چه‌و ڕووپۆش بدڕن).

لایـــــه‌رن فرێـــــی ده‌ن بیخه‌نـــــه‌ ته‌نـــــدوره‌وه‌
حه‌یفه‌ ڕۆژی ڕوون ئه‌خه‌نه‌ ناو شه‌وی ده‌یجووره‌وه‌

کاتێ هاتمەوە ماڵی پەچەم بۆ کرابوو بیگرمەوەو گرتیشمەوە جار جار پێم هەڵئەنوتاو ئەکەوتم بەتەمەنی نۆساڵو دەساڵ عەباو پەچە گرتنەوە ناچاربووین و ئەگینا عەیبدار ناومان ئەزرا.

ساڵی ١٩٤١ چوارم تەواو کرد هەروا زۆربەی قوتابیەکان و بروا نامەمان درایە دەستو ڕەوانە کراین بۆ مەکتەبی ناوەندی کەمولحەقیان پێ ئەوت تاسێ ناوەندی تیا بوو هەبوو لەشەشەوە ئەنێررا بۆ بەغدا لەپاش ئەوەی سێ ساڵ ناوەندی لە بەغدا تەواو ئەکرد بە مامۆستایی ئەهاتەوە بۆ سەرەتایی، هەشبوو کەسێ ی ناوەندی تەواو ئەکرد، ئەنێرا لەوێ تەواوی ئەکرد ئەوەی لەشەش بوو لە بەغدا سێ ساڵی تەواو ئەکرد ئەبوو بە مامۆستا، کە هەموو زل زل بون تەمەنیان زیاد لە چواردە دەبوو هەشبوو تەمەنی ئەبوو بە (١٧) ساڵو زیاتر، لەپاش سێ ساڵ بە مامۆستایی ئەهاتنەوە هەش بوو کەلە سلێمانی سێ ی تەواو ئەکرد سیانیشی لە بەغا تەواو ئەکرد ئەوە هەر مەرتەبەی بەرز بوو هەش بوو بۆی ڕێ دەکەوت دەچووە زانکۆ کە ئەوکاتە تاقە زانکۆیە هەبوو ئەویش زانکۆی مەلیکە عالیە بوو کەسێك لەوێ دەرچوویایە ئەوە ئەبوە مامۆستای ناوەندی فرە بەرز بوو.

کاتێ چوینە پۆلی پێنج لە ساڵی چلو یەکدا بۆ مولحەقی متەوەسیتە، زارا خانی مصطفی بەگی یامولکی بەڕێوەبەر بوو، زۆر بە سامو هەیبەت بوو لە تورکیا خوێندبووی لەوێ گەورە بوو بوو کوردیە کەی باش بۆ نەئەهات، زۆر ڕێكو پێكو لێ هاتوو بوو بەسێ کچو کوڕێکەوە هاتبوە سلێمانی لەوێ شوی کردبوەوە بە

عیـزەت بـەگی وەسمـان پاشـا، مـاڵو نـاو مـاڵو تفـاقی لـە هـی ئەسـتەمولێ ئەچـوو، ئـەو کاتـە ئیـشکەرەکانی بەروانکـەیان لەبـەر ئەکرد لـەکاتی ئیشی مالا لـەپاش سێ مـانگ خانەنشین کرا دوای چـونی ئێمـە مامۆسـتاکانمان وەکـوو بـیرم بـێ هـەر تـەنها شـفیقە سعیدی خواجا فندی کوردی تیا بوو باقی هـەموو عـەرەبی موسڵ بوون، کە بەهیچ نـەوعێك لێـان تـێ نەئەگەیشتین وەکوو گوێزمـان بۆ بژمێرن وەها بوو لـە دوای زارا خـان بەڕێوەبـەرێك هێنـرا لـە موسڵەوە فخریە شاشا نـاو سـامدار سـامی لێ ئـەکرد ئـەویش ئێجگـار پۆشـتەو ڕێكو پێكو ئیشکەر بوو، ساڵێك دوان مایەوە ئیتر یەك لـە دوای یـەك مامۆسـتاکان بـوون بـەڕێوە بـەر وەکـوو عـەتێ گـەرەبێتو حربیـە ساکۆو صبیحە جراح، شەڕی دووەمی جیهانی بوو قاتو قڕی بوو هـیچ دەسـت نەئەکـەوت کـە شـەش سـاڵی خایـان لـە سـاڵی ١٩٣٩- ١٩٤٥، جل بەبەر قوتابیەوە نەبوو هـەروا پێلاو! لەبیرمـە گـەر ماڵێك لـێی بقەومایـە گـەورەی مـاڵ بمردایـەو وردەڵانـی زۆری بـێ خـانوو پـارە لـەپاش بـەجێ مایـەواخوا لێخۆشـبوو حەپـسە خـانی نـەقیب ئاهـەنگێکی سـازدەکرد لـە حەوشـە گـەورە کـەی مولحـەقی ناوەنـدی کەلە پشت دیواری مزگەوتی گەورە بووە، دوایی هەموی خرایە سـەر مزگەوتەکـەو گـەورە کـراو ئـەو قوتابخانـە چاكو تۆکمەیـە گەورەیـە نەما.

بـەڵێ ئاهـەنگێکی پێکئـەهێنا بـە مامۆسـتای بـەڕێز شـەفیقە سـعیدو هـەنێ لـە دڵـسۆزان بـۆ پـارە کۆکردنـەوە لـە خێزانـی دەسـتدارانی شـار هـەروا پیـاویش پێکـی ئـەهێنا و زۆری ئـەکرد لـە

دوایيا لوجنەيە بەپاکیو پوختی شتەکەی بۆ ئەکڕین خانوو بوایە یاشتی تر ماڵە لێ قەوماو پێی ئەبوژایەوە.

بێتاقەیان بەناو ماڵە دەستداری شارا بڵاو ئەکردەوە کە حەفصەخان ئاهەنگ ئەگێڕێت بۆ ئەو مەبەستە.

دەرس خوێنین بەکوردی قەدەغە بوو ئێمەی بەسەزمانیش هەرەمان لەبری نەئەکردەوە، کتێب عەرەبی هەموو شتێ عەرەبی بوو لەبەر ئەوە بە کۆمەڵ لەکاتی پشوی نێوان دەرسەکانمان لەگەڵ ئەو کچانە کۆ ئەبوینەوە کە عەرەبیان ئەزانی، باوکیان موچە خۆر بوەو شارانی عەرەبی گەڕاوەو منالی فێر بوون ئەوانیش بۆیان تەفسیر ئەکردین وەختە بڵێم هەر لەخواوە دەرئەچوین.

زەمانی منالی ئێمەی بەسەزمان هیچ رێ یە نەبوو کە چاومان بکاتەوە چونکە چونە شاران زۆر دەگمەن بوو، یەکەم هەرکەسەی لە شارو شوێنی خۆی نەئەجولا هەرکەسەی نیشتەجێی شاری خۆی بوو، هەتا گەرەکاو گەڕەکیش نەئەگەڕانو نەیان ئەگواستەوە، ئەمانە هەموی بەدەگمەن بوو ئەوە ماڵەوە... لە مەکتەبیش حاڵمان لەوە باشتر نەبوو، لەبەر ئەوە منال چاو نەکراوە بوو هیچ نەدیو بوو، دڵمان بەهەموو شتێك خۆش ئەبوو، گەر بوکێکی باغەمان دەست کەوتایە شایە مەرگ ئەبوین لە خۆشیا، لەگەڵ ئەوەشا شەری جیهانی دوەم بوو هیچ کارگەیەکی شت دروست کردن نەما بوو هەموو دوژمن بەر بۆمبای دابوو لەبەر ئەوە هەر ماڵەوەو مەکتەب هەرچەندە سەیرانو چونە ماڵە خزم هەبوو بەڵام ئەوە زۆر

چـــاوی نەئەکردینـــەوە، هـــەروەکوو لـــە پێـــشەوە نوســـیومە چـاوکردنەوەمان هـەر ئـەو ژنـە بەتەمەنانـە بـوو کـە شـەو لامـان ئەنوستو باسو خواسی کۆنو سەر گروشتەو نەسیحەتی خێریان ئـەکردین وێـڕای دایـكو دڵـسۆزی ترمـان لەسـەر ڕێگـای دینـداری، هەرچـەندە بـەڕای مـن ئـەو دامو دەزگـا کۆنـە هـەزار ئەوەنـدەی هـی ئێستا چاکتر بوو هەرچەندە کاتی گەورە بونو جیا بونەوە مـان لـە ماڵـە بـاوك نـەختێ درەنـگ چـاومان ئەکرایـەوە، بـەلاّم هـەزار کـەڕەت چاك تر بوو، لە هی ئێستا کە زەمانێکە هیچ ئیعتیبارێك نـەماوە لای هەنـدێ کـەس هـەتا دایـكو فرزنـدیو خوشـكو برایـەتیو کەسـایەتی وەفاو دڵسۆز بۆ خۆشەویستی ڕاستە قینـە زۆر کاڵ بۆتـەوە. کـەس ڕای گـەورەوەرناگرێتو بەقـسەی ناکـا هـەر پـارەو مەسـلەحەتو خۆپەرستی، نـاڵێم هـەر نـەماوە دەڵـێم: کەمبۆتـەوە، چـونکە لـەخودا بەزیادبێ لای زۆر کەسو زۆر خێزان ماوە، بەلاّم کزتـرە. ئـەم وڵاتـەی کـە لەندەنـەو چـواردە سـاڵە تیـا ئـەژیم، بـەزۆری ئـەم شـارە زلـە کـە بەقـەی هـەموو عێراقـی بەشـەر لەهەمـە چەشـنو ڕەگـەزو ڕەنگـێ تیـا ئـەژی، زۆر ئیعتبـاراتی خـزمو کەسـایەتیو دایـك فرزەنـدیو وەفـای تێدا کەم بۆتـەوە، لـە پێشا کـە هـاتمو تیـا ژیـام وام ئـەزانی کەنـەماوە بەلاّم تاکە تاکە دایكو فەرزەندی ماوە بەلاّم بەشێوەیەکی تـر!! یەکەم لەڕووی مرۆڤایەتیەوە خزمـەتی لـە خۆیـان گـەورەترو بـێ دەسـەلاّتو پیر ئەکەن نەك وەکوو ئێمـە لـەروی ڕەحـمو شـەفەقەتو دینـەوەبێ بۆ نمونـە یـەك دوو ڕوداوم بەچـاوی خـۆم لەلەنـدنا دی، پەیوەنـدی کۆمەلاّیەتیو کەسایەتی ئێرەم پێش چاوکەوت...

ئێمە لەساڵی ١٩٩٠ هاتین بۆ لەندەن نەك بۆ ئێجگاری بەڵکوو هەنێ هۆ وای لێ کردین، بەزۆری زوڵم و زۆر داری ڕژێمی بەعس کەنەمان توانی بگەڕێنەوە وڵات هەرچەندە ئێجگار بیزار بوین لە هەموو رویەکەوە هەموو کاتێك چاومان لەو ڕۆژەیە کەتیا بگەڕێینەوە بە ئێجگاری، چونکە دڵمان ناکرێتەوە ئێرە جێی ئێمەمانانی بەتەمەنو پارێزگەری دینو دابو نەریتی کوردایەتی نیە

کەهاتینە ئێرە، وەکوو پێی ئەڵێن: فلات لە ساڵی نەوە دو یەکا ساڵێکی ڕەبەقی بەسەرا رۆیی دوای گواستنەوەمان بۆی، ڕۆژێك تەلەفون لێ درا دەنگی ئافرەتێکی ئینگلیز بوو، وتی: مامەتم مامە کێیە وتی (مسز بلیموریا) وتم ئەو نیم بەڵام لە فلاتی ئەودام ئەوەش ئەزانم کە هاتینە ناوی ئەوخانمە مردبوو، یانی ساڵ زیاترە دایکت نەماوە! وتی بەڕاست؟ وتم: بەڵێ وایە وتی: ئۆی بەداخەوە واللە نەم زانیوە دایکم مردوە"!! لای زۆربەیان ئەوەیە دایكو فرزەندی لەبەر ئەوەهەموو ئەرکێك کەوتوتە سەر شانی میتریو هەموو پیرێك بێ کەسن مەگەر بە دەگمەنو ئەیان خەنە ماڵی پیرەکانو خزمەتی چاك ئەکرێن ئێمەش زەمانی خۆمان یەك هەنگاو لە ئامۆژگاریو ڕێ نیشاندانانی دایکەکانمان دەر نەئەچوین، هەر لەمناڵیەوە هەتا هەتایە بەم بۆنەوە ئەمەم هاتەوە بیر، کاتێ منداڵ بوین گەر دایکەکانمان بۆ زیافەتێك بیان بردینایە ئەویش گەر ئەو ماڵە بیوتایە مناڵەکانیش بێنن، هەروا دایکەکانمان بڕیاری بردنیان بداینایە، لە پێشا دای ئەناین گەلێ ئامۆژگاری هەبوو ئەیکردین،

ئەی فەرموو گەر بەقسەم نەكەن ئەوە جارێكی تر ناتان بەم، یەكەم ئاقڵ بن هەڵەو هەرزەیی مەكەن، قاوو قیژ لەگەڵ منالأنا مەكەن، هەروا پەڵە پەل‌و ملە ملێ مەكەن لەكاتی نان خواردنا، دەستی فلأن‌و فلأن ماچ كەن، هەر ئیشارەتم كردن دەست لە نان خواردن هەڵ گرن، ئەمەیان ناخۆشترین ئامۆژگاری بوو، چونكە هەر لەدەست پێ كردنەوە تا دوایی چاوەڕێ ئەو ئیشارەتەمان ئەكرد جاری‌وا هەبوو گەر ئیشارەتی بكردینایەوا خۆمان لێ چەواشە ئەكرد بەلأم گەر لە تەنیشتەوە بوینایەو بەدزیەوە نوقورچێكی لێ ئەگرتین نا عیلاج دەستمان لێ هەڵئەگرت، بەناڕەزایی و نابەدڵی نیوە برسی‌و نیوە تێر بەلأم هەوڵمان ئەدا قسەكەی نەشكێنین لەگەڵ ئەوەشا هەر خۆشمان رائەبواردو دڵمان ئەكرایەوە چونكە ئەو چوونانە كەم بوو، منالی ئێستا هێندە شت ئەبینن‌و ئەگەڕێن‌و رائەبوێرن هەر جێگەی بەپێی خۆی كەچی هەمیشە ناڕازیین‌و داوای زیاتر ئەكەن! چونكە هێند زۆرە لە هەموو رویەكەوە، زەمانی ئێمە قەڵەم نەبوو پێی بنوسین لەبەر ئەوە تا ئەم تەمەنە قەدری شتمان لایە نەك وەكوو هی ئێستا شتیان هەر بۆ فڕێ دانە، ئێمە لەسەردەمی قاتوو قڕی‌و شەڕو هەژاری‌و بێ شتی دا گەورە بووین، كە ئێستا هەیە نرخی ئەو بوونە ئەزانین بەلأم ئەوانەی لەم سەردەمەدا پێ گەیوون بەشێوەیەكی تر مامەڵە ئەكەن.

وەكوو باسم كردوە هەتا بووك‌و یاریش نەبوو هەربە یاری خۆماڵی‌و یاریمان ئەكرد بەمناڵی.

بێجگە لە ئەو کەسانەی کە کەسێکی نزیکی لە بەغدا یا لە کەرکوك لە کۆمپانیاکانی نەوت موچە خۆر بوو بێت لەکانتینی کۆمپانیا کە کە پڕبوو لە یاریی منالُو جلی ژنانەو پیاوانەو پێلاُوو زۆر پێویستی تر کاتێ بگەڕانایەوە بۆ سلێمانی بۆ سەردانی کەسوکاریان دیاریەکیان بۆ منالاُن ئەهێنا، تەنهایەکی بۆ هەمووان چونکە بەپێ ی ئەو زەمانە گران بوو.

ئێمە یەکێ بوین لەو کەسانە کەبرایەکمان لە کۆمپانیای نەوت کاریی ئەکرد خوالێخۆش بوو برای بەڕێزو خۆشەویستم علی ناجی کاکە حەمە کە چەند جارێك دیاری بۆ هێناین لەکانتینەکە زۆر دلُمان پێخۆش بوو، هاورێکانمان هەمیشە داوایان لێ ئەکردین کە پیشانیان بەینو کەمی یاری پێ بکەن ئێمەش دلُمان نەئەشکانن.

لە دوو سێ ی سەرەتاییا بووم عارەبانەیەکی بچکۆلانەی بۆ هێناین کەبە قورمیش ئەرۆی ئەسپێك رای ئەکێشا نیو بست درێژ بوو، ئەسپەکە کابرایەکی شەبقە لەسەر لێ ی ئەخوڕی‌و قامچی یەکی بەدەستەوە بوو خێرا خێرا ئەی کێشا بە ئەسپەکەداو زەنگی لێ ئەدا بۆ ئەو کاتە لەشارا شتێوا نەبینرابوو ئەوکاتەی سیەکان شتێکی سەیر بوو دەگمەن بوو، ڕۆژێ منالێك داوای لێ کردم هەر دامە دەستی خستیە ناو مەقەلُی ئاگرەکە، گڕێکی بە کتوپڕی گرتوو بۆنی باغە بلاُو بوەوەو سوتا کردمە گریانو هاوار بۆم دەریەنن کاتێ دەریان هێنا هەنێ تەلی رەورەوەکەی مابوو تاسالُی لەدلُم دەرنەچوو.

هەر ئەو بڕایەم ساڵی داهاتوو بوکێکی باغەی زوور زلی بۆ هێنام لە کانتینەکەی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بەقەی منالێی ساڵەوەخت ئەبوو هێندم خۆش ئەویست هەر لە باخەڵما شەو ئەم نواندو پیشانی هاوڕێکانم نەئەدا لەداخی عارەبانەکە ناویشم لێ نابوو (قطر الندی) واتە (دڵۆپی ئاورنگ)...

بەبۆنەی باس کردنی حکایەتی (قطر الندی) وە کە گەورە بومو چومە پۆلی چوار دام بە خوشکی دوای خۆم ئیتر ئەو بوکە خڕپنو چاو شینە جوانەم لەناو ڕەفیقەکانما ناوی دەرکرد بوو هەموو منالێ تەماعیان تێ کردبوو داوایان ئەکرد دوا جار پورزایەکم دیارە زۆر زۆرزانتر بووە لەهەمووان ڕۆژێك هات بۆ خوازبێنی (قطر الندی) وتی لویزە دایکم بوکێکی قامیشی زۆر گەورەی بۆ کردووم جلی کوڕانەی بۆ کردووە بوکەکەتمان بەرێ شوو بکا بە بووکە قامیشە کوڕانەکەم خوشکەکەم ڕازی بوو، ئیتر پورزاکەم لە خۆشیا کە پیلانەکەی سەری گرت کە توانی لەژێر دەستیا دەری بێنێت، ئارامی نەبوو ڕۆژێك دانرا بۆ جل بڕینو شەکراو خواردنەوەو شایی، ڕۆژێ نیشانەکرا بۆ شایی هەنێ مەنجەڵۆکەی مسی هێنا ڕێکخەرو خوازبێنی کەرو هاتوو چۆ کەر بۆ ئەوکارە هاوڕێی خۆشەویستو روح سوكو قسەزان خوا لێخۆش بوو مدیحە محمدی جوانە مەرگ کە داخێکی زلی نا بەدڵی هەموانا بەو کۆچەی، ئیتر بەزمیکی زۆر خۆشی گێڕا شایی هەی شایی بووکە بچکۆلە خوازرا برنجو ڕۆن لەلایەن دایکەکان کە خوازبێنی کەرو شایی هەڵ سوڕێنەرو چێشت لێ نەر هاوڕێی هەردوو خەسوو وەکوو وتم: خوا

لێخۆشبوو مديحه محمدی ڕه‌حمه‌تی بوو. بەڵێ قوربان یاپراخی گەڵامێو هەڵبژێرا، پشوی قوتابخانەش بوو نانی تیری تەڕ كراو دۆو یاپراخ ئامادەكرا. گەلێ هاوڕێو خزمی منداڵ بانگ كرانو هەمووان لاسایی گەورەمان ئەكردەوە.

تا ئێوارە دەستیان بەرنەدا هەر هەڵپەڕیوین بەو ساویلكەیو نەزانینی خۆمانەوە بیرم یە من لە چوار بوم كەمتر خۆمم تێ گەیانن خۆم زۆربە گەورە ئەزانی، والله لە پاش چەند ڕۆژێ لویزە بیری بوكەكەیی كرد دەستی كرد بە گریانو وتی ئەچم لێی ئەسەنمەوە كۆمەڵێ منالی بردوو بوكەیان لە خەسوی سەنەوە، بوو بەعاجزیو ئاشو ماش لە پاش بەینی خوشكەكەم پەنجەی شایەتمان یان دۆشاو مژەی بۆرا گرت لەگەڵ پەنجەی توتە كامیانت ئەوی ئەویش پەنجەی شایەتمانی تەر كرد بەتفو خستیە سەر پەنجەی دۆشاو مژە یانی ئاشت بینەوە ئیتر ئاشت بونەوەو لەبیر چووەوە.

## لەمەنعی تەجەولە گەورە گەورەكە:

لەناو پەڕە شڕەكانما كە پڕ پڕن لەڕوداوی دڵتەزێنو كارەساتی زەمانی بەعسی كافرو فاشست كە یەكەمجار ساڵی ١٩٦٣ هاتنە سەر حوكمو تەنها شەش مانگ حوكمیان كرد كەچییان بەشارە خۆشەویستەكەمان كرد! گەر باسەكەی بنووسم زۆری دەوێ چونكە ئەمەی نووسیومە تەنها دڵوپێكە لەدەریایەكی بێ بن، وەكوو وتویانە و باسی سیو پێنج ساڵەكەی تریش كە

سەدام حوکمی کردو چی بەکورد کرد ئەوە هەر لەباس نایە لە توانایی منی لێ نەزانا نیە کەبەم نوسینە کورتو ساکارو لێ نەزانینەی خۆمەوە بیخەمە سەر کاغەز! بێگومان چەندەها نوسەری لێ زانو چاکمان هەیە کە هەموو ڕوودا وەکانی بەتەواوی خستبێتە سەر کاغەز بۆ ئەوەی نەوەی نوێ هەرگیز لەبەرچاوی بێتو تۆڵە سێنەربێ، ببێتە هۆی یەك گرتنو دەس لەناو دەستی یەکتری و پاڵ پشتیو دڵسۆزی هەتا هەتایی بۆ یەکترو بۆ قەزیەکەمان ورو ڕەشیش بۆ ئەو کوردانە کە پاڵیان پێوە دانو کردیاننە پاڵ پشتی خۆیان بۆ پارەو کورسی، ئەبێ هەتا هەتایە ئەو رسواییە لەبیر نەکرێو نەوەو نەوەیان بەچاوێکی سووك سەیر بکرێن کە بەچڵکاوە بۆگەن گۆش کراون زۆریشیان لەوانە بوونە هۆی دروست بونو پەیا بوونی ئەو ژانو سۆیەی خرایە دڵی خەڵکی کوردستانەوە بەزۆری کە قینو رقی خۆی بەخەڵکی شارە خۆشەویستیەکەمان لەداخی ئەوەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی سەری بۆ شۆڕ نەکردن.

١. ڕووداوێکی ڕاستەقینە کەلە خزمێکی خۆم ڕوی داوە دەقی ڕووداوەکەم نوسیوە، وەکوو سەر گروشتەیە یارووداوێکی ڕاستەقینە لە بەشی سەر گروشتەکەمدا نوسیومە.

٢. دووەمیان و سێیهەمو هەزارو سەد هەزارزیاتریش کەلە توانامـا نیە بیخەمە سەر کاغەز هێندە زۆرن و باسی هەر ڕوداوێکیان دڵم ئەتەزێنێو ئەمخاتە شەرای مەرگەوە، ئەو دونیا بەچاوی خۆم ئەبینمو زینو ئەبمەوە بە دڵشکاوی لەڕو لاوازو بێ

هیوایی، بێ دەسەڵاتی بەرامبەر هەوڵ دانی بەزۆر توانینەوەی گەلەکەم و نیشتمانەکەم بەهەموو توانایەکی خۆیەوە هەموو دوژمنەکانمان هی ناو خوو دەورو پشتمان بەهەمووچەکێ بەتۆپ بەتەیارە بەکیمیاوی بەوێرانکردنی دێ و جێ و ڕێمان بەهەموو شتێ لە ئیعدام لە تەعزیب لە قوڵ بڕین لە قاچ بڕین لە فەسادی دایك و خوشك و كچ نازانم لەچی تر بڵێم هەمووی هەرسوێیە داخە دڵ لەرزینە خەو زڕاننە.

٣. چونکە هەستم وابوە کورد دۆستی نیە وڵاتیان پارچە پارچە کردوین و خێرو بێری دەبەن و منەتیشمان نازانن، نانی کورد ئەخۆن و نانێنی دەدڕن، بەنەوت و بەروبوومی ئێمە دەژین کەچی بونەتە چقڵی چاوو دوژمنی قاتیل، هەرچی بڵێی لەبارەیانەوە کەمە کەمنەتمان لێ نازانن بەچەپۆکیان کوێریان کردوین سەرشکێنیان کردوین بەتفە بۆگەن و پەنجە چڵکنەکانیان مێژوویان سڕیوینەتەوە، لەپاش ئەوەی هەموویان نوسیوەتەوە و بەئاوی ئاڵتون و ناوی خۆیان لەسەر نەخش کردوە من بڵێم چی لەگەڵ قەدەر کە کورد تێکەڵی ئەوانە!!!.

## بۆ بیر خستنەوە ١٩٨٦/٣/٥

لەساڵانی هەشتاکانا کابرایەکی ئەمن ئەچوە سەر بەقاڵی وشکە یەك بەیەك پێی ئەوتن: بەئەمری موحافیزی سلێمانی هاتوم بۆ لات حاجی کە سبحەینێ پڕ بیکابێك لەم شتانەی خوارەوە کە

نوسراوه ببەی بۆ فلاَن جێگە کە ئەبێ هەموو کەسێك لە شارەکە بەشداری ئەو خۆشیە بێهاوتایە بکا، هەرکەسەی بەپێی ئەو شتەیە ئەیفرۆشێت، فەردە شەکر، چا، فەردە ئارد، فەردە کاکڵە گوێز، هەروا حێل دارچینی گولاَو بادامی شکاو کشمیش لەگەلَ گەلێ شتی تر، بۆ ئەو ئاهەنگە خۆشە کە ئەویش جەژنی لەدایك بۆنی (السید الرئیس حفظه الله ورعاه) هەرکەسەی بەپێی خۆی، ئەمجار ئەچوە سەر بەقالێکی وشکەی تر بەو شێوەیە تا هەموو گوزەری بەقاڵەکان یەك بەیەك پێی ئەسەلمانن، وەی لەوەی بەیانی ئەو پیکابە پڕ شتە ئامادە نەکا لەو جێگەیەدا، ئەوانیش لەدلاَ ئەکولاَن، بەلاَم بەسەر زاری دەیانگوت: وەی بەسەرچاو عەرزی موحافیز بکە کە هەمووی سبحەینێ ئامادە ئەکرێ بەسەر روح، جا بۆ ئاهەنگ لەو ئاهەنگە پیرۆز تر هەیە؟ ئەمە بۆ کێکو چێشتو نانی ئەورۆژەی ئاهەنگەکە سەدان پیکاب ئەچو بە ئەمری موحافیز، هەرچی پیکابێك کەمتر بێت خۆی ئەبینێت یانی دەست کەوتی ساڵەکە ئەنێررا بۆ ئەو ئاهەنگە پیرۆزە مێژووییە کە یەك دووکێك زیاتر هیچی تر نەئەکرا، هەرکەسەی لەبەر خۆیەوە پڕی پیا ئەکردو ئەی دزی لەگەورەوە بۆ بچوك دڵنیام رۆژێك دێ بە خواردنی ئەو هەموو ماڵە حەرامە ئینتەلا ئەکەنو پی ی ئەمرن دنیا وایەو وابوە ڕۆژی هەریەت بۆ زاڵمان.

## لەندەن ١٩٩٩

هەندێ یادی خۆش کە ئەمگەڕێنێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٣٩ – ١٩٤٠کان:

مرۆڤ سەیرە کەبەرو پیری ئەڕوات هەمیشە یادی زەمانی کۆن و منالّی و گەنجی خۆی دەکاتەوە، بەزۆری لە غەریبی دا، یادەکانی لەگەڵ خۆشەویستەکانی لەخزم و هاوڕێ و دەرو دراوسێ، منیش لەم غەریبییە لە لەندەن کە شەو دائەنیشم وەکو فلیمێکی سینەمایی هەمیشە دێتەوە بەرچاوم یادی خۆش و ناخۆش دەکەمەوە، هەندێکی لێ ئەنوسم و هەندێکیشی وەك خۆی دەمێنێتەوە لەبیرو هۆشمدا..

یادی ئیمشەوی رابردوم یادی مامۆستایەك و هاوڕێییەکی زۆر زۆر خۆشەویستمە کە یادی خۆیان یا بگرە زۆربەیان لە بنەماڵەکانیاندا کە پەیوەندی و خۆشەویستی راستەقینە بەدڵسۆزییەوە هەبووە لەنێوانماندا. ئەو مامۆستایەم لە قوتابخانەی زارای سەرەتایی لە پۆلی یەکەوە تاچوار دەرسی پێ ئەوتم، خوشکەکەشی هاوڕێی گیانی بەگیانیم بوو کە ئێجگار یەکترمان خۆش ئەویست ئەویش مامۆستای خوالێخۆشبوی بەرێزو خۆشەویستم مامۆستا (نەعیمە ئەحمەد) و هاوڕێکەم (نەبیهە ئەحمەد)ی خوشکی کەلەتەمەنی خۆما بوو تا ئەو رۆژە خۆشانەی وەك پەپولە وابوین منالّ و دڵپاك و بێ کینەو دژایەتی و خۆشەویستییەکی پاکو راست و بێ ڕیاو مەسڵەحەت، مامۆستا

نەعیمە ئەحمەدی چاکو کورد پەروەرو دڵسۆزو روخۆشو دەنگ خۆشو دڵسۆزی قوتابخانەو قوتابیەکان ئای هەزار رەحمەت لەگۆڕت مامۆستا بەنرخەکەم کە هەموو قوتابیانت بەئەولادی خۆت ئەزانی رەگی کوردایەتیو راستیو دڵسۆزیو پاکییت لە مێشكو رەگو ریشەمانا ئەروان هەزار رەحمەت لەگۆڕت مامۆستا لێهاتووەکەم کە هەمیشە لەیادمای هەمیشە ئامۆژگارییە بەنرخەکانت لەگوێما ئەزرنگێتەوە کە نزیکەی شەستو پێنج ساڵو زیاتر لەمەوپێش تۆ فێری سرودە کوردییە هاندەرەکانت ئەکردین بەو دەنگە خۆشەت بۆ کوردایەتی کە دڵو گوێمانت لێ پڕ ئەکرد یەکەم جار لەتۆم بیست ناوی (سەلاح الدین ئەیوبی) مناڵێکی شەش حەوت ساڵ بووم بێ ئاگا لە هەمووشتێك. هێند چاو نەترس بویت کام سرود قەدەغە بوایە فێرت ئەکردین وەکوو (ئەی وەتەنی کوردی ئازیز، ئای کوردینە ئای مەردینە،...) چەندانی تر کەلەزەمانی پاشایەتیا لەعێراق خەڵکی لەسەری کەلەپچە ئەکرا تۆ بێ ترس چیت بتوانیایە فێرت ئەکردین بێ ترس هەموو قوتابییەك وەك دایك یا خوشکی گەورە سەیرمان ئەکردیت هەمیشە ئاواتە خواز بوین کە دەرسی تۆمان هەبێت قەت لەقسە خۆشەکانو ئامۆژگارییە بەنرخەکانت تێر نەئەبوین هەرگیز لێمان تورە نەئەبویت گەر وانەکەشمان نەزانیایە بەئامۆژگاریە بەنرخەکانت تێر نەئەبوین هەرگیز لێمان تورە نەئەبویت گەر وانەکەشمان نەزانیایە بە ئامۆژگاریو روی خۆشەوە هانت ئەداین کە بخوێنین تا لەپۆلی چوار دەرچوین کە ئەوکاتەی ئێمە قوتابخانە سەرەتاییەکان

هەرچوار قوتابخانە بوو کەلەپۆلی چوار دەرئەچوین ئەبوایە بگوێزراینەوە بۆ قوتابخانەی ناوەرزی کەلەتەنیشت مزگەوتی گەورەدا بوو لەوێ پێنجو شەشی سەرەتاییمان تەواو ئەکرد ئینجا بەرەو بەغدا بۆ تەواوکردنی یەكو دوو سێی ناوەندی کە پێیان ئەوت مولحەقی ناوەندی هەمووماموستاکانمان عەرەب بوون ئێمەش عەرەبیمان نەئەزانی لەبەغدا کەلەسێی ناوەندی دەربچونایە بۆیان هەبوو خولێك بخوێنن (کە ماوەکەی نۆ مانگ بوو) دوای تەواوکردنی ئەو خولە دەبویت بەماموستاهەش بوو تا پێنجی دوا ناوەندی لەپاش خولێکی نۆ مانگی ئەبوو بە ماموستا هەش بوو کۆلێژی (ملکە عالیە کە تەنها کۆلێژ بوو)ی تەواو ئەکرد ئەبوو بە ماموستای ناوەندی.

کاتێ بەمروری زەمان ئەو کۆمەڵە کچە کوردە تەواویان کرد ماموستای کوردی پەیا بوو زۆر بوو ئەوەی شایانی باسە ماموستا نەعیمە ئەحمەد خوشکێکی گەورەی هەبوو (وبیحە خان) بەڕێکەوت خانویەکیان کرد بەرامبەر ماڵی ئێمە نزیك شەقامی کاوە زۆرم پێ خۆش بوو ئەویش تا بڵێی ژنێك بوو شای ژنان تا بڵێی چاك ئیتر کاتێك خوشکەکانی ئەهاتن بۆلای ئەی نارد بەشوێنما ئەچووم بۆ خزمەت ماموستای خۆشەویستو بەرێزم ماموستا نەعیمە وخوشکەکەی نەبیهەی هاوڕێی گیانی بەگیانیم مەیلمان تازەئەبوەوە بەهۆی ئەوخوشکەیان کە دراوسێمان بوو.

دوای ماوەیەك ماموستای بەرێزو هەڵکەوتوو ماموستا برایم ئەحمەدیبابان کە ئەوکاتە تاقە برایان بوو بەهاوسەرەکەی گەیی

گەلاوێژخان لەپاش ماوەیەك ساڵ زیاتر هێرۆخانی بوو کە کاکاتێ نەختێ گەورە بوو نەبیهە ئەهات بەشوێنما بۆ ماڵی سەبیحە خان ناو کە خوشکیان بوو تا ئێوارە لەگەڵ ئەومناڵە ئێسك سوکە رامان ئەبوارد، ئەو رابواردنە لەگەڵ مناڵێکی ئەو تەمەنە بۆ هەرزەکارێکی وەکوو ئێمە بەهەموو خۆشی دونیامان نەئەدا.

ئەو رۆژانە دڵمان بەهەموو شتێك خۆش بوو گەشەمان پێ ئەکرد هەروا سەبیحە خان خوشکێکی هێند چاك بوو تامی مامۆستا نەعیمەی ئەداو دڵمان نا بەدڵیەوە ئالەو رۆژانەدا نەبیهە ئەحمەد هاتە قوتابخانە هەواڵێکی سەیری بۆ هێنام باسی قەرەجێك کە خشڵی ماڵە دراوسێکەیانی دزیوەو چۆن مەلایەکی چاوساغ بەرێکەوت دیویەتی لەسەر قەبران شاردویەتییەوەو مەلای بەدی ئەکردووە چۆن مەلا بردویەتیەوە بۆ خاوەنەکەی‌و هەروا چۆن خۆشی خۆشی کەوتۆتە گەڕەکەوە بۆ دۆزینەوەی کە گەڕەکێك بوون بەرامبەر ماڵی حاجی بەگ باپیری کاك شەوکەت سەیدەڵی نزیك سەر قەبران بەرێکەوت دانای کوڕم کە ماجستێری لە ئەندازیاری لەلەندەن تەواو کردووە و ساڵێك ئیشرافی بینای مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی کردووە لەلەندەن تا تەواو بووە وەکوو دڵسۆزو کورد پەروەرێك بەبێ پاداشت تەنها بۆ خزمەتی ئەو مەڵبەندە کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی خوالێخۆشبووی کورد پەروەرو دڵسۆز لەگەڵ چەند کوردی تری دڵسۆز خاوەنی بیرۆکەو پێگەیشتنی ئەو پرۆژەیە بوون لەپاش ماوەیەك دانا ئەبینێت هەواڵی باوکی لێ ئەپرسێ ئەفەرموێ: زۆر حەز ئەکەم کە باوکت ببینم بەیادی جاران

کە موحامی باوکی بووم (فەقێ رەشیدی قەشانی) هەروا باوکیشت کە لە حقوق دەرچوو بۆ ماوەیەك لەگەڵما هەروا لەدواییا لەگەڵ (ئیسحات میری جولەکە) کە زۆر شارەزایی ئەوکارە بون بۆ شارەزای و فێربون ئیشی کردووە زۆر حەز ئەکەم کە ببینم بەیادی رۆژانی گەنجی و ئەو سەردەمە خۆشە ئیتر یادی زۆرم هەیە لەگەڵ زۆربەی بنەماڵەکانی خەڵکی شارەکەم کە خۆشەویست و دڵسۆزی راستەقینەو خۆشەویستی بێ پایان هەبوون لەبەینمان دڵم زۆر جار قوڵپ ئەداو چاوم فرمێسکی پیا یەتە خوارێ بۆ ئەو رۆژە خۆشانە کەئەم رۆژە نەبوو بەڵکو رۆژێکی تر لەئارادا بوو کە رۆیشتوو نایەتەوە لەگەڵ گۆرینی مرۆڤەکاندا.

## پێنج شەممە ٢٠٠٣/٣/٢٠ معرکة الحواسم

وتویانە پێوەدان خۆشترە لەگیزە گیز ئەوا ئەمرۆ پێوەی دا رۆژێکی پیرۆزە خوا بکا خێری پێوە بێ.

چەن ساڵە ئەمریکا گیزە گیزیەتی دەوری زوحاکا کە سی و پێنج ساڵە پێمان ئەکا پرستی کوردی بچران هێزی تیا نەهێشت بە کوشت و برو ئیعدامی ئەم و ئەو! سەرباری ئەوەی کە لەبنەرەتا شەش هەزار گوندی رووخان و بەهەزاران بێتاوان ژن و منداڵی زیندە بەچاڵ کرد، پرۆسەی کیمیاباران و ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار کوردی ئەنجام دا. روداوی هەڵەبجەو هەشت هەزار رۆڵەی بەرزانی و سەدوحەفتاو پێنج پیاوی خەڵکی سلێمانی و دەورو بەری لەگەڵ

قاله تەگەرانیو گوم بونی ڕۆڵه کانمانو باقی ڕۆژگارو عەداڵەت ورد ورد دەری ئەخا کەچی پێ کردوین، نەفسیەت گۆڕینی خەڵکیو پەیدا بونی موسته شارو جاشو هەزار شتی وا بۆ دووبەرەکایەتی لەناو ڕۆڵەی کوردا، وا ئەمەریکا پێوەی دا چ پێوه دانیك لەپڕێکا ئەمرۆی پێنجشەممە سەعات چوار مەلابانگدان چل ساروخی نابەبەغداوە.

## ٢٠٠٣/ ٣/٢٤

شەڕ زۆر گەرمە هەزار قسەو تەواتیر ئەبیستیت ئەوانەی لە هەندەرانن بە ڕادیۆ تەلەفزیۆن گوایا ئەمریکا مەعامیلی کیمیاوی و بایولۆجی دوزیوەتەوە بەدەم شتی ئەوتری و راستیەکەی نەوعێکی تره ئیتر کەس نازانێت.

ئالەم کاتەشدا تورکیامان لێ هار بووە، وەکوو، پشیلەی برسی خۆی مەڵاس داوە ئاو زاوەتە دەمی بۆ لیوای موسڵ کە کەرکوکی لەگەڵە بۆ نەوتەکە.

لەپاش (٢٠) ڕۆژ پەلو پۆی شکاو تەقە نەما توخوا کێ کیمیاوی دایە کێ بۆی خستە سەرینو پێشکەشی کرد کەس نازانێ لە کوێ خۆی حەشار داوە

منیش لەم کاتەدا ئەڵێم:

ئەی زوحاکەکەی دەرکراوە خۆشاراوەی بنی زێراو

هەموو شتێکی هەر لەمانگی سی دا لە نەورۆزدا بەکورد کرد، هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، کیمیابارانی هەڵەبجە هەموو کۆستێکمان هەر لەنەورۆزدا بوو وا ئەویش لەنەورۆزا لێ ی قەوما.

:٢٠٠٦/١/١

وریا بن کورد بەر ورژمی عەولەمە نەکەوێت عەولەمە یانی توانەوە کورد هەزاران ساڵە خۆی راگرتوەو نە توایەوە ئەیانەوێ بە زۆر بە فێڵو فەجەر بمان توێننەوە دەورو پشتمان هەموو توانەوەیان ئەوێ، توانەوەی ئەم میللەتە ڕەسەنە خاوەن مێژووە... هەر کەسە لە کورد لەعاست خۆیەوە بەر پەچی عەولەمە بدەنەوە، ئەویش شووکردن و ژن هێنان بە بێگانە کە ئەوە گەورەترین هۆی توانەوەیە.

مناڵتان هەر فامی کردەوە کورد کوردتان بێ لەگەڵیا بەزۆری ئەو کەسانەی لە هەندەرانن هەوڵ بەن مناڵ زمانیان خوارو خێچ نەبێ، لە ماڵا هەر بە کوردی قسەیان لەگەڵ بکەن.

زنجیرەی وەرد

بەشی نۆیەم

# چەند وتەو باسێك

# پارە بەختیاری ناهێنێت بۆ هیچ کەس

لـە روداوێکـی راسـتەقینەدا ئـەیان گێڕایـەوە خورشـی خـان ناوێك لەبیستەکانا خێزانی کابرایەکی زۆر ساماندار ئەبێ لەسەر شەقام لەهەرە توجارە پارە دارەکانی شار حاجی ئەحمەد ناو بەڵام ژنـە هـەمووکات روت و رەجـاڵ و چـڵکن و پڵکـن، دڵتـەنگ و چـاو بەفرمێسك، لێـو بـەبار رەنـگ هـەڵبزڕکاو بێدەماخ پـانی بـەرز شـڕ هەرچی بڵێی هەرکەمە.

زۆر کـەس لەسـەر شـەقام گوناهباریـان ئـەکرد بـە پڕپـۆڵی و لێنەهاتویی بەچروکی و پیس و پۆخڵی خۆی، چونکە بوخچەی دڵی خۆی بۆکەس نەکردۆتەوە لەپاش هەشت نۆ ساڵێك قاوێك لەگەڕەکا دائەکەوێ کە خورشی خان لەگەڵ حاجی ئەحمەد دا تێك چوون و لێك جیابوونەتـەوە، لـەپاش دوسـێ چـوار سـاڵێك رۆژێـك خـەڵکی گـەڕەك بەرێکـەوت لەحـەمام ئـەیبینن دەسـت ئەکەنـە ملـی و ماچـی ئەکەن و ئەڵێن ئەوە کوایت چیت لێهات هەتا لەحەمام و تەعزییەش دا نابینرێیت؟.

وتـی: واللە خوشـکینە چـی بـێ لـەئێوە نهێنـی لەجەهەننەمـەوە چومەتە بەهەشت حاجیەکی چروکی پیسکەو دڵ پیس و تورەو تڕۆ تەنانەت ساڵی کراسێکی بۆ نەئەکردم تا شڕ شڕ ئەبوو، ئینجا ئەم پیاوەی ئێستا شووم پێکردوە بە پێچەوانەی ئەوەوە کەم دەست بێ ناوو نیشان بەڵام دڵ چاك چی دەس ئەکەوێ سەرفی ئەکا هێند دڵم

خۆشە نەبێتەوە پوشتە دەم بەپێکەنین دڵخۆش پاکو تەمیز هەرئەو خورشی خانە بووە کەخەڵکی لەوەو پێش دیویانە.

## هــەق

## سلێمانی ١٩٨٩/١/١٦

هەق شتێکی خواییە ڕێگەیەکی ڕاستو تەختە ڕێگەیەکە ون نابێتو ناتوێتەوە، هەموو شتێ گۆڕانی تیا ئەبێت هەر هەق نەبێ ئەزەلیە هەبووە و ئەمێنێت لە ڕۆژێکەوە کە خوای مەزن دنیای داناوە هەقو ناهەقیشی لەگەڵا داناوە.

هەق خاتری گەورە دەستدارو بێ دەستو شاهو گەدای لایەکە، گەورەو بچوکی نازانێت بۆ هەموان ڕێگەی خۆی ئەگرێتو ونی ناکات هەرگیز نەبووە هەقی یەکێك بەسەر یەکێکەوە بهێڵێتەوە، لەبەرخاتری گەورەییەکەیو کورسیەکەی... هەمووشتێ ئەگۆڕێت لەبەشەر تەمەنو شێوەو تەبیات لەشەو ڕۆژ کەشەو ئەڕوا و ئەگۆڕێ ئەبێ بەڕۆژ لە حاکمو شاو هەموو گەورەیە یەکێك دەڕواو یەکێکی تر دەچێتە شوێنی، تەنها هەق نەبێ... چ زاڵمێك زوڵمی کردبێت هەق بۆ مەزلومەکە نەهاتۆتە رو ئیتر چی هەیە لەم دنیایەدا لەنەمانو گۆڕانایە تەنها حەق نەبێ هەزاران هەزاران حاکمی زۆردارو خوێن ڕێژو گیرفان پڕکەرو مەغرورو خوا هەتا بڵێی زوڵمی کردووەو ڕۆژی داوەتێ تا تەواو لە مەغروری

خۆیا زوڵمـی کـردووە تـا ببێتـە قاقـای هـاتوە خـەڵك وتویـەتی هـیچ هێزێـك پێـی نـاوێرێ‌و بـۆ هـەتا هەتایـە دەمێنـێ هـەزار ئەوەنـدە زاڵـم بێ، یا وتویانە دنیا بۆئەوە یا زاڵم و زۆردار دنیا ئەخوا یا بێ عار بەڵێ بێ عار، گەر زوڵمـی نـەکردبێت وا خواردویـەتی بـەڵام زاڵـم بـێ زەواڵ نابـێ رۆژێـك لـەپڕ زەواڵێکـی بـۆ یـەت‌و هـەق یەتـە ڕو مـن هەرئـەڵێم رۆژێکـیش یـەت ئـەم زاڵمـە خـوێن رێـژە گیرفـان پڕکـەرە خاوەن کیمیاویەی کوردی پـێ هـەڵپڕوکان، خـۆ غـرور چاوی کوێر کردووە بەهەرچوار لادا ئەکوژێ‌و ئەبڕێ‌و وێران ئەکا خـەڵکی زینـدە بەچاڵ کـوڕی عالـەم ون ئـەکا و کچ ئـەفڕێنێت‌و بە وڵاتـی بێگانـەی ئەفرۆشێت، تاڵانی ماڵ‌و خێرو بیری میللەت ئەکا. ئەڵێن بەخوا هێز نییە پێی بوێرێت هـەر ئـەڵێم و وتومـە رۆژێ یـەت زەلیل‌و کەساس‌و رۆڵە کوژراو دەس نەماو ئەبێ هەقی ئـەم عالەمـەی بەسـەرەوەیە خـوا زەواڵێکـی بـۆ ئـەنێرێت درەنـگ‌و زویـی خۆشـی هـەموو ناخۆشـیەکی کەبەو گەلـەی کـردوە یەتـەوە رێگـەی هاکـا خـوا سـەری لێشێوان لـە مـەغروری خـۆی هۆیـەکی بـۆ رەخسان غـرور چـاوی کـوێرکرد هـەق ورد ورد بۆ گەل هاتە روو.

## دونیای ئێستاو ئەوسا

ئێـستا کـە دنیایـەکی خامۆشـە هـیچ اعتباراتێـك نـەماوە هەربـەیادی کـۆن ئـەژیم، پـڕ بـەدڵ حـەزم ئـەکرد کەلـەم دنیـا سـەر سـوڕهێنەرەدا دانەژیامایـە ئـەم قـەل فـڕو عـیلم‌و بەشـەر گۆڕانـەم

نەدییایە، بەڵکوو هەر لەسەر ئەو دنیا پاکو بێ غەشو یەکێتیەی زەمانی منالیما بژیامایە ئەم کوێراییانەی کە ئێستا بەچاومایەت ئەوانەی ئەی بینمو ئەی بیستم نەم دیایە، لەهەموو رویەکەوە رۆژگاری رابردوم پێ باشترە... دیارە ئێستا زۆر لە گەنجەکانمان هەتا لەنەوەی خۆم پێم ئەڵێن ئەوە چی یە ئەم قەدیمو کۆنە؟ ژیان بەو ئیعتیباراتانە کە هەبوو خۆش بوو، بەخوا ئێستا ژیانێکی سەیرەو سەمەرەیە شتی واهەیە بەچاوی خۆم ئەیبینم هەروا تاس ئەم باتەوە ناتوانم لەگەڵیا بڕۆم، بەڵام دەسەڵاتم نەماوە، هەر ئەبێ قڕو قەپ بکەم یاخوا ئەوانەی ئەیانەوێ دەست بگرن بەڕەسەنایەتی کورددا، خۆیان هیلاك ئەکەنو بەهەموو توانایەکیانەوە ئاگاداری ئەکەن و گوێ لەخاوەن تەجربە و کۆنەکان ئەگرن، هەرسەرکەوتوو بن، گەر ئەوەی تۆزێ رەسەنایەتی تیاماوە ئاگای لەمناڵو نەوەی خۆیو تاقسەشی بڕیکا هی خزمو دراوسێی و نزیك ئەوە هەرباشە ئەم هجومو هێرشە زلەی عەولەمە گەر هەموانیش لانەدا وانیوەی رۆڵەی کورد لائەدا گەر وانەبێ مژدە لەکوردبێ وا کاتێکمان زانی لەپاش سەردەمێ دوان سیانی تر کورد تواوەتەوە!! دووربێ خوا نەکا... ئەبێ هۆش بێنینەوە بەرخۆمان ئێمەو ئەم وەزعەی عالەم کوجا مەرحەبا!؟ کورد زۆر دورە لەوەوە زۆر رێزم بۆ ئەو رۆڵە کوردە بەشەرەفانە هەیە دژی عەولەمە ئەوەستنو دەس بەسەر دابو نەریتی کوردا ئەگرن دەیانەوێ بیخەنە مێشکی مناڵەوە، کورد هەر کوردی چەوساوە نابێ بفەوتێ رۆڵەکانمان لادەین ئەبێ هەوڵبدەین چی بۆ کورد باشە ئەو رێگەیە بگرین.

لـەم ڕۆژانـەدا ئـەم باسـەم لەکۆمـەڵێکا کـرد یـەکێ هـەڵی دایـە وتـی: ئـەوە تـۆ باسـی چـی ئەکـەی؟ کـەی بـاوی ئـەوە مـاوە، تۆڵـە کـوێ‌ی؟ هەرکـەس خـۆی‌و مەسـڵەحەتی خـۆی، وتم: تـۆ قەناعـەتی تـەواوت بـەوە هەیـە بـەڵام مـن نـاتوانم قەناعـەت بـە خـۆم بکـەم مـن هەرئەڵێم هەموو من لەپێشا مەسڵەحەتی کوردو ئینجا کەسوکارم‌و ئینجـا خـۆم‌و ڕۆڵـەکانم وتم: بـەڵێ زەمـان زەمـانی تەلـەفزیۆن‌و ئینتـەرنێت‌و کۆمپیوتـەرەو صـاروخ‌و چونە سـەر ئەسـتێرەو جینـات گـۆڕین‌و دەس لـێدانی بەشـەرو کیمیاویـات‌و هـەموو ڕۆح لەبـەرێك بـەکرێ گرتنـی سـاروخ بـۆ چـونە سـەر ئەسـتێرەکان کـە خـەڵکی ئەتوانن بەپارە بچن بەڵام بە ئێمە چی، ئێمە لەدنیایەکی تـراین لـە ئێستاوە هەوڵ نەدین کە گەیشتینە ئەو پلەیە کەناش گـەین وانـاوی وشەی کورد لەمێژودا ئەسرێتەوە، بیخە کایەو هیوام وایە بەهەموو تواناکەوە بەبەرەکانی عەولەمە بکەین لەناو کوردا، تـونگ تـونگ دەسـتی یـەکتر بگـرن یـەك گـرن کـورد پـەروەری دڵسـۆزی کەسـایەتی یارمەتیـدانی یـەکتر خوێنـەواری پـارەو مەسـڵەحەت بخەنـە پـشت گوێ.

بەڕای من تێکەڵ بوونی هـەموو میللـەتی سـەر زەمـین کـە کـەس نەچێتە سەر کەس بکەونە ناو گێژاوو گێژە ڵوکەیـەکی سامناکی بێ شـومار هـەر گێـژیان دا هەرگێـژیان دا و تێکـەڵ‌و پێکـەڵیان کـا کـە خۆیان نەناسنەوە کێن‌و لەکوێوە هاتوون‌و ڕەگـەزو ئەسـڵ‌و فەسـڵی کێیـە، ئەوەنـەوەی کـوردە تـازە کـەخۆی نەناسیەوە و لـەوڵاتی خـۆی هـەڵ کـەنراو بێ وەتـەن خـۆی پـێ ناگیرسێتەوە لـەو وەتەنـە تـازە یـە

دائەمرکێتـــەوە بـەڵام دڵ لـەدوا، خـۆ بەغـەریب زان، بـێ وەتـەن بـێ کـەس منـاڵ لـەکیس چـوو، وەتـەن لـەکیس چـوو (الله حـافظ) کاتـێ تەماشا ئەکا بەخۆی نەزانیوە ژنە جوانو ناسکو قژ زەردەکانی ئەو وڵاتانـەی هێنـاوە وەکـوو گـەر باســی خۆمـان کـەین (کـورد) ژنــی ناسـکی نـەبێ، ئـەو ژنـە کـەنازانێ ئـەم کـوڕە دایكو بـاوکی کـێ یـەو لەکوێوە هاتووە خوو ڕەوشتو دابوو نەریتو ئەسڵو فەسڵی چییە ڕەنگبێ گاڵتەی پێ بێت هـەروا زاوو زێ بـووە، منـاڵ نـازانن باوکیـان کێیەو خەڵکی کوێیە، هەزار بەهێزو توانا بیت نابێ بـەهی تـۆ هـەر چـاوی لەوەتەنەکەیـەتی گاڵتـەی بـەخوو ڕەوشـتی تۆیـەت، هـەروا منالەکانی ئیتر کوڕەمـان سـەری لـێ ئەشـێوێو دەسـتێکی ئەکەوێتـە ئەم لاو یەکێ ئـەولا چیم بـەخۆم کـرد چـۆن خـۆم خستە گێژاوەکـەوە لاواز بووم خۆم پێ نەگیرا هەڵخەڵەتام بەخۆشی ئەوروپا و ئـەمریکا، وام زانـی ڕاسـتە نـەم زانـی هـەموی درۆیـە بـێ بناغـە و پوچـە، ئـەم پیلانە پیلانێکی گەورەیە زۆر گـەورە بۆئـەوەی هـەموو میللـەتی دنیا قووت دا، بابـە گـەورەو بیخاتـە ژێـر چـەپۆكو چـنگی خۆیـەوە، کـەس نـەڵێ منـیش هـەم شـتم ئـاخ نازانیـت بـەچ لایـەکا ڕاکـەی بڵێـی چـی دەسـتت لـەبنی هەمانەکـە دەر هـاتووە چـەقیویتە قـوڕو لیتـەوە، لێـی دەرنایەیتـەوە هـەموو شـتێکت لـەدەس چـووە خـۆتو مـاڵو منـاڵو کەسو کارتو وەتەنت.

هـەروەکوو شـێت بـەدەوری خۆتـا ئەسـوڕێیتەوە و ئـەڵێی ئـای لەم پیلانە زلە ئای کە خـۆش بـاوەڕ بووم بـەڵام دان بـەخۆتا ئـەگریت چی بکەی تـازە کـار لـەکار تـرازاوە هیـچت بـۆ ناکرێـت بڵێـی منـاڵ با

بڕۆمـەوە و بتانبەمـەوە دایك گاڵتـەی پـێ یـەت منـاڵ هیـچت لـی تـێ ناگا بۆکوێ بۆ کوێ ئایا لەو حاڵەتا ئەتوانیت بەتەنها بۆی دەرچێت ئەی جەرگەکانت.

سا لەبەر ئەوە بۆ خاتری خوا کوردە خۆت لەکەنارا بگرە وریا بە نەکەویتـە بـەر ئـەو گێـژاوە خـوت لادە لەعەولەمـە هاوارو قریشکە ئەکـەم پـڕ پـڕ بـەکێوەکانی کوردوسـتان کـە خۆتـان دوور خەنـەوە لەعەولەمە، کورد بەبەریەوە نیە بەرگەی هێـزی عەولەمـە ناگری، ورد ورد بـە مـروری زەمـان ئەتوێتـەوەو نامێنـێ گـەروا گـەنجمان قـەل فڕبکـەن و راکـەن و بـڕۆن بـەدەم بابـە گـەورەوە هـەر میللەتـەی بەشـی خـۆی گـەنج لـە خـۆی بگرێـت بـا بـچێت بـۆ فێربـوون و خوێنـدن کـە بیهێنێـەوە بۆ وەتەن کـە سودی لـێ وەرگرێـت نـەك بمێنێتـەوە ببێتـە هۆی توانـنـەوەی ڕەگـەزو منـاڵو کەسـی ڕۆڵـە لـەکیس چوی لـەبارەی وەتـەن ئاگـا لـێ نـەبوی تـەواوە، منـاڵ بـە منـاڵی پـێی خۆشـە، جێگەیـەکی خۆشـە بـەڵام ئـەو ئـەوە نازانێـت، تـازە لـەکیس چـوو!! لەتەجرەبەی خۆمەوە ئـەم دوو وشـەیەم خستە سـەرقاغەز بۆ نـەوەی نـوێ، بەخـەم و خـەیاڵی منـداڵی لەهەنـدەران لـەدایك بـوی تیا گـەورە بـوو، بـۆ خـوا بـا فریـای خۆمـان کـەوین ئـەو کاغـەزە پێشکەش بـێ پێیـان لەگـەڵ چـەپکێ گـوڵا لـە سـورمە نێرگـزی دەشـتە بەرینـە ڕەنگینەکانی کوردستان لەکاتی جەژنی نـەورۆزدا لەگـەڵ قاپۆڵکـەیی سەمەنی دەست کردی خانمە دڵ پاکو لـێ زانـەکانمان کـە خۆشترین شیرینی یە بۆ بەخێر هاتنی ساڵی تازە، نەورۆزی پیرۆز بە کوێرایی چـاوی خـوێن ڕێـژی کـوردو هـەموو زاڵمێـك و دوژمنێکـی کـورد..

هیـوادارم کـە رۆژێـك بێـت سـەرکەوین بەسـەر زوحـاکی نوێـشدا کـە دەســـتی ســـووره بەهەڵەبجـــەو ئـــەنفال و بەرزانیـــەکان و زنـــدە بەچاڵەکان و هەزاران زوڵم و زۆرداری لە کوردی هەژارو بـێ دەسـەڵات کـراو کـە بەناوبانگـە لەمێـژوی دنیـادا بـۆ ئـازادیو سـەر شـۆڕنەکردن لەئاشتی دوژمنا.

ڕەگــەزی کــورد زۆر بــەگورجی ئەکەوێتــە کــزیو نــەمان گــەر هەرکەسەی لەلای خۆیەوە دژ بەعەولەمە نەوەستێ تا ئەتوانی.

هــەتا نــەوەی نەوەکــەم بــەکێکن لەوانــە کەلــە توانتــەوە دان یەکێکیان پێی وتم: نەنە نەختێ باسـی شـارەکەم بۆ بکە کە بـاوکم گـەورە بووە هـەر دەسـتم پـێ کـرد ووتـی: توخـوا بیکـە بـە ئینگلیـزی ئەو گوللەیەی نای بەدڵمەوە زام ئەکا تا ئەمرم.

## سکالام لای سەلاحەدین

ئاگات لێ یە هەویەکەت لێ سـەنراوەتەوەو خراوەتـە پـاڵ خۆیـان هەقی خۆیانە بزانە چیت لە قەلاو مزگەوت و پـردو شـتی عجایـب بـێ بـۆ لـەدەیان حکومـەت بـۆ کـردون لـە هـەر هـەموو وڵاتـانی عـەرەب هەمووی بەشان و باڵ و هیلاك بونی چەوساوەکانی کورد بـوە ئـەوە ئاگات لێ نیە ئەتاتورك چی بە میللەتەکەت کـردوە وڵاتـی تورکیـا کـێ بلێ کوردم زمانی دەبڕن هەموو بەچکەی ئەتاتورکن ئـەوە سـوریا و ئێران و ئەوەش عێراق ئەوەی لـەکورد ئـەکرێ لەهـەر چوار کەرتـەکانا

لەکوشـتن‌و بـڕین‌و قەدەغـەکردنی جل‌و بـەرگ‌و زمـان‌و نـاوی منـاڵ بـەکوردی نـان‌و هەرچـی خراپەیـە لی ی ئـەکرێ هەرکەسـیش نـاوی ناهینێ، کەچی پەنجەی یەکی لە فەلەستین‌و لوبنان‌و جێگەکانی تـر خـوێنی لێ بـێ بەرۆژنامـەو رادیـۆ تەلـەفیزیۆن‌و گۆڤـار قیامـەت هەلئەسێنن کەچی هەزاران هەزار کورد لـە توپـەت کـرێ وەك کوللـەو مێرو سەیری ئەکەن و هیچ ناڵێن؟! گەریەکێ بڵـێ کوردو کوردستان حکومـەتی هـەر چـوار پارچـەکەو مللەتەکـەی توشـی سـێ بـەڕۆو موچـڕکەو دانـە ریـچەو لـەرزو تـا ئـەبن، بەناخۆشـی و تـەنگ و چەڵەمەی کورد ئەوان دڵخۆش‌و دڵ گەشاوە ئەبن، بۆچی کـورد هیچ فەزڵ‌و چاکەی بەسەریانەوە نیە؟ هیچ زانـاو پیـاو چاك‌و مامۆستای زانکۆو پزیشکی شارەزایی کورد خزمـەتیان ناکا؟ هـیچ خێـرو بێـرو نەوت‌و خواردنی کـورد نیـە ئـەیخۆن؟ موزاهـەرە بـوو حکومـەتی بـەغا دەس درێـژی لێ کـردن هەرچـی بریـنارەکـان بـوو لـە خەسـتەخانە دەست درێژیان لێ کردن‌و کوژران یان هەنێ بوتلیان تێ بڕین توشـی خوێن ڕێژی بون‌و مردن ها جارێکی تـر نەخەڵـەتابن ئـەو ناماقوڵـیە بکـەن، داوای مـافی رەوایـی خۆتـان بکـەن داوای چـی حوکمی زاتـی حوکمی زاتی یان عبودیەت نـەك سـەرفرازی کـە گـەل داوای ئـەکاوالله تابەبەرمانەوە ماوە دەس لەدەس‌و قەوەت لەخوا داوای ئـازادی تاقـە شـتە بـەکاری کـورد یـەت! گـەر ئـەوە نـە هـەتا هەتایـە هـەروا ئـەبین، بابەجارێ ڕزگارمـان بـی ئـەگینا هـەتا هەتایـە ئەوە حاڵمانـە، کـەممان قوربـانی داوە خـۆ دوژمـن زۆر بەکـەمی ئـەزانێ گـەروابێ هـەر هـەموو کورد یان پەنجا ملیون‌و زیاتر لە هـەموو دنیـادا ئـەبن بەیـەك بـۆ ئـەو

مەبەستە منـاڵی سـەر بێـشکە داخ لەدڵـە ئـیتر بەسـە دڵمـان تـەقی هەموویان هەر ورگ دەرئەپەرێنن بەڵام بەپشتی خوا کار لەکار ترازا تـازە هیـچیان پـێ نـاکرێ هەڕەشـەو گوڕەشـەکانیان فش ئەبێتـەوە کـەکار لـەکار تـرازا هیـچیان پـێ نـاکرێ ئـەو کاتـەش مەگـەر باوکـە ڕۆبکەن بەڵام ئێمـە ورگ دەرپەڕینەکە بەڕاست ئـەزانین کە هـەمووی بۆشەو پوچە.

## تکایەك لەمنەوە بۆ دایكانی كورد لە هەندەران

دایکـەکان لـە هەنـدەران ڕۆڵـەو خوشـكو هـاورێو ناسـیاوی خۆشەویـستم هـەموو خـەڵکی کوردسـتان تکایـە داواتـان لێ ئەکـەم هـەزار جـار ئاگاتـان لـە منداڵـەکانتان بـێ وریایـان بـن نەتوینـەوە لـە کیسمان نەچن، دوژمن توانەوەمانی ئەوێ، کزیمانی ئـەوێ، هـەوڵی بـەهێز بـوونی پـشتو قـەومی یـەکتربن، هەویـەی شەخـسی خۆیـان نەگۆڕنـەوە بـەهی بێگانـە، زمـان ڕێـكو راسـتو دروسـت بـن، هـەر شـەش حـەوت تـا دەسـاڵی یەکـەم لەهجـەو زمـان راسـتی حـسێبە، خۆتـ. ـی تـەرخان کـەن بۆیـان هـەزار ئیشو کارتـان هـەبێت منداڵەکەت گرنگترە لە گشت شتێ، ئێمـە لـە ئـەم وڵاتـانی بێگانـەوە تـەنمان نیـە وەتەنی کورد هەر کوردستانە هـەر ڕۆژێ یـەت بڕۆینـەوەو ئێـرە جـێ بێڵێنو هەمیشە تۆوی کوردایەتی لە خوێنو ڕەگو ریشـەیانا بـچێنن دور کەونەوە لە عەولەمە کەبەڕاستی تاعونی سەردەمە.

## ژیانو مردن

هەریـەکێ لـە ئێمـەی بەشـەر بـاش دەزانـی ژیـانیش هەیـەو مردنیش، ئەم دوانە هاوەڵن شان بەشانێ یەك، ژین بەسـەر ئەچـێو ئەپـچڕێو جیـا ئەبێتـەوە، مردنەکـە یەتـە پێـشەوە لـەو کاتـەدا گـەورەیی و زینـدوویی خـوا بـۆ بەشـەرە زیندوەکە دەر ئەکـەوێ کـە چەن داد پەروەرە هیچ دادێك لە دادی خوا هـەق تـرو ڕاسـت تـر نیە، بێ فەرقو جودایی هـەموو وەك یـەك ژیـان بەسـەردەبەن ئینجا مـردن ئا ئەو ڕۆژەی بۆی دانراوە سا تـەمـەن درێـژ بـێ یاکورت ئـەوە چا رە نووسـە هـەموو بەشـەرێك کەلـە سـەر ڕوی زەمینـا بێـت وا ئـەو دوو شـتە ژیـان ئینجا مـردن ئـەبینێتو ئـەم دوانـە تونـد تونـد پێکـەوە نوسـاونو لێـك جیـا نـا بنـەوە پێکـەوە ئـەخوڵقێنو هـەن، یـانی بـە لاشـەو گیـان تـا ڕۆژی دانـراو کـە خـوا داینـاوە، ڕۆژی لەیـەك جیـا بونـەوە بەشـەر ئـەو بەشـەرەیە کـە هەیـەو ئـەبینین لەشـا لەگـەدا لـە جوان لە ناشرین لە چاك لـە خـراپ لـە پێغەمبـەر لـە بەتەمەن لەگـەنج لە ئافرەت لە پیاو لە منالٚ لەگـەورە لـە سپی لـە ڕەش لـە بێ دەسـت لە دەستدار لە ژێر لە گێل ئیتر لە هەموو نـەوعو تـیرەو زاناو شێتو هـار هـەر ئـەو ڕۆژەی بـۆی دانـراوە بـۆ جیـا بونـەوەی ئـەو دوو شـتە ئەبێ جیا بێتەوە، ئیتر هەوڵو تەقەلاو واسطە و واسطە کـاریی نیـە بـۆ دوا خستنی، هەریەکەی بەلایـەکا گیـان بـۆ ئاسمـان لاشـەش بـۆ نـاو چـاڵەکە، شـا بیـت یـان گـەدا لەچـەن گـەزێك جـاو یابلوریـەوە دەپێـچرێتو هەڵئـەگیرێت بەشـان بـۆ نـاو چاڵەکە بـێ جودوازی شا

یـان گـەدا گـەنج یـا پـیر وەکـوو یـەك خـاوەنی هـەر چیە بوو بێت لـە گەڵیا نا ڕوا هەرخۆیو خۆی.

هەمووی جێ دیڵێ هەتا ناویش بۆ زۆربەی مرۆڤ نامێنـێ ئـەو کەسانە نەبێ کە میراتێکی چاکی بۆ بەشەر جێ هێشت بێ خزمەتی مرۆڤایەتی یا نیشتمانو هاو ولاتـی کردبێ بەپێی لێ زانینی خۆی هەوڵی دابێ ناویی بە زیندوویی بمێنـێ ئەوە تـەنها میراتو بە جێ ماویـەتی دراوو سامان کە جـێی هێشتبێ هـەر لەعنـەتی بۆ ئەچـێ هەر میرات گرەی ئەڵێ بەشی من کەمە.

ئیتر هـەر کەسـەی بە پـێی کاری خۆی یاد ئەکرێتـەوە ئەوەی زەبـرو زەنگـی هـەبوو بـێ، ئـەویش هــەر یـادی خراپییـەکانی ئەکرێتەوە.

دەستداری کۆچ کردوو کە چەن ماندوێتی چێشتبێت بۆ پەیا کردنـی ئـەو سـامانەی، هـەر وەك سـواڵکەرە کەیـە ئـەو زۆری جـێ هێشتوە بۆ خـەڵکی ئـەم هـیچ سـواڵکەرە کـە مەنزیلـەی بـەرزتر بـێ بـەزۆری ئـەو کەسـەی کـە دراوە کـەی هـەر بـۆ قاسـەکەی بـوە، کەلـە دوایـیـا ئەبێتـە چـی فـران فـرانو دڵ یەشـانو شـەڕو دژایـەتی، ئـەو ڕاسـتە جوانـە نـازدارەی دوێنـێ لەسـەر جێگـەیی داری ئەبـەنوسو نوێنەکانی ئاوریشمو تـووکی قـوو خـواردنی تـەڕو تـازەو تەخشانو پەخشان هەمووی لای خوایەکەو هیچ نانوێنێ و نموودی نیە.

ئینجـا بێنـەوە سـەر گیـان ئـەوە لـەعیلمی خوادایـە، کـە فـڕی لـەکوێ ئەنیشتەوەو جێ گـیر ئـەبێ و ئایـا ئەمێنێتـەوە یـا ئەچێتە

.....................................................

ناو لەشی یەکێکی تر تا ڕۆژی ئاخرەت کە دیسان سەر لەنوێ وەك خوا فەرموویەتی کەیەتەوە لەشی خاوەنەکەی تا پرسیارو وەڵامی کردەوەی دنیا تەواو ئەبێ و محاکەمە کردنو لە کۆتاییی ئەم کەینو بەینە چی روو ئەدا؟ ئەوە هەر خوا ئەزانێ... ئەوەی دوای جیابونەوەی گیان لە لەش ئەوەی جێ ئەمنییو ناوی گوم نابێت کردەوەی ئەو مرۆڤەیە کە میراتێکە لە هەموو میراتێك بە نرخ ترە، گەر ئەو مرۆڤە بەسەر بەرزی دنیای جێ هێشتبێ کەبەشەر ڕۆیی ناگەڕێتەوە ئەوەی سوودی لە چاکەی مرۆڤە کۆچ کردوەکە وەر گرتبێت نەوەکەیەتی ئەبوایە مرۆڤ هەرگیز خراپەی نەکردایە.

## باسی ژیان

لەساڵانی چلو یەكو دوا بوو وەکو مناڵێك کە شتیان فێر ئەکردین یەکێ لەخزمان وتی پاکیز وتم بەڵێ وتی ئا وەرە پێشەوە دەستێکتم بەرێ دامێ، وتی پەنجەکانت بڵاوکەرەوە وتم باشە وتی باش زەینی بەرێو تێی بگە وتم بەڵێ باشە وتی ژیان وەك ئەو پێنج پەنجەیەی دەستت وایە، منیش هەر گوێم لێ ڕا ئەگرتو نەم ئەزانی باسی چیم بۆ ئەکا وتی هەموو مرۆڤێك ژیانی وەکوو ئەو پێنج پەنجەیەی دەستت وایە، بەوەدا تێئەپەڕی لە توتەوە یانی پەنجە هەرە بچکۆلەکە وە دەست پێ ئەکا ئەوەیانی کاتی مناڵیت لەدایك بونتەوە تا دەست پێ کردنی هەرزەکاری کە هەرزەکاری لە

پەنجـەی دووەمـەوە یـانی کـە بـەکوردی خۆمـان پـێ ئـەڵێن براتوتـە دەست پێ‌ئەکا تا دەوری نزیك چل ساڵی تەمەن.

ئینجا پەنجـەی باڵا بـەرزە هـەموو شتێك لـەو تەمەنـەدا گـەنجیو لاویوو گوڕو ئەقڵ تەواو بو بەکار یـەو مێشك پڕی یانی لەبیستەوە تا پـەنجاو زیاتر ئێنجا یەتە سەر میوژ مژە یانی لـە دەوری پـەنجا شەستا تـل ئەبێتـەوە لـە پوپـەوە بـەرەو خـوار مەگـەر یـەکێ زۆر گێل بێو جیاوازی هـەبێت هـەموو بەشـەری تـەواو بـەوە دا تـێ ئەپـەڕێ ئیتر بەرە بەرە بەرەو کز تر لـە هـەموو رویەکـەوە کـە گەیشتە ئەسپی کوژە یانی پەنجـەی دوا تـر پـان‌و کورتەکـە کـەوا یـان پـێ وتـوە ئیتر، ئـەوە پـیری و بـەرەو نـەمان دوای ئـەوە کـە فـامم کـردەوە و تائێستا بوم دەرکـەوت کـە ئـەو قسەیەی ئـەو کەسـە ڕاستە ئەمـەش کاتـێ کـە خۆم پییر بوم.

## بەڕیش نیە بەئیشە

**٢٠٠٥/٥/٥ لندن:**

پیـاو.. باوکـە، برایـە، کـوڕە، مێـردە، بـاپیرە، خاڵـە مامـە، پیـاو خۆشەویسترین مرۆڤە لەگەڵ ئەوەش هـەموو شتێکی گرنگـە بـۆ ژین بۆ ژینی ئافرەت‌و خێزان بۆ گەل بۆ نیشتمان.

پیاو سەرکردەیە ڕزگار کەرە سەرۆکە پشت گرە هیوایە ئاواتە بناغـە دانـەرە پەناکەیـەتی نەخـشە دانـەرە ڕێ نیـشاندەرە گۆچـانی

.............................................................

دەستە بازووە موتمانەیە ئەمانە ئارامە بڕستە شانازیە بڵندیە ڕێ خۆش کەرە پیاو دراوە بەرەکەتە دوڕو گەوهەرە هەموو شتێکی بە نرخە هیچ زینەوەرێك ژیانی نابێ بێ ئەو، هەروەك ئاوو هەوا وایە گرنگیەکەی بۆ بەشەر جێگەو بانە دروشمە.

ئەمانە هەمووی یانی پیاوی پیاو پیاوی هەڵکەوتو شاپیاو کەڵە پیاو نەك تەنها خاوەن ڕیشوو سمێڵ یا بالاَ، کەزۆ بێ هونەر بێ هەر بخواو بنوێ هەر لەشارێك یاشارۆچکەو هەموو شوێنێکی ژیانی زیندەوەر گەورەبێ یا بچوك بەهەزاران یان بەسەدان بەدەیان پیاوی تیایە بەلاَم ریش و سمێڵ دار تەنها تاقێك یا دوان یا سیانی تیایە پیاوی پیاو بەمانای سەرەوەو کە هەموو ئەو سیفاتانەی بەتەواوی تیا بێت کاتێ هەستم بەگرنگی پیاو کرد کە هاوسەرەکەمم لێ ون بوو لەدەستم چوو جێی هێشتم بۆ هەتا هەتایی و ئێستا دەزانم گرنگی بۆ ژیانی خێزانەکە چەند کاریگەربوو!

## ژن نەك ژان

هەروا ژنیش زۆرە ئەو سیفاتانەی هەموو تیا بێت بەزۆری ئافرەتی هەڵکەوتوو لە کۆنا بەلاَم دەگمەن ترە هەروا ئەبێ زۆر بەڕێزو شانازیەوە سەیری ئەو ئافرەتە هەڵکەوتوانە بکرێت و هەمیشە لەیاد نەکرێت کە سەرۆکایەتی و سەرکردەیەتیی و زۆر شتی گرنگی کردوە لەگەڵ ئەوەشا دایکە دایك کەلە هەموو شتێك بەرزترە لە هەموو ناوێك خۆشترە.

.............................................................

## پیاوی خراپو ئافرەتی خراپ

جـرو جانـەوەرە خێـوە دێـوە مـاری حـەوت سـەرە برسـیتیە دەسـت لـە قـورگ نانـە دەردە داریـە هەژاریـە تـالأوە نوشوسـتیە نەگبەتیە تاعوونە سیلە دەبەنگە هـەموو شتێکی خراپو کوشندەیە بۆ میلەتو نیشتمانو خێزانەکەی.

## ئاخو داخ بۆ کوردی هەژار

### ٢٠٠٦/١/١ لندن

لـەکاتێکا ڕۆژانـی پێشوو بیرەوەریـەکانم لـە چـەند دەفتـەرێکی شـڕا ئەخەمـە سـەر قاقـەزی نـوێ کـە لـەو پـەڕە شـڕو وڕەدا کـۆی ئەکەمـەوە بـۆ ئـەوەی ون نـەبێت ئـەم کەمەکیەشم لـە دەسـت نەچـێ کەلەبـەر کونـاو کـونو چەرمەسـەری لـە ترسـی زاڵمـان پـێم کـردوون هێندە شڕ بوونو پەڕەیان لێ ون بوە، هەرچەندە لە چاو پەڕەکانی کۆنما کـە زۆر دورو درێـژو هـەموو چەشنە بابەتێکی تیا نوسـرابوو کەلـە تـالآنی ماڵمـان لەسـاڵی نۆسـەدو حـەفتاو پێـنج لەدەسـتم داو سـوتێنرا بـەلأم تازەکـەم وەك کۆرپەیـەکی نـازدار هەمیـشە بەسەرسـنگمەوە بـوو، لـەکاتی خەتـەردا لـەمالآن لەپـەناو پاسـارا شارراوەتەوەو شڕ بوونو کەلو کۆم بوون.. خێرا خێرا ئەیان وت بیبەرەوە دایکم بەخوا پێمانـەوە بگیرێ لەسـەرمان ئـەدرێو سـەرمان بـە فـەتارە دەچـێ هەرچـەندە هەنـدێکمانو دڕانو خـستمانە تەنورەکەوە!! بەم قسانە هێندەی تر خەفەت بار ئەبومو ئەتوامەوە، خوایـە! ئـاخر بـۆ کـورد ئازادنـەبێ وەکـو گـەلانی تـری سـەر زەمـین؟ وەرە نـەتوانیت دوو وشـە لـە داخـەکانی دڵـت بـەئازادی بنووسـی؟! کـوردی نەگبـەت بۆچـی تـۆ بەتـەنها وابیـت وڵآت لـەت لـەت مێـژوو

گۆڕێنراو زمان بڕاو ئاسار دزراو خێرو بێر دەست بەسەرا گیراو، هەموو شتێکمان لێ قەدەغەکراو ئاخر بۆ؟ ئایە خەتای کوردە؟ یان هی دوژمنە؟ تێ ناگەم ئاخ هەمیشە دڵم لەسیو دویی خۆیایەتی خوایە ئاخر بۆ نەخەو نە ئیستراحەت!؟ زۆر کوردیش هەیە ژانی مللەتەکەی هەربایەو بەلای گوی یانا ئەڕوا!! بڵێم: خوزگەم بەخۆیان، ئانامەوێ ئەوانە دڕندەن بەشەر نین زۆر شانازی بەوەوە ئەکەم کە بەساغیو پاکیو دڵسۆزی نیشتمانەکەمم خۆش ئەوێ بەخۆشی دڵخۆشو بەناخۆشی دڵغەمگینم خۆشو ڕووناکی دڵم هەر کورد کوردە هەرچەندە لەوەتای چاوم کردۆتەوە لە ناخۆشی زیاتر خۆشیم لێ ی نەدیوە، بەلام هەر بەهیوای ڕۆژێکی ئازادی ئەژیم.

لەم ساڵانەی سەردەمی ژیانی خۆم دا بەڵکو لەسەردەمی دایكو باوکمان دا کە وەکو سەرگروشتە بۆیان ئەگێڕاینەوە، باسی منالیو گەنجی خۆیان کەلە کۆتایی دەیەکاناو هەموو ساڵانی بیستەکانو دواتر لەشەڕی یەکەمو دووەمی جیهانی دا کە هەندێ لە ئازارەکانی خۆشم دیومە.

کە بریتی بوو لە برسێتیو روتیو گرتنو ترسو کوشتنو نەخۆشیو گرانیو بۆردومان، ئیتر چی بڵێی بۆ قڕی کورد کراوە بەدەست جەندرمەکانی عوسمانلیو تورکو ئیرانو عەرەبەوە، ئێمە پیشەو حاڵمان هەر وابوە، گەر دایکم باسی ئەو کارەساتو ترسانەی زەمانی منالیو گەنجی خۆی بنوسیایە حەوت کتێبی پڕ ئەکردەوە!! یان نەنکو پورەکانمان پێش ئەوان ئەو کارەیان بکردایە. کاتێ کە ئەم سکاڵایانەم ئەخەمە سەر قاغەز، هەرپرسیار لە خوا ئەکەم خوایە گیان! بۆ بەختی کورد هەروابێت؟ کەم

سەرۆکی دڵسۆزو خۆبەخت کەرمان هەبوون؟! بۆ گشت سەرکووت کراون و زمانیان براوەو خێرا پیلان لەسەر پیلان بۆ کەوتن و نەمانیان داڕێژراوە؟ لەم کاتەدا لەم غەریبییە ورتە ورت لەبەر خۆمەوە ئەلاوێنمەوە وەکو تاوە بارانی بەهاریش فرمێسک بەچاو ما یەتە خوارێ و هەناسەی بێ موورادیو ئاخ هەڵئەکێشم: کە هەزاران ساڵە بەتەماو چاوەڕوانی ئەوڕۆژەین هەرچەندە بەئاستەم دنیامان لێ روون بۆتەوە خەریکە ڕۆژ لەدەم کەل دەرئەکەوێت ڕەنگبی خەتای خۆشمانی تیا بێت کوردی قۆنەرە پاکەرەوەی دوژمن و گیرفان پڕ کەر بۆ پارە خیانەت و ڕۆڵەی خەڵکی کورد بەکوشت دان بۆ سوودی خۆی زۆرم دیوە لەو زۆڵە کوردانە بەڕواڵەت کوردایەتی ئەکەن و لەژێرەوە خایەنن!! بەلاّم ئەو گیرفان پڕ کەرانەو ئەو چاوەڕێ ی هەڵ بۆ هەڵ کەوتنو فڕان فڕان کەرانە هەر ڕۆژێکیان تۆش دێ وەکوو ئاغاکانیان گیرفانەکانیان کونی تێ ئەبێ و ڕۆژێ هەر ئەبێ لێیان بسەننەوە ئاهی فەقیرو هەژاران و چاوەڕوان و برسی بەش خوراوو کوڕ کوژراو ئاهیانیان بەسەریانەوەیە... تا ئەمرم ئەو ڕۆژانەی دوای هەرەسم لەدڵ دەرناچێ، زۆر دڵسۆز رەنج بەخەسار بوون زۆڵە کورد گیرفان پڕکەر سوودمەندبوون گەنجی دڵسۆز بەمل کەچی و ڕەنگ هەڵبزڕکاوی و لێ قەوماوی و بێ ماڵ و ناو ماڵ، هەبوو چوار کوڕی کوژراو هەش بوو سەما کەرو زیافەت کەر بۆ چڵکاو خواردنی پاش ماوەی ئاغاکانیان، هەموو لە ناو ماڵی دڵسۆزانی سەربە شۆڕش گەشەیان ئەکردو تالاّن و بڕۆیان ئەکردو پارەو ئاڵتونی بانقەکانیان ئەدزی کەس پرسیاری لێ نەئەکردن هەموو کون و قوژبنی بانقوو ناو ماڵیان کردبوو بەو پارە حەرامەو دڵیشیان پێ ی خۆش بوو چونکە نەدیو بدیو بوون.

# زنجیرەی وەرد

## بەشی دەیەم

## گیانداران

# حاجی لەق لەق

**کە حاجی لەق لەق دەرئەکەوت لەمانگی دوودا ئەمان وت:**

حاجی لەق لەقی گەل گەلی

سیمرخ خۆشە بەشەقی علی

**یەکێ بۆی گێڕامەوە کەلەساڵانی ١٩٥٦ لەگەڕەکی سەرشەقام ئەم روداوە راستەقینەیە باوکی پێکی هێناوە بۆ گاڵتەو رابواردنو بەزمی گەنجان لەوکاتەدا...! جاران حاجی لەقلەق کاتێ کە تەشقی هەوا ئەشکا یانی مانگی دوو یا ئەوەڵی سی ساڵەکەی خۆش بوایە وا حاجی لەقەلەق و زۆرتەیری تر بەرەو شار ئەهاتنەوە ئیتر خەڵکەکە ئەکەوتنە خۆشیو سڵاوات دان کەوا ساڵەکەی خۆشەو خەڵکەکە رزگاری ئەبێ لەتەڕو توشیو کرێوەو سەرماو تۆفو بەفرو رەشەبا بەرەو بەهارو سەوزیو سەیرانە!! لەگەڵ حاجی لەقلەق پەڕە سێلکەو تەیرەن ئەبابەیلەو ریشۆڵەو مراویو قازی کێویو هەنێکی تر بەسەر شاردا بەدەنگو ئاوازێکی خۆش ئەسوڕانەوە ئەهاتنەوە لەبن گوێسەبانەو لەهەیوانا هێلانەیان ئەکرد بۆ هێلکەو جوجەڵە، ئینجا حاجی لەقلەق بەتایبەتی کە ئەهاتنەوە لەبەرزترین شوێن لەگەڵ هاوسەرەکەیا بە چروچیلکە هێلانەیەکی گەورەیان ئەکرد لەسەر گومەزی حەمامەکان یا منارەی مزگەوت یان سەرداری عەلەتریکەکانو سەردار توی بەرزی ماڵانو دارو درەختی تر... ئەو کەسە وتی باوکم فەرموی هەرزەکار بووین لەوساڵانەدا حاجی لەقلەق هەموو ساڵێك لەسەر پۆپەی دارەتووەکەمان هێلانەی**

ئەكرد هەمیشە ئەی خوێند ئینجا دەنگی زۆر بەرزبوو عالەمەکە زۆر حـەزیان لـەدەنگی ئـەكرد، بـۆنی بـەهاری لێئـەهات، وتـی: خوێندنەکەی لەوزەدا نەبوو منو هەندێ لەهاوڕێیانم بڕیارماندا تەرەی کەین و پەندێکی چاکی پێ بەین کە بڕواو نەیەتەوە هەم بۆ کەیفو رابواردنی خۆشمان، وتی: هێنامان کۆمەڵێ پەڕۆ شڕمان لەمو لەو کۆکردەوە هەنێکی وەکوو گوریس بامان داو پێکەوەمان بەست دەوری دوو مەتر، پەڕۆکانی تریشمان کرد بەتۆپەڵێکی زۆر زلی تونگو تۆڵ وسەرێکی پەتەکەمان پێوە بەست شەو بەبێ هەست یەکێکمان بەدار تووەکەی ماڵەکەمانا کەمام حاجی خۆیو خێزانەکەی لێبوو هەڵ گەڕاین بەهێواشی تونگ قاچێکیمان گرت پەتەکەمان بە توندی بەقاچیەوە بەست.. ئینجا شاپلیتەیەکمان نابە تۆپەڵە پەڕۆکەوە، حاجی هەڵفڕی بەرەو ئاسمان ئینجا سەیر لەوەدا بوو حاجی شێت بوو سەری لێشێوابوو بەناو شارۆچکەکەدا زۆربەبەرزی و بەخێرایی ئەفڕی کاتێکمان زانی لە شارابوو بەغاوە غاوو غەڵبە غەڵبوو سڵاوات دانو قیژە و هاواری منداڵو ژنان و دوعا کرنی ئیمان کە خودا بیان بەخشێ دیارە ئەم موعجیزەیە کەوا گڕ بەعاسمانا ئەسوڕێتەوە ئەوە نیشانەی دنیا ئاخر بوونە شار هەموو لەماڵ هاتنە دەرو لەگەڵ یەکا باسی ئەم موعجزەیەیان ئەكرد کەس لەبەر گڕەکە حاجی بەدی نەئەكرد، شەوێکی تاریك بوو دوای بانگی خەوتنان بوو دیارە نیوەی منداڵ تۆقیوە و نیوەی ئافرەتیش بەراویتە بووە، ئیتر خەڵکی ئەچونە مزگەوت بۆ دوعا کردنو قورئان خوێندن کەخوا بیان بەخشێ.

## کەو

بیستومە ئەڵێن کەو لەو کێوانە خۆی تیماری برینی خۆی ئەکا کەو کە لەوکێوانە لەگەڵ کەوێکی تر شەڕە دەنوك ئەکەن‌و برینار ئەبێ ئەگەڕێ بەدەنوك هەنێ بنێشتە تاڵی درەختەکان هەڵ ئەگرێت‌و ئەی خاتە سەر زامەکەی ئیتر بەزوو ترین کات برینەکەی سارێژ ئەبێت‌و خۆش ئەبێتەوە.

## حوشترو خوێ

لەبیرمە لەسالآنی ٣٠-٥٠ کان ساڵی جارێك دوو سێ حوشتر بار لەگەڵ دوو سێ پیاوی عەرەب لە پایزێکی درەنگدا خۆیان ئەکرد بەگەڕەکەکەمانا خوێیان هێنا بوو بۆ فرۆشتن، عەرەب چی ئەوانیش یەکێ دشداشەیەکی خامی بۆری چڵکن‌و پیس‌و کون کون پێخاوس یەکێ جامانەیەکی شڕی خام پێخاوس یەکێ جامانەیەکی شڕی چڵکن ئیتر خەڵکەکە بەتەنەکەو جامۆڵکەوە ئەچوون بۆ خوێ کڕین، ئەمەش لەدەوری شەڕو قات‌و قڕو بێسەیارەو شتە کە بوو، هەبوو بایی یەك فلسی دەکڕی هەبوو نرخی یەك عانە ئەوەی بایی دە فلسی بکڕیایە ئەوە کوڵێکی ئەکرد هەش بوو چەند تەنەکەی ئەکڕی بەسەد فلس ئیتر لەماڵەوە ئەبژێرراو لەدەستاڕ ئەدراو ئەکرا بە هێڵەکاو هەڵئەگیرا، زبرەکەشی ئەکرایە گۆزەو تۆپەوانەی پەڕۆی ئەخرایە سەر بۆ چێشت، وردەکەشی بۆ ترۆزی‌و خەیاری هاوین.

# بایەقوش

بایە قوش باڵندەیەکە وەکوو هەموو باڵندەیەکی تر هێلانە و هێلکە ئەکاو جوجك هەڵ یەنێ، هەروەك چۆن چۆلەکەو کۆترو حاجی لەق لەق و هەزاران تەیری تر.. بەڵام ئەم بەدبەختە لەزۆر وڵاتا هەروا لەکوردستانا کەس چارەی ناوێت و تەنەفوری لێ ئەکات!! هەر بیبینین لەوانەیە خەڵکی بیکوژن خەڵکی بەشوم و بەدفەڕو چارە گران سەیری ئەکەن، لەهەرماڵێك نیشتەوەو خوێندی وا باوە ئەو ماڵە ئەبێتە کەلاوە و کاولەو وێران و چۆڵ ئەبێ، ئەبێتە هۆی نەگبەتی و ناخۆشی بۆ ئەو ماڵەیا ئەو گەڕەکە یا ئەوشارە، هەزاران جار لەوڵاتی ئێمە بەتەمەنەکان تەجربەیان کردووەو بۆیان دەرکەوتووە کە راستە من خۆم تجربەم لەگەڵیا هەیەو خۆم ئەم روداوەم دیووە

وا ساڵ ساڵی ١٩٧٤ شەوێك یەکێ بانگی کردم وتی: فلان ئەوە گوێت لەو قیرە ناقۆڵاو ناسازو زل و ناخۆشە نییە؟ وتم: با ئەوە دەنگی چییە هەرگیز گوێم لێی نەبووە وتی ئەوە دەنگ و قیڕەی بایەقوشی شوومی نەگبەتە.. یا حافیز الله خوایە نەگبەتی و چۆڵی رومان تێنەکات.. وتی: ئەمە چەند شەوە دەوری گەڕەکیان داوە سیان چوارێکن بزانین چی روئەدا، رۆژان هات و رۆژان رۆی، لەپاش سێ مانگی تەواو لەمانگی دەس بڕین و پاش گەز بوونەوەی زوحاکی نوێ لەمانگی سێی حەفتاو چواردا لە رۆژانی چواردەو پانزەدا لە ترسی لەسەردا ن و گیران خەڵکە قەلفری بۆ کرد بەرەو

دەنگی سەرۆك و شۆڕشی پیرۆزو بەیانی دڵسۆزی بۆیان بەرەو ئەو شاخانەی سەرو، یەکێ لەوانە باوکی منداڵەکانی من کە پەلی دایە پەلی سێ کوری خوێندکاری زانکۆیی و بەرەو دەنگی شۆڕش رۆیی، هەروا هەزاران ماڵی دڵسۆز بەماڵو منداڵەوە بەرەو سەرەوە رۆیشتن و شار چۆڵ بوو وەکوو ئەڵێن پەپوی ویران کەر تیا ئەخوێند! تاکە تاکە ماڵی تیاما ئەویش بەترس و لەرزەوە ئەژیان، بێجگە ئەوانەی کە دڵسۆز بەزوحاك بوون دڵخۆش و بێ خەم و بێ ترس لەشارەکەدا ئەژیان چاوەڕێی ئەو هەلەیان ئەکرد کە کورسی و جێگای چەوری پڕ خێرو بێری سەر شۆڕی وەرگرن، باقی ئێمە مانانیش ماڵمان تالان کراو رۆڵە گیراوو لێ قەوماویمان توش بوو، لەگەڵ هەزاران روداوی دڵتەزێن کە پاشە لەقەی ئەوە بوو چونکە ئەو رێگە پیرۆزەمان گرت هەتا هەتایە سەر بەرزو دڵ پڕشانازین و پەشیمان نین لەقەبرەکەشدا.

جا ئەو باڵندە شوومە هەرگیز جێگەی کەلاوەو چۆڵە وانی و پەنا شاخ و کێوو دوور لە خەڵکی و ئاوەدانی ئەژی، بەلام لەهەندێ ولاتاو لەناو هەندێ میللەتانی دنیادا بە پێچەوانەی هەندەکەی زۆر خۆشیان ویستووەو بەچاکەو فەڕدارو هێنانی خۆشی و خێرو بێر لەقەڵەمیان داوە، زۆر میللەت هەیە رەسمەکەی یا پەیکەرەکەی لەمالا دائەنێن، وەکوو ئینگلیزەکان کەخۆم ئەی بینم لەناویانا، کە خۆشیان ئەوێ و زۆربەی ماڵ پەیکەرێکی لە گەچ یا بەرد یادار لەماڵیا دانراوەو زۆر خۆشیان ئەوێ و لایان جوانە و هیچ باسی بەد فەڕی ناکەن ئەبێ گوایا لە ئوستراليا کە ئافرەتێك ئەمرێ باوەڕیان

وایــە کــە گیانەکــەی ئەچـێتە نـاو گیـانو لاشــەی بایەقوشــەکەوە لەبەرئـەوە هـەرگیز نـایکوژن و راوکردنـی قەدەغەیـە!! لـە هیندسـتان باوەڕیـان وایـە فڕوجـاوی ئـەو باڵندەیـە دەرخـواردی منـاڵ بـەن وا چـاوی تیـژ ئـەبێ هـەروا هێلکەکـەی وشـك ئەکەنـەوەو ئـەی هـاڕن ئەیکەنـە چـاوی مناڵیانـەوە بـۆ تیـژی چـاو هـەروا لـە یونرکـشایر لەسەری وڵاتی ئینگلتەرا شۆربا دروست ئەکەن لە گۆشتەکەی ئـەڵێ شـیفایە بـۆ کۆکـە ڕەشـە، گوایـە چـونکە قوڕقوڕاگەکـەی زۆر قـایمو بەهێزە بەرگەی ئەو قیڕە قیڕو خوێندنە قایمە ئەگرێت.

لـە نـاو هەنـدێ گـەلی یابـان لـەدار هەیکـەلی بایـەقوش دروسـت ئـەکرێ لەسـەر دەرگـای حەوشـە هـەڵی ئەواسـن کـە فـەڕو خێـرو بێـر بێنێت بۆیان.

## وەفاداری سەگ

واســاڵ ســاڵی ١٩٤١ حەمــە ئاغــای ئـەلیاغا ئاغــای شەشــوی سەربە ناحیەی ماوەت شەشوی بێ نازو بێ ناوی لێقەوماوو روخـاو بەدەسـتی (صـدام حسـین) ئـاخر تـۆ هـەقی چیت بـە کوردسـتانەوەیە وای لێئەکـەیت بەقـەی عـەرزو عاسمـان لێـك دوریـن هـەی زوحـاکی نوێ.

شەشـوی شـاخاوی پـڕ خێـرو بێـرو میوەجـاتو ئـاوو هـەوا خۆشو کێوی بەرزو چڕو ئاوی سازگارو خواردنی بەتامو بەلـەزەت

لەهەموو بەرهەمێکی کەهەیەتی... خەڵکی دڵپاك‌و میوان پەرست ئەم حەمە ئاغایە مێردی خوشکی ماجد مصطفی ئەبێت خوابیان بەخشێت، سەگێکی زۆر چاکی ئەبێ ناو دەر ئەکا، ماجد بەگیش کاغەزی بۆ ئەنێرێ کە سەگەکەیم بۆبنێرێت، ئەویش بەدوو سێ پیاوی خۆیا سەگەی بۆ دەنێرێ، نیوە بەپێ‌و نیوەی بە ئوتومبێل بۆ بەغدا، ماجد بەگیش ئەوکاتە وەزیری شئونی ئیجتماعی ئەبێ لەکاتی رژێمی پاشایەتیا زۆری پێ خۆش ئەبێ و دڵی پێ خۆش ئەبێ پیاوەکانی ئاغا شەو گل ئەداتەوە تاماندوێتیان دەرچێ، چوار پێنج رۆژە بەرێوەن لەشەشۆوە بۆ بەغدا سبحەینێ بەچوار پێنج رۆژی تر ئەگەنەوە شەشۆ، تەماشا ئەکەن لەدەمی دێیەکە سەگەکە یەت بەپیریانەوە بە حەپە حەپ کە لەپێشیانەوە گەییوەتەوە. نەك (اتق شر من أحسن اليه) بێت خۆزگە هەنێ مرۆڤی ئەم زەمانەیەش چاویان لەوەفای ئەم سەگە بکردایە.

## هەنێ لەباسی وولاخی بەرزە

وەکوو بە منالّی باس ئەکراو لەبیرما ماوە کەبریتی بوو لە ئەسپوو ماین‌و ئێسترو بارگیر.

بێگومان هەموو ئەزانین کە جاران لەشارە خۆشەویستەکەمانا شاری سلێمانی ئۆتۆمبیل بۆ گواستنەوە نەبوە کە هەش بوو هێندە گران بوو بە پێی ئەو کاتە کەس بۆی نەکردراوە لەدوای چلەکان

تاکە تاکە دەستدارانی سلێمانی ئەچونە بەغداو ئەیان کڕی، هەرچەند بەینی سلێمانیو کەرکوك کەلەسەرە ڕێگەی بەغدا بوو بەچوار پێنج سەعات تەی دەکرا. ئینجا لەبەینی کەرکوكو بەغدا هەمووی ڕێی ناخۆش و نالەبار زۆر جار لە تویژاڵکێك چەوو قیر ڕێژکراوە کەتا ئەگەیشتیتە جێی مەبەست هێندە چاڵو چۆڵی تیا بوو سەرت ئەدرا لە بنمیچکی ئوتومبیلەکەو وڕە وڕو ئاو تێ کردن کە زوو زوو مەکینەکەی گەرمی دەکرد وڕ ئەبووی، هەزار ئاواتت بۆ بەپێ ڕۆیشتنو ولاخەکە ئەخواست ئیتر لەکۆنەوە تا سالانی سیو نۆو چلەکان کە ئوتۆمبیل هات کە ئەوەش بەرکەس نەئەکەوت. هەر ولاخی بەرزە بوو بۆ گواستنەوەی بەشەرو کەلو پەل یانی ماین و ئەسپو ئێستر هەروا لە دێهاتەکان گاو گوێ درێژ بۆ گواستنەوە بەکار دەهات.

لەبەر ئەوە چۆن ئێستا خەڵکەکە ئەوەی دەستدار بێ هەولی ئوتۆمبیلی چاكو گران ئەدا بیکڕی ئاواش ئەوکاتە دەستدار هەولی داوە کە چاکترینو ڕەسەن ترین ولاخ پەیدا بکا بەهەر نرخێك بێ بۆ کڕینی ماینێك یان ئەسپێك شارەو شار یان ولاتەو ولات گەڕاوە کە ئەبوایە مەشق پێ کراوو ئامادە بۆ غار غارین بێ.

کە ئەیهێنایەوە شار ناوی دەرئەکرد و زۆر دەستدار ئەیان نارد کەپێیان بفرۆشرێت.

لەبیرمە با پیرم ولاخی چاکی بووە، وەکوو هەموو گەنجێکی ئەو زەمانە هەر لەگەنجییەوە خاوەنی ئەسپی شێو ماینی کوێتو

مـاینی بـەحرەینیو ئەسـپی کـە حـیلان بـووە کـە یـەکێ بـوە لەبازرگانـــەکانی گـــەڕەکی سەرشـــەقامی ســـلێمانی زۆر کـــاری بازرگـانیو کـاروانی بازرگـانێتی بـۆ ئێـرانو هندسـتانو تاسـنوری روسیا کردوە بۆ ماڵ هێنان بۆ سلێمانی کە حاجی فەرەجی حاجی حامید ناو بوە باوکی دایکم.

دایکم باسی ئەو ماینو ئەسپانەی باوکی دەکردو وەکوو سەر گوروشـتە ئەگێڕایـەوەو یـادی ئـەکردەوە خـوڕ خـوڕ فرمێـسکی ئەڕشت بۆ ئەو زەمانە خۆشە پاکو راستیو پڕ خزمایەتیە هەمیشە لەبەینی بازرگانـە دەستدارەکاندا بەربەرەکانیو چاو لێ کەری بوە لەوەدا ئاخۆ کێ ئەسپی چاکی هەیەو لەئەسپو وڵاخی خەڵکی تر باشتر بـێ، هـەوڵی بـۆ ئـەوە داوە کـە ببێتـە خـاوەن یـەکێ یـا چـەن دانەیە لەو ئەسپە رەسەنانە.

چاوی لـەپارە نـەبوە بـۆ ئەو مەبەستە هەرلەم روەوە زۆر سوار چاك لە شارەکەمانا هەڵکەوتوەو ناو بانگی دەرکردوە.

لەلایـەن خەڵکییـەوە بەشـانازیەوە بـاس کـراوە کـە ئـەو لـە هەڵکەوتوە سوار چاکەکانە یاشوڕە سواری چاکە، بە کۆمـەڵ لاوانـی شـۆڕە سـوار کردویانـە بـەعادەت لـە بـەهارا بـە کۆمـەڵ چـون بـەغار غارێنو موسابقەکردن تابنـاری گوێـژەو یەکـەمو دووەمیـان بـوە ئـەو لاوە ســوار چـاکە نـاوی دەرکـردوە لەشـارەکەدا نـاوی هـەنێ لەوشتانەی کە پەیوەندی بەبەرزە وڵاخەوە بوە بایەخی پێدراوە. بێ گومـان هەمووشـتێ لـە وڵاتەکـەمانا نـاوی تایبـەتی خـۆی هـەبوە هـەر

جۆرە وڵاخەو کەڵو پەلی سواری وەکوو زینو سەرزینو ئاوزەنگی.. هتد. ناوی تایبەتی خۆیان هەبوە، وەکوو چۆن کەرەسەی بیناو فەلاو وەرزێریو جوتکردن هەرشتەو ناوی تایبەتی خۆی هەیەو بەوردی ناوی شیاوی بۆدانراوە.

مایـن: مێ یەکەی کە زاوو زێی کردوە.

ئەسپ: نێرەکەی.

جوانوو: بەچکەکەی.

ئالف یان ئالیك: ناوی خواردنەکەی لەکاو جۆ کەوایان پێ وتوە هەروا سەوزە گیاش. لەبەهارا لە دەشتی شینا کەبەرەڵلا کراوە خواردوویەتی یان لەپایزا وشك کراوە یان گەلا کۆکراوە گەلای وشکی دارەکان کۆکراوەتەوە کە زۆری زیاتری دراوە بەئاژەڵی تر ئەو گەلایانە ئاخنراوەتە بەینی دوو پەلی درەختاو شێلدراوە تا وشك بێ بۆ زستانی ئاژەڵو وولاخ ئەو کارە پێی ووتراوە گەڵ.

حیلە: دەنگەکەی.

کە وتویانە ئەوە دەنگی ئەسپەشێیە لەمانگەشەو دێ، هەمیشە بەدەم خەڵکیەوە بوو... زەمانی منالی ئێمەو مانان لەکۆتایی سیەکانا بوونی ئەسپ کەلەکزیا بوە یادیان ئەکردەوە هی خۆیو سوار چاکانی کە چۆن خۆی لە سەوزە گیادا ئەگەوزانو ئەی

حیلان ئەسپەکە ئەحیلێنێ کاتێ گەرمای هاوین لەبەر مانگەشەودا درەو ئەکرا.

**ئەپرمێنێ:** کاتێ کا ئەچوە ناو کونە لوتی لەکاتی خواردنیا بەپرمە پرم ئەیکردە دەری لوتی.

**تورەکەی ئالف (هەگبە)** کەپڕیان ئەکرد لەکاو جۆ بۆی بۆ ڕێگەی دوور. ئەیان کردە ملی بەزۆریی کەژنانی لادێ ئەیان چنی وەکو فەرش لە شێوەی تورەکەداو ملیوانەیەکی بۆ ئەکرا.

**تەرس و پەیین:** پیساییەکەی کە ئەیکرد تۆپەڵ تۆپەڵ

**قامچی:** هەبوە لەدارێکی چاك بەخڕی بەقەی پەنجەی ئەستورو درێژی مەترو درێژ تر، سەرەکەی تیلماسکیك پێستی ئاژەڵی یانی چەرمی پێوە نوسێنراوە بەدرێژی بستێك دوان بۆ بەکارهێنانی بۆ لێدانی وڵاخەکە لەکاتی ڕۆیشتن یان غار کردن یانی را کردنا کە کاتێك سواری ئەسپو ماینەکە ئەبوون، نەقیزەش هەبوو ئەوەش بەزۆری بەکار ئەهات بۆ لێدانی گوێدرێژو ڕەشە وڵاخ ئەمانە باری قورسیان پێ هەڵگرتون بۆ دێ بەدی یان بۆشار.

**نەقیزە:** - دارێکی ئاساییە لەپەلی درەخت هێنراوە لایەکی نووکە بزمارێکی کورتی تێ کوتراوە بۆ تێوە ژەنین...

قامچی وا هەبوە هێندە جوانو نایاب بوە کەلە دەرەوەی وڵات دروست کراوەو بەتایبەتی... زۆر بەچاوێکی ڕێزو خۆشەویستیەوە

سەیری ئەسپو ماین کراوەو هەرگیز عەزیەتیان نەدراوەو باریان پێ هەڵنەگرتوەو تەنها بۆ سواربوونی تایبەتی خۆیان نەبێ.

**زین:** لەسەر پشتی وولاخەکە دانراوە کەدروست کراوە زۆربە جوانیو رێكو پێکیو رازاوەتەوە بەپارچە فەرشو سورمەوەو بریقو باقەوە بۆ جوانی زۆر گرنگی پێ دراوە هەروا کوپانیش یاکورتانیش بوە بۆ گوێدرێژو ئێسترو بارگیر، کورتاندرو دروستی کردوە.

**قلتاج:** بۆ ژێر زین هەروا قەیاسە یان بەرسنگ ژنی لێ زانی لادێکان یاسلێمانی ئەیان چنی بەژێر سکی ولاخەکەدا لەهەردولا لەزینەکە یالە کورتانەکە قایم دەکرا.

**ئاوزەنگ:** بەزینەکەوەو شۆڕبۆتەوە بەملاو بەولای زینەکە دا سوارەکە قاچی تێ دەکا.

**رەشمە:** ملوانکەیەکی پڵ پڵە داربوە مەترێك درێژ بەژێر ملی وولاخەکەدا لەشێوەی زەنگۆڵەیەکی بچوك هاتووە خوارێ لە زیو دروست کراوە ئەڵێن هەش بوە لەئاڵتون، هەشبوە لە گولونکەی خوری رەنگاو رەنگ.

**زەنگۆڵە:** لەمەعدەنی جۆراو جۆر دروست کراوە بۆ ژێر ملو لەشو بەدەوری لەشیاو ژێر کلکی دا بلاو کراونەوە و هەڵواسراون ئیتر کاتێ ولاخەکە رۆیشتوە زرەو هارەی زەنگۆڵە سەعاتە رێ دەنگی رۆیشتووە.

**پـــالوو:** لەچـەرم یـان لەپارچـە جـەواڵو لبـاد دروسـتکراوە لەهــەردوو لاوە لــەخوار کڵـۆتی ولاغەکـە بـەبن کلکـی ولاّخەکـەدا سوڕێندراوەتەوە و بەزینەکە یان بەکورتانەکەوە قایم کراوە.

**قرپــوز:** بەرزاییەکـە کـە بەسـەر زینەکـەوە دروسـت کـراوە بۆئەوەی سوارەکە دەستی پێوە بگرێت لەکاتی ڕۆیشتنیا کە نەرم ڕۆیشتوە نەك غار غارێن.

**سەرزین:** دراوە بەسەر زینەکـەدا یا پارچە فەرشـی تایبـەتی بۆ جوانیو هەیبەتو نەرمی هەشبووە لیفەی پیاداوە بۆ نـەرمی چونکە زین ڕەقە ئەمە ئەڵێن پاشاکانی تەتار هێناویانە بۆ ناو کوردەواری.

**یـــاڵ:** پرچـو تـوکی سـەرو ملـی ولاّخەکـە کـە درێـژ بۆتـەوە بەساقو جوانی لە گیزەرەی ملیـەوە بۆ توقەسـەری یـان بلێین نێوان گوێچکەکانی.

**کەفەل:** بریتییە لە سمتو بەرزایی پشتەوەی ولاّخە بەرزەکە کە دەیانگوت ئەو ولاّخە کە فەڵو باڵی زۆر جوانە مەبەستیان ئەوە بوو کەڕەسـەنە، ولاّخـی واهەیـە ڕەش، هەیـە زەردباو هەیـە قـاوەیی قاوەیی کاڵ..

**سمکۆڵ:** کە بەقاچەکانی عەرزی هەڵئەکەن دەیانگوت سمکۆڵ ئەکا.

**لەقــە:** لەقـەی ئەهاویـشت یـا لەقـەی لەوکەسـانەی بـەردەمی ئەدا لەکاتێك کە عەزیەتی بدرایە.

**ناڵ:** پارچە ئاسنێکی نیوە بازنەیی یە بۆ ژێر پێی وڵاخەکە کە پێ کانی نەسوی و عەزیەتی نەگا، بەبزمار بەبنی پێ یا دائەکوترا ناڵبند بوی دا ئەکوتا وەکو پێلاوێك بوو بۆ وڵاخەکە.

**تەرس یان پەین:** پیسایییەکە یەتی.

**ڕەوت:** گەر بیان ویستایە وولاخەکە رابێنن رەوتەکەی یا هەنگاوەکانی کورت کورت بوایە وەکو مەڕ چۆن هەنگاو ئەنێ ئەیان وت رای یەنین کە بەڕەوت بڕوا بەگوریس هەردوو قاچی پێشەوەیان ئەبەست و شەتەکیان ئەدا تارا ئەهات ئیتر لەوەو دوا لەکاتی رۆیشتن رەوتی ئەکرد بەپێی حەزی خاوەنەکەی.

**ئاخوور:** ئەیان وت: لەژێر خانەکە ئاخورمان بۆ هەڵبەستوە بەپاڵ دیوارەکەوە بەبەر دوو قور بەرزی مترو نیو زیاتر بۆیان هەڵئەبەست بۆ ئەوەی کاو جۆی بۆ تێکەن بەبەرزی بالای وولاخەکە بوو کەلە تەویلەی وولاخەکەدا چەند دانەیە دروست ئەکرا دەمەکەی خر بەقەی سینیەکی مام ناوەندی.

لوشکە لوشك کەبرسی بوایە یان نەخۆش بوایە ئەی لوشکان دەنگێکی نزمی تایبەت یان ژان بیگرتایەو جوانوی بوایە لەبەر ئازار ئەی لوشکان.

**لموز:** دەموو لوتی.

**سم:** جی سمی ولاخ کە ئەرۆی بەعەرزەکەدا دیار بوو کەمی چاڵ ئەبوو یانی شوێن پێی ئەو ولاخە.

**حیلە:** دەنگەکەی بوو کەئەی حیلان.

**تەویلـە:** ژورێك بـوو وڵاخـی تێدا ئەبەستراپەوە یـان هـەر ئـاوا تێیان دەکرد بۆ ئیسراحەتی و ئالیك خواردنی.

**چـەپوکان:** هـەر دوو چـەپۆکی بـەرز ئـەکردەوە وەکـو نیمـچە ڕاوەستانێك چەپوکانی ئەکرد سایا بۆ یاری یا توڕە ئەبوو.

**جڵـەو:** هەوسـار: - بەدەسـت بـۆی ئەچـنرا کەلەملیـەوە بـۆ دەسـتی سـوارەکە یـا لەچـەرم کەشـلیان کردایـە خێـرا ئـەرۆی تونـد بوایە ڕائەوەستا.

**لغـاو:** بەدەمیـەوە ئەبەسـترا سـەرێکی بەدەسـت قەتارچیەکەوە یاسوارەکەوە بوو بۆ ئەوەی هەوڵی خـواردن نـەدا لـەکاتی ڕۆیـشتنیا یان لەکاتی غارکردنا.

**ڕنـەك:** وەکو فڵچە وابوو لەشـی ئەسـپو ماینەکـەیان پـێ ڕنـەك ئـەکرد پیـان دا ئـەهێنا وەك فڵـچەو شـانەیەکی دەنـك ئاسـن هـەروا یاڵەکانیشی پێ شانە ئەکرا.

**مەیتـەر:** ئـەو زەلامـە بـوو کـە خزمـەتی وڵاخەکـەی ئـەکرد لـە تەویلەکـەدا یالـە دەرەوە، یـا لـە حەوشـەی بـەر دەمـی تەویلەکـەدا بوڕنەکو ئاو پێ دان، ناڵ کردن لای ناڵبەند ئەکرا لەبازار.

جاران بـەبیرەوەری مـن زۆر وڵاخـم نـەدیوە بـەڵام کـە بیـستومە لەبەتەمەنـەکان هـەموو کەسـێك وڵاخـی هـەبووە، کـەم دەسـت بـەپێی

خۆی‌و دەسەڵات دار بەپێی خۆی، وەکوو چۆن ئێستا ئو تومبێل هەیەو زۆربەی خەڵکی هەیەتی وڵاخیش وابووە ماڵی وا هەبووە، دوان سیانی هەبووە، بەپێی حەزی خۆی، هی وا هەبووە وڵاخ کڕین‌و کۆکردنەوەی هیوایەتی بووە،... هەبوە جوان ترین‌و بەناوبانگترین و گرانترین وڵاخی، بەپێی ئەو زەمانە پارەی چاکی پێ داوە. ئەگێڕنەوە ئەڵێن توجارباشی‌و خاوەن قەتاری بازرگانێتی چاکترین وڵاخیان هەبووە و لەدەرەوە هێناویانە.

هەر کەسە باسێکی بۆ کراوە یا بەمناڵی دیویەتی لەوە باش ئەزانێت، ئەوکەسەی کە نزیک بێت وەکو ماڵە باوک‌و مام‌و خاڵ‌و باپیرەکان و کەسی تریش نزیک بەخێزانەکە نەک وەکو هەڵکێشان‌و بەسەرا هەڵدانی درۆ، بەڵکوو کەباس کراوەو یادی کراوە بەڕاست‌و ڕەوانی بۆ تانی دەگێڕمەوە من ئەوەی ئەم بیست لەهی هەنێ بازرگان‌و خاوەن قەتاری ئەو زەمانە، ئێستا، چۆن لۆری ئەچێ بۆ ماڵ هێنان لەبەغداو بەسراو وڵاتانی دەرو دراوسێ‌و ئەودیو سنووریش ئەوکاتەش لەباتی لۆری ئێستا قافڵەی وڵاخیان هەبووە چووە بۆ هەمەدان‌و تاران‌و ئەسفەهان‌و تەورێزو سنوری ڕوسیاو شام‌و حەلەب‌و ئەستەمبوڵ‌و بەغداو ڕومادی‌و بەسرا لەهەموو بابەتی کاڵایان بەباری ئێستر هێناوە بۆ سلێمانی، وەکوو خواردن‌و کوتاڵ‌و پێڵاوو بلوریات‌و مس کاری‌و زیوکاری‌و چاو قاوەو بەهارات‌و ئیتر هەرچی تۆ بڵێی لە پێویستی بەشەر هی دروست

کــراو هێناویانــە لێرەشــەوە لەســلێمانی هەموشــتێکیان بــردووە کەبەرهەمی وڵاتەکە بووە سا یا بەگۆڕینەوە یا بەپارە کڕاوە.

دایکـم یـا پورەکـانم باسـی قـەتاری باوکیـان لەدایکمـەوە بـۆ دەگێڕامەوە کە گوایا قەتارێکی زۆر دورو درێـژ بووە و قەتارچیەکی زۆری هـەبووە سەرقەتارچـی رەشــەو ئەحـە قەتارچـی ولـە هـەموان دڵسۆزترو گـورج و گـوڵترو لەشـت زانتر ئـەمین پـەری نـاو بـووە، ئـەم ئـەمینی پـەریـە زۆر دڵسۆز بـووە خێـزان وەکـوو کەسـێکی زۆر نزیـك خۆشیان ویستووە، حـاجیش واتـە: حـاجی فـەرەجی حـاجی حـامید زۆر لێـی رازی بـوەو متمانـەی پـێ کـردووە، لەشـت هێنانـا هەڵـەی نـەکردووە، چـی پـێ وتـراوە یـا خـوی لـەو وڵاتانـەی کەچووە چـی بەباش زانیوە هێناویەتی لەگەڵ قـەتاری کـەریمی تـازەمین و کـەریمی عەلەکە شان بەشانی یەك، لە سلێمانییەوە بەرێی سـەر قـەبران دا لـە گـردی سـەیوانەوە رۆیـشتون جـاری وەهـا بـووە ئـەو کاروانـە مـانگ و چەند مانگێکی پێ چووە کە گەڕاونەتـەوە لەهـەموو کاڵایـەکیان شـت هێناوە بۆ سلێمانی.

لەسیەکانا لەتەمـەنی منـاڵی منـا تاکـە تاکەیـەکی کـەم وڵاخـدار مـابوو ئـەو شـیعرانەی ئـەوترا بەسـەر وڵاخـا لـە پێـشترا بـەدەم خەڵکیەوە مابوو بەفرمێسکێکی گـەرم ڕشتنەوە یـادی ئـەو کاتانـەی

پـــێش شـــەڕی یەکـــەمی جیهـــانیو دوای شـــەڕەکەیان دەکـــردەوە بەگەرمی لەبیرمە کەئەیان وت:

وا دەنگــێ دەنگــێ دەنگــی درەو دێ
حیلەی ئەسپی شێ لەمانگە شەو دێ

چەندەها شیعر هەڵدراوە بەسەر ئەسپو شۆڕە سواردا باسی رەوتـو رۆیـشتنی کـراوە چـەندەها شـاعیرو حکایـەت خـوان خۆیـان خـەریك کـردوەو بـەو باسـانەوە، شـانازیان بەشـورە سـوارانو سـوار چاکانەوە کـردوە لەشـیعرو باسـەکانیانا و باسـی شـۆڕە سـوارانیان بکردایە ئەیان وت بەخوا سەرو سواری جوانە هەر لەخۆی یەت.

من بە منالّی زۆر باسـی ئەسـپو شـۆڕە سـوارانم لـەدایکی خـۆم بیستوە چونکە بەبیرەوەری دایکم هەمیشە چاوی بەبینینی ئەسپ لـە مـاڵی باوکیـا هـەڵ هێنـاوە و بەباسـی ئەسـپو ولاخـە بـەرزە گوێـچکەی زرینگاوەتـەوە. کـاتی ئـەو دوو دێـرە شـیعرەی لـەژێر لێویـەوە ئـەوت منـی ئەخـستە خەیاڵـەوە کـە کـورد کـاتی خـۆی چـۆن بوون یاباسی ئەسپەکانی باوکی ئەکرد کەباوکی یەکێ بوە لەهەرە هەرە ئەسپ بازەکان، ولاتـەو وولات پیـاوی لێ زانـی خـۆی ناردوە بـۆ کڕینـی ئەسـپی رەسـەن بـۆی، یـان خـۆی چـوە، بـاوکی یـەکی بـوە لەبازرگانە ناودارەکانو خاوەن قەتاری گەڕەکی سەرشەقامو کە ئەو گەڕەکە چەندەها بازرگـانی بەناو بـانگی تێدا هەڵکەوتوە هـەموو لـە تەنیـشت خـانوی خۆیانـەوە تەویلـەی تایبـەتی ئەسـپو مـاینی خۆشەویـستی خـۆی بـوەو مەیتـەری لێ زانـو چـاکی بـۆ ڕاگرتـونو

لەکاتی ژان گرتن‌و نەخۆشیانا حەکیمی تایبەتی هەبوە لەشارەکەدا بانگ کراوەو دراوو دیاری مری پێ دراوە.

جا ئەو شیعرە کە ئەڵی (دەنگی دەنگی دەنگی درەویە) ئەوەت بیر ئەخاتەوەکە لەکاتی مانگە شەوی هاوین دا درەو کراوە، بەشەو لەبەر گەرما لەو لا ئەوە لەو دەشتە بەرینەدا ئەسپ بەرەڵلاّ کراوەو لەبەر شەوقی مانگە شەودا حیلانویەتی لەخۆشی‌و شەوقی فێنکیو خۆشی شەوەکەدا چونکە هاوین گەرم بوە شەوقی نەهێشتوە!! هەروا دایکم زۆر بەتاسەوە باسی ئەسپی کە حیلان‌و ئەسپەشێ و ماینی بەحرەینی‌و کوێتی باوکی بۆ ئەکردین تك تك فرمێسك بەچاوەکانیا ئەهاتە خوارێ بۆ ئەو زەمانە خۆشە بێ موشکیلەو دڵخۆشی‌و خزمایەتی راستەقینەو باوك‌و فرزنگی‌و دایکو فرزنگی‌و دراوسێتی و هەرچی بڵێی خەڵکەکە وابوە لە چاکی‌و پاکی‌و دڵسۆزی بێ مەسلەحەت‌و پارە پەرستی...! ڕۆژی باسی ماینێکی باوکی بۆ کردین کەکاتێ منالّ بوە، بڵێین لەدەوری هەزارو نۆسەدوو پانزە بوە، یەکێ لە ماینە نازدارەکانی باوکی ئاووس بوە یانی سکی پڕ بوە لەکاتی ژان گرتنا زۆر بەگرانی جوانوەکەی لێ بۆتەوە کاتێکی زۆر هەر جوانوەکەی لێ جیا نەبۆتەوە، ئەیفەرموو باوکم گایەکی بۆ قەرار دا کە سەرو بەری سەلامەت بن، حەکیمی تایبەتی ولاّخ بانگ کرابۆی، ماینەکەش لەعەرزی تەوێڵەکەدا خۆی ئەگەو زان‌و ئەی لوشمان‌و ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارێ!! ئێمەی منالّیش بۆی ئەگریاین‌و دوعای لێ بونەوەی جوانوەکەمان بۆ ئەکرد، حەکیم دەرکەوت وتی

ئاسابونێکی ڕەقی گەورەو کرێمێکم بۆ بێنن لەگەڵ مەسینەیە ئاوی شیلەتێن هێنایان سابونەکەی بەکێردەکە (چەقۆی تیژی زل)تاشی تا توانی و خستیە مەسینە ئاوە شیلەتێنەکەوە و تاهەمووی بوو بوو بەکەفاو ئێنجا بە لولەی مەسینەکە خستیە کۆمی وولاخەکەو چوە ناو ڕیخۆڵەکانیەوە تاکەفاوەکە تەواو بوو لەپڕ ژانی لێ قایمتر بوو و ئەسپە تورانی ئەو ناوەی کرد بە پیساییو جوانوەی لێ بوەوە ئیتر بوو بەسلاوات دان و خۆشیو پێکەنین لەو لاشەوە قەساب بانگ کراو گاکەی سەر بڕی و بەشرایەوە بەماڵە دراسێ و خۆیش و پارەش درا بە حەکیم، ئێمەی منالیش لە خۆشی جوانوەکە رۆژی سی جار ئەچوین بۆ لای بۆ تەویلەکەو دەستمان بەسەریا ئەهێنا بەتریقە تریقو پێکەنین لە خۆشیا!!

## شەرتی ئەسپی ڕەسەن:

دەبێ کەفەلی گەورەو پان و بەرزبێ. ویالی درێژو خاوو زۆر بێ، لەشی باریك لاقەکانی باریك لموزی باریك سەری بچوك لەشی سوکەڵەو گورج بێ. وەکوو دەگێڕنەوە هەمیشە بەر بەرەکایەتی و چاو لێ کەری هەبوە لەبەینی دوو گەنجی دەستدار بو بوونە خاوەنی چاکترین ئەسپی ڕەسەن وەك چۆن ئێستا بو ئوتۆمبیل هەمان چاولێکەری و پێشبڕکێیە هەیە، هەبوو هی چاکی دەست نەئەکەوت ئەی ناردە لای خاوەنی ئەسپی چاك و پارەی زۆری ئەنایە دەم کەپێ ی بفرۆشێت هەبوونەی ئەفرۆشت نەبەزۆر و نە

بەخوایشت هەشبوو تەماع ئەی گرت ئەیفرۆشت پێ ی، گەر بیان ویستایە ولاخەکە بوەستێ ئەیان وت هۆش، ئەوەستا هەرچەن بیان ویستایە بروا ئەیان وت هەچە هەچە خێرا خێرا.

ولاخدار ساڵە های ساڵ بوو تەنانەت لەسەدەی بیستیشا هەر لە برەوەدابوە بگرە تائێستاش لەهەندێ دیهاتو جێگای خێڵەکی دا هەرباوی ماوە بەزۆری لەو جێگایانەی کە دوورن لەجادەوە. بۆ هاتوو چۆی مرۆڤو بۆ گواستنەوەی ناو ماڵو کشتوکاڵ تا ئێستا زۆر پیاوی قەیمە حەزی لێ ئەکاو تاکە تاکە خاوەنیەتی...!! هەموو ئەزانین هۆی گواستنەوەی ئەو هەموو ماڵی توجارەتەی کە هاتۆتە ولاتەوە هەمووی بەسەرپشتی ولاخ هاتووە لەشکر بەهەزاران هەزاران کەشالاوی هێناوە هەر بە ولاخ بوە. سالانە خەڵکی کە چوونە حەج لە ولاتی ئێمەوە هەر بە ولاخ بووە هەروا لە هەموو جێگەیەکی ولاتانی تر.

دنیا گۆڕا بەهاتنی ئوتومبیل وەکو بیستومانە یەکەم جار (علی ئیحسان پاشا) کە قائیدێکی عسکری تورك بوە ئوتومبیلی هێناوەتە سلێمانیەوە.

دووهەم جار لەساڵی هەزارو نۆسەدو نۆزدە میجەرسون بە ئوتومبیل هاتۆتە ناو شارەوە وەکوو ئەڵێن: خەڵکەکە کە چون بە پیریەوە تا قۆریە شکاو، کە ئێستا گەڕەکی سەهۆڵەکەیە. بەلام تا ئەوەڵی پەنجاکان ئوتومبیل بلاو نەبو بوەوە ولاخداری هەر مابوو، ئیتر بەرە بەرە دیاردەی ولاخداری بەرەو کزی هات لەکوردستان

جگە لە سوارچاکیو غار غارێن (جرید بازی)و نیشانەنانەوە زۆر باوی بوە زۆر لەشاعیرەکان باسی جرید بازیان کردوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەفەرموێ:

دریغ بۆ ئەو زەمانە ئەو دەمە ئەو عەسرە ئەو رۆژە
کە مەیدانی جریدبازی لەدەشتی کانی ئاسکان بوو

هەر لەباسی ئەسپەوە باسیان ئەکرد دەیانگوت: لە ئێستر یان پرسی باوکت کێیە ڕوی نەهات بڵێ گوێ درێژە وتی خاڵم ئەسپە.

ئێسترو بارگیر نەزۆکن بێچوویان نابێ تەنهابۆ بارهەڵگرتنن نەك بۆ زاوزێ. ماین لەنێرەکەر کەڵ دەدرێو جوانوە هێسترو بارگیری لێ دەبێ.

هەر لەباسی ئەسپو شینایی ئەمەم بیر کەوتەوە، لەباسی سەیران زوو واعورفو عادەت بوو کەتەنها ڕۆژی چوار شەممە سەیران ئەکرا وەلەکاتی سەیرانکردنەکەدا خەڵکەکە زیارەتی ئەو مشایەخانەیان ئەکرد کە زیارەتگاکەی لەو سەیرانگایەدا بوایەو دوعاو پاڕانەوەیان دەکرد.

دوایی عالەمەکە رۆژی چوارشەمەیان گۆڕی بە هەینی لەبەر رولە قوتابیەکان، جاران هەر حوجرە هەبوو، کە قوتابخانە داهات، خەڵك زۆر بەکەمی مناڵیان ئەنارد بەڵام کەزانیان بەسوودە کوریان ئەنارد نەك کچ ئیتر وردە ووردە لەسیەکانەوە دەست کرا بەکچ ناردنو لەچلەکانا سەیرانکردن کرا بە رۆژی هەینی، ئیتر ڕۆژی

هەینی لەگەڵ خۆرەتاوا مەنجەڵە یاپراخو پەنیری بەهارەو خورماو رون بەپەنیری تازەو شیرینیو هێلکەی کولاّوو تەرەپیازو کەنگری کولاّوو کولێرە بەرونو شفتەو نانی تیری زۆری تەڕکراو تاقمی چاو سماوەرو راخەرو قاپو قاچاغو ئەمانە نەك هەموو خواردنێك هەر کەسە بەپێی توانای خۆی خواردنی ئەبرد بەلاّم خواردنەکان کە ئەیان برد ئەوا نەبوو، ئەمانە ئەخرایە سەر پشتی ئێسترو بەرەو سەیرانگای نیشانە کراو.

ئەو کاتە ئوتۆمبیل نەبوو گەر بشبوایە زۆر کەم بوو، بەرکەس نەئەکەوت سەیرانگاکانیش نزیك بوون لەشارەوە، خەڵکەکە بەپێ ئەچوون، هەش بوو کە خواردنەکەی کەم بوو ئەی خستە سەر سەری خۆیو منالیو سماوەری تەنەکەو بەڕەیەك و هەندێ قاپو قاچاخی تری ئەبردو بەس!

سەیرانگاکان وڵوبە، کانی با، کارێزی وەستا شەریف، شێخ جافر، پیرمە سوور، هەروا شێخ مصطفی تا ئابلاّخ کە بۆ باداری ئەچون.. هەش بوو پاش نوێژی نیوەڕۆ هەنێ بریشکەو نوقلی ئەخستە گیرفانی کەوا کەیو منالەکانی ئەبرد بۆ ئەو سەیرانگایانە کەزیارەتگا بوون وەكو وەیس، شیخ مصطفی و پیرمە سوور.

بەلاّم مالّی ئێمە هەر بە زۆری بۆ وڵوبە ئەچوین چونکە بەشێکی موڵکی باپیرم بوو لەدایکمەوە (حاجی فەرەجی حاجی حامد) خەڵکی گوندەکە ئەیان ناسین جێگەیان بۆ دەس نیشان ئەکردینو بەرەو مەشکە دۆیان بۆ ئەهێناین ئەو وڵوبەیە ئێستا بۆتە گەڕەکێك لەسلێمانی لەخوار جولەکانەوەیە، ئێمە مالّمان

لەدەرگەزێن لە پشت قەیسەری نەقیبەوە بوو، بەپێ ئەچوین بۆسەرشەقام و شیوی قازی ئینجا راست بەتەنیشت هۆمەرمەندان و کانی دۆمان دا بە شینایی و ئاوو زراعاتا تێپەڕ ئەبوین جوانترین وێنە هی ئەسپ و ماین کە زینەکەیان لێ دائەگرت کە پشوو بات گیای ئەخوارد و لەخۆشیا ئەی حیلان هەروا گاو مانگا و بەرخۆلەو دایکەکانیان لەناو ئەو شینایییەدا حەیران بوو بوون، دەورو بەری ولۆبە لەدورەوە بریق و باقی دەسمالی پولەکەو کەوای سورمەو دەنگی دەهۆڵ و زوڕناو قریوەی لاوان ئەوناوەی گرتبوەوە، سێ ڕێز دەست گیرابوو. ئینجا لەبیرمە دەوری کانی دومان و هۆمەرمەندان گەڕەکێکی بچکۆلە بوو خانوی بچوک بچوکی یەك نهۆم بەخشتی کاڵ هۆدەو هەیوانێکو حەوشەیەکی بچکۆلە.. پیاوی دۆمەکان کلاشی دۆمیان ئەچنی و ژنەکانیشیان کاری ماڵیان ئەکرد، لە پێش دروستکردنی ئەو خانوانە دۆمەکان کۆچەری بوون دەواریان هەڵداوە.. ئێمە بەپێ کەمی ئەچوین بۆ پشت سەیرانگاکە کە نەختێ دوور بوو لەئاوایییەکە هەموی توی زل زل و پیر گوریسیان لێ هەڵ ئەخستو لەژێریا دائەنیشتن گەر هەتاو بوایە.. هەر کۆمەڵە ماڵێك لە بن درەختێك دا کۆدەبونەوە، دار ئەهات لەدەورو بەری سەیرانگاکە کۆیان ئەکردەوە ئاگریان پێ ئەکردەوە بۆ گەرم کردنەوەی چێشتە کەیان و تێ خستنی سەماوەر بۆ چا، هەش بوو لەوێ چێشتەکەی لێ ئەنا.

ئێنجا کاسە دراوسێتی ئەکرا هەبوو هێندە خواردنی ئەهێنا ئەی بەشیەوە بەسەر دۆست و خزم دا ئەوانیش هی خۆیان ئەهێنایەوە بۆیان.

ئیتر سیرەی سەماوەرو قرچەی سۆپای دارو دەنگی دەهۆڵو زورناو شایەرو هارەی مێخەك بەندو سڵ سڵەو پڵپڵەی ژنان قاوو قیژی کرو کاڵو قاقای پێکەنینی کیژانو گەنجانی بێ خەموو خەیاڵو دڵخۆش عەرشی عەزیمی ئەگرتەوە، ئێوارە گشت بەرەو ماڵ شل بوو ماندۆو شەکەتی هەڵپەرکێو دیلانێو ڕاکە ڕاکە، هەموو دڵخۆش بێخەم کەوا دۆستو خۆشەویستانیان دیوە لەبەیانی زوەوە تا ئێوارە پێکەوە ڕایان بواردوە مەست بوو، بێ لەباسی خەڵکیو حەسادەتو دڵپیسی!! لەڕێگە بورەی مانگاو حیلەی ئەسپو بارەبارِی مەڕو بزن کە لەبیر ئەهاتنەوە بەرەو ماڵ ئەوەندەی تر مەستی ئەکردن ئەم وێنە بەدەگمەنە عجایبەم کردوە بەپارچەیە شیعر هیوادارم کەبیخوێننەوە کە ئەو ڕۆژانە ڕۆیشتو وەکو بەفرەکەی پار توایەوە خەڵکە کەش ئەو خەڵکە نەماوە ئەو خۆشی و خۆشەویستیە بۆتە دەگمەن نابێتەوە.

## جرو جانەوەرێکی زۆر سەیر و سەرسورهێنەر:

٩٨٣/٨/١٤

ئەم بەیانیە ڕۆژی (١٤)ی مانگی ئاب کەیەك شەمەیە بەیانی چومە ناو باخەکەمانەوە: کە ئەم ساڵ زۆربەشەوقو جوانو پڕ گوڵە کە هیچ ساڵێك لەم مانگی هەشتەدا وانەبوە، چونکە باوکی منالأن هەرخۆی ئاوی ئەدا. سەربەست توفی جار جار یەت سەیرێکی

ئەکا، مانگێک بوو لە ئیفاد بوو ئەڵێت مانگی دە ئەم نێرن هەم دیسان بۆ ئەڵمانیا.

کە چوومە ناو باخەکەوە ئەو جانەوەرە عەنتیکەو بەدەگمەنەم دی ناوەکەی نازانم بەسەر گوڵێکەوە بوو بەدیاریەوە وەستام تاس بردمیەوە کە خوا! ئەمە چیەو یەکەم جارە ئەیبینم بەڕاستی خودا دەعبای سەیر دروست ئەکا.

ڕەنگاو ڕەنگەکەی زۆر جوان بوو شفرەکەی یالموز یا خرطومەکەی جەجمەکەی بەقەی ئەوە بوو کە ڕەسمم کردوە بەقەی پەپولەیەك بوو بەلاّم قەڵەو تر ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشامو لام سەیر بوو خواردنەکەی ئەو گوڵە میناو گوڵە باخانەی تەنیشت دەرگای حەوشە هەموو کون کونێکی بچوك بوو، کە بەلموزەکەی کونی کردبووخواردبووی، هەروەکوو فیل چۆن بە خرتومەکەی خواردن ئەخاتە ناو دەمیەوە ئەم جانەوەرەش بەو شێوەیە لمۆزەکەی بەقەی دەرزیەکی باریك بوو گیری ئەکرد لە پەڕەی گوڵەکەو لموزەکەی لول ئەدا بۆ ناو دەمی خێرا خێرا تا بیست جار ئەم خواردنەیم دی هیچ سلی لە من نەکردەوە جێ ی بێڵێت، ئیتر دوای ئەو چەن جارە فڕی.

چاوەکانیو شاخەکانی زۆر دیارو ئاشکرا ئەبینرا. جێ گازەکانی بە لموزەکەی لەسەر پەڕەی گوڵەکان سپی سپی دیار بوو ئیتر نەم دیەوە.

دوو باڵی ڕەشی و پرتەقاڵیو ڕەنگی تر بوو، وەکو باڵ پاشەکەی زۆر ڕەنگاو ڕەنگێکی عجایب وەکو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ

لەپاڵ یەکا دووشاخی تیژو بەقەی شاخی ڕەشمەکە بوو، لەموزێکی سپی یا خرتوم یا شفرەیەکی درێژی هەبوو کەمی سەرەکەی چەماوە.

## هەنێ بیرو باوەڕ لەسەر ئاژەڵو باڵندە

### پشیلە:

- ئەیانوت ئاو مەکە بە پشیلەدا توشی بەڵەکی ئەبیت.
- گەر دەمو چاوی خۆت شت بەرامبەر دەرگای حەوشە ئەوە میوانت یە.
- پشیلە گەر میاوانیو کروزایەوە خەبەرێکی ناخۆشی پێیە.
- پشیلەی ڕەش بەشەو کەدیت (بسم الله) بکە چونکی زۆربەی جنۆکەیە.

### تولەو تانجی:

- گەر لوورانیانو لوتیان بەرزکردەوە بۆ عاسمان.
- ئەوە خەبەری مردنیان پێییە شین ئەکەن.
- هەروا گەر نوزکانەوە زۆر شوومە.

### ئەسپو ماین:

گەر حیلانیانو سەریان راوەشانو لوتیان بەرز کردەوە بەرەو ئاسمان، ئەوە یەکێ ئەمرێت.

**چۆلەکە:**

- گەر بە کۆمەڵ خۆیان دابە عەرزا ئەوە میوانت یە.
- گەر شەریان کرد لەسەر درەختی ماڵەکەت میوان یاکاغەزی خۆشەویستێکت بۆ دێت لە دوور.
- گەر بەدیوارا خۆیان هەڵسپارد ئەو ڕەشە با هەڵئەکا.

**تەیر:** بەتەجرەبەی خۆم زۆربەی تەیرو باڵندە کۆتایی ناوەکەی بە وشەی (کە) یەت وەکوو قورناویلکە، چۆلەکە، پەرەسێلکە، قەلە باچکە، قەلە ڕەشکە، پەپو سلێمانکە، دارکوتکە، قژاوکە، کاسە لە شینکە.

هەشە وانیە وەکو بولبول، قاژوو، ڕیشۆڵە، کلاو کوڕە، حاجی لەقلەق، تەیرەن ئەبابیلە.

هەر کۆمەڵە تەیر یا کۆمەڵە ئاژەڵە ماڵی و کێوی یا هەر کۆمەڵە گیاندارێك کە لەوڵاتەکەمانا ئەژی ناوی تایبەتی خۆی هەیە، وەکوو گاگەل ڕانەمەڕ، بزنەگەل، گەلە ورچ، گەلە سەگ، بڕگە ئاسك، بڕگە ڕەوە، مەڕە کێوی و هەموو کێویە، ڕەوە بەراز. هەروا باڵندەش بەپۆل ناوی دەنرێت پۆلە چۆلەکە پۆلە قازو مراوی پۆلە بولبول هەروا باڵندەو ئاژەڵی ماڵی بێ ناون چونکە تاکن.

# زنجیرەی وەرد

## بەشی یازدەهەم

## خواردەمەنی و زەخیرە لەگۆندا

# زەخیرە

سالانی دەوری ئێمەمانان زستان زۆر سەخت بوو، کەئەیان وت ئەمڕۆ چلەیە ئیتر زوقمو بەستەڵەك، رەشە با.پەفری لول ئەدا هەناسەی لێئەبڕین، دەستمان دایما بەستبوی، قاچمان چووبوون، شەو ترخێنەی تەڕوگەرمیان لێئەنا، هەموو پەنجەکانمان هێند ئەتەزی دەئاوسا چلورەی یەك مەتری بەگوێسەبانەدا شۆڕ ئەبوەوە بۆ حەوشە.

بەفر لە جێگەی نسرما تا بەهار ئەمایەوە، ئێمەش وەکو ئایس کریم ئەمانخوارد دایکەکانمان ئەو بەفرە کەماوەتەوە لەپەنایەکا لە حەوشە رەق ئەبوو لەشێوەی شەکری وردە دا بۆیان ئەکردینە کاشیەکی قوڵەوە و دۆشاوی ترێ رەشکەیان ئەکرد بەسەرا بەکەوچك ئەمان خوارد لەهەزار ئایس کریم خۆشتر بوو، گۆشتی عەلەشیشی خرتی سێ ساڵەیان لەو بەفرە زۆرەدا بۆ چەند رۆژێ حەشار ئەدا چونکە سەلاجە نەبوو، کە پشیلە پێی نەئەوێرا بۆنێکی ناخۆشی هەیە بەوبەفرە ئەڕۆیشت. بازاڕیش هیچی وای تیانەبوو، گۆشتو زەخیرەی وشکە نەبێت لەبەرئەوە خەڵکەکە لەهاوینەوە مشوری خۆی ئەخوارد بۆ خواردنی زستان کەساڵی بەلایەنی کەمەوە حەوت مانگ زستان بوو، کۆتایی هاوینەکە کە سەوزە هەرزانو زۆر ئەبوو ئەکەوتنە وشك کردنی و گرتنی دۆشاوی تەماتەیەکی زۆر کەئاوی تەماتەکەیان ئەگرتو لەسەربان یا لەحەوشە لەبەرهەتاو بۆ چەند رۆژ دایان ئەنا تا خەست ئەبوەوەو ئەیان کردە کوپەڵەی شینەوە، یەکێ دووان سیان بەپێی

دۆشاوەکە ئیتر کەئەیان وت ئیمرۆ پایزە لەترخێنە لەترشیات لە ساوەر لەگەنم کردنە ناو ئاو بۆ نیشاستە، نیسكو نۆك کڕینو بژاردنی لەگەنم شتنەوەو لەگوێزو مێوژو دۆشاو کڕینو لەتۆو شوتیو کاڵەك کە هاوین هەڵیان گرتووە، بەهارەکەشی قەرەخەرمانو رۆنی خۆماڵیو پەنیر کڕین بۆ سوێرکردن ئینجا کە هەموی کڕاو شۆرایەوە بەزمی دەستاڕ ئەهاتە پێشەوە وا ساوەریش کولێنراو مام ئەحمەدی ساوەر کوت هاتۆوەو کوتاویەتی هەموو ئەمانە ژنێك دوو سێ رۆژ دەستاڕی ئەکردە زەخیرەکەی بە با ئەکرد و ئەخرایە کوپەوە و تۆپەوانە ئەخرایە سەری، ئیتر خانمی ماڵ دڵی رەحەت ئەبوو، ئەمجار بەزمی قاورمە ئەهاتە پێشەوە رۆژی قاورمە کەچەند سەر مەڕ سەر ئەبڕا دو ژنی سەرەی سەر بەماڵەکە قاورمەیان ئەکردو ئینجا گیپەو کەشکەك ئەبەشرایەوە بەماڵە خزمو دۆستو دراوسێدا و کولێرە چزڵیکیش لەولاوە ئەکرا، ئیتر دەمی زستان زەخیرە کردن کوتایی ئەهاتو هەموشت بۆ خێزانو بۆ خێر زۆرو زەبەنگە لەماڵا هەبوو بێ خەم تا بەهارێکی درەنگ کەس پێوەی دیار نەبوو گەر شت لەبازاڕ نەبێ.

ئێستا ئەم ئیرسی زەخیرەیە نەماوە بەهۆی بونی رێگاو بانو هاتوچۆی زۆرو شت هێنان لەهەموو روی زەمینەوە و هەروا بونی سەلاجەو فرێزەر هەموو تەڕەو وشکەیە زۆرە، مەگەر لەلادێکانا لەبەرهەمی کشتوکاڵیەکەی خۆیان وشك کەنو هەنێ زەخیرە بخەن.

بەڵام لەشارا هەموو شتێ زۆرە مەگەر لە مەنعی تەجەولە گەورەکەو بچکۆلەکە کە قاتو قڕی هەموو شتی بوو، رۆژێك لۆریە خەیار هات لە کەرکوکەوە بەدرێژی ئەو هاوینە کەس سەوزەو تەڕەی نەخوارد بوو بەیەك سەعات تەواو بوو پیاوی لەسەر ئەکوژرا، یاخوا ئەو رۆژگارە بڕواو نەیەتەوە.

هەندێ شتی خواردن کەلەماڵ ئەکراو پێك دەهات وەکوو ئارەقی نەعناو گوڵاوی گوڵەباخی ئەسڵو شاتەرە هەموو ساڵێك لەماڵ یەکێکی لێزان ئەیگرت بە گومگومەو بوریەو شتی وا، وەکوو ئەڵێن (عملية تقطير) کە ئەکوڵێنرا لەسەر ئاگرا سەری مەنجەڵەکە بەهەویر ئەگیراو هەڵمەکە بەبۆریەکا ئەچووە ناوگوم گومەیەکی تر، ئەبوو بەئاوی گوڵاو یا ئارەقی نەعناو شاتەڕە، لەهەندێ جێگا هی (شویت)یش ئەگیرا کە بۆ کۆڵسترۆڵ باشە.

ئێستا لەشاری لەندەن ئاوارەم هەرچەند دائەنیشم لەم شارە غەریبیەو بیر لە جاران ئەکەمەوە منالیمو گەنجیمو دواتر کەهەموو ژیانم لەشارە خۆشەویستەکەما بردۆتە سەر، تا ١٤ ساڵ لەمەوبەر هێند ژیانێکی خۆش بوو هێند خۆش بوو باس کردنی هەر تەواو نابێت هەرچەندە زۆر قۆرتو داخی زل زل هاتە رێمان بەهۆی ئەم دوژمنە گەورە بێ زەمیرو بێ ویژدانو دڵ ڕەقەوە، چی بڵێی ناوو ناتۆرە لەسەری هەرکەمە.... بەڵام چونکە لەناو باوەشی وڵاتو شارەکەتا ئەژیای ئەت وت منیش وەکو ئەم هەموو خەڵکە نوکە دەرزیەك خۆشی ببوایە دەروێك لەقەزیەکەمان بکرایەوە، واهەموو ئەو زوڵمو زۆرداریەمان بیر ئەچووەوە پێی ئەگەشاینەوە، چوار

ساڵەکەی دوای یانزەی ئازار یەکی دەساڵ لەخۆشیا چووە سەر تەمەنمان هەرچەندە دوژمنە گەورەکەمان زوو زوو لەباڵی ئەداینو لەتکوتاسەوەی ئەبردین، بەڵام خەڵکەکە دڵسۆز بوو، هەموو کەس یەکتری خۆش ئەویست بەخۆشی یەکتر دڵخۆشو بەناخۆشی دڵناخۆش، دراوسێ شتی بێ دراوسێ بۆ قوت نەئەدرا، هەروا خزمایەتیو رەفیقایەتی بەدڵسۆزی راستەقینەو بێ ریاییو مەرایی و پیا هەڵدانی درۆو دەلەسە هەموو کەسێك راستو پاك بوو لەگەڵ یەکترا فەقیری گەڕەك هەمیشە لەماڵە دەوڵەمەندەوە خواردنو چێشتی گەرمو یارمەتی بۆ ئەچوو، بەدەمیا نەئەچوو بی ئەو دراوسێ کەم دەستەی هەمیشە چێشتی زۆری لێ دەنا، لەبەرئەوانە... ئای کە خۆش بوو هەمیشە بەتاسەی ئەوەوەم کە بگەڕێمەوە بەڵام کەسەر ئەدەمەوە تەماشا ئەکەم گوم ئەبم لەناو ئەو بەشەری ئێستادا هەر ئەوە نەماوە کەمن بەتاسەوەیەوەم لە کۆنەو تازەی تازە داهاتوی بەعس لەلایە تەلەفزیۆن تازەو ئینتەرنێت لەلایەکی ترەوە بەشەرەکەی گۆڕی داری دا بەرۆحی زۆربەیا، هەمووشتێ بوەتە پارە، ئاخ پارە چیت لەعالەمەکە کرد مەسڵەحەتی بوو سوڕت بۆ دەدا بەرژەوەندی نەبوو پشتت تێ دەکا!!.

جاران دنیا دنیایەکی تر بوو ئەم دنیایە نەبوو نەشت بەدابونەریت نەمرۆڤەکە، هیچی لەهی ئێستا نەئەچوو.

جاران سەلاجەو فرێزەر نەبوو هاتو چۆ نەبوو گەر بەرهەمی کشتوکاڵی خۆمان ئەهاتە کزی ئیتر تا کاتی هاوینو بەهارو

پایزێکی تر لەو شتە لەبازاڕا نەئەما ئەو شتانەش نەبوو کە خواردنی تیا ببەستیٚو بمێنێتەوە تابەهار، لەبەرئەوە خەڵکەکە هاوینو پایز چەند لەتوانایانا بوایە لەهەموو بەرهەمێك کە بۆ وشك بوون ئەشیا وشکیان ئەکرد لەسەوزە لەمیوە بۆ خۆشاو لەکەوەرو کەرەوەزو نەعناو تەرخون لەکۆتایی پایزا هەموو ماڵێك بەپێی توانای عەمبارو کەنوو کوپەی پڕدەکردن لەزەخیرە.

ماڵی واهەبوو فەردەیە گەنمی ئەکرد بەساوەر گەر خێزاندار بونایە ئەم گەنمە ئەشۆرایەوە و ئەبژێررا و ئەکوڵێنراو وشك ئەکرایەوە، ساوەر کوت ئەی کوتا توێکڵەکەی بەبائەدراو دەستاڕ ئەهاتە پێشەوە لەدەستاڕ ئەدراو لەهێڵەكو بێژنگ ئەدراو هی درشت بۆ قبوڵیو وردە بۆ پیرخەنیلە... هەروا دۆشاوی قتوو نەبوو دۆشاوی تەماتە لەماڵەوە ئەگیرا، چەند باری ئێستر تەماتە ئەکڕاو ئەشۆرایەوەو ئەجنراو لە مەنجەڵی زل زلی خوازراوی وەقفا دائەنرا تا ئەڕزی بۆ دوو سیٚ ڕۆژ ئینجا ئەگوشرا و ئاوەکەی لەناوسینی مسا لەبەر سورەی هەتاوی هاوین لەسەربانو حەوشە دادەنرا، بەسیٚ ڕۆژ خەست ئەبوەوە و خوێی تێئەکراو ئەکرایە کوپە. چەڵتوك ئەکڕاو ئەکوترا و لەبێژنگ ئەدرا بەزۆری و ئەبژێرراو ئەخرایە کوپە، هیزە ڕۆن ئەکڕاو ئەخرایە کوپەی شینەوە دامو دەزگای ترشیات لەپێشا سرکە لەتریٚ ڕەشکە ئەکراو کەپێگەیی خەیارو ترۆزیو سیری عەجەمو زۆر شتی تری تێئەکرا، گەنمی زۆر ئەکڕا و ئەشۆرایەوە و ئەبژێراو ئەخرایە کەنوەوە نیسكو نۆك ئەشۆرایەوە نیسکەکە لەدەستاڕ ئەدراو

ئەبێژرایەوە ئیتر کەیبانوو هێند سەر قاڵ ئەبوو هەرئاگای لەدونیا نەئەما تا هەموو زەخیرەکانی تەواو ئەکرد وە بۆ دروست کردنی نیشاستەش گەنم دوو سێ حەفتە ئەکرایە ئاو دوایی وشك ئەکرایەوەو لەدەستاڕ ئەدرا ئەبوو بەنیشاستە.

کشمیشو بادەمو کەشكو قەزوانی شینو چەقاڵەو زۆر شت لەوبابەتانە لەبازاڕ ئەکڕاو پاك ئەکرا گوێز بەهەزاران ئەکڕا بۆ خواردنی بەرچایی بەیانیانو بۆ ناو کولیچەو برمەو بۆ سوێرکردن لەگەڵ قەزوانو چەقالەکەدا بۆ ماڵو میوان، ناوکی شوتیو کاڵەكو گوڵە بەڕۆژە سوێر ئەکرا و بەتەنەکەی پڕ دائەنرا ئەمانە چونکە لەکاتی ناوەڕاستی پایزا هەرزان ئەبوو خەڵکی دێهاتەکان بەزۆری ئەیان هێنایە شار بۆ فرۆشتن، خەڵکەش لەوکاتی زۆریو هەرزانیا سەریان تێ ئەکرد. قەرەخەرمان کە گەنمی سەوزە ئاخری بەهار خەڵکی دێهاتەکان پێش ئەوەی گەنمەکە تەواو پێبگا هەنێکیان بەسەوزی لێ دەبژاند ئەیان بردە شار ئەیان فرۆشت ئەویش ئەدرا لەدەستاڕ.

دۆشاوی ڕەشو سپی دروست دەکرا، مێوژو باسوقو سنجوقی لێ دروست دەکرا. هەنگوینی خۆماڵی بەزۆری دەهاتە بازاڕەوە ئیتر هەرچی بڵێی بۆ خواردن بشێ ئەکڕا چونکە زستان لەبازاڕ تەڕە نەبوو هەرشتی وشکە ئەما ئەویش زۆر گران ئەبوو کەرەوەز، نەعنان بامێ، تەماتە، باینجانو زۆر سەوزەی تر وشك ئەکرا ترشی زۆر ئەکڕاو پاك ئەکرا خۆی ئەبژێراو لەدەستاڕ ئەدرا.

کەشکەكو گیپە، ماڵی وا هەبوو حەوت مەڕی دابەستەی قەڵەوی ئەکڕی لەپایزاو ئەکرا بەقاورمە ئەمە چەند ڕۆژی ئەویست گۆشتە سور ئەکرایەوە لەگەڵ خوێی زۆرا و ئەخرایە دیزەوە بۆ زستان چونکە گۆشتی تازە بەدەگمەن دەست ئەکەوت سەروپێکەی ئەکرا بەکیپە ئێسقانی مەڕەکان ئەکرا بە کەشکەك دوای قاورمە ڕۆژی یەکەم کیپە لێئەنرا لەمەنجەڵی مسی زلاو بەماڵە دۆستو خزما ئەبەشرایەوە دوای ئەوە کەشکەك ئینجا دوگەکەی ئەکرا بە چزڵیك ئەکرا بە کولێرە بە چزڵیك ڕۆنەکەشی ئەخرایە ناو قاورمەکەوەو شتی پێ دروست ئەکرا.

دەوری چل ڕۆژ کەیبانوو خەریکی ئامادە کردنی زەخیرە بووە بۆ زستان کەلێ ئەبوەوە دڵی خۆش ئەبوو ئینجا ئەچووە حەمامی دەرەوە بەدڵخۆشیو شان شوکی و گەلێ داوو دەرمانو خەنەی لەگەڵ خۆیا ئەبرد و لەوێ لەسەر بەردە گەرمەکان لەخۆی هەڵئەسوو تاسەعاتێك بۆ ئەوەی کفتو کۆی لەشی بشکێ و هیلاکی لێدەرچێ ئینجا کە پایز دونیا بەرەو ساردی دەچوو بەزمی ماڵو ژور پاکردنەوەو فەرش داخستنی ئەهات.

هەر هاوین دارو خەڵوزی زۆر ئەکرا بۆ کورەو مەقەڵیو تەنور و چێشت لێنان، چەندەها فەردە خەڵوز ئەخرایە خەڵوزدانەوە و خاکەنازی تایبەتی لەسەر دائەنرا.

چەندەها فەردە تەلاش ئەکرا و هەرچڕو چیلکەبوو بۆ ئاگرکردنەوە پەزمەندە دەکرا ماڵ تاگەورەو ژێرخانی زۆری هەبوایە یەکەم بوو بۆ ئەم هەموو تفاقە.

## ترشیات:

ترشیات کردنی زوو لەکاتی منالیو گەنجیما کەلەبیرم ماوە کە ئێستا بۆیان ناکرێ و لێی نازانن کە خواردنێکی بەسودو بەلەزەت بوو بۆ خێزانو بۆ چاکەو بەسەرکردنەوەی خزمو هاورێ کەدەوری شەش مانگێك لەکوپەی گڵدا ئەمایەوەو خراپ نەئەبوو مەگەر جێگەی زۆر گەرمو بەرهەتاو بوایە.. وەکوو ئەزانین ترێ رەشکەی شارباژێر کە بەناوبانگ بوو بۆ هەموو چەشنە میوە بە زۆری ترێ رەشکە، هەبوو سێ تا چوار باری ئەکڕی کەبە ئێستر یان بەگوێدرێژ لەبەرچنەو قەرتاڵەی گەورە گەورە دا خەڵکی دێهاتەکانی خاوەن ئەو رەزانە ئەیان هێنا بۆ شار بۆ فرۆشتن، کە ئەهاتەوە هەموی ئەشۆرایەوە و قنچك ئەکراو ئەخرایە چەند کوپەی شینەوە کەلە کەرکوكو دەورو بەری لەکۆنەوە دروست کراوە، ئەمە لەمانگی ئەوەلی پایزا ئیتر تاچل رۆژ یان کەمتر بەپێی چاکیو خراپی کوپەکە، سەرەکەی شتی گەرمی پیا ئەدرا کەپێ دەگەیشتو تەواو ترش بوو گەرم ئەکرا تا قوڵپێکی ئەدا و خوێی تێکەڵ ئەکراو دائەنرا بۆ ماوەی شەوێك تا سارد ئەبوەوە، و هەڵئە گلۆفرا و ئەپاڵیوراو ئەخرایە کوپەوە، هەبوو هەموو چەشنە سەوزەیەکی تێکەڵ و تێ ئەکرد لەگەڵ قەزوانێکی زۆری ناسك (فەریکە قەزوانی وشك) لەگەڵ کەرەوزی زۆر، سەوزەکانیش خەیار، ترۆزێ، فاسۆلیای سەوز، دەلوبیبەری سەوز، تەماتەی سەوز، باینجانی زۆر ورد و پاشە بەرە، لە کوپەی بەجیادا سیری عەجەم خۆش ئەکرا هەبوو شوتیە کوڵەی زۆر بچوکی پاشەبەرە

کەبەقـەی پرتـەقاڵێکی گـەورە بـوو ئەویـشی تـێ ئـەکرد هـەبوو بەتێکـەڵاوی هـەش بـوو خـانمی بـەکردو بـزانو بەسـەلیقە هـەر چەشنەی کوپەڵەیـەکی لـێ پڕ ئـەکرد بەسـەر هـەمویا ئـەو فەریکـە قەزوانە کە نەرم کراوەتەوە بەئاو لەگەڵ کەرەوزی زۆری ورد کراو.

## ترخێنە:

بەگـەنمی کـوتراو یـانی بڕویشو و خـوێ و گـەڵای شـێلم کـە بڕوێـشەکە قـوڵپێکی پـێ ئـەدراو سـارد ئەکرایـەوە لەگـەڵ گـەڵا شـێلمێکی زۆر زۆری ورد هـەنجراودا، خـوێی زۆر تێکـەڵ ئـەکراو ئەخرایە کوپەیەکـەوە ساڵەهای ساڵ بەکار هاتووە بۆ ترخێنـە کە کوپەی تەرخێنەیان پێ ئەوت، زۆر زۆر گەورە بوو لـەپاش حەفتەیە هەڵئەگیرایـەوە نیـوەی سـەرەوە دائـەنراو نیـوەی خـوارەوە بـەجیا دائـەنرا لەسـەر چـەند سـینی نـان خـواردن، ئینجـا هـی سـەرەوە ئەخرایـە بنـەوەو هـی خـوارەوە بـۆ سـەرەوە لـەپاش پـانزە رۆژ دەرەئەهێنراو تۆپەڵ تۆپەڵ ئەکراو تەڕو پڕ ئاو دەبوو پێیـان ئـەوت (تەڕەسان) کەلەحەمامەکانیشا ئەفرۆشرا بەقاپ.

## جگەرە تێکردن

لەبەرئـەوەی کـە هـیچ شـتێك وەکـو ئێـستا بـە پاکـەتو قتـوو نـەبوو خەڵکەکـە تـەگبیری مـاڵی خۆیـان کردبـوو بـۆ هـەموو شـتێك وەهـەر گیـز دانەئـەمان بـۆ هـیچ، بۆنمونـە وەکـو جگـەرە کـەجاران

بیستومە نێرگەلە کێشراوە لەسلێمانیا وە بەردە ئەستیٚو ئەستیٚو بەرد و داری کەڕە پوو یانی پوشو کە داری گەنەڵی رزیو ناوەکەی ئەپوا خەڵکی دێهاتەکان ئەیان هێنا ئاگریان پێئەکردەوە بۆ جگەرەو هەموو ئاگرێك لەسەر دەستوری زۆر کۆن بەرد کەپەردە ئەستێیان پێ ئەوت بەردێکی تایبەتی بوو ئەو پوشەیان لەبەرا دائەناو بەهەموو توانایەوە ئەستێکەی لێ دەدا گرێکی بچوکی لێ پەیا ئەبوو پوشوە ئاگری ئەگرت هێند وشكو کەڕەپوو بوو ئیتر جگەرەکەی پێ دائەگیرا لەسەر ئەوە فیکری چەرخ داهاتووە وابزانم هەروا بۆ ئاگری تر تاساڵی نەوەد من ئەوەم دیوە بە دەستی پیاوێکی قەیمەی خەڵکی لادێوە.

جگەرەی قامیش بەبوخچەو بەتۆپ لەبازاڕ ئەکرا خاوەن توتن توتنی ئەفرۆشت پایزێکی درەنگ کە توتن هەڵئەگیرا خاوەن توتن لەهەرە توتنە باشەکەی خۆی هەنێکی گل ئەدایەوە بۆ خۆیو خێزانو هەروا هەنێك بۆ بەشو توشو دیاری بۆ شار لەسامسۆنو بۆندارو شتی باش.

کەیبانوو بەشەکەی خۆی یا هەر کەسە بەشی ماڵی خۆی هەڵئەتەکان بەلەنگەری کە سینیەکی تەختەی دارگوێزبوو لەهەورامان دروست ئەکرا وەکو سینیەکی پەل ئینجا لاسكو پیسی لێئەبژاردو ورد ئەکراو هەڵئەگیرا بەپاكو خاوێن بۆ بەکارهێنان ئامادە کراو.

جگەرەی قامیش لە موسڵەوە ئەهات زۆر جولەکەی دوکاندار ئەیان فرۆشت هەروا دوکانداری موسوڵمانیش، لەبیرمە کابرایەکی

مەسیحی خەڵکی موسڵ خواجا بەشیر بیشۆن ناو لەخانە سوتاوا دوکانێکی هەبوو هەر جگەرەی تیا ئەفرۆشت کەلە موسڵەوە بۆی ئەهات دەمێ ساڵ بوو هاتبووە سلێمانی هەموو کەس ئەیان ناسی و کوردیشی ئەزانی.

دوو جۆر جگەرەی قامیش هەبوو باریك و ئەستور کەبەقەی پەنجە توتەی زەلامێك ئەبوو باریکەکەی زۆر باریك بوو بڵێ پەنجە توتەی منداڵێك لەجگەرەی پاکەت زۆر درێژتربوو بگرە قاتو نیوی جگەرەی پاکەت جگەرەی پاکەت نەبوو گەر بشبوایە زۆرگران بوو خەڵکەکە بۆیان نەئەکرا لەبیرمە هەر ماڵەی چەند کەسێك جگەرەی ئەکێشا هەتا ئافرەتەکانیش لەبەرئەوە دەرەقەتی کردنی نەئەهات یا حەرایان لەتوندی توتنەکەی نەئەکرد هەمیشە ئەبوایە جگەرەی تێکراو ئامادە لەماڵاببوایە زۆر شورەیی بوو میوان هات جگەرەت لەبەردەمیا دانەنایە سایا بەقتوو یا لەسەرقاپ، لەچلەکانا جگەرە دانی زیو پەیا بوو جولەکەکانی سلێمانی زەرەنگەرەکانی دروستیان ئەکرد، هەبوو لەبەغا ئەی کڕی کە عەلاگەی زیویان پێ ئەوت قاپێکی درێژ کۆلە چوار پێچکەی هەبوو ناوەکەی بەتەیرو نەخشو نیگار دەسکێکی هەبوو سەرەکەی تاجی مەلیکی عێراق یا لەشێوەی تەیرێك بەفینەوە دروست کرابوو بۆ میوان لەدواییا جگەرەی تێکراوی تیا هەڵئەچنرا و ئەخرایە بەردەمی میوان و تەپڵەکی زیو لەبەر دەمیا یاشوشە، زۆر ئاسایی بوو جگەرە دانان.

لەبیرم یەت بەدەگمەن توتن لەبازاڕا ئەکرا بەزۆری پیاوی گەورە هەر هی دەرەوەی بۆ ئەهات خاوەن توتنەکان لەشارباژێر لە

پێنجوێن لەمیراودەلیەکانەوە لەقەڵادزێو رانیەو پشدەرەوە بۆیان ئەهات کردبویان بەعادەت هەموو پایزێك بەدیاری ئەیان برد.

چۆنیەتی جگەرە تێکردن وەکو وتم توتنەکە لەپاش پاکردنی لەسەر ئەو لەنگەریە بێ بزمارو سافو لووسەی دەسکردی هەورامان ورد ئەکرا و ئینجا یەکێکی لێزان تۆپە جگەرەکەی جگەرە جگەرە کەلەناو یەکا بوون لەیەکێ جیا ئەکردەوە خێرا خێرا پڕی ئەکرد لەتوتنو بنەکەی ئەدا لە لەنگەریەکە تاپڕ پڕ ئەبوو تونگ ئەبوو ئەبوایە وابە شێوەیەکی لەسەرە خۆو رێكو پێك توتنەکەو کێشانی بەلەنگەریەکە بکرایە کە جگەرەکە چرچ نەبێ ئینجا یەکێ لێزان بەرامبەری خێرا خێرا بەنینۆك بەچەرخ سەری ئەنایەوە بەشێوەیەکی قایمو تونگو تۆڵ کە توتنی لێ هەڵنەوەری.

هەبوو ناشی تێی ئەکرد چرچوو شلو شکاوو سەر خراپ نانەوە خەڵکی گاڵتەی پێ ئەکرد. ئیتر ماڵی وا هەبوو ژنێك لە بەیانیەوە تا ئێوارە جگەرەی تێ ئەکرد مناڵێکیش توتنی ئەکرد بەدەستیا یەکێکیش سەری بۆئەنایەوە بۆخچە بیستو چوار یا دوانزە تۆپ بوو دەنگی جگەرە تێکردن زۆر خۆش بوو دوایی ئەوەی کەتەواو بوو هەموی تێکرا یانی چەند تۆپێك ئینجا سەفتەی ئەکرد لەناو سنوقێکی تەنەکەی تایبەتیا و هەڵئەگیرا رۆژ بە رۆژ بەهێواشی قتوە جگەرەی لێ پڕ ئەکرا. سنوقە تەنەکەکە کەلە جێگەیەکی بەرز وەکو رەفە دائەنرا کە جگەرەکە عەزیەتی نەگاو چرچو شلو شکاو نەبێ ماڵی رێكو پێك بەوشتانە ناوی دەردەکرد کەهەموو شتێکی رێكو پێك بوایە.

## گوێزەبانە

گوێزەبانە لەدوای موناسەبەتێکی خۆش کە گوێزەبانە یان ئەبەشێـەوە بـۆ موبـارەکی سـا یـا هـی مـەولود یـان دوای خەتەنەکردنی منـاڵ یـان منـاڵ بـوون ئـەویش گەلـێ سـوپاسو دوعـای خێـری ئـەکرد کاتـێ وەری ئـەگرت جامۆڵکەیـە نقـوڵو خورمـاو مێـوژ و نـۆکی بـرژاو ئـەوەی نـەی توانیـوە بێـت بۆئـەو موناسەبەتە لەمەولودو مناڵ بوونو خەتەنە سوران وا بۆی نێراوە.

## دارە بەن

## ١٩٨١/٥/٢

دارە بـەن واتـە داری قـەزوان کـە یەکێکـە لـەدارە گرنگـەکانی کوردسـتان، قـەزوان وەكو بیسـتومە هـەر لـە کوردسـتانی گـەورەدا هەیە وەکو ئـەڵێن لـەکوێ سـنوری کوردسـتان کۆتـایی بـێ دارەبەن ئەبڕێتـەوەو نامێنـێ ئـەم دارە دارێکـە کەسـەرو بـەری ئـەخورێ لەهەموو رویەکەوە بەسودە وەکو ئـەڵێن دارە بەنو مەڕو داری مێو وەکـوو یـەك وان سـوود لـە هـەموو شـتێکی وەرئـەگریت دوورلـە پـشقلەکەشی بـەڵام ئـەم بـێ پـشقلە هـەروا سوودی هەیـە بـۆ ئـاژەڵ خـواردنێکی لـەلادێکانا کـە دارەبـەنی لـێیە لـەکانێکا کـە دارەکـە قڵیشێکی تێ ئەکرێت وا خەستاوێکی لـێیەتە خـوارێ کە بنێشتە تـاڵی پـێ ئـەڵێن کـەوەکو ئـەڵێن دەوای زۆر دەردە بـۆ گـەدە و بـۆ برینو زۆر شتی تر، کاتێ لەکۆتایی بەهاردا دارەبەن دەبینی دەیان.

گوچیلەی قوڕی پێوە قاییم کراوە بەتەشویێ قەدەکەی پیتکە پیتکە کراوە و کۆچیلە کە بە توکمەیی بەدەمی درزەکەوە نراوە هەموو پەلو قەدی دارەکە بەپڕی ئەو کوجیلانە پێوە نراوە ئەم کوچیلانە وەکو دۆلکە یا پەرداخێك لە قوڕە سپی دروست کراوە بۆ ئەومەبەستە، پێوەی تەواو چەسپ کراوە کاتێ هەموو کوجیلەکان پڕ بوون وا ئەو بنێشتە تاڵە هەڵدەگێرێتەوە و لەمەشکەدا دەهێندرێتەوە بۆماڵو دەکرێتە چاڵێکی سواغدراو، ئەمجار کەتەواو هەڵگیرا لەرۆژێکی دیاریکراودا دەزگای بنێشت کوڵاندنی بۆ سازدەکرێو لەمەنجەڵی زل زل دا دەکوڵێندرێ کەتەواو کوڵا ئەمجار دەکرێتە تورەکە خامی سپییەوە بۆ فرۆشتن ئەمەیە کەپێی دەڵێن بنێشتی کوردی، گەر نەکوڵێندرێ پێی دەگوترێ بنێشتە تاڵ، وەکوو هەنگوین ساف ئەخرێتە شوشە بۆ گەدە یەکاویەکە بە شلی بەیانیان لەخورێنی کەوچکێ دوو کەوچکی لێ بخۆی... فەریکە قەزوانەکەشی ئەخورێو هەر کە گەییو شین هەڵگەڕا تامێکی تری خۆشی هەیە بۆ سوێرکردنیش دەبێ، قەزوانی فەریك بۆ سك چونو بۆناو ترشیات بەکاریەت هەروا قەزوانێك کە هێشتا توێکڵەکەی ڕەق نەبووە و ناسکە لەدولا لەگەڵ مێوژە ڕەشکە ئەی کوتن تاوەکو گونکە هەویری لێ دێ ئینجا ئەی خەنە ناو دۆشاوی ڕەشەوە خەڵکی دێهاتەکان ئەی خۆن بەسوود ترینو بەلەزەتو بەقوەتو چاکە بۆ بەشەر بەزۆری لەئیفتارا لەرەمەزانا ئەخورێ بۆ ئەوەی بەری دڵیان بگرێتو لەپڕ زۆر نەئاخننە ناو گەدەیان دوایی کەبرسیان بووەوە وا بەشینەیی نانی ئیفتار ئەخۆن نایاب ترین شیرینیە کە کەیبانوو بۆ خێزانی دروست ئەکا لە لادێکانمان.

**هەنێ لەو جێگەو خواردنانەی کە ناوبانگی هەیە لە کوردستانا بەتایبەتی لە سلێمانیا:**

- پەنیرو ماستی یاخیانو گەلاڵە.
- پیازی عەوالان
- برنجی بازیانو بانی خێلانو دەمرکان
- رێواسی کەلیخان کەناسکو پانو ئاودارە
- ناسکە هەرمێی شارباژێر و
- کاڵەکی پردیو شەمەو ویلەکر
- خەیاری سوورقاوشان
- هەناری شارەبانو هەڵەبجە و عەبابەیلێ (ساڵحی خان)
- سێوی سەردەشتو بارزان
- ترێو هەموو میوەیەکی شارباژێر
- ماستی بازیانو هەولێر و خەراجیان هەروەها فرۆو کەرەو شیرێژو ژاژو دۆو ماستو شیرو لۆرکو پەنیرو دۆکەشك. ساوەرو دۆ دەکرێتە دۆینە. بەزۆری لەناوچەی گەرمێنو ناوجاف دا باوە.
- نۆکو نیسکی مۆریاس
- شوتی گەڕە دێ
- هەموو دانەوێڵەو سپیایی هەولێر
- خێرو بەرەکەتی دەڵێنو مالوان

- مانگای مالوان قەڵەوە
-تووری قەیتول
- گوێزی هەورامانو شاربازێر
- تەڕە تووی ولیان

## ناوی هەنجیر لەکوردستانا

- هەنجیرە شڵە (وردو شیرینە لەنۆکێك نەختێ گەورەترە)
- هەنجیرە رێحانی
- هەنجیرە سورە
- هەنجیرە بەهێ ماڵی
- هەنجیرە رەشە
- هەنجیرە کێوی
- هەنجیرە زەردە

## ناوی ترێی بەناو بانگ لە کوردستانا

ئەڵێن ٣٩ جۆر ترێ هەیە لە کوردستانا:

- ترێ سادانی - ترێ رەشکە - ترێ مام برایمە
- ترێ سوسنەیی - ترێ بۆڵ مسکە - ترێ ئەنگوتکە

- تریێ بۆڵ مازوو
- تریێ بزمار كووت
- تریێ كیێویلە
- تریێ سپیكە
- تریێ تایەفی
- تــریێ دۆشــاوی یــا زەردە.
- تریێ ریێویلكە
- تریێ رەشی میری
- تریێ كشمیش
- تریێ سەقوولە

## ناویێ هەرمیێ لەكوردستانا

- ناسكە هەرمیێ
- هەرمیێ گولاوی
- هەرمیێ رەشە
- سیو هەرمیێ
- هەرمیێ سورە

## مۆز

لەساڵی ١٩٨٨ هەر لەرۆژە ناخۆشو رەشەكانا بوو لەرۆژانی قاتو قڕی خواردنو جلو بەرگو هەموشتێ كە بەدەسیسەوای لەم میللەتە كرد برسیو چاو برسیو غەمبارو نەفسیەت گۆڕاو بێ، بەو شەرە دەست كردەی خۆیو ئاغای بوو، كەسێ میللەتی تێوە گلانو ئالانو تێكی بەردانو كردنی بەدوژمن لەیەك خۆشی لەسەر قەڵاو كۆشكە زێڕینەكانی چەپڵەی لێئەداو ئەیوت ئافەرین لەهەرەتی دێ سوتانو خەڵكی ئاوارە كردنو دەست پێكردن بە ئەنفالو كارەساتی هەڵەبجە، خۆیو وەستا عەلی ئامۆزای (عەلی كیمیاوی) كەیەكەم وەستاو لێزان بوو بۆقڕی كورد ئالەو كاتەدا بوو چومە ماڵی خوشكم كچێكی حەوت ساڵانەی هەبوو

لەقوتابخانە کاتی هاتەوە هاتە لامەوە وتی پوریّ ماموّستاکەمان راست ئەکا ئەلّیّ ئەو کەسەی تەلەبەیەکی زیرەك بیو ئاقلّ بیو لەمالاّ یارمەتی دایکی با و خەفەتی نەداتیّ واخوا لەقیامەتا روّژی موّزیّکی بوّ ئەبریّتەوە چاوەریّی وەلاّمی من بوو بەلاّم لەبەر ئەوەی ئیتر منیش لەداخی ئەو منالّە دلّم سست بوو بوو وتم: ئەوە منالّی دەوری ئەم زالّمەو ئەوەش منالّیّ ولاّتان وتم بەلّی راستە، ئەمجار وتم حەزی لیّئەکەی وتی بەلّیّ ئەلّیّن زوّر خوّشە وتم نەت خواردووە وتی کوا نیە سبحەینیّ سەریّکم لەبازاڕ دا بوّئەوەی وتیان جارجار بەقاچاغ موّز لەئیّرانەوە یەت کەچوم بەریّکەوت کوڕیّك هەرزەکار لەمەیانەکەدا لەپەنایەکا دانیشتبوو بەدزیەوە هەندیّ موّزی لەگونیەیەکدا دانابوو دانە دانە دەری ئەخستو ئەی فروّشت لەترسی ئەمنەکان نەك پڕبە گونیەکەدا بکەنو مالّ ویّرانی بکەنو بیبەن کەدیم وتم دانەی بەچەند وتی بەدوو دینار منیش چوارم کڕی بوّ هەرچوار منالّەکەی کە بوّم بردنەوە خوشکم وتی فیّریان مەکە هەموو کاتیّ باداوای موّزم لیّنەکەن من ناتوانم جاری هەشت دینار بەم بەموّز بوّیان.

## نان کردن

کورد لەکوّنەوە دامو دەزگایەکی زوّر ریّکو پیّکی جوانو بەسەلیقەی بوّ نان کردن دامەزراندووە، بیّگومان روّژ بە روّژ بەرەو پیّشکەوتوتر روّیوە، هەموو پارچەیە لەو پارچانەی کەبەکار هاتووە بوّنان کردن ناویّکی خوّی هەبووە، هەولّ دراوە کە هەموو

تۆکمەو جوانو چاك بن، هەموو ماڵێك ژورێکی تایبەتی دروست کردووە لەبەشێکی حەوشەکەیان کەناویان لێناوە سەرتەنوور یا تەنوربان. هەبوە درەگاو پەنجەرەی بۆکراوە لەگەڵ کلاو رۆژنە. بەلام زۆربەی هی سلێمانیم ئەدی بەم شێوەیە بوو لەسەر تەنور ٣-٤ ئاگردانیش هەڵئەبەسترا بۆ چێشت، ئەو شتانەی بەکار ئەهات بۆ نانو کولێرە بەتەنور یادامو دەزگای نان کردن:

١. **تەنور:** بەوشێوەیە بوو مەترو بگرە زیاتر قوڵی بوو بەزۆری لەپیر مەسور ئەکرا لەسەر تەنورەکە چاڵێکی قوڵی بۆ هەڵئەکەنرا تەنورەکە بەپشتی ولاخ ئەیان هێنایەوەو بەدوو سێ پیاو ئەخرایە ناو ئەوچاڵەوە و تەنیشتەکانی پڕ ئەکرایە وە بەجوانی لەقوڕ وگڵ، دوایی ئاگری بەداری ئەستوری وشك کە پێیان ئەوت: زەننە قڵیشە لەبەیانی زوەوە تیا دەکرایەوە تا ئێوارە گەر بەدڵیان سور نەبوایەوە وا سبحەینێش ئاگری تریان تیا ئەکردەوە بەزۆری نانەوا کەیان ئەهات سەیری ئەکرد گەر بەدڵی نەبوایە وا هەر بەردەوام ئەبوون چونکە نانکەر لێزان بوو.

٢. **پنە:** دوو نەوع پنە هەبوو ئەوەی کەلەداری گوێز بکرایە لەهەورامان ئەوە چاکترین پنە بوو وەهەتا هەتایە ئەمایەوە، هەبوو دارتاشەکانی سلێمانی دروستیان ئەکرد لەداری بی یا دار بەڕوو زۆر باش نەبوو، لەماڵەوە خاوەن ماڵیش لە گەچ ئەیکرد ئەوە زۆر قورس بوو هەندێکیان باش دەرئەچوون، پنە سێ پێچکە یا چارپێچکەی یەك بستی بۆ ئەکرا، پنەی گەچو چوار پێچکە هەر بۆ

منالانیش پنەی گەچ دروست ئەکراو گونکی بچوکیان ئەدرایە کە بە کلکە تەشی پانی بکەنەوە.

٣. **تیرۆك:** هی دارگویز زۆر باش بوو لیزانەکانی هەورامان یا هەجیج بیان کردایە ریكو راستو لووس هی خوارو گرنال گرنال خراپ بوو، هەبوو یەك مەتر هەش بوو کورت تر هی وابوو ئەیوت دەستم بەتیرۆکەکەی خۆم فیربووە بۆیە نانم جوانە ئەمە بیست ساڵە ئەمە بەکاردەهینم.

٤. **مادە:** لەپەرۆی قایم وەکو خام دەرەوەی ئەدورا بەوشیوەیە و جێ چونە ژورەوەی دەستیشی بۆ ئەکرا و ناو ئاخنەکەش بە تونگو تۆلی پڕ ئەکرایەوە لەپەرۆی شڕو کۆن بەزۆری ژنە جولەکە ئەهاتە ماڵەوە دروستی ئەکرد، عانەیەکی ئەدرایە ئەمە نانی تیری یا کولیرەو لەواشەی ئەخرایە سەر و ئەدرا بەتەنورەکەوە.

٥. **نانگین:** سەبەتەیەکی زۆر گەورەی قوڵ بوو، نانێکی زۆری ئەگرت پڕ پڕ ئەکرا بەسەقفی ژێرخانا بە گوریس هەڵئەواسرا بە سینیەکی قورسی مس دائەپۆشرا.

نانەکە لەپاش سوتوو کردنی یانی قەراغە سوتاوەکانی لێئەکرایەوە دوای سارد بوونەوەی. هەرکاتێ نانیان دەرهێنایە سینیەکەیان لەسەر لائەبرد و نانەکەیان ئەخستە سەر پلاو پالێو (سەلە)و ئاویان لێ ئەپرژان نانی تیری تازە بەتازە بوایە زۆر تام خۆشو بەلەزەتو بۆن خۆش بوو بەلام ماڵی واهەبوو ١-٢ مانگ نانی ئەمایەوە لە نانگینو قوڵینەدا ئەوانەی خێزانیان کەم بوو

بۆیان تەواو نەئەکرا یا ئەومالآنەی میواندار بوون بەزۆری بۆ زستان نانیان زۆر دائەنا. لایەنێکی تری باشی تەندوور ئەوە بوو: ئێوارە کەلەنان ئەبونەوە خەڵکە بەرەو ماڵ ئەبوەوە زۆربەی سەرو پێ یا نۆك یا گەنمو نۆك یا کەشکەکیان لەدیزە یا مەنجەڵی مس دا سەریان تونگ دائەپۆشیو ئەیان خستە ناو تەنورەکەوەو سینی مسیان ئەکرد بەسەرا کەبەیانی هەڵئەستان دەریان ئەهێنا پیشا بوو هەر بەگەرمی تەنورەکە... یانی بەو شێوە کولآندنە خۆراکەکە ئاگاداری هەموو شتە بەنرخەکانی ناوی کراوە، بۆنو بەرامەو هالآوی نەچۆتە دەرێ لەبەرئەوە ئەو پیشانە هەزار ئەوەندەی کولآندن سحیو بەلەزەت بووە، وەکوو پیشانی ئێستا نەبوە کەبە کاغەزی وەرەق لەناو فرنا ئەنجام دەدرێ. بیرمە هەر لەناو سەرتەنورەکەدا بەوبەر تەنورەکە وە ریزی ئاگردان ئەکرا بۆ چێشت لێنان ٤-٥ بەبەردو قوڕ بەرزی بستێك یا زیاتر بۆ دار خستنە ژێری.

٥. **میچ:** میچ بۆ کولێرە بەڕۆن بوو کەپێی نەخش بکەن ئێسقانی لولاقی بەرخ بوو.

٦. **هەویر ترش:** دوو گونك هەویری هەلآتەی جاری پێشوو ئەخرایە ناو ئاردەکەوە هەویرەکەی زیاتر هەڵئەهات بۆ جاری دووەم، نانەوا لەکاتی هەویر شێلانا هەویری پێشوی تێکەڵ بەئاردە کە دەکرد بەم جۆرە هەموو جارێ دوو گونکی هەلآتە ئەخرایە ناو ئاردی کەوڵەکە بۆ جارێکی تر بەکار ئەهات بۆ ئەوەی هەویرەکە کەهەڵبێت.

٧. **سەر هەویر**: یەك مەتر، کە ئەوکاتەی منالیو گەنجی ئێمە کوتاڵ بەدوو شێوە دەپێورا گەزی شا هەبوو لەمەتر زیاتر، گەزی بچوکیش هەبوو کە هەموو شتێ بەوە ئەپێورا کە ٧٥ سم بوو، وەکوو ئێستا مەتر نەبوو سەر هەویر یەك گەزی چوار گۆشەی لەخامی بۆر ئەکرا هەرچوار دەوری تەریب ئەدراو پاك ئەشۆرا رۆژی نانکردن ئەدرا بەسەر هەویرەکەدا کە وشك نەبێتەوە و جار جاریش ئاوی لێ ئەپرژێنرا.

٨. **کۆڵەوژ**: دارێکی باریك بوو بەقەی بۆری بەلوعەیە و درێژی گەزێکی شا سەرەکەی بەچەقۆ تیژ ئەکرا نانی گەرمی لەتەنور پێ دەرئەهێنرا.

٩. **دەست پێچ**: نانەوا وەکو دەس کێش بۆخۆی دەیدرو بەلام هەردوو سەری بەتاڵ لەکاتی نان پێوەدانا هەڵی ئەکێشا بەسەرکراسو فەقیانەو قۆڵی سوخمە قۆڵدارەکەیا کەنەسوتێت.

١٠. **کاخلی**: گەڵای روەکێکە ئەروێنرێت لەماڵا یا لە باخەکانی دەرەوەی شار، گەڵاکەی سەوزە لەگەڵای سیر یا سلقی ورد دەچێ یان لەو درێژو پانترە، بە وشکی یا بە تەڕی ئەخرایە ئاوەوە ئاوەکەی سور بوو ئەدرا لەڕوی کولێرە بەرۆن ئیجگار دوای برژاندن ئاڵو جوان ئەبوو.

١١. **کەوڵ**: لەپێستی ئاژەڵ لەپاش خۆشکردنی هی چەند دانەیە پێکەوە ئەدورا تا ئەبووە دەوری ٢ گەزی شادرێژو گەزو نیوێك پان، ئاردی پەینکەی لەسەر رۆ ئەکراو گونکە هەویری

ئەخرایە سەر و بەدەوریا پنە دائەنرا هەش بوو دوو دیو پێکەوە لەکوتاڵی خام پێکەوە توندو تۆڵ دەیان دووری.

**١٢. دەسە بەرە یا پلاو پاڵێو:** لە شوڵی بەلەك و كفرو چەقالە لە شارەزورو زۆر جێگای تر دروست ئەكرا، كاتی نان كردن دا نانی لەسەر هەڵئەچنرا و دائەنرا و هەروا نانی تیری لەسەر تەڕ ئەكرا یا برنجی كولاّوی لەسەر رۆ ئەكرا بۆ پلاو.

نانەواكە رۆژێ لەوەو پێش ئەهات ئاردی ئەبێژایەوە، ئینجا بە تەواوی لە ماڵەوە ئەی كێشا كەسەنگەكە بەرد بوو، ئەوەندە هۆقەی ئەپێوا ماڵی وا هەبوو ئەو رۆژە ١٢ هۆقەی ئەكرد هۆقەی سێ كیلۆو نیو بوو، دوانزە ئەوەندە (٢-٣ هۆقەش) كولێرە و لەواشەو پەنجەكێش ئەكرا، هەش بوو زیاتری ئەكرد عەسرێك لەوەو پێش نانەواكە ئەهات ئاردەكەی ئەبێژایەوەو ئەی پێوا دەیكردە تەشتەوەو بەهاراتی ناو نانی تێ ئەكرد حەوینجی كەركوكیان پێ ئەوت لەحەوینج و لەرەشكە لە شمڵیو كونجی و ئاردی پەینكەشی ئەكردە سەر كەوڵەكەو پنەو تیرۆكی حازر ئەكردو داری ئەخستە تەنورەوەو ئەچووە ژورێ، ئیشكەر سبحەینێ لەمەلا بانگدانا دەستی ئەكرد بە هەویر شێلان كە هەویر ترشی لەشەوێوە كردۆتە ئاو تێی ئەكرد و خێرا خێرا دەستی تەڕ ئەكردو زۆر بەباشی ئەی شێلا، تا نانكەر زۆرتر هەویرەكەی بیشێلایە بەلەزەت تر ئەبوو تەنوور دائەخرا، هەویری كولێرە لەپێش نیوەڕۆدا ئەشێلرا بۆئەوەی نەترشێ ئیتر نان كەر لەكاتی هەتاو هەلاّتا دەستی ئەكرد بەنان كردنەوە تانیوەڕۆ بەقسەی

خۆشو نەستەقو سەرگوزەشتەی کۆنو ئەخبارو روداوی دنیا رایان ئەبوارد، دوایی نانیان بۆ ئەهات گەر چێشت ببوایە گەر نەبوایە چاو ماستو کولێرەیان ئەخوارد و نوێژیان ئەکردو دەستیان پێ ئەکردەوە لەنانی بەری دوهەم کەتەواو بوو کولێرەو لەواشەو پەنجەکێش ئەکرا گەر دوای قاورمە کردنی پایز بوایە کولێرە ساوەرو کولێرە بە چزلێکیان ئەکرد، هەر بەگەرمی هەندێ بۆ ماڵە خزمو دەرو دراوسێ ئەنێرا، بەشی نانەواو نانکەرو خێزان جیا ئەکرایەوە، لەوناوەدا منالیش لەم شتە فۆلکلۆریە کوردیە بێ بەش نەئەکرا مار مارۆکەی بۆ ئەکرا دەبرژێنراو ئەدرایە دەستی.

هەربەمەبەستی خافلاندنو فێربوونی منداڵ پنەی گەچی بچکۆلانەشی بۆ دروست ئەکرا رۆژی نان کردن جاری بەقەی هەڵماتێك هەویری ئەدرایە، یاری لەسەر پنەکەی بکا نان کەر ئێوارە کەتەواو بوو ئەرۆیشت زوو هۆقەو فلسێك دوایی بوو بە عانەیە بوو بەدەفلسو نانێکو چەند کولێرەی ئەدرایە و یارمەتی تریشی ئەدرا، لەسەر شەقام دایما ئەیان وت: باجی گوڵنازی بەهار بەنگەکە نانو پەت جوانو پاکو تەمیزو سەنگو بەردی تەواو بوو هەروا باجی ئایشێی مامەو رەحمانو پورخاتونو پورە ڕەحە لەکانێسکان ئیتر هەر گەڕەکەی یەکێك یا دوانی تیا هەبوو کە خەڵکی مەجبوری بوو.

## چا و سەماوەر

دامو دەزگاو تاقمی چا شتێکی فۆلکلۆری کۆنی ڕەسەنی کوردە زۆر لایان گرنگ بووە کە شێوەکەی جوانو ڕێكو پێك بێتە بەر دەمی میوان یا خێزانەکەیان، لە پێشا قاوە بووە پێش دەوری ١١٢ ساڵێك چا هاتۆتە شارەکەمانەوە، مەلا محەمەدی چایی کە ئێستا (چایی) بووەتە نازناوی بنەماڵەکەیان ئەو یەکەمجار چای هێناوە بۆ سلێمانی، چاو سەماوەری ماڵێکی خاوەن زەوقو بەسەلیقە بەم شێوەیە بوو، هەبوو هەرشایەنی ئەوە بوو سەیری بکەیو چاو ببڕیتە ئەو وێنەیە. سەماوەری مسواری هەشتەر خان و قوریەکی زلی عەجەم سور یا شین یا سەوز ئەهاتە پێشەوە، لەسەر سینیەکی مسی گەورە دا ئەنرا، پشکۆی تێ ئەخرا پاش پڕ کردنی لەئاو کە شەفی (سینی چا) بەڕیز پیاڵەو ژێر پیاڵەی عەجەم هەبوو سور یا شین، سەماوەرەکە بۆ ئەوەی ئاگرەکەی زوو بگەشێتەوە دوکەڵ کێشی زەرد هەرهی سەماوەرەکە خۆی بوو ئەکرا بەسەریا، تا سەماوەر ئەهاتە کوڵ ئینجا دوو چنگ بە چنگ چا ئەخرایە قۆریەکەوەو پڕ ئەکرا لەئاوی لەکوڵو ئەخرایە سەر دەمی سەماوەرەکەو سەرە قۆریەکی سورمەی قەراغ پەڕ پەڕەی چوار گۆشەیان خڕ کە زۆر جوانو بەزەوقو تونگو تۆڵ بوو ئەخرایە سەرقۆریەکە کە هەڵمو بۆنی نەڕواتە دەرێ، ئینجا ئافرەتێکی گەنج سا خانمی ماڵ یا بوکی ماڵ یا گەورە کچ لەبەر سەماوەرەکە دائەنیشت بەجلی جوانو لاگیرەو پەروانەوە هەمیشە بەڕۆژ پۆشتەو جل بەزەوقو بوون، هەموو ئاڵتونیان لەمالا لە خۆ

ئەدا ئینجا تا چاکە پێ ئەگەیی تەختەو شەکر شکێنی بەزەوق تەختەکە لەهەورامان لەدارگوێز کراوە، و شەکر شکێنەکە زەرد و نەخشێنراو سەرەکەی ئاسکێکی بچکۆلەی لەسەر لەحیم کراوە هەرزەرد تا ئەم کەینو بەینە، یەکێ برێشکەی لەسەر ساج ئەبرژان، میوان بهاتایە یان نا.. مالّی بەزەوق هەر هەی بوو بەعەسران بۆ ڕابواردن ئەگەر دوێنێش نانیان کردبێت ئەوا کولێرە بەڕۆن یا بە چزلّیك یا بە ساوەر لەگەلّ پەنجە کێشیو لەواشەی هەلاّتە سەرتوێژی ماستی تازەش دائەنرا چونکە خێزان برسی بۆتەوە دەست ئەکرا بەچا تێکردن، ئای لەو دەنگە خۆشە دەنگی تەختەو شەکر شکێن کەشەکری ئەبوفنجانی ئەشکاند و زەرەری چا تێکدانو سیڕەی سەماوەرو هاڕەو زڕەی پێچکەی لاگیرەو پەروانە تێکەلّ بەیەك ئەبون، ئاوازێکی دلّگیرو تایبەتیان پێك ئەهێنا کە هەمیشە لەگوێما ئەزرنگێتەوە، دانیشتنەکەش لەبەر سەکۆی حەوشەدا لەپاش ئەوەی حەوشە گەسك ئەدراو ئاوڕشێن ئەکراو فەرشو دۆشەك لەسەر سەکۆی دائەخراو پشتی لەپالّیا و گولّو ڕێحانەش بۆنی کاسی ئەکردیت لەقەراغ حەوزەکەو دەنگی چونە ئاوی حەوزەکە بۆ ناو کونجەکە دەنگێکی موسیقی خۆشی هەبوو هەموی تێکەلّ بەیەك ئەبونو دەنگی سروشتی دلّی حەیران ئەکرد. جامی بەر سەماوەر هەبوو نەخشێکی تایبەتی هەبوو پیالّەکانی تێ ئەخرا دوای یەکەم ریز چا خواردنەوە، تیا ئەشۆرا ئامادەبێ بۆ ریزی دووەم هەموو شتێك ئوسولّو شتی خۆی هەبوو، هەزار پیشە یان پێیان ئەوت هەزار فیشە کە سنوقێکی بچوك دروست کراو لە دار گوێز زۆر توندو تۆلّ بوو خان خان بوو

خانە گەورەکە قوری عەجەمی تیا دائەنرا خانێك بۆ ژێر پیاڵە چەند خانەیە بۆ پیاڵە خانەیەکی بچوکی باریك بۆ کەوچکە چا و چاپاڵێو، ئاگاداری ئەو شوشە واتانەی ئەکرد لەشکان ماڵانی لادێ هەیان بوو بەزۆری کۆچەریەکان، گەر بشکەوتایە خوارەوە لەسەر پشتی وڵاخەکەیان دانەیەکی نەئەشکا، وێنەی دانانی چاو سەماوەر بۆ میوان شتێکی فۆلکلۆری کۆنی کوردە کەلەکۆنەوە بۆمان ماوەتەوە ئەو شێوەیەم قەت بیرناچێتەوە لەباوو باپیرمان لەدیواخانو هەروا لەحەوش حەرەم دانراوە بۆ خزمەتو رێزگرتنی میوانەکان.

## سەمەنی

وا نەورۆز نزیك بوەوە هەموو چل شەوێکی ماوە خەڵکی بێزار بوون لەسەرماو سۆڵەی بەفرو رەشەباو سەهۆڵ بەندانو کرێوەو دەستو قاچ تەزین بە ئاواتی دەنکە هەتاوێ خواردنێکی تەرو تازە وەکو سەوزەو میوە، شەوان باسی نزیك بوونەوەی نەورۆز دەکەن حا ئەو کەسانەی کردبویان بە ئیرس کەبەسەمەنی شیرینی نەورۆز یا حەڵوای نەورۆز پێشوازی ئەو جەژنە پیرۆزەی کورد بکەن کە هەزاران ساڵە ئەو جەژنەی کە کورد سەرکەوت بەسەر هەموو تەنگو چەڵەمەیەکا، کاوەی ئاسنگەر چەکوشەکەی وەشاندو زوحاکی خوێن رێژی کوشت بەدەستو بازو چەکوشە نەمرەکەی، دووهەم سەرماو سۆڵەش نامێنێو بەهاری رەنگین هەنگاو نزیك ئەبێتەوەو یەت بەمیوانی خاکە زێرینەکەمان! ئەوەی

کەلەمناڵیا خۆم لەسەر ئەو حەڵوا شیرینە بەتامە خۆشەی کە ئەکرا بـۆ خۆشـــیو پێـشوازی کردنـــی یەکـــەم رۆژی بـــەهار رۆژی تـــازە بوونەوەی ژیان ئائەو شیرینیە لەبەر چاوی خۆم دەوری مناڵیم لە کۆتایی سیەکانا تا بگرە پەنجاکان کە ژنێکی بەتەمەنی لێزان ساڵە هـــای ســـاڵ ئاگـــاداری ئـــەو دابو نەرێتـــەی کـــوردی دەکـــرد، بـــۆ دڵخۆشی کردنی خەڵکی گەڕەك ئەو ژنە دراوسێمان بوو.

## چۆنیەتی دروست کردنی سەمەنی:

ئەی هێنا گەنمە زەردکەی پاك ئەشتەوەو ڕۆی ئەکردە سەر چـــەند پـــلاو پاڵێوێـــك بـــە پـــڕی و هەریەکـــەی دای ئەپۆشـــی بـــە مەلمەلێکی سپی پاك، ئینجا هەموو رۆژێك ئاوی لـێ ئەپرژان تا چەکەرەی ئەکرد رۆژ بە رۆژ چەکەرە گەورە ئەبوو چنگی ئەدایە یـــەك و رۆژ بـــە رۆژ کـــچەکەی کەلـــە تەمـــەنی ئێمـــەدا بـــوو مـــژدەی گەورەبوونی چەکەرەکەی بۆ ئەهێناین کەلەهەموو مژدەیە لامان خۆشـــتر بـــوو، بـــە ئـــاواتی ئـــەو شـــەوە بـــوین کـــەتیا ئـــەکوڵێنرا و بەیانیەکـــەی ســـەمەنیمان بـــۆ یـــەت... لەوکاتـــەدا کـــەوا حەفتەیـــەکی مـــاوە ئـــاوە شـــیرینەکەی ئـــەو گـــەنمو چـــەکەرەیە بگێـــڕێ، بـــە ماڵـــە دراوسێ و ئاسیاوا ئەگەڕا کێ بەشداری ئەکا، هەرچی بیوتایە من ئەبوایە چەند بڕ داری وشکی زەندە قڵیشەی بایەو بەپێی حەزی خـــۆی چـــەند هۆقـــەی ســـەمەنی بۆیـــستایە وا ئەوەنـــدە هۆقـــە ئـــاردی بدایە لەو سەرەوە کە پێ ئەگەیی بۆی ئەبرد سێ هۆقە ئارد سێ هۆقە سەمەنی بە کێشان بۆ ئەچوو، کە هەموی کۆبوەوە، دۆڵو

دەسکەکە کەلەماڵەکەیا بوو پاك ئەکرایەوەو پلاو پالێو خێرا پێش ئەوەی سەری چەکەرەکە بەگەنمەکە وەیە سەوزبێ ئەکرایە تەشتێکی مسی زلەوەو گەورە کچان بانگ ئەکران لەبەیانی زوەوە بە نۆرە دەست بکەن بە کوتانی گەنمەکە کە هێشتا گەشەو نەچوو کاوەتەوە لەگەڵ چەکەرەکە لەدۆلەکەدا نەئەبوو لەگەورە کچ زیاتر کەس دەستی تێ کەوێ، هێند ئەیان کوتا شێلاوو ئاوی لێپەیدا ئەبوو، ئینجا ئەیان گوشیو ئاوەکوی ئەکرا بەهێلەکا، دیسان ئەیان کوتایەوە هەرجارەی دوو کچ بەرامبەر یەك قاچیان شۆرکردبووەوە بۆ عەرزەکە و خێرا خێراش ئاویان لێ ئەپرژان، ئیتر چەند جارێك ئەخرایە ئاوو ئەگوشراو دیسان ئەخرایەوە دۆلەکە تا شیری تیا نەئەما، ئێوارە چەند مەنجەلی مسی زۆر گەورە حازر ئەکرا لەسەر سێ کوچکەو دارخراوەتە ژێری پالاوتە ئاوەکە ئەکرایە ناو مەنجەلەکەو ئاردی تێ ئەکراو بە کەوگیر ئەسۆرایەوە کە ساف بێو ئاگرەکە ئەکرایەوە هەر مەنجەلەکەی بەدوو کەوگیری زۆر گەورە تێك هەلئەدرا تا نیوە شەوێکی درەنگ چینێك کچان تێکیان هەڵ ئەدا کە بن نەگرێ، چینێکیش هەلئەپەرین بەدەوریا بە گۆرانیو چەپلە لەنیوە شەوا ئاگرەکە خەفە ئەکراو تەنها ژیلە مۆ ئەمایەوە لەژێریا، کچان هەرکەسە ئەرۆیشتەوە بۆ مالەوە لەمەلا بانگدانا خاوەنی سەمەنی سەری مەنجەلەکە لائەدا کە سینی مسی بەسەرا کرابوو ئەکەوتە سلاوات لێدان دوو سێ خەتی لەسەر بووە، ئەیوت پەنجەی ئایشێو فاتمەی لەسەرە، باوەڕیان وابوو، بەلام خۆی ئەو شیرینیو حەلوایانە کەبەرەو سارد بونەوە ئەڕۆن توێژ ئەکەنو توێژەکە لە

ناوەڕاستا درز ئەبات، ئیتر بەیانی کە دنیا روناك ئەبووەوە باجی هەمین بەسەتڵو مەنجەڵ هەرماڵەی بیری نەئەچوو بەپێی ئارەدەکەیان ئەوەندە هۆقەی بۆ ئەکێشانو بەمناڵانا ئەی نارد لەوە خواردن خۆشترو بەتامو بۆن خۆشتر نەبووە، خەڵکەش هەر پەنجەی شایەتمانی لی ئەدا سڵاواتێکی ئەداو داوای مەخسودی لەخوا ئەکرد، کە دەیانگوت نەورۆزو بەهار نزیك بۆتەوە چەند رۆژێکی ماوە هەبوو پێش نەورۆز بەچەند رۆژێ سەمەنی دەکرد، هەبوو رۆژی نەورۆز، ئیتر رۆژی نەورۆز ئەو شیرینیە ئەخوراو کراسی سور لەبەر ئەکرا و داری زۆریش لە سەر نویلكو کەلاوەکانا چەند رۆژی بوو منالانو گەنجان کۆیان کردبوەوە بۆ ئەو رۆژە پیرۆزە ئاگر ئەکرایەوە.

ماموستا علاء الدین سجادی لە کتێبەکەیا (کوردەواری) بە شێوەیەکی تر باسی دروست کردنی سەمەنی کردووە، گوایا کاتێ گەنمەکە چەکەرە ئەکات و شیلە پەیا ئەکات هەموی پێکەوە وشك ئەکەنەوە (چەکەرەو گەنمەکە) پێش ئەوەی بپوکێتەوەو شیلەکەی کە نیشاستەیە کەزۆر وشك بوەوە ئەی هاڕنو لەگەڵ ئاوا ئەی خەنە سەر ئاگرو ئەی کولێنن هەر هەمان زەماوەندی بۆ ئەکەن رەنگبێ ئەمە بەلەزەت تر بێ گەر ئاردی گەنمی تێ نەکەن هەر خۆی بەهەموو شتێکیەوە بەلام زۆر کەم دەرئەچێ و بەرەکەتی نییە بەلام من خۆم بەمنالی چیم دیوە ئەوەم نوسیوە.

**گەزۆ**: شیرینیەکە لەکاتی خۆیا دەبارێتە سەر دارەبەنو دار مازووی شاخەکانمان لەبەهارو پایزدا، پێش مەلا بانگدان ئەبارێت

ئیتر خەڵکی دێهات کە دییان وا گەڵای دارەکان بریقەی دێ و گەزۆ باریوە چاوە ڕێ ئەکەن کە زیاتر بباریٚ گەڵاکان ئەوەرێننە سەر جاجمو دای ئەنێن کە وشك بوەوە ئەیکەنە تورەکەی خامەوە ئەی پەستێون تا ئەبێ بەقاڵبو ئەیبەن بۆ شار بۆ فرۆشتن کە دۆشاوی گەزۆیشی لێ دروست ئەکرێ، بیستومە گەزۆ هەر لە کوردستانا هەیە، لەهەر چوار پارچەکەی، گەزۆ بۆ زۆر نەخۆشی دەرمانە ئەڵێن شەکری گلوکۆزە ئەوەی نەخۆشی شەکری بێت زەرەری نیە بیخوات و گەلێ مادەی بەنرخی تری تیایە، گەزۆ کە ئەخرایە ئاو و ئەپاڵیورا گەڵای مازوەکە فڕێ ئەدرا و قوڕاو لەبنی ئاوەکەدا ئەمایەوە فڕێ ئەدرا و ئەکوڵێنرا و ئەکرا بە دۆشاو، شیرینی نیە لەوە خۆشترو بەلەزەت تر و بەسودو سوك تر بێ.

## هەنێ لەباسی داری زەیتون

پێش هەزارو چوار سەد ساڵ لە قورئانی پیرۆزا نوسراوە، بەشەر ناوی زەیتونی بیستوە ڕەنگبێ لەوەو پێشیش لە کتێبی ئایینەکانی تردا کە هاتونە خوارێ ناوی زەیتون نوسراوبێ ئەوە دەر ئەکەوێ کە شتێکی سوود مەندە بۆ بەشەر هەرچەندە لەلای ئێمە زۆر کەمە لە چاو وڵاتانی تردا بەڵام لەکۆنەوە هەر بوەو ناسراوەبەشتێکی گرنگ یان خواردنێکی زۆر بە سوودو گرنگ بۆ مرۆڤ دا نراوە لەوڵاتی ئێمەدا بە بیرەوەری ئێمە مانان هەرچەندە هەر بەکەمی خۆش کراوەو خوراوە بەڵام بە خواردنێکی پێویست بۆ مرۆڤ بە هەمیشەیی نەناسراوە، ئەگێڕنەوە ئەڵێن لە دوای

دروست کردنی شاری سلێمانی گوایا هەموو سەرو بناری گوێژەو ئەزمڕ بە چڕی وەك جەنگەڵێك بەدار زەیتون تەنراوەو پەرەی پێ دراوە، گەورە بوە خەڵکی سوودیان لێ وەرگرتوە هەروا ڕەشەبای نەهێشتوە بەلام کاتێ دار پیر بوەو پەلی زۆری هاویشتوە براوەتەوە بۆ سوتانن بۆ زستانو چێشت لێ نان، نەیان کردوە بەعادەت لە جێی ئەوە داری تر بڕوێننەوە کە هەر بمێنێت ئەو جەنگە لە وای لێ هاتوە بەمروری زەمان نەماوەو گشت سووتاوە، ئیتر لەبیر خەڵکی چۆتەوە هەر تاکە تاکە نەبێ لە ماڵانا روێنراوە، خاوەن ئەو ماڵە بۆ خۆیو خێزانی خۆشی کردوەوە، نەم بیستوە بەهیچ شێوەیە روونەکەی لێ گیرا بێت، زۆری لەبەر کەمی ئەو بەرە بووە، لەزۆر تەقریری تازەی پزیشك دا ئەنووسرێ کە زەیتونی خۆش کراوو ڕۆنەکەی ئێجگار بەسوودە بۆ مرۆڤ بەزۆری بۆ ئەوانەی تەوژمی خوێن، شەکر، ڕۆن لە خوێنیا بێت بۆیە ئەڵێن: ئەو وڵاتانەی کەلەسەر دەریایی سپی ناوەڕاستن زەیتونیان هەیەو زۆرە بەزۆری بەکاری یەنن بۆ خواردن وا هەموو دورن لەو نەخۆشیانەو یان لەنەخۆشی دڵ، هەموو تۆکمەو لەش ساغو بەهێزو توانان هۆکەشی ئەوەیە بەزۆری زەیتونو ڕۆنەکەی ئەخۆن، ڕۆژانە بۆتە خواردنێکی ئاسایی لە ماڵا، ئێمە چۆن ماست یا برنج ڕۆژانە ئەخۆین ئەوانیش ئاوا.

زەیتون لە کوردستان بەباشی ئەڕوێتو جێگەیەتی بەلام پشت گوێ خراوە بێجگە لە ئەوەی کە هێندە سوودی هەیە خواردنەکەی بۆ مرۆڤ هەرواش سامانێکە بۆ وڵاتەکە گەر بەچڕی بڕوێنرێت

لەسەر شاخو قەد پالا وابەرگەی ڕەشەبا ئەگرێت بەزۆری لەسلێمانی خۆشەویست کەلە کونا بوە ڕەشەبای کەم کردۆتەوە بەر پەچی باکەی داوەتەوە کە هێندە زەرەر نەدا لە هەموو شتێك چونکە درەختێکی جیڕوو بەتواناو پڕو چڕە، بەرگەی مانەوەو هەروا ڕەشەبا ئەگرێت، تا ئێستا حکومەتێکی دڵسۆزمان نەبوە کە بیر لەوە بکاتەوە!! لە سایەی خواوە کە ئێستا خاوەنی ئەم هەموو دڵسۆزەی خۆمانین هەر پایە بڵندبن! گومانی تیا نیە کە بیر لەوە ئەکەنەوە نەك وەکو حکومەتە گۆڕ بەگۆڕە نادڵسۆزەکانی پێشو هەموو دارەکانی کوردستانیان سوتان هێند داخ لەدڵو قین لە دڵ بوون بۆ نەمانی خێرو بێری کوردستان! هیوادارم لە مەودوا نەك هەر لە هەموو جێگەیەکی کوردستان بەڵکو خەڵکی لە ماڵیشا تابتوانن و جێگەیان هەبێت درێخی نەکەن لەڕواننی لەسەر شەقامەکانیش.

ئەوەی شایانی باسە داری زەیتون زۆر زۆر تەمەن درێژە دەیان ساڵ ئەژی تادارەکە پیربێ وەکو لێ زانەکان ئەڵێن بەر زۆرتر ئەگرێو بەرەکەشی زۆرتر ڕۆنی هەیە کە بەهۆی مەکینەی تایبەت ڕۆنەکەی لێ ئەگیرێ کە هێندە سوود مەندە بۆ بەشەر بەزۆری بۆ دڵو خوێن و بۆ بەهێزی مرۆڤ ئەڵێن هەر غرامێك لە ڕۆنی زەیتون خواردنەکەی دوو ئەوەندەی غرامێك لە پرۆتین خواردنە، بە هەموو شێوەیە ئەخورێت تێکەڵی زەلاتەو خواردنی تر بکرێت یان بکوڵێت لەگەڵ خواردن بەلام شت سورکردنەوەو قرچاندنی زیانی زۆرترە لە قرچاننی ڕۆنی ئاژەڵ بۆ خوێنو دڵ سوودی نامێنێ.

## گیای قەیتەران

گیایەکە لە گوێی ڕێژاوە بەرزەکانا ئەڕوێت لە خۆیەوە، کە گیایەکە گەڵاکانی وردو کەرەوزیە لاسکێکی باریکی باریکو ڕەش باوی هەیە، گەڵاکانی سەوزێکی تەڵخە تاقی کراوەتەوە کە بەکاڵی یان بەکوڵاوی ئاوەکەی بخۆیتەوە وا دەوایە بۆ گورچیلەی مرۆڤ یا ئاوسابێ یان خو بەردی تیا بێت فرێ ی ئەدا.

هێندە بۆنو بەرامەی خۆش نیەو لاسکەکانی ڕەشو جیڕترە کە لە گوێی ئاوی خوڕ کە لە شاخو بەرزاییەوە بە خوڕی یەتە خوارێ زۆرە. ئەم قەیتەرانە لە دەوری ئەو ئاوە خوڕە بەزۆری ئەڕوێت لە خواییەوە، ئەمیش زۆر بەسودە بۆ گورچیلە وەك بەڕەزا، بۆ دەوا بە تەڕو تازەیی ئەخورێت بێ لاسك هەروا لە لادێکانا ئەیکەن بە شۆرباو مستەقا وەکوو سلقو سپیناخ وە وشکی ئەکەن بۆ زستان بۆ خواردن بۆ چێشت کە زۆر بەتامو لەزەتە زۆر کەس لەو دێهاتانە کە زۆر بەتەمەنن نەوەدو سەدن چارەی پزیشکیان نەدیوەو نازانن حەبو دەرمان چییە.

## گیای بەڕەزا

بێ گومان هەموو خاکی کوردستان زۆر تێرو پڕە لە گژوگیای بەسوود بۆ تەندروستی بەشەرەکەی، کەرواوە یەکێك لەوانە گیای بەرەزا کە گیایەکە لەتەڕی بەهارا لەسەر کێوە بەرزو بڵندو

ساردەکانمانا لە خۆیەوە ئەڕوێت، خۆی لەکەرەوزێکی گەڵا ورد ئەچێ، زۆر تام خۆشو بۆن خۆشە لاسکەکەی جیڕە وەك هی کەرەوز ناسك نیە ناخورێت هەر گەڵاکەی دەخورێ زۆر گیایەکی بەسودە بۆ گورچیلە هێندە کاری پێ ئەکا وردە بەردو خۆڵ ئەشواتەوە تامی قەیتەرانی قەراخ ئاوی خوڕ ئەدا کە ئەروێ لەدەوری بۆ گورچیلە هێندە بەسودە کەلە کۆنەوە دەوایان بەکار هێناوە لەبەرەزا، زیاترە بەرەزا هەر بەتەڕی ئەخورێ وەکو دەوایەکیش زۆر بەسوودە.

لەلایەکی تریشەوە زۆر بەتامو خۆشو بۆن خۆشە وەكو سەوزەیەك ئەخورێت یان ئەکرێت بە چێشتی مستەقا وەكو سلق خەڵکی دەرەوەی نزیك ئەو شاخانەی بەزۆری بەرەزای لێ ڕواوە ووشکی ئەکەن بۆ زستان بۆ چێشت.

لەکوردستانا هەزاران گژو گیایی بەسودو بەتامو بۆنو بەلەزەت لە خۆیەوە لەو دەشتو کێوانە ڕواوە سابۆ چێشت یان بۆ دەرمان، لە توانای کەسانیە بتوانێ هەمووی سەرژمێر کات لەولاتە بەرینەکەمانا وابا کەمەکێکی یانم بۆ خستنە سەر کاغەز.

## ئەسپون

ئەسپون رەوکێکە بەکار ئەهێنرێت بۆ دروست کردنی هەنێ خواردنو شیرینی و بۆ جل شتنو لەناو لادێکانی کە ئەسپونی تیایە.

خۆی ئەو ڕەگە هەڵی ئەکێشن لەڕەگی دارو دەوەن ئەچێ بەزۆری لەناوچەی شاخەکانمانا هەیە کە دارەکە پێی ئەڵێن داری گەوون ڕەگەکەی لە دارەکە گەورە ترە ئەژنۆیە ئەچێتە ناو زەویەوە هەڵی ئەکێشن وشکی ئەکەنەوەو ئەی شکێنن توێکڵی ڕەگە کە فڕێ ئەدەنو ناوەکەی ئەکووتن رەنگێکی زۆر سپی هەیە ئەو وردە ئەسپونە لە لادێکانمانا کەلە کۆنەوە بە تەجرەبە خۆیان سودیان لێ وەرگرتووە ئەو وردەیە ئەخەنە ناو جلی چڵکنەوە لە گوێ کانی، خێرا خێرا جلەکە ئاوی پیا ئەکەنو بەدار کووتك لێی ئەدەنو ئەم دیو ئەودیوی ئەکەنو خێرا خێرا و کەف ئەکا جلەکە زۆر جوان پاك ئەکاتەوەو ڕەنگیش ناداتەوە سابون لە لادێکانا کە نەیان بێتو شکی نەبەن وا ئەوە بەکار دەهێنن کەلێبونەوە جلە تەڕەکە ئەدەن بەدارو بەردی دەوری کانیو ئاوەکە زۆر جار کە خەڵکی لادێکان سابون شك نەبەن سەریشی پێ ئەشۆن هەروەكو چۆن بەهێلکەو کەتیرە ئەی شۆن وا ئەمیش قژ پاك ئەکاتەوەو پرپشی ئەکاو نایی ڕوتێنێتەوە جاران دایکەکان جلی خوریان بەئەسپون ئەشت چونکە خوریەکە ناچێتە یەكو خراپ نابێ شتی خوری وەکوو بەرماڵبو جاجمو ڕانكو چۆغە.

### هەنێ لەناوی هەنجیر لە کوردستانا هەروا نەوعی:

- هەنجیرە شڵە
- هەنجیرە ڕەشە
- هەنجیرە ریحانی
- هەنجیرە زەرد
- هەنجیرە سورە
- هەنجیرە شینکە
- هەنجیرە بەهێ مالی
- هەنجیرە کێوی کە زۆر وردو شیرینە

### هەنێ لەناو جۆری ترێ لە کوردستاندا:

- ترێ سادانی
- ترێ سوو سنەیی
- ترێ ڕەشکە
- ترێ بۆڵ مسکە
- ترێ مام برایمە
- ترێ ئەنگوتکە
- تری بۆڵ مازو
- ترێ سپیکە
- تری ڕێویلکە
- ترێ دۆشاوی یان زەرد
- ترێ کشمیشی
- ترێ بزمار کووت
- ترێ تایەفی
- ترێ کیویلکە
- ترێ سەرەقوڵە
- ترێ ڕەش میری

## میسکو عەنبەر

جاران گەر بۆنێکی زۆر خۆش بهاتایە بەر لووتیانو لایان خۆش بوایە ئەیان وت بەه بەه بۆنی میسکو عەنبەری لێ دێ، منیش ڕۆژێك باسی میسکم لەڕۆژنامەیەکدا هاتە بەر چاو کە زۆر بەتاسەیەوە بوم بزانم چیە نوسراوە، وەکوو وتم: خۆشترین و بەدەگمەن ترین بۆن لەدنیادا بۆنی میسکە کە زۆر زۆر کون

دەست هەموو کەس نەئەکەوت، هەر دەسێ پاشاو هەرە گەورەکانی دنیا کەوتووە کە پارەیەکی زۆریان پێداوە، ئەڵێن گوایا بۆنەکەی هەتا هەتایە بەو کەسەوە ئەمێنێتەوە هەرگیزاو هەرگیز ناڕوات، گوایا بەیەك ملیۆن ساڵ لە صەدا یەك لە بۆنەکەی ئەڕوا، ئەڵێن گوایە لەناو غودەی کومی نەوعە ئاژەڵێکی غەریبو دەگمەن یا ئاژەڵی ئاسك دا کەئەو شتە ئەڕێژێتو عەنبەریش کارەبایەکە ئەویش بۆنەکەی زۆر خۆشە هی ئەسلیەکەی گوایا ئەصمعی ئەم باسەی نوسیوە لەکۆنا.

ئەیان گێڕایەوە کە کابرایەکی قەرە تۆغانی هەبوو کەئەیان دی ئەیان وت چۆنی حاجی! لەوەڵامەکەیدا ئەیوت ڕۆڵە خوا بت هێڵێ بۆ مەینەتی دنیا، ئەوە بوو دوعاکەی.

سەرگورشتەیەکی زۆر کۆنی بچکۆلانە کە خەڵکی ئەیان گێڕایەوە لە زستانا بەفرێکی بێ شومار ئەبارێت کێوێك دروست ئەکا کێوە بەفرەکە جواب ئەنێرێ بۆ هەڵە کوك ئەڵی بابیت شووم پێ بکا، ئەویش ئەڵێ لایبە توندو تیژە شووی پێ ناکەم (یانی تورەیە) کەبەهار هاتوو هەڵەکۆك سەری دەرهێنا جواب ئەنێرێ بۆ بەفر ئەڵێ بابێت شوی پێ ئەکەم بەفر بەشیعرە جوابی بۆ ئەنێرێتەوە و ئەڵێ:

هەڵەکۆکە پرچنە
چۆڕ چورەم کەوتە بنە
چیمە لەماڵو ژنە

# زنجیرەی وەرد

## بەشی دوانزەهەم

## هۆنراوەکان

## گرنگترین هۆ کەشیعرم خۆشویست:

وەکوو بیرم بێ لەکۆتایی سیەکان و هەمووو رۆژگاری چلەکان و دواتریش، کاتی منالّی و هەرزەکاریم هەمیشە بەچەند مانگێ کەرەتێك کۆری شیعر لەمالّی ئێمەدا گیراوە، باوکم زۆری شیعر خۆش ئەویست، هەرچەندە خۆی شاعیر نەبوەو لەبیرم نایە دوو دێر شیعری رێك خستبێت، بەلاّم هەمیشە کەدائەنیشت لەژێر لێویەوە ورتە ورت لەبەر خۆیەوە شیعری شاعیرە بەرزەکانی دەخوێندەوە، زۆربەی ئەو شیعرانەی بۆی ئەهات بەدەستو خەتی شاعیرەکان خۆیان نووسرابوونەوە، لەلایەن هاورێ شاعیرە خۆشەویستەکانیەوە بۆی دەهات. وەکوو (کاکە حەمەی بێلو، عارفاغا، زێوەر و زۆری تر) هەروا زۆر شیعری فارسی لەبەربوو.

لەبیرمە شەوانی هاوین شاعیری بەرز شێخ نوری شێخ سالّح کە پورزاو هاورێیەکی خۆشەویستی بوو سەری لێئەدا، تا شەو درەنگ کۆری شیعریان ئەگرت، لەو کۆرانەدا هەندێ جار خوا لێخۆشبوان شێخ قادری حەفیدو شێخ رەئوفی شێخ مەحمود کە خوشکەزای باوکم بوو، هەروا خالّە مچەی کورد پەروەر و قسە خۆش بەقسە خۆشە بەلەزەتەکانی کۆرەکەی گەرم ئەکرد جارجاریش پشویەکیان ئەداو باسی شەرەکەیان ئەکرد، واتە: (شەری دووهەمی جیهانی) دوا هەواڵ کەئەیان بیست سا لەرادیۆ یا لە دەم خەلّکی و باسی سەرکەوتنەکانی هیتلەر کە زۆربەی خەلّکی کورد پشتگیری هیتلەر بوون چونکە هێشتا داخی دەست لێگۆرینەکەی ئینگلیزیان بیر نەچووبوەوە کە لەشەری یەکەمی جیهانی دا بووە هۆی دانانی (پەیمانی لۆزان) و پشتگیریکردنی ئەتاتورك بۆ روخانی پەیمانی سیڤەرو دابەش کردنی خاکی کوردستان بەچوار بەشەوە و پاشە لەقەکانی و

لێقەوماوییەکانی کە بە سەر کورد هاتبوو، هەروا هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە ساواکەی شێخ مەحموود.

هەموو ئەم روداوو کارەساتانە ببوونە ناسۆرو ناخی گەلی کوردی دەچوزاندەوە، چیرۆکو بەسەرهاتەکانیانی بەدەم خەڵکیەوە مابوو دەگێردرایەوە، هەمووو ئەم کۆستو دەست لێ گۆڕینو لێقەوماوی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لەبەینی شیعرەکانا باس ئەکرا، بەهەناسەو دڵێکی پڕقینو تۆڵە سەندنەوە دەردەبڕا، چونکە ئەو کۆمەڵە دانیشتوانەی ئەم کوڕە هەمووو لەهەرە لێقەوماوەکانی ئەو رۆژانە بوون، هەروەها لەهەرە هەرە کوردپەروەرو دڵسۆزی گەلی کورد بوون.

جا لەو کۆڕەدا سروەی بای شەماڵ کەئەیدا لە شوڕە بیەکانی سەر حەوزەکەمان کە ئاوەکەی لە کارێزێك بۆ ئەهات، کارێزی ئەحمەدی ئیساغای ناو بوو (عیسا ئاغا) کە بەراستی ئەم سروەی شەماڵە خۆشترین مۆسیقاو ئاواز بوو لەگەڵ وتنی ئەو شیعرانە. ئەو خورەی ئاوی کارێزە کە ئەچوە ناو کونجەکەوەو ئەو خشەی گەڵای شوڕە بیەو بێ دەنگی ماڵو خێزان ورتە ورتی وتنی شیعرەکە لەو ماڵەکشو ماتەدا تێکەڵ بە سیرەی سەماوەرو زرەی تێکدانی چا کە کەوچکە زیوی دەستکردی جوو ئەیدا لە قەراغ پیاڵەی عەجەم ئاوازو مۆسیقایەکی تایبەتیان پێك ئەهێنا کە رێ کەوێ لەگەڵ وتنی... شیعرەکە ئێمەی منالیش لەسەر سەکۆی سەر حەوزەکە گەڵای شۆڕەبی داپۆشیبوین و ببوە پەردەیەك کە دەرنەکەوین لای میوانە بەرێزەکان مەست بوو بووین بەو وێنەو دەنگە کە نەئەبوو ورتەیەکمان لێوە بێت .

ئەم کۆڕو دانیشتنە بو بوە شتێکی ئاسایی و حەزمان لێ ئەکرد، دیارە هەستیشی دەجولاندین بەزۆری هەستی من کە لە هەموو وردیلەکان گەورەتربووم و هەمیشە ئاواتە خواز بووم بە زۆرترین کات ئەو جۆرە

کوڕانە بگیرێت کە تا تەواو ئەبوو هێند بەلەزەت بوو خەوم لێ نەئەکەوت کە خوشکەوردیلەکانم لەنیوەیدا خەویان لێ ئەکەوت و بەکۆڵ یا بەباوەش ئەبرانە سەر جێگەی خۆیان.

جا لەگەڵ ئەوەی باوکمان ئەوە پیشەی بوو، دایکیشمان هەمیشە لەبەرخۆیەوە باسی شاعیرانی بۆ ئەکردین و ئەویش لەژێر لێوەیەوە شیعری فارسی یا کوردی ئەوتەوە، هەمیشە باسی بۆ ئەکردین کە چۆن زەمانی خۆی کە باوکی گەنج بوەو هەموو شەوێك دیواخانەکەی زۆر لەشاعیرەکانی شارەکە ئەهاتنە لای، شەو کۆڕی شیعر ئەگیرا بە زۆری کە کاتێك مەولەوی شاعیری کورد کە ئەهاتە سلێمانی و چەندەها شەو لای ئەمایەوە ئەو کاتانە خۆشترین کاتی ئەو بنەماڵەیە بوە. وەکوو دەڵێن: کاتی هاتنی مەولەوی هەموو کۆئەبونەوە، ئەیفەرموو: ئێمەش لەو پەنجەرە بچکۆلانەیەی سەر حەوشەکە گوێمان لێ ڕا ئەگرت و لەبەرمان ئەکردو بیرمان نە ئەچووەوە و ئاواتە خوازی ئەوە بووین کە کوڕبوینایە و لەو کۆڕەدا بەشدار بوینایە!! شایانی باسە زۆربەی ئەو شیعرانەی بیرمابوو.

هەروا باسی شاعیری بەرزی بۆ ئەکردین ئەحمەد بەگی ساحێبقران، ئەحمەد حەمدی کە خوشکەزای باوکی بووە کە ئەویش وەکوو ماڵە خاڵێك هەمیشە سەری لێ داون و شیعرەکانی خۆی بۆ خاڵی خویندۆتەوە و هەستی خێزانەکەی جوڵاندوەو لە کورد پەروەری و هەموو کارێکی چاك و ئامۆژگاری بۆ وردەڵان درێغی نەکردووە، بەڵێ دایکی ڕەحمەتیم، کاتێ کە ئەم شیعرانەی ئەو پورزا بەنرخ و کورد پەروەرەی لەبەر بۆ ئەوتین، تك تك فرمێسك بەچاویا

ئەهاتە خوارێ بۆ جوانەمەرگی ئەو پورزا خۆشەویستەی وەکووو چۆن خوشکێك فرمێسك ئەرێژێ بۆ برای جوانە مەرگی.

ئێستاکە یادی ئەو رۆژگارانە دەکەمەوە و فلیمی ئەو سەردەمانە بەبەرچاوم دا تێدەپەڕن لەناخەوە دەڵێم بەداخەوە ئەو رۆژو شەوانەو ئەو کەڵە پیاوانە ئەو شۆڕە سوارو لێ‌هاتوانە ئەو کۆبونەوەو کۆڕە شیعرییانە هەموو رۆیشتونو نایەنەوەو نابنەوە جارێکی تر ئەو ژیانو خۆشەویستیو دڵسۆزیە راستەقینەیەی جاران وەدی نایەتەوە، کە بەراستی کۆمەڵگایەکی پاكو خاوێنو بێ پارە پەرستی و خۆپەرستیو بێ فرو فێڵ، بەپاکی و راستی، بێ پیلان بۆ رێك خستنو رسوایی کردنی گەورە پیاوان بوو.

ئابەو شێوەیە خولیای شیعر کەوتە سەرم، زۆر بەشانازیەوە ئەڵێم توانیم زۆر زوڵمو زۆرداری و روداوی دڵتەزێن بخەمەڕو بۆ خەڵکی شارەکەم تۆماریان بکەم بۆ ئەوەی بیر نەچنەوە، هەمووی بە فرمێسكو هەنسکەوە بەمێژووی ساڵو رۆژەوە بەپێی توانا روداوەکانم دیاری کردون ناوی دوژمنەگەوەکانیشمانو ئەوەی پێیان کردوین لە ئەتاتورکی گوڕ بەگۆڕەوە تا شای ئێرانو بەعسیو هەزاران زاڵمو زۆرداری پێشتر چین چین تا توانیویانە هەوڵی توانەوەمانیان داوە ویستویانە تۆزمان نەمێنێ لەسەر ڕوی زەمین ئەویش هۆکەی ئەوە بووە لێمان ترساون، لەبەرئەوە ئەوکارانە لە کۆنەوە تا ئەمرۆ با ببێتە پەند بۆ نەوەی تازە و هانیان بدا کۆڵ نەدەن تا بەئامانجی خۆیان دەگەن کەبریتیە لە پێك هێنانی کوردستانی گەورە بە کوێرایی ناحەزەکانمان.

# هەڵبەستی یەکەم

## ١٩٤٩ – دووی ناوەندی

ساڵی ١٩٤٩ لە دووی ناوەندی بووم پێش پشوی نیوەی ساڵ بوو چووینە سەر باسی خوێندنی شیعری شاعیری کوردی بەرێزو بەناوبانگ (ئەحمەد شەوقی) لە کتێبی (الأدب) دا بەناوی (شوقيات) کەلێی هەڵبژێردرابوو ماموٚستایەکمان هەبوو ئەوەی پێ ئەوتین... رۆژێك وتی هەردوو پاکیزە ئەبێ جوان لەبەری کەنو سبحەینێ لەبەر دەمی پۆلەکەدا بیڵێن وەکوو خۆپیشاندانێك... سبحەینێ چوین ماموٚستاکەمان (ست فاتمە) ناوی منو هاورێی خۆشەویستم پاکیزە صبری یادی بەخێر بانگی کردین ئێمەش زۆر بەجوانی شیعرەکەمان لەبەر خوێندەوە چەپڵەمان بۆلێدرا! شیعرەکەمان بەشێوەی (محاورە) دەگوت: یەکێکمان قەیس بوو یەکێك لەیلا لەپاش چەند رۆژێك کە ئەم شیعرەم هەر بە دەمەوە بوو ئەم شیعرەی خوارەوەم بۆهات بەلاّم ئەم شیعرە زۆر خەریكو دڵتەنگی کردم چونکە ئەوکاتە نەئەبوو ئافرەت باسی دڵداریو شتی وا بنووسیت، ئەبوو بەلەکەو پەڵەیەك لەسەر شانی خێزان، لەبەر ئەوە چوم خستمە ژێر حەسیرو فەرشەوە کە نەبینرێ، رۆژێ چوم دەری بهێنمو بیخوێنمەوە چونکە زۆر دڵم پێی خۆش بوو، تەماشا ئەکەم نەماوە گسك لێدەر بەگسکەوە فرێی داوە!! بۆ بەختی من کە بۆی گەرام لەتەنەکەی خۆڵەکەدا دۆزیمەوە بە پیسیو شری، دیاربوو تازە فرێ درابوو، هێنامە ژورەوە و سەر لەنوێ

نوسـیمەوە و شـاردمەوە، ئـەو دوو شـیعرەم بـرد بـۆ مەکتـەب پیشانی هاوڕێی خۆشەویستم خوا لێ خۆش بوو ئامینە زێوەرم دا، زۆر پەسەندی کرد و رەخنەی لێنەگرت، زۆر دڵم پێ خۆش بوو، چونکە لەو کاتەوە تائێستا هاندەرێکم نەبوە لەو رۆژەوە یەکی رەخنەی لەشیعرم نەگرتوە یەکێ دڵی خۆش نەکردوم یەکێ گوێی پێنەداوم تەنها ئامینە نەبێ وام ئەزانی چونکە باوکی شاعیر بووە خۆشی باشی لێ ئەزانێ، بەڵام خۆ دڵی منی خۆش کرد...!

ئەم شـیعرە گـەر بـەر دەسـت بـاوکم بکەوتایـە تەنانـەت بـەدڕانی و سـوتانی ڕازی نەئـەبوو، بـەڵکوو سـزای گـەورەی خۆشمی ئەدا، بۆیە لێم بوو بوو بەتەوق و زۆر کات شیعری لەو وێنەیەم بۆ ئەهات نەم ئەخستە سەر کاغەز لەترسا و دڵیشم نەئەهات ئەم شیعرەم بفەوتێنم، هەمیشە لەدوو توێی لاکێش و حەسیرا شاراوە بوو چونکە بۆ ئەوکاتە بۆ خێزانێکی وەکوو، خێزانی ئێمە مانان زۆر زۆر بوو.

لە خۆشـی ئـەوەی کـە ئەحمـەد شـەوقی بـەدەمی خـۆی زۆر جار لەکاتی خۆیا فەرمویەتی من کوردم و شانازی پێوە ئەکەم لەبەر ئـەوە (شـوقیات)ی دیـوانی شـەوقیم پـەیا کـرد و زۆر زۆر حەزم لە شیعرەکانی ئەکرد و هەمیشە ئەم خوێندەوە.

یەکەم هەڵبەستم ١٩٤٩/٢

## گلەیی دوودڵدار

## بەخەیاڵ ناوم لێنان نەسرینو شێرزاد

**شێرزاد:**

نەسرینم ئەڵێ شێرزاد گۆڕاوی   لەسەر قەولەکەی جاران نەماوی
نەسرینم بۆچی دڵت وەهایە   هەمیشە وەکوو تەختەی سەرئاوی
نازانم بۆچی تۆ باوەڕناکەی   هەڵبەتە وەك خۆت نەماوی تاکەی
من قەولێك دام پێت لێی نیم پەشیمان   شێتو پەتیارتم بەدڵ سوتاوی

********

شەرتە گیانەکەم بەشەرتی خودا   چاوێکت نەدەم بەهەموو دنیا
جوانیت کوشتومی نەسرین بێعەیبی   لەچاوو دڵما تۆ نیتە هاوتا
ڕەوشتی بەرزو مامەڵەی جوانت   بەو دوو وشەیە چەقینە دڵما
چونکە نمونەی کیژی کوردانی   عالەم بۆت شێتە هەروا بێ پەروا

*********

بالاّ بەرزەکەت ئەڵێی عەرعەرە   گەردنی بەرزت مێوژی دیارە تیا
قژە کاڵەکەت ئاڵتونی تێزاب   پەنجەی بلوورت نیەتی هاوتا
خۆ لەنجەولارت ڕەوتو ڕۆیشتنت   ئەڵێی قومریتو بە بانا ئەڕوا
کە گوێم لێئەبێ لە دەنگی ناسکت   دانیشتوم لەگەڵ جوقی موسیقا

*********

ڕومەتەکانت سێوی لاسورەن    لەبەهەشتەوە پێشکەشت کرا
لێوە ئاڵەکەت چاوە کاڵەکەت    کە لەڕوی کوردیت شایەتی ئەدا
هەر میللەتی کورد وا ڕەگەز جوانە    هەر وەك خاکەکەی لەهەموو دنیا
نازانم وەسپی چیت بکەم نەسرین    نمونەی جوانیت! لەناو گشت کوردا

*********

گیانە نەسرینم بە چاوەکانت    قەستەم بە قەدو باڵای نەمامت
هەتاکو ماوم لەتۆ زیاتر    هیچ کچێکی تر نەچێ بەدڵما
چەند خۆشە تریقە و پێکەنینەکەت    هەمووی بەفراوە ئەپژێ بەڕوما
کەتۆ وا ئەڵێی نەسرین ناز ئەکەی    خۆشت ئەزانی تۆم هەی بەتەنها

*********

تۆی تاقەگوڵی باخی ژینمی    لەبەهەشتەوە پێشکەشم کرا
تۆی تاقە گوڵمێ کەبۆنی بکەم    هەربۆنی تۆیە هێز با بەدڵما
ئێوارەم لێهات تاکو بەیانی    شیعر ڕێك ئەخەم بەسەر باڵاتا
بەیانیم لێهات تاکو ئێوارە    وەك بولبول بۆگوڵ هام بەدەورتا

***********

هەرگیز لەم کارەم من نیم پەشیمان    عیشوەو نازەکەت ئەڕژێ بەسەرما
هەر لەکۆنەوە هەتاکوو ئەمڕۆ    بەدەگمەن وەك من شێتە لەهەردا
فەرهاد بۆ شیرین    کاکە مەم بۆ زین
هەروەك من نەبوون    لە دنیا دەنگی دا

*********

لەوە ئەترسم خۆشەویستەکەم بەیەکتر نەگەین ئەجەل بمان با
مێژوو گەڕاوم کۆن و قوژبنی دیومە کەزۆرجار شتی وا رودەدا
چونکە ئەم دنیا هێند بێ وەفایە غەدر لە هەزاری وەك من و تۆ دەکا
وەڵامێك بدە با دڵنیا بم گشتی بەیان کە دڵت چی تیا

*********

**نەسرین:**

شێرزادم توخوا چیت بۆ باس بکەم باسکردنی من نایەتە کۆتا
گەر لە ئێستاوە من هەمووی بڵێم یەك هەزار پەڕەو بوتڵێ حیبر ئەبا
بەڵام بەکورتی وەڵامم وەیە ئەڵێم تۆ چۆنی من زیاتر وەها
چونکە ئافرەتم ناتوانم وەك تۆ دڵم هەڵدڕم بڵێم هەرچی تیا

*********

خۆم ئەپارێزم لەدەمی خەڵکی ناوم نەزڕی بڕوا بۆ گشت لا
گەر ناوم هێنای خێرا ئەمکوژن گشت قەومو خویشم لەگەڵ باب و برا
ئافرەتی بێ دەنگ پەسەندە لای گشت بۆچی بکەونە وتەی ناڕەوا
خۆشەویستەکەم تۆ ئەوەت ناوی پێت خۆشە کەخوا کارمان سازبکا

*********

**شێرزاد:**

نەسرینم دڵێ بۆ من سوتاوە بەڵام ناوێریت بیکا ئاشکرا
بەوەدا دیارە کەمن ئەبینی سکاڵای ئافرەت ئەکا لەکوردا
شەرتەوا دوبارەم کردەوە کەسم خۆش نەوێ لە تۆ وەبەولا
خوا نەیکا گەر تۆ مردیشی لەسەر گۆڕەکەت قەت نەبم جیا
ئەوە قەولێکە لێی نیم پەژیوان ئەبێ تۆش وابی گەر شێرزاد مرا

## دووی ناوەندی ١٩٤٩ – ١٩٥٠ (تەرجومە)

من کەس ناناسم غەیرەز کورد نەبێ
منداڵی خۆمو هەرچیەکم هەبێ
کافەو واو ڕێەو دال
ئێستا زۆر کزەو ڕۆژێ دە بێ زاڵ

********

## وەسێت

**١٩٥٠ – ٣ ناوەندی – سلێمانی**

وەسێت بێ ئەگەر من مردم وەرنەسەر گۆڕەکەم هاوڕێیانی ئازیز
بڵێ ئاواتەکەت دی هات وەرە بێرە دەر پاکیز
توخوا بەگورجی هەوڵم بۆ بینن بێ گەورەیو فیز
کە کاتێ کورد یەکی گرت لەدیارەوە تا تەورێز
********

بەلام چە یەکگرتن بەیەك دڵیو پاکی ئەڵێم من
کەوتنە ریزی ولاتە پێشکەوتوەکانی کورد ئەڵێم من
چە یەکگرتنێك پڕ خوێنەواریو بیرو فام ئەڵێم من
پڕ کارو کاسیو پڕ پڕۆژەی بەنرخ ئەڵێم من
*********

بێکوشتنو تەفرەقە، بێ نیفاقو خراپی، بێ ژینی پڕ ئەندێشە
بەدڵسۆزیو یەکدڵی، خزمەتی گەل هەمیشە
بەلام بەدەوری ئێمە مانان نابێ ئەم ئیشە
چونکە دوو دڵیو نەفامیو نەخوێنەواریمان بوە بەپیشە

## شیعری کورت

### ١٩٥١ - سێی ناوەندی

کـورد چـاو نەترسـە خـەیاڵتان خـاوە   تــــا کوردێـك مابـێ ئـازایی مـاوە
چـین چـین زاڵـمـان سـەریان خـوراوە   بەسەر بەرزیەوە کوردزمـان هـەرماوە

### ١٩٥١ - سێی ناوەندی

شـەرتە بـەو شـەرتەی شـەرتی مەردانـە
درێخـــی نەکـــەم لەهەوڵــــدانا
هــــەتا بمێـــنم بـــۆ میللەتەکـــەم
هـەر چـەند ئـافرەتم، مـن بـەپێی توانـا

### ڕێکخراوی کورت لە ساڵی ١٩٥٣ دا/سلێمانی

ڕاپـــــــــەڕن وریـــــــــابن
زیـــــــرەك بـــــن ئـــــازابن
چـــــاو لەمیللـــــەتان بکـــــەن
ســــەر بـــۆ دوژمـــن شـــۆڕمەکەن

********

لـەپاش ئـەم هـەموو رێگـە سـامناکە   ئـەم تاریکییـە لەسـەر ئـەم خاکـە
ئـەم هـەموو هـاتوو نەهاتـە   هـەزاران سـاڵ یـەك ئاواتـە
وابـە ئاسـتەم شـەبەق دەرکـەو   لـەپاش شـەبەق قـەت نایـە شـەو
تابـێ رۆژ رونـاکتر ئـەبێ   ژیـان بـۆ کـورد چـاکتر ئـەبێ

لەساڵی ١٩٥٣ دا وردە وردە دەستم کرد بە رێکخراوی کورت هەر لەو ساڵەدا بەهاوسەرەکەم گەیشتم بەداخەوە کە بۆم ئەخوێندەوە پێ ئەکەنی ئەی وت: ئەمە چییە خۆت لەگەڵیا خەریك ئەکەی ئیتر تۆو ماڵو مناڵ، زۆرم پێناخۆش بوو کە ئەویش هاندەرم نەبوو، وتم: ئەمە لەبێ بەختیمە! ئیتر لەوەو دوا نەم هێشت ببینێت، بگرە چیم هەبوو درانیشمو لەکیسم چوو.

**لەساڵی ١٩٥٤ دا ئەو شیعرە عەرەبیەم تەرجومە کرد:**

براکـەت براکـەت ئەوکەسـەی بـرای نـەبێ
وەك جەنگاوەرێکـە کـە جـەنگ کـاو هـیچ تێغـی پێنـەبێ
*********
هەرچاکە بکە لەگەڵ خەڵکیا خـراپیش بـێ چـاك ئـەبێ لـەپڕ
نـەگوڵ بـێ دڕكو نـەدار بـێ دوکـەڵ نـەگرێ گـڕ
*********

## رۆڵەکانم

١٩٥٦/١٠/٢٧

سێ کورِم هەیە داناو توانایە    بچکۆلەکەیان کاکە زانایە
ئومێدو خۆشیم هەر لەوانایە    بۆ دوا رۆژی کورد وانم هیوایە
گوێ گرن لەمن کورِانی دایە    من ئامۆژگاریِ بەنرخم لایە
دنیای ئێستاکە پرِ لە سەودایە    رۆڵەی بێ گەورە هیچ بەکارنایە

هەتا ئەتوانن هۆشمەندو ژیربن    لەئیش‌و کارا بەرِاو تەگبیربن
بخوێنن کوێربێ باچاوی دوژمن    بەخوێندن روتان دێ سەر هەڵبرِن
قەومی بێ‌خوێندن دیل‌و نەگبەتن    گاڵتە پێ کراوو دڵ بەخەفەتن
چاو پرِ فرمێسک دڵ پرِ حەسرەتن    وەك جەنگاوەری بێ تێغو چەکن

خوێندنە ئەتکاتە پیاوێکی بەفەرِ    ئەتکاتە واتە واتەی ناو بەشەرِ
خوێندنە خەڵکی گەیانە قەمەر    خوێندن بۆگشت قەوم قەڵغانەو سۆپەر
بەخوێندن ئەبیت تۆ وەتەن پەروەر    کە تەواوت کرد خوێندنی پرِ بەر
مێشکو گیرفانت ئەتۆ پرِ ئەبێ    هێند هەوڵ ئەدەی لەئەقڵ بەدەر

لەتەك هاورِێتا پەل بەدە نە پەل    خزمەتی کورد کەن لەدەس مەدەن هەل
چیت لەتوانابێ خۆتان ماندوکەن    بە پاکی‌و ساغی و دڵسۆزی بۆ گەل
هەرسێکتان لەگەڵ دڵسۆزانی تر    لەتاریکیەوە تارۆژ گەییە کەل
یەکتر تونە بگرن پشتی یەکتربن    کورد ئەگا بەهیوای بێ گەرِو گێچەڵ

**١٩٥٧/٥/١ – سلێمانی**

ئــــــــەزمرِ و گۆیــــــــژە شــــــــاخی دێرینمــــــــان
شــــــــایەتن لــــــــەبۆ رابــــــــوردوی کــــــــوردان

## سێ دەردەکەی کورد

**١٩٥٧/٥/٤ – سلێمانی**

دەســا وەرن هاورِێیــان دەس خەینــە نــاو دەس یــەك بــەجارێ
بــۆ ئــەم بیماریــەی کــوردەواری گــشت بدۆزینــەوە چــارێ
لەگــــشت لاوە لێــــی روداوە دەردو مەینــــەتیو محنــــەت
تــێی وروکــاوە لەچــەن لاوە بــێ ئــەوەی بیــدا مۆلــەت

رۆڵــــەی کــــورد بینــــە نــــەبونیو نەخوێنــــەواریو دەرد
لەســــێ لاوە دەورەی داوە گــــشت گیــــانی بۆتــــە بــــەرد
بەهــــەزارانی وەك صــــلاح الــــدین و کــــریم خــــانی زەنــــد
ســەر کۆمــارو زانــاو شــاعیرو ئــەدیبو پیــاو چــاکانی نەبــەرد

هەوڵیان داوە گیـان فیـدا بـوون تاسـەریان خراوەتـە ژێـر بـەرد
بــەهاوتایی گــەورەو چــاکەکان هــەروەها بــوە نامــەرد
رۆژ بــەرۆژ خــاینی دەرو ژوور گیــانی کــردوە لــەت
بەپــشتی خــوا ئــەوەی تــازە ئــەکا چــارێ بۆقــەومی کــوردی نەگبــەت

دەسا وەرن گەنجانی کورد دەس خەینە ناودەس بەیەك قووەت
بۆئەم بیمارییەی کوردەواری! یەك دڵ هەوڵدەن بەهیممەت
لەگشت لاوە تێی وروکاوە دەردو مەینەتیو میحنەت
لەرو لاوازو سەرکز ژێر چەپۆك نایەڵن ببێت مۆڵەت

رۆڵەی کورد ببینە نەبونیو نەخوێندەوارییو دەرد
لەچوار لاوە دەورەی داوە گشت گشتمانی کردوە بەبەرد
بەهەزاران هەزاران گەورە پیاوانو زاناو پیاوی کوردی مەرد
هەوڵیان داوە گیان فیدابوون بۆخزمەتی کوردی نەگبەت

بەهاوتای گەورەو چاکەکان، هەروەها زۆر بوە نامەرد
رۆژ بەرۆژ دەردی کاری بووە تالەشی کراوە لەت لەت

## ١٩٥٧/٥/١٩ - سلێمانی

رۆڵەی گەنجمان وەکوو گوڵێکە    بەرهەمی باخچەی ژیان
گەر ئاوت دا پێ ئەگاو    بەتینویەتی دێتەوەران
هەرگیز مەیەڵن کەوا تینووبن    تیر ئاویان بدەن بەعیلمو عیرفان
هەر ئەو گەنجانەن هەموو مایەمان    هەرئەوانن هیوای دوا رۆژی کوردان

*******

١٩٥٧/٩/٣٠

تەرجومە کراوە لە شیعرێکەوە کەلەجەریدەی (ذبول) بەناوی (روی منالیم):

مــــرد لەســـــەر لێـــوم ئـــاوی خۆشـــی منـــالّیو لاویـــم
هیـــوام وەکـــوو ســـەرابە داخەکـــەم بـــۆ هیـــوای نێـــژراوم
دوێنـــێ بـــاش بـــووم ئیمـــرۆ گـــلّ دای پۆشـــی دلّـــی خوێنـــاویم
ملـــم پێوەنـــا لـــە بیابانـــا ســـەرم شـــۆرِ کـــرد بـــۆ تـــەنیاییم

بـــەلّێ تـــەنیا بـــووم بـــێ هـــاودەم غـــەیری فرمێـــسکی خوێنـــاوی
نەدلّـــــداری نەخـــــەوبینین ئـــــاخ بـــــۆ رووەکـــــەی ژاکـــــاو
رۆیـــشتم خـــەم خـــوێنی مـــژیم لەگـــەلّما هـــات تارمـــاییم بـــەتاو
ئـــاخ بۆئـــەم ژینـــە تالّـــە غـــەمبارو رەنـــگ هـــەلّبزرکاو

لەمالّەکـــەم ئـــەژیم تـــەنیا جـــەرگم کـــون کونـــە ئـــەی یـــار
بـــەد بەختییـــە تـــەنیایی بەشـــەر چـــۆن ئـــەژی بـــێ خـــەمخوار
ئەمەیـــە ژیـــنم خەلّقینـــە! ئینجـــا لەگـــەلّ قـــسەی بـــەدکار
هەلّمـــژە زەوی غـــەمم یارمـــەت ئەســـتیرە بـــۆ رۆژگـــار

********

**مانگێك بوو نەقڵی ئەوێ بووبوین:**

## دنیاو مردن

**١٩٥٩/١٢/١٢ قەڵادزە**

خۆزگەم بەخۆزگای گەردون بوایە    تەمەن لەهەزار تێپەڕ بوایە
گشت کەس بەهیوای خۆی بگەییایە    کەس بەنابەدڵی جێی نەهێشتایە
لەوەدنیا خزمو خۆیشمان بدیایە    هەواڵی گشتمان بۆ ببردنایە
تێر رازو گلەییمان لەدنیا کردایە    ئەوانیش بەسەرهاتی خۆیان بوتایە
گشت لەبارەی کوردان بدوایە    ئەگەر مژدەی ئازادیمان پێ بوایە
من ئاڵای کوردم بەدەستەوە بوایە    بەگشتی کوردان پێی شاد بونایە
ئیتر نازانم کەی کورد ئازادبوە    گەورەو بچوکمان لەوە بدوایە
خوایە ئەو خۆزگەم زووبۆم بێنەدێ    ئاڵاو ئازادی پێی شادبونایە

**١٩٥٩/٩/١٣ - قەڵادزە**

**لەبەرخۆمەوە ئەم لاواندنەوەم بۆ کورد ئەوت:**

کوردستانەکەی لێ قەوماو    نیشتمانی لەت لەت کراو
بە بێگانەوە بەستراو    ئەی کوردی لێ قەوماو
ئەڵێ گەلی حەق لێ سەنراو    دەس و قاچی لەهەلا بەستراو
گەر نارازیەك دەربڕێت    لەبنا زمانی بڕاو
خێرو بێری دابەش کراو    نەوتەکەشی لێ زەوت کراو

گشتی شاراوەو گشتی دزراو
کانەکانی گشت داپۆشراو لەکوردەکە نکوڵ کراو
شاخی مەعدەنی نەزانراو هەموو خێری ژێر پێ خراو
جوتیارو ڕەنجبەر چەوسێنراو زمانەکەی تێکەڵ کراو
مێژووی ڕابردوی سڕاو هونەرەکەی پێ لێ خراو
خەڵکی دێهاتیش ڕەنج بەباو بێ خەستەخانەو مەکتەب ماو
خوێنەواری سەرکێشراو ئافرەتانیش زۆر دواخراو
شێخە شاکەی پەل بەست کراو خانانی دەس پێ دراو
قازی محمەدی خنکێنراو هەتا گۆڕیش تەخت کراو
ساختمانی لەجێ کراو لەچوار چرای پێ خنکێنراو
دایکی وەتەنو واقی وڕماو بۆ گەڕانی بێ ڕۆژو باو
لەچوار چرا لێی خنکێنراو خەباتکەری نەفی کراو
بۆ ژیرانی زەمان بڕاو داخەم بۆ کورد ڕۆژو ناو

**١٩٦٠/١/١٦**

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان گشت ئاواتمە
تابەو ئاواتە نەگەم تۆزم نامێنێ و خەم خەڵاتمە

**١٩٦٣ – بەصرە**

کورد ئەمڕۆ هەموو پڕ هیواو پەیمان
ڕۆژێکە و ئەمڕۆ یەك دڵ یەك زوبان
بۆ یاریدە دان هەموو بەجارێ
چونکە شیعارمان کورد یانەمان

## ١٩٦٣ - بەصرە

دەسا خێراکەن ڕۆڵەی ئازاو مەرد   گشت کۆبنەوە خێراو دەستو برد
قۆڵی لێ هەڵکەن بەناوی خوا   فرسەتە بۆ کورد بەرزانیش لەدوا

## مەنعی تەجەولە گەورەکە

**١٩٦٣/٣/٢١ - سلێمانی**

ئەی وەتەن ئیمشەو خەوێکی ناخۆشم دی پێتەوە
تەقو تۆقو گوللە بارانی جارانم بیرکەوتەوە
منداڵو پیر ڕاکە ڕاکە قیژە قیژو هاوارە
وا زەوی قلیشایەوە وێرانەیە ئەم شارە
گرمە گرمی دەبابەیە لە فولکە پێچ ئەکاتەوە
پەردەی گوێمان ئەدڕێنێ ورەی تاس ئەتباتەوە
منداڵ گشتی تۆقیوە پیر هەناوی پچڕاوە
کورد کاری گەنگەو دادیش ڕۆیی و نەماوە

## ١٩٦٣/٤ - بەصرە

باحاڵی کوردان ئەمڕۆ هەروابێ   با پێشمەرگەکان لەسەرکێوان بێ
ڕۆژی هەرئەبێ ڕۆژی خۆمان بێ   ڕۆژی کوردستان هەر دەبێ هەڵبێ

## بۆ هەموو کوردێك

**١٩٦٣/٤/١٠ – رۆژئاوای بەصرە**

ئەوپێشمەرگانەی چەکیان هاپێیە   ئاراستەی دڵی دوژمنی تۆیە
تۆش غیرەتت بێ هەروەکوو ئەوان   رۆژێکەو ئەمڕۆ بۆ مافی کوردان

## ١٩٦٣/٤/١٠ – بصرە

کوردە بۆ ئەمڕۆ غیرەتە بۆ تۆ   تۆ پلاو بخۆی ئەوان نانی جۆ
تۆ بەئیسراحەت جێگای گەرمو گوڕ   ئەوان لەئەشکەوت سەر حەسیرە شڕ
چەندە نازدارو تاقانەی تیایە   خۆ پەرستیەکە بۆکورد بەلایە
کێ بەغیرەتە بابچێتە ریزیان   گەر ئافرەتیش چوو جێی شانازیمان
رۆژێ لەکەیفو هۆشت ناکەوی   ئەما کلاشی هێندە سەرکەوێ
چۆن ماوەمێشکیان لەبەر تەق تۆق   ورەی نفاسەو دەنگی کلاشنکۆف
مردن لەبرسا راکەن بۆلایان   خواردنو خواردنەوە زوو بەرن بۆیان
خۆراکیان هەموو شۆربای ساوەرە   یاگیای ئەوکێوە تەماتە بەنان
دەترسم بمرم بەو رۆژە نەگەم   بەنەورۆزەوە دوو جەژن بکەم
بستێ منالْ بوم هەتاکو ئەمڕۆ   ئاهوو نالەمە رۆژەکە بۆتۆ
دەترسم بمرم بەچاو نەی بینم   بەو حەسرەتەوە ژیان جێ بهێڵم

## ١٩٦٣/٤/١١ - بەصرە

بە مناسەبەتی وەحدەی عێراق و سوریاو ئێران هەرچەند روخاو سەرنەکەوت:

واکردیان وەحدە ئەی ئەمن چی بکەم   بۆچی من کەمم ئەی بۆچی نەی کەم
من پەنجا ملیۆن کوردیش چی لێ بکەم   ئەی بۆ من نەی کەم ئەی بۆمن نەی کەم
وەرنە پێشەوە وەك مەردی مەیدان   هی خۆم هی سوریا و تورکیا و ئێران
دەست خەینە ناو دەست بەدڵ و بەگیان   با پێکی بینین وەحدەکەی خۆمان

## ١٩٦٣/٤/٢٠ - بەصرە

ئەبێ رۆژی کورد بۆمان بێتەوە   ئالای کوردستان هەڵکرێتەوە
خوایە ئەو رۆژەم زوو بۆ بێتەوە   پێش ئەوەی ناوم بیر بچێتەوە

## غەریبی

**١٩٦٣/٤/٢٠ - بەصرە**

با بیلێینەوە گۆرانی جاران   گۆرانی خۆشی و شادی گەنجیمان
کەئەمان وتەوە لەگوێ ئاگردان   ئاخ چەند خۆش بوو شەوانی زستان
لەگەڵ دەنگو سیرەی سەماوەرەکان   بۆمان باس ئەکرا جارانی کوردان
قاقای پێکەنین بێ خەم و کەدەر   لەروداوی نوێ غافڵ بێ خەبەر
ئاخ چەند خۆش بوو کەرامان بوارد   بڵێ ساڵ بەساڵ خۆزگەمان بەپار

بلێ ڕۆژێ‌بێ بکەین یادی شەهیدان   یا پێکی بێنین بەئاشکرایی جەژنی نەورۆزمان
مژدەبێ کوردە کەمێ ڕۆژمانە   خۆ پێشمەرگەمان لەسەر کێوانە
پڕ چەك ئامادە پڕ لەپەیمانە   ئەوکارە گرنگە لەسەر هەموانە
ئەوکارە گرنگە خۆشی گشتمانە   ئەوکارە پیرۆزە هیوای کوردانە
ئەبێ هەستین هەرکەس بەپێی توانای خۆی   ئەمڕۆ دروشمان کوردە یا خۆ نەمانە

ئەمڕۆ ڕۆژێکە هەمووو کورد وەرنەمەیدان
بۆ یاریدەدان هەوڵدەن بێ وچان
یاریدەی شۆڕش فەرزە لەسەر شان
چونکە شیعارمان کوردە یانەمان

باوە پشتو قەوەتی هێزو هەناومانی
باوکی گشت، باوکێکی ڕاستەقینەو دڵسۆزمانی
باوە بەمانی تۆ وەیە ماوە خاکمان
کۆڵ نەدەرە بەورەیە پێشمەرگەمان
گەر دوربێ تۆنەمێنی لووشمان ئەدا دوژمنانمان

## کوردایەتی

**۱۹۷۲/۱۰/۹ (۲ رەمەزان) - سلێمانی**

من نۆرەم کرد نۆرەی تۆیە    گشت شت لەدنیا ئاوا نۆرەیە
ئەودای بەمن من دام بەتۆ    تۆش بیدە بەرۆلانی خۆ
ئەوانیش بەرۆلەی خۆیان    باوك بەرۆلە بێوچان
کۆڵ نەدراوە و قەت نادرێ    باوك بەرۆلەی ئەسپێرێ
تا ئەو ئامانجەی پێی ئەگەین    هەزارەها رۆلە ئەدەین
هەر ئەبێو ئەبێ پێی بگەین    دوێنێ تا ئەمڕۆ ناسبەی
ئەو سبەیە وانزیکە    دەست بەرمەدە خێرابیکە
چیت لەدەسیە بەپێی توانا    هەوڵێدە بۆ ئەم نیشتمانە
بۆ ئازادیو سەربەخۆیی    نەوەی نوێ نۆرەتانە
بۆ ئەم خاکە پاکە جوانە    کەدەگمەنە لەجیهانا
بیکەو هەلت لەدەس مەدە    خاکەکەت بەکەس مەدە
چوار کەرتەکەت لێکی بدە    دەس لەکەرتەکان بەرمەدە
چی لەرێیدا بڕوا کەمە    داگیر کردنەکە ستەمە
دەس لەدەسو قەوەت لەخوا    هەوڵدە و بەرزانیش لەدوا
ئەم کارە هێندەی نەماوە    دوژمنمان ئەژنۆی شکاوە
خەریکی پیلانەو درۆ    رۆژی یەت بێ رەنجەڕۆ
رۆڵەم خێرا قۆڵ هەلماڵە    کورد بەستی رەنج خەسارە
ئیشی ئەمڕۆ مەخە سبەی    بەستی چی بەچی ئەکەی

## بۆ بابە بارزانی

### ١٩٧٣/٣/١٥

بـاوە باوەکـەم تـۆی خۆشەویستم   مـن لـەپاش خـودا تـۆ ئەپەرستم
چونکە تەنها تۆی خـەم خـۆری کـوردان   رێ پیشاندەرو دڵسۆزی گشتمان

ئـەو بەرزانیەی بـاوکی کوردانـە   جێـی شـانازی خـزمو بێگانـە
خوایـە بیهێڵـی تەمـەن درێـژبێ   تایـەك ئەگرێتـەوە ئـەم کوردستانە

********

### ١٩٧٣/٢/٢١ - ٢ شەممە - سلێمانی

گـەر قـازی محمـد ئێـستا بمایـە   لـەگـەڵ (بـەرزانی) یـەکیان گرتایـە
هـەمووو دڵـسۆزان پشتیان گرتبایە   خایـەن مونـافیق دەستیان نەمایـە
ئێـستا کوردستـان وێنـەی نەئـەبوو   نـەوەك وەك ئێـستا ژێرپـێ بخرایـە
ئەگـەریان ڕوان سـەوز نـەبوەوە   ئـەبێ کـورد بمـرێ بەوناسۆرەوە

**********

چەندم خۆش ئەوێ وێنـەی جـوانی تـۆ   وێنەی کێوەکان لـەگەڵ ڕەنـگ و بـۆ
خـورەی چـەمەکان زەڵـمو تانجـەرۆ   ئاواز هەڵپـەرکێ هونـەری کۆنـەونۆ

**********

چـەندم خـۆش ئـەوێن قارەمانـەکان   قـازی محمـدو شـێرەکەی بـارزان
سمکـۆ شـیخ محمـود فوئـاد و پـیران   ئاخۆکەی بکـەین پەیکـەر بۆهـەموان

## ١٩٧٣/٢/٢١ - سلێمانی

**کورد ئەڵێ:**

تەمەـــــنم هـــــەزاران ســــاڵە نـــەکو کـــــەم
ژيـــــانم شـــــەوە و هـــــەوڵی رۆژ ئـــــەدەم
نـــــازانم رۆژمـــــان بـــــۆ هێنـــــدە خـــــاوە
لەخـــــــدڵکی زيـــــاتر قوربـــــانيم داوە
هيـــــوای ئـــــەزەليم تـــــەنها ئەوەيـــــە
جـــــەژنی نـــــەورۆزو ئـــــازادی نـــــاوە

## ١٩٧٣/٢/١٦

**ئەم شيعرەم بەرچاوکەوت ئەمرۆ لە گۆڤاری بەرەو روناکی دا کەلە شارۆچکەی گەلاڵە دەرئەچێ بەناوی (بەهرەوەر)ەوە، ئەڵێ:**

هێشتا کە جەژنێك ماوە گەردابێ   پاش چەند نەورۆزێ رەنگە پەيدابێ
ئەوسا ئەو بوکەی ناوت هيوايە   رۆژی بوکێنی تۆ دێتە کايە

**منيش رۆژی ١٩٧٣/٢/٢١ وەڵامم دايەوە و ئەڵێم:**

هەرخۆش مژدە بيت کاکەی بەهرەوەر   پاش چەند نەورۆزێ ڕەنگە پەيدابێ
سەرۆکمان خۆش بێ ئائەو هيوايە   بەزوترين کات يەنێتە کايە

********

## رەشەبا

**١٩٧٣/٢/٢٥**

سروەی بایە ئا گویّ گـرن رەشـەبایە  خوانەی هێنیّت وەمزانی سروەی شـەماڵە دایـە
گویّ گـرە وا رفـانی نوێنـەکانی سـەربان  ئاسـەیرکە گـشتی فڕیّدایـە مـاڵان
خاكو خـۆڵو پیـسی سـەربانی هاویـشت  خستیە ناو دەمو چاوو لوتو مـشت
ئاسـەیرکە دۆشـاوی تەماتـەی پڕکـردەوە  خو سینی دۆشاوەکەی قلّپ کـردەوە
بەخێر نەیـەی مـام رەشـەبا بۆچـی هـاتی  هەمیـشە بـۆ ئـەم شـارە پـاکو جوانـەم هـەر نـەهاتی
یان ئاگرە یا وشك بوون یـافڕیّ دان  سـەوزەو شـینایی دێهـاتی گـشت هـەڵپڕوکان
بـەفری گۆیـژە بەزسـتان فـڕیّ ئەداتـە ناوشـار  عالـەم وا رق ئەبێتەوە کاتی بیّ خـەڵوزیو دار

## ١٩٧٣/٣/٢١ - سلێمانی

ساڵی شەستو هەشـت چـومە مـەهاباد  گـەرام بـۆ گـۆڕی قـازی نەبـەردمان
وتیـان مەگـەڕیّ لـەناو گۆڕسـتان  خـۆ سـەرگۆڕەکەی کرایـە سـاختمان
پۆل پۆل خەڵکی کورد لەشـارو لادیّ  ئەچون بۆ زیـارەت بـۆ دەوای دەردان
گـۆڕی زاڵمـان تفـی لـیّ ئـەکریّ  بۆتـە زیـارەت گـا گـۆڕی پیرۆزیـان
کاتـیّ گەیـشتمە فولکـەی چوارچـرا  بـەبیّ ئیختیـار کەوتمـە گریـان
لـەپێناوی کـورد کـەوا خنکێـرای  هـەرگیز دەرناچـیّ لـەناو دەرونمـان
یەزدانی مـەزن هـەق دەیـە دەسـتمان  پەیکـەر دروسـتکەین لەسـەرگۆڕیان
نـەکو هـەر قـازی سـەدان بـردران  بـۆ ژێرسـێدارەو دوایـەکی کـوژران

********

## سلێمانی - ١٩٧٣/٦/٢٤

٢-٣ ساڵێك واتە: لە (١٩٧٠-١٩٧٤) یانزەی ئازار هات ئەم لاواندۆتەوە هەرچەندە زۆرجار خۆشیەکەمانی ئەکرد بەشین وەکوو تەقینەوەی مەلاکانو زۆر ڕوداوی ناخۆشترو لەباڵی ئەداین بەڵام تەیارە و تۆپو گرتن کەم بوو.

دوێنێ منداڵان ئاگریان کردبووەوە    منداڵی خۆمم بیر کەوتبووەوە
ئاخ چەند خۆشبوو کاتی منداڵی    بێ خەمو خەیاڵ بەشادمانی
بەدڵێکی پاك لەگەڵ هاوڕێتا    شەڕ کردنەکەش زوویەتەکۆتا
بێئەوەی شتێك لەدڵا بمێنێ    هەروەکوو گەورە هەتا بمێنێ
تەمەنی ئێمە کاتی منداڵی    بردومانەتە سەر بێکامەرانی
شەڕی دووهەم بوو    روت بێ نانو ئاو
خەپلەی جۆ هەرزن    قنیاتی تەواو
پینەو پەڕۆ بوو لەجلو ناوماڵ    دەفتەرو قەڵەم لەبازاڕ بڕاو
شەڕی یەکەمیش پێڵەقەی مابوو    کوڕ گوم بووش هێشتا هەر بەهیوا بوو
مزراح هەڵماتی دەستکرد دیاری بوو    منداڵ بۆ یاریە گیانی دەرئەچوو
منداڵی ئێستا چۆن دڵخۆش نابن    چۆن چاوکراوەو لێزانیش نابن
بڕوانە تۆپو تەیارە و تفەنگ    دەمانچەی منداڵ سەیارە گشت ڕەنگ
بوکەشوشەی جوان لەگەورەو بچوك    قسەئەکاتو تاقمو جلی بوك
دایکی جارانیش منداڵی ژیر ئەکرد    بەبوکی قامیش کەخۆی بۆی ئەکرد
ڕۆژانەی جاران فلس یاعانە    ئایا بەسەدیش ڕازین ئەمانە
شەو دایان ئەنان لەگوێ ئاگردان    پیرەژن ئەیکرد حکایەت بۆمان
منداڵی ئێستا باتی پیرێژنان    تەلەفزیۆنە حکایەت خوانیان

باسی تەلەفزیۆن بخەرە ئەولاوە     هەرچی روبدا هالە بەرچاوە
باسی سینەماش بخەینە کایە     فلان فلیمە، کوا پارە، دایە!
هەرچەند پێشکەوێ دنیای ئێستاکە     هەرجاران خۆش بوو بەپاکیو چاکە
ئەم حەزارەتە خەڵکی کرد بەدخوو     پەردەی حەیاکە لەسەر روو لاچوو
رۆڵە لەباوك هەڵگەرێتەوە     قوتابی لەمامۆستا نەسڵەمێتەوە
گەورە و بچوکی کەی ئێستا ماوە     بۆ کوڕو بۆ کچ حوریەت باوە

## ١٩٧٣/٧/١٥ – تەرجمە لەسلێمانی

ئەم شیعرەم بەرچاو کەوت زۆر بەنرخ بوو لام بریارم دا وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی، یەکێ ئەڵێ شعری (ئیرج میرزا)یە و یەکێ ئەڵێ شیعری (فیکتۆر هۆگۆ)یە، شیعرەکە بەناوی (دڵی دایك)ەوەیە.

## دڵی دایك

أغرى امرؤ يوما غلاما جاهلا     بنقوده كيما ينال به الوطر
قال إئتني بفؤاد أمك يافتى     ولك الدراهم و الجواهر و الدرر
فمضى و أغرز خنجراً في صدرها     و القلب أخرجه وعاد على الأثر
لكنه من فرط سرعته هوى     فتدحرج القلب المعفر إذ عثر
ناداه قلب الأم وهو معفر     ولدي حبيبي هل أصابك من ضرر

## وەرگێڕانی بۆ کوردی:

لاوێکـــــی نـــــەفام هەڵخەڵـــــەتابوو   ناحەزێکی خـۆی لەخـشتەی بردبـوو
ڕۆژێ لــەڕۆژان ڕۆڵـــەی تـەفرە دراو   ناحــەز پــێی ئــەوت ئەتــدەمێ دراو
بەشــــەرتی دڵــــی دایکـــت دەریــــەنی   لـــــەپاش کوشـــتنی بـــۆ منـــی بێنــــی
کوڕەی نەفامیش خێرا بەقـسەی کـرد   دایکی خۆی کوشتو دڵەکەی بـۆ بـرد
لەپەلـــە پـــەلیو شـــپرزەیی خـــۆی   قاچی هـەڵنوتاو بـەدەما کـەوت بـۆی
دڵـــی دایکەکـــەی بۆهاتـــە زمـــان   وتـی ئـازارت نەگـەی؟ ڕۆڵـــەگیان!

## زۆر راستە کەوتویانە:

أعلـــم الرمايـــة كـــل يـــوم   فلمـــا أشـــتد ســـاعده رمـــاني
وكـــم علمتـــه نظـــم القـــوافي   فلمـــا قـــال قافيـــة هجـــاني

## منیش ئەڵێم:

زۆرەهـا جـار فێـری ڕم هاویـشتنم کـرد   کـــــەفێر بـــوو تێـــی ســـــرەوانم
زۆرجـاریش وابـوە فێـری شـیعرم کـرد   کــەفێر بــوو کەوتــە هــەجوو دانم

## ١٩٧٣/٧/٢٩- سلێمانی

ئەمرۆ ریـش‌و پـرچ باویـەتی بـۆ پیـاو   گەنجان وەریان گرت ئەم بـاوە تـەواو
پـــانتۆڵی تەســـکو دوای شارلــــستن   کراســـی ســـورو ملوانکـــە وەك ژن
پـــێڵاوی بـــەرزو نینۆکێـــك درێـــژ   دنیـا حـەزارەت کـردین گێـژو وێـژ
بـــەڵێ بـــا بڵـــێین ئەمانـــە جوانـــە   باوەری گرن گـەنجی گـشت ئـەم گەنجانـە

لەگەڵ ئەمانە کەچی ئەوروپا   جڵو نینۆك نیە بەتاقی تەنیا
لێیان وەرگرە گەر تۆراست ئەکەی   بە عیلمو عیرفان سەرفراز ئەکەی
بزانە ئەوان گەیشتونەتە کوێ   بەمانگ رازی نین عاسمان جێبەجێ
دوزینی ئەتۆم دەرمانی دەردان   دڵو گورچیلە لەجیاتی دانان
لەگەڵ ئەوانەش پاکیو نەزاکەت   مرۆڤایەتیو خزمەت کەرامەت
هەندێ کار هەیە کەلایان باوە   لەرەگەزەوە بۆیان دانراوە
نرخی مرۆڤیان هەر لەلاماوە   کوشتنو دزی کفری تەواوە
نەوەك وەك ئێمە وەك ئاوخواردنە   قیمەتی مرۆڤ بەقەی بزنە
هۆی ئەم کارانە هەر جەهالەتە   هەولی خوێندن بەن ئیتر فرسەتە

## أبو عتاهية ئەڵێ:

عريت من الشباب و كنت غضاً   كما يعرى من الورق القضيب
وكنت ابكي على الشباب بدمع عيني   فما نفع البكاء والنحيب
فيا ليت الشباب يعود يوما   فأخبر بما فعل المشيب

## منیش ئەڵێم:

داخەکەم پیر بوم ڕۆژێ تافم بوو   وەك چڵی داران گەڵاکەی وەری
قەت نایەتەوە تەمەنی جوانی   هەزار هاوارکەی بەرەو نەمانی
هەموو ئاواتم کەبگەڕێتەوە   تێر بوی هەڵڕێژم پیری چی هانی

## قوم من العرب:

قوم اذا استَنْبَحَ الأضيافُ كلابَهُمْ   قالوا لأمهم بولي على النار

قەومێ بوون عەرەب ڕەزیلو پیسکە  قەت نەبوو میوان لێیان خوا تیکە
کاتێ میوان هات سەگەکان وەڕین  ئاگر خەفەکە دایەو میزی پیاکە

## ١٩٧٤/٢/١٨

ئەی خالۆ خالۆ ئەی خالۆی ڕێبوار  خالۆی پێشمەرگە پێشمەرگەی دیار
هیواو پاڵپشتی هەموو کوردانی  ڕێ پیشاندەرو نوری چاومانی
ڕێگەت زۆر سەختە پێچو پەنایە  کۆسپو چورتمت والەبەرایە
ڕێگات زۆر دوورەو ساردو سەرمایە  ڕنوە بەفری زل شەختەو یەڵدایە
کاکە هۆ کاکە زۆر وریای خۆتبە  چەتە و خۆفرۆش بۆ پیاو بەڵایە
خۆت ئامادەکە دەس لەسەرچەك بە  توێشوت باوەڕتە گیانت فیدایە

********

## ١٩٧٤/٢/١٨

نازانم بۆچی دایە زاریتە!
ئایە ئەو زاریە لەبێزاریتە؟
بۆچی بێزاریت ڕۆحی ڕەوانم
سوێندت بۆئەخۆم تۆی هیوای ژیانم
لەزارت دەرچێ بۆچی بێزاریت
ئایا لەژێنت یا لەمن لاریت
زاریت زویریت من قەت تێناگەم
بۆم رون کەرەوە باپێ ڕابگەم

بـــا دڵنیـــا بم هـــەر داو هـــەرد بـــڕۆم
بارووبکەمـــە لای عەجـــەم بـــێ یـــا ڕۆم
توخـــوا گیانەکـــەم تابڵـــێی ئەســـتەمە
جێهێـــشتنی وەتـــەن ئێجگـــار ســـتەمە

**هیوام سەرکەوتنتانە لە مانگی (٣) دا دان بە مافمانا بنێت.**

**١٩٧٤/٢/٢٨ - سلێمانی**

لـــەپاش ئـــەم ڕۆژە ســـامناکە ئـــەو تاریکیـــە بـــۆ ئـــەم خاکـــە
لـــەپاش ئـــەم هـــاتوو نەهاتـــە هـــەزار ســـاڵە یـــەك ئاواتـــە
وا بەئاســـتەم شـــەبەق دەرکـــەو لـــەپاش شـــەبەق قـــەت نایـــە شـــەو
تابـــێ ڕۆژ ڕونـــاکتر ئـــەبێ ژیـــانی کـــورد چـــاکتر ئـــەبێ

**ئەم هەڵبەستەم بە هەنسکەوە ڕێك خست:**

**١٩٧٤/٣/١٤**

ئەمجارەش کورد گەل والێ ی قەوماوە
دەســـتی بـــڕاوە قاچـــی پـــەڕاوە
بـــەرگی ماتـــەمی بەشـــارا کـــشاوە
تاکـــە تاکـــە پیـــاو لەشـــارا مـــاوە
داخـــی گـــرانم بـــۆ کـــوردی هـــەژار
ڕۆژێـــك خۆشـــیەتی ناخۆشـــی هـــەزار

هەروەك گیسکەکەی هەیاسیش وایە
سەد ڕۆژ ئەقەومێت یەك لەبرەوایە
ڕۆڵەی زانکۆمان ئەمساڵیان لێ ڕۆی
چارەنووسیان لەقەدەرایە
تا تاکەیە لە زانکۆ مابێت
ئەمنی سمێڵ فش نایەڵێ تیا بێت
پیلان ئەگێڕن کەتیا نەمێنن
کلك و چڵکاو خۆر لە جیان دانێن
خوایە بەسیەتی ڕۆژی کورد هەڵکە
کورد ڕزگاری بێ لەم حاڵەی دەرکە
هۆشمان نەماوە ئابەم چەن ڕۆژە
شەبەق دەرکەوێ پێش ئەم نەورۆزە

## ئەمجارەش کوردان لێیان قەوماوە

### ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١٤

بەرگی ماتەمی بەسەرا کشاوە تاکە تاکە پیاو لە شارا ماوە
داخی گرانم بۆ کوردی هەژار ڕۆژێك خۆشیەتی ناخۆشی هەزار
وەك گیسکی هەیاس حاڵی وەهایە سەد ڕۆژ لێ قەوماو یەك لەبرەوایە
تاکە تاکەیە لە زانکۆ مابێت ئەمن و بەعثییەکان نایەڵن تیا بێت
پیلان ئەگێڕن کە تیا نەمێنن هەر نەیان کوژن باتیا نەمێنن
خوایە بەسیەتی ڕۆژی کورد هەڵکە کورد ڕزگار بکە لەم حاڵەی دەرکە
هۆشمان نەماوە ئابەم چەند ڕۆژە شەبەق دەرکەوێ پێش ئەم نەورۆزە

## نەورۆزی ڕەش

### پێنج شەممە ١٩٧٤/٣/٢١

کەس جەژنی نەکرد ئاگر نەکراوەتەوە عالەم دڵی لە تەقینایە ئەمڕۆ (٢٣) ئازار هەنێ لەسەرۆك دایەرەکان لەسەرەوە نامەیان بۆ هات شار جێ یەڵن ... ئەمڕۆ جومعەیە ١٩٧٤/٣/٢٢ سەعات دوی نیوەڕۆ باوکی منالأنم بەجیبێك لە ماڵ دەرچوو بەرەو سەرەوە ئیلتیحاق بکا بە شۆڕشی پیرۆز بەرەو پاشەڕۆژێکی دیاری نەکراو ئایە شۆڕش گاڵ دێنێ یا پەموو؟ ئایەبەسەر بەرزی یەنەوە یابەنەمانەکە.. دەستی لە هەمووشتێ هەڵگرت لە ریئاسەتی مەحکەمەو کورسی و ماڵو سەروەتو منو تاقە کچەکەم ئاگری شۆڕش کڵپەی کرد لە دەرونیا بەدڵسۆزی راستەقینە بێ ماڵ ئاوایی لێمان بە پەلە پەل کاغەزێکی نارد کە ئێوارە گەیشتۆتە چوارتا و لەوێوە بۆ کارێزە بۆلای هاوڕێو خۆشەویستی شێخ مەحموودی کارێزە لە کارێزەوە بەرەو سەرەوە... ئێستا من خۆم زۆر شانازی بە پەیوەندیکردنی هەرسێ کوڕە خۆشەویستەکانم دەکەم کەیەکێکیان کاکە دانایە تەلەبەی چواری هەندەسەیە ئەوی تریان کاکە توانا سێ إدارە واقتصاد سێیەمیان کاکە زانا دوی هندسە لە خوام داوایە بەسەر بەرزی بگەڕێنەوە کە ئەوە لە عیلمی خوا دایە ١٩٧٤/٣/٢٤ ئەو چەند دێڕەم هەڵبەست هەرچەندە ساکارن .

ئای لەم رۆژە سامناکانە ... ئێمان کەوتون بێ باکانە
بەهەر دووك خەریك پیلانە ... پیلانی گلاّویان نایەنێ ئانە
ئێمە رزگاری دروشمانە ... هەتا مابین کورد لە هەوڵدانە
بۆ کوردستان یانە مانە ... پێش رەومان باوەی بەرزانە
چەکیشمان تەنها ئیمانە ... قوڵو بازوی رۆڵەکانە

**٢٨/٧/ ١٩٧٤ پاوە:**

شاخە بەرزەکەی لەوپەڕی دێوە
وەکوو حەوشە وایە پاوەی هاپێوە

**٢٨-٢٩/٣/١٩٧٤**

**کاتێك کە کوڕەکانمو باوکیان ئیلتحاقیان کرد بە شۆڕشەوە منو دلڤان لەماڵەکەدا بەتەنها ماینەوە لەژێر چەپۆکی ئەو دڕندانەدا، لەترسا نەمدەزانی چی بکەم ناچار کەسی مەحرەمو ئافرەتی خزمو ناسیاوم بۆشەو دەهێنایە ماڵەوە لامان بنوێ ئیتر نوسیم:**

ئـــای لەزەمانـــە دەورانـــە   هەڵمەقۆ ئەکەم گەڵ ئەم کێژانە
توێتـــەو پـــەروین نەرمەیـــەو دلڤـــان   **(ماشاء الله)** لـــەخوا هەروایـــە ژیـــان
یاخـــەوو خـــواردن یـــان حکایەتـــە   ژیـــن پـــڕ مەترســـی **دەورمـــان** چـــەتە
گشت مالیّان چۆڵ کرد بەرەو لای بـاوە   بەدڵی پـڕ هیـواو بـۆ شۆڕشـی کـاوە
خۆزگـــە بـــەو ڕۆژەی دەگەڕێنـــەوە   بەســـەر کـــەوتوویی بۆشـــار دێنـــەوە
ئـــالاّ بەدەســـتیان بـــشەکێتەوە   دوژمـــن بەوداخـــە بتلێتـــەوە

## ١٩٧٤/٣/٢٩ – هەینی

بە بۆنەی خوتبەی (أحمد حسن بەکر) لە تەلەفزیۆنا حوکمی زاتیمان پێ ئەدا، دەسی بڕینو چاوبەستی کردین، بە پەیمانی درۆ و چاوڕاو زۆر خەڵکی ساویلکە باوەڕی پێ کردن و چووە پاڵیان. ئەمەم نوسی:

دیسان دەس بڕین بۆ کورد هاتەوە  چاومان بەستراوە لەهەرچوارلاوە
دەسمان بڕاوە قاچمان بڕاوە  لە هەڵخەڵەتان چیە بەولاوە
هەرچی عالەمە وا دایەوە کە[illegible]  بۆ پشتیوانی شۆڕشی نەبەزیو
کاکەی پێشمەرگە تۆ نەحەساوەی  سەنگەرنشینو رۆڵەکەی کاوەی
کاکە هەردوکمان هەروا هاودەردین  هەردوك پێکەوە میوانی هەردین
ئەتۆ چەك بەشان بەشاخانەوە  منیش وائەمرم بەداخانەوە
داخی سافیلکەی کرداوە لێمان  جاش وجەیش شەعبیو هەروا سورەکان
کوردی لێقەوماو هەرئەبێ وابێ  رەنجەرۆ ئەکرێ کاتی هەلان بێ

## ١٩٧٤/٣/٢٩

هەینی ئیمشەو سەرۆکمان خۆتبە ئەدا:

کاکەی پێشمەرگە هەردوو هاودەردین  هەردووك پێکەوە میوانی هەردین
ئەتۆ چەك بەشان بەشاخانەوە  وامنیش ئەمرم بە داخانەوە
داخی ئەوانەی بۆ خەڵکە هەوڵیان  هەنێ بوون بە جاش هەنێ سورەکان
بۆ بەختی کوردان ئەمرۆ هەر وابێ؟  بیر بکەنەوە وەرن بۆ مەیدان

## ٢٩-١٩٧٤/٣/٣٠ هەینی لەسەر شەممە

کـوڕی شـیرینم دانـاو زانـا گیـان   دڵـم لاتانـە شـێت ئـەبم بۆتـان
ئـەمن سـپاردمن بـەخواو بـەقورئان   ئاگای لێتـان لەگـەڵ گـشت ڕۆڵان
کـوڕانی شـیرین ئاگـات لـە خۆبـێ   دڵـی دایکتـان نابـێ لـە بیرچـێ
ئێـوە ئـەزانن هـەرمن و دلڤـان   لە ماڵا ئەژین هەر وەکوو زیندان
بـەڵام قـەی ناکـا هیـچی نانوێنـێ   لەخوام داوایە شۆڕش سەرکەوێ
ئەو حاڵەی ئەمڕۆ قەت لـە یاد نەبوو   هەر بەیەك دوو ڕۆژ ماڵو شار چۆڵ بوو
ئێجگـار گرنگـە ئـەم شۆڕشـەمان   هیچ شتێ نانوێنێ نەسەرو نەگیان
تـەنیایی و تـرس ئێجگـار سـتەمە   بەڵام ئەم ڕێگە چی بۆ بکەی کەمە
یـاخوا سـەرکەوێ شۆڕشـی پیرۆزمـان   لـەژێر ئاڵامـان بکـەین نـەورۆزمان
بەخۆشـیو مـانی بـاوەی سـەرۆکمان   هیواو هێزەکـەی گـەلی کوردستان

## ١٩٧٤/٤/٧

دەسـتم دامێنـت دەخیلـتم ڕۆژگـار   جەور نەنوێنی دڵخۆشکەی بەدکار
مـێملم زۆرە پێمـی خـۆش نەکـەی   مێملـەکانم بکـەی شـەرمەزار
وام نیـازە کـە گـوڵێکی زۆر بـڕوێنم   ئـاوی بـدەمو پێـی گەیـەنم
کاتی هەموو کەهاتنـەوەو ئـازادی بوو   لەگەڵ سەرما پێشکەشی کەم ئەو گوڵە سورە
بەکاکەی پێشمەرگەو هـەموو دوژمـن   بتاسـێنم بپـروێنم بفلیقێـنم

## بەسەرهاتی گەلێك

### ١٩٧٤/٩ لە مهاباد

رۆژێ بوو لەو رۆژە ڕەشانە    کاك حسنی مهاباتی پێی وتم: بەدڵسۆزانە
براکانم بۆهاتن بۆ ژێر چنگی ئەو بەدفەڕە    رۆڵەتان خستە ژێر پێ‌لەقەی ئەو حەوت سەرە
شاه زالمە لا بارو زۆردار    مارێکی خوێن مژو بەدکار
ئەژدەهاکی نوێیە بۆگیانی کوردە دانراوە    خوا خوای ئەوەی بوو بەملکەچی کورد بێتە ئەم ناوە
دوای ئیعدام کردنی قازی سەرۆك لەمشارە    کەوتە قڕی کورد چی دڵسۆزە دای لەسێدارە
سێسەد لاوی خوێن گەرمیشی پاڵخست لەجادە    لۆری‌و دەبابەی هێنا بەسەریانا تەخت بوون لەگەڵ جادە
ماڵی وا بوو گشت سەرخێزان    کوژراو ئیعدام تاقیان نەمان
داڵەەی چی؟ بۆ سودی خۆیەتی    نەك بۆ کوردیێ کوردی لای خۆی نیەتی ماف‌و ژیان
بەڕاست‌و ڕەوانی ئەم روداوە ئەگێڕمەوە بۆتان    کەلە بیری نەچێتەوە تاقە کوردێ مابێ لە کوردستان

### ٣ شەممە ١٩٧٤/١٠/٥ پاوە.

**حکومەت بەرەو زۆرك هاتوە زۆر چەکی قورسی پێیە هەر ئەی گریت ڕەنگبێ نەگات پۆپەی بە هیمەتی خوێنی پێشمەرگەی ئازاو نەبەرد.**

داخی گرانم بۆ کوردستانم
نیشتمانەکەی ئێجگار جوانم
ئەوا قڕانە
ئەوا سوتانە
هەموو سەرانسەر
بۆمبا بارانە وادێ سوتانە
تۆپ پێوەنانە

شەلو کوێرانە

هیچ ناپارێزێت

تێزاب ڕشتن‌و

ناپاڵم فڕێ دانە

ڕۆڵەی نازداریش

گشت پێش خودانە

لە بۆ خنکانن

یاخود زندانە

هەرچی لەمێژوو

قەت ڕوی نەداوە

لە کوردی ئەکات

ئەم تیرە گلاوە

ئەبی بزانم کارمان تێ ناکا

دەنگێ لام نادا لەم ڕێگە پاکە

هەتا دانەیە لەکوردبمێنێ

هەرگیز لانادا

تا هەق نەسێنێ

چونکە بۆی داناین

شێرەکەی بەرزان

دروشمان ئەبێ

کوردبێ یا نەمان

## ١٩٧٤/١٠/٢٢ پاوە

شاخە بەرزەکەی لەو پەڕی دیوە   یاخوا نەڕوخێ پێشمەرگەی پێوە
شاخە بەرزەکەی بەرامبەرمانە   یەکێکی پێوە باوکی کوردانە
یەکێکی پێوە سایەی سەرمانە   یەکێکی پێوە مەردی مەیدانە
یەکێکی پێوە شێری شێرانە   یەکێکی پێوە هەموو کەسمانە
ئەو دەری خستوین لە گشت جیهانا   خوایە بیهێڵی شانازیمانە

## ١٩٧٤/١١/٥ - پاوە

داخی گران بۆ کوردوستانم   نیشتمانەکەی ئێجگار جوانم
هەرکورد قڕانە هەرگوند سوتانە   بۆمبا بارانە لەم نیشتمانە
تێزاب ڕشتن‌و ناپالم فڕێدان   خەرمان سوتانن گوللە پێوەنان
هەرچی لەمێژوو قەت ڕوی نەداوە   لەکوردی ئێمە هەمووی کراوە
ئەوە بزانیت کارمان تێناکا   هیچ لامان نادا لەم ڕێگە پاکە
تاکو دانەیە لەکورد بمێنێ   دەنکێ کۆڵ نادا تا ماف نەسێنێ
داوام ئەوەیە لەتاقدیەزدان   دڵسۆز هەرخۆشبن بۆداوای کوردان
چونکە بۆی داناین شێرەکەی بەرزان   دروشمان ئەبێ کوردستان یانەمان

## ١٩٧٤/١١/١٥ - سلێمانی

کەهاتمەوە وتیان ئەو چوار کەڵە پیاوە دوان کوردو دوان عەرەب
کە سەرۆکاری تاڵانکردنی کردوە هەر بەوە ڕازی نەبوون هەر لەمانگی

یانزەدا قەیسەری وەسمان پاشایان تالآن کردوە بە چەن شەو مەنعی تەجەولیان کردوە دوایی هیچیان تیا نەهێشتوە، ئەمجار دەیان تەنەکە نەوتیان پیا کردوەو ئاگریان پێوە ناوە تا کلّو کۆی دامردوە سەدان دوکانی پڕ پڕ لە شتی خەیاتیو بازرگانی بوونە خۆڵەمێش.

کاتێ هاتمەوە سلێمانی ئەو باسانەیان بۆ کردم بێ گومان وەکوو هەموو دڵسۆزێکی شارە لێ قەوماوەکەم ژان چوە دڵمەوە بەلآم نابێ دەم بکرێتەوەو باسیشی بکرێت.

منیش بۆ مێژوو لەوماڵەی قەراغ شار کەلێی بوم بە ترسو لەرز لەوەی کەپێم بزانن و بمگرن، ئەڵێن لەو دیو هاتۆتەوە جاسوسی موتەمەردینەو کلکیانە! ئەم ڕێکخراوەم بۆ دوانە کوردەکە نەك عەرەبەکە هۆنیەوە.

١٩٧٤/١١/١٥

ئەم دەنکە عومرەی کەرام بواردوە    زۆر شتم دیوەو زۆرم بیستوە
وێنەی ئەم ڕۆژەم قەت ڕەش نەدیوە    چی دڵسۆز بە کورد دڵی تەقیوە
زۆر چەرخانم دی زۆر کەسانم دی    پیاوی هەڵکەوتوو شا ژنانم دی
بێ دەستو دەسدار دیوە خانم دی    زۆریش بێ وەفاو وەفا دارم دی
لە پیاوو ئافرەت کورد پەروەرانیش    لە گوێی گادا نوستوانم دی
پیاوی هەڵکەوتوو ماکەرانم دی    سوور لەسەر بڕواو سور دەرانم دی
وێنەی ئەم ڕۆژەم قەت ڕەش نەدیوە    هەرچی دڵسۆزە ورەی بڕیوە
ئەوانە نەبێت چاوەڕوانی بوون    کە گیرفان پڕ کەن واپێی گەییوە

بەهەر جۆرێك بێ گەلاو گەلّ ئەڕۆن  گیرفانەکانیان پڕو تەنیوە
تالآنی منو هەزاران دلّسۆز  بێ خەبەر لەڕۆژێك لە قوڕا چەقیوە
چنگی پیا ئەکا گەشکە دار دەبێ  لەخۆشی ئەوەی کەپارەی دیوە
پارە هیچ نیە هەرچلّکی دەستە  ناو نایەتەوە تازە زەریوە
هەر لە دەستی چوە هیچ سودی نیە  هەروەك کالّەکەو کاتێ تەپیوە
ئەوە سەر بەرزە دلّسۆزی گەل بێ  هەتا هەتایە وەك ڕۆژە پێوە

## ١٩٧٤/١٢/٣١

ئای لە زەمانە دەوران دەورانە  ڕۆژێ هی منەو ڕۆژێ ئەوانە
کە ڕۆژ هی من بوو خۆم لێ ئەگۆڕێ  وائەزانم تاسەر بۆمن ئەمێنێ
لەپڕێکا مرۆڤ بە خۆی نازانێ  گێژەلّۆکەیە لەبنی ئەکەنێ
ئای لەم گێژوو لافاوەی کە هات  ئاخۆ سالّی داهاتوو چی لە کورد ئەکات

## بێ هیوام

**١٩٧٥/١/١ – ٤ شەممە**

**هەر لەبەر خۆمەوە ئەلّێم کە زۆر بێ هیوام لە خۆمەوە یاخوا وا نەبێ:**

دەستم دامێنت دەخیلتم ڕۆژگار  جەور نەنوێنیت دلّخۆش کەی بەدکار
دوژمنم زۆرەو پێمی خۆش نەکەی  دوژمنەکانم بکەی شەرمەزار

## پەناهەندەیی

**١٩٧٥/١/١ ئێران / پاوە**

وەك ئەوگێژەی مانگی ٣/ ١٩٧٤ هات:

ئــــای زەمانــــە دەوران دەورانــــە   ڕۆژێ هـــی و منـــە ڕۆژێ ئەوانـــە
کە ڕۆژ هی من بوو خۆم لــێ ئــەگۆڕی   پــێم وایـــە تاســـەر بــۆمن ئـــەمێنێ
لـــەناکاو مرۆڤـــ بـــەخۆی نازانـــێ   گێژەڵوکەیـــە لـــــەبنی ئەکـــەنێ
ئای لەوگێژە زلەی کەوا بۆی هێنـاین   گــشتی هەڵکــەنین لــەماڵو جێمـان
ئینجـا هــەر ئــەبێ گــەر مـافی هــەبێ   بــەورۆژە بــەرزە هــیچ بـایی نــەبێ
گشت بۆ ئو نەبون بەدەستی خودایـە   بـــەرز بونـــەوەت لـــەدەس ئەوایـــە
ئـــەمڕۆ کەویـــستی ئەتکاتـــە پاشـــا   هــەربۆ چــەند ساڵێ ئەتکاتــە گــەدا
لەکاتی بەرزیت چاوت لەگـشت بــێ   باڵــە نزمیتــا دنیــات لەپــشت بــێ

## ئاشتیم ئەوێ

**٧-١-١٩٧٥ – سێشەممە پاوە**

تۆبـە لەشـەڕ بـێ مـن ئاشـتیم ئـەوێ   کوشتنی ڕۆڵـەی هـیچ کەسـم نـەوێ
ڕقــم لـــە تفــەنگ لەدەمانـــچەیە   لــە بۆمبـاو هـاوەن لەگـشت تەقەیـە
ڕقـــم لـــەگریان لەڕۆڵـــە ڕۆیـــە   یــا بــاوکی منــاڵ یــا بــرا ڕۆیــە
من ئاشـتیم ئـەوێ مـن ئاشـتیم ئـەوێ   وەکوو گشت گەلان سەربەستیم ئـەوێ
ســــوتانم نـــاوی تـــالانم نـــاوێ   دێ وێـــران کـــردن قــەلفرم نــاوێ
لە ڕۆڵـەی دڵـسۆز زینـدان پڕکـردن   ئیعـــدامم نـــاوێ قـــڕانم نـــاوێ

ئەمانــە گــشتی لای مــن ناخۆشــە    دڵــم بــۆ ئاشــتی زۆر بەپەرۆشــە
ئاشــتیو ئــازادی بەســەرکەوتوویی    هەموو کوردوستان بە یەکگرتویی
رقــم لــەناپاڵم لــە تــۆپ لەتیغــە    لــە ورەی سیخۆو لــە کلاشــنکۆفە
میــكو ســیخۆکەی دڵــی تەقانــدوم    کیمیاوی‌و فوسـفۆرِ مـۆخی پوانـدووم
ســەیرانم ئــەوێ گــەڕانم ئــەوێ    وەك گــەلانی تــر ژیــانم ئــەوێ
وادەربــــەدەرم لــــەولاتی ئێــــران    لەژێر چادرا گەل گشت ماڵ وێـران
دورم لەخۆشـــیو هـــەوالی جیهـــان    خۆشیم جەبهەیەو هەواڵی شەڕمان
رۆژی کۆمـــەڵێ لاو شـــەهید ئـــەبن    کـویرایـیم دایـەت دڵ هـا لەتـەقان
دڵو خوێنمان پڕبـووە لەئـەم بـاسو خواسـانە    گشت هەوڵو تێکۆشانمان بۆ رزگاری خاکمانە

## تۆبە لەشەڕ

**٦-١٩٧٥/١/٧ ٣ شەممە**

تۆبــــە لەشـــەڕ بـــێ    مـــن ئاشـــتیم ئـــەوێ
کوشـــــتنی رۆڵـــــەی    هـــیچ کەســـم نـــاوێ
رقـــم لـــــە تفـــەنگ    لـــــە دەمانـــــچەیە
لـــە بۆمبـــای هـــاوەن    لەگـــــشت تەقەیـــــە
رِقـــم لــــە گریـــان    لەرۆڵـــــە رۆیـــــە
یابـــــاوکی منـــــاڵ    یـــــابرا رۆیـــــە
مـــن ئاشـــیم ئـــەوێ    مـــن ئاشـــتیم ئـــەوێ
ســـــوتانم نـــــاوێ    تـــــالأنم نـــــاوێ
دێ وێـــــران کـــــردن    یابـــــەدیل گـــــرتن

لە رۆڵەی دڵسۆز زیندان پڕ کردن
ئەمانە گشتی لای من ناخۆشە
دڵم بۆ ئاشتی زۆر بەپەرۆشە
رقم لە ناپاڵم لە تۆپ و لیفە
سوورەی سوخۆی لەکلاشنکۆفە
سەیرانم ئەوێ گەڕانم ئەوێ
وەکوو گشت گەلان ژیانم ئەوێ
ئێمە دەر بەدەر لە وڵاتی ئێران
لە ژێر چادرا گشت کورد ماڵ وێران
دوورین لە خۆشی و هەواڵی جیهان
خۆشی جەبهەیەو هەواڵی شەڕمان
ئیتر گوێ پڕ بوو لە ئەم باسانە
خوایە دەرمان کە لەم زندانانە
من ئاشتیم ئەوێ من ئاشتیم ئەوێ

## ١٩٧٥/١/١٤ – پاوە

**بەبۆنەی سەردانی پیاوەکانمان لەبەرەی شەڕەوە بۆ پاوە:**

کەپیاو هاتەوە دیاری ئەهێنێ دڵمان خۆش ئەبێ ئاخۆ چی بێنێ
دیاریان چیە لەوشاخە ڕوتە پیاوی بەسەزمان گشتی نابوتە
گشتیان کز کەساس لەڕو لێقەوماو لەتاوی بۆمبا گشتی حەپەساو
لەتاو برسێتی لەتاوی سەرما وڕەی تۆپ و لیف ئەوکارە ئەکا

زۆر لەوپیاوانـــــە، بــــون دەردار   گەنجەکانیـــشمان دڵــشکاو خــەمبار
خۆڕاکـــە ڕاکـــەو کونەتـــەیارە   بەســـك برســـین‌و لێویـــان بـــەبارە
بـزانین کۆتـایی چـیەو چـۆن ئـەبێ   هەرسەرۆك خۆش بـێ هـیچ باکمـان نابـێ
ئینجـا بێینـــەوە سەرباســـی دیـــاری   جلـــە چـڵکنە و ئەســـپێ بـــەدیاری
ئەمانـــە هیـــچیان کارمـــان تێ‌ناکـــا   هـیچ لامـان نـادا لـەم ڕێگـە پاکـە
ئەمانـــــە بۆمـــــان هەرشـــــانازییە   هیـــوای بـــەرزمان هـــەر ئازادیـــە

## ١٩٧٥/١/١٨ – پاوە

**خەیاڵ ئەمباتەوەو ئەڵێم:**

ســـەرم ســـوڕماوە لـــەم کـــارە   نـــازانم دنیـــا چـــۆن ئـــەبێ
ڕۆژێ ئـــــەبێ بڕۆینـــــــەوە   یـــاخود ئێـــران وەتـــەن ئـــەبێ
بەســـــەر بــــەرزی بەدڵخۆشـــی   هـــەموو دوژمـــن وەپـــەن ئـــەبێ
دەســـتی گـــەورەی تێ‌کەوتـــەوە   ڕەنگـــە ئـــەم کـــارە گـــەنگ ئـــەبێ
ئـــاخۆ شـــەڕی ئـــەم بـــەهارە   کێمـــان زەرەومـــەنگ ئـــەبێ
هـــەمووی ئەمانـــە عیلمـــی خودایـــە   ڕۆژان چـــی دێنـــی‌و چـــی ئـــەبێ

## ئەمڕۆ ڕۆژی شاهو شەعبە

**١٩٧٥/١/٢٦ – سلێمانی**

نـــاوی کوردســـتان نـــاوێکی دێـــرین
وێنـــەی جـــوانی خاکەکـــەی ڕەنگـــین

هـــــــەزار بەهــــــەزار کێـــــوانی بـــــەفرین
لانـــــەی شـــــێرانی نەبـــــەز پـــــۆلاین
خوایـــــە ئــــــاوابن یـــــەك گرێتـــــەوە
هەرچـــــوار کەرتەکـــــە بـــــەکوێری دوژمـــــن

## 1975/1/31

تاقــە کــچێك‌و ســێ کــوڕم هەیــە  ئامۆژگــاری مــن بۆیــان ئەوەیــە
هەتا ئـەتوانن هەوڵـدەن بـۆ کـوردان  لایـان گـرنگ نـەبێ نـەماڵ‌و نـەگیان
ئـای زەمانــە بــەخوا تــۆ ســەیریت  هەندێ جـار باشـیت هەنـدێ بەجـەوریت
تکایــە هــەرگیز جــەورت مەهێنــە  هــەر باشــیت باشــەو وازمــان لێبێنــە

## زەمان

**پاوە – 1975/1/31**

زەمانــە بــەخوا تــۆ ئێجگــار ســەیری  هەنێ جـار باشـیت هـەنێ بەجـەوری
توخــوا تکایــە جــەورت مەهێنــە  هەر خۆشیت خۆشەو وازمـان لێ بێنـە
جەوریش هەنێ جـار لام نـاخۆش نیـە  ئەگــەر بــزانم دوایــی خۆشــییە
زەمانـــە! بۆچـــی هـــەزاران ســـاڵە  بەجەوری‌و هەرگیز خۆشیت بـۆم نیـە

## ١٩٧٥/٣/٧ - پاوە

ئای کوردی ئەگبەت داخت چەند زۆرە   هەردەستت دەبڕن یەك یەك بەنورە
نازانم ئەمجار لەبنا بڕاوە   یاخود تۆزێکی هەرپێوە ماوە

## ١٩٧٥/٣/٩ - پاوە

دیسان ئەم کوردە والێی قەوماوە   دەستی بڕاوە و قاچی پەڕاوە
خەمو پەژارە تێی وروکاوە   لەهەرچوار لاوە پیلان گێڕراوە

## ١٩٧٥/ ٣/١٨ - شەممە

ئای کوردی هەژار داخت چەن زۆرە   دوژمنان دەستت ئەبڕن بەنۆرە
نازانم ئەمجاش لە بنا بڕاوە   بڕینی دەستیش هەر جۆراو جۆرە

## شینی هەرەس

**١٩٧٥/١٠/١٥**

داخی گران بۆ پێشمەرگەی دڵسۆز   باوکی کوردان
بۆ شۆڕشی پیرۆز   بۆ ئیستگەی بەسۆز
بۆ جەژنی نەورۆز   بۆ کۆچەکەی هۆز
بۆ ڕۆڵانی قۆز   بۆ نەمانی هێز

## لاواندنەوەم دوای هەرەس بەهەنسکەوە ئەڵێم:

١٩٧٥/١٠/١٥

بەشـــــــم گریانـــــــە کـــــــورد لەنەمانـــــــە
بـــۆ شۆڕشـــی پـــیرۆز بـــۆ جـــەژنی نـــەورۆز
بـــۆ بـــاوکی دڵـــسۆز بـــۆ ئیـــستگەی بەســـۆز
بـــۆ کۆچـــەکەی هـــۆز بەجـــەرگو دڵـــسۆز

## هەرەسەکە

١٩٧٥/١٠/١٦

دەسـا خوایـە گـەردونی بـێ کـەس
هـەقی ئـەم کـوردە زوبدەیـە دەس
کـوردی لـی قـەوماو هـەزاران سـاڵە
ڕەنـج بەخەسـارەو هـەر دوژمـن زاڵـە
ئێمـە بـێ کەسـین هـەر تـۆی کـەسمان
زاڵـم بکـەوێو بـاری بنـەوێ
نـۆرەی ئێمـە بێـت ڕۆژەکـە هـەڵبێ
خـوا بەتوانایـەو زۆریتـی بەجـەبرە
منـیش پەلـەمـەو ئـەویش بەسـەبرە
گـەردون ئـەم هەقـەم نـاوێ لەقـەبرا
بەچـاو ببیـنم بێکـەمو کەسـرە
دوژمـن بکـەوێ بـاری بنـەوێ
نـۆرەی ئێمـە بێـت گـەلمان سـەرکەوێ

## ١٩٧٥/١٠/١٨ - شەممە

نە ڕابواردنە نەپێکەنینە    روداو نازانین لەم سەرزەمینە
هەمیشە دڵمان قوڵپی گریانە    هەر بەختی وابوە ئەم کوردزمانە
زەمان بۆ هەموان خۆشیو ژیانە    هەر هەموو کارێك بۆ کورد قڕانە
دڵم بەوە خۆشە ئەبێ رۆژێ بێ    جەورت لابەی خۆرەکە هەڵبێ
تەمو مژ لەسەر رۆژی کورد لاچێ    خەمی کۆنو نوێ لەدڵمان دەرچێ

## ١٩٧٥/١١/١٩ – یەکشەمە

کوانێ دڵم دڵ نەماوە دڵ
دڵ پەرێشانە روی نەماوە دڵ
وا لەهەردانا لە کێوانە دڵ
کون کون ئەگەڕێ بەشوێن دڵسۆزانا دڵ
کون کون ئەگەڕێ بەشوێن رۆڵەکانا دڵ
لانەو کۆنو قوژبن نەماوە نەگەڕێ
نەگریو زاریەتی لەوهەردانە دڵ
هاوار و قریشکەیەتی لەدەشتانا دڵ
هەر دەنگی خۆیەتی وەڵامی ئەداتەوە
یەکی نەماوە بێ بەدەنگیەوە دڵ
کێوو دەشتو بیابانو هەرد هەمووو چۆڵە
هەرەسە جێ بەتاڵە تیای نەماوە دڵ
نەڕەی شێرانو تۆپ تەقانو ئازایەتی
هیچی نەماوە دەست بەتاڵ گەڕایەوە دڵ
بێ هیوا سەر شۆڕ دڵتەنگ و مەلول

ئـــاخۆ کـــێ بێتـــەوەو پربێتـــەوە کێوەکـــانم
لــــەو شـــــێرانە هـــــاواری ئـــــەکرد دڵ
گشت پەرش‌و بڵاون لـەو وڵاتـی دوژمنەکـەمان
دوژمنـــە دەســـت برەکـــەو وڵاتـــی بێگانـــە دڵ
لـــەجێی ئـــەوان خـــۆفرۆش‌و گیرفـــان پرکـــەر
وا مـــەوزوع‌و ئاخورپـــان لـــێ هەڵبەســـتوە لەوکێوانـــە دڵ
بـــە قریـــشکە لـــەخۆدان‌و بەســـەرا دانـــا هاتـــەوە دڵ
لەشـــوێن‌و هەوارگـــەو لانـــەی بەچـــکە شـــێران‌و دڵـــسۆزانا
ئـــەمرۆ پـــر پربۆتـــەوە ئەوشـــوێنانە لـــەو تۆخمانـــە دڵ

**١٩٧٥/١٢/١٥**

ئەرێ کوردستان کوردوستانی جوان
بۆچی پێم ناڵێی کوانێ دڵـسۆزان؟
ئەوبەچکە وردەی کە پێمان گـەیان
لێمـان پرکـردن کێـوو هـەردەکان
کەچـی لـە پرێکـا پێمـان نـەزانی
ئەفـسانە یـاخود دیـوی سـلێمان
هەرەسی هێنا سـەنگەر چـۆڵ کـران
نـــەما هەڵمـــەتوو نـــەما نـــەرەیان
ئـەی دیـو وەرەوە فوویـەکی پیاکـە
گشت بگەڕێنەو جێو شوێنی خۆیـان
نەرابواردنـــــە نـــــە پێکەنینـــــە
ڕووداو نـازانین لـەم سـەر زەمینـە
هەمیـــشە دڵمـــان قـوڵپی گریانـــە
هەربـەختی وا بـوە ئـەم بەسـەزمانە

**1975/12/24**

ئەوەی کە بوە قەت روی نەداوە ئـــــەوە قەوماوە قەت نەقەوماوە
هەرەس بە شۆڕشی ئاوا گەیشتوو کلّپەو بڵێسەی وازوو کـــوژاوە
چ شۆڕشی دنیا هەرەسی پێ هات نازانم وایە یان پەنـــدو بـــاوە
ناو ناخی دەروون ئـاوا جێگیرێ پاش چواردە ساڵان گشـت دامراوە

## دیسان گلەیی لەزەمان

**1975/11/28 – هەینی**

توخوا ئەی زەمان تۆ چیت ئەوێ لـێم هەی کۆستت کەوێ بۆچی نالّێی پـێم
خـەڵقیت گرتـوەو ئـەمن بەرئـەدەی لــەمن زیـاترنین رایییـان ئەکـەی
لەمێـــژوو پرســـە چـــەندە چـاکترم بـۆ خـۆی شـاهیدە خانـەدان تـرم
ئەی بۆچی زەمـان، ئەکـەی جیـاوازی دیـارە کـە ئـەتۆیش ڕەگـەز پەرستی

## باسی هەرەسەکە

**1975/12/21 - سلێمانی**

شـەش مانگـە ئەمـە وتـەی هەموانـە لەشار لـە لادێ لـە گـشت هـەردانا
لـەژێر و لـەسـەر لـەبـچوك لەگـەورە لەبازار، مەکتـەب، ئـەوترێ بـەدەورە
خۆشـیو مۆسـیقا و ڕەقـسو سـەمایە لـــەباتی هـــەمووی ئەمـــەمان لایـــە
خۆشـی ماڵمـان هـەر ئـەو باسـەیە چـاو ئەچـێتە خـەو ئـەوەمان هەیـە
نـــە ڕابواردنـــە نـــە پێکەنینـــە ڕوداو نـازانین لـــەم ســـەر زەمینـــە

پێشەمان هەرگیز شین و گریانە   هەر بەشی وابوە ئەم کوردستانە
هیوام ئەوەیە بەهاری تازە   تازە بێتەوە ئا ئەو ئاوازە
ئاوازێ بڵێ: کورد قەت نامرێ   با دوژمن بۆخۆی یەخەی دادڕێ

## ١٩٧٥/١٢/٢١

ئەوا شەش مانگە فرمێسك وشك نابێ   دڵ ناکرێتەوە هەرگیز خۆش نابێ
کونوقوژبنی مێژوو گشت گەڕام   ئەمەی کەڕوی دا نەبوەو قەت نابێ
شۆڕشێکی گەورەی پانزە ساڵیمان   بەزۆرو پیلان وا لەبنابێ!
دورم لەخۆشی و هەواڵی جیهان   ئێستاش هەرەس و بەزۆر چەك دانان
گوێچکەم پڕ پڕە دڵم ئەتەقێ   ئیتر خودایە! ڕەحمێ شەفەقێ

## دیسان گلەیی لەزەمان

١٩٧٥/١٢/٢١

هەمیشە ئەڵێم زەمان تۆ سەیری   هەندێ جار باشیت هەندێ بەجەوری
بۆ کورد هەمیشە جەورت هێناوە   بۆخەڵکی هەر زوو وازت هێناوە
زەمان بۆ هەموو خۆشی و ژیانە   هەموو زەمانێ بۆ کورد قڕانە
گلەییت لێ بێ توخوا ئەی زەمان   ئێمەت خستۆتە ژێر چەپۆك هەموان
نازانیت کە کورد قەت دۆستی نەبوە   دۆستان لەبۆ کورد مارن بێ ئامان
توخوا وائەبێ زەمانەی نامەرد   هەمیشە لەئاستمان دڵت بۆتە بەرد

## ١٩٧٥/١٢/٢٤

ئـەوەی کـەبوە قـەت روی نـەداوە   ئـەوەی قـەوماوە قـەت نەقـەوماوە
هەرەسی بەشۆڕشێك ئاوا گەیشتوو   کڵپـەو بڵێسـەی وازوو کـوژاوە
پاش حەوارده سـاڵان گشت دامـراوە   نـازانم وایـە یـا بەنـدەو بـاوە

## ١٩٧٥/١٢/٢٥ – سلێمانی

ئەرێ کوردستان کوردوستانی جوان   بۆچی پێم نالێی لەکوێن شێرەکان
ئەو بەچکە وردەی کەپێیان گەیان   لێمـان پرکـردن کێـوو هـەردەکان
کەچـی لـەپڕێکا پێمـان نـەزانی   ئەفـسانە یـاخود دێـوی سـلێمان
هەرەسی پێهات شوێنیان بەتاڵ بوو   نـەما نـەرەیان نـەما هەڵمـەتیان
ئـەی دیـو! وەرەوە فریـەکی پیاکـە   گشت بگەڕێنەوە جێ‌و شوێنی خۆیـان
ئەرابواردنـــــە ئەپێکەنینـــــە   روداو نـازانین لـەم سـەرزەمینە
هەمیـشە دڵمـان قـوڵپی گریانـە   هەر بـەختی وا بـووە ئـەم بەسـەزمانە
دەس بکەنـەوە بەخـەبات کـردن   لـەورگیان بـدەن هـەموو دوژمنـان
هاتنـەوەی ئـەوان ژیانـە بـۆ کـورد   میللـەت قـڕی دی بەنـەنگی ئـەوان

## ١٩٧٥/١٢/٢٩

گوڵمـان بـابردی گـوڵی کوردسـتان   پـەڕەوازە بـوون هـەموو شـێرەکان
وەك فەرمویانـە بـاوو بـاپیران   لەجێگەی بازان گولـل گولـە رازان
وەك فەرموویانـە خـەڵکی پێـشینان   لەجێگەی شێران چـەقەڵ‌و گورگـان
ئـەوەی روّی داوە لـەناو کوردسـتان   بەپیـسی‌و گـول پرکـرا کێـوان

## دیسان هەرەسەکە

**١٩٧٦/٢/٢٥ – سلێمانی**

ئێمە قەت نامرین خەیاڵتان خاوە لەزۆر شۆڕشا ئەمە ڕوی داوە
پیلان یا دەستی پیسی تێ خراوە بەو وردەشتە قەت نەفەوتاوە
پایەی پۆلایین بناغەیەتی خوێنی گەرمو گەش تێکەڵ کراوە
هێندە پتەوو سەخت دارێژاوە هەزار ناپاڵمو تۆپی لێ دراوە
نای جوڵێنن هەر پتەو ماوە ئینجا ئەو شۆڕشە بەچی روخاوە؟
پیلان بگێڕن ئەو تیرە گلاوە کوراییان بێ کوردماوەو ماوە
هێندەی ندماوە شێرو شێرەوان سەنگەر هەڵکەنن لەهەموو لاوە
دەبا بتەقن هەر لەورگیان بەن رۆژێکمان ئەبێ سەریان خوراوە
زوحاکو شاهی دەست بڕیش کورسیو ماڵوسەر یەك لەدوای یەك هەرگیز نەماوە

## بۆ هەرەس

**١٩٧٦/٣/٢٤ – ٤ شەممە**

با ئەمرۆ کوردان هەر دەربەدەربن با وێڵی شاران وەکوو غەجەر بن
بازۆریان دیلو توند توند لەزیندان یا ئیعدام کرێن یا چاوەڕوان بن
با جەژنی نەوروز خایین بیگێڕن بۆ پارەو بۆ سود بۆزوحاك هەڵپەڕن
باهەرەسی بەشۆرش پیلان بگێڕێ نەڕەی شێرەکان دەنگی نەمێنێ
مەوزوعو ئاخوڕ لەکێوان بکرێ قەلای پۆلایین بۆیان دارێژرێ
سەرانسەر سنور لێمان دابخرێ با بەرگی کوردی قەدەغەبکرێ
با یەکێتی ژنان حەفلە بگێڕێ بەرگی پولەکەی پێ ببەخشرێ
سرودی کوردی بە کفر دانرێ (أماكن محرمه) لەدەوری شار بکرێ
هەزاران خێزان ماڵی بروخێ رۆڵەی موچەخۆر لەکاردەرکرێ

زمانی کوردی وشەی بگۆڕێ    مەسیرەی تأیید بەعائد بکرێ
با (یوم النصر) شایی بۆ بکرێ    ئەو ڕۆژەی زوحاك پێی بخاتە شارێ
تازە پیاکەوتوو دەستی پێدرێ    هەزار سوڕدەریش دەوڵەمەند بکرێ
هەرچی نەشیابێ بەمیللەت بکرێ    هەرچی وانەکا زمانی ببڕێ
بڵێن کوردی چی‌و کوردستانی چی    ناوو نەخشەکەی گشتی بسڕێ
ئەمانە بۆشەو کارمان تێ ناکا    هیچ لامان نادا لەم ڕێگە پاکە
ڕۆژێ هەرئەبێ ڕۆژمان بێتەوە    ئالای شۆڕشمان بشەکێتەوە
ئەوکاتە سەر شۆڕ هەرسورلێدەرە    کون نیە وەك مشك خۆی شارێتەوە
بەرزی بۆ دڵسۆز بۆ کورد پەروەرە    سەر بەرزو شادمان ئەتریقێتەوە
بەیەك دەم‌و دڵ گشت هاوارئەکەین    بژی کوردستان باخائینانیش تەریق بێتەوە
سەر شۆڕ لێو بەبار    خۆی‌و پارەکەی وەك بەفرەکەی پار ئەتوێتەوە

## بۆئەم زریانە ئەڵێم:

**سلێمانی - ١٩٧٦/٣/٢٤**

با ئەمرۆ کوردگەل هەردەر بەدەربێ    با ویلی شاران وەکو قەجەربێ
باهەندێ دیل‌و یادەس بەسەر بێ    زۆربەی ڕۆڵەمان چاوەڕێی پەت بێ
لە زیندان ڕزاو یا ڕەمی کراو    لەژێر تەعزیب‌و چاویان هەڵکۆڵراو
بانەورۆزیشمان خاین بیگێڕێ    چاومان ببەستێ شایی بگێڕێ
نەڕەی شێرانمان دەنگی نەمێنێ    کێوەکانیشمان قەڵای لێ بکرێ
میوەو دارستان گشت بسوتێنرێ    خێرو ناوماڵمان گشتی بدزرێ
باکێوەکانمان قەڵای لێ بکرێ    قەڵای پۆڵایین لێیان داڕێژرێ
سەراسەر سنور لێمان داخرێ    کوردی سەرسنور دێی پێ چۆڵ کرێ

زمـــانی کـــوردی قەدەغـــە بکـــرێ   ســـرودی کـــوردی بـــەکفر دانـــرێ
هـــەزاران خێـــزان ڕەوانـــە بکـــرێ   مەســـیرەی تأییـــد بەعائـــد بکـــرێ
لـــــەناخی دڵیـــا هـــەر وەکـــو   مەنجـــەڵ نـــاو دڵـــی بکوڵـــێ
بـا هەتیمـچەکان دەسـی پـێ بـدری   ئەڵێن کوردی چی و کوردستانی چـی
هەرچـی وا بڵـێ لەسـەری ئـەدرێ   سـێدارە حـازر ملـی پیـا ئـەکرێ
ئەمە خوێی چێشتە کەباسی ئەکـەم   هـەزار ئەوەنـدە بەعائـد ئـەکرێ
بـەڵام ئەمانـە کارمـان تـێ ناکـا   هـیچ لامـان نـادا لەورێگـە پاکـە
ڕۆژی هەرئـەبێ ڕۆژمـان بێتـەوە   ئـالای شـۆڕشمان هەڵکرێتـەوە
ئـازادی بـۆ کـورد داوا کرێتـەوە   ئـەورۆژە هەریـەت هـەر ئەبێتـەوە
گەر ئێمـەش نـەماین هـەموو نـەوەمان   سەر لـە نوێ بۆ کورد تێ هەڵـچێتەوە

## ١٩٧٦/٨/٢٦ – لەندەن ساوث ایند

توخـوا زەمانـە بـۆ وات پـێ کـردین
تـەخت و تـاراجی شۆڕشـەکەت بـردین
گلـەییت لـێبێ زەمانـەی نامـەرد
بـۆ لەئاسـتمانا دڵـت بۆتـە بـەرد

## دیسان گلەیی لەزەمان

١٩٧٦/١٠/٢١

پرسـیارێ ئەکـەم وەڵام بـەرەوە   بـۆ وازناهێنیـت چـیت بەسـەرەوە
پاشی چواردە ساڵ بـۆوات پـێکردین   گـشت ڕەنج و هیـوات بەزایـە بـردین

بۆ لێت هەڵپێچاین بۆ بۆکەس وانیت    هەزاران ساڵە خۆشت ئەزانیت
شاهیدیت کەچی ڕوت وەرگێراوە    دیارە لەلای تۆش هەر ڕیاباوە

## ١٩٧٦/١٠/٣٠- پێنج شەممە

توخوا زەمانە زەمانەی نامەرد    بۆ لەئاستی کورد دڵت بۆتە بەرد
گشت لاوو گەنجمان بەبێ بەهانە    ڕاپێچ دەکرێن بۆ بەندیخانە
بەسە ئەی زەمان! دەست هەڵگرە    ڕوکەرە زاڵم تۆ بەئەو قەهرە

## دیسان گلەیی لەزەمان

**١٩٧٦/١٠/٣٠ – سلێمانی**

**بەهۆی پەیابوونەوەی تاکەتاکەی پێشمەرگەی قارەمان:**

توخوا ئەی زەمان تاکەی وەهابم    تاکەی ژێردەستەو تاکەی ڕسوابم
گلەییت لێ بێ ئێجگار ئەی زەمان    بۆ کورد بێخوستێ لەژێر پێی هەموان
دە نیتر بەسە چەرخێك بگێڕە    بۆ سودی کوردان ڕویەك وەرگێڕە
ئەمڕۆ بیستومە چەرخێك نەگەڕێ    هەر ئەوە باوە پڕبوە گوێمان
خەریکە ڕومان تێبکا زەمان    تاکەی ماڵ وێران وا تەقی دڵمان
ناو خەڵکی ئەڵێ شێرو شێرەوان    ورد ورد خەریکە پڕیکا کێوان
یەك یەك پێشمەرگە پەیابونەوە    سەنگەر سەنگەر لێدەدەن بەگیان
خوایە ئەم جارە بەئێجگاری بێ    بەسەرکەوتن و سارێژی خەمان

## ١٩٧٦/١٠/١٥ – سلێمانی

شۆڕشـــی پـــیرۆزم هـــەر هاتـــە ئـــەوەی کـــەبۆم بێتەبـــەر
دەســـــتێکی چـــــەپەڵ دەســـــتی لـــــێ وەشـــــان
فویـــــەکی لـــــێ کـــــرد بـــــەرووی غـــــەزەبی
بـــەخاك و میللـــەت هـــەموو شـــتێکمی گـــشت هـــەڵپڕوکان

## ١٩٧٦/١١/١

ئـــەمڕۆ بیـــستومە گـــەڕاوە چـــەرخان
ئەوانـــە بـــاوە کـــەپڕبوە گوێمـــان
خەریکـــە رومـــان تێبکـــا زەمـــان
هەتاکـــەی وابـــین واتـــەقی دڵمـــان
توخـــوا حـــەیف نیـــە ســـەر شـــۆڕی شـــێران
تکایـــە ئـــیتر وازبێنـــە لێمـــان

## شۆڕش

### ١٩٧٦/١١/٢

وا ڕائـــەبینم لەبـــەختی کـــوردان    هـــیچ ئـــاو نـــەمێنێ بـــچێتە دەریاکـــان
چونکە کۆڕپەیـە: کـە پێمـان گـەیان    تەمـەنی یـەك ڕۆژ بـەدڵ و بـەگیان
بـــەخوێنی جگـــەر بـــەگیانی لاوان    بناغەکـــەیمان تۆکمـــە دامـــەزران
هـــەموو بـــەجارێ بـــۆ پارێزگـــاری    هەر دوعا گۆ بـوین دور بـێ لـەپیلان
گەورە تا بـچوك هـەروەکو قـەڵغان    دەورەمان دابـوو هـەموو دڵـسۆزان
ڕۆڵە وای لێهات بوو بەچواردە ساڵ    بـۆ پارێزگـاری پـەرۆش بـوو دڵمـان

رۆحــی رەوانــی هــەر دڵــسۆزی بــوو   هەر چوار قورنـەی گـرت هیـواو خۆشمـان
رۆژێ لـــەناکاو ترسمـــان هاتـــە دی   هەرەسی بێهات گشت بـوین مـاڵ وێـران
رۆڵـــە لاوازبـــوو هاتـــە گیانـــەڵاو   کەوتنـــە هەڵپـــەرکێ ناحـــەزەکانمان
ساڵێکی رەبەق رۆڵـە لـەجێ کـەوت   بـەهیچ حـەکیمێ چـار نـەکرا بۆمـان
گشت دڵسۆز کەوتنە گریـەو قـور پێـوان   بـۆ رۆڵـەی شـیرین کـە گیـرا پـیلان
کەچی لەپڕێکا هەوڵمان کـاری کـرد   نۆزەیەکەوتـــە گیـــانی رۆڵـــەمان
هەســتایە ســـەرپێ و وتـــی نـــامرم   ورە بەرمـەدەن ئـەی گـەلی کوردمـان
لــەجاران زیــاتر مــن پــەل ئــەهاوم   هــەزار ئەوەنـدە هەوڵــدەن ناحــەزان
دەردو مەینـــەتی چـــاری بـــۆکرا   بەدەســـتەکانم هەڵنەکـــەم ئاڵامـــان
نەك هەربۆ خۆم بۆ هـەموو کـەرتان   بـــەڵکو بتـــەقن پـــیلان گێرەکـــان

## بۆ کاکەی پێشمەرگە

**١٩٧٦/١١/١٧ - چوارشەممە - سلێمانی**

کاکەی پێشمەرگە تۆی شـێری نـەڕی   بۆ کورد روناکی چاو هەم هێزی دڵـی
هـــەرتۆی تاقـــە هیـــوای ژینـــی   دەســـتو بـــازووی بـــەهێزو تینـــی
گۆچـــانی رێگـــەی پـــڕ قـــارو قینـــی   زینـــدو کردنـــەوەی ورە و پـــەرژینی
یـــاخوا خۆشـــبی هـــەر وابمێنـــی   تـــارۆحی دوژمـــن لـــەبێخ دەریـــەنی
گـــەرتۆ دەنکـــێ دوربـــی لێمـــان   دوژمـن وەك سـەگ ئـەوەڕێ پێمـان
کاتـــێ چـــاوی تـــۆ دیارنـــەبێ   زەردەواڵـــە ئـــەوروکێ تێمـــان
گـــەر خـــۆفی تۆیـــان لەســـەر نـــەبێ   کوشـــتویانم لەســـــەر هـــــەتاپێ
مـــــانم بـــــەمانی تۆوەیـــــە   هـــەر بمێنیـــت مـــن ســـەر لـــەرێم
زۆرم دیـــــوە لـــــەو رۆژانـــــە   ســـــتەمو قرهێنـــــانو ســـــەختانە
هـــەتا مـــاوم دوعـــا گـــۆتم   چـــی پـــێم بکـــرێ گیـــان لـــەرێتم

**١٩٧٦/١١/٢٤ – ٢ شەممە**

داخــــم گەورەیــــە زمـــــانم لاڵــــە    هــەروەك ژەهــری مــار نــاودەمم تاڵــە
لـــەداخی زوزك داخـــی هەنـــدرێن    داخـــی کێـــوە ڕەش لەهـــەموو لایـــە
کـوا دەنگـی نایـە شـێر لـەهیچ لایـە    چـریکەو نرکـەی هـیچ لـەگوێم نایـە
کێـوانی کوردگـەل ئـەوەی لـێنایە    زمنـاکۆو ئـەزمڕ چـۆڵ بـن بەلایـە
ئـازادیو چـومان گـشت بەنـدەکان    دەشـتی هـەولێرو بادینـان دیلمـان
بنکـەی تەویڵـەو بیـارەو پێنجـوێن    بـازاڕی شـۆڕش گـشت تـالآن کـران
تـــالآنیو بـــڕو قـــانزاج ســـەرمایە    دەنگی تۆپو چەك کوا لـەگوێم نایـە
خۆ فـش کردنـەوەی سمـێڵ فـشەکان    بـــەخوو وەك مـــشك لەکونانداپـــە
چـی بلـێ دەنـگ هـیچ سـودی نیـە    وەکـــوو ســـەگی هـــار لەقەپاڵدایـــە
بـــەلام بـــابزانن وابۆیـــان نـــاڕوا    کاتێکیـــان زانـــی شـــێر هاتـــە کایـــە

## دوای هەرەسە شومەکە
## وتوویژ لەگەڵ بەهاردا

**١٩٧٦/١٢/١٧**

ئـــەوا بـــەهارە هاتـــەوە دیـــسان    دەمێکـە بـەهار شـوومە بـۆ کـوردان
کـــاری دڵتـــەزێن کەبەســـەرمان دێ    هـــەر لەبـــەرهارا روئـــەدا لێمـــان
بەهار ئاشـنام بـووی خۆشـم ئەویـستی    هـەر وەك پەرسـتن مـن ئـەم پەرسـتی
ئومێـــدم وایـــە بـــەهاری تـــازە    تـــازە بێتـــەوە ئـــاوازی بۆمـــان

# دوای هەرەسەکە

**١٩٧٦/١٢/٢٦ - سلێمانی**

ئەم رۆژە ئەم ساڵەو ساڵی پار کە هەرەس بەشۆڕش کرا بە زۆر بەزۆر بێ ئەوەی خۆمان زەعیفو بێهێز بوبین شۆڕشو پێشمەرگە لەهەموو کاتێك بەهێزترو بەوورە تر بوە، بەڵام لەهەرە هەرە رۆژە ڕەشەکانی کوردە لەهەرە هەرە لێقەوماوییەکانی کوردە، هەرچەندە کورد هەمیشە لەکۆنو نوێوە زۆر رۆژی ڕەشو دەست بڕینو چەوساندنەوەو ژێر دەستیو ناڕەحەتی ڕەشو ڕەشی دیوە. زۆر جار بووەتە بەژێر چەپۆکیو بێگانەو شاڵاوی دڕندانە بەڵام بەجارێ کورد دوای هەرەسەکە بڕستی دڵی پچڕاو هیواو خۆشی نەما چونکە ڕەنج بەخەسارو خوێنی شەهیدان بەزایە چووە، بێجگە لەئەوەش کەوتۆتەوە ژێر چنگو کەڵبەو پێ لەقەی ئەم زوحاکە تازە خوێن ڕێژەی بێ ویژدانو بێ زەمیرو لەخوا نەترسە، خەڵکی لەپاشەلەقەکانی ئەترسێ چی بەدەستەوەیە عالەمەکە تاساوە هەیە لەئێران ماوەتەوە هەیە کوڕی ناردۆتە دەرێ، هەیە لەلادێکانا، ماوەتەوە بەڵام سەدام هێند دڕندەیە فریای هەمووان ئەکەوێ لەداخی دڵسۆزی ئەم گەلە بۆ شۆڕشو چونە پاڵ پێشمەرگەو سەرۆك.

هەیشە لەم رۆژەدا مەقسودی حاصل بووە کە رۆژێکی بو هات کڕنوش بەرێو ژێرپێی مەسولەکانو ئەمنەکان بلێسێتەوە بۆ ئەوەی چنگە پوشێکی دەست کەوێ کورسییەکی سوکییەتیو یا چەنێ چڵکاوو پارەی حەرام و یا ئەو ڕاوروتو دزیەی کەلەپێشا کردویەتی بپۆشرێتو بسرێتەوە... زۆر لەو نەفس نزمانە لە دوای هەرەس وەك مشك ورد ورد لەکون هاتنە دەرێ بۆئەوەی سود لەنەنگی میللەتەکەی وەرگرێت ببێتە پیاو، ئەوپیاوە رسواو سوكو بودەڵەو بۆ هەڵ گەڕاوانە هیچیان بەخۆوە نەدیوە وادەزانن دونیا هەرئەمرۆیە نازانن خەڵکی هەتا هەتایە بەپەنجە ئیشارەتیان بۆ دەکەن ئالەم مەوقیفەشدا وتومە:

## ١٩٧٦/١٢/٢٦ – سلێمانی

ئەم تۆزە عومرەی کەرام بواردوە   زۆرم شت دیوە و زۆرم بیستوە
وێنەی ئەم رۆژەم قەت ڕەش نەدیوە   چی کوردی دڵسۆز دڵی تەقیوە
ئەوانە نەبێ چاوەڕێی هەل بون   دزێتی کۆنی بۆ داپۆشیوە
یاخود خایەنی تازەداهاتوو   گیرفانیان پڕکەدن واپێی گەییوە
چی کوردی دڵسۆز لەداخا ئەمرین   ئەو چڵکاوخۆرەش بۆخۆی خەملیوە
بەفەردەو بەبار پارەو زەخیرە   موڵك زەوت کردنە گشتی دزیوە
هەرەس بۆئەوان بۆتەخێرو بێر   پارە گشتیەتی چونکە نەدی دیوە
بەهەرجۆرێبێ گەلاو گەڵ ئەڕۆن   گیرفانەکانیان پڕە و تەنیوە
تالآنی منەو هینی هەزاران   رۆژێکی بۆیەت لەقوڕا چەقیوە
یەك یەك پارەکەی ئەکەوێتە خوار   بنی گیرفانی کونەو تەقیوە
یەکێ لەوانە بۆتە موحافیز   لەخۆشیایەو نەدیو بەدیوە
هیچی ناهێنی ڕسوا تامابێت   گشتی جێ‌یەڵێت ئەمرێت بەڕێوە
ئەوکەسە ڕوسور، دڵسۆزە بەگەل   نیشانەو ناوە ئەنوسی پێوە

## ١٩٧٧/١/٢١

هەرچەند کورد ماڵی وابێ، هێند رەزیل‌و رسوابێ   هەقی مەشروعی خورابێ دێهات‌و شار چۆڵ کرابێ
مل بەپەت‌و دیل کراو بێ هەزاران ئەسیرکراو بێ   خوێندەواران دەرکرابێ مکافەحەی سەقافە کرابێ
بیست کیلۆ قولای چۆڵ کراوبێ   پڕ پڕ لەسەنگەرو موعەسکەرکرابێ
زمانو جل قەدەغەبێ   گوندی هاوچەرخ دروست کرابێ لەگەرمیانی پڕ کرابێ
سەحرای رمادی پڕکرابێ سریفەیان بۆدانرابێ   رۆڵە لەپڕ فڕێنرابێ کەس نەزانێ بۆکوێ برابێ
کیژۆڵەی نازدارمان گوم بورو   بەئەردەنی‌و سودان فرۆشرابێ

کوڕی لاو دڵسۆزیشمان گروم بوو   لەپاش نۆ مانگ باکەسانێ بێن ببینن
کاتێ ئەچن ئیعدام ئەکرێ یا کرابێ   باوکی با پەنجا دینار بالە موسڵ دا بانێژراوی
کاتێ ئەو زوڵمە هێنانی بۆ شارەکەی   لەم شەهیدە کە قەدەغە کراوی
دینارو نیوێکیش بدە بۆپەتەکە   کە کاتی کەملی بەپەتا کراو چەورکرابێ
ئەمە خۆی چێشتە خەڵکە   ئەوەی ئەکرێ و لەکورد کراوبێ
پێم بڵێن ئەی دنیا ئەی عالەم   لەهیچ زەمانێکا لەکورد نەبێ ئایە قەت دابێ
هەزاران کتێب کەمەبێ بنوسرێ   یخوێنێتەوە ئەوەی ئەڕۆی یێ بەپەنە یێ بەبنژور کەچی زوڵم کرابێ لێی
گەر هەقیش هاتەڕو زاڵم نەما   لەپاش چی گەر کورد ئەوەی لێ کرا هیچ سودی نەمابێ

*******   *******

جەللاب! ناوت کوێربێتەوە کە بەقاقا   ملی لاوانمان ئەکەی بەپەتا
جەلابە قولەڕەشە گەر بەشەربێ   چۆن دڵت یە وەك دەستی گول بکەیتەوە واتیانیکا
گوێیان لێبووە کە جەلاب وتویەتی   سەری بەیەك دینارو نیو ملی ئەکەم بەپەتا
دوێنێ شەو شەستو چوارم کرد   شەستو چوارەکەت یەكو نیو نەوەدو چوار دینار ئەکا
بەدڵێکی تەنگەوە وتی ئیمشەو   دوانزەیە ئەکاتە هەژدە
دەك دەستت شکێ تۆش وەکوو ئاغات   زاڵمیت بۆ لەکاتی چونە بەرقەنارە بەزللە دایان ئەگریت
چەند ساڵو مانگە شەقو تێ هەڵدان   دەخۆن بێڕەحمانە ئالەم زیندانە
گەر خۆت مرۆڤێکیت دڵ ڕەقو دڕندە   چاو قایم بێڕەحم بێدین نەبویتایە وەکوو ئاغاکەت
گەر مرۆڤێکی تر بویتایە   بەو کارە گلاو دڵخۆشو ڕازی نەئەبووین ئەی دڕندە

## ١٩٧٧/٣/٣

دایکێك دوو کوڕی کوژرا، کوڕەکانی لەبازاڕ هاتبوونەوە گەیشتبوونەوە بەردەرگای خۆیان لەلایەن ئەمنو عەسکەرییەوە تەقەیان لێ کرا کوژران.

**منیش بەو بۆنەوە ئەم کۆپلەیەم نووسی:**

دایکی کۆست کەوتوو ئەی دایکی غەمبار!
خوا خۆی یەکێکە و دەرگای سەدهەزار
ئێمەشەو تێر بنوو بێ خەمو خەیاڵ
ڕۆژێ دێ زاڵم وەك تۆ بێ غەمبار
بکوژرێ لەویش کوڕی هەرزەکار
خوایە بۆی بنێرێ دەستێکی بەدکار
دونیا هەروایە و دورو درێژە
ڕۆژێ هەردێ (داد) بۆمان بێتەکار

**١٩٧٧/٣/١٤**

**قاوێك لەبازاڕ بڵاوبۆتەوە گوایا سەرکردەکان یەن بەدەم داواکەی سەدامەوە ورد ورد ئەگەڕێنەوە بەرەو وڵات بۆ ژێر دەستی دوژمنە گەورەکە.**

پەردەیەکی ڕەش بەدڵما کێشراوە    ڕوناکیو خۆشی هیچ تیا نەماوە
هەر ڕۆژە شتێ لەبازاڕ قاوە    سەرکردە گوایە ئەگەڕێتەوە یاخود گەڕاوە
نازانم ڕاستە یاخووم شێواوە    ناو خەڵکی پڕە لەو بەندو باوە
بروسکە هاتووە کە گشت ئاوارە    واخۆ ئەکەون بۆ گەڕانەوە
دەسا خوایە خودای فریاد ڕەس    مافی ئەم کوردە زوو بەدەرە دەس
بەزووترین کات بەدکار بکەوێو باری بنەوێ    ڕۆژی کورد هەڵبێ و تیشکێ دەرکەوێ

## بۆ وردە وردە پەیابوونەوەی پێشمەرگە

**١٩٧٧/٧/١٢ – سلێمانی**

خێـــرا وەرن دەســـتە خوشـــکان باشـــــوکرانە ببرژێرینـــــەوە
وا گزنگـــی هـــەتاو دەرکـــەوت ئـــــاوازی خـــۆش بلێینـــەوە
وائـــەزانم ئـــیتر نـــەما کرێـــوەو ســـەرماو ســـۆڵە
ئـیتر باگـــشت دەســـت بـــەدوعا بۆمـــانی شـــێرانی رۆڵـــە
ئـــیتر وەرن دەســـتە خوشـــکان گـــوێ گـــرن قاقـــای پێکـــەنین
نـــەرەو هـــاوارو هەڵمـــەتیان تیاگـــەیان گـــشت ســـەرزەمین
وەرن ئێـــــوەش پێبکـــــەنن وەکـــوو ئـــەوان بـــەکۆڵو بـــەتین
نـــەما گریـــانو شـــینو پـــەژارە نەشـــــالاّو نەپـــــەلامارە
نـەما ئـیتر دابنیـشم دەسـتەو ئـەژنۆ تێر تێـر بگـریم بۆلاوی مـل بەقـەنارە
خوشـکان وەرن بابـچینە مەڵبەنـدی دلێـران شادمان بـن بەهەڵمـەتێك وەکـوو شێران
تاکەتاکە لـەکێو لەکـەژ هەڵمـەت ئەبـەن وەکـــوو شـــێران وەك دلێـــران
ئـــەوان زۆرو ئـــەمانیش کـــەم هـــەر بـــەئیمان هـــەر بـــەئیمان
دوژمنیـــان هێنایـــە لـــەرزین هـاوار ئەکـەن بـەدڵێکی پـڕ لـەقین
مەڵێن: کزین هەزار ئەوەندەتان هـەبێ ئێمـــە هەرنابـــەزین هـــەر نابـــەزین

**١٩٧٧/١١/١٥ – سلێمانی**

گەر خوا بیـەوێو مـەیلی لێمـان بـێ هـــەموو خۆشـــیە ئەگێرێتـــەوە
ئەگـەر بیـەوێو مـەیلی لێمـان بـێ جـێ پێـی تالیـەکان ئەسـڕێتەوە
گەر مەیلی لـێ بێ بە "کـن فیکـون" گـشت ئـاوارە سـەربەرز ئەهێنێتـەوە
"کـن فیکـون"بـوو هەرەسـی هێنـا زامـی کۆنـەو نـوێی کولانۆتـەوە
هـەر "کـن فیکـون"ەش بەتاقـە رۆژی برینمـان سـارێژ گـشت ئەبێتـەوە

## دوای هەرەس کەناوی پێشمەرگە نەما

١٩٧٧/١١/١٢

رۆڵەکـەم کاکـە رۆڵـەی کێونـشین   بۆنـاوت نـەما لەسـەر ڕوی زەمـین
تاقەڕۆڵەکـەی هیـوای پانزەسـاڵ   بەشـەو رۆژێـك بۆدەرچـوی لـەماڵ
کاکـە هەرئـەتو نـوری چـاوم بـوی   گۆچـانی دەسـتم ڕێ قیرتـاوم بـوی
لـەو رۆژەی دوژمـن هێرشـی هێنـا   مـن گیـانم سـپارد هـەرتۆزم نـەما

١٩٧٧/١٢/١٩

هۆدایـە دایـە هـۆ دایکـی دڵسۆز   بۆچـی زاریتـە بـەکوڵو بەسـۆز
بـامن بتـدەمێ مژدەیـەکی خـۆش   نـاوم هاتـەوە بـۆ نـاو گـەلوهۆز

### ئەڵێم:

١٩٧٨

وەك پەپولـەیـەك بـەدەوری چـرادا   وەك خوشـك وایـە بـەدەوری بـرادا
وەك کدڵەشـێرە بـەدەوری مـردا   وەکوو نۆبە چییە بەدەوری سەرادا
وەکـوو شڕوشـێتە بـەدەوری وڵاتـا   وەکوو رەزیـل وایـە بـەدەوری دراودا
وەکـوو مودمینـە بـەدەوری شـەرابدا   وەك سەرسـەریە بـەدەوری کـچاندا
وەکوو پـشیلەیە بـەدەوری مـشکاندا   وەکـوو نەخۆشـی بـەدوو دەوادا

### ١٩٧٨/١/١ - سلێمانی

تەمـەن هـەمووی دوو رۆژە شـێتە زوو ئەبڕێتـەوە
شـتێ بکـە بـۆ وەتـەن تـا نـاوت نەکوژێتـەوە
کاتـێ بـەخۆت نازانیـت خێـرا ئـەوا پـیری هـات
گەر شـتێکت نـەکردبێت تـازە تۆشـەرتت هـەڵات

## بۆپێکەنین

**سلێمانی** – ١٩٧٨/٢/٢٢

دیوانەکەی تۆ دوێنێ خوێندمەوە　داویە لەسەرم کەبیدۆزمەوە
شاعری نەمر کاك فلافلانی　کێ جێگات بگرێ دووربێ تۆ بمری
لەپاش چەند رۆژێ گەڕانو پرسیار　بۆ دۆزینەوەی خۆم داومە بڕیار
خۆفت لەجێگە بۆ ئەو مەبەسە　توانای تۆم تیابێو نەبم شەرمەزار
زۆر گەنجیت حەیفە یاخوا قەت نەمری　لەدنیا تاکە قافیەو وەزنی
هەر وەکوو وەزنت کاك کریم قاسم　من چاك ئەناسم زەعیمی خاسم
منیش ئەڵێم یەکێ لەشامەو یەکێ لەئێران　یەکێ ڕاو ئەکا یەکێ ئەخوا پیاز
تکات لێ ئەکەم کاکی ژن هێنەر　قەت نەکەی لێی بەی توخوا لەهامڕاز
یەکێ کۆچ ئەکا ئەچێ بۆ عەجەم　عودو نەی ئەبا لێی ئەدا هەردەم
ئاخرێکەی ئەمرین هیچ کەس خەم نەخوا　ئەو پیاوە شێتە توخوا مەی کەن زەم

## نەورۆزی ڕەش

**سلێمانی** – ١٩٧٨/٣/١

**ڕەزی بایز: لەبەینی شاخی چادرو پیرەمەگرونایە هەوارگەیەکی بچکۆلانەیە بەسەر دێی یالانقۆزا ئەروانێ مولکی خەڵکی دێکەیە کانیەکی ئیجگار ئاو سوكو سازگاری لێیە.**

لەناوەندی چادرو پیرا خۆت مات داوە　لەدوورەوە کەس نات بینێت هەرسێ سوچێکی بەولاوە
هاوینە هەوارەکەی ون بووم　جێی راوکەرو خەڵقی ماندووم
ئاوە ساردە سازگارەکەت　هەنجیرە رەشەی کرد گارەکەت
بە قاسپەی کەوو باڵندەکان　خۆشارەوەی ناو پنچکەکان
خەو بەو رۆژەوە ئەبینم کەجارێکی تر بتبینم　کوبنەوە پێشمەرگەکانو راوچیەکان قۆختەبکەن بۆ نێچیریان

کدڵە کێوی‌و کەوو سویسکەت نەمردمایە    بەچاوەکانم بمدیایە جارێکی تر بەدەستی رۆڵەم راوکرایە
ئەو هەمووو هاوینە هەوارە خۆشە    گشتی معسکرو ئاخوڕیانە
قەدەغەیە هەرچی نزیك بێتەوە دەست رێژ ئەکرێ    خۆ هی من نیە گشتی هی باوکە سەگیانە
ئەی هەوارگەی لەچاو وون بوی بەدڵ زیندووم    نەمردمایە بەو ئاواتەم بگەیمایە
جارێکی تر لەسەرئاوە ساردە سازگارەکەت دانیشتمایە    بەچنگ ئاوم لێ خواردایە تینوێتیم لێ بشکایە
لەسەر کانیاوە ساردەکەت هەرچەند بخۆی    هێندە سازگارو سوکە ناڵێی ئۆخەی
ئەو دێهاتە جوانکیلانە بەبالای تۆدا ئەی روانی    لەم رۆژانە دەستی دوژمن گشت سوتانی گشت روخانی
دێهاتی پڕ خێرو جوان تەقینەوە گشت تەخت بوو    دێهات نەورۆزی نوێ بۆ کورد وێران بو کوڕ قڕان
بەخشەیی بێ ئەوەی کەس بلێت لەدل    هەمووت روخان زرعاتەکەش بۆتە مەوزوع‌و ئاخوڕان
داخی گران بوبێ کەسیت کەس لەسەرت هەڵباتێ    هەرکەس زیاتر بکوژی‌و بیری زیاتر خەلاتی ئەداتێ
چی نگینە هابەدەست خوێنی رێژە میل خشەکان    پیاوی پیاو لەناو کوردا ئەمرۆ....

**لەگەڵ وەفاتی شێخ رەئوفا بوو (زانکۆی سلێمانی) ١٩٧٨/٣/١٣ رۆژی دوو شەممە لە سلێمانی دایکی پێشمەرگە:**

**چەند دێڕێکم رێك خست بۆ شینی کاکە فاتیحی جوانە مەرگ کەبە هۆی دڕەندەکانی بەعس خۆی شەهید کرد لەم رۆژەدا:**

**هێند داخی لەدڵا بوو لەتاو هەرەس بەشۆڕش و دەست رۆیوی ئەو بێ نرخ‌و سمێڵ فشانەی کە زوڵم‌و زۆرداریەکی بێ شوماریان ئەکرد دەرهەق بە خەڵکی شارەکە بەزۆری قوتابی زانکۆ ناوەندی‌و هەموو کەس خۆی پێ نەگیرا تەقەی کرد لە دوو سمێڵ فشی زۆردار دڵ پڕ لەقین لە دڵسۆزانی کورد بریناری کردن و هەڵات گەیشتنە سەری ئەویش نای بەسەری خۆیەوە لەتاو زیندان‌و تێ هەڵدان‌و قەنارە هەموو زانکۆ بۆی ئەگریان منیش لەگەڵیان هەرچەند نەم دیبوو بەلام لەدەم کورەکانمەوە ئەم بیست:**

کاکە فاتیح گیان ئەی لاوی دڵسۆز   با تێر بۆت بگریم بەکوڵو بەسۆز
ئەوکارەی کردت کردەنی نەبوو   بۆچی تۆ جێت هێشت هەموو گەلو هۆز
پێویستی پێتە ئەم کوردستانە   یەکێ یەکێمان هەر لەدڕانا
یەکێکی وەك تۆ بەهەزار هەیە   لەوخوێن ڕێژانەی وەك ئاژەڵ لمۆز
هەتا هەتایە لەبیرت ناکەین   لاوێکی وەك تۆ هەڵکەوتو و دڵسۆز

**کاکە فاتحی شەهید لەسەر ئەوە ئەی (وەتەن مەفتونی تۆمو شێوەتم بیرکەوتەوە ....کە لەجامیعە وتی تەنگیان پێ هەڵچنی دوو ئەمنی معیدی لێیان مەنع کرد نابێ بیڵێت لەو قسەیە لەوان قسەیە لێی بوون بەدوژمن تا بەکوشتیان دا ئەو خوێن گەرمە دڵسۆزە، دیسان ئەڵێمەوە:**

## وەسیەت

چەرخ ئەگەڕێو ئەکا دەوران   ڕۆژێ یەتەوە لە بۆ مەزڵومان
پەیکەر ئەکەین بۆ دڵسۆزان   بۆ پێشمەرگەو گشت شەهیدان
خوێنیان ڕژا ئا لەم خاکە   بۆ پارێزگاری گەلو نیشتمان
ئەی کاربەدەست ئەو ڕۆژە   کە ڕۆژ هەڵات لەکوردستان
ئالەو ڕۆژە خۆشەدا پەیکەرکرا   بیرتان نەچێ شێری مەیدان
ڕۆڵەی زانکۆی ئەو ڕۆژەمان   کاکە فاتیحی ئەو جوان
ڕۆڵەی بەجەرگ مەردی مەیدان   خۆت بەخت کرد لەپێناو خاکمان
هەزاران بەچکە شێری وەك تۆ   گیانی بەخت کرد ڕۆی لەدەسمان
نەکو بکەوێتە ژێر دەستی ئەوان   لەترسی کارەباو بوتڵ تێبڕان
لەترسی تەعزیب، برسیو تینویەتی   لەترس فەسادی دایكو خوشکەکان

گلەییت لێ بێت بۆ هەڵت قرچاند کاکە فاتح جەرگی دڵسۆزان
تەقەت لەدوو ئەمنی گەرکرد کەبونەتە پیاوی ناو پیاوان
گیانی گشت رۆڵە بەدەست ئەوان بوو هەرچی نەشێ کردیان پێتان
ئامرو ناهی گشتی خۆیان بوون کوشتن و تەعزیب و خنکان
هەرچی نەش بوو سوکێتی کیژەکانمان هەولیان ئەدا بەبێ وچان
هەر رۆژەی شتێکیان رێك ئەخست کەنەمێنێ خوێنەواری لەناو گەلمان
هەتا سوك بێ کیژەکانمان عیزەتی لاوان قبوڵ ناکا ئەوەبکرێ لەخوشکانیان
رۆڵەی دڵسۆز رۆڵەی بەنرخ هەمیشە زیندوی لەناو ویژدان و دڵمان

## گلەیی لەزەمان

**١٩٧٨/٣/١٤ – سلێمانی**

وا پێنج بەهارە کورد رۆژی رەشە ئەستێرەی دوژمن هەربەرزو گەشە
ئێمە هەولمانە بەدڵ و بەگیان کەچی دێی سنور گشتی چۆڵ کران
مێرگو مێرگوزار درەختی بەردار دێهاتی جوان جوان تێکرا سوتێنران
ئاژەڵ هەرزانە گشت تالانیە بەنیوە پارە گشتی فرۆشران
گلەییت لێ بێ ئەتۆ ئەی رۆژگار تاکەی گەلی کورد وابێ زامدار

## ١٩٧٨/٣/١٣ دوو شەممە -سلێمانی

**لە زمانی لویزەی خوشکمەوە کە ئاوارە بوین لەئێران:**

دوچاری ئاوارەییم ئاخۆکەی بێ برۆینەوە
بێ لانەو بان و جێگە خۆم لانەوبانمان بەکۆڵمەوە
خۆم و منداڵ و هاوسەرم وەکوو شێت بەرد بدۆزمەوە

شێت ئەگەڕێ بۆ بەرد، من بۆ  وەتەن هەرچەند ئەکەم نایدۆزمەوە
کەس نیە با لەدەرگامان  گەر یەکێ هات ئەی قۆزمەوە
وەتەن و کەسوکارو هاوڕێ  هەموو گومن مەگەر بەخەو بیان بینمەوە
ئاوارەیی زۆر ستەمە  خوایە بڵێی بڕۆمەوە
خۆم و هەموو خێزانم  لەتاوا خۆم ئەخۆمەوە
تەمەنی گەنجیمان ڕۆی  لەگەڵ هەرچی کەبومانە نایبینمەوە
کارو پیشەی خۆم و هاوسەر  ئەم کارە لێك ئەدەینەوە
وەختێ بوو هێندە دڵخۆش بوین  هەرەسەکە هات لێی سەندینەوە
بۆ خوا چییە لەپڕ بڵێین  وا ڕۆژهەڵات، هەستن ئیتر دەڕۆینەوە!

## ١٩٧٨/٤/١٠ – سلێمانی

کوردە هۆ کوردە کوردی بێ خەبەر
ئەوا دێ ئەما گشت کرانە دەر
بەسیە یەگ گرن نەك برا کوژی
کورد کاری گەنگەو پەل بدەنە پەل
بەیەکێتیمان لەم کۆستە زلە
خێرا دەرئەچین بێ گەڕو گێچەڵ

## ١٩٧٨/٥/١ – سلێمانی

هیچ لۆمەم مەکەن ئەی خۆشەویستان  زۆر داخ لەدڵم جەرگ هەڵقرچان
گەرداخ هەڵڕێژم پڕ دەریایەکە  کلك و گوێم ئەبڕن وەکوو ئاژەڵان
داخم بۆو کوردە: کەچەن بێ عەیبە  ئێوە پێم بڵێن ئەی داد پەروەران

کیژۆڵـــە هەنـــدێ ڕِســـوا کرابـــێ   میــــوەو باخـــات ســــوتێنرابێ
دایکـــــــانو باوکـــــــان   لـــــــێیان قـــــــەوما بـــــــێ
ئـــەمن ئـــەڕۆم ســـەر هەڵئـــەگرم   ئەمـــە کـــەی ژینـــە پـــێم خۆشـــە بمـــرم
تـــاکو زوحـــاکی نـــوێ مابـــێ   تـــاکو حـــوکمی ئـــەو لـــەئارادابێ..
کاتـــێ ئـــەو نـــەما یەمـــەوە   ســـەر لـــەنوێ دەس پـــێ ئەکەمـــەوە
هـــەوڵ ئـــەدەمو تـــێ هەڵئەچـــمەوە   هـــەتا مـــافی گـــشت ئەســـەنمەوە

## دوای هەرەسەکە

١٩٧٨/١١/١٩

کێوەکـــانی بـــێ پێـــشمەرگەم   میللـــەتی ســـەر لـــێ شـــێواوم
هاتنـــەوەی ژێـــر دەســـتی زوحـــاك   تـــرس لێنیـــشتوی کیـــژو لاوم
هـــیچ کـــەس بەتـــەمای خـــۆی نیـــە   چـــیمان لێبکـــا ڕۆژانـــی لەمـــەو دوام
دێهـــاتی چـــۆڵو ســـوتاوم   کونـــە گـــورگی تـــێ ئـــاخنراوم
شـــارو لادێـــی چـــۆڵ کـــراوم   نەختینـــەی تـــالان کـــراوم
لاوەکـــان پـــەرتو بـــڵاو   دایکـــی بـــێ دڵو هـــەناوم
هـــەزارەهاش بـــەدیل گـــیراوم   یـــاخود زۆربـــەی خنکێنـــراوم
قوتـــابی لـــە مەکتـــەب دەرکـــراوم   وردەڵان چـــاو ترســـێناوم
مێـــشکی منـــاڵان گـــۆڕاوم   گـــشتی کـــوردی خەفـــەکراوم
باخـــاتو ڕەز ســـوتێنراوم   بـــەزەبری چـــەك تـــۆقێنراوم
هـــەموو کـــەس واقـــی وڕمـــاو   ئاژەڵو ماڵ چـی مـاوە بێخـاوەن مـاوم
ئەمـــە ئـــەمڕۆم بـــەڵام دوێنـــێ   بـــۆ کـــوردی بـــێ ڕۆژو بـــاوم
دەس بەچـــەکو تۆقێنـــەر   ئـــەمن شـــێرێکی نـــەڕبووم

پاڵـــــەوانو شـــــێر بەزێنـــــەر	هـەروەك پڵـنگ بەهەڵمـەت بــووم
کێـــوانم پـــڕ دێهـــاتی جـــوان	لەگــشت رووەوە هەربـــە دەربـــووم
هــارەی چــەمو دۆڵـــی چـــڕمان	تریقــــــەو پێکـــــــەنینی لاوان
لوتکـــەو کێـــوانی پـــڕ لەجەنگـــەڵ	حـــەیران ئـــەبوو ســـەد دڵ حـــەیران
بـــارەی مـــەڕو هـــۆرەی شـــوان	لـــــەکێوو باڵنـــــدەی بەفـــــەڕ
گــشت بـــێ خەبـــەر لـــەم رۆژانـــە	خۆشـــــتر لـــــەدەنگی باڵـــــەبان

داخـــی گـــرانم قـــەد داخـــم ناچـــێ	رۆژانـــی هـــەرەس لـــەدڵم دەرناچـــێ
هـــەرگیز نـــەبوەو قـــەت روی نـــەداوە	لەهیچ میللەتێك زوڵمی واگەورە هەرگیز نەكراوە
کۆنو قـوژبنی مێـژوو گـشت گـەڕام	بەدەگمـــەن شۆڕشـــێ وای پـــێ کراوە
ئەو شۆڕشە مەزنـەی حکومـەتێ بـوو	چـــۆن بەتاقـــە رۆژێ ئـــاوا تـــواوە
ئـاخ چـییان پـێ کردین ئـەو چـەند ناپیـاوە	تـــاکوردێ مابـــێ تائـــەوان مـــاوە
تفیـان لـــێبکاو گۆڕیـان رەجـم کـا	دنیـا بۆگـشت کـەس هـەر دەوران دەورە

## ١٩٧٨/٩/١٦

**لەرۆژە ڕەشەکانە حەزئەکەم بیگێڕمەوە بۆ نەوەکەم:**

پـــێش هــــاتنی زوحـــاکی نــــوێ	پـــێش ئـــەوەی هـــەموو بـــسوتێنی
پـــێش ئـــەوەی قـــڕ بەگـــشت بێنـــێ	پـــــێش کیمیــــاوی بــــەکاربێنی
هـــەبوو نـــەبوو داری هـــەڵوژەی	زەرد هـــــــــــــــــــــــەبوو
هـــەرمێ ناســـکە هـــەرمێ گـــولاوی	ســـێوە هـــەرمێ ســـورە هـــەرمێ
کێویلـــــەو ڕەشـــــکە هـــــەرمێ	چـــەندان چەشـــن هـــەر هـــەرمێ
بـــۆنی ئـــەرۆی دەمـــار دەمـــار	بەتاســـــەوە ئـــــەبرا بۆشـــــار

بەبەرچنە بۆ شێوان  ئەبرا بۆ ماڵەو ماڵ بۆ هاورێیان
هەبوو نەبوو بەلالوکێ دەواهەبوو  بەرەزای سەرکێوان هەبوو
نێرگس بەبەهاران هەبوو  هەرچی هەبوو دانسقە بوو
گوێزی هەورامان هەبوو  ترێ رەشکەی ناو رەزان هەبوو
هەرچی بلێ لەدنیادا خواردنی  بەتامو خۆشە هەبوو
مەلێ جوانو دەنگ خۆش هەبوو  ئاسکە کێوی کەژان هەبوو
هەرچی بلێی لەدنیادا دانسقەیە  هەمووی لەکوردستان هەبوو
هیچی نەما گشت هەڵفڕا  بەدەنگو گرمەی تەیارەو بۆمبا
هەمووی تۆراو هەڵبڕا  لەکیو دەشتو دەر بڕا
نە نە نە! نەمان بیستوە  ئەم قسانە ئەم شتە دانسقانە
گەر ببوایە ئەم میوانە لێمان  نەخوارد ئەو تەیرە کێویانە ڕاومان نەکرد
ئەو مەلانەمان ئەگرت  گەر ببوایە ئەمان دینو دەستمان ئەکەوت
دیارە نە نە ئەم قسانە  ئێمەی منالی پێ ئەخەڵەتێنی
وەك سەرگوروشتە بۆ منالان  ریکی ئەخەی ئەی فریوێنی ئەی لاوێنی
ئەمانە کەمتر خەومان لێ دەخا  فڕیومان ئەدەی ئەمان خەڵەتێنی
ئەو دێهاتو شوێنە خۆشانە  هەرگیز نەبوە لەکوردستانا
هەر محەرەمەو ئاخوڕ بوە  هەر معسکراتو تەل بەنگ بوە
کولێرەی خۆش تامی تامی  منالی پێ ئەدەی هەر نەبوە
کەی کورد لەودیو ژیاوە  ئەمانە روی قەت نەداوە
نە نە هەرگیز نەبوە ئەمانە  ئەمانکەیتە خەو بەم قسانە
بەم شتە نەبوانە  حکایەتی راستەقینە بکە نەك ئەفسانە
رۆڵە باوەڕ بەم سەر سپیەم کەن  هەمووی بوەو هەریەتەوە
هەمووی لەپڕ یەتەوە و ئەی بینن  زاڵم ئەرواو داد ئەبێتە میوان

## بیرخستنەوەیە

**١٩٧٩**

لەمێــژوی دنیــا نــەبوە و روی نــەدا  پشت کە بەگــەلێك خــۆی باتــە پــەنا
بــۆ مێــژوو ئــەیلێم رۆڵانــی شــیرین  هەرەسی شــۆڕش کــێبوو دەســی تیــا
ورد وردوەکــەی هەریــەك بــەجۆرێ  یا دەردێکی گرت یا پیس لێــی قــەوما

## دیسان بۆ پێشمەرگە

**١٩٧٩/١/٢٧ – سلێمانی**

کاکــەی پێــشمەرگە رۆڵــەی شــیرینم  جــارێکی ترقــەت نــەنگیت نــەبینم
تــۆی رونــاکی ژیــنم هێــزو هــەناوم  خۆشــی دڵمــی و رونــاکی چــاوم
خــواردنی خۆشــم میــوەی بــەتامم  شەوچــەرەی شــەومی هێــزی هــەناوم
مانگی چــواردەمی ئەســتێرەی بــەرزی  هەربــــە تۆوەیـــە ئـــەمینێ نـــاوم
کاکەی شیرینم ئــەی کــەم لایــە لایــە  بوژانــەوەی تــۆم خۆشــی دنیایــە
زۆرم پێگــەیان رۆڵــەی قــۆزو جــوان  گەیــشتنە ئــەوەی کــەواپێ بگــەن
گــورگێکی چــەپەڵ پــەلاماری دان  ڕەگوریــشەکەی هــەموی دەرهێنــان
بێئــەوەی لــەژێر سایەدا بحەوێمــەوە  بۆنــەمانی تــۆ زووگێــڕدرا پــیلان
رۆڵــەم لایەلایــە لایــە رۆڵــەگیان  تۆم بۆ پێبگەی ئەوەیە هیوای ژیــان
ئــەمجارەم بەســە دەس پێکەیتــەوە  هیــوای گــشت کــوردە هــەموو کەرتــەکان
گــەرخوا کــردی هاتیــەوە مەیــدان  ئــەی دەیــن بەزایــە هــەولی دوژمنــان

١٩٧٩/٢/١٢

**سەرگروشتەیەك ئەگێڕمەوە بۆ نەوەی نوێ کەشای ئێرانی دەس بڕ چۆن دەستی کوردی بڕی:**

بیگێڕنەوە چین چین دایکان    ئەم روداوە بۆ رۆڵەتان
هەبوو نەبوو شایە هەبوو    زاڵمو زۆردارو نالەبارێ بوو
کەس لە ئاستیا ناڵێ پیاوم    گەلێ نەبوو بڵێ ماوم
گشتی لە ژێر پێیا مردبوون    زۆرداری‌و ترس وای لێ کردبون
زۆر خوێن رێژ بوو    وەك ئەژدەهاك خوێنی لاوانی ئەمژی
زۆر تینوو بوو حەزی لەخوێن ئەکرد    حەزی لە ئێسکی لاو ئەکرد
خوێنی لاوان کە بمژێ    ئێسکە کانیشیان بکرۆژێ
گشت گەل تاساوو حەپەساو    زمان بڕاو لەئاستی شاهەکەی بەدناو
رۆژێ لە رۆژان وتم ئەمانە درۆیە    باروبکەمە ئەو دەرگەو رێیە
وتم: واهاتوم زەمان زۆری بۆ هێناوم    بێ چارەم‌و لێ قەوماوم
هاتوم خۆم داوەتە سایەو پەنات    خۆم هاویشتۆتە ژێر باڵت
بۆی کردم پشی پشی    فەرموو لە چی ئەترسی
خۆمم گشت کەستم    پەناو پشت‌و قەوەتتم
دەس لێ بەردارت نابم    پشتت ئەگرم تا مافی کۆن‌و نوێت ئەسەنم
خۆم لێ گورج کرد بەپشتی ئەو    رۆڵەم دا بەکوشت لەپەنای ئەو
لەگەڵ ئەوەی رۆڵەم هاتە قران    لەگەڵ ئەوەشا هاوارم ئەکرد بژی ماف سێنەرمان
بژی داڵدە دەرو گەورەی دڵسۆز    کەوا پێمانی داوە قەوەت‌و پشت‌و هێز
بەتورەکەو زەمیلە پێی ئەدام    خواردن‌و شەکرو چاو نان‌و ئاو
لەپڕ شاهەکەی زۆردار    شاهی زاڵمی خوێن خوار

لغاوەکەمی شل کرد روەو دوژمن    پشتی بەردام هەرچی توانی لەدژی من
هەر رۆڵەیێ کەمابوو    گشتی بەگورگان خواردوی دابوو
ئای لەو رۆژە تاریکە    نەما پاڵپشت نەما هیوا
ڕوبکەمە کوێ دوژمنی بێ بار    دەستت بڕیم دامتە ناو قورگی مار
بە روتو رەجاڵ بەبێ نانو ئاو    بەپێی پێ خاوس گشت گەل حەپەساو
چیت لەمن کرد توش پاش سێ ساڵ    بەشەق بەپاڵ دەرکرای لەماڵ
نەت ما کورسی و کاخە کانت    نەت ماشا هێتیو جێو مەکانت
سەرت لێ شێوا روکەیتە کوێ    بە ئاسمانەوە کەس نەی گرتیتە خۆ
ئەوەیە هەقو دادی ئاسمان    بەزوترین کات هاتەوە دەسمان
لەمێژوی حەفتا ملیۆن کورد نوسران    کرا بە نەخش لەبەرد بۆ گەلان
خۆنەدەنە دەس ناکەس بەچان    بۆ سودی خۆیان بکەونە دەس بڕان

## سەرگروشتەیەك
## (شیعری بێ وەزنو قافیە)

١٩٧٩/٢/١٢

وەك سەرگروشتەیەك ئەی گێڕمەوە بۆنەوەی نوێ بیگێڕنەوە
چین چین دایکان بۆ رۆڵەیان:

بێ ئاخننە کونی مێشکیان    هەبوو نەبوو زاڵمو زۆرداری هەبوو
پاشایە بوو شاهەنشایە بوو    زۆر زاڵمو نالەبارو بێ بارێك بوو
خۆیو باوكو باپیرانی پێشوو پێشووی    دوو هەزار ساڵ حوکمیان ئەکرد
کەسێك نەبوو بڵێ پیاوم    گەڵێ نەبوو بڵێ ماوم
هەمووو لەژێر پێیا مردبوون    ترسو زۆرداریی وای لێ کردبون

زۆر خوێن خۆر بوو     وەکوو زوحاك خوێنی لاوانی ئەمڕۆ
زۆر تینوو بوو حەزی لەخوێناوئەکرد     حەزی لەئێسکی لاو ئەکرد
ئێسکەکان بکرۆژێ     خوێنی لاوان بمژێ
گشت گەل تاساو واحەپەساو     زمان بڕاو لەتاوی حاکمی بەدناو
زۆریان بۆ باس کردم قسە     لەباسی ئەم شاهە نالەبارو پۆخڵو پیسە
ڕۆژێ لەرۆژان وتم ئەم قسانە درۆیە     لێم قەوما روم کردەلای ئەو حاکمە ترۆیە
وتم واهاتم زەمان زۆری بۆهێنام     بێ چارەم لێ قەوماوم
هاتوم خۆم داوە پەنات     هاوتومە ژێر باڵت
کردی بۆم پشی پشی     وتی فەرموو لەکێ ئەترسی
خۆم گشت کەستم     پەناو هێزتم
قەت لێت دەس بەردار نابم     پاڵ پشتم تاهەقی کۆنو نوێ ئەسێنێ
خۆم لێ گورج کرد بەپشتی ئەو     ورد ورد رۆڵە درا بەکوشت
گشتم دابە کوشت بەبەڵێنی ئەو     بەپشتی ئەو بۆهەق سێنەر
ڕەنجم دا هەولم دا تا لەتواناما بوو     ڕەنجم دا خۆم هیلاك كرد
پڕ بەدەمم هاوارم ئەکرد     بۆم بمێنێ داڵدە دەرم
پشتو هێزم گەورەی راستگۆ     هەق سێنەرم
بەبار بەگوێنی پێی ئەدام     هەمووو چەشن خواردنو بەرگم
کەچی لەپڕ شاهی زۆردار     شاهی زاڵمو خوێن خوار
لغاوە کەمی شل کرد     بەرەو دوژمنی برد
خۆمو رۆڵەی کەمابوو     بەگورگان خواردنی دابوو
بەدەست بەتاڵ     بەڕوتو برسی دەری کردم لەماڵ
ئای لەو رۆژەی بەسەرمی هێنا     نەما پاڵ پشت نەما پەنا نەما هیوا
رو بکەمە کوێ؟ دوژمنی بێ بار     مامەوە بێ هیوا دڵشکاو لێ قەوماو

نەبوە روبکەیتە کەسێو خۆت بەیتە پەنا   کەچی لەپڕ دەستت لێ بەردا
کەوای لەمن کرد لەپاش سێ ساڵ   تەنها سێ ساڵ بەشەق بەپاڵ دەرکردم لەماڵ
زاڵمی زۆردار بێ عەهدو پەیمان   دەس بڕی بێ بار بۆ وات کرد پێمان

## بەشی باوەگەورەی هەمووان

## شین

**١٩٧٩/٣/١ – دووشەممە - سلێمانی**

بۆ باوکی گشت کورد ئەمڕۆ رۆ رۆیە   ئەو سنگ کوتانە باوە بۆتۆیە
پاش قڕی لاوان چین چین دڵسۆزان   ئەمجارە باوە وا نۆرەی تۆیە
بەختی کورد وایە هەر لەنەورۆزدا   کۆستی زل زلو شینو رۆرۆیە
ئەمڕۆ رۆ رۆیە شینی کورد نوێیە   بۆ باوکی گشت کورد چەمەرمان کویە
ئەی کوردی هەژار خۆشی کوا بۆتۆ   نابێ تاسەربێ ئەم شەنو کۆیە
بابەی دور وڵات بابەی دیارئاخر   کاتی هاتنەوەت بۆتە رۆرۆیە
داخی گرانم باوکی دڵسۆزمان   زۆر زۆرت مابوو بۆتهات ئەو هۆیە
دەنگی ئاهێ دێت مەرگی بێباربوو   نیوەو نیوەچڵ بووبە رۆرۆیە
پاش کەمێ ئاهو هەناو تێهاتن   نابێتاسەربێ بێتە رۆرۆیە

**١٩٧٩/٣/٢-١**

**هەواڵی وەفاتی سەرۆکمان بیست، بەلاواننەوە منیش وتم:**

دیسان رِۆ رِۆیە بۆ گشت کوٚرد رِۆیە   پاش چین چین لاوان هەی باوکە رۆیە
بەختی ئەم کوردە هەر ئەبێ وابێ   پاش تروسکاییە سەرۆکمان رۆیە

بۆ بەختی کوردان هەر لەنەورۆزا یاهەرەسەکەو یاکۆچی تۆیە
پاش کەمێ ئاهو ناڵە تێکەڕان نابێ تاسەر بێ خۆشی بۆ وڵات
باوەی دڵشکاو باوە دوور وڵات پاش دورکەوتنەوەت دڵسۆز گشت هەڵات
ئەو بەرزانیەی باوکی هەموانە جێگای شانازی خزمو بێگانە
باوکی گشت کوردە لەهەموو دنیا هەروەکوو رۆڵەو جەرگی لەدڵیا
خوایە بیهێڵێ تەمەن درێژبێ تا یەکی گرێتەوە ئەوچوار کەرتانە
گەر خۆیشی نەما، نەوەی دڵسۆزی تامی خۆی ئەدەن بۆئەو کارانە
باوە پشتوقەوەتو هێزو هەناومانی باوکی ڕاستەقینەو دڵسۆزی گشت کوردانی
بەمانی تۆوەیە کەماوە خاکمان کۆڵ نەدەرو بەورەیە پێشمەرگەمان
گەر دوربێ تۆ نەمایت لوش ئەدرێین بەقەپاڵ ئەمانکوژن تاقمان ناهێڵێ دوژمنمان

## ١٩٧٩/٣/٢ – هەینی

خوایە چەرخێ بگێڕە چەرخی چەرخان بێ
چەرخێ بگێڕە بۆ کورد ژیان بێ
ئەوا بەهارە کاتی گوڵانە چی خودا پێداوە ها لەسەیرانە
سەیرانو خۆشی بۆ گشت گەلانە کوردیش بێ بەشن لەو خۆشیانە
هەمیشە بۆکورد هەر قوڕ پێوانە دەی تروسکایی یە بۆ ئەم ژیانە

## ١٩٧٩/٣/٢

نامەیە هاتوە لەدوور سەر لەنوێ نازانم نامە ڕاستە یادرۆ
ئەگەر بۆ من بێ یاخوا درۆ بێ گەر رۆ رۆی تیابێ هەرگیز بۆتۆ بێ
زۆرم رۆ رۆکرد نۆرەی ئەتۆبێ دوژمنی غەدار لات هەرگیز ڕۆبێ
بۆ تۆ هەی رۆبێ بۆمن ژین نۆبێ یاخوا ئەو رۆیە هەر روی لەتۆ بێ

## ١٩٧٩/٣/٩ – سلێمانی

داخــی گــرانم قــدت داخــم ناچــێ  داخـی کۆچـەکەت لـەدڵم دەرناچـێ
سێ ملیۆن بەشـەر تـەرمی هـەڵگرتی  قـورِ بەشـانەوە خـۆی بـۆ ئەکوشـتی

## ١٩٧٩/١١/٢٩ سلێمانی

ئاخۆ خۆشیەکەی مـن ئـەبێ چـی بـێ  بۆ رۆڵەو خوشـکی هێنـدە تینـوو بـێ
من چـەند بۆئـەوان زیـاتر بـۆ وەتـەن  دەی ئـاوارەیی خۆشـیی بـێ چـی بـێ

## ١٩٧٩/١٢/٢٩ – شەممە

دنیا زۆر سـەیرە هـەر پێـچەو دەوران  یـەکێ بـۆ نزمـی یـەکێ بـۆ ئاسمـان
گشت قەومێ ئەبێت رۆژێـك رۆژی بـێ  هەر ئێمەی کوردە هەریـەت نـەهاتمان
تـۆ گەورەیـەتیت بەسـیە خـوێن رژان  یەك یەکی کـورد گـشت هاتـە قـرِان
چـی قـەومێ گـەرِە لـەژێر ئاڵایـا  حەسـاوە و دڵخـۆش زۆر بـەرزە رۆژیـان
ئێمەش گـەلێکی دەسـتکردی خـۆتین  ئـەبێ رۆژێ بـێ بێتـە رۆژمـان
ئەی‌تاکەی ئەسـیرو زەلیـلو دیـل بـین  دەبـازوو هـەڵبێ رۆژی کوردسـتان
ئـەی تاکـەی هـی قـەومانی تربـی  هەڵخـە لـەتاوون بـەپارە کـورِان
هەمیـشە لەگـەڵ قـەومانی تـری  بۆچـی لەئاسـتمان بویتـە بێ‌لایـان
زۆر گـەلی بـێ نرخـو بـێ بـار  بـەرزت کردنـەوە بەبـەرزی عاسمـان

## ١٩٧٩/١٢/٢٩ – شەممە - سلێمانی

دنیـا زۆر سـەیرە هەرپێـچەو دەوران  یـەکێ بـۆنزمی یـەکێ بـۆ ئاسمـان
گشت کەسێك ئەبێ رۆژێـك رۆژی بـێ  کـوردی نەگبەتـە دایمـە نـەهاتمان
خودایـە! بەسـیەتی ئـیتر خـوێن رِژان  یەکی یەکی کورد گـشت هاتـە قـرِان

ئـــەم هـــەمووو ڕۆڵـــە قارەمانانـــە زەلیلو مـل کـەچ بـۆ بـەرە و نـەمان
ئێمـــــەش گــــەلێکی دەســـــکردی خـــــۆتین تاکـەی ژێـر دەسـتەو ژێرپـێی دوژمـنـان
تاکـەی ئەسـیری‌و دیلـی‌و کەلەبـچە ڕۆڵـــەمان داڕژێـــن لـــەناو زنـــدانیان
هەمیـــــشە پـــــشتی لێقـــــەوماو دەگـــــری بـــۆ ئێمـــەی کـــوردیش ببـــە پـــشتیوان
زۆر گـــەلی تـــازە پیاکـــەوتوو هـــەن بـــەرزت کردنـــەوە بەبـــەرزی ئاسمـــان

## ١٩٨٠/٣/١١

**کۆنـەماڵی خـانوی کـاك عەبـدوڵڵای ئەوبـەرمان (اتحاد النساء العراقي) بەشی سلێمانی کە هەموو ژنەکان کوردن بۆ (١١ ئازار) کردویانە بە جەژن، کۆڵانەکان بەنایلۆنی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازاوەتەوە ئافرەتەکان جلی کوردییان پۆشیوە گۆرانی کوردی ئەڵێن بۆئەوەی ئاغاکانیان چۆڕێ پاشماوەیان بەنێ، منیش لەداخا ئەمەم ڕێك خست:**

ئـەی تاکـەخوای خـاوەن عـەرش‌و قەڵـەم تاکـەی کـورد حـاڵی وابـی‌و ژیـانێکی پرسـتەم
هەربەتەمای تـۆین گـەورەیت‌و بەسـە کـورد عەبـدی خۆتـەو خـاوەن مەبەسـە
ئـەی خـوای گـەورە لەئـەم زەمانـە میللـەتێك ماوە وەك کورد زەلیل بـێ؟
وەك کــــورد ژێـــــر دەســـــتەو لەت لەت کراوو ڕۆڵـە ئەسـیر بـێ؟
وەك کـورد موهـاجیر بـێ لانـەو جـێ بـێ یـا لـەماڵ‌و زێـد بـەزۆر دەرکـراو
وەك کــــورد لـــــێ قـــــەوماو بێ کەس‌و هەژار دێ چۆڵ پـێ کـراو
شەوێك نیـە خـالق خـۆت ئاگـاداری بەخـــەمی دوێنـــێ ســـەر بنێینـــەوە
ڕۆژ نیـە بەسـوێی کۆسـتێکی زلـتر یاکیـــژ فڕانـــدن نەتلێیـــنەوە
ئەوە بیـست سـاڵە ئاگـات لـەکوردە کەچـــــــــــی چێـــــــــــشتووە
ئـــــەوەی ڕو ئـــــەدا هـــــیچ میللـەتێکی تـر تـەنها بەبیـستن هەرنـەی بیـستووە

بەشی دایکی گەنج کۆمەڵە هەتیو بەخێوکردنە    خوشکی ئەولاوەش هەرلەخۆدانو جل ڕش کردنە
بەشی لاوەکان هەرخۆشاردنەوە    یاخود گرتنو یاخود کوشتنە
بەشی باوکانیش هەربەرتیل دانە    زیندان گەڕانو سۆراخکردنە
کێ دیویە خەڵقە تەلەبەی زانکۆ    لەچوار بەشەقو بەزۆر فەسڵو دەرکرێ
بەرەو زیندانو یاخود    ئیعدام و تەعزیب ببرێ
ئەمانە لەکورد ئەبێ خەڵقینە    لەکێ ڕوی داوە
ئەم هەمووو زوڵمو زۆرە    لەو نەبێ لەکێ کراوە
ئەی خوا ئیتر رەحمت بێتە جۆش    کورد رزگار بکە لەژینی پڕ ئێش

## هەرەسەکە

١٩٨٠/٤/٢

ئەمە پێنج ساڵە هەتاکو ئەمڕۆ    گریە و زاریمە رۆژەکە بۆتۆ
ئەو ڕۆژە ڕەشە ناکرێ فەرامۆش    هەمیشە تازە ئەچێتە سەرئێش

١٩٨٠/٥/١

تەمەن هەمووی دوو رۆژە
شێتە، زوو ئەبڕێتەوە
شتێ بکە بۆ وەتەن
باناوت نەکوژێتەوە
کاتێ بەخۆت نازانی
خێرا ئەوا پیری هات
گەرشتێکت نەکردبێ
تازە تۆ شەرتت هەڵات

ئەم جۆرە هۆنراوە ساکارانە زۆربەی زاخاوی دڵمەو ڕەنگاوی تەمەنمە تك تك ئەیتکێنمە ناو (وەرد)ەکەمەوە. بەپێی توانا هیچ روداوێکم فەرامۆش نەکردوە هەموویم بیری خەڵکی کورد خستۆتەوە بۆئەوەی هەرگیز لەبیر نەچێتەوە. نەوەی دوارۆژمان ئاگاداری مێژووی گەلەکەی بێو بزانن باوو باپیریان چەند لێقەوماوی‌و چەرمەسەرییان توش هاتووە بەدەست ڕژێمە فاشستەکانی بەغداوە، بەتایبەتی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی.

## شای وڵاتان

**١٩٨٠/٥/١٥ – پێنج شەممە – سلێمانی**

خۆشم ئەوێی شای وڵاتان بەقەدی گەورەیی گشت جیهان
خۆشم ئەوێی رۆحی ڕەوان بەقەدی دوری زەوی بۆ ئاسمان
خۆشم ئەوێی هەتا ماوم هەرتۆی هێزو رونی چاوم
بەقەدی بەرزی لوتکەی کێوانت بەجوانی گوڵی دەشتانت
خۆشم ئەوێی هەتا ماوم گەرتۆ کزبیت کوێرە چاوم
بەتۆوەیە هێز و برستم هەتا ماوم ئەدت پەرستم
بیرتە کاتێ نەخۆش کەوتی نەخۆش کەوتم تاکو ئەمرۆ هەربۆی کەوتم
تازە نایەمەوە بەئینسان تاکو هەڵنەستێتە سەر پێیان
پڕ بەدەمت هاوار بکەی هەستە هەستە چابومەوە کەوتمە ریزی وڵاتان
هەستە سەرپێیان چابومەوە وام لەریزان یەکیشمان گرت گشت کەرتەکان
هۆکاکە گیان! بەتۆوەیە خۆشی ژیان بەتۆوەیە شانازیمان سەربەرزیمان
خۆشم ئەوێی بەقەدی بەرزو بڵندی ئاسمان هەوڵیش ئەدەم بۆ بەرزی تۆ بەماڵ بەگیان
خۆشم ئەوێی بەقەدەر خۆشی ناوەکەت بە ئازایی رۆڵەکەت بەقەدی خاکە بەرینەکەت

بەقەی زۆری ناحەزەکەت     خۆشم ئەوێی بەقەی جوانی بەهارەکەت
بەقەی خۆشی بۆنی گوڵزارەکەت     بەقەی وێنەی کێوی‌بەرزو لوتکە بەفرینەکەت
بەقەی زۆری سامانەکەت     سامانە دەس بەسەراگیراوو نکول لێ کراوەکەت
کانو نەوتە شاراوەکەت     خوراوو داپۆشراوەکەت
ناوێ نیە هێندە خۆشبێ لەگوێی منا     مەگەر تریقەی ساواکەم لەباوەشما
هەرچی بڵێی لەدنیادا دڵخۆشکەرە     تۆی لەگشتی دڵخۆشکەرتر لەدڵ منا
هەتا ماوم هەربنووسم لەباسی تۆ     خۆشەویستیت هەرگیز بەونوسینە تەواو نابێ لەبۆ تۆ
هەتا ماوم شەرتە هەرگیز بۆتۆ بژیم     کە مردیشم بنوسن لەسەر گۆڕم کە دڵسۆزبوم بۆتۆ
ئەمە گۆڕی ئەوکەسەبوو هەتا ژیا     بۆ کوردژیا کاتی مردیش ناوی نەبوو ناوی نەما
کوردستان هەستو نەستی بوو     هەمووو خۆشیو مەبەستی بوو
خۆشم ئەوێی بەقەی نرخی شەهیدانت     ژمارەی رۆڵەی دڵسۆزانت
لەپێناوتا بوون بەقوربانیو شەهیدکران     چونکە ئەیان ویست بۆت هەرگیز مانو ژیان
خۆشم ئەوێی بەقەی ژمارەی دوژمنانت     هەوڵیان داوە بەرۆژ بەشەو نەمانت بۆ توانەوەت بۆ فڕانت
بەقەی دێی چۆڵ کراوت بەقەی خاکی فراوانت     خۆشی خۆڕەی چەمەکانت کانیاوانت
شەنەو سەروەی بەیانیانت     بەقەی خۆشی دەنگی مەلەکانی سەر چڵانت
کەوو پۆڕی ناو پچکانت     بۆنی نێرگزی لەناو دەشتی بەهارانت
تریقەو باقی گیژۆڵانت چاونەترسی لاوەکانت     بەقەی قەلی هەڵفڕاوە کێویەکانی هەڵبڕاوت
بەقەت دێهاتە خنجیلەی قەد پالانت     خۆشی ئاوازی شمشاڵی شوانت
بەقەی هۆرەو لاوكو حەیرانت     بەقەی جوانی بەرگەکانی ژنو پیاوت
دەستکری ئافرەتو پیاو کلاشو بوزوو     بەدەستی شاژنو شاپیاوی دروست کراوت
بەقەی جوانی کەژو کێوەکەت     گشت هەڵپەڕکێ بۆ ڕەشبەڵەکەکەت
خۆشم ئەوێی بەقەی روناکی چاوانم     بەقەی ژینی رۆڵەکانم
بەقەی دایکێ کەچەند تاقانەکەی ئەوێ     هێشتا کەمە کوردوستانم لەچاومنا کەتۆم بوێ

خۆشەویستی لەدنیادا زۆر فراوانە    یاهی رۆڵە یا دڵدارە یاهی داکو باوکانە
من تەنیا بەقەی هەمووی خۆشم ئەوێ    بەرۆژ بەشەو ویردی سەرزمانم هەر ئەتۆی
خۆشم ئەوێ بەقەی ژمارەی رۆڵە ساویلکەکەت    خەڵکە لەتاوە بەپارە کڕاوەکەت
دێهاتە (عصری) لەبۆدروست کراوەکەت    پارەو تەلەفزیۆن پێ دراوەکەت
بەزۆر بەزۆر بەجاش کراوەکەت    بەزۆر بەزۆر کڕوکاڵ بەکرێ گیراوەکەت
هەبوو بۆ یارمەتی رۆڵەکانی لەزیندان جەراوت    هەشبوو بۆپارەو بەرازیلی رشتی خوێنی دڵسۆزەکەت

## ١٩٨٠/٥/١٦ – سلێمانی

لەچ یاسایە ئەوە نوسرابێ    گۆڕت بەدەستت کەهەڵکەنرابێ
پێش شەوێك کەمل بەپەتا بکرێ    بەدەستی خۆیان ئامادەئەکرێ
لەدنیا نەبوە ئەم کافرسانیە    بۆ کورد دانراوە ئابەم ئاسانیە
کەسیش نازانێو کەس باسی ناکا    کەی حەقەو کێ ئەوە دەکا؟

## لاواندنەوە بۆ لاوان

١٩٨٠/١٠/١٠

**هەرەچەن مانگێکە شەڕی عێراق ئێران دەستی پێکردووە.**

دایکتان بمرێ هان لەعەبەدان بیابانە جێت
لەناو ئەو قوورولیتە و گەرمایە شەهیدبێ کەس نازانێ تۆ کێیت
رۆڵەی نازدارو رۆڵەی نەونەمام لاوی کوردستان
تۆ بۆکێی ئەکەی گشت چاو بەستنە شەڕی بێ ئامان
گەر عەرەبستانی لێی سەنرایەوە بەشی تۆ چیە؟
گشت دەس بڕینە کاری دوژمنە چەواشە کارییە
هەرقاچو دەستو سەلك لەو دەشتە پەرتو بڵاوە

باوك ئەگەڕێ جێگە بەجێگە واقی وڕماوە
نازانێ کوڕی وا لەسەنگەرا چەقیوی قوڕاو
خوێنی ڕژاوە گیانی دابەدەست بەبێ چۆڕێ ئاو

دایکتان بمرێ بێساران جێتان    باوك ئەپشکنێ موزوع بە موزوع بۆ مەیتی جوانتان
یا لەناو قوڕا هەنێ کەوتوە    یان فڕێ دراو ئەدەریا لەبۆ ماسیەکان
ڕۆڵە شەڕمەکەن ڕۆڵە وەرنەوە    دایکو باوکەکان شاد بکەنەوە بەبینینتان
ئەگەر تیاسەرکەوت ئەی بەشێتەوە    ئێوەی بێ بەشن هەر لەبۆ خۆیان
بەکارت یەنن تا ئەت دەن بەکوشت    لەتەرم ئەنوسرێ خایین خەتابار
هەقیشت خوراو هیچی پێ نادرێ    لەسەرکەوتنا ئەمانکا پەنگاو ئەبینین بەچاوان

## ١٩٨٠/١٢/١٥ – ٣ شەممە

سێ مانگی ڕەبەقە زانکۆی خۆشەویست باری پێکرا هەرچەند هەولێریش هی خۆمانە بەڵام قەل فڕو سەر لێ شێوانی تەلەبەو مامۆستا.

بۆ تۆرای ڕۆیشتنی داخی گرانم بۆت هەمووو کەسی شارەکە بۆت ئەگری هەتا ئەزمڕو گۆیژەش هەمووو بۆت ئەلاوێننەوە شارە خنجیلانەکەمان پرسەیەتی هیچ عورفو قانونێك ڕێ نادا گواستنەوەی زانا لەهەموو دنیادا شەخصیەتو بەرزی بۆشار زانکۆیە.

واهاتە بەرگوێم دەنگێ وەك سروشت    دەنگێکی بەتام پڕجۆش‌و خرۆش
گوایا کە زانکۆ ئەگەڕێتەوە    خۆشی‌و شادمانی دەهێنێتەوە
تەعزیەو جلی ڕەش لەسلێمانی ئەشارێتەوە    هیوا بۆگەنجان سەر لەنوێ گشت دەگێڕێتەوە
یاخوا ڕاست بێ نەك قاوی دوژمن    شەخسییەت‌و بەرزی بۆمان بێتەوە

## بۆ مێژوو لەگەڵ ملازم موحسین دا

**١٩٨١/١/٣٠ – سلێمانی**

ڕاکەن ڕاکەن ملازم محسن دەرکەوت خۆیو سمێڵ فشە پیاو کوژەکانی لەگەڵی هاتون، خێراکە چونکە جلی کوردیت لەبەرایە دوێنێ لەونانەوا خانەیەی شەقامی برایم پاشا دوو برای کرد بەساقەی دو گولە کاریان لەو نانەوا خانەیە ئەکرد بەرگی کوردییان لەبەرا بوو خۆم دیم کە چوم بەیانی بۆنان هێند خوێن ڕێژو تینوە بۆ خوێن و دڵسۆزی زوحاکە کەیە هەرچی ئەمری پێ بکرێت بۆ روتبەو نیشان یەك بەدە بەجێی ئەگەیەنێت ئەها تەقەبوو لاوێکی تری سارد کردەوە! ئەوە ئەمڕۆ چەندی والێ کرد لوت بەرزی پێناوێت هەرزانیت هات ڕاکە خۆت بشارەوە تەق نای بەسەری ئەویشەوە هەروا ئەمڕۆش کوڕێکی لەبرایم پاشا گرتو تێ هەڵدا بۆ شەڕواڵت لەپێدایە وتی (سیدي) بەخوا چاوم کردوٚتەوە ئەم بەرگەم لەبرابوە و ناسیومە نازانم هیچی تر لەبەرکەم ئەویشی کرد بەساقەی گوللەیەكو نای بەناوچەوانیەوە هەرئەو دڕندەیە دەرکەوت لەدوو خەڵکی موکبەکەی ئەدی عەرز ئەقڵیشایەوە لەترسی کوشتنی بەزۆری لەگەڕەکە شەعبیە دورەکانا ئەگەڕاو هەر خەڵك دەڕابەی دائەدائەوە عەرز ئەرز ئەقڵیشایەوە بەلاّم ئەبوایە چەند کەسێکی هەربکوشتایە خۆی ئەکرد بەمالاّنا بێتاوانو گەنجو جل لەبەری کوردی ئەکوشتن دوێنێ تەقەیان لەخۆی کرد هالە خەستەخانە ٩ مەڕ درا بەعەرزا کەماوە لەبەر ئەمنەکەدا.

کاکی گەورەم کاکە میم میم تا ئەتوانیت برێژە قین
نێری نیە بڵێ پیاوم کوردێ نیە بڵێ ماوم
گشتی لەژێر پێتا مردون زۆرداریو رۆژ وای لێ کردون

تا ئەتوانی بکوژە ببڕە    پەردەی زۆر داریتی بدڕە
ئەمری ئاغات بەجێ بێنە    واز لە سلێمانی مەهێنە
ئەی چلکاو خۆر جوت جوت برا    سارد کەرەوە بەبێ پەروا
تالانی کە سەیارە و ناومالّ    بەرەو خوار بەرە گشت مالّومندالّ
هەقتە گەورە ئەمە رۆژە    بەلاّم تێبگە دنیا دورو درێژە
وەکوو ئەلێن دنیا خڕە    چەرخ ئەگەرێ ئاوا بەدەورە
ئەبێ بزانیت زالّم ئەنەوێ    بەهۆی دادی خوا خراپ ئەکەوێ
داد یەتەڕو بۆ گەلی مەزلوم    ئێوە مانانیش ئەرۆن بۆ جەحیم
دوعام ئەوەیە رۆژمان هەلّبێنێ    پێش ئەوەی زالّم دەس بوەشێنێ

## ١٩٨١/٣/٢٠ – هەینی -سلێمانی

سبحەینێ نەورۆزی ڕەشە بێئەوەی کەس خۆی ئامادەکردبێت چونکە لیمان قەدەغەیە جەژن کردن بێجگە لەدلّ ڕەشیو ماتوو بێتاقەتی میللەتەکە هیچی تری نیە، عاسمانیش ڕەشە بەدوکەلّی تایە سوتانن کەلە پەناو پاسارا خەلّکی خۆی پێ ناگیرێ، چاو نەترس ئەزانی کوشتنو گرتنی لەدوایە بەلاّم هەر ئەی سوتێنن بۆ نەورۆزی سبحەینێ ئەمە بیست سالّە بەدەستیانەوە دەنالّێنین بێجگە لەئەم شەڕە دەست کردە کەکەوتوینەتە ژێر چەپوکو چنگی دوو هەژدیهای دوژمن بەکوردو ڕەگەزی... خەلّکەش لەتاو هاتنەوەی چەندەها شەهیدی لاوی گەنجو خوێن گەرمی کورد لەبەرەکانی شەڕەوە. نازانم لەپێناوی چیا ئەم هەمووو لاوەی کورد شەهید بێ بەناحەق و بەبێ سود بۆمان.

## بۆ نەورۆزی ڕەش ئەڵێم:

چەرخێ بگێڕە خوای تاقانە ڕۆژمان بێتەوە    شێرو شێرەوان بەخۆشی و شادی بگەڕێتەوە
چەرخێ بگێڕە ئەی یەزدانی پاك چەرخی چەرخان بێ    چەرخ نوێیە هەمیشە و دایم بۆ کورد ژیان بێ
چەرخێ بگێڕە شای هەموو چەرخان    شێرانی برسیو ماندوی کێوەکان
ماندوو برسیەکان دەربەدەرەکان    بێ لانو بانو بێ دێهاتەکان
دێ پێچۆڵکراو هەڵکەنراوەکان    ئاژەڵو ناوماڵ تالآن کراوەکان
خێزان ڕامالّی بەندیخانەکان    ماتو ئەسیران لەناو زندانان
پەرشو بلاوی ولاتی بێگانە    یا تەفرەدراو بەپارەکڕان
ئەمانە گشتی بێنەوە لامان    بۆ کوردوستانێکی بەدڵی هەموان

## دیسان لاواننەوە بۆ حاڵی کورد

**١٩٨١/٤/١٩**

داخی گران بۆ نیشتمانم چی لێقەوماوە    گەل خەفەت بارو دڵی شکاوە
ڕۆڵەی قۆزو جوان زۆربەی کوژراوە    یاخود لەزیندان توند توند کراوە
یاخود هەلآتوو لەتاو عەسکەری    لەبن پچکو کێو خۆی حەشار داوە
بۆشاری جوانم پەپوی تیاخوێنی    دێهاتی جوان جوان گشتی روخاوە
گشتی ئاوارە گشت سەرلێ شێواو    هەرچیش کەهەی بوو تالآن کراوە
ئەوەی کەمابێت لەمیوە و ئاژەڵ    بێ خاوەن کەوتوو بۆ شەڕ براوە
دوکانی چۆڵو ماڵیش بەرەلآ    هەرچی گەنج هەیە بەزۆر گیراوە
لەوسەرەوانێ یا بەدیل گیراو    یاخود تەرمەکەی بۆشار گەڕاوە
ئەو بەتەمانانەی لەشارا ماوە    دڵشکاو دڵتەنگ ڕەنگ بزرکاوە
واتە واتەی شەڕ لەناوا زۆرە    کەهەر دوك شەڕ بێننە ئەم ناوە
هەرچی دێهاتی کوردی ئەودیوە    بەزۆرو ناهەق تێوەی گلآوە

زۆربەی شارو دێ کەهان لەودیوا    پڕ تەقە و تۆپو ساروخ تەنراوە
هەردوك دوژمنی ئەم کەرتەیە    هەردوکمان لەژێر پێدا شێلراوە
دێ نیە تەنها گەنجێکی مابێت    هەر پەککەوتەو پیر توو نەچێنراوە
هەرشارەی رۆژی سەد پرسەی تیایە    یا بەدڵ ئەمرن یاخود کوژراوە
تەرمی رۆڵەی کورد کەیەت بەرەو دوا    لەسندوقەکەی خاین نوسراوە
عەرەبیش پارەو عەرزو سەیارە    سنوق بەئاڵای عێراق پێچراوە
نەك هەر لەژینا لە مردنیشا    لەگەڵ ئێمەدا فەرقو جیاوازی بەزۆری کراوە
یەکی لەبەعسێ کوڕی کوژرابێ    بۆی بوەتەخێر وەك تاوەباران پارە ڕژاوە
(سید الرئیس) ئەچێ بۆلایان    دایکە ماچ ئەکاو وەعدی زۆری پێ داوە

## خۆزگەیە

**١٩٨١/٧/٣ – سلێمانی**

خۆزگەم بەخۆزگەی هەموان دونیا وەها بوایە    کتوپڕ زاڵم دەستی نەمایە
خوایە خۆزگە کەم زووبۆم بێتە بەر    پێش ئەوەی گورزی خۆی بوەشانایە

## کوڕێ بۆدایکی نیشتمان ئەڵێ:

**١٩٨١/٩/٢٠ – یەکشەممە – سلێمانی**

دایە ئەڕۆم دایە ئەڕۆم    دایکە ئەڕۆم نایەمەوە
خەمو پەژارەو ئەسرینم    لەدڵ لەچاو ئەسڕمەوە
خەمی شارە غەمگینەکەم    هەرگیز لەبیر ئەبەمەوە
دایە ئەڕۆم بۆ وڵاتان    ئاوارەیی بێ نیشتمان
هەروەکوو شێتو پەتیارە    ئەی دەمبەر هەموو ژیان

چـــونکە یـــەکێکم لەوانـــەی ژینـــی بەغـــەم دارێـــژراوە
رۆژێ کەهاتمـــــە دنیـــــاوە هـــــەموو ژیـــــنم واژیـــــاوە
مـــن یـــەکێکم کـــە زۆر دڵـــسۆز ژیـــنم هـــەر تـــەرخانی تۆیـــە
هەرچـەندە بۆتـۆ هیـچم پـێ نـەکرا گـشت تێکۆشـانم هـەر لـە بۆتۆیـە
هـــەتاکو بـــژیم هـــەرئاوا ئـــەبم گشت خۆشیو شـادیم ئـازادی تۆیـە
دایـــە ئـــەڕۆم بـــۆ وڵاتـــان ئـــاوارەیی بـــی نیـــشتمان
ســـەری خـــۆم هەڵئـــەگرم ئـــەڕۆم هـــەتا مـــاوم بـــێ ناونیـــشان

## ١٩٨١/١٢/١٤

**پێشمەرگە قارەمانەکان ئازاو دڵسۆز یەکتریان کوشت:**

دەردم گرانـــە مـــەرگم ئاســـانە بۆ ئەو هەمووو لاوە جـوانو گەنجانـە
هـــۆ کاکـــە بۆچـــی واتـــان کـــرد دو ملیـــۆنی دا دەســـتت هەڵئـــەگرت
کاکـە جمـال و کاکـە شـێرکۆ گیـان بۆچی واتـان کـرد دەسـتتان چـوە خۆتـان
ئەو کـارەی کردتـان کردەنـی نـەبوو دوژمن هەڵپەرکیو شایو خۆشـی بـوو
بـــەدوو ملیۆنـــان هیـــچتان نـــەکرد زۆر بەئاســـانی دڵتـــان خـــۆش کـــرد
وامـــن ئەینوســـم ئـــەو دوســـێ دێـــرە بۆشـینی هـــەردوك كەمـــەوێ خێـــرە
هەرچـــەند بنوســـم ئـــەمن بـــۆ شـــینتان هـــەر تـــەواو نابـــێ ژانو ناســـورتان
داخەکـــەم بۆتـــان ئـــەوە چـــیتان کـــرد دوو شێری نەمر چـنگتان لێـك گـیر کـرد
بۆ کامتان بگریم شێری شـێران بـوون لەگشت کۆڕێکا مەردی مەیـدان بـوون
بـەلام داخەکـــەم خوێنتـــان هەرزانـــە یـــا بەدەســـتی خـــو یـــا هـــی بێگانـــە

## ١٩٨٢/٣/١١

ئـــــــەمڕۆ یـــــــانزەی ئـــــــازارە دڵ پـــــــــڕئێش و ئـــــــــازارە
ڕۆڵـــــــەمان گـــــشت ئـــــاوارە ژیـــــن ســــــەخت و نالـــــــەبارە

## ١٩٨٢/٣/١١ – سلێمانی

گەر گەلێ هەستاو داوای مافی کـرد نابـێ لـەهیچ شـتێ چـاوی بترسـێ
لەشەق تێهەڵـدان لـەدار تـێ بـڕین و نینـــــــــۆك دەرهێنـــــــــــان
ئیعـــدام کـــردن و بوتـــل تیاشـــکان خـــوێن تیـــا بـــڕوا هـــەتاکو نـــەمان
بـار پـێ کـردن و مـاڵ و خـۆ سـوتان تـــالان کـــردن و تـــاریکی زینـــدان
ئەو گەلە هەرگیز سووره لەسـەرماف نـەوەك ئـەم مافـەی کەداویـە پێمـان
ساڵەو ساڵ هەندێ گـۆرانی کـوردی لەبری خۆشـیەکەی یـانزەی ئازارمـان
ئەو مافەی کە گەل دڵی پـێ خۆشبێ بەشەق ئەسـەنرێ نـەك بـدرێ پێمـان

## ١٩٨٢/٤/١٥

**بە موناسەبەتی ئەوەی حەوت ساڵ ڕێگەمان لێ قەدەغە کرا حەوت ساڵ ڕۆڵەکانم نەدی، هەروا براکانم لەهەندەران بوون بە هەنسکو گریانەوە ئەمەم وت:**

کاکـــــە هـــــەموو زوو وەرنـــــەوە ئـــــــیتر وەرن مەڕۆنـــــــەوە
هـــــەموو پـــــەژارەو ئەســـــرینیش لــــــەدڵ لەچــــاو بــــــسڕنەوە
کاکــــــــەبم بــــــــەقوربانتان قـــــەڵغانی دەوری ســــــەرانتان
لەهەنـــــــدەران دەی وەرنـــــــەوە خێـــــــراوەرن بەدەنگمـــــــەوە
چـــــۆڵی و تـــــەنیایی و بێ کەســـــی لـــــــەماڵ لـــــــەدڵ بــــــسڕنەوە

### ١٩٨٢/٨/١١ – سلێمانی

گەر خەمت دەوێ لێرە هەرزانە  گەر مەرگت دەوێ لای کورد ئاسانە
خۆشیو بەشارەت دەگمەنو گرانە  کوللە و چۆلەکەش وێنەی خۆمانە
ئاوا ئەکوژرێ رۆڵەی قارەمان  کە تەنها یەکی هەزار بەوانە
ئەمن بڵێم چی لەگەڵتا زەمان  میللەتی کوردەو ژێر چەپۆکیانە

## رۆژی ئازادی

### ١٩٨٢/٨/١٩- سلێمانی

کەخۆم ناسیوە هەتاکو ئەمڕۆ  ئاهوو ناڵەمە شەوو رۆژ بۆ تۆ
لەخوام داوایە پێش ئەوەی بمرم  ئەو رۆژە خۆشە بگرێ چواردەورم
هەریەتە ئەوەی نزیك بمەوە  دەستێکی چەپەڵ ئەم کات رەنجەڕۆ
ئەوە پێشەمە هەزاران ساڵە  باوو باپیرمان کراون دەسخەڕۆ
لەهەموو زیاتر خوێنیان رژاوە  دوژمن لەخۆشیا حاڵی نەماوە
خوا بکا باوە! نورەی ئێمە بێت  ببینین دوژمن لەقوڕا چەقاوە
خوا بکا باوە نەوەی دوا رۆژمان  ئازادی ببینین ئەبن سەرگەردان

## شاری سلێمانی خۆشەویست

### ١٩٨٢/٩/١٩ – سلێمانی

ئەی شارەکەم ئەی شارەکەم  ئەی شارە دڵ پڕ کەیلەکەم
کێوی بەرز بەرز دەورەی داوە  دوژمن کرنوشی هێناوە
کام خواردنی کوردەواری  تۆ لەهەمووی بەتامتری
هەنگوینی دارەکان  شەمە ترینکەی قڵیشو بەردان

تۆ لەهەمووی شیرینتری جێی پیاو چاکو شاهو میری
جێی رابردوی گەلی کوردم جێی نزرگەی باپیرەکەم
تۆ نمونەی شاری جوانی لەهەمووو دنیادا دیاری
زۆرت دیوە هاتونەهات لافاوو کۆستو کارەسات
چەند جار بۆمبای شەڕی دوژمن تۆپو تەقەی زوحاك پرقین
جاری ماوتە کەمت دیوە تۆپی خومەینیش بەڕێوە
چین چین لاوی ون کراوت زیندە بەچاڵ یا خنکاوت
دێهاتی تەخت کراوت خێرو بێری گشت دزراوت
جارێ ماوتە کەمت دیوە ورد ورد هی تریش بەرێوە
ئێشی دەستو سفەتکاریت رۆڵەی بەهەڵپەو بەکاریت
میللەتە پتەوە بەهێزەکەت چاونەترسو شالآو هێنەرت
لەهیچ سەڵ ناکەیتەوە جێی باپیرانت گرتۆتەوە

## ١٩٨٣/٣/١٥

تاکسی ئەگرن بۆ بیمارستان غولغولەی رۆمە و لەوێ هەستاوە
هەر ئەپشکنن لەناو دەستو قاچ کە دەستەو قاچەو فرێ دراوە
لەناو دەستاندا ئەیدۆزێتەوە بەسەماتەکەی کوڕی کوژراوە
سنوقێك ئەکرن دەستی تێئەخەن بۆ شاری خۆیان گشت بەرەو دواوە
هەزاران پارچەی لاوی قۆزو جوان لۆری‌و مەنشەئەی لێپر کراوە
ئیعلام ئەپرسێ ئایا هیچ هەیە حاشا لەشیمال هیچ روی نەداوە
تەنها دوو شۆفڵ لەگەڵ دووتاق جێب دو شۆفێرەکەی زامار کراوە
لە ولاتی جنوب یەك شت روبدا تەپڵو دەهۆڵی گورج بۆ لێ دراوە

دوکـەس بکوژرێـت ئـەڵێن هـەزارە    هـەقی ئەسـەنن لەهـەر چـوار لاوە
کـوردی رۆژ رەشـیش پێـشێلی کـردوین    دیو سـەرو ماڵـمـان هیـچی نـەماوە
لەعالـــەم نکـــوڵ نابـــێ بـــزانن    گـــشت شـــتێکمان ئـــاواونو شـــار راوە
هـەر خوامـان هەیـە کەهـەق سێنەرە    کاتێکـــت زانـــی هـــەمووی شـــاراوە

## ١٩٨٣/٤/٤

ئالەم رۆژەدا دڵسۆزێك هات ووتـی مژدە مژدە پێك هاتن جوتـە بـرا یـەکیان گرتـەوە یـەك دڵ یـەك پـەیمان هێـشتا لەباسـی ئـەو خۆشـیەدابوم نـەم ئـەزانی لەخۆشـیا چی بکـەم لـەپڕ یـەکێ هـات ئـەو خۆشـیو شاییەی لـێ کـردم بەشین بەچاوێکی پڕ فرمێسكو دڵێکی قوڵپو رەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە خۆی کرد بەماڵاو وتی لێمان قەوماوە وتم چی؟ وتی شانزە قارەمان قەڵاچۆی یەکتریان کردو یەکتریان قڕهێنا بەسـەرۆکایەتی کاکە جەزای ئازاو نەبەرد کە هەمووی یەکی یەکیو هەڵکـەوتو دڵسۆزو خۆبـەخت کـەر، کاکە ئـەوە چی بـوو هێنـدەی تـر رۆژتان رەش کردین دنیاتـان لـێ تاریك کردین کورد رۆژی ئەوەیـەتی؟ دەبا دوژمن ئیتر وازمان لـێبێنیت ئەقڵی بێت هەر لەدورەوە سەیرمان کاتو پێمـان پێبکـەنێت ئیتر بۆچەك لەئێمـەدا بەکاربێنیت ئـەم چەند دێرەم بۆ وتن کە قابیلی ئەوانی دڵسۆز نییە:

ئـەمڕۆ شـینمانە هـەموو کوردسـتان    کۆمـەڵ بەکۆمـەڵ دڵـسۆز قارەمـان
بەدەستی خۆیـان یـاخود هـی دوژمـن    بـەجێمان یـەڵن داخـە بـۆ دڵمـان
کاکەی هەرداو هـەرد کاکـەی رێ پێـزان    هیـوای گـەڵمان بـون شـێرو شـێرەوان
چەندە برسی بوون چـەند خۆبـەخت کـەر    داتان بەهەرزان گشتتان سـەرو گیـان
لـەخۆشـــی ئێـــوەی ئـــازاو قارەمـــان    لاوان بەکۆمـــەڵ ئەهاتـــە ریزتـــان

خۆزگە ئەمزانی هۆی ئەوە چی بوو    کە دەستتان چوە خوێنی یەکترتان
کاکە جەزا گیان لێ پرسراوی ناوچە    شانزە هاورێ بوون یەکترتان کرد قڕان
بۆ کێتان بگریم داختان زۆر زۆرە    گشتان هەڵکەوتوو مەردبوون لەمەیدان
ئەو قارەمانانە ئەو پاڵەوانانە    سەر ژمێر ناکرێن بەئێمەو مانان
یەکی چەند کتێب لەسەرتان بنوسرێ    هێشتا هەر کەمە بۆ هەڵپەو هەڵمەتتان
هێندمانە و برسی هێندە هەرداو هەرد    کۆڵتان نەداو هەرزان سەروگیان
پرسیارێك هەیە بابیکەم لێتان    ئاخۆ ماومانە ئیتر خوێن رژان
هەتاکو ئێستا هەرتەنها دوژمن    ئێستا کە فێربوون یەکتر بێننە قڕان

## گلەیی

**١٩٨٣/٧/٥ - سلێمانی**

**بەمناسەبەتی بیست و پێنج پێشمەرگەی قارەمان کە لە قڕگە شەهیدکران:**

بەبیست و بەسی کەشەهید ئەبن    کەچی بەدەستە ئەچن بۆ سەیران
داخی ئەم خەڵکە چەند بێ شعورن    ئەڵێی نەبایان دیوەو نەباران
هەندێ لەوانە دەستم لێ شتون    کەخۆیان خستە پاڵ خۆ فرۆشان
زۆریان رۆژێ گوایا دڵسوز بوون    ئەمرۆ بەپارە زۆر هەرزان کران
جاش و جحوشان ئەمرو فرسەتە    چەکت هەڵگرە بۆ کوشتنی شێران
پارەت بۆ خۆشبێ دڵسۆزی چیە    پارە ئەت کاتە پیاوی ناو پیاوان
هەی نەفس نزمو هەی ناکەس بەچە    دڵتان زۆر خۆش بوو بۆ کوشتنی شێران
چەکت ئاراستەی دوژمن کردایە    ناوت ئەنوسرا لەمێژوی گەلمان
ئەقڵ پەیدا کەن چاو بکەنەوە    بەس بتانخەڵەتێنێ دوژمنی درمان

چۆن دڵتان هاتوە چۆن توانیوتانە چنگتان بچێتە ناو خوێنی خۆتان
ئیتر بەسیەتی چاو بکەنەوە بزانن چۆنە ڕشە کوژی میللەتمان
سەرەتای ژینمان هەتاکو ئەمڕۆ هەرگیز نەبوە وەك ئەمڕۆ ڕەشی ڕۆژمان
ئیتر بەسیەتی نەگبەتی چاوبەستراو بەیەك دڵیەوە یەتەوە باومان
هەر بە یەکیەتی هیوا ئەڕۆێنین هەر بەیەکێتی ئەبەزێ دژمان
ئیتر بەسیەتی هەموو یەکگرن بەوناوە زڕاوە چی کەوتە دەستتان
دڵسۆزو مەردی دەس حستنە ناودەس بۆ گشت بەرزیەو بۆگشت ناونیشان

## بەیانی تازە

**١-٢/١١/١٩٨٣ - سلێمانی**

بە بۆنەی ئەو مژدە خۆشەوە کە گوایا میری لەگەڵ یەکێتی ڕێکەوتوە و پێك هاتون گوایە دوانزە بەندی بەدڵی هەموو کوردی تیایە و بەم زاونە لەو بارەوە بەیان دەردەچێ، بەڵام هەموو درۆو دەس برین بوو لەلایەن زوحاکەوە جالەوکاتەدا تۆفیق وەهبی بەگ وەفاتی کرد لەسەر وەسیەتی خۆی کەدەمێك بوو وەسێتی بو هاوڕێو خۆشەویستی کردبوو گەر مردم تەرمەکەم بەرنەوە وڵات لەخزمەت پیرەمەگرونا بمنێژن، تەنها ئەو چەند ڕۆژی پشوە کەتەقەنەما هاتنەوەی تەرمو ناشتنی ئەوی تیابوو بۆ پیرەمەگرون هەرئەوە بەتەنیا بۆ سبەینێ زوحاکی سەردەم (صدام حسێن) پاش گەز بوەوەو دەست کرایەوە بەشەڕ وەك هەمان کات دەس برینو پاشگەز بونەوە منیش وتم:

پێو قدومت خێربێ بەیانی تازە هەل بێ بۆ کوردان بەیانی تازە
ئەو بەیانەی کورد ئاواتە خوازە بڵێی کەراست بێ یا پیلان سازە

بیرمـــان چـــێتەوە ســـوێی هەرەســـەکە    کـــەنۆ ســـاڵە بـــۆی ناڵـــەو گریانـــە
یـــاخوا دوای بـــڕی ئـــەو ڕۆژە تاڵـــە    خـــوی پاشـــە لەقـــەی تـــا ئـــەمڕۆ زاڵـــە
بـــۆ ئـــەو یەیانـــە هـــەزاران لاو ڕوی    هەزاران ئاوارەو گووم بوان بـۆ بـوی
هـــەزاران دێهـــات ســـوتێنراوە پێـــی    هەزاران ماڵوێران شەلوشێت لـەڕێی
چەپڵەو هەڵپەرکێی گـەنجان بـێ بەراست    بـەیان بـەیان بـێو بـۆ گـەلی مـن بـێ
وەرەی ئوتومبیل گـوێم لـێبێ بەشـەو    نـەوەك ئـەوکارە کـولاوەی دڵ بـێ
یاخوا ئەو خۆشیە خوا بیکـا بەراست    ئەمن چیم ئـەوێ دڵـسۆزان بەڕاست
کوێرە چـیت ئـەوێ دوچـاوانی ســاخ    قەت باوەڕ ناکەم ڕاستە یـاخود خـەو
خوایـە بەسـیەتی کۆتـایی خـەم بـێ    بۆ چ ژیانی کـورد هـەرگیز هـەر تـەم بێ
کـێ لـەکورد زیـاتر خـوێنی ڕژاوە    تاکـەی ژیـانی نـەنگیو سـتەم بـێ
زریکـەو گریـەو چـەپۆك لـێ دانـە    گشت خەلق ڕای ئەکرد بـۆ ئـەو کۆڵانـە
مـە یتـی چ لاوێـك هالـە دەرگانـە    هـەتا بـەیانی هـەر قـوڕ پێوانـە
ئێـستا لـەخۆشـیا چـەپڵە لێدانـە    قاقـاو گـۆرانی لەسـەر لێوانـە
یاخوا ئەو خۆشیە خوا بیکـا بەراست    ئەمن چـیم ئـەوێ خەڵکینـە بەراست
کوێرە چـیت ئـەوێ دوچـاوانی سـاخ    بەسیەتی کوێری کـوردی دڵ پـڕ داخ

## لۆمە

### ١٩٨٤/٥/٧ – سلێمانی

وارێکـــەوت ڕۆژێ لـــەڕۆژان    لـــەناو دەشـــتو کێوەکانمـــان
ئاســـکێکی خنجیلـــە و شـــوان    گەمـــەی ئـــەکرد نـــەك هـــاوەڵان
ســـەرێکی تـــوانجی هـــەڵبڕی    کـــردی ســـڵاوی پـــڕ لۆمـــان
ئـــــاژەڵێکی بەســـــەزمان    بـــێ دەرەتـــان بـــێ لانـــەو بـــان
دەنکـــی بـــێ یـــەکتر هەڵناکـــەین    هـــەموو یـــەکین گـــەورە و وردمـــان

ئێــــوەی خـــــاوەنی کوردســــــتان  وڵاتێکـــــــی بــــــەرین و پـــــــان
پــــڕ خێـــرو بێـــرو گــــەنجی زەمـــان  دەنکـــــێ نرخــــی نیـــــە لاتــــــان
لەســــــەر ئــــــەو خاکـــــە پـــــیرۆزە  گـــــشت یـــــەکترتان هانیــــە قــــڕان
پـــــەیتا پـــــەیتا یــــەکتر ئــــەکوژن  ئەیخۆنــــــەوە خــــــوێنی گەشـــــیان
ئێوە نەبن کێ یــە براکــەی ئــەکوژێ  ئــــەی کرۆژێـــت ئێـــسك و پروســـکیان
هــەڵ ئەکوتێتــە ســەر مــاڵو بنکــەی  ئـــــەی خواتـــــەوە خــــوێنی گەشــــیان
ئــــیتر بەســــــە عەیبــــــە بۆتــــــان  عیــــــبرەت بگــــــرن لەپێــــــشینان
گەر گشت یــەکبن دەس لــەناو دەس  دوژمــــــن زەفــــــەر نابــــــا پێتــــــان
بەیـــــەکێتی پـــــاڵ پـــــشتی یـــــەك  لـــــەدەس مـــــەدەن هـــــەلو مافتـــــان
بــــــەپارە وەتــــــەن مەفرۆشـــــــن  ................................

## هەرەسەکە

١٩٨٤/٥/١٨

لەمێــژووی دنیــا نــەبوە وروی نــەدا  پشت کەیە گــەلێك خــوی باتــە پــەنا
خۆشــا گەورەکــەی کــەهۆی یەکــەم بــوو  لــــەپاش ســـی ســـاڵ تەختەکـــەی ڕمـــا
دەست بری بێ بار نامــەردی بــەدکار  ئەتۆ چیت لــێهات گەلیش وەك خۆی مــا
ئــەوەی کەدەســتی لەهەرەســدا بــوو  شــتێکی بوبــوو، ئــەمیش گیــان ئــەدا
یــەکێ لەوانــە دەردێکــی وای گــرت  پزیــشکی دنیــا بــۆی چــارە نــەکرا
داپــیر غانــدیش کەدەســتی تیــابوو  دو کــورِی هــەبوو یــەکی تــۆپێنرا
براکــەی میــسر دەلاڵــی هــەردوك  هەر بەدەست ڕێژێ گیــانی لەدەســتدا
شــــایەکی بــــچوك مــــاوە کــــەتیابوو  قوربەسەر ئەویش ئــەوبۆ کــوێ ئــەڕوا
ئائــەو چــوار کەســەی کەدەســتی تیــابوو  داد بۆی یەتــەجۆش یــەك یــەك بــەرەو دوا
ئیمانتــــان هــــەبێ نــــەمری بۆگەلــــە  زاڵــــمو زۆردار نــــای خــــوا تاهــــەتا

ئـەوە خـوا کـردە هەرئـەبێ وابـێ   تـــەرازوی دادە ئـــەزەل دانـــرا
بناغـــــەی دنیـــا وادانـــــراوە   زاڵـم چـەندە دەستداربێ هەرئـەبێ بـڕوا

هـەموو دڵـسۆزێك دوای شـۆڕش کـەوتن
مـاڵو مناڵیـان جێهێـشت لەهـەردا
بـۆ پـشتگیری بـوو بۆفیـدا کـردن
چـاوەڕێی ئـەمری سـەرۆکە بیکـا
بەئیمانـــەوە دڵێکـــی پـــڕ تاســـە
رویـان کـردە شـاخ لەگـەورەو گـەدا
باوەڕیـان وابـوو کەسـەر ئەکـەون
شـا دەسـتی بـڕین لـەبنی بنـا
دادی خـوای مـەزن ئێجگـار گەورەیـە
نـازانی چـۆن یـەت خـۆی پیـشان ئـەدا
ئەوانـــەی دەســتیان لەهەرەســابوو
هـەق دای بـە عـەرزا یـەك یـەك بـەرەو دوا

## ٢٥/١٠/١٩٨٤ – ٥ شەممە

کێـوێکی بـەرز بـوی پاڵمـان داپیـوە   کێـوە کـەڕوخا پـاڵ بـەین بـەکێوە
نـەپاڵ پـشتێکو نەسـەنگەرم مـا   سـەرۆك عەشـیرەت بـەپارە کـرا
جاشو خەفیفـە جەیـشەکەی شـەعبی   وەتـەنیان فرۆشـت بەقمبـە قمبـی

## ٢٥/١٠/١٩٨٤ – ٥ شەممە

هەستە باوە لەگۆڕەکەت بڵێ پێیان بەیەك گرتن بەیەك گرتن ئەبێ بۆیان
بەشەوو بەرۆژ هەربالۆرەمە لەبەر خۆمەوە کێ گوێم لێ ئەگرێ هەرخۆم ئەخۆمەوە

## ٢٥/١٠/١٩٨٤ – پێنج شەممە

باوە گیانەکەم باوکی دڵسۆزم گوێ ڕاگرە باوە لەکوڵەی بەسوزم
بەچوار تێم کەوتون بەگورزی ئاسن تورکیا و سوریاو عێراقو ئێران
هەتا تۆ مابوی چەند خایەنێ بوو هەموو فاشستو بێ خوا دوژمن بەهۆزم
گەروابێ کەس بێن هەزاران هەتیو لەگەڵو هۆزم
بۆ توانەوەمان هەمیشە بێوچان باوەگیانەکەم باوکی دڵسۆزم
لەباتی ئەوەی خۆی لێ گورج کەین گوێ ڕاگرە باوە لەکوڵەی بەسۆزم
دژ بەوچوار درە هەولی خۆمان بەین بەچوار تێم کەوتون بەگورزی ئاسن
ئەو چوارەتێم کەوتوون بەگورزی ئاسن خۆشمان لەخۆمان بۆینە ملۆزم
خۆمان لەخۆمان بۆینەتە دوژمن هەتا تۆ مابوی چەند دانەیی بوو
هەتا تۆ مابوی چەن خایەنێ بوو هەزاران هەزار لەگەڵو هۆزم
هەزار هەزاران چونکە بێ کەسین گەروانەفامو بێ دڵسۆز ئێمە

## ٢٥/١٠/١٩٨٤

کوردی ڕۆژ ڕەش لێی قەماوە
بەپیلان دەورەی دراوە
شەرەف وەتەن هەموو شت
بەپارەو پول لێی کراوە

هەنــدێ زۆرو هێنــدێ بــەخواهیش
یامنـــاڵ كــار تــــەفرە دراوە
جـاش و خفیفـە یـا جەیـشی شـەعبی
تـەنها بـۆ ئێمـە دروسـت كـراوە
بـۆكزی كـوردە و یابوجـە یـا چـوون
چـیمانە لەمـە رۆحمـان كێـشراوە

## بۆ ئەوانە بوو نەجاش و خەفیفە / ١٩٨٥

كێـوێكی بـەرز بـوی پاڵمـان داپیـوە     كێـوە كـەروخا پـاڵ بـەین بـەكێوە
نـەپاڵ پـشتێكو نەسـەنگەرم مـا     سـەرۆك عەشـیرەت بـەپارە كـڕا
جاش و خەفیفـە جەیشەكەی شـەعبی     هەڵخەڵەتاندنـــە موستەشـــارێتی
هەنـدێكمان بۆچـی واسـوكو ئاسـان     وەتـەنیان فـرۆش بـەجلقو قەمـەری
بەبـەرازیلی و پێـنج سـەد دینـار     دڵسۆز خەفەت بار ناوی خـۆت زڕان
ئـەوناوەی لێـت نـرا كەرسـواییە     وەتـەن پـەروەری بـۆت شـانازیە
جلق چـڵكی دەستە ئـەڕوا و نامێنـێ     دڵـسۆزبی پەنجـەت بـۆ ڕائەكێـشرێ
زۆربـەیان چـاك و دڵـسۆز و ئـازا     پێشمەرگەی خوێن گەرم چاونەترس بێ پەروا
نـالێم خایـەنن هەڵخەڵـەتاون     هەنـدێ نـەفس نـزم بـەجلق كـڕاون
هەنـدێكیان دڵـسۆزی بـۆ كـورد تیامـاوە     هـەر لـەژێرەوە یارمـەتی داوە
هەندێكیش هـەموی بـەجلق نـاكرێ     كـەوت و چـڵكاو خـۆی بۆنـاگیرێ
داخـم بـۆ ئـەوەی كـەناوی زڕا     ئـەو نـاوە پیـسە هـەتاكو هـەتا
كەچـەن دڵـسۆزو چـەندە هـەوڵی دا     لەئاسـتی پـارە خـۆی بـۆ نـەگیرا

## ١٤/٧/١٩٨٥ – یەك شەممە

حەمە عەلی فاتم کە گیرا وەکوو هەموو لاوێ: کە دەگیرێ دایك و باوکی نەك ماڵ، ڕۆحیش ئەبەخشێ بەوەی بۆی بەرەڵابکرێ نەك ئیعدام کرێ.. فاتم کە کوڕەکەی گیرا دەیگوت سەرباری خەفەتی خۆم: یەکێ لەدەرگا ئەدات ئەڵێ ٢٠ دینارم بەرێ کوڕەکەت ئەمشەو بۆیەنەمەوە یەکێ ئەڵێ دەمانچە، یەکێ ئەڵێ ١٠٠، یەکێ ئەڵێ ٢ پاکەت جگەرە هەموو درۆ ئەکەن ئەو گەڕانە کردویانە بەتوجارەت کەس کەسی پێ بەرنادرێ، لەگەورەکان ڕۆژ ڕۆژی شێخ مەحمودو ئەوڕەحمانی برایەتی.

ڕۆڵەی نازداری کورد خزێنرانە ژورێ    تێکرا بەمناڵ و گەنج و پیری
خوایە بەسمە ئەم زوڵمە بخەرە بەرچاو گورێ    هەنێ زۆڵە کوردی چاو برسی هەڵئەپەڕێ
هەرچەندە قەسەدیان ناڕوا بایی فلسێ    بەڵام ئەمن وەك کەر لێی ئەخورێ
بەداخەوە بۆرۆڵەم بەچخ چخو کووت کوت    تۆزی دراوی پێ ئەدرێ
ئەمە هەمووی بۆ دراوە    ئەوسەمایەی پێ ئەکرێ
دەك دارزێن نەفس نزمینە    دراوسوکێبەو پیاوی پێ ئەمرێ
هەر دڵسۆزی شانازیو شەرەفەو ناسرێ    پەنجەت بۆڕا ئەکێشرێ ناوت مێژوو ئە نووسێ

## نیرون

### ٢٣/٩/١٩٨٥ – سلێمانی

کاتێ کە نیرون ڕۆمای ئەسوتان    پێك بەدەستەو ئەیکرد پێکەنان
ئەتۆش ئەی خوێن ڕێژ هەرەکو نیرون    کەئەی سوتێنن دێهاتی جوانمان
فرعەونو نیرون نەمردی نەمرود    ئەتۆی هەرسێکیان سوێندم بەیەزدان

نــیرون هــەروەی کــرد بــەتاقی تــەنیا کـــەناوی زڕا لــــەناو مێــــژوان
زوحاکی خــوێن خــۆر هــەر رۆژەو هــەزار لــەوکارە ئەکــەی بەگــەلو هۆزمــان
قرچـــەی ســـوتانن کوشـــتنی لاوان دڵت خۆش ئـەکا تینـوی بـۆ خوێنـان
فرۆکەی شـومی شـەڕ ئـەنێریّ بۆمـان لەژێر ئاگردا منالّو ئافرەت بوونەتە کولـوان
بــەقاقا ئــەڵێ ئاگرەکــە خۆشــکەن زیـــاتر بــــسوتێ باســـــەروماڵیان
تـــاکو بـــسوتێ دڵخۆشـــتر ئـــەبی هــاواری گــەلیش ئەگاتــە ئاسمــان
بڵێـــی چـــی لیێهـــات ئەونیوتانـــە بەرزیو سەرکەوتن بـۆ گەلـە و گـەلمان
رۆژی تۆ هــەر یــەت وەك هــەمان زوحــاك پارچــەت فـڕێ دەن لــەناو کۆڵانــان

## بۆ منالان لەدایکی داناوە لە سالی ١٩٨٦ دا:

پـــــشە پـــــشە جوانەکـــــەم پـــــــشە بـــــــچکۆلانەکەم
نــــاوە کەشـــت کــــە خۆشــــە پیـــت ئـــەڵێن پـــشە ڕەشـــە
تــــووك درێـــــژو نەرمۆڵـــــە یــــاری کــــەریی بەتۆڵــــە
راوکـــــەری مــــشکی چــــاکی زۆر زیــــــرەكو چــــالاکی
چـــــاوە بزۆڵـــــــەکانت ســــوکوو ســــولیو بازدانــــت
چــــڕنوکت لەکــــەس مــــەگرە جـــــلان لەبــــــەرا مـــــەدرە
هـــــەروا هێـــــدیو هـــــێمن بـــــە میــاو میــاو مەکــەو بــێ دەنــگ بــە

## ١٩٨٦/١/٧- سلێمانی

فــامم کــردەوە دیــم کــە کوردوســتان لــــەباتی خۆشـــی شـــینەو قورپێـــوان
بــێ عــارین هــەرگیز کەئــەژین ئێمــە بەهــەر لا ئــەڕۆی هەرشــینو خەمــە
هێنـــدەمان دیـــوە لــــەکۆنو نوێـــوە دیلــــیو ئیعـــدامی تـــریش بـــەرێوە

بۆیە ئەم کوردە هێندە بەهێزە     وەك قەندەهاری جیرو بەپێزە
چین چین دەستیان لەقورتمی ناوە     هەزاران ساڵە هەرنەخنکاوە
رۆژێکیش هەریە هەق بکەینەوە     مافی هەزار ساڵ بسەنینەوە
هەرچەند ئێمە نای بینین بەچاو     نەوەی دوارۆژمان ئەی بینێ تەواو

## بەتاسەوەم

**١٩٨٦/٣/٨ – سلێمانی**

دە ساڵە بەتاسەوەم بۆ بینینی ئەو هەوارگە جوانانە
وەکوو دایکێکی دڵسۆز بۆ بینینی کوڕی ناو ئەم شەڕە کوڕی تاقانە
چۆن لێم قەدەغەکرا تەوێڵە و بیارە و پیرە مەگرون
خوا چۆن قبوڵی ئەکا ئەم هەموو زوڵمو زۆرانە
هەمیشە رۆژانی پشومان لەوشوێنە خۆشانە بەسەرئەبرد
وەکوو بێگانە بێبەریم لەبینینی ئەو سەیرانگاو شوێنەوارانە
لەگەڵ ئەوەی قەدەغەیە لێم نابێ ببینم
خۆزگە هەرئەوەبێ نەك تاڵانو روخانی ئەو هەمووو دێهاتە جوانانە

**١٩٨٦/٣/٨ – سلێمانی**

کەوتومە ناوگێژاوێکی ناهەموار     لەناو سێ جەنگا هی خۆمانو هی بێگانە
جەنگی براکوژیو هی بەعس لەگەڵما     پلیشاویشمەوە لەژێر هینی بەعسو ئێرانا
لاومان نەما قڕهات بەم سێ جەنگە     زمانم لاڵە دەستی شکاوم بۆئەم هەموو بێ مرادانە
لەهیچ دامو دەزگایەکا رۆڵەنەما     گشت کاربەدەستو ئیشکەر بۆتە هی بێگانە
لەگەڵ ئەوەی رۆڵە نەماو قڕهات     خێرو بێربشمانی دابەکۆڵیا ئەو ئەفسەرە چاوچنۆکو چەتە دزانە
قەیسەریو دوکان هەموو تاڵانە     گشتی بێتە نەگبەتیو دەردو دوو بۆئەوانە

## لەگەرمەی جەنگی عێراقو ئێرانا

**١٩٨٦/٣/٨ – سلێمانی**

واقی ورماوە ئەم خەڵکە کۆتایی ئەم کارە چۆن ئەبێ    پیرو جوان واتاساوە ئاخۆ چۆن ئەڕوا چۆن ئەبێ
هیچ کەس ئاگای لەخۆی نیە لەتاوی رۆڵەی شیرینی    ئەوەی برابەرەو جەنگ ئیتر ئەی بینێ یان نای بینی
هەر رۆڵە رۆیشت بەدڵێکی تەنگو چاوی پڕ فرمێسك    سبەی تازێی بۆ دانرێت چاوەڕێی تۆزی ئێسکو پروسك
نەبوە روی نەداوە چەن سەردەم جەنگێکی وابێ ئامان    هەرچی خەڵکی خۆیو ماڵو منالی کوژرا یا دیارنەمان
داخەکەم ئەم هەموو گەنجو ماڵو شارو نەختینە پوختە    هی هەردولا بوو بەدرکەڵ لەگەڵ رۆڵەی ئەم گەلە سەر سەختە
هەموو خەتای بابە گەورە بوو مەسلەحەتەو دوژمنی گەلان    زوحاکیش تینوی خوێنو دوژمنی کوردان
بەهەر دووك پێکیان هێنا هەرکەسە بۆخۆی    هەرویستیان بۆ ئەم دوانە چوە سەر بۆی
بەچی جارێکی تر پەیا ئەبنەوە ئەم بەچکە قارەمانانە    بەچی دروست ئەبێتەوە ئەم هەموو ماڵو دێو شارە جوانانە
هەردوو دیویان تێوە گلانو قڕیان هێنان    کوردی ژین ئەفسانە لەژێر پێیانا شێلران
تەنها بۆ کوردبوو گشتی ئەم پیلانە    هەرچەند هەقی تیا چوو کورد بیانوو بوو چونکە سنوریانە
ئاخ لەوناسۆرو نەگبەتیەی تێی کەوتین    هەرچی چەکە تیامانا تاقی کرایەوە بەپارەی خۆمان پێی فرۆشتین
هەردوو گەلی ئیسلامی عێراقو ئێرانی تێوە گلان    کردنی بەگژیەکا کوشتار وەکوو قڕی کوللەو مێرولان
بەچاو ئەبینیت کوت کوتو پارچەی رۆڵەی ئێرانی    بەشانازیەوە ئەڵێت ئاسەیری کەن چۆن فرمان پێ هانی
بەڵام باسی ناکا چی لێهات رۆڵەی خۆمان    کەدەئەوەندە کوژرا و فڕی درایە دەریای عەرەبان

## ١٩٨٦/٣/٢٨

**هێند دڵ پڕ تاسەی ئەو جێگە خۆشانە بووم ئەمووت.**

**دەساڵە بەتاسەوەم بۆ بینینی ئەو هوارگە جوانانە**
**وەکوو دایکێ بەبینینی کوڕی ناو ئەم شەڕە، کوڕی تاقانە**
**چۆن لێم قەدەغەیە تەوێڵەو بیارەو پیرەمەگرون**

خوایە چۆن قبوڵی ئەکەی ئەم هەموو زوڵمە زلو زۆرانە
هەمیشە ڕۆژانی پشوومان لەو شوێنانە بەسەر ئەبرد
ئێستە وەك شبر وامە بۆ بینینی ئەو شوێنە دەگمەنو جوانانە
لەگەڵ ئەوەی مەحرومەو قەدەغەیە لێم
خۆزگە هەرئەوە بوایە ئەك تالاّنو ڕوخانی گشت ئەو دێهاتانە
کەوتومە گێژاوێك لەناوسێ جەنگا هی خۆمو بێگانە
جەنگی برا کوژیو هی بەعسی چەپەڵو ئێرانە
لاومان نەما دەك نەمێنم بۆ شەهید بونی گشت ئەو لاوانە
لەهیچ دامو دەزگا یەکا لاو نەما
گشت ئیشکەرو کار بەدەست بۆتە بێگانە
لەگەڵ ئەوەی قڕیان هاتوو نەمان
خێرو بیریشمان درا بەو گولانە

**سلێمانی – ١٩٨٦/١٠/٢٠**

ئێمە ڕۆڵەی سورو سەوزو سپیو زەردین ئێمە ڕۆڵەی میللەتێکی ئازاو مەردین
ئێمە ڕۆڵەی ئەو شێرە نەبەردانەین وەچەونەوەی ئەومەردانەین
گەر نەڕەو قیڕەیان لەکێو بڕا بلێ ئەما کورد نەما بەجارێ فەوتا
ئەوەی ڕوی دا لەکورد نابێتەوەو نەما بەئێوە شەوەیە ئێوەش یەکگرن جوتەبرا

## شیعری دینی

### ١٩٨٦/١١/٢٩ – سلێمانی

هەوڵــدە بــۆ دونیــا وابزانــە نامریــت     لــە بۆقیامــەیش کەســبەی ئــەمریت
بۆخــۆی فەرمویــە نــازداری خــودا     لــەو فەرموودەیــە دەنگــێ لامــەدە
ئــەمڕۆ ژیانــەو ســبحەینێ مــردن     گــشت مامەڵەیــە لەئەســتۆو گــەردن
بــۆت دانــراوە ئەوتــەرازووە     لــەکاتی ژینتــا هەرچــیت کــردوە
گــەر لای چــاکەکەت قورســبێ ســەربەرزیت     ئــەوەت لــەبیربێ بــەهیچ نــەنازیت
هەرچــاکە چــاکە بــۆ دیــن و دنیــا     چاکی بــاس بکرێــت لەبــەرەو ڕوو دوات

### ١٩٨٦/١٢/٢

باســی کــێ بکــەین لەکۆنــەو لــەنۆ
لەهــەموو هــەلێك کــراین ڕەنجــەڕۆ
کوردە بەسیەتی چاوبکەرەوە حەیفێکم بۆ تۆ
گشتمان بەجارێ دەبایەکگرین ڕۆژێکەو ئەمڕۆ
بــەس براکــوژی بکەنــە پیــشە
بەقــسەی ناحــەز مــەبن دەســخەڕۆ

### ١٩٨٧/٨/٧ – سلێمانی

شــیر وەشــێنەکان شــیر وەشــێنەکان     شــیر بوەشــێنن قوربــانی دەســتتان
بەڵکو بپەڕێ کەللــەی خوێنرێــژان     زوحاکەکەی نوێی سەدەی بیستەمان

## شینی كاكە ئیدریس

١٩٨٧/٢/٧

هەواڵێ هاتوە دیسان سەر لەنوێ    سەری سەدجارە كورد بوە رەنجەڕۆ
دەستی شكاوم دڵسۆزی راستی    بەشی كوردان هەرشینەو رۆرۆ
بەشی ئەم كوردە كۆستی گەورەو زل    رۆژێ نابێ شادی بنۆشی هەرگیز پڕ بەدڵ
خەبات هەوڵدان سوتانو كوشتار    نیفاقو دەس بڕین و رەنج بوە بەخەسار
دەستم ئەلەرزێ كاكە قەڵەم ناگرێ لەداخی دڵم    لەداخی گەورەیی بێهیواو دڵەی پڕ كوڵم
گەورەكان دڵسۆز خەباتكەر ئازا    خەتای خۆمانە یا دانراوە هەرئەبێ وەها
داخی گرانم شێرو شێرەوان بۆ جەرگم سوتا    لەدەساڵیەوە تۆ خەبات كەری نەگەیشتی بەهیوا
لەخوا بەزیاد دڵسۆزمان زۆرە    بەڵام جێگای تۆ دیارە و هەر چۆڵە
كۆچەكەت باوە ئێجگار ستەمە    نەهەرەسەكەو نەكوێری چەمە
كاتێ جێت هێشتین كاتی وەنەبوو    چی دڵسۆزێكە لەخەما رزی بوو
ئاخ داخی گران كەرۆژمان رەشە    هەرچی دڵسۆزە چەقیو لەقوڕو هەشا
ئا دەنگی ئەوە چی روی داوە    راستە ئەڵێن چوار كوڕی سەرۆكمان بەدەستی چەپەڵی دوژمن كوژراوە

## ١٩٨٧/٣/٣ – سێ شەممە

**بۆ مێژوو – سكاڵای نەورۆزی نوێ وەك سەرگوزشتە لەهەرە هەرە رۆژە رەشەكانی كورد.**

## كزەی دەرونم

نەورۆزی نوێ هاتیتەوە بێ‌ئەوەی كەس پێشوازیت كا، هیچ بیری نیە كەوا وانزیكەو لەهاتندا، نەورۆزی ڕەش باوەڕ بكە هەرگیز رۆژمان ڕەش

نەبوە، هەرگیز وەکوو ئەمرۆ جۆگەلەی خوێن درێژ نەبوە، هەرچەندە بەبیرەوەریم نەکراوە جێژنێ بەدڵی من، بەبێ عاری لەبەر مامەیارە کراوە لەقینی دوژمن، هێندە ژێردەستەو چەپوك بوین کەخەمی دڵمان بەبادەین و بروا، کراوە جلی سورو هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زورنا، لەبەر ڕاکە ڕاکە بۆ گۆڕی شەهیدان و شین و دڵتەنگی، ئەمساڵ کەس بیری نیە دروستی کا هەڵوای جەژن، سەمەنی، رۆژ بەرۆژ تازێی تازە و سوێی دەڵتەزینی تازێکەی بەسەرادێ، رۆژێ نیە بڵێن ئۆخەی خەم و کوشتنی دوێنێم لەبیربێ، ئەمڕۆی تازە هەزار کارەساتی نوێی بەسەرادێ، خەم و پەژارەی دوێنێ وەك چەند ساڵە کەڕوی دابێ، لەڕوداوی سامناکو قوڕبەسەری و دڵ تەزێنەر، گە بڵێم هەزار ڕاستە هەر گەڕەکەی چەن روداوی تۆقێنەر، وا وتیشم یا نوسیشم کوا خواناسێ گوێ بگرێ لێم، داخم زۆرە بۆئەم کوردەم چی هەڵڕێژم من چی بڵێم، هەموو دادو زەمیر خۆی لەکورد شاردۆتەوە و کورد بێبەشە، وا وتیشم یا نوسیشم ئەمڕۆ کورد زۆر رۆژی ڕەشە، گەر باوەڕم بمایە وای پێنەئەکردین دوژمن، من چیم ماوە لەکەس لەماڵ بەشی کورد هەر روخان و کوشتن، دنیای بۆسەرە و ژێر ئەکرێ و لەسەری هەڵئەدرێ، خەڵکی یەك کەس و دو کەسی لێبەدیل ئەگیرێ یا ئەکوژرێ، پێش سێدارەکە هێند تازەیە قاچی نیە هەنگاوبنێ، من رۆژی هەزارم بێ محاکەمەو پرسینەوە حوکم ئەدرێ، تا جەلادە ڕەش بەفیزێکەوە و بەقاقابێت ملی پیابکا، چاوم کوێرە نەو نەمامی بێ خەتا تەنها کوردیت، نەدزو پیاو کوژە بەمەردی ماوە نەچۆتە سەر رێ چەپەڵەکەی ئەو.

لەسەر تەختەی قەنارە ماوەیە ئەبێ چاوەڕوان بکا
لاوکەس نابینێت چاو بەستراو ئەداتە قوڵپی گریان
ئاخ لەناو دڵی ئەولاوە بێتاوانە بۆمبایە چی ئەڵێ ئەو
هەمووو معاملەو ئەوراقی بۆکراوە کەبیشی ئیعدام کردنی

دایکــو خوشــكو کەســی بــەرەو موســڵ بەشــینو قورپێــوان
هالەموســـڵ کەئەچـــێ تـــازە کـــار لـــەکار تـــرازاوە
تەمـــەن پـــانزە کـــراوە بەهـــەژدە بـــۆ کوشـــتن
کـــوڕی بەنـــەوە ئیعـــدام نـــەکرێ یـــا بگـــری بـــەدیل
زۆربەی خێزانودایك لەسلێمانی نامەی بۆچی کورت دۆزراوە
کـــە هەرچـــی دیویـــەو تـــازین کـــراوە لـــەدڵی دەرکـــا
خانوەکـــەی فرۆشـــتوە گیرفـــان پڕپـــارەی بـــەرتیل
بـە بـیرەوەری بـاو بـاپیرم نـەبوە چـوارده سـاڵ بـدرێ لەسـێدارە
رۆڵـــەی لاو نایـــەڵن دایکـــی لەپێـــشما بـــینیو کاڵابکـــا
ئـــەو تـــازیبو ســـوێیە خێـــزان هـــەرگیز دەرناچـــێ لەدیـــدنا
کـــوڕم چـــواردەیە هـــەی هـــاوار زۆر زۆر منـاڵـــە
ئـــەڵێن نێـــژراوە بـــەرێزەوە دەی بـــا بـــاوك پـــارە دەرکـــا
کـونو قـوژبنی مێـژوو گـەڕام شـتی وانـەکراوە لـەناو گـەلان!
سێـــصەد دینـــاریش بـــۆ عـــەرزی گـــۆڕی، بـــاوك دەری کـــە
دایـك قـوڕ ئـەپێوێ کوانـێ تـەرمی کـوڕم بیبەمـەوە لەگـەڵما
دەوریـــــان نـــــەگێڕا هـــــەروەك ئەکتـــــەران
حـەفتا دینـاریش بـۆ جـەلادە ڕەش سـی دینـاریش بـۆ پەتەکـە
سەرچنگ توێژاڵێکی خۆڵە لابرا برە دارێك بـوو لەجێگـەی دانـرا
هـــەمووی فلیمـــە درۆو توجـــارەتی جـــەلادو ئەمنـــەکان
هـــەرزوو ئـــەو لاوە لەگـــەڵ ســـەدانیش زینـــدە بەچـــاڵکراوە
نـــــەگۆڕیان دیـــــارە نەمـــــەیتی تیـــــادا
یـا سـوتێنراون یـا بەکۆمـەڵ هـەر لـە چـاڵێکا ژێـرگڵ دراون
دیـــارە گـــوڕی لاو بـــەدرو نیـــشان کـــراوە

ئەقڵێکی گەر پارەم بەنێ پێتان ئەڵێم راستەکەی لەکوێ نێژراوە
بەجلو بەرگی خۆیەوە بێکفنو دفنو شتنەکە
لەپاش ئەم هەموو پارەدانە درۆزنێك دێ لەولاوە
بۆ ئەوەی لاوی خوێن گەرمو دڵوزاری کورد
ئەم تاوانو حەپسو کوشتنی لاوانە هەر درۆهەڵبەستە
کور کوژراوو رەنج بەخەسارو کۆست کەوتوان
هێند پارەیان لێکێشرایەوە سەریشیان رۆیو ماڵیشیان
هەرچی کوردی دڵسۆزە کەوتنە سواڵو رەنجەرۆ بوون
هێند بەرتیلی دا کوری بێتاوان رزگاری هەرکران دەسخەرۆ
هەرکەسە چی دیوە بنوسێت هەزار پەرەو بوتڵی حبر ئەبا
نەورۆزی نوێ چیت لا بکەم سکاڵا هی ئەم میللەتە، نایەتەکۆتا
گەر هەمووی بنوسرێ تەنانەت پربە دەریایە حبر وشك ئەکا
کەم خێزان هەیە لەم شارە کۆست کەوتوو دڵسوتاو نەبێ
هەر لە سەفەر بەلكو زۆری تریش لە شەرەکانی عوسمانلی
بێجگە لەم پەتپەتێنەی کەتازەپێمان دەکرێ
کورد لەگشت میللەتێك زیاتر ستەمی لێی کراوەو لێی کوژراوە
دێهاتی جوان جوانی روخاوە و سوتاوە
جاران کوشتن و شەر دژی کورد بوە
بەلام پێنج هەزار گوندی روخاوو چۆڵکراو
خەڵکەکەش بێ کار لەقەریە عصریە توند توند نەجەراوە
صەدەها هەزار خەڵکی دێ سوتاو خۆئاوارەو بێ جی نەکراوە
لەناو میللەتیا رو رەش نەکراوە
خۆ بەزۆر دژی میللەتی زۆربەزۆریان بەجاش نەکراوە

ئاژەڵی هەموان بەنیوە نرخ یا بەتالآنی لێی نە
خۆ پورەی هەنگی قلّیش دارەکان هەڵنەپڕوکاوە
هێلانە و پێچکان هەرگیز هەرماوە هەڵنەپڕوکاوە
هەزاران هەزار کێوی‌و مەلی جوان هەڵنەبڕاوە و هەڵنەپڕوکاوە
کتێبی علمو دین‌و قورئانیان شعروشانامەش گشت نەسوتاوە
مزگەوتی دێهات جێی زاناو پیاوچاك تەخت نەکراوە
پیاوی هەڵکەوتوو بەسەر خەڵکیدا نەتەپێنراوە
دیوەخانەکان جێی شۆڕەسواران جێی لێهاتوان
دروست نەکراوە بەشەقو بەزۆر پیا هەڵنەداوە
تازە شاعیری نوسەری سور درۆنەزان
پوزو جاجمو بەرماڵو مەوجیش
خۆ ئیشی دەست‌و کلاش‌و کەوش‌و ئاسنگەرێتی وکاری داری گوێز
جارانی زوڵمو زۆرداری زۆریش گشتی ئەمانە هەرماوە
کارگەی ئەوکارە لێی نەسەنراوە و نەشکێنراوە
دروست کراوی لەداری گوێزەکان
چەخماخ سازێتی‌و چەقۆی هەورامان پنەو تیرو کۆچانی جوان
بەلآم داخەکەم هەمووو ئەم کارە لەبیرچواوە تاقی نەماوە
چەندەها سفات کەلە هەورامان دروست کراوە
دەهۆڵو زوڕنا ڕەش بەڵەك کەدەست گیراوە
کوا گۆرانیەکان ئاوازی بەجۆش جل ئاڵو والآ
نەشەڕ کەوەو کەڵەشێریش تاقی نەماوە
کوا سەرانگاکان کە مللەت لەحەفتە لەوێدا وەکوو ئەحماوا
چەندت رائەبوارد خەمی زەمانەش ئەدرا بەباوە

پێنجوێن شەقلاوە پیربو ئەزمڕ قەندیل و قەشەنگ
گەلیو سەریاسو زەنگهو زۆرجێگاش سەرسەنگ لەگەڵیا
خۆ پانزە ساڵە ئەو خۆشانە کراوە قەدەغە
هەربۆ جەندرمەی بو میللەتەکە ڕێگە بڕاوە بۆکەس نەماوە
زوحاکەکەی نوێ ئەڵێی خوای دوهەم روحمان بەدەست
ئەڵێ جیلی نوێ لەناو کوردانا هیچی بمێنێ هەرچەندوەندما
ئەم فەرمودەیەم لەپاش چەند مانگێك ئەبێ بەجێ بێ
مژدەم بدەنێ هەریەك بەڕەنگ رۆیو فەوتاوە
ئەوەی فەرمودەم بەجێ نەهێنێ دژ بەکوردەکان
دوا رۆژی ئەویش هەروەکوو ئەوان لەپێنج کەزاوە
ئەم ئەمرەی زوحاك سەر سورێنەرە
پیاو چاکی نیە بۆخوا خەڵکە بۆمان بێتە جواب
ئەی داد پەروەران ئەی درۆزنان نەخشەی خۆتانە
یاخود لەئەزەل چارە نوسێکەو بۆ کورد دانراوە
یا ویللی ماعندە قصە بالحرب گوێمان پڕ بوو
زوحاك کەئەیوت هەڕشە لەکورد دایمە کراوە
ئەوەی بەشداری نەکردبێ لەشەڕی ئێرانا
هیچ کەس ناتوانێ ئەمن لابیا لەم وڵاتەدا
رۆژێکیش وتی کەگشت گوێی لێبوو لەتەلەکانیا
وەکوو کەوتی هیچ کەس نامێنێ لەخۆم بەولاوە
رۆژێکیش ئەبێ عێراق بسوتێ هەرچەند سوتاوە
میللەت محموکا هیچ کەسی ناوێ لەکورسی تاقی بەولاوە
ئەترسم رۆژی شەڕە دەرمان بێ گەکار قڕبینی

ئەمانـە گـشتی هەریـەك دڵوپـە لـەدەریایـەکا لـەم وەرد روی داوە

نـــەورۆزی ڕەشمـــان ســـەرم یەشـــانی هێنـــد ســـکاڵام کـــرد

کاتـــێ ئەبیـــستن کەلـــەپڕ خـــۆی و کەســـوکاری تاقیـــان نـــەماوە

داد هـــەرگیز مـــاوە لای خـــوا گـــوم نابـــێ ئـــەوەی کـــراوە

هەرچـــەند کاتیـــان مـــاوە رۆژیـــان مـــاوە ژیـــان مـــاوە

زۆر ئاخمایـــەنی خـــوا بکـــا داد زوو بۆمـــان بێنـــە جـــۆش

## حل حللی بل بللی
## (یاریەکی منالانە لەناو کوردەواریا)

١٩٨٧/٥/١١

رۆژێك لەو رۆژە تالانەی کورد کە کەس بەتەمای سەری خۆیی و منالی نەبوو بەکۆلانێکا تێپەڕ بووم چەند منالێك ئەم یاریەیان ئەکرد وتم خۆزگەم بەدلی منال ئاگای لەهیچ نیە و توخوا ئەوە خەتایەکی گەورە نیە ئەو منالە بەسەزمانانە بترسێنرێت و بکوژرێت یان دایك و باوکیان بکوژرێن.

حل حللی بل بللی
چاوم ڕشتوە بەکلی
کلی نەبوو تۆفی بوو
لەمالەکەی سۆفی بوو
سۆفی چووە ژن بێنێت
کچەکەی شەفە گول بێنێت
شەفەگولم کوتاوە

لەموسڵم بەرداوە
موسڵ خشتاو خشتە
شیری کاکم لەپشتە
شیری کاکم دۆڕاندووە
ملی ئەسپم پەڕاندووە

هەرچەندە وشەکانی زۆر بێ مانایە بەڵام منداڵ خۆی پێ ئەخافڵێنیتو دڵی پێی خۆشە ئەمنیش لەو رۆژە رەشەی کورد کە پڵیشابوینەوە لەژێر تەیارەی دوو زاڵمی بەگژ یەکا چووی بێ خواو بێ زەمیر شەلم کوێرم ناپارێزم ئەم چەند بەیتەم لەسەر وەزنی حل حللی و بل بللی دانا کە خوێناوی دڵم بوو لەوکاتەدا رژا:

سوارێ هات لەولاوە
تولەو تانجی بەدواوە
وتم خالۆ تۆغربێت
کەی ئێستا کاتی راوە
بۆچی خالۆ نەت بیستوە
بێشەو دێهات نەماوە
بیشەو بن پچلك سوتاوە
دێهاتەکان ڕماوە
لەم سەرە تا ئەوسەر وڵات
گشتی وێران کراوە
وڵات گشتی سوتاوە
هیچ بۆ راوچیش نەماوە

خاڵۆی راوچی بۆت باس بکەم
کەچی لەکورد روی داوە
راوچیە لێزاندکانمان خۆیو ماڵو مناڵیان
تاکە تاکەیان ماوە زیندە بەچاڵ کراوە
کەچی لە کورد روی داوە
دێهاتی جوانو پڕ فەڕ
بە بۆمباکانی زوحاك سوتاوە گشت روخاوە
یا بەشۆفلی شملی شەڕ
لەگەڵ عەرز تەخت کراوە
لە پێنج هەزار گوندی جوان
هیچ بەپێوە نەماوە
لەپێش تەخت کردنەکەی
بەئاژەڵو کەلوپەل گشتی تالان کراوە
هەرچی خوا پێی ناخۆش بێ
ئەوە لەکورد کراوە
بەملیۆنەها دارگوێز
سوتاوە یا براوە
ئەو هەموو کانیاوانە
بە چیمەنتۆ پڕکراوە
میللەتی ئازاو ئیشکەر
گشتی سەر لێ شێواوە
زریانێکەو قیامەت
تەنیا بۆ کورد هەستاوە

## بۆ کوردو مەسەلەکەی

بەسەرهاتوو رووداوی
عالەم چاوی بەستراوە
گوێیان مسی تێکراوە یاخود بێهۆش کراوە
دادیش لەئاستی کوردا
باری کردوە و نەماوە
چۆن هاتوی لەدوور خاڵۆ
ئاوا بڕۆرە دواوە
ئەی غافڵی ئەی نوستوو
نەت زانی چی رویداوە کەلەدنیادا نەکراوە
سەرین بخە ژێر سەریان
کورد ئەمێنێ هەرماوە
دیارە تۆش بۆی بەکلکیان
هێندە پارەت پێ دراوە
ئەمە قەت ناچێتە سەر
بۆ کورد هەوڵێ دراوە بتوێتەوە و نەتواوە
هەستی کوردیم جولاوە
راستە ئەم پەندو باوە
برا بۆیە من هاتوم
بەچاوانم ببینم چونکە گشتی شاراوە
وامن گشتیم دی بەچاو
راستە نکوڵ کراوە راستە ژێرپێ خراوە
چاوی عالەم نوقاوە

دیزەو دەرخۆنە کراوە
خالۆ ئەوە بزانە کەگشت لەئاستی کوردا
چاوی داد پەروەرەکان مانیلوسی تێکراوە
کە لەجێی دێهاتی جوان جوان
ئاخورڕو مەوزوع هەڵچنراوە
لەسنوری شارەکان نابێ بچێ بەولاوە
ئەماکن (محرمە)ن سەدانی تیا کوژراوە
هەمووی پەپوی شمڵی شەڕ لەپاڵ موزوعەکاندا
هێلانەی تیا داناوە
منیش کوێراییم داهات بۆ ولاتی پڕ خەبات
من بۆم دەرکەوت زوڵمی واتەنها بۆ کورد دانراوە
هەموویم دی بەچاوان کەلەعالەمیش شاراوە
ڕاستە ئەم پەندو باوە ڕاستە ئەم پەندو باوە

## ١٩٨٧/٣/١٥ – سلێمانی

شەڕەکە زۆر گەرمە عالەم قڕی هات لەکورد لەعەرەب لەفارس، ئەڵێن: گوایا ٢٥ هەزاری لەکوردو عەرەب تیا چووە بێجگە ئێرانیەکانی ئیسلام. بەڵام نە بە رادیۆ نە بە تەلەفزیۆن باسیشی ناکا بەهیچ نەوعێ، وەك نە بایان دیبێ‌و نەباران... خەڵکی سلێمانی ئاگات لێیە چی مەیت یەتەوە ئەم دیو!! گوێمان کەڕ بوە لەزێرەی اسعاف چی ژن‌و پیاو لەناو بازاڕو بەر مزگەوتی گەورە هی جنوب‌و جێی تر چاوەڕوانی هەواڵی کوڕیانن، کەباسی شەڕی ئەم ناوە ئەکا: زۆر بە بێ ئەهمیەت ئەڵێ لە جەبهەی شیمالیەوە شۆفلێکمان تێك شکاندوە. ناڵێ لەو دیو

**ئەزمڕ لەشار باژێر لەهەورامان لەسەرەوە هەزاران هەزار لاوی ئیسلامو بێ خەتا مەیتیان کەوتوە هەربە دایکو کەسیشیان نالێن ئەمسالیش بۆ نەگبەتی ئێجگار سالێکی ساردو کرێوەیە هەزارەها ڕەق بونەتەوە لەسەرماو برسا، بەسامی کاکە عەلی چوار مانگە لەو دیوە دەنگی نەبوە لەپڕ نیوە شەو خۆی کردوە بەماڵی نەوزادا، چڵکن زەعیف ڕەنگ بزڕکاو حەپەساو بۆگەل تاساو وتویەتی سەنگەرە کانمان بەستویەتی زۆر ڕۆڵەی جنوب ڕەق بونەتەوە.**

**بۆ ئەو موناسەبەتە ئەڵێم:**

## ١٩٨٧/٧/١٥ – چوار شەممە

شەڕەکە گەرمە خەڵکی قڕی هات    عالەمیش نوستوو بێ خەبەرو شاد
گشتی بۆ کوردە پیس لێی قەوماوە    سوتوی گەنجو ماڵ تێکەڵ کراوە
دارو پەردوە و دەستو قاچەکان    ئێسکی ئاژەڵان پێکەوە سوتاوە
لە ئەزمڕ بەودیو هیچ خاك نابینین    بەم ئێسکو پروسکە گشت داپۆشراوە
هەر بستێك ئەڕۆی ئاسنی شکاو    هی دەبابەو تۆپ بە زێڕ کڕاوە
قەت پاڵی جوانو زەویو زاری شین    هەر سەنگەرە بۆی عەرز دڕاوە
ئەم دیو ئەزمڕیش هەرباسی ناکرێ    یا کوڕی دیلە یاخود کوژراوە
دایکو باوکەکان لەکورد لەعەرەب    چاوەڕوانی کوڕ گشتی تاساوە
دەوری دوو حەفتە دایکان چاوەروان    تاکوڕی نازدار بۆی بێتەوە ناویان
بەشەوو بەرۆژ زیڕەی ئیسعافە    هەر لەئەزمڕ کلۆپی دەرکەوت
هەزار رائەکا کوڕمی لەناوا    هەر ئێسکو پروسکە لەگوێنی نراوە
هەرچاوە ڕوانی هیچیش نابینن    ئەکەونە گومان کوڕیان نەماوە

## ٤شەممە – ١٩٨٧/٧/١٥

**حەربەکە زۆر گەرمە لەئەزمڕ بەودیوا عەسکەر لەگەرما سوتا**

ئەم کوردستانە پیس لــێی قــەوماوە  سوتوی گــەنجو مــاڵ تێکــەڵ کــراوە
دارو پــەردوی دێ دەستوقاچــەکان  ئێــسکی ئــاژەڵی تێکــەڵ کــراوە
لــە ئــەزمڕ بــەولا شــارباژێری جــوان  بەئێسکو پروسك گــشت داپۆشــراوە
درەختــی چــڕی ئــەوکێوە جوانــە  گــشتی بــڕاوە گــشتی ســـوتاوە
قــەدپاڵی جــوانی پــڕ کــانیو ئــاوی  بەسەنگەرو مــەوزوع لــەوێ تــەنراوە

## ١٩٨٧/٨/١ – سلێمانی

ئــــەی شــــارە خۆشەویــــستەکەم  زۆرت دیــــوە تــــاڵیو نــــەهات
قژڕنینــــەوەو ســــنگ کوتــــان  کارەســــاتت زۆر بەســــەرهات
چــی رۆڵــەی یــەکی یــەکی یــە  یــا ئیعدامــەو یــاخود هــەڵات
هــــەزار ئەوەنــــدەت پــــێ بکــــرێ  دەنکــــێ لات نــــادا لەخــــەبات
ئــــەوەی تــــۆ هــــەولی بۆئــــەدەی  بەرێوەیــــە هاکــــا واهــــات

## شەڕەکە

## ١٩٨٧/١٠/١١ – یەك شەممە – سلێمانی

ئەمە چی بوو توخوا خەڵقە ئەم نەگبەتیە هاتە رێمان  ئەوەکەسێ نیە بۆخوا تۆزە رەحمێ بکا پێمان
بەس نیە ئیتر هەشت ساڵە کوشتنو برینو سوتان  ئێمە وەك ئێوە بەشەرین ئیتر بەسە تۆبی خواتان
ئێمەش وەك ئێوە بەشەرین حەز لەژینو رابواردن ئەکەین  شەوو رۆژ لەگرمە مێشکمان تەقی هەی بێ ویجدان

هەریەکی لەخۆتان بکوژرێ دنیا پڕ ئەکەن و ئەکەونە هەڕەشە    ئەمە بۆ مەسڵەحەت و تەماعی خۆتانە ئەوەتان مەبەسە
بەدیانی هەڵئەستێن بەهیوایەکی دڵخۆشکەر    کەچی زیاتر ئاگرەکە خۆش ئەکرێ ئەی بێ خوابانی ئاگرخۆشکەر
چاوت بەوەتێر نابێ دنیات توش داوە    هەموو دنیا بەجارێ وەکوو دەزوی ئاڵوز ئاڵوزاوە
چارمان چیە روبکەینە کوێ ئەلاومان مانە گەنج و سامان    بەقسە تانا وادیارە ئەولیەتی ئەی خاکمان بەدامان
هەشت ساڵە مێشکمان تەقی دڵ پچڕا ئەما هەناومان    لەخرەو گرمەو واوەیلا گریانی لێ قەوماوان
تەمەن بەبەریەوە ئەما دیارە خوا داینەوە ناوەبۆمان    ژین وا بەرینەسەر بۆ؟ ئەی کار نارەوایان
هەرچی ئەبینی وەك شێت قسە ئەبزرکێنێ هۆشی نیە    دوانی دیل یا کوژراوە ئەوانی تریش پڕ مەترسیە
ماڵێك نیە لەم وڵاتە بڵێ من دورم لەم ئێشە    کەس نیە تیوە ئەگلابێت بڵێ بێ خەم و دڵم خۆشە
کەس نیە لەم بیست ملیۆنە بێ زیانە    هەرکەسەی بەچەشنێك قورِ بەسەرو ماڵ وێرانە
خۆ کوردی ئەگبەت پێ شێلە لەژێر دەست و پێدا    لەئەزەلەوە بۆیە دانراوە هەریەکی هات شەقێکی تێهەڵدا
گشت تێکرا وێران و لیقەوماوو دەربەدەر    کەوتوینەتە قورێکی لینجوە هەی خاکمان بەسەر
لەم کاتەدا ئەم سکاڵایە ئەنوسم هەر هەناسەی موشەکی ئەهاوێ    ئەوەی مردو کوژرا باقی دەست و قاچی ئەهاڕێ
هەرچەند لەکۆڵان و جادە بێدەست و قاچ ئەبینم    ئاواتە خوازی مەرگی خۆمم ئەم شێوە دڵتەزێنە ئەبینم
هەرچەند سوالکەری پێنجوێنی کۆنە توجار بوون ئەبینم    رۆژی هەزار جار ئەچمەشەرای مەرگ نام چۆن ئەمێنم
ئێمە وەك ئاژەڵ و مارو مێرو دایان ناوین    بۆیە شەڕی ئاگرباران مان بۆ ئەنێنەوە نام چۆن ماوین

## لاواندنەوە بۆ هەڵەبجە

**سلێمانی – ١٩٨٨/٣/٢٩**

هەڵەبجەی شەهید تادوێنی شاربوو    هەروەك هەمان شار لەدنیا دیار بوو
قەرەباڵغی و بازاڕی خۆشی    بازرگانیەتی و خەڵکی بەجۆشی
شار نەبوو هێندە بەجموجۆڵ بێ    بۆ ژیانی خۆش هێندە پەرۆش بێ
سەیران سەیرانکەر سەیرانگای جوان جوان    جل ئاڵ و والای هەڵپەرکێی لێزان

لـەناو میللـەتا ئێجگـار دیـار بـوون    كەبەسـەلیقە و شـیرین ڕەفتـار بـوون
خواردنو بەرگو ناومالّ ڕێـكو پێـك    لـەم سـالّی نوێیـە غـافلّو بێبـاك
میوانـــداریتی لـــەخۆیان ئـــەهات    هەر بەدلّی خۆت خزمـەت ئـەكرایت
ئەمـسالّ لـەبازیان لـەژێر گونیـەدا    منـالّ مەكتـەبی لێقەدەغـەكرا
تاسـی سـالّی تـر نابـێ بخـوێنن    كـافر بـەكافرێ كـەی وابـێ دیـنن
خێزانـی وایـە تاقێـك دەرچـوە    بـێ مـالّو ناومـالّ هـەمووی ڕۆییـوە
حـالّو ژیـانی ئەوتاقـە چـۆن بـێ    یـاخوا خێزانـت وا ڕەنجـەڕۆ بـێ
ئەوا بوم كردون شارۆچـكەی بـچوك    منەت بـێ منـەت ژینـی واخـۆش بـێ

## هەڵەبجە

١٩٨٨/٤/٩

هـەر باسـیش باسـی شـاری هەڵەبجـە
ئـەڵێن پەنجایـە لـەو پێـوە بوانـە
هـیچ درۆی نیـە پـەنجا زیـاترە
زوحاك زۆری ڕشت بەسـەر هـەموانا
ئـیتر چـی بـاس كـەم مـن زۆرم وتـوە
ئـەڵێن زۆر وتـن لـەبۆ قورئانـە
گـەر زۆریـش بڵـێم بـۆمن خراپـە
بەشـم كیمیـاوی یـا لـە سـەردانە
ئاخریەكـەی دیـارە زۆر زۆری پێیـە
ئـەم شـارە جوانـەش هـەروەك ئەوانـە
بـامن لەمـەودوا كۆتـایی بێـنم
بـاڵم بەئەسـتۆی شـەڕ پەرسـتانە

هۆبـــاڵم بەئەســـتۆی بازرگانـــەکان
بـۆ سـودی خۆیـان گـشت ئـەم قڕانـە
بـــۆ خـــوا بەســـیەتی پـــشویە بـــدەین
تیامـــان کـــارکرا هەرچـــی هەتانـــە
ســـاروخی حـــسێن جێـــی شـــانازیەتی
مـــۆدە کەبۆتـــە ئەوشـــتە زلانـــە
ســـاروخی عبـــاس تـــازە داهـــاتوو
دەوری نۆســـــــەدە لەبۆنیــــــشانە
حـسین و عبـاس کاتـێ کـەبۆت هـات
هیـــچت پێنـــاکرێ زۆر بێئامانـــە
کاتـێ کـەبۆت هـات کیمیـاوی ڕێـژەر
بـــەتانی تـــەڕو هـــەنگوین دەرمانـــە
خـــەڵقی قـــەرەداغ بـــەکاریان هێنـــا
هـــەزاران هـــەزار لـــەو دووبەرانـــە
تـــاقی نـــەماوە گـــشتی فـــەرهودە
بـــەمن چـــی ئـــەمڕۆ بـــۆمن لوقمانـــە
هـــەر تەپـــەی بـــچوك لـــەگوێما زلـــە
گلۆرکردنـــەوەی بـــوتڵی غازانـــە
رام ئەچـــڵەکێنێ هـــات موشـــەکەکەی
ئـــەوە موشـــەك نیـــە دەنگـــی تۆپانـــە
فـــڕەی پـــەرەمێز ژنـــان نـــان ئەکـــەن
دەنگـــی ســـیخۆیە و بۆمبـــا بارانـــە
گـــشت یـــەکێك توشـــی واهیمـــە بـــوە

کتوپڕ پەیا بوو مەڵابانگدانە
هێند زۆرم لایە هێند زۆرم لایە
کۆتایی یەنم هەربەم دەنکانە

## سکاڵا بەهەنسکەوە

**سلێمانی – ١٩٨٨/٤/٩**

واچەند رۆژێکە مانگی نیسانە    وادەی خۆشی یەو کاتی گوڵانە
دڵ هەزار دڵان بۆی ئەبێ حەیران    بۆ جوانی بەهار لەکوردوستانا
گەلانی دنیا هالە سەیرانە    بو ژاندوەیەو گەشەی دڵانە
سەیرکە کۆپکەی دار واتوو وەشانە    قەدبالاّن سەوزەو زەوی‌و زار جوانە
نێرگز پڕ دەشتە و کێو پڕ هەلاڵە    گولاڵە سوورەو دەنگی تەیرانە
گوێ گرە چەند خۆشە جریوەی باڵداران    گشت تێکەڵاوە لەناو باخانا
بارە بارِی مەڕ وا لەبیرەیە    تێکەڵ بەهورەو شمشاڵی شوانە
خۆشی‌و سەمایە لەگشت لایەکا    بەکورد چی وا کورد هالە قڕانا
نە تەیرەو ئاژەڵ نەسەیرانکەرە    نە نێرگز ماوەو نەتۆو وەشانە
نە دڵیش ماوە بەگرمەی بۆمبا    لەگشت کاتێکا ها لە تەقانا
من وا ئەزانم خەڵکیش وەك منە    ترسەو گریانەو هەر قوڕپێوانە
من وا ئەزانم کە تۆپو بۆمبا    هەر مۆسیقایەو خۆشی ژیانە
بیرم چۆتەوە روەکانی تری    وادەزانم شەڕ هەموو ڕوی ژیانە

## ئەنفالەكە

**١٩٨٨/٨/٧**

من دارمازوم دارە بەنم هەرچیەكم بۆم دانراوە    گشت بێنە چقلی چاوی دوژمن هەتا تاقە كوردێك ماوە
تۆلەسێنەر خۆمو ئەوەم، لەكۆنەوە ئەوەی پێم كراوە    مێژوی دنیا گەڕاوم هەرگیز نەبوەو ڕوی نەداوە
بمبە چقڵ بمبە درەوش هەڵی كوڵم چاوی دوژمن    هەڵی كێشم ڕەگەزەكەی لەگشت لاوە
مێژوو گەڕام كونو قوژبن ورد بومەوە    هەمیشە بەكارهاتوومو لەژێرێشدا فلیقاومەوە
مافم بێشێل كوشتنی ڕۆڵەی دڵسۆزو قارەمان    هەمیشە پیلان گێڕاوەو پێم كراوە لەگشتلاوە
بەلام وێنەی ئەم كەرەتەم هەرگیز نەبوە    هی صەدەها هەزار لاوی خوێن گەرم كەفەوتاوە و دیارنەماوە
ئەوەی ڕوی دا لەهەڵەبجە مەگەر هەر    بە میللەتی یابان كراوە
هێشتا لەچاو گەرمیانەكەم شاری    هەڵەبجە زۆر ئاسایی بوو
وێنەی ڕوداوی گەرمیان لە    مێژودا هەرگیز نەبوەو نەقەوماوە
گەرمیانەكەم چەپەك لاڕێ هەرخەریكی كاری خۆی بوو    دووربوو لەشەڕ بۆچی ئەوكارەی لێ كراوە
چی لاوو كیژۆڵەی ئەوچەپەكە كوا    دەنگو ڕەنگیان نیە دیارە تاقێكیان نەماوە
ئەوخاكە پڕخێرو بێرە    پڕ بەپڕی كیمیاوی بەسەرا ڕژاوە
هەتا تاقە كوردی مابێت بێتە ڕەگی گولی    تۆلەسێنەر دژی ئەوزوحاكە هەتاماوە

## بەهاری كوردوستان

**١٩٨٨/٩/٤-سلێمانی**

من هۆشم نیە ئەلێن نیسانە    ڕۆژانی خۆشیو گەشەی دڵانە
هەمووو میللەتان والەسەیرانە    بوژاونەوەیە خۆشی ژیانە
سەیركە كۆپكەی دار واتۆو وەشانە    قدت پاڵ ڕەنگاو ڕەنگ زەوی‌و زار جوانە
گولاڵە سورەو نێرگز پەخشانە    دەشتەكان پڕ گوڵ كێو پڕ هەلاڵە
گوێ گرە چەند خۆشە جریوەی تەیران    ئاواز تێكەڵە لەناو باخانا

بۆنو بەرامەی گوڵ و گیا واکاست ئەکا    زۆربەی ئەو گیاو گوڵە لەبۆ دەرمانە
هەنگ پورەی داوە دوور لەکورەکەی    خەڵکی خەریکی دوو بەرە بڕانە
باعەی کارو بەرخ بارەی مەڕەکان    بەرەو ئاوایی لەئێوارانا
جوکەی جوجەڵەو قرتەی مامرە    کەڵەشێر هەڵئەفڕێ بەسەر بانانا
هارە و هاژەی چەم    خوڕەی کارێزە لەگەڵ کانیانا
ئەم هەمووو دەنگە کەتێکەڵاو بوون    خۆشتر لەعودو نەی باڵەبانە
قازو مراوی مریشکە ئاوی    ئاواز تێکەڵە لەگوێ چەمانا
هۆشەو هۆ حەی گال منداڵ لێی ئەخوڕی    باری لێ ئەکەن کاتی خەرمانە
مورتوربەی میوە بڕینی مێوە    پیاو گشت سەر قاڵە لەگەڵ خێزانا
شەتڵی توتنو سەوزە ڕواندن    جۆگە بڕینو کاتی پاراوە
بزنو مەڕو مانگا بەرەودێ    ژن سەتڵ بەدەست کاتی بیرانە
واکاتی ڕاوە راوچی بۆی ئەچێ    پۆڕو کەو ماتە لەناو پەچکانە
حەبوانە کێوی لەدۆڵو کێوان    کەروێشك چەقیوە لەناو بەفرانا
کروکاڵ ئەڕۆن بەچەپڵە و یاری    بۆمەلەکردن لەناو چەمانا
هەور ئەگرمێنێ قارچك تۆقێنە    چارۆکە پڕکەن ئەو کیژۆڵانە
دەستە خوشك ئەڕۆن بۆ ئاو لەکانی    کوندە و گۆزەڵە هالە سەرشانا
کاتی ئێوارە مەڕ لەبیر دەکەن    خۆشترین ئاواز هی کاکەی شوانە
تا باسی بکەم هێشتا هەرکەمە    کە خوێی چێشتە لەناو خۆمانا
ئەمن خاوەنی ئەمانە گشتم بووم    ئێستا بێ بەشم لەناو بەشانا
ئەمن بێ بەشم لەخۆشیو شادی    چونکە گەلەکەم هالە قڕانا
دەستی چەپەڵی دوژمنی بەدکار    بێ بەشی کردم لەم خۆشیانە
باسی کۆنم کرد تازەم ئەماوە    دەستی لەقورگما هام لەخنکانا
ئەسەیران کەرەو ئەهەڵپەڕینە    هەموو کەس دڵی هالە تەقانا

نەگوێم لەتەیرە و نەگوڵ ئەبینم   دەستم سوتاوە بەو گشت دەرمانە
نەتەیرو نەبولبول گشتی هەڵفڕا   نە نێرگز ماوە نە توو وەشانە

## بەهاری کوردوستان

**١٩٨٨/٩/٤**

دێهات سوتێنراو خەڵکی ئاوارە   گشتی سواڵکەرە لەناو شارانا
نەناو ماڵ ماوە و نەئاژەڵو تەیر   لەگشتی بێ بەش هەمووی تاڵانە
شوانیشم نەما کە لێدا شمشاڵ   یاخود قڕ هاتون یا چەك بەشانە
ناوماڵ نەماوە دزرانو سوتان   بوە بەدانسقە کەموو گرانە
من وائەزانم خەڵکیش وەك منە   ترسو گریانەو هەر قوڕپێوانە
من وائەزانم کەتۆپو بۆمبا   وەکوو مۆسیقا گشت روی ژیانە
لەدنیا نەما سەفاو سەیران   باسی پاراستنە لەوکیمیاویانە
لەهەموو لایە باسی کیمیاوی   بەتانی تەڕ بۆ پاراستن لەو شتانە
کاتێ کەبۆت هات تورەکەی خەڵوز   دایمە ئامادە لەناو ماڵانا
ئەوە هەشت ساڵە ئەمەیە حاڵمان   هەشت زۆر زۆرە لەتەمەنمانا
ژیان بەسەر چوو وێرانە ماڵمان   تەمەنی درێژ هەرچەند هەشتانە
یەزدان ئەزانی چەندی تر وەهابین   ئەبێ ڕەحم کا بەنەوەی دوامانا

## ئاوارەی دانراو لەژێر گوێنیا

**١٩٨٨/١٢/٢٩ – سلێمانی**

دڵم پڕداخە قەت داخم ناچێ   سوێی ئاوارەکان لەگوێچکەو دڵم هەرگیز دەرناچێ
شاهەکەی گوڕ بەگۆڕ لەوە لاتر چێت   هەرچی روبا لێم گوناهبار هەرتۆیت
بۆ دەستت گۆڕی دەستت لێ بەردایێ   کردیتنە پارویە بۆ گەروی دوژمنان

چـیمان بەسـەر هـات وەرە بڕوانـە   بـەهۆی تـۆوە بـوو کـورد لەنەمانـە
ئەی خوای گەورە خوای تاکو تـەنیا   خۆناگات لێیە چی لەکورد ئەکرێ بەبێ باکانە
هێـشتا لای دوژمـن هـەر خـەتابارین   خاینو خـراپ چـاکی ئەوانـە ئێمـە قـەرزارین
هەرئـەوان چـاکن (مجمـع) ئەکـەن   هەر ماڵـەو تەلـەفزیۆنو سـەلاجە ئـەدەن

## شینی میرێك

**١٩٨٩/١/٢٤ – سلێمانی**

ڕۆژێ قـەدت نـەبووە بحەسـێینەوە
بەخـەمی دوێنـێ سـەربنێینەوە
فرمێـسکی چـاومان وشـك بێتـەوە
تـۆزە ئاهێکمـان تـێ گەڕێتـەوە

نـەبێ مـاڵی کـورد هـەرگیز هـەروابێ
کۆسـتێ دڵتـەزێن لـەئارادابێ
کۆسـتێ کـون نابـێ یـەکێ یەتـەوە
قـژ ڕنینـەوەو بەسـەرا دان بـێ

دیـسان زەمانـە دەسـتی خـۆی وەشـان
ئـەم کۆچـەش خەنـدەی لـەسـەر لێـوفڕان
داخـی گـرانم لاوی لـێ هـاتوو
لاوی هەڵکـەوتوو تـۆی مـیری مـیران

بڵـێ دایـەگیان دایکـی شـیرینم

چـــاوەڕوان مەبـــە ئـــیتر نـــام بیـــنین
دایـك وتـی رۆڵـەم بـۆ وات لـــێ‌كردم
لێـــت تاریـــك كـــردم رونـــاكی ژیـــنم

منــــــاڵی وردت واقــــــی وڕمـــــاوە
هێـــشتا نـــازانن چـــی لـــێ قـــەوماوە
ژنـــی گـــەنج‌و جـــوان هـــەڵبزڕكاوە
رەنـــگ زەردو كـــزو مـــات‌و دامـــاوە

لانـەی خـۆش، رێـك‌و پێـك‌و جـوان
پـەپوی شملـی شـەڕ بەسـەریا روخـان
هێلانـــەی تیـــاكرد وەكـــوو كـــەلاوە
پـــەڕو باڵتـــانی گـــشتی هـــەڵوەران

لاوی لەكیس چـوو باسـی چیت بكـەم
هەرچیت بۆ بڵـێم هێـشتا كەهـەر كـەم
هەمیـــشە زاریمـــە بۆكۆچـــەكەی تـــۆ
چـاوم پـڕ ئەسـرین دڵـم كـەیلی خـەم

باســـــی زمـــــانی شـــــیرین‌و گفتـــــت
خـــزم دۆســـتیت‌و دڵـــسۆزی‌و لوتفـــت
باســـی روخۆشـــی‌و رەفتـــاری جوانـــت
باســـی كـــردەوەو شـــیرینی زبانـــت

باسی راوەکەت راوچیەکی چاك بووی
لەگشت روەوە مەردی مەیدان بوی
حەیف و خەساری کەوا تۆ نەمای
بۆ هەژار دەست کورت هەر پشتیوان بوی

ئەزانن کێیە ئەولاوە جوانە
ئەوەی شێخ محمود شای کوردوستانە
ئەوەی کاك احمد شێخ مارفی نۆدێ
شێخو ساداتی ئەم کوردستانە

دەك دەستت شکێ زەمان بێوەفا
ناهێڵی گەلان پشویە بدا
تاکە تاکەیە هەڵکەوتوە مابی
ئەمری خالقە ئەویشمان برا

تۆبی خوا زەمان وازمان لێ بێنە
ئیتر جەوری خۆت بەمە بنوێنە
هەڵی مەبژێرە یەکی یەکیمان
تۆڵەی زۆرداران لەکورد مەسێنە

## زوحاکی نویّ (رژێمی فاشی بەعس!!)

### لەندەن – ١٩٨٩ – دایکی پێشمەرگە

سەرگوزشتەیەکی زلەو گێڕانەوەی تەواو نابێ هەزارەها کتێبی لەسەر بنوسرێت، کەچی کردوە بەسەرو ماڵو بەشارو لادێ. چی بڵێن کە قەت لەدنیادا روی نەداوە ئەوە لەگەلێکی پەنجا ملیۆنی ئێمەی کورد روی داوە لەچەوسانەوە و ژێردەستی لێ قەومانو زوڵمو زۆرداری لە کوردی هەر چوار بەشەکە.

سەر گوزشتەیەکە هەرگیز کۆتایی نایە سەرگوزشتەی چی تراژیدیا دەست بڕینو قاچ بڕینو زمان بڕینو ئەعزای پیاو بڕینو پیسایی دەرخوارد دانو فەساد کردنی ژنو خوشك لەبەر چاوی خۆی لەزیندانەکەیا، بوتڵی شیر تێ برین تا بەنەزیف رۆحی دەرئەچێ سەرەوخوار هەڵواسینو کچ خستنە زیندان بەچوار مناڵەوە، هێنانە دەرەوەی زیندانی بۆ گۆڕهەڵکەندن بەدەستی خۆی!! هەرچی زاڵم هەبوەو هەیە لەدنیادا لەئەوەڵیەوە تا ئاخر بەهەموویان سەدیەکی ئەمیان نەکردوە ئەوەی ئەم زوحاکە لەکوردی کرد لەزیندە بەچاڵو دێهات وێران کردنو تاڵانو بڕینو مناڵ فڕاندنو کچ بەزۆر لەخەڵك سەندنو کانیاو پڕکردنەوەو داری میوە بڕین، هیچ زاڵمێك لەگەڵ دوژمنی خۆی نەکردوە لەهەمووی کوشندە و خراپتر کیمیاویەکەی کە خەڵکێکی زۆری پێ هەڵپروکان، سەرەونگون کردنی هەشت هەزار گەنجی بەرزانیو ئەنفالکردنی سەدوهەشتاو دوو هەزار کوردی بێ تاوان لەژن و منداڵو فەلاو وەرزێر لەگەڵ سەدەها بریندارو کوێر و پەنجا هەزاری کوێرو بریناری هەڵەبجەو حەوت هەزار کوژراو بەدە دەقیقە!! کارەساتی لەم جۆرە نەبووە لە مێژودا روی نەداوە کوا هەق؟؟ خوا لەزوحاکی نویّ بەتواناترە. ئەڵێم:

وڵاتەکەم بەهەشت بوو بۆتە جێی مارو ئەژدیها　　زوحاکی نوێ کەخوێن مژە و وێران کەرە حوکمێ ئەکا
لەماڵ لەسەر لەخێرو بێر خاوەنیەتی هەرچی ئەیکا　　کەڵبەو چنگی تێ گیرکردوە بەهیچ جۆرێ بەری نادا
ئەسوتێنێ ئەکوژێ ئەبڕێ چی هەمانە لوشی ئەدا　　شەلم کوێرم ناپارێزم چی بیەوێ هەرگیز ئەی کا
هەزاران لاوی هەڵکەوت و لەموسڵ بەپەتا کرا　　بێ تاوان تەنها نەچۆتە سەر ڕێگەی نارەوا
بێ گۆڕن هەرچاڵەو بەجلەوە کۆمەڵێکی تێ ئاخنرا　　هەزار عەسکەری ڕاکردو پێشمەرگەی نازدار ڕەمی کرا
زۆریش لەولاوانە لەتەعزیبا ڕزگاری نەبوو　　لەترسا تۆقیو گیانی سپارد بەتاقە خوا
هەرچی پشتگیری مافو داد پەروەرە لەئاسمانا چاوی بەسترا　　کوا داد بۆ دوسەدهەزار گەرمیانی پیرو ئافرەتو منال کوا
کورو کچی لاوی نازدار کوژراوە و فرۆشرا　　پیرە کانیش بەگشتی ڕاماڵ کران بۆناو سەحرا
ئەنفال کفرە قەت نەبوە قڕ هێنان بەناوی کەلامی خودا　　هەشت هەزار لاوی بەرزانی سەرەو نگون کرا
حەوت هەزار دێهات جوان مزگەوتەکەشی هەڵتەگەڕا　　کوا جەنگەڵو داری میوە؟ کانیاوەکانیش پڕ کرا
هەتا کێو بۆتەیری جوانو بەدەگمەن هەڵبڕانو هەڵفڕا　　بەدانسقە ئاژەڵ ماوە هێند نەماوە کەشێربدا
مێژوو گەڕام بۆم دەرکەوت لەناو گەلی وابێ کەسا　　بەهەزاران ساڵ لە وڵاتێك زوحاکی نوێ سەرهەڵئەدا
وا سێ ساڵەو ئۆزەی کوردە هیچی نەهێشت هیچمان نەما　　وابزانم نۆرەیەتی داد بێتەوە لەپڕێکا لەسەریان دا

## ١٩٨٩

برا کوژیەکە ئێجگار ستەمە　　هەڵەبجە و ئەنفال لەچاویا کەمە
برا کوژیەکە کارێکی وای کرد　　هەرچی دڵسۆزە والەداخا مرد
برا کوژیەکە پەرە ئەسەنێ　　دەستی کوردان لەبن ئەکەنێ
هەر کەسە بۆتە هۆی براکوژی　　خایەنو خراپ گشت کوردە دژی

## ئەنفالەکە (بالۆرەی ژنە گەرمیانییەك)

**سلێمانی** – ١٩٨٩/٧/٢٠

دوێنێ ژنێك بووم خاوەنی داستان   خاوەنی جێ‌وبان خاوەن دیواخان

ئەمرۆ لێم قەوما ئەنفال کراوین   بۆ سواڵ ئەگەڕێم کۆڵان بەکۆڵان

ناچار بۆ ژین رۆڵەی وردەڵان   داك‌و باب ون بوو نام بۆ کوێ بران

کۆمەڵێك وردەم کەوتوەبەسەرا   هەتا یەنەوە گشت داك‌و بابیان

ناچار بۆ ژینی ئەو وردەڵانە   ئەوا بومەتە نانکەریماڵان

خوایە دەس بکەوێ ئەونانکەریە   نانکەر زۆر بووە لەشاراو هەرزان

دوێنێ خاوەنی هەزار سەر مەڕبووم   ئەمڕۆ موحتاجم بۆ کەمێ ماست‌و نان

دێ پڕ خێروبێر هەرچی تۆ بلێی   ئێمە هەمان بوو صەدو هەزاران

کاتی هەنگ بڕین کە زۆرمان هەبوو   زۆربەی هەنگوینم ئەنارد بۆ خویشان

کاتێ کەپایز چەرەس ئەکرا   مێوژ هەمەڕەنگ باسوق دۆشاوان

پایز کە دیسان توتن زەرد ئەبوو   دە کەس خەریکی توتن داگیران

توتنی سامسۆن بۆندارو وردە   نیوە فرۆشرا نیوە بۆ پەخشان

باسی میوەجات قەت تەواو نابێت   فرۆشتنی شوورەیی یە لای ئێوە مانان

هێلکە و مریشك قەل قازو مراوی   بۆ شارم ئەنارد بۆ خزم‌و هاوشان

بامن بێمەوەسەر خوری‌و مەڕەکەم   دروستم ئەکرد بوزاو بەڕەی جوان

هێند دەس رەنگینی خەڵکی دێهاتاتن   لێمانە فێر بون کیژو مناڵ‌و لاوەکان

هەرچەند باسی کەم هەرتەواو نابێ   پشتی شکانم ئەنفال گوم بوان

## ١١/٩/١٩٨٩ سلێمانی

**ئێمە مانگی ١٠/١٩٨٩ رۆیشتین ولاتمان جێهێشت بەئێجگاری.**

کوردستان خۆشەویستی بوو هەموو خۆشیو سەرمەستی بوو
شانازیو هەستونەستی بوو سەرکەوتوی گشت قەستی بوو
کاتێ بۆی پیلان گێرا هەرەس بەشۆڕشەکەی هێنرا
چی گەنجمان پەل بەست کرا پێشمەرگە چەکی پێ دانرا
هەی رۆ هەی رۆ بۆسەرۆکمان دەرمان خواردبوو بەقسەی وتوان
بەو ئێشەوە بەو دڵەوە بەجێی هێشتین بێ پشتیوان
کورد بوین بەکەوی برا برا بەرەو هەندەران رامال کرا
دێهات نەما چەك دانرا زۆربەی کوروکال هەلخەلەتێنرا
بەرازیلییان پێدرا لە دراو گیرفانیان پڕ کرا
لەموسڵ سێدارە هەلخرا رۆژەو هەزار ملی پیاکرا
کاربەدەستە دڵسۆزەکان بەرەو خوارو راپێچ کرا
ماڵەکانیان تالان کرا مولکو زەوی لێ زەوت کرا
هەرچی نەشێ پێمان کرا رۆڵە لە زانکۆ دەرکرا
تاقە زانکۆش لێمان داخرا روی نەداوە لەهەموو دنیا
ورەو هیوا دەنگی نەما ئەمە رۆژە هەمانە خوا
هەر ئەبێ رۆژمان بێتەوە خوایە دەروێ بکەیتەوە
خۆشیو هیوا بژێتەوە پێشمەرگە پەیابێتەوە
شۆڕشی پیرۆز هەلگیرسێتەوە رۆژی هیوا بۆکورد بێتەوە
دارستان ئەبوژێتەوە دێهات پڕئەبێتەوە
کانیو کاریز ئەژیەتەوە بەس گیانی بەنرخ نایەتەوە
هەمووشت هەرئەبێتەوە خوێنی شەهید دەبێتە گوڵ دەڕوێتەوە
گیانی سەرۆکمان نایەتەوە دنیا وابوە چینێ دەروا چینێ دێتەوە
سەر لەنوێ دەس پێ ئەکرێتەوە .............................

## دیسان هەڵەبجە

**لەندەن – ١٩٨٩/١١/٥**

شاریٚ بوو جوان خنجیلانە بچکۆلانەو بەر والآ   بێ خەم بێخەیاڵ گشت کاریان ئەکرد لەدوکانو ماڵآ
ئێوارە زۆر لەناکاو زوحاکی شمڵی شەڕ دای بەسەریا   کەسی نەهێشت شەلن کوێری تاکە تاکە ئەوەی کەما
شارەکەش وێرانەیە پەپو هێلانەی تیا ئەکا   کاوە کوانێ چەکوش وەشێن کاوەی نوێ بوو ئەویش نەما
براکوژی زۆر ستەمە هەموو دەس کەوت لەبن یەنێ   براکوژی توانای نەهێشت کەبتوانێ کەبڕ بکا
کاوەکاتێ کەجارێ دا گشت بەیەك دڵ بۆ یارمەتی   کە خوێن کەوتەوە بەینەوە نەهێز ئەمێنیو نەتوانا

## غەریبی

**لەندەن – ١٩٩٠/٥/١**

تا توانام تیابێ پیاتا هەڵئەدەم تاکە کوردستان   لەلای من تاکو بێوێنەی لەچار گشت جیهان
بۆ خاکی زێڕین لوتکەی بەفرین   میوەی بەتامو جەنگەڵی ڕەنگین
ئاژەڵی خرپن شیرو گۆشت تامدار   هەنگوینی بۆن خۆش ئاوی سازگار
باڵندەی کێویو ئاسکی سوکەڵە   قازو مراوی کۆمەڵ کۆمەڵە
قدت پاڵی سەوزی خوڕەی چەمەکان   جریوەو نەغمەی تەیرە جوانەکان
هێلانە روخاو سەریان لێشێواو   شینایی دانی قەدەغەو نەماو
پیری دەنگ بەگوڕشارەزا   بۆ کوڕی دیارنەما هەرداو هەرد ئەکا
ئیشی دەست جوان لەشاڵوبەڕە   تەونو تەشی پوزەوانەو کوڵەباڵ کلێتە
کلاو و کلاش جاجمو بەرماڵ   هەتاکو ئێستا پیشەی پێشینان
هەزاران کاری تەختەو مسکاری   لەدنیادا دیارو بەناو
بەدەست زوحاك زوحاکەی نوێ   گشت کورد بوون پەنگاو
گەنجمانی نەهێشت دێهاتی سوتاو   ئافرەتو پیرو مناڵ پەرشو بلاو
دێهاتیان نەماو گەل سەر لێشێواو   دەردە دارو کوێر هەمووو حەپەساو
چاویان چاوەڕێی کوڕیان بێتەوە   ئاخۆ لەچ خاکێکدا زندەبەچاڵ کراوە
خۆیان لەژێر پەردوی دەوارە شڕدان   چاویان لەڕێیە وادەزانن ماوە
لاوی قۆزو جوان گشتی کوژراوە   کچی گەنجو جوان بەدراوسێ فرۆشراوە
بەتەما نەبنو چاوتان چاوەڕێ   باپێتان بڵێم ئەمری کردوەو تاقیان نەماوە

## هۆرەی گەرمیان

**١٩٩٠/٥/١ - لەندەن**

هۆرە نازانم هۆرەی گەرمیان    کە بەنابانگە لەناو کوردستان
نیازم وایە فێریان کەم نەوەی نوێ    هۆرە زانەکان بەدەرمان سوتان
خەڵکی گەرمیان هۆرە لێزان بوون    تاقیان نەماوە گشت ئەنفال کران
مریشکو جوجەڵ قەلو ئاژەڵیان    گشتی تالانە لەگەڵ ناوماڵیان
بەنامیە بوو ئاسکیان خرپن    بەبرگە ئەچوون بۆ لەوەرگایان
تەیری هەڵفڕاو کیوی هەڵبڕاو    تاقیان نەماوە گشت بەرەو ئێران
زاوو زێی پێ‌ئەکرد یەکیان بەهەزار    هەزار بوو بەیەك لەناو کوردستان
نەغمەو جریوەی هەزاران هەزار    هێلانە سوتاو هاتوە قڕیان
پیری دەنگ خۆش‌و بەگوڕشارەزا    شایانی وە بوون گوێ گری لێیان
خانمی لێ‌هاتوو دەست ڕەنگین لێزان    بەنامیە بوون بۆشتی جوان جوان
هەرچوار کەرتەکە پڕ خێرو بێرە    لەگەڵ هەموویان هەڵەبجەو گەرمیان

***    ***

شوانی شمشاڵ ژەن لاوی گەرمیانی    ئاژەڵ دوای کەوتوە بەرەو کێوەکان
لەزەمانی زوو هەتاکو ئەنفال    بێ ئاگاو خەبەر تا هەڵپڕوکان
ساویلکەو بەکار خەریکی کاربوون    هەمیشەو دایم زۆرخۆش ئەژیان
لەپڕێکا دوژمن والەبالی دان    گشت جێی گرتەوە هەڵەبجە و گەرمیان
دایك ئەناسم چواری ڕۆییوە    تاقی کردەوە چی هەبوو پیان
ئەم بێ خواییە قەت ڕوی نەداوە    هەزاران هەزار یەك جار بێ قوربان
لای خوا هیچ نیە خۆی کەسوکاری    ئاوا قڕیان بێ بەیەکو هەزار

# سوێندم ئەوەیە

**١٩٩١/٤/١٢**

**لەندەن – بەرسەفارەتی ئەمریکا – مانگرتنەکەی گەلی کورد بۆچەند رۆژێك لە لەندەن لەرەوەکەدا.**

بەوکوردوستانە خوێنینە بەو پێشمەرگە پۆلاینە
گوری تازەی سەرلوتکەکان بە خوێنو بەفری تێکەڵیان
لێوی وشكو سكی برسی بێخاوسیو پێ چەقینیان
راکێش راکێشی پیرەکان لەم زریانو مانو ندمان

سوێندئەخۆم سوێند ئەخۆم

بەقاوو قیژی وردەڵان راکە راکە بۆتیکەدنان
خوا زەلوکیو چاوەروانی کە زۆر دوور بوو لە رۆڵەمان
کروزانەوەی ساوایان بۆ مەمکی وشکی دایکەکان
بەسك چونو زەردوویيان مەرگی خێراو کتو پریان

سوێندئەخۆم سوێند ئەخۆم

دڵی بچوکی راچڵەکیویان واقی ورماو سەرسورمانیان
بەروتێیو بێ بەرگیان بێ نوستنو پێ خەفتیان
بێشکە و جێگەی لێ جێماویان داکو بابی لێ ون بویان
جێگەو ژینی لێ تێك چویان بەماندویێیو بێ هێزییان

سوێندئەخۆم سوێند ئەخۆم

سوێندم ئەوەیە کوڵ دان هەرنەبێ تاکو نەچەسپێ مافی تەواومان

ئالاّکــــە هەلّکــــەین بــــشەکێتەوە   بەیــەك گرتنــی هــەموو کەرتــەکان
ســــودی ئــەم رۆژە لــــەبیر چــێتەوە   ئــاواتی گــشتی هــەزاران ســالّمان
هــەموو بــەجارێ دوو جــەژن بکــەین   جەژنی ئــازادیو جــەژنی نــەورۆزمان

سوێندئەخۆم سوێند ئەخۆم

## بۆ مێژوو

١٩٩١/٤/١٥

کۆســــتی ئــــەمجارە کارەســــاتێکی ئێجگــــار گــــەورەو ســــتەمە
ســــوێی گــــشت کۆســــتەکان بــــەراورد بکــــەی هێــــشتا هەرکەمــــە
کارەســــاتی وا هــــەرگیز هــــەر نــــەبوەو هــــەر روی نــــەداوە
لەمێژوی کۆنو نــوێی هــیچ گــەلێکا هــەرگیز نــەبوەو نــەکراوە نەقــەوماوە
نــەبوە چــوار ملیــۆن منــالّو ئــافرەت پیــاو لــەپیرو جــوان لــەقوڕدا چــەقیو
بــــەپێی پێخــــاوس بەســــکی پرســــی تــــۆپ بەســــەرەوە دامــــاوو تۆقیــــو
ئــەوەی شــەهیدە خــوێنی پــیرۆزی تێکــەلاّو بــەفری رێگــەو بــان بــوە
ئالاّمــان نیــوەی ئــالاّی پیرمــان کەلــەو دوو ڕەنگــە لەســورو ســپی کــەپێك هــاتوە
ئــــــەم ڕەوە لــــــەپڕ واپەیــــــدابوە بــــــۆ میللــــــەتی کــــــورد
بــــەم زریــــانو بــــەفرە خــــەلّکی ڕەو ئــــەکا بــــەرەو کێــــوو گــــرد
لــــــە ترســــــی فرۆکــــــەی پــــــڕ لــــــەکیمیاوی دایانــــــە کێــــــوان
نــەك دیــسانەوە پیایانــا بــرژێ وەکــوو بادینــان هەلّەبجــە و گــەرمیان
نــاو مــالّی جــوانو هەیــە منــالّی ورد لەترســی رۆحــی هەنــدێ بــەجێماو
سمــێلّ فــشەکان چــەندیان تــوانی تــالانو بــڕی مالّوکــەش روخــاو
خێــرەو مەنــدەکان ئــەی خــاوەنی داد پــەل بدەنــە پــەل منــالاّنی کــورد

ڕۆڵـــەی ئـــەم خاکـــە پـــڕ خێـــرو بێـــرە والـــە برســـا مـــرد
ڕوت و پێخـــاوس تـــەزیو برســـی بێ‌پـــێ خـــەفت کـــەوتون لەهـــەردا
هـــەزاران دایـــك بۆمناڵەکـــەی لەبرســـا مـــردوو ئـــەدا بەســـەردا

## ئینتفازەکە

**١٩٩١/٧/٨ – یەکشەممە – لەندەن**

ئـەوەی قـەوماوە نـەبوەو نـەکراوە لە مێژوی گـەلان قـەت ڕوی نـەداوە
پێنج ملیۆن بەشـەر قـەلفڕی بـۆ بکـا ڕاجمـەو بۆمبـاش وەك بـاران تـاوە

## بۆ إنتخاباتی ١٩٩٢/٥/١٧

کاکەی پێشمەرگە شـێری کۆڵنـەدەر زۆر زوو لـە بیـشەت تـۆ وەرەوە دەر
نـەڕەو چـریکەت کێـوانی پڕکـرد لولەی چـەکەکەت زوحـاك تۆقێنـەر
چـەکی قورسـی زۆر زمـانی درێـژ هـەراو پارەکـەی دنیـای شـێوێنەر
لەگـەڵ ئەوەشـا ورەی ئـەڕوخێ هیـچی پێنـاکرێ لـەدرۆ بـەولاوە
هـۆ کاکـە کاکـەی چـەك بەشـان شـانت سـواوە بەچـەك هـەڵگیران
بۆ ئـەو مەبەسـتە دڵـسۆزین هـەموو ڕێگەی تۆ سەختەو پرتـرس و بـێ نـان
خۆبـەخت کـەرو هـەرزان لات ژیـان بەشـەکەی منـیش حەسـرەتەو گریـان
چـونکە ئـافرەتم نـاتوانم وەك تـۆ چەندیشم پێ کرێ هام لـە هەوڵـدان
تـۆ هـەوڵ بـدە لاشـەت بەتـەنها بـڕوا نـەك نـاوت زۆری نـاودارو دەسـدار هـەردوکی پێکـەوە نـەڕوات
بۆیەکاتێ مـردو دنیـای جـێ هێـشتوە دەنگـێ یـادو ڕەحمـەتی بـۆ نەچـوە
گـشتی توانیـوە و دەسـتی ڕیـشتوە لـەژیانیا هیـچی بـۆ وەتـەن نـەکردوە

## ١٩٩٣/١١/١

تاقە دوو براو چوار رۆڵەم هەیە هیواو خۆشی من تەنها ئەوەیە
ژینم پێخۆشە لەبەر ئەوەیە نامەوێ بمرم لەبەر ئەوەیە
دایما ئەمەوێ چاوم لێتان بێ داواشم لای خوا هەر بۆ ئێوەیە

## ١٩٩٣/١١/٢٤ - لەندەن

قوربانی چاوانت بم چاوی شەهێنو بازە
خولوتە جوانو رێکەکەت وەك بستەی تەڕو تازە
هەروا دەنگە ناسکە خۆشەکەت وەکوو سەمتورو سازە
خۆ مامەڵەی جوانو خۆشت هەموو ناسکیو نازە
جلی کوردی ئاڵو والآت هەروەك هی بوکی تازە

قوربانی بالآکەت بم وەك عەرعەر و لاولاوە
خۆ رەوتو رۆیشتنت ئەڵێی قومری گوێ ئاوە
قوربانی لێوی ئاڵت بەدەستە نەخشەکراوە
خۆ پێستە تەنکە ناسکەکەت ئەڵێی پەنیری خاوە
پرچو ئەگریجەی زەردو رەشت ڕەش ماری هیندو جاوە
دەمو دانی سفتو سپیت وەك سەدەفی دەریاوە
پەنجە سپیە باریکەکەت لە شوشە داڕێژراوە
هەڵی بێنە کێیە ئەو کیژەی بێ هاوتایە
کیژۆڵەی کوردوستانەو لەدنیادا بەناوە

## ١٩٩٥/٥/٥

کچمان بانەیەو کوڕمان مەریوان    دوو شاری جوانمان بەستراو بەئێران
هەزار ئەوەندە پیلان بگێڕن    هەر هی خۆمانەو یەیتەوە دەستمان

## ١٩٩٦/٨/١ - لەندەن

هەوالێ هاتووە لەولاتەوە    هەر گوێم لێ ئەبێ تاس ئەم باتەوە
ئەمە بۆچی یەو چیەو لەبەرچی    بڕیاردراوە وا لە کورد بکرێ
گشت کەس دارِزا و مردون لەبرسا    هەیشتە پەلە پەل خۆی تکوین ئەکا
داخم زۆر زۆرە ئەم ڕۆژە ڕەشە    لەگشت هەلێکا کورد هەر بێبەشە
نازانم خەتای کورد هی خۆیەتی    یا بێسەرۆكو خاکی بەش بەشە
لەباتی هەولو کاو تێکۆشان    فڕان فڕانەو پڕکردنی گیرفان
هەر کەس ئەمرو خۆیەتی    چی هاتە چنگی هەربۆ خۆیەتی
باچاوی دەربێ هەژار و فەقیر    بەکراسە شڕێك بۆ گشت ئەبێ ژیر
زور تازە بابەت کەوا دەرکەوتوە    خۆی ناو ناوشت گیرفانەکانی ئاخنیوە
فڕان فڕانە دنیا زۆر سەیرە    سەرچڵ عیصمەتیان کردوە بەگەورە
ئیمپرا تۆریەتی کوری عیسمەت خان    شاهدە لەبۆ ئەم پەندو باوە
سەرچڵ کرایە گەورە بۆ پارە    چەکیشیان پێداو غولام هەزارە
سەرۆکایەتی کوڕی عیسمەت خان    سەعاتی کارتۆن پارەی جولەکان
کچە جوانەکەی خولو دوبەسەر    هەتیوە ئینگلیز حەوت سال بردیە سەر
سەرۆکی دوەم شیتی پارەیە    کێ قنگی خوران ئەلێ بمدەرێ
سەرۆکی یەکەم کوری سەرۆکمان    والەخزمەتا هەر ئەمری پێ کرا
قۆلی لێهەلکە خێراکە برا    کورد لەمحنەتا واگشت دارِزا
دەست لەدەستو قەوەت لەخوا    هیوای کورد هەر تۆی تۆی بابوبرا
کۆنفدرالی چی وازی لێبێنە    لەهەموو لایە بایەخ هەلکرا

## ٢٧-١٩٩٧/١١/٢٨

حـاڵی تۆچـۆنە خوشـكی بەسـەزمان   های لـەسەر جێگەو حاڵـت پەرێـشان
زۆر پەرێـــشانم لـــەتاو دەردی تـــۆ   شیفات ئاسانە لای خـوای گـەورەمان
زۆر بەخت ڕەش بوی هـیچ خێـرت نـەدی   دڵتـــــــەنگو خـــــــەمبار.....
دوعـام ئەوەیـە لای خـوای بێهاوتـا   رزگـارت ببـێ لـە گـشت دەردو تـا

## ١٩٩٧/١٢/٢٨ - جدە

پرســـــــیارێك ئەكـــــــەم توخـــــــوا دایـــــــەگیان
ئـــــــەمن تێناگـــــــەم بـــــــۆ منـــــــت خولكـــــــان
كـــــــەمنت خولڤـــــــان بۆخۆشـــــــی خـــــــۆت بـــــــوو
یامنـــــــت خولڤـــــــان بۆداخـــــــو هیجـــــــران
دایـــــــە لەوســـــــاكەی هاتمـــــــە دنیـــــــاوە
پـــــــێم بڵـــــــێ چـــــــیم دی لەخـــــــەم بـــــــەولاوە

## شیعری بێ كێش

شـەڕی یەكـەمو سـەفەر بـەلك‌و تـاعونو دەردو برسێـی گـشتیان ئـەمردن
هـەزاران لـەشـار بـۆ سـەفەربەرلك لاوی گـەنج‌و جـوان نەهاتـنە دواوە
تـورك گـشتیانی راپێـچی قـرم بـەبیو بـەولاغ گـشت بـاوو دایـك دڵیـان لـەدواوە
دوانوســیان برائـەبران پێكـەوە یـاخود خێڵەكـەو تاقیـان نـەماوە
پـور خوشـیەبوو تاقانـەی بـرا، لەپـەنجا سـاڵ هەرتەقـەی دەرگـا نـەها هاتـەوە
بـەو ناسـۆرە ژینـی بـەجێ هێـشت هـەزاران وەك ئـەو سـەریان نایـەوە
بـۆ بـەختی كـوردان هەمیـشە وابـێ یانەخۆشـی قـورس یـاقڕ هێنـیان بـێ
پـور هـەمینێ بـوو ئـەیوت سـێبرام بـەتاعون مـردن بـۆ ژیـن وائـەبێ

چاوم کردەوە باسی تاڵانی خێزانی ئێمەش گشت ئینگلیز نەختینەی برد بەتاڵانی
منداڵ بووم ساڵی گرانی، مەیت لە کۆلانان کەوتووە لەبرسا
بۆ گەدنی مەیتی خەڵکی، کەس نەبوو بنێژرێت ئەدما
ئەمە ژیانی منداڵی و هەرزەکاری شەڕانی یەکەمو دوهەمو سیانی بەرەو دوا
گەر باسی سیانی بەرەو دوابکەم چی ئاوی دەریا لەبن وشك ئەکا
خۆ براکوژیش هەرباس ناکرێ چی یەکی یەکی لاوانمان کوژرا
هەر لەماڵێکا براو برا بوون ئەو پیلانە زلە کردنی بەعەدا
قسە بڕاوە یا یەکتر کوشتن ئەمە بۆ چیە فکریان لەیەك جیا
زۆربەی ئەمانە بۆ کورد قڕ بینی پیلانی زلەو بۆ کورد دانرا

## ١٩٩٧/١٢/٣٠ – رەمەزان – ١٤١٨ هـ

هەزار ئەوەندە زاڵم زوڵم کا
هەر کۆتایی یەت چەند ساڵی ماوە
کورد قەت نامرێ بەهێزتر ئەبێ
تاکوردێ مابێ ئازایی ماوە

## ١٩٩٨

**لە سلێمانی ناردم بۆ بەغا کەئەم کەمیە نوسراوو کاغەزە شڕەی لەترسی ئەمنو ماڵ پشکنین ناردبومن بۆ بەغدا بۆم بێننەوە ئیتر کەهاتەوە شت نەبوو لەوە خۆشتر بەچەند دێڕ بەخێرهاتنم کرد کە کۆم کردەوە ئەوەی رێکخراوە یا بیرەوەریە یا سەرگوزەشتەو قسەی پێشینانە.**

## بەخێرهاتنەوە

بـــــەخێر هاتنـــــەوە ئاوارەکـــــان   پـــانزە ســـاڵ بـــوو بـــێ جێومـــەکان
جـــێ نـــــەبوو خـــۆی تیـــاڕاگرن   ڕۆژەی بـــــۆ جێیـــــەك ئـــــەبران
نووســــــــینەکانم هاتنــــــــەوە   بـــــەپێش وازیو پـــــیر چـــــونەوە
شـــت نـــەبوو هێنـــدە لام خۆشـــبێ   کـــــەکاتێ هاتنـــــەوە دەسمـــــەوە
باوەشـــــم گـــــرت بەماچـــــەوە   وەك دایکێکـــــی پـــــر تاســـــەوە
کـــــە کـــــوڕی شـــــیرینی هاتـــــەوە   لەجـــەنگی ســـەرکەوتنی ولاتـــەوە

## ئامۆژگاری

**جدە ١٩٩٨/٣/٩**

مـــن بڵـــێم چـــی لەگـــەڵ قـــەدەر   کـــە کـــورد تێکـــەڵی ئەوانـــە
لـــــۆزان کەدابەشـــــی کـــــردین   دوژمـــن خـــاوەنی خاکمانـــە
کەرت کەرتو پارچە پارچە بوین   پێـــشکەش کـــرا بەبێگانـــە
دانیـــــشتبووین لـــــەماڵی خـــــۆ   قـــەلفرکران چـــی گەنجمانـــە
لەپێـــشا زابتـــی خـــوێن گـــەرم   ژنیـــان هێنـــا لـــەو تورکانـــە
ئێـــستا بڵـــێین بـــەمناڵیان کـــێن   شێت ئـەبن بڵـێن لەکوردانـە
پـــەرشو بـــلاوی کردنـــەوە   بـــــەرەو ولاتـــــی خۆیانـــــا
کۆمـــەڵێکی بـــردە لای خـــۆی   ئـــاخۆ کـــاری چـــی پێمانـــە
نیـــو ملیـــۆن کـــوردی بۆچـــییە   کەس تێ ناگـات لـەم باسـانە
کـــوردە دەنگـــی تـــۆ حـــاڵی بـــوی   قەل فڕی بۆ گوامیو ئەمریکانە
جـــــاری بـــــەخۆمان نـــــازانین   چـــەند گەورەیـــە ئـــەم پیلانـــە
کـــورد هـــەرگیز یـــەك ناگرێتـــەوە   هەرچـــی بنکـــەو دەزگامانـــە
هەرئەوەنـــــــدەم لەتوانایـــــــە   کەباســـــی کـــــەم لەگـــــەڵتانا
نـــەوەکانم چـــاك گـــوێ گـــرن   جێگیربـــێ لەمێـــشكو دڵتانـــا

داخم زۆرە کەبیرێژم زمان لاڵە لەئاستانا
خۆشم ئەوێن خۆشم ئەوێن نامەوێ ببنە بێگانە
ئامۆژگاریەکەم بەنرخە گشت پێی هەستن بەپێی توانا
ژنتان کوردبێ رۆڵە یەك رەگ بۆ پێزو هێزی گەلتانە
هەمیشە ناوی کوردو کوردستان بچێنن لەدڵتانا لەخوێنتانا
ئەم ئامۆژگاریەی داومنەتێ جێگیر ببێ لەخوێن‌و مێشکتانا
ئەوانیش پێشکەش بەرۆڵەی گشت بەرۆڵەی لەدواتانا
کارو پیشە تان ئەوەبێ خۆ شل نەکەن بۆ ئەمانە
قیرسچمە بن دەس لە ناودەس ئەتەقێ داخی چی ناحەز تانە
یەك دڵ‌و یەك قسەو مەبەست کورد دەردگرانە
بەتێلاو خەنجەرو چەقۆ کوڵیان پێ بەن جا بەسمانە

## ١٠/٤/١٩٩٨ - سێ شەممە - لەندەن

لای خۆمان جەژنە جەژنی قوربانە ئاشتبونەوەیە و دەست لەملانە
لێرە بێ خەبەر کە کەی جەژن یەت منالّی خۆمان هەرنەی بیستوە چیە جەژن کردن
ئێمەش و لای خۆمان ئامادەی خواردن بەیانی زوو زوو سینی ریزکردن
جموجوڵی خەڵك ماڵەوماڵ ئەچن منداڵ بریقو باق شەقام ئەبڕن
جێژنە پیرۆزەو دەس لەمل کردن ماچ‌و موچەیەو ئازادی گەردن
پلاو لێنانە نوقڵ پەخشانە بەرگی تازەو جوان لەبۆ هەموانە
خەنە بەندانە قاوە پەزانە جەژنانەی منداڵ لەسەر باوکانە
ئاوارەکانیش هەریەك لەولاتێ هەرناشی بیستن کەی جەژنمانە
منالّی کورد گشت لەم ئاوارەییە نازانن چیە جەژن‌و جەژنانە
رۆژێکی وا دێ هیچی نامێنێت ئەم بەجێ ماوەی باو باپیرانە
نەکەس ئەی بیستێ نەکەس ئەی زانێ کتێب ئەینوسێ وەکوو ئەفسانە

١٩٩٨/٣/٩

دە گوڵی بۆن خۆش لەباخچەی ژینما رواوە
خوا زیادیان کا نامەوێ هەردەبن لەولاوە
نەوە تان زۆربێ بۆ کورد هێشتا کەمە
یەکێکی تیا هەڵکەوێ دڵسۆز هەڵگری ئەم هەموو داخو خەمە
سیانیان کورِن و حەوتیان کیژۆڵە ناسكو بەتامو بۆیە
خزمەت بکرێ کەم گەورە بن هەر بۆتۆیە هەر بۆتۆیە
پێگەشت بێ هەربۆتۆیە لەتۆم شیرینتر لەکوێ
کوێستانە شیرینەکەم دڵ تەنگەکەم
نام بۆهێنەدە دڵسۆزتم خۆشم ئەوێ
هەتاکو چاوم ئەچێتە خەو ناوتم لەسەر زمانو دڵایە
خۆمو رۆڵە مالْمو هەرچی هالە سەر لەپێ دەستمایە
کوردستانم من بۆ هێنەدە خۆشم ئەوێ
هەموو ژینم خۆشیم نەدی لەلایەنت پێی شادبم بۆی
شەوێ نەبوو من بەخۆشی سەرێ بکەم سەرسەرین
هەر بەژانی دڵیو براکوژیو کوشتنو برِین
هەموو هیوام نەوەی نوێیە
گشت بێنەوە لەبناغەوە دەست پێ بکەن
ئەم نەوە جوانکیلانانەم
نەوەی پوخت کوردستانە
هەر دوانیان کە دوورەگن
هەموو هەولْم لەگەڵیانا
ئەی چەسپێنم بەزۆر بەزۆر
رەگو ریشەو

ئەبێ بەتەنها هەر کوردبن

هەوڵتان هەموو لەژیانا

بۆ ئەم خاکە پیرۆزە بێ

نەك هەوڵدەن بۆ بێگانە

ئەوەی ئەم خاکەی کەرت کرد

ئەوکەسانەن کەئێوە بەشێکن ئالەوانە

کەئێوەمان کەرتێکی بچوکن لەوانا

بیرتان نەچێ باسی کوردمان

کورد لای باوك یەکەمیانە

ئەوەی کەئێمەی رسواکرد ئەوانە

هەرئەوانن هۆی لێقەومان

کەچوار کەرتم بەشی کردم بەسەریانا

ملیۆنەها شەهیدو وڵاتی کەرت

تاکە شایی لێقەوماو

گەلی رسوا شاری وێران

گشت باڵم بەئەستۆیانە

من بڵێم چی لەگەڵ قەدەر

کە کورد تێکەڵی ئەوانە

دانیشتبوین لەماڵی خو

قەل فرکران چی گەنجانە

هەموو پەرش و بڵاون چی

تێکەڵ کرابن لەگەڵیانا

جاری بەخۆمان نازانین

چەند گەورەیە ئەم پیلانە

گەر گەورەی بەسامم بی
قەدەغەی کا ئەدەم کارانە
ژن هێنانی کورد هەر کوردبێ
کە ئەبێ هەرکوردبێ نەوەمان
یاسای دنیاو دینانە
داخم زۆرە باسی بکەم
خامەم شکا لەئاستانا
هێندە هێندە خۆشم ئەوێن
هەرچی بڵێم هەر کەستانە
زەمان لالە کۆتایی پێیەنم
زۆر وتنیش بۆ قورئانە

## ئامۆژگاری

**١٩٩٨/٣/٩ – جدە**

من بڵێم چی لەگەڵ قەدەر     کە کورد تێکەڵی ئەوانە
لۆزان کەدابەشی کردین     دوژمن خاوەنی خاکمانە
کەرت کەرتو پارچە پارچە بوین     پێشکەش کرا بەبێگانە
دانیشتبوین لەماڵی خۆ     قەل فڕکران چی گەنجمانە
لەپێشا زابتی خوێن گەرم     ژنیان هێنا لەو تورکانە
ئێستا بڵێن منالیان کێن     شێت ئەبن بڵێن کوردانە
پەرش و بڵاوی کرانەوە     بەرەو وڵاتی خۆیانا
بردە لای خۆی     ئاخۆ کاری چی پێیانە
نیو ملیۆن کوردی بۆچیە     کەس تێناگا لەم باسانە
ئەو کۆمەڵەی تۆی بۆچیە     لەناو گوامو ئەمریکانا

جـــارێ بـــەخۆمان نـــازانین    چـــەند گەورەیـــە ئـــەم پیلانـــە
کـــورد هـــەرگیز یـــەك ناگرێتـــەوە    هەرچـــی بنکـــەو دەرگامانـــە
هەرئەوەنـــــدەم لەتوانایـــــە    کەباســـی کـــەم لەگـــەڵتانا
نـــەوەکانم چـــاك گـــوێ راگـــرن    جێگیربـــێ لەمێـــشك‌و دڵتانـــا
داخـــــم زۆرە کـــــە بیرێـــــژم    زمـــــان لاڵـــــە لەئاســـــتتانا
خۆشـــم ئـــەوێن خۆشـــم ئـــەوێن    نامـــــەوێ بنـــــە بێگانـــــە
ئامۆژگاریەکـــــــەم بـــــــەنرخ    گـــشت پێـــی هەســـتن بـــەپێی توانـــا
ژنتـــان کوردبـــێ رۆڵـەیـــەك ڕەگ    بـــۆ پێـــزو هێـــزی گەلتانـــە
هەمیـــشە نـــاوی کـــوردو کوردســـتان    جـــێگیری کـــەن لـــە خوێنیانـــا
ئـــەم ئامۆژگاریـــەی داومنـــەتێ    بیخەنـــــە مێـــــشکو دڵیانـــــا
ئـــەوانیش پێـــشکەشی بەرۆڵـــەیان    گـــشت لـــە رۆڵـــەی لـــەدواتانا
کـــارو پیـــشەتان بـــا دڵـــسۆزی بـــێ    خـــۆ شـــل نەکـــەن بـــۆ ئەمانـــە
قیرســـچمە بـــن دەس لـــەناو دەس    ئەتـــــەقن چـــــی ناخەزمانـــــە
یـــەك دڵ‌و یـــەك قـــسەو مەبەســـت    کـــــورد دایمـــــە دەردی گرانـــــە
بـــە تـــێلاو خەنجـــەرو چـــەقۆ    کۆڵـیـــان پـــێ بـــەن جـــا بەسمانـــە

## ۱۹۹۹

کـــــوردی قارەمـــــان ورە بەرمـــــەدە    ئـــەی ئـــەو تـــەرازوە بۆچـــی دانـــراوە
تا کـوردێ مابێـت خاکەکـە خـۆش بێـت    بەچـاو ئـەیبینین چـۆن چـەرخ گـەڕاوە
چەن ڕێگە سەخت بێ کۆسـپ‌و کەنـەڵان    دەشـــتێکی بـــەرین لەبـــەرمان مـــاوە
وەك هەموو شتی ناخۆش بۆ کـورد لەنەورۆزدایـە    هەرواش ئەبینی دوژمنی خوێن ڕێـژ هـەر لـەنۆ رۆژا ڕماوە
وابـــو مێـــژوو وتم وڵاتـــی شـــیرین    هـــەرەس بەشـــۆڕش کـــێ دەســـتی تێنـــاوە

## داخم زۆرە

### ١٩٩٩/٢/١٧ – لەندەن

بیرەوەری خۆم دیومە و بیستومە بەچەند ساڵێ کۆستی دڵتەزێن لەکورد روئەدا
گەر لەشێخەوە دەستی پێبکەین لەپاش سی ساڵ شاهی کەچی پێ‌کرا
فوئادو پیران شۆڕشێکیان بەرپاکرد بەگورجی ملیان بەپەتا کرا
لەولاوە سمکۆش کاتێ کەهەڵسا بەدەستی چەپەڵ دەست رێژێك کرا
قازی محمدیش جمهوریەتی دانا لەپاش ساڵێ هەرلە چوارچرا سێدارە دانرا
دەبا بێینەوە سەر سەرۆکی دڵسۆز هیوای پەنجا ملیۆن کورد بەهەرەس بڕا
لەپاش چواردەساڵ شۆڕشی پیرۆز وەکوو باسئەکرێ دەرمانی شێرپەنجەی پێ درا
کاکە ئیدریسیش هیوامان ئەوبوو بەقومێ ژەهر ئەویش لەناو برا
هەر رۆژی حەشرە کەوا هەستاوە لەپرێکا ئەبیستێ لەقانارە درا
گەر دادیش مابێ مافی کورد دەرکەو کاتێکت زانی هەروەکوو ئەوان نەهڕۆو ماندێلا
چۆن ئەوان لەپاش بیست ساڵی دیلی ماف بۆی هاتە ڕو لەزیندانەوە بەرەو کورسی شا
باسی داد ئەکەن هەمووی درۆیە بۆ چاو بەستی خەڵك ئەوە دانرا
بیست هەزار کەسن وڵاتیان هەیە پەنجا ملیۆنەو ئەوەی پێ ئەکرێ کەوا پێی کرا
بستێ منداڵ بووم هەرئەو باسەیە لەناو گشت کوردا بۆ وەرگرتنی مافەکەی ڕەوا
خوایە بمهێڵیت ببینم بەچاو بەهیوای تەمەن دڵم خۆش بێ نامەوێ لەقەبرا

## لەنەورۆزدا – بیرخستنەوەیەك

### ١٩٩٩/٣/١٧ – لەندەن

کون‌و قوژبنی مێژوو گشت گەڕام ئەوەی لەکورد کرا نەبوەو نەکراوە
گەر هەلێکی چاك هاتە پێشەوە بەدەستی دوژمن گورج سڕایەوە
پەیمانی سیڤەر تۆزەئاهێك بوو لۆزان رێك خراو کوژێنرایەوە
هەزار شۆڕشگێڕ وەك سمکۆو پیران دەعوەت کران بۆسێدارە بۆ دەستیان بڕاوە

نامەی جەزایر بۆ کزی شۆڕش    تاسەد سالّی تر پێ لەقەی ماوە
ئێستەش ئۆجەلان لەگەلّ شۆڕشەکەی    پیلانی زلەو چاومان بەستراوە
باسی چەن بکەم لەو کۆستە زلانە    یاخەتامانە یاخوا دای ناوە
خوا خوای گشتە گەر ئیمانمان بێ    ڕۆژێکمان بۆیەزو سڕاوە
وابزانم زالّم چەند دەستی بڕوا    ئاخریەکەی زەمان خۆی بۆمات داوە
هەزاران زالّم زوحاکانی نوێ    ڕۆژێکی بۆیەت کەللەی پان کراوە
ئەوشاهە زلەی ئێرانتان کەدی    سێ سالّ دوای هەرەس کەچی پێ کراوە
چەخۆشیەکی دی لەماچی سەدام    لەکونە لوتی هاتە دەرەوە
نەعەرش و نەمالّ نە جاهوو مولّکی    بەشەق دەرکراو لێشی سەنراوە
نامەی جەزایری کێبوو بۆی مۆرکرد    دەردی بێ دەرمان بەهیچ پزیشکی چارە نەکراوە
داپیرە غاندی ناپالّمی ئەنارد    خوی و دوو کوڕی هەرزو تۆ پێنراوە
ئەوەی بەخەربار کیمیاوی ئەڕشت    نەباوو پارە دەستی بەستراوە
باسی ساداتی کلّۆلّی نەگبەت    شایی لێ بۆ بەشین سار دێش کراوە
شایەکی بچوك کەدەستی تیابوو    ئەویشی تیا رزیشت هیچی بۆنەماوە
خاوەن کیمیاوی کوا لەکوێیەتی    دوا ڕۆژ ئەبینیت چی پێ کراوە

## بۆ شینی خوشکم

٢٠٠٠

خوشکی خێرنەدی و خوشکی بەسەزمان    کۆچەکەی دواییت هەمووانی تاسان
وەك دوێنێ بیرمە تیا لەدایك بوی    خنجیلە و خڕپن نازداری گشت بوی
من هەزاران جار باوەشم کردوی    لەبێشکەکەتا من ژیرم کردوی
زۆر زوو جێت هێشتین کاتی وەت نەبوو    ڕەحمەت و گولاو بۆ گۆڕی پاکت
نازانم لەگەلّ قەدەر چی بلّێم پێت    مەلائیکەت بووی بۆ دنیاو دینت
دلّنیا بە خوشکێ لەگۆڕەکەشتا    چوار منالّەکەت لێیان نابم جیا

بەدڵسۆزی پاك بەدڵو بەگیان   گە بیانەوێ تامام بێ ژیان
هەزار ڕەحمەت بێ لەگیانی پاکت   گوڵی کێوەکان بۆ گۆڕو خاکت
هەتاکو ماوم بیر ناچیتەوە   داخت لەدڵمانا سڕێتەوە

## ٢٠٠٠ – لەندەن

توخوا دایەگیان توخوا دایەگیان   ئەتۆ پێم ناڵێیت بۆ منت خولْقان
کەمنت خولْقان تەنها بۆخۆت بوو   یامنت خولْقان بۆ داخو هیجران
دایە بائەمن پێت ڕاگەیەنم   تامم نەکردوە هیچ خۆشی ژیان
ئەوا تەمەنم نزیك حەفتایە   تینوی ئازادیم بۆخاکی کوردان
چین چین لەپێشما هەتاکو ئەمڕۆ   بە ئەو تاسەوە جێیان هێشت ژیان
ڕەنگبێ دایەگیان منیش هەروەها   تینوو بم کۆچ کەم نەگەمە ئاواتمان

## نەورۆزی ڕەش

٢٠٠٠/١/١

چەندەها ساڵە نەورۆزمان ڕەشە   کورد گشت چەقیوە لەقوڕو هەشا
هەرچی ڕوی داوە لەناو کوردستان   لەنەورۆزا بوە بۆتە داخ بۆمان

## ٢٠٠١/٥/٥– لەندەن

لۆمەم قەت مەکەن هاوڕێیان توخوام   زۆر داخ لەدڵم سوتامو برژام
گەر هەڵی ڕێژم داخی دەرونم   لەتو کوت ئەکرێم وەکوو ئاژەڵان
لەکام ڕووەوە کورد تەواو نیە   وەرن پێم بڵێن ئەی داد پەروەران
دادی خوا نەبێ گشتی درۆیە   داد بۆتە ڕیایو پارەی ناوگیرفان
کورد گیرفان خاڵی داد نایەتە دەست   کەوا بخویە گشت ئانو زەمان

## ٢٠٠٤/٧/١٩ - لەندەن

سلێمانی جوان شای شاری کوردان   لەگشت ڕووەوە هەروەکوو گشتیان
دیار بەکرو سەقز لەگەڵ مەهاباد   کەرکوکو دهۆك هەولێر هەمەدان
ئەدەویل پاوە بانەی بڵندمان   دەرسیمو وانو ماردینو باتمان
ئامێدیو سەردەشت خانەقین کفری   نەغەدەو جەزیر سنەو کرماشان
تەلەعفەر سنجار ئاکرێی پڕ خێرمان   زاخۆو قامیشلی ڕەواندوز شێخان
کە کەرت کراوە بەچوار وڵاتمان   جاسوس لەسەر کورد ئاگادار بێ لێمان
قامیشلی کوردەو نەصیبی تورکان   ئەم پیلانە زلە ئەتاتورك کردی لێمان
مەندەلی و سلاح الدین و ملاتیای دڵگیر   هەڵەبجەی شەهید حەلەبی دزراومان
شەقلاوە و کۆیە و قەڵادزە و رانیە   پێنجوێن سەر سنور بەرزو بڵندمان
هەزاران شارۆچکەی خنجیلانە و جوان   کەجێ نزرگەو جێی سەیاحەتمان
هەرچەند بنوسم هێشتا هەرکەمە   هەزار ئەوەندە نایە سەر ژمێریان
ئەم دەنکە هێشتا تەنها خۆی چیشتە   حەفتا ملیۆنت جیوبانی گشتمان
هەزار ئەوەندە لێمان دزراوە   باهەر بیدزن و کوێربێ چاوانیان
هەر قوڕ بپێون لەورگیان بدەن   هەرهی خۆمانەو یەنەوە دەستمان
هەر ڕۆژێ ئەبێ لەسەربانی گشت   ئاڵا هەڵئەکەین کوێر ئەبێ چاویان

## باسی پەیمانەکانی سیڤەرو لۆزان کە هەمیشە بەدەم خەڵکیەوە بوو:

ڕێکەوتنی سیڤەر دڵخۆشکەری کورد
لۆزان سڕیەوە هەروا دەس و برد
کەرت کردنی خاك بەچوار بەشەوە

تـــاکوردێ مابێـــت ئابـــەو ئێـــشەوە
لـــۆزان مـــاڵوێران لـــۆزان مـــاڵ وێـــران
بۆچی دروست بـوی؟ بۆکـەرتی خاکمـان
هـــەموو دەس کـــەوتی کونمانـــت مـــران
بـــەبێ ویجـــدانی دات بـــە دوژمنـــان
گـشت نزیـك بنـەوە لەقـەومو لـەخۆێش
ئـــەبێ بـــین بەیـــەك بـــەزۆر بـــەخوایش
ئەوچـوارەی خۆمـان هـەر هـی خۆمانـە
ڕەگـــەزو خـــاكو زمـــانو بـــەرگیش
دەنکـێ نـەی گـۆڕاین ئـەو زۆر دارانـە
لـــەپاش هەشـــتا ســـاڵ نـــۆرەی خۆمانـــە
لەبـــەختی ئێمـــە دونیـــا ســـوڕاوە
وەك جـــاران نیـــە گـــشت لـــە گۆڕانـــە

**پـەیمانی سـیڤەر بـۆ دروسـت بـونی هـەقی تـەقریری مەصـیری کـورد بەزۆری ئەتاتورکو بەیارمەتی ئینگلیز هەڵوەشایەوە ئیتر خێرا پەیمانی لۆزان هاتە کایەوە بۆ ریشە کێشکردنی نەتەوەی کورد.**

## ئازادی

**لەندەن ١/٩/٢٠٠١**

چەکوشەکەی کـاوەم بۆیـە خـۆش دەوێ   مێـــشکی زۆرداری کـــەبێ پـــژاوە
ڕۆژی نـــەورۆزیش کەخۆشـــم بـــوێ   ئـــازادی لـــەبۆکوردان هێنـــاوە
چـــەکوش وەشـــانو ئـــازادی هێنـــان   کێهێنـــای تـــەنها هەرتاقـــە کـــاوە
نەورۆزی تـازەش کـێ بـۆی هێنـاوین   کـــاوە تازەکـــەی (بـــەرزانی) نـــاوە

٢٠٠٣/٣/١

شـــارەکانی ســـەر ســـنورت
بــە کیمیـــاوی هــە ڵپڕوکـــان
گـــەنجو لاوت کۆکرانـــەوە
هـــەموی زێنـــدە بەچـــاڵ کـــران
ناویـــان بــە ئــەنفال لــێ نــاوین
قڕیـــان هێنـــاین بەئایـــەتی قورئـــان
ئـــەمنی عامـــەو گـــووم بـــووانی
هەشـــت هـــەزار ڕۆڵـــەی بـــەرزانی
کۆمەڵەکـــــەی تەگـــــەرانی
بـــۆ پـــشت گیریـــی ئـــەتۆ هـــاتن
تاقێـــك لەوانـــە دیـــار نیـــە
هـــەمویت کوشـــت بەپـــەنهانی
کوانـــێ لـــە کـــوێن بابێنـــە دەر
ڕۆڵەی وولاّت گشت سەرانسەر
یـــاخود گۆڕیـــان کـــوا لەکوێیـــە
دایکـــەکان چـــاویان لەڕێیـــە
بیلـــێ لـــەکوێت حەشـــار داوە
ئـــەو هـــەموو پـــارە لێـــشاوە
ئاڵتونـــــەکانی هەشـــــتاکان
مللـــەت بـــۆ حـــەربی هێنـــاوە
هەمووت قووت دا ئەی چاو برسی
لای دکتـــاتۆر ئـــەوە بـــاوە
ئـــەی شـــەیتانەکەی ئـــەنفال کـــەر
هەســـتە لـــە زێـــراو بـــیرە دەر
بـــۆ ئەترســـیت چـــیت کـــردوە؟

## بۆ مێژوو

٢٠٠٣/٥/١

ئـــەی زوحاکەکـــەی دەرکـــراو
خۆشـــاراوە لـــەبن زێـــراو
بـــۆ گەنەکـــەی کاســـت ئـــەکا
مـــشکو مارەکـــەی ئـــەت خـــوا
وەرە دەرێ چـــــیت کـــــردوە
هـــەر چـــوار ملیۆنـــت کوشـــتوە
زۆربەی لە کورد لەگشت مللەت
ئێـــرانو کـــوێتی لـــە غەفڵـــەت
ســـــیانیش دەردەدارو نوقـــسان
لـــەتاو تـــازیبی نـــاو زنـــدان
ملیـــونێکیش دێکـــەت روخـــان
میللەتەکـــەی بـــێ لانـــەو بـــان
زۆربـەی گـەلیش موحتـاجو روت
ڕاکـــە ڕاکـــە بـــۆ تیکـــە نـــان
ئـــەم وڵاتـــە خـــاك زێڕینـــە
کـوا خێرەکـەی بـۆ کوێـت ڕفـان
چـــوار ملیـــونیش ئاوارەیـــە
هەنـــدێك لـــە دەریـــادا خنکـــان
کوانـێ لـە کـوێن کیمیاویەکـەت
علـــیو هەڵەبجـــەو گـــەرمیان

هەر لە لەندەنەوە ئەمڕۆ ئەم هۆنراوەیە بەفاکس درا بەسلێمانی بۆ ئەوەی بلاّو بکرێتەوە (بلاّو نەکراوە).

۲۰۰۳/٥/۱

تـەنها ئـەو دەنکـەت کوشـتوە
ئــەو تــۆز قاڵەشـــت بــردوە
دەواکانـــــت شــــاردۆتەوە
دەنکێکـــت بەگـــەل نـــەداوە
بـــە بێگانـــەت فرۆشـــتوە
کـەس خـاوەنی کـچی نـەبوو
جوانـان بـۆ عـودەی ئـەبران
ملیـۆنێکی چـڵکاو خـۆرت
هـــەروەك پاشــاکان ئــەژیان
گیرفـان پـڕو دنیـا بەدەسـت
سمێـڵ فـش‌و پیـاو کوژەکـان
هـەزار نـازدارت بـێ نـاز کـرد
هـەمووی لــە برسـا دات رزان
سـیو پێـنج ساڵە وا هاوارمانـە
نەسەر نـەماڵمان هیـچی نـەماوە
کەس نەبوو گوێ مان لێ ڕابگرێ
لـەلای عالـەم هـەر ریـا بـاوە
باوەڕیان بەدرۆی دوژمن کردبوو
لـــە ئاسمانـا چـاویان نوقـاوە
گوێ کانیان مسی زۆر تێ کراوە
مەردایـــەتییان تیـــا نـــەماوە

## دنیا

دنیای بێ وەفا بۆ کەس نامێنێ تەختو تاراجی شاهان بن یەدنێ
نەکورسیو نەماڵ نەگەنجیو جوانی ورد ورد نامێنێ بەبێ گومانی
ئەچێ بۆیەکێ ئاگای لێ نییە خۆشی نازانێ چۆن هات کێ هانی

## رۆڵەکانم

### سلێمانی

تاقە کچێكو سێ کوڕم هەیە ئامۆژگاری من بۆیان ئەوەیە
هەتا ئەتوانن هەوڵدەن بۆ کوردان لایان نەنوێنێ نەماڵو نەگیان

## بۆ پێکەنین

ڕەوتو رویشتنت وەك مەیمون بەقڵمبازە
لوتە درێژکۆلەکەت وەك لمۆزی بەرازە
ئای لەدەنگو ئاوازەکەت هێند ناخۆشو ناسازە
خۆ دەمی پەڵو لچی شۆڕت ئەڵێی دەنوکی قازە
لاقی باریکو ڕەقت وەك هی حوشترو ئاژەڵی بەرزە
هەروا چاوی دەرپۆقیوت ئەڵێ هی بۆقی ناو حەوزە
باڵا کورتو رەشو سەوز ئەڵێ حەلوزو قەوزەی حەوزە

**ئاوی ئاوخواز ئەبیتە بەراز:**

**من ئەڵێم شاعیر نیم بەلام زۆر بەشانازیەوە ئەڵێم زۆر دلم خۆشە بەوەی کەبەپێی توانا توانیومە هەنێ رووداوی گرنگ کەلە ژیانی خۆما روی داوە بەرێکخراوی بیخەمە ڕوو بەرچاوی خوێنەرە خۆشەویستەکان تەنها بۆ بیرخستنەوە کە بزانن تەنها لەم ماوە کورتەی تەمەنی من دا چی بەکورد کراوە.**

## دایـــك

دایـــە دایـــە گیـــان! نـــاوت چـــەن خۆشـــە
هەلاڵـــەو نێـــرگس گوڵـــە بـــۆن خۆشـــە
شـــانەی هـــەنگوینو شـــەمەتلێنکە
گـــەزوو ڕەش مـــیری و کانیاوەکـــە
هیـــچی وەك تـــامو بـــۆی تـــۆ خـــۆش نیـــە
هیـــچی لـــە دنیـــا وێنـــەی تـــۆ نیـــە
دایـــە دایـــە گیـــان! وێنـــەی کوردســـتان
جـــوانترین وێنـــە لـــەناو گـــشت جیهـــان
نابێتـــە جـــوانی ڕەنـــگو ڕووەکـــەی تـــۆ
دەنگـــو قـــسەی تـــۆ پێکـــەنینی خـــو
ئـــاوازی شمـــشاڵ لاوکـــو حـــەیران
خۆشـــترین ئـــاواز لـــەناو کوردوســـتان
دایـــە ناگاتـــە لای لایەکـــەی تـــۆ
گـــەرمی باوەشـــتو مـــاچو مـــوچو بـــو
دایـــە چـــی بڵـــێن: خۆشـــە لـــەدنیا
هیـــچی ناگاتـــە زەردە خەنـــەی تـــۆ
چـــی خواردنێـــك خۆشـــەو زۆر بەنامیەیـــە
نابێتـــە ئـــەوەی دەســـتەکانی تـــۆ
چـــی جلـــی جوانبـــێو چ خـــشڵێ نایـــاب
نـــانوێنن وەکـــوو جلـــی کـــوردی تـــۆ
تـــوڕە بونیـــشت دایکـــە هەرخۆشـــە
خـــەلاتم ئەکـــەی بـــە گەوهـــەریش تـــۆ
روون ئەبێتـــەوە بـــۆم دەروونەکـــەت

چەند فراوانە دەرونەکەی تۆ
کە چیت چێشتوە تۆ منت کرد بەدار
لەو کارە گرنگە هیچ نەبووم بۆ تۆ
لە گشت دڵسۆزتر تاتیاتا بێ هێز
من چۆن نەبمە قەلغان لەبۆ سەری تۆ
حەیفێ ڕۆژێ یەت کە تۆی تیا بمریت
نام چۆن ئەمێنم دوای کۆچەکەی تۆ
لەبیابانا تەنها جێم یەڵی
لە توونی بابا چون ئەژیم بێ تۆ
خەم مەخۆ دایە دنیا هەروابوە
منیش جێی یەڵم گشت ندوەکەی تۆ
ئەو ڕۆژە بۆ گشت هەریەو ئەیبینین
کۆتایی ژیان بۆ گشتە نەك تۆ
کۆتایی ژین یە، دنیا هەروایە
بۆ گشت گیان لەبەر نەك بۆ منو تۆ
دایە دوعاکە، ندوەکەت چاك بێ
گشت شانازی بن لە گۆڕت بۆ تۆ
دایە گیان! تۆ رۆی هەقیت ڕوناکی ژیانیت
ڕێ دانەرو بناغە دانەری خێزانیت
بۆ ئاسانکردنی ڕێی سەختو دژوار
دڵسۆزی پاکو ڕاستەقینەی خۆ بەخت کەریت
هەرچی بکرێت لەڕێگەتاو بووترێت هەرکەمە
کەڕۆیشتیت وێنەت نابێتەوە هێند دڵسۆزیت

# زنجیرەی وەرد

## بەشی سیانزەهەم

## وتەو قسەی خەڵک

## هێندێ لە فیعلی (دا) لەوشەی کوردیا:

**دای کوتــا:** مێخەکـەی بـەزەویا داکوتـا، یـان بزمارەکـەی بـەدیواردا داکوتا.

**دای پاچــی:** بەچـەقۆ دای پاچـی، یـانی کوشـتی بەچـەقۆ یـان بـە خەنجەر یان بریناری خراپی کرد.

**دای ڕزان:** یــەکێ بەدەســت یەکێکــەوە زۆر خەفــەت ئــەخوات ئــەڵێ لەخەفەتا دای ڕزانم.

**دای وەشان:** هەمان مانای هەیـەو یـان دەرمانەکە برینەکەی داوەشان خراپتری کرد.

**دای ماشی:** بەپەلە پەل خواردنەکەی خوارد هەمووی داماشایی.

**دای دڕی:** کوتاڵەکەی دا دڕی یان چەند گەزی لەو کوتاڵە بۆ دادڕیٰ.

**دای کەند:** بەرگەکەی لەبەرخۆیا داکەند.

**دای ماڵی:** پێستەکەی لەئاژەڵەکە یا لە باڵندەکە داماڵی یا جلـەکانی لەبەرمناڵەکە داماڵی.

**دای قەپان:** بەپەلە سێوەکە یـان میوەیـەکی تـری داقـەپان یـان گـازی لـێگرتوو خواردی.

**دای کرمان:** مناڵەکە نوقڵەکەی داکرمان لەکاتی خواردنیا کرمـەکرمی لـی دێنێ.

**دای خرمان:** خەیارەکەی داخرمان، لەکاتی خواردنا خرمەی دێ.

## بۆ مێژوو

دایکــــت هـــەیو یـــەکیکی وا
لەگـــەڵیا بـــوو چوارســـاڵانە
باوکـــت کـــڕی بـــەپارە لـــێ‌ی
پێـــشی فرۆشـــت بـــێ باکانـــە

**ئەڵێم:**

وشـەی کوردسـتان ئێجگـار دێرینـە زەوی نیـشتمان ئێجگـار شـیرینە
لە خۆت لە ڕۆڵەت لەماڵ لـە کەست بـەنرخ تـرە ئـەوە مەبەسـتت
چونکە ئەوانە گشت ئـەدەی لـەڕێ نیـشتمانەکەت نابـێ بـدۆڕێ

ئـای زەمانـە بۆخـۆت و سـەیریت
هەنێ جار باش و هەنێ بە جـەوریت
یـاخوا هـەرگیز جـەورت نـەهێنیت
هەر خۆشیت خۆشە کەواز بهێنیت

ئـەوا بـەهارە بـەمن چـی کـاتی گوڵانـە بـەمن چـی
هەرچـی ئێرانـە خەڵقینـە هـا لـە سـەیرانە بـەمن چـی
چـــونکە کوردســـتان بـــەرەو قڕانـــە
چـــونکە کوردســـتان بـــەرەو نەمانـــە
هەرچـی هیوابـێ ئێمـە نیمانـە هەرچـی خۆشیش بـێ ئێمـە نیمانـە
شـــاڵاوی بـــەهار وا لـــە بەرمانـــە
قـــڕە کوردانـــە قـــڕە کوردانـــە

**دای کرتان:** لەکاتی خواردنیا دەنگێکی لێ دێ ئەو شتە کرتە کرت ئەخوا وەکو مشك چۆن کرتە لەخواردن دێنێ وەکو نانی ڕەق و شتی ڕەق.

**دای قرتان:** وەکو نانی تیری ڕەق لەکاتی خواردنیا قرتەی دی.

**دای دڕان:** جلەکانی لەکاتی تووڕە بونا لەبەر خۆیدا یا لەبەر یەکێکی تر دا دای دڕان.

**دای ملچان:** لەکاتی خواردنی ئەو خواردنە ملچە ملچ ئەکا یانی بە لچ و لێوی قوەتی ئەداتێ.

**دای پلۆسی:** یەکێ ڕقی هەڵئەسێ منالەکەی خۆی یان منالێکی تر بە چەپۆك دائەپلۆسێ...

**دای تاشی:** هەندێکی لە درەختەکە دای تاشی بە مشار یانی پارچەیەکی لێ کردەوە.

**دای لوشی:** شۆرباکەی دا لوشی یانی بە کەوچك یا قەراغە سەحەنەکە هەڵی قوڕان و خواردی.

**دای قلپان:** ئاوەکەی لە گۆزەکە دا قلپانە ناو کوپەکەوە.

**دای بەزان:** زەلامەکەی دابەزان لە ئوتومبێلەکە یان لەولاخەکە

**دای ڕنی:** گەڵای درەختەکەی گشت داڕنی بۆ خواردنی ئاژەڵەکە، یا گەڵامێوەکەی داڕنی.

**دای ڕوخان:** بەپاچ دیوارەکە یا لا شیپانی دەرگاکەی داروخان.

**دای تەزان:** ژورەکە هێند ساردە گشتمانی داتەزان.

**دای تـەکان:** هەواڵەکە هێنـد نـاخۆش بـوو دڵـی هـەموانی دا تەکانە خوارێ، یان گشت پارەکەمی برد گیرفانمی داتەکان یانی هیچی تیا نەهێشتەوە.

**دای قڵیشان:** تەختەکەی داقڵیشان تا خوارەوە.

**دای تڵیشان:** کراسەکەی داتڵیشان تا داوێنەکەی لە داخا.

**دای شکان:** لە نرخەکەی داشکان یانی کەمی کردەوە.

**دای تە پان:** هەموو سەربانەکەی داتەپانە خوارێ یانی گڵەکەی فڕێ دا.

**دای پۆشی:** خۆی یا مناڵەکەی داپۆشی بەجاجمەکە، یا کێشەکەیان داپۆشی.

**دای وەران:** ترێ کەی لەدارەکە هەموو داوەران یا توو.

**دای خورپان:** لەپڕ شتێکی پێ وت دڵی دا خورپان.

**دای دۆشی:** پارەی پـێ نەهێـشت دای دۆشـی یـا مانگاکـەی دا دۆشـی یا مەڕەکە تا شیری تیا نەما.

**دای مرکان:** کابرای هەڵەشەو تـوڕەی دامرکـان هێنـد نەسیحەتی کـرد یا پارەی دایە.

**دای قوپـان:** قتوەکـەی دا قوپـان، یـا مەنجـەڵ و تەشـتەکەی داقوپـان لەکاتی فڕێ دانیا.

**دای سمی:** یانی گوێچکەی مناڵەکە یا لوتی ئافرەتەکەی کون کرد.

**دای نـــا:** ئـەو شـتـەی بەدەسـتیەوە بـوو لەدەسـتیەوە خـستیە سـەر جێگەیـەکی تـر، هەرچـی هـەی بـوو دای نـا لـەناوو شـورەت‌و دراو هەموو شتێ بەهەڵەیە کەلەژیانیا کردی یانی هەموی لەکیس چوو.

**دای بـڕی:** ئـەو موچـەیەی پـەیمانی پـێ دابـوو لـێی دابـڕی یـانی کەمتری دایە.

**حولی دا:** خواردنەکەی بەپەلە پەل خوارد.

**قوتی دا:** خواردنەکەی لە دەمیەوە قوت دا.

**سواغی دا:** دیوارەکەی بە قوڕ یا گەچ سواغ دا یان بە بۆیە.

**فریوی دا:** هەڵی خەڵەتان.

**تەفرەی دا:** هەمان مانای سەرەوەی هەیە.

**ڕاماڵی دا:** دەری کرد یا پیسی بیناکەی ڕاماڵ دا سەر کۆڵانەکە.

**لوشی دا:** خواردنەکە یا پارەی یەکێکی خوارد بەخیانـەت هـەمووی یا قەرزەکەی نەدایەوە هەمووی لووش دا.

**گەرماوی دا:** دەوری دا یا بۆ کوشتن یا بۆلێدان.

**تـاقیبی دا:** بەدوایا ئەگەڕێ بیدۆزێتەوە.

**تـانوتی دا:** لۆمەی کرد.

**تـازییی دا:** ئەزیەتی لەشی دا یا دڵی شکان.

**دەرسی دادا:** ئامۆژگاری کرد چ بەقسە چ بەلێدان‌و مامەڵە.

**بـازی دا:** لەبەرزیەوە بۆ خوارەوە خۆی هەڵدا.

تەقڵەی دا: سەیارەکە چەند جار تەقڵەی دا.

سازی دا: کارەکەی بۆچاك کردو بۆی ئامادەکرد.

ڕازی دادا: قسەی دڵی بۆکرد.

یەخی دا: ئاژەڵەکەی پێش خۆی دا و دوری خستەوە.

پەنی دا: شتێکی خراپی کرد.

گینگڵی دا: تا بەیانی بەو خەمەوە تلایەوە.

تلی دا: ئەم دیو ئەو دیوی کرد.

دای دا: قەڵەمەکەی (خامە) دادا بە مەکینە یان بە گوێزان.

یەقی دا: شیلەی مرەباکە یەقی داوەتەوە.

قەپاڵی لێ دا: گازی لێ گرت.

## هەنێ وتەو وشەی پێشینان کە هەمووی نەخشی بەردەو ناڕوا هەتا هەتایە لاناچێ

- ئۆقرە بگرە.
- ئۆقرە بگرە پەلە مەکە.
- ئۆقرە بگرە خۆت بگرە.
- ئاخورانوو بخورانە.
- ئاسمان ئەستونی گەرەکە.
- ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ.
- ئاش و ماشیان کرد.
- ئاگات لەدەمت بێت دارو دیوار گوێی هەیە.

• بەرکوڵەکەی خۆشە.

• بەشێخەکەی بێژەنگ بەسەر

• بەشـــیخەکەی بیـــژەنگ بەســەرمادەی بۆشــەو نایباتــە سەر.

• بەشێخەکەی جرتو فرت.

• بەچاوە وەی کردم.

• بەگەرما قارسە.

• بەگژما هات.

• بەگورگان خواردوی دام.

• بەغا بەپرسیار ئەدۆزیتەوە.

• بەقەوارە بە.

• بەقەی کوونی هوویەکە.

• بەقیریی وت چەق.

• بەکــەر ناوێرێــت بــەکورتان ڕەپە ڕپیەتی.

• بەندەی بێ عەیب نابێت.

• بـەنگ کێشە ئاگـای لـەخۆی نیە.

• بــەنینۆکی یــان بەدەســتی خۆت سەرت نەخورێنی بەهی کەس خروی ناشکێ.

• بەهەر چوار پەل سەما ئەکا

• بەهــەی تــڕ هــەی تــڕ دەرکــرا لەماڵ.

• بەهــەی تــر هــەی تــر کرایــە دەرێ.

• بــەو تاســەیەوە چــووە ژێــر خاکەوە.

• بــرا لەپــشت بــرا بــێ مەگــەر قەزا لای خوابێ.

• برا نافرۆشم بە براژن.

• برینەکــە گۆشــتەو زونــی هێناوەتەوە.

• برینەکــە گوشــتەو زوونــی هێناوەتەوە.

• بــست بــست بــالآی کــرد لــە خۆشیا.

• بـوه بەچـیلکە (بـۆ زەعیـف بوونە).

• بوتە پولێك نارەوای شارێك.

• بوخچەی نەکراوەیە.

• بوکێ لەگەڵ تۆمە خەسو تۆ گوێت لێ بێ.

• بوکەکە پڕ بارو بەرگەنەیە.

• بوو بە گەڕە لاوژە.

• بوو بە وتەی ناو ژنان.

• بوو بەئاردی ناو دڕکان.

• بوو بەتەحا تەحا.

• بوو بەرو مەل خەزان.

• بوو بەرو مەل خەزان.

• بوو بەچەڵو مل بەسەریەوە

• بوو بەلۆمەی پساد.

• بوو بەهات هاتی ڕۆم.

• بوو بەوەی من وەی من.

• تۆبە لەمە تۆبە.

• تۆبە لەمە تۆبە.

• تۆبـــەی گـــورگ تۆبـــەی مەرگیەتی.

• تۆبەی گورگ مەرگە.

• تۆڵەی خۆم لێ سەنەوە.

• تا بڵێی خوو ڕەوشت جوانە

• تا بڵێی نارەسەنە.

• تا پارەت لەڕێی خواو چاکە دا سەرف کەی بەزیادەوە بۆت یەتەوە.

• تـا لـێی بکۆڵیتـەوە کارەکـە قوڵو گەنگە.

• تـا لـەوە کـەرەی خۆشـەوە کەرەیە.

• تـا مـاڵ خـۆ دزی کـرت دز ماڵخۆی گرت.

• تاباراشـێك لەگـەڵیا نـەخۆی مەڵێ چاکە.

• تابڵێی لێ نەهاتوە.

• تازە ئەو باوکەی مرد.

• تــــازە ســــەری لەهێلکـــــە جوقاوە.

• تازە کار لەکار ترازا.

• تــازە کەوتۆتــە ســەر فــاکو فیکی ئەو کارە.

• تالأوی کرد بە لووتما.

• تامەزرۆو برسییە.

• تامزرۆیە (تاسوقە).

• تاوو تۆێی کرد.

• تاوی دایە بەر دڵیم.

• تاوی دایە خۆی.

• تاوی دایە دار لیم.

• تێی تەقان ڕۆی.

• تێی قاچان ڕۆیی.

• تەپێ قوڕ بدە بەدەمیا.

• تەپیوە تۆپیوە.

• تــەختو بــەختێکی چــاکی هەیە.

• تەسکو تروسکە.

• تەفرەی داوە.

• تەڵەکە بازە.

• تەمەن پێنجو دوو ڕۆژێکە.

• تەمـــەنی درێـــژ شــــەرمی لەکەس نیە.

• ترە تڕمان بەسەرا ئەکا.

• ترەکـەم بـە ترەکـەت بـا قـیم بەرەوە.

• ترەکـەی تـڕ نیـە ئـەو کێـوە ئەکێڵێت.

• ترخێنەکەی نایەوە.

• تڕمان بەسەرا لێ ئەدا.

• ترنجاوەتــە نــاوی نایەتــە دەرێ.

• تفـەنگ بەتاریکـە شــەوەوە ئەنێ.

• تلیاك خۆری چاکە.

• تورەو ترۆیە.

• توفە شەست ئەکا.

- تومـەز ئەمـەی بەدەسـتەوە ماشاء الله حاڵی خۆشە.
- تـووكی سـەرم بـابردی هێنـد كارەكە سەر سورهێنەرە.
- توومـەز كارەكـە خـۆی كردبوی.
- تیتۆڵی بەبەرەوە نەماوە.
- تیرو شیر لەیەك ئەسون.
- پۆزی ردوە.
- پێ و قدوم خێرە.
- پێ و قدوم ڕەشە.
- پاش تەنگانە فەرعانیە.
- پاك بەو بێ باك بە.
- پان و پۆڕ.
- پێی ئاشی لێ هەڵبڕیوە
- پێی پەیزەنە (خوارە).
- پێی زل نەگبەتە.
- پەرۆیە لەمن دادڕە.
- پەرۆیە لەمن دادڕە.
- پەڕۆیە لەمن دادڕە.
- پەرەی پێدا.
- پەلە قاژێی سەرەمەرگە.
- پەلەقاژێی كرد.
- پەنگی پێ دا پەنگی نایەوە.
- پرسە گورگانەی كرد.
- پرچەكەی بۆ هەڵپاچی.
- پـشتی ئـەڵێی گـاڵۆكی چەماوەیە.
- پـشیلە دەمـی نەگەیـشتە دووگ ئەیوت تاڵە.
- پـشیلە لـەماڵ نیـە مـشك لـە خۆشیا تلی لیەتی.
- پشیلە میـاو تـا تـۆم بـۆ ئـەبێ بە پیاو جەرگم ئەبێتە زوخاو.
- پشیلەی ناتەواو.
- پچڕ پچڕ بوو.
- پلاوەكە دەمی كێشاوە.
- پوزی كردوە.

• پیاوە نەگاڵتە.

• پیاوی درێژ ئەقڵی لەئەژنۆ یایەتی.

• پیاوی دوو ژنە جەرگی کونکونە.

• پێت بەقەی بەڕەکەی خۆت ڕاکێشە.

• پیری و هەزار عەیب.

• پیلان گێڕێکی چاکە.

• جۆگە چەند ئاوی لێ بڕوا تێی یەتەوە.

• جار بەجارم لە گەڵا مەکە.

• جام بازە.

• جلی ئاغرانە لەبەر ئەکا

• جێگەو ڕێگەی بۆ تەخت بوو.

• جێگەی بۆ تەخت بوو.

• حەپۆڵ مێش خۆرە (گێلە).

• حەپولکی نادا (مجالی نادا).

• حەزم لەوردەکاریە

• حەمام بە تڕ گەرم نابێت.

• حەیفە کانیەك ئاوی لێ بخۆیتەوە بەردی تێ فڕێ دەی.

• حیلە بازە.

• خۆسەرم لەبەرهەتاوا سپی نەکردوە دنیام زۆر دیوە.

• خۆم ئەزانم بایی چەندە.

• خۆی تاس و لووس داوە.

• خۆی داوە لە تەل.

• خۆی دەرباز کرد.

• خۆی لێ گرتم کە گوێی لە قسەم بێ.

• خۆی لێ گێل کرد.

• خۆی لێ هەڵماڵی ئازایانە.

• خاکی بەتورەکە بێژراوە.

• خەڵکی لەژێر سێبەری دارێکا ئەحەوێتەوە.

• خەم ڕەوێنە.

• خرپنە خڕو خەپانە.

• خلیسکانی هەڵی خەڵەتان.

• خوا بەسەبرو بەجەبرە.

• خـوا بـدا مـەرگم زاوا نـەکا بەرگم.

• خوا تا کێو نەبینێت بەفری تێ ناکات.

• خوا پێداوان.

• خـوا خواکـەی سـوڵتان مەحموودە.

• خوا دای بنوو نەشی دا هەر بنوو.

• خـوا سـەرو ماڵ بەقەی حاڵ ئەدا.

• خوا لووتی بشکێنێت.

• خوا ملۆزمێکی بۆ ناردم.

• خوا یەکێ ئەکوژێت بەختی یەکێك ئەپژێت.

• خواردن تازە بەتازە خۆشە.

• خـواردن دواخـە خێـری لێ ئـەبینیت هـەر وا خـەویش دوا خەفەت خۆش ئەبێت.

• خواردنەکە کاڵو کرچە.

• خواردنەکـەی تـەڕو بـڕو تازەیە.

• خواقـت گـەنمین بـێ نانـت جۆیین بێ.

• خووی لەگەڵە.

• خوویـە گرتـت بـە شـیری تەرکی نادەی بەپیری.

• خوی لێ پیس کرد.

• خێر بێو بێر بێ بەسەرمانا ڕژێ

• خێر بێو بێر بێ بەسەرمانا ڕژێ.

• خێرو بەرەکەتت هێنابێ.

• خیشی کردوە.

• دۆم بێو کلاش بۆ خۆی بکات.

• دێ گەڵەی نەدیوە بەچاو.

• داتەپیوە گەنیوە.

• دادو بێ دادیەتی لە دەستی...

• دارو دیوار گوێی هەیە.

• داری لێ تاو دام.

• داماڵراوە ڕزیوە.

• دانا لەداناوە زۆر شت فێر ئەبێ.

• دانت ریچ مەکەرەوە لیم.

• داوو فیغانیەتی.

• داویەتیە باریکوبنیسی.

• دایە ببینەو دۆتە بخوازە نەك لە دواییا بێت لانەوازە.

• دایە پرمەی پێکەنین.

• دایکی دزان جاری سنگ ئەخواو جارێ سنگ ئەکوتێ.

• دایما دڕ دوئگن.

• دە با لەورگی خۆی با.

• دەبا هەر بۆ خۆی بڵێ.

• دەبا هەر بۆ خۆی بڵێ.

• دەبا هەر دەهۆڵی خۆی بژەنێ.

• دەبا هەربڵێ بۆ خۆی وت.

• دەجار قورئانی ڕەمباندوە.

• دەرد بەزێنە.

• دەروێش خۆی ئەزانێ چی لەکەشکۆڵەکەیدایە.

• دەریا بەدەمی سەگ گلاو نابێ.

• دەزوەکە قرچۆکە.

• دەس بەسەرە.

• دەس بڕی چاکە.

• دەس دەس ئەناسێت.

• دەس لە دەس و قوەت لەخوا.

• دەسە پیسەکەی بەسەرمنا سوو.

• دەستە چەورەکەی خۆی بەسەر منا سوو.

• دەستم پیرە لۆك بوە لەئاوەکەدا .

• دەستم دامێنت من کردم تۆ مەیکە.

• دەستم چزا بەئاگرا (عارم نا).

• دەستی تێ ناوە ئەڵێی خێرو بێری دەنێو ماڵوانی هەیە.

• دەستی تێوە ژانم

• دەستی جەڕانم.

• دەستی خۆت قورس کە دیاری چاك بەرە.

• دەستی خۆی گەست.

• دەستی خێرو دەستێ شەڕ لە منالەکەت مەدە نەك بەر.

جێگەیەکی کوشندەی بکەوێت و بمرێت.

• دەستی گەست.

• دەستی قورسە کە پیا ماڵێت.

• دەستی لە بنی هەمانەکە دەرچوو.

• دەستێك خێرو دەستێك شەڕ.

• دەگ لەولا ترچی.

• دەك بەناو بیت.

• دەك خۆش مژدە بیت.

• دەك خوا ڕوت ڕەش کا.

• دەك خوا لەناوی بەرێ بۆ خۆی و مامەڵەی.

• دەك ڕوت ڕەش بێ وەك بنی مەنجەڵ.

• دەك ڕوو ڕەش خۆت.

• دەك زمانــت بــبڕن زمانــت بگرە.

• دەك ســــەرو ســــەكوتت خواتەوە.

• دەك ســــەرو ســــەنەمەت خواتەوە.

• دەك لەولا تر چیت.

• دەك نانو نمەكم بتگرێت.

• دەك نەڕەت برێ چەن زلە.

• دەم لەكــەس لار ناكەمــەوە سەد ئەوەندە نەم بێت.

• دەماو دەم كەوت.

• دەمە تەقێ ئەكەن.

• دەمە زەردی كردەوە.

• دەمە زەردی كردەوە.

• دەمە قاڵێ مان بوو.

• دەمە لاسكی ئەكاتەوە.

• دەمكوتی كرد.

• دەمی بوو بەتەڵە تەقییو.

• دەنگی دەهۆڵ لەدور خۆشە.

• دەنكی دەقی نەشكاوە.

• دەی فــەرموو ئەمــە عــەرزو ئەمە گەز.

• دەی ناوی خوای لێ بێنە.

• دڕ دونگن.

• دز یەكەو شك هەزار.

• دڵ فرێنە.

• دڵ وەك گوڵــــە كەشــــكا ئەشكێ.

• دڵی لەپەڕەی گوڵ ناسكترە.

• دنیا بۆ شاهی قاقان نەما.

• دنیــا بــۆ هەنــدێ گــەنج و بــۆ هەندێ ڕەنج.

• دنیا بۆشو بەتاڵە.

• دنیا پێچی مێزەرێكە.

• دنیا پێنج و دوو ڕۆژێكە.

• دنیــا ســـەیرە مێــشولەش تەیرە.

• دنیای چاك داوە بە کوڵیا.

• دوبست گەزارەی لیٚ کیٚشام.

• دوژمنی دانا نەك دۆستی نەزان.

• دور چەکولەیە خەپە تورە یە (بۆ منالی قەڵەو).

• دوعا کەرە خۆڵ بەسەرە.

• دیدەنی دۆستان چ ساتیٚکو چ ساڵیٚك.

• دیزە بەدەر خونە.

• دیقی کرد.

• ژن بناغەی ماڵە پیاو سەقفەکەیەتی.

• ژنە نەگاڵتە.

• ژنی پییر بەو لە جیٚی میر بە.

• ژنیٚکی بەگفتو لفتە.

• ژیان با خ وبیٚستانە چینی ئەخوریٚت چیٚنیٚك یەتەوە.

• ژیر ئەوەیە کەلەگەڵ هەموو کەسیٚکا هەڵ کات.

• ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە.

• ڕۆژو هات یەتی.

• ڕۆژو هاتیەتی.

• ڕۆڵە خوا بناسە.

• ڕۆییوە بیٚ سەرو شویٚن.

• ڕیٚ بەدیٚ یەك ئەکا.

• را بیٚ رابەر نابیٚ.

• ڕاوو ڕیٚوی هیٚنایەوە.

• ڕەنگ بەڕوییەوە نەماوە.

• روی لیٚ وەرگەڕان.

• ڕیسەکەی بوەوە بەخوری.

• ڕیسەکەی بوەوە بەخوری.

• ڕیٚوی کلکی شایەتیەتی.

• ڕیٚویت بەپیرەوە هات.

• ڕیٚی هاتوو نەهاتە.

• زۆر ئافرەتیٚکی سرکە.

- زۆر بەقسەو باسە.
- زۆر هەڵەو هەرزەیە.
- زۆرو بۆرە.
- زۆڵو حەرام زادەیە.
- زۆڵە کورد.
- زاتو زۆری هەیە.
- زاو زێ ئەکا.
- زەردبوە هێندەی هەیە.
- زەلامیــــکو ئــــافرەتێکی گەڕۆکن بە جووتە.
- زەلامێکی بەزەبرو زەنگە.
- زەلامێکی جەربەزەیە.
- زەلامێکی قۆشمەیە.
- زەلامێکی کەلە ڕەقە.
- زەمان زەمانی کەوا بخۆیە.
- زرمەی لێ هەڵسان.
- زوڕنـــا ژەنو دەهـــۆڵ کـــوتی چاکە.
- ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار.
- ساڵێکی بەقاتو قڕە.
- ســـەپان ئـــەڵێ مشکێکیـــشم لەدواوە بێ هەر باشە.
- سەرت بدە ناو مەدە.
- سەرە نەهەنگە.
- سەرما بردەڵەیە.
- ســــــــەرمان ئەتاشـــــــیو ئاوێنەشمان ئەداتە دەس.
- سەرو سەکوتت خواتەوە.
- ســـەرو ســـەکوتی خواتـــەوە هێندە بڵحە.
- سەرو سەنەمەی ڕەش بوو.
- سەری ئاشەو بنی ماشە.
- سەری بێ دەلاك ئەتاشێت.
- سەری بە گێچەڵە.
- سەری زۆر قاڵە.
- سەری زل دەوڵەتە.
- سەری سوڕما.
- سەری چۆتە ماشو برنج.

• سەری لەبەر هەتاوا سپی نەکردوە.

• سەری لەگوێی گوڕ ئەلەرزێ.

• سەری لێ شێوا.

• سەری مارەکە ئەوە.

• سەکووتی بەدبوو.

• سەنگو سووژنم نا.

• سڕی خۆمو تڕی خۆم.

• سوارتا نەگلێت نابێ بەسوار.

• سواڵکەر کە ئەنوێ دووگەز جاو لە خەوا ئەبینێ.

• سورە سوری ڕومەتی یەت.

• سوو خۆرە کاسبی حەرامە.

• شار باری کرد.

• شەبەیخونی لێ کردم (دەستی لێ گۆڕیم).

• شەڕ لەبەتاڵی چاکترە.

• شەربێ دەرد بکەم بەقوڕگیا

• شەرت بێ قورقوشم بکەمە لووتی.

• شەرتە لەبزم لەلەبزی نەگەڕێ.

• شەڕەو بوە بەڕیشمەوە ئەبێ شانەی بۆ هەڵگرم.

• شەرع شەرمی لەکەس نیە.

• شەڕو تڕ بەردەرگای گرتوم.

• شەروو ترەو بەرماڵی گرتووم.

• شەریکو خەریکی.

• شەق ئەزانێ قۆناغ لە کوێ یە.

• شەکر لەزاری ئەبارێ.

• شەل نیەو پای شکاوە.

• شەنو کەو ئەکا.

• شەویلەی قن قەویلەیە.

• شـــڵو شـــێواوە (شـــەپو شۆڕە).

• شملّی شەڕە.

• شموتکـــە دای گـــرت (مـــات بوو).

• شموتکە گرتوویەتی.

• شوکر ماخۆلانیەتی.

• شـــێریماڵـــەوەو ڕێـــوی دەرەوە.

• شییلەکە دەزولەیی کرد.

• چ تانو پۆیەکە دووت داوە.

• چـــۆتە ســـەر داریّ نایەتـــە خواریّ.

• چۆڕی لیّ بڕی

• چـــۆڕی لیّ بـــڕی هـــەمووی خواردەوە.

• چـــۆن ئـــەی ناســـی؟ مـــاری حەوت سەرە.

• چۆنی ئەناسی.

• چارەنوسی خراپە.

• چارم ناچارە.

• چارم ناچارە ڕیخۆڵەم ڕژاوە.

• چاکو خراپی خۆی نازانیّ.

• چاو بازە ناگیرێت.

• چاوی چڵکن تیری قورەت.

• چەم بیّ چەقەڵ نابیّ.

• چەواشەی کردم.

• چنگە کڕیّی کرد.

• چیتۆکەو پیتۆکە ئەپۆشیّ.

• چێشتەکە بەتام و بەلەزەتە.

• گۆشـتی لارانـت بخـۆ منـەتی قەساب هەڵمەگرە.

• گازیشی هەیەو بازیش.

• گـەر خـوا بیـەویّ بەشـەر بکا قـڕ بەشـەو سـایەقەو بـەڕۆژ هەوری پڕ.

• گەر دار پوازی لە خۆی نـەبیّ ناقڵیشیّ.

• گەر سەرت بەدەستی خۆت نەخورێنی خروی ناشکێ.

• گەر گاڵیش بێن هەر زەوادی خواین.

• گەر کەچەڵ دەرمان کەر بوایە دەرمانی سەری خۆی ئەکرد.

• گەر کەڵەشێریش نەوی ڕۆژ هەر ئەویسەوە.

• گەرو گێچەڵم بۆ ڕێك مەخە.

• گەڕو گێچەڵی نایەوە.

• گەڕی پێ کردم.

• گەزی چیو جاوی چی.

• گەلە کۆمەکیان لێ کرد.

• گەورە ئاو ئەڕێژێو بچوك پێ ی لێ ئەخا.

• گڵی دوور دەرمانە.

• گوێ ڕایەڵی چاکە.

• گوێی پێ دا.

• گوورزی خۆی وەشان گەزارەی لێ کێشام.

• گوڕی دایە خۆی.

• گوو بەریشت لەگەڵ ئیشت.

• گوێزێك بشکێنەو بەختی لێ بێنە.

• گێرە شێوێنە.

• عەیبەو عار نازانێت.

• عەیبم لێ مەگرە.

• غەدری لێ کردم.

• فران فرانە.

• فرکەی کرد.

• فێر کەران فێرمەکە کە فێرت کردن تێریان کە.

• قاتو قڕە.

• قاچوو قووچی لێ کردم.

• قامکی خۆی گەزت.

• قاوو قیژێکە نەبێتەوە.

• قەپوو لمۆزی ئەڵێی هەی سەیە.

• قەد بڕ کێوەکەی بڕی.

• قەرز دو ماڵ ئاوا ئەکاتەوە.

• قڕی دەسکەنە کرد.

• قڕە ڕەشیان تێ کەوت.

• قرتەی لێ بڕی.

• قرتەی لێ بڕی هەمووی خوارد.

• قرپۆکە (سەر بەگێچەڵە).

• قرژاڵ بۆ بە دوو سەر ئەڕوات؟ هیچ بۆ جوانان عەیب نیە.

• قڕو قەپی کرد.

• قسە ئەکا.

• قسە بکا هێشتا ئەمە خوێی چێشتە.

• قسە کەوتە زارێ ئەکەوێتە شارێ.

• قسە لەزارتا بەشەکر بێت.

• قسە مەگێڕەوە لە پاش حەوت کێو ئەگاتەوە بە خێو.

• قسە مەکە دارو دیوار گوێی هەیە.

• قسە نەکلۆکە.

• قسە هەزارەو دوانی بەکارە.

• قسەکانی بەتوێکڵو مانایە.

• قسەکانی هەموی هەلەقو مەلەقە.

• قسەکە دەماو دەم کەوت.

• قسەی هەلەقو مەلەق ئەکا.

• قسەیە قسە یەنێ.

• قلیشایەوە.

• قوڕ بەدامانی.

• قورتمەت دەریەنم بێ درکێنیت.

• قورتمی گرت کەوتە غەلقە غەلت.

• قیتەی سمێڵی دێ.

• قیتـــەی سمێڵـــی هـــات لـــە خۆشیا.

• کۆلێـــك ســـڕو نەگبـــەتی لـــە خۆی دابوو.

• کێ کردی‌و کێ خواردی.

• کابرایەکی دەبەنگە.

• کابرایـــەکی کەللـــە شـــەق‌و کەللە ڕەقە.

• کار لەکار ترازا.

• کارەکە لەکلکی گەڕایەوە .

• کارەکەی گەندە.

• کـــارێکی پـــێ کـــردم بـــە داستانی ڕۆستەم ناگێڕێتەوە.

• کاکـە ئەمـەت بـۆ ئەگێڕمـەوە ئۆبـاڵم بـە ئەستۆی ئـەوەی لـێم بیستوە.

• کە تازە هات کۆنە خەلاّتە

• کە دۆ ڕژا کۆناکرێتەوە.

• کــە زۆرت بــۆ هــات بــەجوو ئــەڵێیت بــە ڕیــشی موبارەکــت قەسەم.

• کە وتی تیس تیس.

• کە وتی تێش تێش.

• کـــت‌و مـــت هـــەر ئـــەڵێی خۆیەتی.

• کەبرا بـوو بـەبرازا کـار لـەکار ترازا.

• کەتنی نایەوە.

• کەر بازاڕیە.

• کـــەر کـــەی بەپەیـــــژەدا ســـەرکەوت ئەوســـا بـــوك‌و خەسوو ڕێکەوت.

• کـــەرێکی تۆپیـــوە (بـــیرم کەوێتەوە).

• کـەزێڕت کـڕی دیتـەوە کـە فرۆشتت بزرت کرد.

• کەس ئاگای لـەدەردی کـەس نیە.

• کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە.

• کەس ناچێتە ناو گۆڕی کەسەوە.

• کەس ناڵێ بەری چاوت کلی پێوەیە.

• کەشخە کەری جرتو فرت کارەکەر کارەکەری ڕاگرت.

• کتك لەسەر ڕمانە.

• کتك لەسەرمانا.

• کەلە پاچەیان کرد.

• کەڵەکە تری یە.

• کەللە تەزێنە.

• کەلێنو قوژبن

• کەم ئەخۆمو بەسەر بەرزی ئەژیم.

• کەم بخۆ کاکە هی خۆت نیە کایەنەکە هی خۆتە.

• کەمو کوڕی هێنا.

• کەنگرو ماست بەوادەی خۆی.

• کەهات هاتت بوو ڕوی هات.

• کتو مت ئەڵێی خۆیەتی.

• کەوتە سەر ساجی عەلی.

• کەوتە گێژاوەوە.

• کەوتی تیژ تیژ.

• کەوتی: تیژ تیژ!.

• کتومت خۆیەتی.

• کەی چیو هەوجاڕی چی.

• کرەشی ئەکا.

• کردەی منەو بردەی خەڵکی.

• کچ تا دانیشت بەخت یەنێ.

• کچ داوێنی خۆی دوژمنیەتی.

• کل لەچاو ئەرفێنێ هێندە دزە.

• کلۆڵو نەگبەتە.

- کلک هەڵسەنگێنەیە (خۆی ترزل ئەکا).
- کنرو ماست بەوادەی خۆی.
- کوتاڵەکە پواوە لە کونیا.
- کوتاڵەکە عەمارە پۆیە.
- کوتەک ئەزانێ قۆناغ لەکوێیە.
- کورد ئەڵێ کفن گیرفانی نیە پارە خەرج بکە نابرێتە گۆڕ.
- کورد لەدیاری خۆی ناخوا.
- کوڕم خەڵکی کوێی؟ هێشتا ژنم نە هێناوە.
- کوڕو دوڕیان وتوە.
- کوڕو دوور.
- کوڕی چاک پارەی ناوێ کوڕی خراپیش پارەی ناوێ.
- کونە مشکی لێ بۆتە قەیسەری .
- کوێرە چیت ئەوێ دووچاوی ساغ.
- کێشای و پارسەنگیشی دایەوە.
- کێوی دەماوەند.
- لالووتە لێم.
- لای کەس نەی درکێنیت.
- لایی خۆی بە سوعبەت وتی کەچی بوو بەڕاستی.
- لە ئاش هاتەوە هەواڵی ئاشی ئەپرسی.
- لە بن و بنچینەوە خانە دانە.
- لە تک و تاسەوە چوو.
- لە تکوو تاسەوە چوو.
- لە جێی سنگان قوڵ زەڵ قورتە.
- لە جێگەی بازان ول کولە رازان.
- لە خشتەی برد.

• لە دوێ داوە (پشتی گرتووە).

• لە رۆژی (قالوا بلی)وە.

• لە شاخ کەوتە خوارێ هەپرون بەهەپرون بوو.

• لە عەزرەت پلاّو ترش ئەکاتە ئاو.

• لە قینی دراوسێ ورگیی منالّی خۆی ئەدڕی.

• لە هەزاران ئاوی داوەو تەڕ نەبوە..

• لەبێ عاریان دا وتی تەڕ تەڕ نەباشید.

• لەبەر خاتری خاتران ئەچمە سەر دینی کافران.

• لەبەزمو رەزمی خۆی ناکەوێ.

• لەتەڕ ئەخواو لەوشک ئەنوێت.

• لەپاش تری خشەی بڕی.

• لەپاش حەوت کێو قسە ئەگاتەوە بە خێو.

• لەپڕێ بوو بەکوڕێ.

• لەخۆشیا هەر قریوەی دێ.

• لەدار ئەتاشم بۆ یەکێ یارمەتیم با.

• لەژێر سایەیا حەواوەتەوە

• لەڕو لاوازە.

• لەزەمانێکاین کەس حەز ناکا کەسێکی تر نینۆکی بێ سەری خۆی بخورێنێت.

• لەسیو دووی خۆمام بیکەم یان نا.

• لەشوشەی فەرعان دایە.

• لەقالو بەلاوە ئەمە هەبوە.

• لەقە فرتێ ئەکا.

• لەکەفو کولاّیە.

• لەکەفو کولّی خۆیایەتی.

• لەنگەری لێ گرتم.

• لەهــــەزار ئـــاوی داوە تـــەڕ نەبوە.

• لرفە لرفیەتی لەسەرما.

• لرفی داوە هەڵپڕوکاوە.

• لچی لێ هەڵقورتان.

• لنگە فرتێ ی زۆر کرد.

• لووتی لێم خوارە.

• لووشی داوە.

• لێم بۆتە هەژدیها

• لێم دەرات و لێم هەلاّت.

• لێم سورو کور بوەوە.

• مــۆم بــوو لــەڕێ گــشت توایەوە.

• مادەی بۆشەو نایباتە سەر.

• ماران گازە.

• مــارو مێــروی دنیــای تــێ ئالاّوە.

• ماری بی ئیجازەیە.

• ماست نیـە بـە لێوتـەوە دیـار بێ

• ماستیش و ماستیش.

• ماشائەڵلا ئەو ژنـە کـە پـان و پۆڕە.

• مـاڵ خـۆی لـە خۆیـا نـەبوو میوانیش روی تێکرد.

• ماڵ لەماڵ خۆ حەرامە.

• ماڵەکە جمەی ئەهات

• ماڵی کەم لەگەڵ دەست پێوە گرتنیـا باشـترە لـەماڵی زۆرو ڕشتنی.

• مامەلە سەنگی مەحەکە.

• مەرگ لەگەڵ ئاوەڵان جەژنە.

• مەســـــــەلەکە تـــــالێ ی هەڵکۆڵیتەوە هەر قوڵە.

• مەمرەو مەژی پێ ی ئەژیم

• مــــەمرەو مــــەژیی بــــەشمان ئەکات.

• مەنزڵ پاك ئەیبڕێ.

• مەیمون خۆی لە خۆیانەبوو ئاوڵەشی دەردا.

• مژدانەی دایە.

• مرۆڤـــی دانـــا بەچـــاوی سوکەوە سەیری کەس ناکا.

• مرۆڤێکی کەم تەرخەمە.

• مردنیش بە نۆرەیە.

• مردوو لەمە پاکتر ناشۆرێت.

• مزگـەوت روخـاوە میحرابـی ماوە.

• مشك لە ماڵیا کلکی ئارداوی نابێت.

• معاملە سەنگی محەکە.

• ملم لە موو باریکترە.

• من بۆتۆ مردوو تۆ بۆمن گوو کردوو.

• مــن بــەم کــەین و بەینــەم نەزانیوە.

• من مردوو ئێوە زیندوو.

• مـن مـردوو تـۆ زینـدوو ئـەو شتە هەر ئەبێت.

• مناڵەکە سەرە خۆرەیە.

• مناڵێکی خەپە تۆڵەیە.

• مناڵێکی خرپنە.

• منـــاڵێکی هـــارە هـــەر هەڵئەقونێتەوە.

• مـوو ماسـتیان لەیـەك جیـا کردەوە.

• مـوو ماسـتیان لێـك جیـا کردەوە.

• مێش لە دۆ ئەنیشێت.

• مێشکی پووتە.

• میوان میوانی خۆش ناوێ.

• میـوەو سـەوزەی نـۆ نوخـشە خۆشە.

• نۆرە بڕی کرد.

• نابێ بڵێی بەری چاوت کلی پێوەیە.

• نابوت بوە.

• ناکەس بەچەیە.

• ناڵێی بەری چاوت کلی پێوەیە.

• ناڵێت بەری چاوت کلی پێوەیە.

• نامە خوا.

• نامە خوا حاڵی خۆشە.

• نامە خوا دەستی چاك ئەڕوا.

• ناوی بەکولەکەی ئاشا چێت.

• ناوی خوای لێ بێنە.

• ناوی زڕاوە.

• ناوی گەورەو شاری وێران

• ناوی مەهێنە ماری حەوت سەرە.

• نە بەزستان نەبەزەردەی حاکم باوەڕ مەکە

• نەبە بەرخی تێر شیر بووم نەبە کاوڕی تێر گیا.

• نەبە خەندەی مێرد نەبە گەرمی زستان نە بەزەردەخەنەی حاکم باوەڕ مەکە.

• نەداربێ و نەپەردوو لەعنەت بێ لە هەردوو.

• نەدوو کەڵە ونە دوو ژێر پێکەوە هەڵناکەن.

• نەسەلکی سیریت نەقچکی پیاز.

• نەشیش بسوتێ و نەکەباب

• نەفس و تەماع سەری نەخۆی سەرت ئەخوا.

• نەفس و تەماع سەری نەخۆی سەرت ئەخوا.

• نەی خۆی تاڵە.

• نقی لە خۆی بڕی چونکە کەتنەکە خۆی کردبوی.

• نوقلآنەی بۆ لێ دام.

• نێرە حەیتەیەکی سەیرە.

• هۆمامە مامە هەمووشتێ دەستیامە.

• هۆیە لە مویە ئەکاتەوە.

• هاتمەوە سەر هەواری خاڵی.

• هەر ئەڕواو جوتە ئەهاوێ.

• هەر ئەقڵو فام تا زۆربیت نرخ دار تر ئەبی.

• هەر ئەڵێی دانی مارە هێندە ژیرە.

• هەر ئەنرکێنێ خۆی بەناز ئەفرۆشێت.

• هەر بۆڵە بۆڵیەتی لەبەر خۆیەوە.

• هەر بابۆ خۆی بڵێ.

• هەر بەجارێك تۆقیوە.

• هەر بەقەرزو فەرز ئەژی.

• هەر پەلەی بەدەست مەلائکەتێکەوەیە ژن کە ژان ئەی گرێت منالی ئەبێ.

• هەر خەریکی بڕو بیانووە.

• هەر خەریکی تەڵەکە بازیە.

• هەر خەریکی جرتو فرتە

• هەر خەریکی قسە هێنانو بردنە..

• هەر خەریکی کاری ناڕەوایە.

• هەر خەریکی کەینو بەینی خۆیەتی.

• هەر دەوەنە ئەبێ بەدار.

• هەر ژاوە ژاوم گوێ لێیە.

• هەر سیر بخۆوزوڕنا لێدە.

• هەر چنگە کرێ یەتی.

• هەر لەسەر دەقی خۆیەتی.

• هــــەر لەقــــسەی هەلــــەق و مەلەقی داوە.

• هەر لەکەش و فشی داوە.

• هەر لەکەف و کوڵ دایە.

• هەر لەورگت بە تازە تەواو.

• هەڕێ لە بڕێ ناکاتەوە.

• هەراسانی کردم هێندە هاتە سەرم.

• هەرایەکــە صــەگ خــاوەنی خۆی ناناسێتەوە.

• هەرتەقلە ئەدا.

• هەرچــەند خوشــك ســوڵتان بــێ و بــرا شــوان هــەر خوشــك چاوەڕوانە.

• هەرچەند کار کردن هیلاکت ئەکا بێ کاریش خراپترە.

• هەرچی سری خۆی دەرخا کاری خۆی گەنگ ئەکا.

• هەریەکەی لەئاشێ ئەهاڕێ.

• هەریەکەی ملیك ئەهاوێ.

• هەسانی لێ ئەسوێت.

• هــەق بــە هــەق نــانێکی ڕەق و تەق.

• هــەق بەهــەق نــانێکی ڕەق و تەق.

• هەلــــەو بــــۆت هەڵکــــەوتوە لەدەستی مەدە.

• هەڵپڕو کاوە.

• هەڵی سەنگان.

• هەڵی لوشی.

• هەموو ئازای تەن تەنەو حەن حەنە بوو.

• هەموو دەردێ دەوای هەیە.

• هــــەموو شــتێ درۆیــە هــەر شەرت چاوو برۆیە.

• هــــەموو شــــتێ کــــەف و کوڵەکەی.

• هەموو شتێك بەنۆرەیە.

• هەموو شتێك كە زۆر بوو بۆرو هەرزان و بێ نرخ ئەبێ هەر ئەقڵ و فام نەبێ تا زۆر بێت نرخدار تر ئەبێ.

• هەمووشتێ بەخوێ، خوێش بەمانا.

• هەمووی جاشی ماكەرێكن.

• هەمووی خواردەوە قرقەی لێ بڕی.

• هەمووی لرف دا.

• هەمیشە ئەڵێی لە قرمەوە هاتوە هێندە برسیەتی.

• هەمیشە دەمە قاڵێ یانە.

• هەمیشە هەر قەوچە قەوچی بنێشتیەتی.

• هەمیشەشپرزەو شێواوە.

• هەوڵ بە هەر لاشەت بڕوات نەك ناوت.

• هەویرەكە هەڵهاتوە.

• هێشتا بۆنی شیری خاو لەدەمی یەت.

• هێشتا كارەكە گەرماو گەرمە.

• هێند زۆرو زەبەنگە بە پێی مریشكەوە ئەڕوا.

• هیندبێ جورمە ئەڵێی قومقمۆكەیە.

• هێندە ترش و تاڵە قسەی لەگەڵا ناكرێت.

• هێندە پیرە بوە بەكەوڵە كۆن.

• هێندە خەتا بارە بۆی نیە قسە بكا.

• هێندە خەستە خورەی نایە.

• هێندە خراپە رۆڵە لەبەر دایك هەڵئەگرێت.

• هێندە دەنگی خۆشە مەل بەئاسمانەوە ئەوەستێ كە گۆرانی ئەڵێ.

• هێندە زلە ئەڵێی دەڵە دێوە.

• هێندەساردە ئەڵێی ئاو لای داوە.

• هێندە سپیە ئەڵێی چورەی شیرە.

• هێندە لەڕو ڕەشە.

• هێندە هارە سوار لەسەر زین یەنێتە خوارێ.

• وەرە ئەم کەرە لەو قوڕاوە دەربێنە.

• وەرە مزگێنیەکەت وەرگرە.

• وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو.

• وەك بەفرەکەی پار توایەوە.

• وەك چاوی نیگای داوە.

• وەك کوڵە وەیباب وایە پێوەت ئەدا.

• وەی من وەی منیان بوو.

• وتیان بەراز بۆ هەر بەشەو دەرئەکەوێ؟ وتی کردارم هێندە خراپە ناوێرم دەرکەوم.

• وتیان قرژاڵ بو بە دوو سەر ئەڕوێ؟ وتی هیچ بۆ جوانان عەیب نیە.

• یاخوا دایك موحتاج بەڕۆڵەی نەبێ.

• یاخوا ئاو یەر بیت.

• یان شایی و شین دەستیاوە.

• یەخەی خۆی دادڕی لەتاوا.

• یەژی ترنەی دوای شاییی کەرە.

## هەنێ ناوی خەڵکی لە دێهاتو ناو عەشایەرا کورت ئەکرێتەوە یان ئەی گۆڕن بەزۆری لەکۆنا

- فتح الله و فەتاح - فەتە
- محمد - حمە - مەمەد
- أحمد - ئەحە
- محمود - خوولە
- توفیق - تۆفە
- مطلب - موتە
- علی - ئەلە، عەلە
- عمر - عونە
- عوسمان - عووسە
- رؤوف - ئووفە
- فاطمە - فاتە - ئاتە
- ئامینە - ئامە - ئامنە
- خدیجە - خەجێ - ئەجێ
- نەسرین - نەسە
- پەروین - پەرە
- سعید - سەعە
- قادر - قالە
- سالح - سالە
- نادر - نالە
- مەولود - مەولە
- لوتفی - توتی - لوتە
- خاتون - خاتە
- خانم - خانی - خەمی - خامە
- أمین - مینە
- جمیلە - جەمە
- حەلاوە - حەلی
- خورشیدە - خورشە
- عاصمة - عاسە
- سلمە - سەلە
- عبدالله - عەبە - ئەوڵڵاَ
- طالب - تالە
- صابیر - سابە
- نوری - نورە
- فریدون -فرج - فەرە
- عبدالرحمان - رحمان - أورحمان
- حسین - حسە
- مصطفی - مچە
- خلیل وجلیل - خەلەو جەلە
- خدرو خضر - خلە
- حبیبە - حەبێ
- اسماعیل - سمە
- برایم - بلە

- بەدری = بەدە
- بەدیعە = بەدە
- سەبری = سەبە
- رەحمە = رەحە
- عزیز = عەزە
- نەزیرە = نەزە
- رعنا = رەعە = نەعە
- رابعا = رەعە، رابە
- رشید = ڕەشە
- پیرۆز = پیزە، پۆزێ
- خانزاد = خازە
- عبد الواحد = عەول
- عبدالخالق = عەدول
- شەریف = شەفە
- نعیمە = نەعە

## ناوی چاو لە کوردیا یاکەلەسلێمانی ئەبیستر

پێشینان وتویانە هەموو شتێ درۆیە هەر شەڕی چاوو برۆیە.

- چاو مەست
- چاو شەهێن
- چاو تییژ
- چاو بادامی (وەکوو بادامە)
- چاو پڵو پوشاوی
- چاو خێل
- چاو قووڵ
- چاو نەرم
- چاو توقلە توقلە
- چاو کزو کوێر
- چاو گێژ
- چاو گەش
- چاو مار (یانی چاوی تیژە)
- چاو پان
- چاو قاپی سەعات (خررە)
- چاو زەق
- چاو قلیچ یا قییچ
- چاو تیل
- چاو مۆن
- چاو مات
- چاو بەل
- چاو زەرد وەك هی پشیلە

- چاو مەڕی (لەشێوەی چاوی مەرا بێ برژانگیش کەم)
- چاو نیشتووەو هی کوێر
- چاو بز (وەکوو چاوی بزنە)
- چاو سووتەمەرو (دەوری سوورە)

## ناوی دەنگ لەکوردیا

لە ساڵی (١٩٥٤) ئەم دەنگانەم کۆکردەوەو نوسیومە باوەرم نیە کە هیچ گەلێکی تر وەکو کورد دەوڵەمەند بێ لەو وشانەدا:

- جیڕە: پێوە دانی دەرگا یا پێلاوی تازە یاشوشە پاک شۆرابێ جیڕەی دێ.
- قیڕە: قەلە ڕەشکە یان بوق یاقاز ئەڵێن ئەقیڕێنێت.
- نەڕە: پیاوی دەنگ زلو تووڕە نەڕە نەڕیەتی یان دەنەڕێنێ بەسەر خەڵکیا یانەڕەی شێر.
- چەقەچەق: زۆربڵێ بەدەنگێکی ناخۆشەوە.
- وەڕە: سەگ ئەوەڕێ.
- زەڕە: گوێ درێژ (کەر) ئەزەڕێت.
- قەوچە: بەدەنگێکی ناخۆش زۆریی ئافرەتی روو هەڵماڵراو دەمیشی زۆر ئەجوڵێنێ قەوچە قەوچ قسە ئەکا یا قەوچە قەوچ بنێشت ئەجوێ.
- حیلە: دەنگی ئەسپو ماین ئەحیلێنن.

- **جوکە:** دەنگی جوجەڵە ئەجوکێنیٚ‌یا دەنگی مشك.
- **فڕکـــە:** یـەکیٚ بـەخێرایی بـڕوات بـەلاتا فرکـەیی کـرد ئـاوڕی نەدایەوە .
- **چـوررە:** ئـاو کـە بەکـەمی یەتـە خـواریٚ چـوڕە چـۆڕ ئـەکا دەنگـی نزمی ئاو.
- **میاوە:** پشەکە ئەمیاوێنیٚ.
- **پرخە:** هەنیٚ کەس لەکاتی نوستنا پرخە پرخ ئەکا.
- **زرینگـــە:** شوشـــەی چـاك بەپەنجـە لـێ‌ی دەی ئەزرینگێتـــەوە، کەشکا.
- **چرکە:** دەنگێکی زۆر نزم ئـەڵێن چـرکەیەکم گـویٚ لـیٚ‌بوو وا بـزانم دزە، یان یەکێکە گوێمان لیٚ ڕا ئەگریٚ بزانیٚ چی دەڵێین.
- **قـــرە:** یـەکێك بـەدەنگێکی ناسـازی بـەرزەوە باسـی ڕوداوێـك بگێڕێتەوە ئەلێن هەر قرە قرپەتی.
- **بارە:** دەنگی مەڕ مەڕەکە ئەباڕێنیٚ هەروا دەنگی بەرانە کێوی.
- **ڤنگـــە:** دەنگـی گوللـە بـەلایی گوێتـا ڕۆیـی ڤنگـەیی هـات یـان زەلامێك بە لاتا ڕۆیی ڤنگەی هات.
- **حەپە:** دەنگی سەگ سەگەکە ئەحەپێنیٚ یان حەپە حەپیەتی.
- **بلقە:** دەنگی ئاو هەڵقوڵین لەکانی ئەبلقێنیٚ یان لەبنی عەرزەوە.
- **لوورە:** دەنگی ڕەشەبایەکی توند لە زستانا باکە ئـەلورێنیٚ هـەروا دەنگی چەقەڵ سەگ گورگ ئەمانەش ئەلورێنن.

- **ناڵە ناڵ:** هەوری قایم لەبەهارا ئەناڵێنێ یان نەخۆش لەتاو ئازار ئەناڵێنێ یان فلاّن ئەناڵێنێ بەدەست ئەو پیاوە خراپەوە.
- **مڵچە:** هەنێ کەس زۆر ناشیرین نان ئەخوا ئەمڵچێنێ لەکاتی جوونی خواردنەکەدا.
- **خرچە:** دەستی خۆی بەچەقۆ بڕی خرچەی هات یان گۆشتەکە ئەکولاّوە خرچە خرچییەتی یامیوە ئەبڕێت خرچەی دێ.
- **قرچە:** شتێك لەسەر ئاگرە و خەریکە بسوتێ قرچە قرچییەتی یان ڕۆنەکە قرچا یان دارەکە شکاو قرچەی کرد.
- **حزتە (قرتە):** مشك لەکونەکەیا خرتە خرتێتی شتێکی بردوە و ئەیخوا، هەروا قرتە قرتیەتی.
- **وورتە:** قسە کردن بەنزمی.
- **زرمە:** شتێك یان بەشەر لە جێگەیەکی بەرز کەوتە خوار زرمەی هات یان مناڵەکە.
- **خرمە:** فلاّن شتەکە ئەخوا خرمە خرمیەتی وەکوو خەیارو ترۆزی یان کاهو هەروا میوەی کاڵو کرچ.
- **قرمە:** ناوسك با بکات قرمە قرمیەتی، درەختەکە قرمەی کردو کەوت.
- **نرکەو ناڵە:** شیر یان ورچی نەخۆش ئەنرکێنێ و ئەناڵێنێ.
- **کرمە:** شتێکی ڕەق کە بخورێت کرمەی دێ کلۆ شەکرە یان نوقڵەکە ئەکرمێنێ.

- **گارە:** دەنگی بەرخوو کاریلەو گوێرەکە کە ئێواران ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵ لەلەوەڕ یان مریشك بیەوێ هێلکەبکا گارە گار دەکا.
- **ناڵە:** فلاًن شتە کەوتە خوارێ ناڵەی هات وەکو تۆپ و بۆمبا.
- **فیشکە:** مرۆڤی جگەرەکێش هەر فیشکەی جگەرەی دێ یان فیشەیەتی یان هەر فشکە فشکیەتی. دەنگی مار لەکونەکەیا یان مارەکە بە فیشکە فیشك بەرەو رووت هات یان فیشکەیی گوللە بەلای گویا رۆی.
- **نووزە:** مناڵەکە نەخۆشە ئەنوزێنێ یان هیلاکە بەئاستەم نووزەی لێوە دێ.
- **گزە:** مناڵەکە ددانی دەردێت هەر گزە گزیەتی.
- **نووزە:** مناڵێك هەربگری و درێژە بەگریانەکەی با ئەڵێن هەر ئەنورێنێو نای بڕێتەوەو بیانوو ئەگرێ بۆ ئەو شتە.
- **رمە = رمبە:** بۆ کەوتنە خوارەوەی شت یان خانوەکە ڕوخا ڕمەی هات، رمبەی لێوەهات.
- **گرە گڕ:** یەکێ دەنگی گڕە یان هەرزەکارێك خەریکە دەنگی گڕ ئەبێ.
- **قڕیوە:** قریوەی پێکەنینی کیژانە لەناو گوڵو گوڵزارا گوێم لە قریوەی پێکەنینە بە پێکەنینو قریوە قریوو هاتن بەرەو ڕوومان.
- **جریوە:** جریوەی چۆلەکە چۆلەکەکە لەسەر دارەکان بەعەسرانو فێنکی ئەجریوێنێ.

- **بۆڕە:** دەنگی گاو گۆڵو بەراز ورچ.
- **گرمە:** گرمەی هەور یا تەیارە یا تۆپ.
- **نکە = نرکە:** ناڵەو نکەی یەت، ئەو نەخۆشە یان ئەو زەیستانە لەتاو ئازار نرکەیەتی.
- **بۆڵە:** هەنێ کەس لەبەر خۆیەوە بە تورەییەوە قسە ئەکا ئەڵێن لەبەر خۆیەوە داپیرە ئەبۆلێنێ یان مناڵەکە شتەکەی بەدڵ نیە لە بەر خۆیەوە ئەبۆڵێنێ یان بۆڵە بۆڵیەتی.
- **هۆرە:** شوان یان فلانکەسی جاف یان گەرمیان لەبەر خۆیەوە هورە ئەکا ئاوازێکی تایبەتیە بەجاف و بەگەرمیان.
- **حیلکە:** حیلکەی پێکەنین بەلاّم بەزۆری هەیە هەرحیلکە حیلکیەتی خەڵکی پێی ناخۆشە پێکەنینی ناخۆش.
- **تریقە:** بۆ پێکەنینی زۆر خۆشە ئەڵێن هەمیشە ئەتریقێنێ یان دایە تریقەو هارەی پێکەنین.
- **ترپە:** دەنگی پێ زۆر بە هێواشی و نزمی گوێم لە ترپەی پێی زەلامە بازی دا یان مناڵەکە وردە وردە یەتە ژووری.
- **کڵپە:** دەنگی ئاگر کەنەوتی پیا کەی کڵپەی یەت یان ئاگرەکە دارەکەی زۆر وشکە کڵپە کڵپیەتی.
- **بڵتە بڵت:** یەکێ دانی دەریەت قسەی بۆ ناکرێ هەر بڵتیەتی.
- **قڵپە:** ئاوی گوزەکە قڵپەی کرد ڕژا یان ئەو شتە ئەورونە بقڵپێنەرە ناو مەنجەڵەکەوە.

- **قوڵپـــە:** چێشتەکە قوڵپـە قوڵـپ ئـەکوڵێت- دەنگـی کـوڵاننی خواردن لەسەر ئاگر.
- **خوڕە:** دەنگی ئاو یان شتێك بە خوڕە خوڕ بێتە خوارێ وەکو باران.
- **وژە:** دەنگی با وژەی یەت.
- **تەپـە:** تەپـەی پـێ یـەت بەسـەربانا ئـەڕۆن یـان بەبـەریانا بـاز ئەدرێت تەپەی یەت گوێم لەتەپە تەپە.
- **سروە:** گوێم لەسروەی بایە شەماڵەیان ڕەشەبایە.
- **ویڕە:** منالْ بێ یا گەورە قسەیەك هـەر بڵێتو بڵێتـەوەو لەسـەری بڕوا بەدەنگێکی نزم ئەڵێن ئەو ویڕە ویڕەت لەچیە.
- منالْ لەسەر شتی زۆر بڕوا ئەڵێن هەر ئەویرێنێ مێشکی بردم. -
- **قۆڕە:** یەکێ برسی بێ سکی قوڕە قۆڕ ئەکا لەبرسا یـان بـای تیا بێت، یان مانگا کە قۆڕە قۆڕیەتی.
- **چەنە چەن:** مرۆڤێکی زۆر بلێ و چەنەباز.
- **خۆششە:** دەنگـی ئـاو ئـابزانم ئـاوی بەلوعەکـە کراوەتـەوە گـوێم لـە خۆشـشـەیە یـادۆ کەلـە مەشـکە ڕۆ دەکـرێ خۆشـشـەی دێ، یـان خوششەی شیری گوانی بزنەکە دێ.
- **لیزمە:** دەنگی بارانی زۆرو بەخوڕ ئەڵێن لێزمەی بارانە.
- **جیبیکـە:** دەنگێکـی بـچوك جیکـەیی دەرگاکـە یـەت یـان منالەکـە ئەجیکێنێ.

- **خشـــشە:** یـەکێ خـۆی بخـشێنێ بەعـەرزا وەکـو منـاڵ مناڵەکـە شـەرواڵکەیی دررا خـۆی خـشان بـەزەویا یـا فەرشـەکەی خـشان بەزەوییەکـەدا دەنگـی ڕۆژنامـەو کاغـەز خشەی یـەت یـان مارەکـە خۆی خشان بەعەرزەکەدا.

لەگۆرانی کوردی دا دەڵێ:

خششەی دێ مششەی دێ

بانگی ناکەم بۆخۆی دێ

- **کرِوزانـەوە:** یـەکێ نـەخۆش بـێ یاموشـکیلەیەکی بـێ یـان مناڵێك نەخۆش بێ ئەکرِوزێتەوە.
- **پارانـەوەو لالانـەوە:** یـەکێ لەیـەکێ ئەپارِێتـەوە ئـەو ئیشەی بـۆ مەیسەرکا یـان هێنـدە لـێی ئەلالێتـەوە زمـانی شـل ئـەبێ وەکـو لاڵ:
- **گزە:** مناڵەکە گزە گزیەتی سایا تای هەیە یادانی دەریە.
- **ڕنگە ڕنگ و ویقە ویق:** یەکێ زۆر لەسەر قسنەیەك ئەرِوا ئەلێن هـەر ڕەنگـە ڕنگێتـی بەسـەرما منـاڵی بـچوکی گرینـۆك لەبەیانیـەوە ویقەی دێ.
- **فیقە:** مناڵ و کروکاڵ شمشاڵ دروست ئەکەن و فیقـە فیـق لـێی ئەدەن یان فیقەی زورِنا یا فیقەی نەی مناڵ.
- **فییتـە:** ڕۆژ تـا ئێـوارە یـەکێك ژن یـا پیـاو کـار نـەکا هـەر جگـەرە بکێشێت ئەلێن هەر فیتەی جگەرەیەتی یان لـەگۆرانی فۆلکلۆری دا هاتووە لەسەر زمانی کیژێك دەڵێ:

توخوا مەمدەن بەشوانی ئەی رۆ سمێڵی قیتە

دایمە لەپێشی مەڕی هەروا بە فیتە فیـــــتە

- **زریکە، زیکە**: دەنگێکی زل بەزۆری ئافرەتو کچ بەکۆمەڵ هاوار بکەن و قسە بکەن یان ئافرەت ئازادی ببێ ئەڵێن هەر زیکە یان دێ بەکۆمەڵ. یان فلان زریکەی دێ.
- **قریشکە**: ئافرەتەکە قریشکانی شتێکی لێ قەوما یان کەسی مرد
- **چەقە**: بەزۆری ئافرەت کە بەدەنگێکی زلو ناخۆش وتەی ناشرین هاوار بکا ئەڵێن هەرچەقە چەقیەتی دەنگی سەگیش چەقەی پێ ئەڵێن.
- **جیقە**: مناڵێك سکی بچێت یان نەخۆش بێ ئەڵێن بەم ڕۆژگارە ئەجیقێنێت، جیقەی دێ.
- **قرتە**: مشك خواردن بخوا ئەڵێن گویم لەقرتەی مشکە یانی پارچە پارچەی ئەکات یان قرتە قرتی مریشکی کڕ کەوتوو یان نانی تیری قرتان مرۆڤەکە یان ئا تۆزێکی لێ بقرتێنە لەو نانە بزانە خوێی یەکەی چۆنە یان مریشك ئەقرتێنێ جوجەڵەکانی لەخۆی کۆئەکاتەوە خواردنی بۆ دۆزیونەتەوە.
- **شڵپە**: یەکێ ئیش یان یاریی بەئاو ئەکا ئاوەکە شڵپەی یەت یان لە ئاوا مەلە بکا یان مناڵێك خراپ بکەوێت ئەڵێن شڵپەی هات.
- **شڵقە**: شتێکی شل لەناو قتویەکا کەڕات وەشان شڵقەی لێوە دێ یان ئەو ماستە شڵەقاوە یان دەرمانەکە بشڵەقێنە پێش خواردنی.

- جلقە: هەروەکو شلقە وایە بەڵام دەنگی تیایە یان شتەکە جلقەی کردو ڕژا.
- فلقە: هەڵامەتیەتی لوتی فلقەی یەت یان قسەی ناخۆش ئەکا هەرفلقە فلقیەتی.
- بلقە: ئاو کە لەکونی کانی یان کارێزەکە یەتە دەرێ وەکو کەف ئەڵێن بلقە بلق یەتە دەرێ ئاوەکە.
- زریوە: دەنگی چۆلەکە یە یان بەچکەیەکە.
- چەنە: مرۆڤی زۆر بلێ لەبەیانیەوە تا ئێوارە چەنە چەنیەتی چەند چەنە بازە ئەو مرۆڤە.
- وییزە: هەنگ یا مێشولە یا زەردەواڵە کە فڕێ خێرا وییزەی دێ بەلای گوێیا.
- واقە: دەنگی ساوا کە بگری هەرواقە واقیەتی.
- چۆڕە چۆڕ: ئاوی کەم کە زۆر کەم لە شتەکە دا مابێت یان ڕۆن لە هیزەکەدا یان هەموو شتێکی شل چوڕەی بەفر کە ئەتوێتەوە چوڕە چوڕ یەتە خوارێ.
- باقە: هەر دەنگی ساوایە کە زۆر تازە بووبێت کەبرسی بێت یا شتێکی تر.
- لرخە: یەکێ نەخۆشی قوڕ قوڕاگەیەتی ئەڵێن هەر لرخە لرخیەتی وەختە بخنکێت قسەی بۆ ناکرێت.
- مشە: یەکێ بەلوت هەناسە با لەکاتی نوستنا یان نەخۆشێک نوستوە یان یەکێ نان بخوا بەناشیرینی و بمشێنێ نەخۆش

گوێی لێ ڕا ئەگرن مششەی خۆشە یانا گەر خۆش بوو ئەوە چاك ئەبێتەوە.

- **فرتە:** هەر یەت و ئەچێت ئەو زەلامە هیچی پێ ناکرێت هەر ئەفرتێنێ لەم ژوور بۆ ئەو ژوور ئەڵێن ڕۆژ تا ئێوارە جرت و فرتیەتی هیچی دیار نیە.
- **ورتە:** یەکێ لەبەر خۆیەوە هەر ئەورتێنێ یان لەگەڵ یەکێکی تریشا ئەورتێنێ.
- **چرپە:** یەکێ قسەبەئەسپایی بدابەگوێ یەکێکا ئەڵێن چرپانی بەگوێ یا بەهێواشی یان هەتا ئێوارە لەگەڵ هاوڕێ کەیا چرپەی دێ.
- **کاسپە (قاسبە):** دەنگی کەو کە ئەخوێنێ لەسەر کێوەکانی کوردستان.
- **مرە:** ورچ یا سەگ یا دڕندەی تر لە ئەشکەوتا ئەمرێنێ.
- **رینگە:** منالێك هەتا گەورەش داوای شتێك بکاو نەی برێتەوە تاوەری ئەگرێت ئەڵێن هێند رینگاتی مێشکمان چوو.
- **لووشمە:** ئاژەڵ ئەلووشمێنێ بۆ خواردن یان ئاو.
- **لووشکە:** وەڵاخ ئەلووشکێنێ ئازاری هەیە، یان بۆ ئالیك ئەلووشکێنێ.
- **شەقە:** دەنگی دار داکوتان یا شکانن یان کاشیەکە شکا یان گوزەلەکە شەق شکا یا باڵندەکە شەقەی باڵی هات رفی دای لەشەقەی باڵ.

- **سـرپە**: دەنگـی پـێی زەلام بـەنزمی یاقسە کـردن بەسـرپە یـان زەلامەکە بێ سرپە خۆی کرد بەمالاً.
- **مرخــە لرخــە پرخــە**: هــەمووی دەنگــە لــەلوتو قورگــەوە هــی نەخۆشی.
- **وڕە**: دەنگی هەموو ماشینێك کەئەڕوا وڕەی دێ.
- **کورکــە**: پیرێــژن کــە ئەگــەڕێ بــۆ شــتێك دایمــا لەبــەر خۆیــەوە ئەکورکێنێت.
- **خڕە**: دەنگـی دەسـتاڕ ئـەڵێن خـڕەی دەسـتاڕ یـە لـە مـالاًن سـاوەر ئەهاڕن یان قتویە شوشـەیەکی تیایـە کـە شـکابێت ئـەڵێن شـکاوە خڕەی دێ یان گوێزەکە خڕەی یەت.
- **چـزە**: دەنگـی سـوور کردنـەوەی خـواردن یـا گۆشـت کەلـە ڕۆنـا سـوری ئەکەنـەوە یـان گۆشـت کـە کـولاًوە و ئـاوی تیـا نامێنـێ ئەچـزێنێیان بـەمنالْ ئـەڵێن وەرە چـزەت بـەمێ یـانی گوشـتی کولاًو.
- **هـارە**: شـتێ ئەکەوێتـە خـوارێ هـاڕە ئـەکا یـان هـاڕەی مێخـەك بەندەو لەرزانە.
- **خرنگە**: دەنگی بازن یا مێخەك بەندو ملوانکەی تر خرنگەیە یان هەیاسە هاڕەو خرنکەی دێ لەکاتی هەڵپەڕینا.
- **زرنگە**: یان پاوانـەی منالْەکـە خرنگـەی دێ یـا زرنگـەی دێ شـتی شوشـە یـا پاوانـەی منـالْ زرنگـەی دێ یـان دەنگـی زەنگۆڵـەی قافلْەکەیـەت گـوێم لەزرنگـەی ڕەشمـەو زەنگۆڵەکەیـە کەلـە ملـی ئەسپو ماینە کانو ئێسترەکانایە.

# بەدڵما هات

## شتی چاكو هەڵبژاردە كەبۆم كۆكردونەتەوە

- گەرناو بومایە محمد ئەبووم (باوكم).
- گەر خاك بومایە خاكی زێرینی كوردستان.
- وەرز بومایە بەهاری كوردستان.
- گەر میرو گەورەی دڵسۆز بەرەشو رووت بومایە محمود ئاغای شیوەكەڵ.
- گەر كورد پەروەرو سوور لەسەر بڕواو دڵسۆز بومایە بەرزانیو شیخ وقازی ئەبووم.
- گەر ئافرەتی كورد پەروەرو بەخزمەت و بەدەستو دڵ بومایە حەپسەخانی نەقیب ئەبوم.
- گەر ئافرەتی بێ هەواو چاكو دڵسۆزو كورد پەروەرو دیندار بومایە حەلاوەخانی شێخ مەحمود ئەبوم.
- گەر شاعیر بومایە مەولەوی ئەبوم.
- گەر بەرگی جوانو ئالاّو والا بومایە هی كوردی و ڕانكو چۆغەی پیاوان.
- گەر ئاوازی خۆشی كوردی بومایە هی خالقی.
- گەر شارێكی دڵگیرو پێش كەوتوو بەهەڵمەتو پڕ كورد پەروەری بومایە سلێمانی ئەبووم.

- گه‌ر شارۆچکه‌یه‌کی به‌رزو دڵگیر بومایه ئامێدیی.
- گه‌ر هاوینه هه‌وارێکی فێنك بومایه مێرگه پان.
- گه‌ر ئاوی ساردو سازگار بومایه سه‌رچاوه‌ی زه‌ڵم.
- گه‌ر ڕووباری ڕون‌و پاك‌و به‌رین بومایه سیروان.
- گه‌ر گوڵی بۆن خۆش بومایه نێرگسی ده‌وری سلێمانی.
- گه‌ر خاکی به‌پیت بومایه خاکی شاره زوور ئه‌بووم.
- گه‌ر باڵنده‌ی زیره‌ك‌و جیڕ بومایه هه‌ڵۆی سه‌ر شاخه‌کانی کوردستان ئه‌بووم.
- گه‌ر ده‌نگی جوان‌و دڵ ڕاکێشه‌ر بومایه ڕه‌نگی خۆر ئاوایی ده‌م که‌ل شاخه‌کانمان ئه‌بوم.
- گه‌ر پێشمه‌رگه‌ی ئازاو کۆڵنه‌ده‌ر بومایه فتاح ئاغاو مامه ڕیشه ئه‌بووم.
- گه‌ر کێوی به‌رزو پڕ خێر بومایه پیره مه‌گرون.
- گه‌ر هه‌نگوینی نایاب‌و دانسقه بومایه هه‌نگوینی شه‌مه ترینکه‌ی تلیشی به‌ردی شاخه‌کان.
- گه‌ر ده‌شتی به‌پیت بومایه ده‌شتی هه‌ولێر.
- گه‌ر شاری دڵگیرو پڕ کوردایه‌تی‌و دڵسۆزو جێی هه‌ڵکه‌وتوان کچی جوان بومایه شاری مه‌هاباد ئه‌بوم.
- گه‌ر کانیاو کارێزاو بومایه هی بن کێوه‌کانی کوردستان ئه‌بووم.

- گەر خشڵ بومایە بەهەموو نەوعێکیەوە پڕ زەوق و مورویی بەنرخ و دەستکردی نایاب خشڵی کوردی ئەبووم.
- گەر مەلا بوومایە مەلای ماوەران ئەبووم کەچاو نەترس و سوور لەسەر بڕواو قسەو ڕای خۆی کەللە ڕەق و ئازا.
- گەر شیرین بومایە گەزۆی سەر داری مازوو ئەبووم.
- گەر داری بەرزو پڕ خێر لەسەروبەری داز گوێز.
- گەر مانگ بومایە چواردە.
- گەر گیای دەوا پڕ سوود بومایە خەرتە لەبیقە لەو چاو بازەو هەمووی گەر کێو بومایە قەندیل و هەندرێن و هەمووی.
- گەر قسە خۆش و سوعبەت چی بومایە خاڵە مچەی برایماغا.
- گەر قارچك بومایە قارچکی گۆجاڕو کەلیخان ئەبووم.
- گەر دەنگ بەسۆزو دڵخۆشکەرو هەڵکەوتوو بومایە بەکری حاجی سەعە ڕەش.

## ووشەی(ت) ١٩٦٦/٨/٢٠

واساڵ ساڵی ١٩٦٦ بوو بە ئوتۆمبێلێکی بوق خۆم و دوو منالی (١١) ساڵ و دوانزە ساڵان داناو توانا، باوکیان لێ ی ئەخوڕێ پشوی هاوین بوو بەرەو لەندەن بە بیست ڕۆژ گەیشتین، لەهەرچی شارێکی ڕێگە لامان خۆش بوایە لامان ئەدا و شەوێکی لێ

ئەماینەوە ئەم ڕێگە دورو درێژە خوم دایە وشەی (ت)بۆم دەرکەوت کە هەرچی شتێك بێتو ناخۆشو دڵتەنگ کەر بێ وا بە ووشەی (ت) دەست پێ ئەکا ئیتر هۆشم لای ئەو ڕێگەو بانە خۆشە نەما لە خۆشی ئەوەی شتێکی تازەم دۆزیەوە لەکوردیا و هەموویم نوسی بەپێی توانا کاتێ گەیشتینە لەندەن لەپاش چەند ڕۆژێك مامۆستای بەڕێز توفیق وەهبی بەگ کە ناسیاوی کۆن بوو تەلەفونی بۆ کردینو بانگی کردین بۆ نان خواردن کە چوین پاش باسو خواسو هەواڵی کوردستانو شۆڕشو سلێمانی کە زۆر ئەو گەورە ئاوارە کۆنانە بە ئاواتەوە بوون کە هەواڵ بزانن بەزۆری هی شۆڕش هەمووی تەواو بوو، باسی وشەی (ت) کەیی خۆمم کرد زۆر زۆر پەسەندی کرد و فەرمووی زۆر بیری چاکت هەیە پەرەی پێ بە باون نەبێ هەمووی تۆمار کە.

- تەزوو:
- توسی:
- ترۆ: فلان کەس زۆر سوكو ترۆیە
- تفت: بۆ تام ئەبێت وەکو زاغ
- توون: وەکو سرکە
- تییژ: وەکو بەهارات
- تاڵ:
- توون:
- ترشی:

- ترسنۆك:
- تەپووتۆز:
- تەرس: پیسایی وولاّخ
- تەنكو تەویل:
- تەپاڵە:
- تەفرەدان: هەڵخەڵەتانن
- تەوییلە: جێی وڵاّخو ئاژەڵ لەلادێ.
- تەوەللا: دوور كەوتنەوە
- تەمەڵ:
- تەوەزەل:
- تونگ:
- تۆران:
- تەزیو:
- تەزین:
- تەماعكار:
- تەرە شووح:
- ترشە ڵۆك:
- تۆپیو:
- تەپە تەپ:
- تۆز:

- تەم:
- تانەی سەرچاو: تانە - گرتم لومە
- تانوت: لومە
- تریو: لەکیس چوو
- ترِ:
- تس:
- تاماز: بەعەزرەت بۆنی ئەو شەوەیە بۆی ببێ
- تیبر:
- تەقلە:
- تەکان:
- تواوە:
- تەنگ:
- تەفرە:
- تیلماسك:
- تەنك:
- تەڕ:
- ترن: ژنەکەم ترِنە قسە ڕەقە
- تەفرو توونا - محو:
- تەزوو: قاچم تەزیوە یان کە ئەو هەواڵە ناخۆشەم بیست ئەزووم پیا هات.

- توێکڵ:
- تەفرەدان:
- تەپ:
- تڕزل: مغرور
- تۆقیو:
- تەپاڵە:
- توانج: قسەی رەقو بە توێکڵ
- تامیسك:
- تەپ: تەپی ئادەمیزاد، تەرسی ئاژەڵ
- تەپە لوس:
- تەنگو چەڵەمە: تەنگانە
- ترشو تۆپ:
- تییواڵ:
- تاوان: جریمە
- ترو: بێ نرخە ئەو مرۆڤە هیچوو پووچە نفسیەت نزمە.
- تەوس: بەتەوسەوە قسەی گرت لۆمە گاڵتە پێ کردن.
- تولە مار: بچکەکەی
- ترپە: دەنگی پێ بەهێواشی
- تەرەس: پیاوێکی خوو خراپە
- تەنیو: برینەکە تەنیویەتەوە

- تاعون:
- تۆڵە سەندن:
- تاوانبار:
- توانەوە:
- تڕو تۆپ:
- توڕە:
- تۆران:
- تورینوك:
- تەكان: بەتەكان لەشەڕەكەیان دوور خستەوە
- تەنیایی:
- تاوێر: بەردی زل - كۆستی زل
- تۆڵە: انتقام هەق سەنەوە
- تەپیو: كاڵەكەكە تەپیوە
- تەووژم: تەووژمی لافاو یا كۆست هات
- تۆف: تۆفی بارانە
- تف لەچارەت:
- تێی قاچاند:
- تەق و تۆق:
- تەپە لوس:
- تار: تەم - خەم

- تۆران:
- تەنگانە:
- تەموو مژ:
- تاوێر:
- توانبەوە:

## هەنێ لەباسی ئافرەتی لێ هاتوو کەلە سلێمانی ئەوترا یان لە کوردەواریدا بەگشتی

- ئازایە
- ئافرەتێکی بەگفتو لفتە
- ئافرەتێکی بەوسوڵە
- ئافرەتێکی دڵتەڕە
- ئافرەتێکی دڵپاکە
- ئافرەتێکی دوختەر کەیبانوە
- ئافرەتێکی چاکە
- ئافرەتێکی قۆشمەیە
- ئافرەتێکی لێ هاتووە
- ئەمینو ئومانە
- بێ بوغزو کینەیە
- بێ دەنگە
- بێ قسەو باسە
- بێ قسەیە
- بێ هاوتایە
- بێ هەوایە
- بێ وەیە
- بەئارامە
- بەبەزەییو هەژار بەخێو کەرە
- بەجەرگە
- بەحیلمو تاقەتە
- بەحیلمو تاقەتە
- بەدەستو دڵە
- بەدەسەڵاتە

- بەدەستو بردە
- بەدەستو نقامە
- بەدەعیەو نقامە
- بەسەرو زمانە
- بەسفەتە
- بەشەرمە
- بەشەرمو حەیایە
- بەعیجابە
- بەکردو بزانە
- بەماریفەتە
- بەوێڵو ماریفەتە
- تەڕ پۆشە
- تەڕ ژنە
- پێ زانە
- جێی سڕو نهێنیە
- جێی موتمانەیە بوخچەی دڵتی لابکەرەوە
- خۆڕاگرە
- خاتونە
- خانەدانە
- خانمی ناو خانمانە
- خانو مانە
- خواناسو نورانیە
- دانی مارە
- داوێن پاکە ڕەوتو ڕۆشن جوانە
- دەم ڕاستە
- دەریایە ناو دڵی وەك دەریا قوڵەو نای درکێنێ
- دەست پاکە
- دەست ڕەنگینە
- دەم پاکە
- دەم ڕاستە
- دەم گورجە
- دەم نوقاوە
- دەمو پل گورجە
- دڵ سەغیە
- دڵ قایمە
- دڵ نەرمە
- دڵپاکە

- دڵسافە
- دوورناسە
- ژنە نەك ژان
- ژنێکە بەژەهری مارەوە ئەخورێت
- روخۆشە
- رووخۆشە هێمنە زەردەخەنە بەسەر لێوەوەیە.
- ڕێکو پێکە
- زمان شیرینە
- زیرەکە
- سەربەستە
- سڕ پۆشە
- سوعبەت چیە
- شۆڕە ژنە
- شای ژنانە
- شەڕ کوژێنەوەیە
- شەکرە ژنە
- شلو ملە
- چالاکە
- چاو نەترسە
- گوێ ڕایەڵە
- گورج و گۆڵە
- قانیعە
- قەیر زانە
- قسە رەوایە
- قورسە
- کار ڕاپەڕێنەوە
- کار لەدەست هاتوە
- لایەقە
- لەبز شیرینە
- لەسەر خۆیە
- لەش سووکە
- لێ زانە
- ماڵ ڕاگرە
- ماڵداری کەرە
- مەردە
- مەشرەف خۆشە
- نەرمو نیانە
- نەفس بەرزە
- نەفس پوختە

- نوتق پاکە
- نورو ناو چەوان پاکە
- هەرلەخۆی هاتوە
- هەڵکەوتوە
- هێدیو هێمنە
- وەجاغ زادەیە
- وردو گردە

## ئافرەتی لیٚ نەهاتوو لەناو کوردەواریدا

- ئابڕو بەرە
- ئــاگر تیــژ کــەری چــاکە وائەزانیٚ نامریٚت
- ئاگری بن کایە
- ئافرەتیٚکی لیٚ نەهاتووە
- ئاوانتە بازە
- ئەڵیٚی دەڵە دیٚوە
- بیٚ ئابڕوە
- بیٚ ئامانە
- بیٚ بارە
- بیٚ پەروایە
- بیٚ حەیایە
- بیٚ خولقە
- بیٚ خیٚرە
- بیٚ دەسەلاٚتە
- بیٚ دەمو پلە
- بیٚ شەرمە
- بیٚ کارەیە
- بیٚ ماریفەتە
- بیٚ ناموسە
- بیٚ نەفسە
- بیٚ ویٚڵو وسوڵە
- بەبڕو بیانوە
- بەتیرو توانجە
- بەقسەو باسە
- بەکەشووفشە

- بەلووت و پووتە
- بەهاش و هۆشە
- بوغزاویە
- تەبیعەت سوکە
- تەپە لوسە
- تەوەزەلە
- تڕ زلە
- تورینوکە
- پۆخڵە
- پۆخڵە واتێ زۆرە
- پنتیە
- پیسکەیە
- پیسو پۆخڵە
- جادوو بازە
- جام بازە
- حەشەریە
- حەیا بەرە
- حەیابەرە
- حول حولی یە
- خۆهەڵکێشە
- خاوو خلیچکە
- خوازە لۆکە
- دەس بڕە
- دەست پیسە
- دەست قووچاوە
- دەغـــەزارە شـــت لـــەدڵی دەرناچێ
- دەلاڵی چاکە
- دەم بەهاوارە
- دەم پیسە
- دەم خاوە
- دەم دڕوە
- دەم هەراشە
- دەمو فلق ناخۆشە
- دەهـۆڵ لێ دەرو زوڕنا ژەنـی چاکە
- دزە
- دڵ پیسە
- رەزا قورسە
- رو گرژو تاڵە

- روشکێنە
- روو تەڵەیە
- زۆر بڵێ یە
- زمان بەدە زمان شڕە
- ساردو سڕە
- ساردوو سڕە
- سەما کەرە
- سووكو تڕۆیە
- سیحر بازە
- شاتە شات کەرە
- شەڕانیە
- شڕشۆڵەیە
- چاو بەلو دەم بەلە
- چاو پیسە
- چەقاوە سووە
- چەنە بازە
- چەنە چەن کەرە
- چەنەبازە
- چڵێسە
- گرژو مۆنە
- فەقیرۆکەیە
- فەنگ بازە
- فشە فش کەرە
- فیتنەو قسە هێنەرو بردەیە
- فێڵبازە
- قسە بەتوێکڵو مانایە
- قسە تڕنە
- قسە هەڵبەست کەرێکی چاکە
- کار لەدەست نەهاتوە
- کەر تڕە
- کەرۆکەیە
- کەم دووە
- کل لەچاوو ئەفڕێنێ هێندە دزە
- لۆتی چاکە
- لۆتیو سەما کەری چاکە
- لەش داوەشاوە
- لووت بەرزە
- لووتو پووتی زۆرە
- لێ نەزانە

- مڕو مۆچە
- نارێك‌و پێکە
- ناڵەبارە
- نەوسنە
- نوزە درێژە
- هاورێی چەتیو مەتیوە
- هەر لەقسەی زلی داوە
- هەڵەو هەرزەیە
- هەڵپە هەڵپ کەرە
- هیچو پوچە
- ویرە ویڕ کەرێکی چاکە

## باسی ئافرەتی لێ نەهاتوو

**نیخە نیخ کەرە:** ئافرەتێکی گیرە

**کەم چیکلدانەیە :** خۆش باوەڕە

**بەکەشو فشە :** دەسە وەسانە

**گیرە گیر کەرە:** هەژیدهایە

**نوزە نوز کەرە:** ماری حەوت سەرە

**بێ جوورمە :** کووڵە وەی بابە

**ئاگری بن کایە :** بەرازو گلەییە

**ئاگر خۆش کەرە:** سەر بەگێچەڵە

**گەتن کەرە:** روو هەڵماڵراوە

**تەڵکە بازە:** ئافرەتێکی سرکە

لاسارە: ئەڵێ ی مقەبایە

حیلەو حەواڵەکەرە: جێی باوەڕ نیە

بە پتوو لوتە: موتمانەی پێ ناکرێ

تەبیعەت سووکە: قسەی هەڵەقوو مەلەق کەرە

ناوانتە بازە: لاپرە سەنگ (عادەتا بە هەویان ئەوت)

تورینوکە: لووتو پووت کەرە

روو هەڵماڵراوە: لەڕو لاوازە

رووگرژو تاڵە: کار لەدەست نەهاتوە

بەرەڵلایە: هەر ئەخواو لێ ی ئەنوێ

پاشڵ پیسە: ئافرەتێکی هێندە چەقاوە رووە

پۆخڵەواتی زۆرە: سوار لەسەر زین یەنێتە خوارێ

زۆردارە: ئافرەتێکی چەقاوە سوە

پورخزە:

چەڵو ملە بەسەریەوە:

نوکە نوک کەرە:

ساردو سڕە ئەڵێی ئاوەلایداوە:

ئەڵێی بەرووی لەدەما تەقیوە:

دەم لەهەموو کەسێك لار ئەکاتەوە:

## جووت ووشە دوبارە کردنەوەی بۆ بەهێزی ووتەکە بێت:

هەنێ ووشە کەجووت جوت بەکاریەت- بەهێز تردارو دیوار بێ و ماناکەی روون ترە، هەزاران هەزار لەم بابەتە بنوسم هەر کۆتایی نایە هێندە کورد دەوڵەمەندە لەهەموو جۆرە ووشەیەکدا بەتجربەی من تەنها ووشەیی میم کەمترەو بەهێز تر نابێ، لەوانە:

- ئاخو ئۆف
- ئاخو داخ
- ئاخو داخ
- ئاخوران‌و بخورانە
- ئازاو رەشید
- ئاسمان‌و رێسمان
- ئاشقەو ماشقە
- ئاشقەو ماشقە
- ئاڵو والا
- ئاڵو وێڵ
- ئاڵو وێڵ
- ئەگریجەو پرچ
- بۆن‌و بەرامە
- باخ‌و باخات
- باخ‌و بێستان
- بارو بەرگن
- باریك‌و بنیسی
- باو باران
- باو بڕە
- بەدو نالەبار
- بەرزو بڵند
- بەرزی‌و تەلان
- بەرو بوم
- بەزم‌و ڕەزم
- بریق‌و باق
- بورووو دیز
- تاق‌و تەرا
- تاق‌و لۆق
- تاقو تەرا
- تام‌و بۆ
- تام‌و لەزەت
- تامەزرۆو برسی
- تانج‌و تەوێڵ
- تانج‌و تومار
- تان‌و پۆ
- تەپ‌و تۆز
- تەخت‌و بەخت
- تەڕو بڕ
- تەڕو تازە
- تەڕو توشی
- تەڕو پاراو
- تەڕو وشکی

- تەسكو تروسك
- تەفرو توونا
- تەقو تۆق
- تـــــــەلارو دیوەخان
- تەمو مژ
- تەمـــــــەڵو تەوەزەل
- تەنگو تییژ
- تەیرو تیور
- ترشو تاڵ
- تڕو تۆپ
- تورەو ترۆ
- توونو تیژ
- توونگو تۆڵ
- تێرو تۆخ
- تێرو تەسەل
- تێرو توانج
- تێرو پڕ
- پۆشـــــــتەو پەرداخ

- پێ و پل
- پارەو پول
- پاكو تەمییز
- پاكو پوخت
- پانو بەرین
- پانو پۆڕ
- پاو پل
- پاو پوز
- پەرتو بڵاو
- پەرشو بڵاو
- پەڕو باڵ
- پەری پەری
- پوشو بەتاڵ
- پوشو پەڵاش
- پوچو بەتاڵ
- پیرو كەتەر
- پیسو پۆخڵ
- جارەو جار
- جارو بار
- جرتو فرت

- جرتە جرت
- جمو جۆڵ
- جیقو فیق
- جیقو فیق
- حەزو بەس
- حەن حنەو تـەن تەنـــەی لـــەخۆ داو
- حزرو خۆڵ
- خۆشیو تاڵی
- خاسو عام
- خاكو خۆڵ
- خانو مان
- خاوو خلیچك
- خەتو خاڵ
- خەستو خۆڵ
- خەڵاتو بەرات
- خەلەو خەرمان
- خەمو خەیاڵ
- خرتە خرت

- خڕو خۆڵ
- خڕو خەپان
- خوا پێ داوە
- خوارو خلیچك
- خوارو گێڕ
- خێرو بێر
- داخ و هیجران
- دادو فیغان
- دارو بار
- دارو پەردە
- دارو پەردوو
- دارو دەوەن
- داروبار
- دام و دەزگا
- دەردو دوو
- دەردو زوخاو
- دەس و پل
- دەساو دەس
- دەست و برد
- دەست و دامان
- دەست و دوو
- دەست و موس
- دەشت و دەر
- دەشت و کێو
- دەق و دەماخ
- دەم و پل
- دەم و دەس
- دەورو بەر
- دڕك و داڵ
- درشـــــــت و درەوش
- دورو درێژ
- دێزو بۆز
- دێوو درنج
- ژن و ئاوایی
- ڕازو گلەیی
- رازو ناز
- رازو نیاز
- راست و رەوان
- راوو روت
- راوو رێوی
- رەش و روت
- رەق و تەق
- ڕەنگ و ڕو
- ڕەنگاو ڕەنگ
- ڕەنگ و بۆ
- رەوت و رۆیشتنی
- ردەڵ و بەدەڵ
- روت و قووت
- روت و عوریان
- زۆرو بۆر
- زۆرو زەبەنگ
- زاق و زروق
- زام و برین
- زاوو زێ
- زەبرو زەنگ
- زەردو زوڵ
- زەردو زونگ
- زەعیف و لاواز

- زەنگ و زۆڵ
- زەوی و زار
- زرت و زەلام
- زرت و زیندوو
- زرم و هوڕ
- زل و زەبەنگ
- زل و زەلام
- زوڵم و زۆر
- سۆرەو تۆرە
- ساردو سڕ
- ساغ و سەلیم
- سـایەقەو ساماڵ
- سەرو بەر
- سەرو سەکوت
- سەرو سەمەنە
- سەرو قژ
- سەروبن
- سەگ و گوڵ
- سەنگ و بەرد
- سەنگ و سوژن
- سرو تڕ
- سرو سواڵکەر
- سفت و سۆڵ
- سفت و سوێ
- سفرەو خوان
- سـڵ سـڵەو پـڵ پڵە
- سواڵ و ساقە
- سورو وڕ
- سوک و ئاسان
- سوک و ترۆ
- سوک و سۆڵ
- سوک و سەلیم
- سیفر سیفر
- شاخ و داخ
- شاخ و کێو
- شەپ و شۆر
- شەرت و شروت
- شەڕو ئاژاوە
- شەڕو تڕ
- شەڕو شۆڕ
- شەق و پەق
- شەق و شڕ
- شەقە شەق
- شەل و شێت
- شەل و گێڕ
- شەل و کوت
- شەل و شکست
- شەنگ و شۆخ
- شڕەو پڕە
- شڕو دڕ
- شڕو شێواو
- شڕو وڕ
- شڕو وڕ
- شل و شێواو
- شل و مل
- شڵپ و شوب
- شێت و شبر
- شێت و وێت

- شیرو تیر
- شێلەو بێلە
- چۆڵو بیابان
- چۆڵو هۆڵ
- چارو بێ چار
- چاڵو چۆڵ
- چاوو برۆ
- چاوو ڕاو
- چەقەنە سورە
- چەورو چڵییک
- چرچو لۆچ
- چڵکنو پڵکن
- چنگو پەل
- چـــــیتۆکەو پیتۆکە
- گازو باز
- گازو باز
- گاوو گۆل
- گەرمو گوڕ
- گەڕو گێچەڵ
- گەزو جاو
- گەمەو یاری
- گەنجو جوان
- گژو گیا
- گرەوو گوڕ
- گرژو تاڵ
- گرمو هوڕ
- گورجو گۆڵ
- گێژو هوڕ
- گیزو گولێنك
- گیزو گولونك
- گێڵو دەبەن
- گیلو وێل
- عالو ساڵ
- عەردو بەرد
- عەرزو بەز
- عەرزو گەز
- عەرشو قورش
- عەهدو پەیمان
- عەیبو عار
- عیلو عوربان
- غـــــەریبو غورەبا
- غەزو بەز
- فاكو فیك
- فەرشو فرۆش
- فەرقو فروق
- فەرقو توافەق
- فەننو فێڵ
- فرتە فرت
- فرکە فرك
- فڕو فێڵ
- فشە فش کەرە
- فێڵو فەرەج
- قۆڵو بازوو
- قاتو قڕ
- قاتو قەیماغ
- قاپو قاچاغ
- قازو قولنگ
- قاچو قۆچ

- قاچ و قول
- قاوو قیژ
- قاوو قیژ
- قەبەو زل
- قەبرو قیامەت
- قەتارو قوتور
- قەرزو فەرز
- قەرزو قۆڵە
- قەسرو قسور
- قەل و بەل
- قەل و بری
- قەل و داڵ
- قەول و بڕی
- قەوم و قیلە
- قڕو قەپ
- قسەی هەلەق و مەلەق
- قنج و قیت
- قورس و قەمەر
- قوڕو قەپ
- قوچ و درێژ
- قیژو هوڕ
- کۆم و کور
- کۆن و دراو
- کارو کاسبی
- کاڵ و نەکوڵاو
- کاڵ و کرچ
- کت و کوێر
- کەتەو زل
- کەژو کێو
- کەرت و پەرت
- کەرو گێل
- کەڕو کوند
- کەرو ولاّخ
- کەش و فش
- کەف و کوڵ
- کەل و پەل
- کەل و کۆم
- کەلو کۆم
- کەلێن و قوژبن
- کەم و کوڕ
- کەم و کوڵ
- کتو پڕ
- کت و مت
- کەین و بەین
- کرو کاڵ
- کروزە کرووز
- کزو مات
- کڵپ و تۆپ
- کلپ و قوپ
- کورت و کوڵ
- لات و لەوێر
- لارو لەوێر
- لال و پاڵ
- لالۆ پاڵ
- لەت و کووت
- لەش و لار
- لەقە لەق
- لوت و پوت
- لیق و فیق

- مۆنو گرژ
- ماتو مەلول
- ماتو مەلوول
- مارو مێرو
- ماچو مۆچ
-ماڵو حاڵ
- مانو نەمان
- ماندو هیلاك
- متو مورو
- مەرجو گرەو
- مەرجو پلان
- مەڕو مالاَت
- مەلو موش
- مەمرەو مەژیی
- مژو هوڕ
- مڕو مۆچ
- مێـــــــرگو مێرغزار

- میوانو مەزن
- مێوو ڕۆن
- نازو جیاز
- نازو نك
- نازو نوز
- ناڵە ناڵ
- نانو نمەك
- ناوو نەتۆرە
- نەختو پوخت
- نەڕە نەڕ
- نەرمو نۆڵ
- نەرمو نیان
- نەســـــــیبو چارەنوس
- نەوســـــــنو چڵێس
- نركە نرك
- نوێژو تاعەت

- نیازو جیاز
- هاتو نەهات
- هاتو چۆ
- هارو مار
- هاشو هۆش
- هەڕەشـــــــەو گوڕەشە
- هەرچـــــــیو پەرچی
- هەڵەو هەرزە
- هەورو هەلاَ
- هێزو هەناو
- هیچو پوچ
- ورتە ورت
- ورتکەو پرتکە
- وشكو برنگ
- وێڵو ئاوارە
- وێڵو ماریفەت

## ڕستەی پڕماناو پەند ئامێز

- ئافرەت لای زەبونە
- ئاگرە خۆشەی خۆمانە گوو بە ڕیشی دومانە
- ئاغاڕۆ خوا شوکر
- ئافرەتێکی چڵێسە
- ئای بەخێرەوە هاتبیت
- ئای کەجامبازو تەڵەکە بازە
- ئەم کارە ئیقلیم گیرە
- ئەو کارە هەر ڕوو ئەدا
- ئەوەی لای هاتوو نەهاتە
- باسەربەخۆ لەژێر شەویانابێ
- ببینە ڕەنگم بپرسە حاڵم
- بەختی دایك جیازی کچە
- بەنینۆکی خۆت سەرت نەخورێنی بەکەسی تر خوروی ناشکێ.
- بست بست بالآی کرد لەخۆشیا
- بوخچەی نەکراوەیە
- تۆ چیت تازە سەرت لەهێلکە جوقاوە.
- تاباراشێکی لەگەلا تەواونەکەی مەلی باشە.
- تازە کەوتۆتە سەر فاکو فیك
- تێی قاچان و ڕۆیی
- تەمەنی درێژ شەرمی لەکەس نیە
- پاسەنگی دایەوە
- پەڕۆیە لەمن دادرە
- پەنگی پێدا
- پەنگی نایەوە
- جارێ مەدحی مەدە
- خۆ سەرم لەبەر هەتاوا سپی نەکردوە
- خۆی دەرباز کرد
- خەم ڕەوێن

- خــوا قاپیــە دائــەخا هــەزار ئەکاتەوە.
- خوا کڵاوی بۆ بەڕو کردوە
- دار کرمــی خــۆی لــەناوی نەبات قەت لەناو ناچێ.
- دەرد بەزینە
- دەریای دۆستان چەساتێکو چ ساڵێك.
- دەس دەس ئەناسێت
- دەســە پیــسەکەی بەســەری منا سوو.
- دەستو پل.
- دەی ملم لەموو باریکترە
- دڵ وەك شوشە وایە کەشکا ئەشکێ.
- دنیا پێچی مێزەرێکە.
- دنیا پێنجوو دوو ڕۆژێکە
- ڕۆژان ڕۆژی لەدوایەت
- ڕۆژیانە بابیخۆن دنیا هــەروا نامێنێت.
- زۆر لەدەماخایە
- سەرو سەکوتت خواتەوە
- سوار تانەگلێت نابێ بەسوار
- شەرع شەرمی لەکەس نیە
- شەل نیەو پای شکاوە
- شیرو تیر لەیەك ئەسون
- چارم ناچارە ڕیخۆڵەم ڕژاوە
- چەم بێ چەقەڵ نابێ
- گێژە حەپۆل مێش خۆرە
- فران فرانە
- فێرکەران فێرمەکە
- قامە لەسنگی مجەکە
- قیتــەی سمێڵــی یــەت لەخۆشیا
- کێ کردی‌و کێ خواردی
- کێ کردیو کێ خواردی
- کابرایەکی بەدخووە
- کابرایەکی نامەردە
- کەدۆ ڕژا کۆناکرێتەوە
- کەڵەشێریش نەوی خوا هەر ڕۆژ ئەکاتەوە.

- کەللە تەزێنە
- کەوتە سەرساجی عەلی
- لەپاش ترێ خەمشەی برێ
- لەپرێ بوو بەکورێ
- لەخشتەی برد
- مانگەشەو سەر لەئێوارە دیارە
- من مردوو ئێوە زیندوو
- منالْ چ لەبارو چ لەسوار
- موو ماستی لەیەك جیا کردەوە
- میوان لەمیوانی خۆش نایە
- میوان میوانی خۆش ناوێ
- هەر بڵێ خوا خراپتر نەدا
- هەلەقسەی هەلەقو مەلەقی داوە
- هەمیشە لەسی و دوی خۆمام
- هیچ نازانێ بوخچەی نەکراوەیە
- هێند ئەجولێت ئەڵێی ماخۆلانێتی
- هێندە بێ ئابڕوە سوار لەسەر زینی یەنێتە خوارەوە

## هەنێ ناوی (ڕەنگ لەکوردیا بەگشتی)

- ڕەش
- ڕەش باو
- سپی
- سپی واش
- سور
- سورباو
- سوری ئاگری
- شین
- شین باو
- سوری کاڵ
- زەرد
- زەرد باو
- شینی پیرۆزەیی
- سەوز

- سەوزی کاڵ
- قرمزی
- شینی ئاسمانی
- ئاڵ
- سەوزی تەڵخ
- شینی قاڵ
- مۆری تەڵخ
- شاتوویی
- شینی تەڵخ
- مۆری کاڵ
- سەوزی قەرسیلی
- نیلی
- بنەوشەیی
- هەناری
- خوومی
- شەبەنگە بەڕۆژیی
- سەوزی گیایی

- خوڵە مێشی
- نامەردی
- سوری خوێنی
- پیازی
- نارنجی
- بورە قنەیی
- بنەوشەیی
- ئاڵتونی
- بۆر
- خامەکی
- زیوی
- تەلخ
- خاکی
- شەیتان بێزی
- کاڵ
- کەسك
- ئەرخەوانی
- ڕەشماری

- قەنەوزی
- (ڕەنگەکانی هەمووی بەشەوقە)
- پەمەییی
- چیویتی
- فیست ڕەنگی
- سپی بەفرین
- هەناری
- سپی چڵکن
- شیملی - بێجی
- شەبەنگە بەڕۆژی (تێکەڵ)
- قاوەیی
- ڕەنگی ماتوو مردوو
- کەوەییی = رصاصی
- ئاڵوو والا

## باسی جوانی ئافرەت لەکوردەواریا یان لە سلیمانیا

- هێنـــدە خـــوێن شـــیرینە بەزەهری مارەوە ئەخورێ
- خوێنەکەی قوڵپ ئەدا
- ڕەزای سوکە
- خوێن گەرمە
- بالا بەرزە
- بالا نەمامە
- بالا عەرعەرە
- بالای شوشو باریکە
- چاوی مەستە
- بڕۆی پەیوەستە
- برژانگی وەك کەوانە
- سەرو ئەگریجەی جوانە
- پرچی ئەڵێی ڕەش مارە
- پەلکی درێژو ڕەشە
- چوزەرەی کنرە
- هێندە ناسكو سپییە
- گەردنی بەرزو سپییە
- ناو قەدی باریکە
- لەشو لاری ڕێکە
- دەســـتو پەنجــەی ئــەڵێی بلورە
- لوتی ئەڵی نوقڵە
- گــەردنی پێــستەکەی هێنــدە تــەنكو سپیە مێوژە ڕەشکە بخوا تیا دیارە
- ناوشانی پانە
- مەمکی ئەڵێی فنجانە
- نینۆکی ئەڵێ ی نقێمە
- پێستی ئەڵێی پەنیری تــەڕو خاوە
- پەنجــەی ئــەڵێی شمــشاڵە هێندە ڕێكو باریکە
- دانەکانی ئەڵێی سەدەفە
- ڕەوتو رویــشتنی ئــەڵێی قومریە ئەڕوا
- دەنگـــی ئـــەڵێی ســـازو سەمتورە
- پاو پوزی ڕێکە
- پاژنــەی ئــەڵێی خامــەکی ئاڵە یان قەڕنەوزی پەمەییە
- چاوی قاپی سەعاتە
- چاوی مەستە
- ڕۆمەتی ئەڵێی سێوە

- قـۆڵو بـازوی خـڕو پـڕە بـۆ بازی بەند جوانە
- پاژنەی ئاڵو کورتە
- پاو پوزی هێندە جوانە
- نـــاو چـــەوانی تەختـــە (تەختو تەوێڵی)
- ئەڵی حۆریە تا دنیا دنیابێ جوانی وانەبوە
- نـەبخۆی نەبکـەی تەماشـایی سایی گەردنی کەی
- ناسـکۆڵەیە ئـەڵی بلـوری بـێ گەردە
- ڕەنگ ئەڵوەنە
- ئەگریجەی خاوە
- چـوزەرە کـەنگرە تـازە پـێ ئەگا زاهیریی بێ عەیبە
- مەستە

## مەدحی پیاوی لێ هاتوو

- بەجەوهەرە
- لێهاتوە
- بەتوانایە
- چاپوکو چالاکە
- بەتانو پۆیە
- جوســـــتو چالاکە
- جەربەزەیە
- زەلامە
- دەســـتو بـــازو ئەستورە
- لێ هاتووە
- شۆڕە سوارە
- چوار پەل قەویە
- چوار شانەیە
- ئازایە
- قۆڵە میرە
- لاوێکی قۆزە
- چاو نەترسە
- بێ باکە
- دڵفراوانە
- بەدەستو دڵە
- ئازاو ڕەشیدە
- سوار چاکە
- قسە زانە
- بەرچاو فەرەحە
- رووخۆشە
- بەشانو باهوە
- بەحیلمو تاقەتە
- کوڕی ڕۆژە
- کـــار لەدەســـت هاتوە
- گورجو گۆڵە

## پیاوی لێ نەهاتوو

- شەڕانیە
- گێپــەڕەی ملــی ئەستورە
- کەتەرە
- تەنگە ئەستورە
- کەڕ ترە
- مل قەویە
- چاو باشقاڵە
- ژنانیە
- قسە نەزانە
- کەللە شەقە
- چەتە وولە
- زلی بێ هونەرە
- سەر بەگێچەڵە
- ورگنەیە
- پیسکەیە
- ڕەزیلە
- پارە پەرستە
- قسە ڕەقە
- لاپرە سەنگە
- بەزەبرو زەنگە
- چاو لەدەرە
- چروکە
- بەرچاو تەنگە
- مرو مۆچە
- تۆرینوکە
- مۆنو گرژە
- لەڕو لاوازە
- سیسەڵەیە
- کەڵەگایە
- ترسنۆکە
- دەم خاوە
- تورەو ترۆیە
- کەم چیکڵدانەیە
- سیسەمارەیە
- ئـەڵێی خەشـوە شێت
- دەبەنگە
- قیر سیچمەیە
- کەللەی بۆشە
- کتوو کوێرە
- بێ کارەیە
- حەپۆلــە مــێش خۆرە
- سوور فلەیە
- کەللە ڕەقە
- فیڵ بازە
- بەفەنو فێڵە
- فرو فێڵاوییە
- کەتن کەرە
- ئاوانتە بازە
- درۆ زنە
- تەڵەکەبازە
- دڵ پیسە
- دەغەزارە
- فولاتیقەکەرە
- کەرپیاوە
- ئاوانتە چیە

## ناوی جووت جووت هەنێ بەدێو شارۆچکەو روبار لە سلێمانیا یا دەوروبەری

- دەلێو مالوان
- دەنگ کردن لە ئاژەڵو تەیر
- سەراوو مێراوا
- توتو توووتو (جودان پێدان)
- قەشانو ماوەت
- کش کش دەرکردنی
- موبرەو مامە خەلان
- پش پش پش (بۆ پشیلە بانگکردن)
- هەڵبجەو پێنجوێن
- هەچە بۆ بەرزە وولاخ
- ئەزمەڕو گوێژە
- چغە سەگ دەرکردن
- ڕازیانە فەرەجاوا
- عەنەبو بیاوێڵە
- تە: پشیلە دەرکردن
- سەفرەو وەروون
- پیخە! مەر دەرکردن
- رانیەو قەلادزە
- شانەخسێو مەروێ
- هۆش: بۆ بەرزە ولاخ راوەستان.
- شەمەو وێلەکە
- ختە: بۆ پشیلە دەرکردن خت خت خت
- دێ کۆنو هەزار مێرد
- شنۆو نەغەدە
- ئاوبارەو بەکرەجۆ
- مەراغەو دیار بەکر
- درێو قامیش
- بانەو سەردەشت
- خورماڵو ئەحمەدئاوا
- خانە قینو مەندەلی
- سەقزو بانە
- سنەو سابلاخ
- شیوەکەڵو سیا گوێز
- عەربەتو خەراجیان
- تەوێڵەو بیارە
- دهۆكو زاخۆ
- زێوێو پیرەمەگرون
- زیوو پیرە مەگروون
- سەرگەڵوو بەرگەڵوو
- وەرازو گردە زبیر

# پاشکۆ

## باوکم لەچاوی خۆمەوە

بابە گیان! باوکی بەنرخ و هەڵکەوتوی زەمانی خۆت، ئەم دەنکە بیرەوەریـەم لەسـەر تـۆی پیاوی نـاو پیاوان پێشکەش بێ بە گیانی پاکـت، لەگـەڵ چـەپکێ گـوڵی بـۆن خۆشـی دەشـت و دەری خـاکی کوردستانی دوێنێی پاک و خاوێن و بێ تێکەڵاوی شتی سامناک نەك هـی ئـەمڕۆی تـازە دەرهـاتووی بـە خـوێنی گەشـی لاوە قارەمـان و دڵسۆزەکان و بێ بۆن، هـەروا پـڕ لـە کیمیـایی کوشـندەو ترسـناك و خەتـەرو هەڵپروکێنـەر لـەکاتی خۆیـا و پاشـەلەقەکانی دواییەکـەی کـە هەتا هەتایە دارو بـەردو زەوی و بەشـەرو ئاژەڵ و گوڵ و گوڵزار جێـی خۆی نەگرێتەوە رۆژ بە رۆژو ساڵ بەساڵ هەر کاریگـەری بمێنێـت تـا هەزاران ساڵی تر کورد پێوەی بناڵێنێ بە دەردی کوشندەوە.

بابـە گیـان! لـە تـۆی بەنرخـەوە لـە دڵ و دەرونـی خێـزان و بنەماڵەکەتا نـەمریت... نامریـت... پێشکەش بێ بەوردەڵانی نـەوەی نەوەکـەت کـە زۆربـەیان نیمـچە کـوردی ئـاوارەی دەسـتی روژگـاری بەعسـی دوژمـن.. بـەکورد.. رۆڵـەی رۆڵـەت لـە هەنـدەران لـە دایکبـوو گەورە بووی زمان خوارو خلیچ و بێ خەبەرو لێ نەزان.. لە ئەسڵ و فەسـڵی وڵات و گـەل و خێـزان و مێـژووی، لێـزان لـە مێـژووی هـەموو شتێکی ئەو وڵاتەی تیا لەدایك بوون و تیا ئەژین کە بەهیچ وێنەیەك ناگەینـە یـەکتر.. هـەر بێگانـەین بەیـەك.. نـە لـە رووی دینـەوەو نـە بەقەومیەت و نە بەزمان و نە بە داب و نەریتی مێژووەوە.

# باوکم لە چاوی خۆمەوە

ئای بابە گیان! ئێمەی جێماو لە دواتان کە نە لەسەر بەشی کۆن ئەژمێرێین و نە لە بەشی تازە ئەزانین، گومبوو لەم دنیا سەرسوڕهێنەرە وەکوو کەڕو لاڵ هەر سەیر ئەکەین و سەیر ئەکەین خۆ ئەم قەڵخڕەی ئایە دەسیەیە یا شتێکی ئاساییە لە هەمووی خراپتر!! لە بیرمە کە هەمیشە خەفەتت بۆ برای بەرێزت فەتاح دەخوارد کە دوای شکاننی بەزۆر تاقە شاکەمان قەلفڕی پێ کرا لەگەڵ کۆمەڵێ لە هاوڕیی کورد پەروەرو لێ هاتوو منوەرەکانیان لە زابتە خوێن گەرمو بە خزمەت بۆ حکومەتە ساواکەی شێخ محمود بە دڵو بە گیانو خۆ بەخت کەر کە لەو کاتەدا خوێنەوار وتی گەیشتوو (منەوەر) بە دەگمەن بوو، ئەوان لە کلیەی رشدیە عسکریە دەرچوو بوونو هیوای گەلی کورد بوون لەپڕ نەمانو بران سایا بەزۆر یا بە خوایشت بۆ ئەستەمبوڵ وەزیفەیان درایەو نیشتەجێ بوونو ژن تورکو منداڵ تورکو رۆژ بە رۆژ بوو بەهۆی توانەوەیان کە ئەمڕۆ هەر کەس ناشیان ناسێ لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزیو خزمەتو کورد پەروەرییە!! وا ئەمڕۆش مێژوو پاشەو پاش گەڕایەوە پیلانێکی زۆر زۆر زلترمان لێ کراوە چیی گەنجمانە سەر لەنوێ قەل فڕی پێ کرا وا ئەزانم ئەمانیشمان لەکیس چووە، سا ئەم قەل فڕە تازەیەو قەل فڕی دوای شەڕی جیهانی یەکەم کە نیو ملیۆن کورد نێردراوە بۆ ناوەڕاستی ئەمریکا کوان لەکوێن؟ هەر لەوەو پێشیش چەندی ترمان ئاوارەی وڵاتی ئەفغان سۆدان جزائیرو ناوجەرگی شارانی عەجەم بونو هەموویان توانەوە چەندەها یا خۆیان یا رۆڵەیان کە بە چەندەهاساڵی تر ئەم کوردە دڵسۆزە خوێن گەرمە

تـەواو ئـەبن‌و ئـەوانیش وەکـوو ئەوانـەی پێـشوو ئەسـڕێنەوە گـەر خۆشیان نـەبێ نەوەکـەیان، جا بابـە گیـان! خەفەتەکـەی تـۆ بـۆ بـراو چەند هاوڕێیـەکی کـە بـە قـەی پەنجـە دەستێك دوان ئـەبوون خـوێی چێشتە لەچاو خەفەتی ئێمە کە کار لـە هـەزارو پەنجاو سـەد هـەزارو ملیـۆن‌و شتی وادا نیـە بەداخـەوە لـە ژمـاردن نایـەن! تـا مـاوم دواوم لەخوا ئەوەیە کە ورد ورد پاشـەو پاش بێنـەوە بـەرەو دواوە بۆ وڵات بۆ خزمەتکردن قۆڵی لێ هەڵماڵن بەدڵ‌و بە گیان خزمەتی کوردستان، کوردسـتانی لێ قـەوماوی دان پیانـەنراو بکـەن. ئـەو خەسـارە گەورەیمان لێ نەکەوێ، هیوا دارم گشت رۆڵەیان ببنە کادێری بەکارو دڵسۆزو ئیشکەر بۆ کوردستانی بـەرین‌و بیکەنـە بەهەشـت نـەك ئـەم حەزارەتە درۆینەی ئەمڕۆ ئەو وڵاتە کـە پێیـان ئـەڵێن پیشکەوتوو کـە داهێنـەری صـەدەها نـەوع کیمیـایی‌و بۆمبـای ئـەتۆم‌و چـوونە عاسمان‌و دەس لێ دەری کاری سروشتی خواو تێکەڵ کردن‌و دەریا پشکنین‌و هەزار کاری وای خەتەر بۆ سـەر بەشـەریەت‌و تـەفرو تونـاو نـەمان دروسـت بـونی هـەزارەها نـەوع دەردوو دوو بـۆی یـا گـۆڕینی جنـسی بەشـەرو ئـاژەڵ بـە جینـات وای لێ هـاتووە دایکەکـە ئـەڵێی کچێکی مردووە داوای کردووە جینە بخەنە ناو منداڵەکەی سکی بۆ ئـەوەی لەمردووەکـە بـچێ، تەلـەفزیۆنی خـووی گـەنج خراپکـەری فیرکەری کوشتن‌و خیانەت‌و خواردنی بێهۆشکەر بۆ چونە سەربان‌و هەموو جۆرە خراپییە کە چەند چاوی گـەنجی کوڕو کچی کردووەو خـوی خـراپ کـردن‌و بـۆ هـەتا هـەتایێ! هـەروا ملیۆنـەها تەماتـەو سەوزەو میوە باشی تر بەجینی کراون بە یەك لە تام‌و رەنگ‌و بۆنوو حـەجما، ئـای بـۆ رۆژانـی ئێـوەی کـە تیـا ژیـاون ئێمـەی گـووم بـوو

لەگەڵئەوەشا گۆڕینی نەفسی بەشەری ئەم زەمانە کە هەرچی سیفاتێك لە ئێوەدا بووە نەماوە تەفرو تونا بووە گشتی بۆ پارە، پارە دایکە باوکە هاوڕێیە خۆشەویستە خزمە برایە خوشکە وەتەنە گشت شتێکە لە ژیانا ئەمڕۆ بە پێچەوانەی زەمانی خۆتان کە هەرگیز پارە لاتان نەی نوانووە، هەر پیاوەتیو چاکە لاتان گرنگ بووە، ئەمڕۆ پارە بەشەرییەتی گۆڕیوە بابە ئێمەی دوای ئێوە هێشتا کە چەکێکمان تیا ماوە لەو سیفاتانەی سەردەمی ئێوە و مامان وابزانم وەتەن خزمایەتی وەفا چاکەکردن هاوڕێیەتی بە پارە نافرۆشین زۆربەمان چاو لە ئێوەی پیاوی پیاو ئەکەین گەر زۆریشی نەمابێت کەمەکێ، هەر چەندە با بەنسبەت ئێمەی وردەلانەوە تاسەمان لێتان شکاو هیچ سوودێکی ئەوتۆمان لێت نەکرد کە زۆر بە وردیو دنیا نەدیدەیی کۆچی دواییت کردو ئێمەت بەجێ هێشت منی سێی ناوەندیو دوو خوشکی شەشی سەرەتاییو خوشکێکی سێی سەرەتایی دوو برای وردی چوارو دووی سەرەتایی کە ئەو وردەلان نەشێوەتو نە کردار تیان لە یادا نەماوە، بەڵام منی گەورەتر ئەو دەنکەی لەسەرت لەبیرمە وەك مەشخەڵێك هەقیشەها بە دەستمەوەیەو لەسەری ئەڕۆم، دایکێکی هەرزەکاری دنیا نەدیدە زۆر بەداخەوە بۆ خۆمانو هەزاران خێزانی وەکوو ئێمە کە جەوری زەمانەی غەدار نەی هێشتووە تاسەمان لە باوکمان بشکێتو سودی لێ وەرگرین بۆ رارەوی رێگەی ژیانمان، ئای زەمانە چەند غەداریت کە زۆر زۆر لە باڵی خەڵکی ئەدەی! وا بزانم ئەو دەستی جەورو غەداری زەمانە تا ئەمڕۆ کە پیربووینو هاین لە نەمانا هەر لەسەرمانەو هەموو وەك ئێمە ماوە.

باوکە گیان.. ئەمەوێ ئەو دەنکە بیرەوەرییەم لەسەر تۆی بەنرخ و پیاوی پیاوو هەڵکەوتوی زەمانی خۆت بابەگیان تا بیرم نەچۆتەوە خۆشم وەك تۆ تەواو نەبووم بیخەمە سەر قاغەز کە نەك بۆ ئەوەی هەڵت کێشم چونکە باوکم بوویو گشت کەسێ باوکی خۆی لا بەنرخەو خۆشەویستە بەڵکوو ئەو هەموو پیاوەتیەت ئاوێنەیە بوو رووی شا پیاوەکانی کۆنی کوردی پیشان ئەدا وەکوو نموونەیەکە ئەو باسانەت لە پیاوانو رەسەنایەتیو لێ هاتوویی پیاوی جارانی کوردە کە ناڵێم ئەم زەمانە نەماوە وەلێ بە دەگمەن هەڵئەکەوی لە باتی هەزاران هەزاری جاران کە گیانیان پڕ پڕ بوو لە رەسەنایەتیو ئەمڕۆ تاقو تەرا هەن.

پیاوەتیو پیاوی تەنگانەو بە ویژدانو وەفاداری پیاوی کورد، بابە گیان! ئەمەوێ ئەو ناسینەت کە رەسەنایەتی زۆربەی پیاوانی جاران بوو روونی کەمەوە بۆ نەوەکەتو نەوەی نەوەت کە بتناسن چونکە بێ خەبەرن لێت خەیاڵ نەکەی لەلای بنەماڵەکەت رۆژ بەرۆژ نرخت زیتر ئەبێت هەموو ئەتناسن مەگەر مەرگ بیریان بەرێتەوە، نازانم بابە لە کوێوە دەستی پێ بکەمو چۆن دەستی پێ بکەم، بە درێژی تەمەنم باست بنووسم هەر تەواو نابێت، باوکە تاسە لێ نەشکاوەکەم زیاد لە پەنجاو یەك ساڵ تێپەڕیوە بەسەر کۆچتا، بەڵام لای من دوور نیە هەرگیز مامەڵەو هەڵسوکەوتت لەبەر چاومو کۆن نابێت لەلام ئامۆژگاریە پڕ نرخەکانت کە ئەتکردین هەمیشە لە گوێما ئەزرنگێتەوە بەداخەوە نوسینێکت بەجێ نەهێشت بۆ نەوەکەت تا سوودی لێ وەربگرین کە هەمیشە ئەت خوێندەوە چاکترین کتێبی کوردیو فارسیو تورکیو عەرەبیت هەبوو، زۆر مێشکت پڕ لە عیلم

بوو بەپێی زەمان خەڵکانی تر راوێژیان پێ ئەکردی، لە خزم لە بێگانە لە دراوسێ لە هاوڕێ لە فەقیر لە دەوڵەمەند کێت بناسیایە بێ پرسێکی تۆ دەستی نەئەخستە ئەو ئیشەوە" ماڵکڕین بوایە کچ بەشوودان یا ژن بۆ کوڕ یا موڵك کڕین یا ئیشێکی دایەرەو پرس و راو رێگە بۆ دانان" هەمیشە قاسەکەت پڕ بوو بوو لە نەختینەی خەڵکی کە لایان دائەنایت و موتمانەیان پێ ئەکردیت، هەموو سیفاتی کەڵە پیاوان و هەڵکەوتوانی زەمانی خۆت و پێش خۆت لە باوو باپیرتا کۆ بووبووەوە. هەرگیز تەماعت نەبوو، چاوت لە ماڵی خەڵکی نەبوو پارەیەکت بەدەستەوە بوایە دەستی هەژارو لێ قەوماوت پێ ئەگرت، خزم بهاتایە دەست بوایە خێرا فریای ئەکەوتی و لەو قورتە دەرت ئەهێنا بێ منەت و بەچاوا دانەوە، ئێمەی منداڵ و هەرزەکار کە وەفاتت کرد ئەمان بیست و ئەو خاوەن قۆرتە بە شین و گریانەوە لەپرسەکەتا باسی ئەو دەست گرتنەی تۆی بەرێزی بۆ ئەکردین کە چۆن پیاوی تەنگانە بوی، کێ لە تەنگانەدا بوایە هەوڵت ئەدا لەسەری لادەی، بەپێی توانا هەزار رەحمەت لە گۆڕت بابە گیان کە رۆحی کورد پەروەری و دڵسۆزیت لە رەگ و ریشەمانا چاند، با پەنجە بکرێ بە چاومانا گەر نا دڵسۆزی بۆ کوردو شارەکەو پاڵ بە حکومەت دانێك خۆمان و منداڵمان لەناو بنەماڵەکەمانا روی دابێت کە عەیبدارمان بکات و ناوی بنەماڵەکەی بزڕێنیت لە باپیرە هەرە گەورەمانەوە تا ئەمڕۆ" زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە کە خوا وای بەسەر بەرزی دروستی کردوین، کە هەرگیز قەرزداری خواین، کە لە باپیرە گەورەمانەوە باپیراغای گەورەی بلباسی ئەمجار باپیراغای کوڕی کە بە ناوی خۆیەوە ناو نراوەو باپیراغای بچوك. لە

هەمزاغای بلباسی کوڕی بۆ ڕۆستەم ئاغای شیوەکەڵی کوڕی کە باسی کراوە لەم سەردەمەدا کاکەی فەلاح پیرە مێرد مامۆستا مەلا محمود گەلاڵی و زۆری تر کە هەموو سەریان لەڕێی کوردایەتیا داناوەو رسول ئاغای برای محمود ئاغاو عبدالکریم ئاغای کوڕی کە باوکم نەوەی ئەو بووەو هەباسای عبدالکریم ئاغاو فتاح ئاغا ئینجا ئەمین عەتاری باوکم توی بەڕێز کە دەورێکی پیاوانەت دیوە لە شەڕی یەکەمی جیهانیا بۆ حکومەتە ساواکەی شێخ محمودی نەمرو دارای برام کە ساڵەهای ساڵ لە لەندەن کوردایەتی کردوەو چەندەها رۆژنامە پەراوی بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کردۆتەوە بۆ باسی کورد بەناوی دارا عەتارەوە هەروا دلێری برام کە لە هەرە دڵسۆزەکانە بۆ گەلی کورد.

بابە گیان هەزار هەزار نوری خواو رەحمەت بۆ گۆڕت بۆ ئەو هەموو پاکییەت بۆ ئەو سەر راستییەت بۆ ئەم هەموو دەم نوقاویەت لەسەر خۆییەت بۆ ئەو هەموو خزمەت گوزارییەت بۆ خەلقی شارەکە گەریەکێ کێشەیەکی بوایە لە هەر رویەکەوە بوایە لەسەرت لا ئەبردو کێشەکەی نەئەما، بێ ئەوەی بیڵێتەوە لای کەس و منەتی بێت، خێزانیشت پێی نەئەزانی، بابە بەوەفاکەم گەر یەکێ چاکە یەکی لەگەڵا بکردیتایە هەرگیز بیرت نەئەچووەوە هەر باست ئەکرد بەڵام چاکەی خۆتت بۆ خەڵکی بیر ئەچووەوە لە مەجلیسێکا یان دیوەخانەکان دابنیشتیتایە کە دەستت بکردایە بە قسە هەموو بێ دەنگ ئەبوون گوێیان لە قسە بەنرخ و دڵسۆزانەو نەسیحەتە بەنرخەکانت ئەگرت کەڵێ ئەبویتەوە ئینجا خەڵکەکە ئەکەوتنە قسە هەموو خزمەتێك نهێنی بوو لای کەس باست نەئەکرد ئەو ئیشەم بۆ ئەو کەسە کردووە هێند بێ هەوا بوی خۆت بە بچوکی عالەم ئەزانی

کام میوان بهاتایە لات گەرلەخۆت زۆر نرم تریش بوایە ئەتخستە سەرووی خۆتەوەو زۆر ڕێزت لێ ئەگرت و بەفەرموو قوربان گیان ئەدوایت بۆیە هەموو کەسی ڕێزی لێ ئەگرتیت و خۆشەویستی خەڵقی شارەکە بوی هەروا هێند ڕێزت هەبوو لای بنەماڵەکەت وەك شایەك، لە خەڵکیم ئەبیست کە لە ڕێی کوردو کوردستانا چیی ئەشکەنجەو ئازاری تالان و بڕۆ لەلایەن ئینگلیزەوە ڕوو بەڕووت بۆتەوە حەوت ساڵ دەربەدەری و بەپێی پێخاوس و بێ پارەو جل و بەرگ لە ساڵی ١٩١٩ بۆ یەکەم جار دەربەدەری و هاتویتەوە دیسان سەرلەنوێ لە شکاننی شێخی نەمرا بۆ جارێکی تر خۆت و خێزانت دەربەدەر بوون و ژنێکی نۆزدە ساڵت جێ ماوو کە لەو تەمەنەدا لە داخا گیانی دەرچووە ئەو ناوماڵەی کە وەکوو ئەڵێن بە ناوازە گیراوەتەوە لەو کات و زەمانەدا کە تەختەو دار هەر نەبوە هەمووی فەرشی بەنرخ و چراو لالاو سەماوەری پلپلە دار کە بەرزی چراکە بەقەی بالای منالێکی دە سالان بووە مسواری زەردی زۆر کە کە کاتی خۆی لەگەڵ مالی عەتاری لە سنوری روسیای قەیسەری کڕیوتەو مسی زەنگانت لە تەشت و مەنجەڵ و سینی و گووم گومەو دەوری و مەسینەو لەگەن و یەغنی کێشوو لەگەنی شلەو ئیتر چیی پێویستی ماڵ بووە بۆ خۆتان و وەقف لە شاری زەندان دروستت کردووە پڕ ژورێك بەناوتەوە بە مێژووەوە، کە ئێستا لای ئینگلیزەکان عەنتیکەیەو نابێتەوە کە زیاد لەسەد ساڵ لەمەبەر دروست کراوە هەروا وەکوو پورەکانم باسیان ئەکرد بیستو چوار کەوچکی شیلانی عەسڵ کە شتێکی نایاب و بە بەگمەن بووە وە زیوی زۆر لە چەند انە رەشمەی ولاخەکانت لە جگەدانی گیرفانی لە عەلاقەی جگەرەو سەماوەرو سینی زیوو بچووکی چاو پاوانەو

پلپلەی زیوو لە زۆر شتی نایابو بەنرخ لەو زەمانەدا کە لە هەر ولاتێك ماڵی هێنابێت لە پێشا باوکیو ئینجا خۆی شتی نایابو بە دەگمەنی ئەو زەمانەیان کرشیوەو بۆ ماڵەوە یان، کە هەموو شتێ راستەقینەو بەردی بەنرخو چرای بلور کە ئێستا کریستاڵی پێ ئەڵێن، جلی کوتاڵی بەنرخ وەکوو ئاورێشمو لۆکەو خوریی و کەتان نەك نایلۆن وەکوو ئێستا ئەمە خوێنی چێشتە تالان کراوە، خەنجەری زیوی زۆر وەك منالْ بوین باس ئەکرا هەروا تفەنگ متوو مووروو زیوو خشڵی ئاڵتون، هەموو خشڵی ژنە تازە بوکەکەی سنوقی پۆڵاو یەغدانی جلی پێستی ئاژەڵ لەگەڵ داری ئەبەنوس و گوێزو داری بەنرخ لە ولاتان قاپو چینیو بلوریاتی زۆر، بالا ئاوێنەی مەڕ مەڕ، نوێنی زۆر کە جاجمو بەرماڵو پۆپەشمینو مەوج کە دەستکری جۆلا لێ هاتوەکانمان بووە نامەکانی شێخ محمودو سمکۆو پیاوە گەورەو ناودارانی ئەو زەمانە، شیعری شاعیران کاکە حەمەی بێلو، عارف ئاغا مەلا عارفو زێوەر شێخ نوری شێخ سالح شێخ احمدی شێخ صالحت بۆ ئەهات رەسمێکی ئێجگار زۆر هی شێخ کاتی کراوە بە مەلیك لە ماڵی عیزەت بەگی وەسمان پاشا لەسەر گۆل بە رەسمیو جلو بەرگی رەسمی، سەدان وێنەی ئەو کاتە یەك کۆمەڵ قاغەزی شیعری شاعیرەکانی ئەو کاتە بەدەستووخەتی خۆیان بۆیان ناردووەکە ئەوە هەرگیز نابێتەوە شاعیرەکان زیندوو نابنەوە، عەمارە زەخیرەی بەری بۆ ئەو کاتە بێ شتیە زۆربووە موڵکانەی موڵکەکانی خۆیو باوکی هێند کاشیو بلوریاتیان بووە! بۆ شایی گەورە پێویستیان بە خواستن نەبووە لە هەمووی گرنگتر مەکتەبەکەی کە زۆر کتێبی بە نرخی دەستنوسی تیابووە کە هەرگیز نابێتەوە ئەیفەرموو: لەوکاەدا هەبوو هی پێنج

سەد ساڵ لەوەوپێش بووە هەروا ئەوكاتە بانك نەبووە پیاوی دەستدار چیی پارەی دەست كەوتووە چ لەبەری موڵك فرۆشتنی چی لە توجارەت كردویانە بەلیرە جار بەجار خستویانەتە سنوقێكی بچكۆلەوە كە پێیان وتووە سنوقی پۆلا قفڵو كلیلی پۆلای بووە لە جێگەیەكی قایم حەشاریان داوە بۆ رۆژی تەنگانە كاتی شێخ ئەشكی لە شەڕی دەربەندا كە باوكیشم بەشداری كردووە لە دەربەندو زۆر شەڕی تر ئەمانە بە تفەنگو ئینگلیز بە تۆپو تەیارە ئەمان بەسەرشاخەكەی دەربەندی بازیانەوە ئەوانیش بەرەو روویان یەكی لە هەمەوەندەكان خیانەتیان لێ ئەكاو ئەبێتە جاشی ئینگلیزو رێگەی نهێنییان لە پشتی لەشكری شێخ پیشان ئەداو كورد ئەشكی كە سەرلەشكر شێخ محمود خۆی ئەبێو برینار ئەبێتو بەو خوێنەوە ئەچێتە ژێر بەردەقارەمان لەناو قەدی شاخەكەو ئەیگرن باوكم ئەیفەرموو هەموو لەشكر ماڵ وێران بوین بە سواری ئەسپەوە لە تەنیشتمەوە حاجی سید حەسەنی مامی شێخ گوللە تۆپێكی مەتەرلۆزی ئینگلیز دای لەناوقەدی ئەسپەكەی، ئەسپە بوو بە دوو كەرتەوە، باوكم ئەیفەرموو ئێمە هەر بە تفەنگی ساجمە زەنكو بخەرو تێلا شەڕمان ئەكرد بەلام بەهومێدی سەركەوتن، گەر خیانەتمان لێ نەكرایە نە ئەشكاین ئاوا، حەمە فەندی فەرخەو حاجی سید حەسن شەهید كرانو ئێمەش هەریەكەی بەلایەكا ئەگەڕاین بۆ شێخ نەمان ئەزانی كوژراوە یا گیراوە گەلێ دڵسۆزی تر شەهید بوون، بە شكاویو روخاوی بەرەو شار كشاینەوە.

لەو كاتەدا ئینگلیز ئەگەڕێن بۆ شێخ لەژێر بەردە قارەمانا دۆزیویانەتەوەو گرتوویانە بە ئەسیر هێند گوللە بووە شێخەوە بە كاتی شێخ پشتێنەكەی كردۆتەوە پڕبوە لە گوللە چونكە گوللە

بەندی حاجی کاك احمدی شێخی لە پشتا بووە!! باوکم زۆر دەردە سەری و ناخۆشی دیوە لەو رۆژەوە تا لە فیراری هاتوونەتەوە لە زستانی ١٩٢٨ دا رەشە خێزانێکی رەشوو لەسەقز دوکانێکی وردەشتی داناوە بەوە ژیاون، خێزانێکی رەش و روت کە ئەگەنە ماڵەوە ئینگلیز ماڵەکەیانی تالاّن کردوە، کەوچکێك پیاڵەیە چلە دارێك لە ماڵەکەدا نەماوە خوشکی و کوڕو کچێکی و کوڕو خوشکەزای تری زۆری میرزا أحمدی برای محمودی برای و چەند پورزاو کەسی کە ئەمانە لە پێش فیراریا باوکم دالدەی داون و بەخێوی کردوون وەکوو عورف و عادەتی ئەو زەمانە پیاوی مەردو دڵسۆزو دەستدار هەموو بێ دەستو بێ مێردو خاوەن وردەڵانی دالدە داوەو بەخێوی کردوون بەبێ منەت بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، نان نەبووە بیخۆن پیلاّو بە پێوەیان نەماوە جل بە بەریانەوە نەماوە ئەم هەموو رەش و روتە بێ ناوماڵ بێ ژەمی ئەو ئێوارەیەی کە لەسەقزەوە ئەگەت پاش چەند ساڵی فیراری و چەندەها رۆژ بەوشێوەیە بەرێوە ئەبن.

باوکم ئەفەرموێ: چی لیرەو نەختینەم هەیە لای یەکێ لە دراوسێکانم دام ناوە بۆم حەشاردا تا یەمەوە چونکە بە پیاوم زانیوە بە بەردەستەکەی ئەڵێ برۆ بیهێنەرەوە با سبحەینێ بینێرمەوە بازاڕ ناوماڵ و خواردن و جلی پێ بکڕم کە کابرا یەتەوە سنوقە پۆڵا پڕ لە لیرەکە یەنێتەوە وەکوو پوشێك سووکە بە دەستیەوەو خڕە خڕی لێ دێ ئەیداتە دەست باوکم، ئەفەرموێ ئەمەچییە کە سەیری بنەکەی ئەکا ئەوکابرا ئەمیندارە داوسێیە بە چەقۆ بە مرووری ئەو چەند ساڵە لە تەنیشتیەوە هەڵی ئەهێنێتەوەو هەر لیرەی لێ دەرهێناوە

تـاقی لـیرەی تیـا ناهێڵێـت یـەك پارچـەی زل کـە بـەو درزەدا ناچـێ تیائەمێنێت، کە ئەنێرێت بە شوێنیا ئەفەرموێ بە پیاوو ئەمینـداری خـۆمم زانیـت کـوا لیرەکـانم ئـەویش بـەبێ شـەرمی ئـەڵێ مـشك سنوقەکەتی کوون کـردوەو هـەموو لیرەکـانتی بردۆتـە کونەکانیـەوە، باوکم دەسـتێکی ئەکەوێتـە ئـەم لاو یـەکێ ئـەولا سبحەینی خـەڵکو خوای گەڕەك کـە دڵـی بـۆ ئـەو وەزعەیـەی باوکم ئەسوتێت کـە لەسـەر دڵسۆزیو کوردایەتی ئەمەی بەسەر هاتووە ئەچنە لای (مێجەرسۆن) کـە حـاکمی سـلێمانی ئـەبێت لـەو کاتـەدا، شـکات لـە کـابرا ئەکـەن فەلاقەو پرسیارو عەزیەتی ئەدا هیند درزێکی قایمو دڵرەق ئەبێ دەنك دان بە دزییەکەیا نانێت بەڵام دەرو دراوسـێ ئـەڵێن بـەم دزیـە توومـەز خانووی کڕیـوەو دوکـانی بازرگـانی دانـاوەو ناومـاڵی چاکی کڕیـوەو ژنی هێناوە ئەمان وت ئەو لاتە لە کوێی بوو ئەم هـەموو پارەیـە، ئیتر پورێکم لـە تەمـەنی هـەژدە سـاڵی یـا مێـردی مـردووە بەچەن منالـەوە هاتۆتەوە سەر باوکم لەگـەڵ ئافرەتـەکانی تـر ئەکەونـە گریـانو پورکـە پوورك بۆ لێقەوماوی خۆیان کە لەمەو دوا چۆن بژین دەستە دەسـتە خـەڵکی دڵـسۆزی شـار یـەن بـۆ دڵنـەوایی کـە لێ قـەومانی ئێـوە لێقـەومانی هەموانـەو هـەموو کوردە هەرچـەندە لـە باش مـاڵی شێخ ئێوە یەکەم کەس بوون زەرەرەو مەندنو لێقەومابوون ئا لەو ڕۆژانـەدا بووە لەپڕ عەسرێك حاجی کەریمی عومەر خان ناو، ئەکا بە ماڵ کـە پیـاوێکی دیـارو نـاودارو چـاك بـووە گـەڵێ دڵنـەوایی بـاوکم ئـەکا، باوکیشم ئەفەرموێ ماڵی دونیا هیچ نییـە دنیـا هـەر وایـە خۆشیشی هەیەو ناخۆشیشی هەیە، حاجی ئەفەرموێ فەرموو کاکە حەمـە ئـەوە ئامانەتییەکەتـە، باوکیشم ئەترسێ یارمـەتی بۆ هێنابێت ئەفـەرموێ حـاجی ئامانـەتی چـی، حـاجی کـەریم ئەفـەرموێ: لەبیرتـە ڕۆژەکـەی

ئینگلیز هاتە ماڵەكەت كە بتگرێت كە سەر بە شێخ محمود بویتو ژن برایو راوێژكەرو دڵسۆزی بوو، بۆیە تۆیان دەست نەكەوتبوو ماڵ كەسی تیا نەمابوو ئیتر ماڵەكەی تالآن كرد جەنابیشت بە بەرماڵی ئێمەدا نزیك گەڕەكی گاوران خۆت دەرباز ئەكرد وتم چی قەوماوە كاكە حەمە! فەرمووت ئەی شێخ شكا ئینگلیز سلێمانی گرتووەو گەڕاون بۆ من بمگرن وا هاتومەتە ئەم گەڕەكە كە خۆم دەرباز بكەم فەرمووت حاجی ئا ئەو كیسە پارەیەم بۆ هەڵگرە، بە زاتی خوا جەنابی كاكە حەمە ئەم كردۆتەوە كە باوكم ئەیكاتەوە سیصەد لیرەی سووری تیا ئەبێ ئیتر لەمكاتەدا زۆر شتی پێ ئەكرین... ئەی هەزار نورو رەحمەت لە گوڕت حاجی كەریمی عەمەرخان بۆ خۆتو سەر راستیت كە باوكم فەرموویەتی بەخوا حاجی هەر بیریشم نەمابوو حاجی فەرموویەتی تویبرت نەماوە خوا لە بیریەتی...

رۆژێك پورم لەگەڵ ژنانی خزم كە لەلای باوكم ژیاونو داڵدەی داون گریاونو پوركە پوركیان كردووە بۆ لێ قەوماوی خۆیانو خشڵو جلو بەرگی هیچ نەماو باوكم گوێی لێ ئەبێ ئەفەرموێ رازیم نیە باسی بكەنو كلاوەكەی دائەگرێو ئەفەرموێ تا ئەم سەرەمابێت كلاو زۆرە بۆی ماڵ یەتەوە سەرنایەتەوە گرنگ ئەوەیە هەموو سەرەكان هاتینەوە.

فەرمووی: رورەشی بۆ ئەو كەسەی شەرمی دراوسێی نەی گرت شەرمی ئەوەی لەسەر چی لێم قەوماوە بۆ ملتەكەم بوو باوكم لە دوای ئەو لێقەومانە گەورەیە ئیتر هەرگیز پارەیبە خەیاڵا نەهاتووەو هەوڵو هەڵپەیی بۆ پارە نەكردووە بە نەفس بەرزیو سەربەرزی بێ خۆعەیبداركردن بۆ پارە هەموو ژیانی ژیاوە من بیرم

بێت لە پاش ڕۆیشتنی ئەو هەمووماڵەی، ئیتر زۆر دەستداری بەخۆیەوە نەدیوەو کەم دەستیش نەبووە مولکەکانی ماوەو لەبەش هەندێ دێهاتی دەورو بەری سلێمانی بە وەژیاوە بە باشی و بە قەناعەتەوە خۆی زۆر زۆر بە دەستدار زانیوە.

لەبیرمە گەریەکێ بهاتایە باسی بکردایە فلان زۆر دەستدارو پێ گەییوە ئەیفەرموو باسی مەکەن خوا هەزار ئەوندەی باتێ کوڕی باوکی خۆیەتی پیاوە، چاوی لە ماڵی کەس نەبوو حەسادەتی نەبوو وەکوو زۆر پیاو کە هەوڵ ئەدەن ملی ئەوانە بشکێنن کە دەستارن دایما بە چاکی ناوی هەموو عالەمی ئەهینا قەت زەمی کەسی نەئەکرد لە مەدح زیاتر.

بەدڵخوشی و بوون و دەستداری بێگانە لە پێش خزما دڵخۆش ئەبوو ئەو هەموو نەبونیەی دیوە لە پاشی شکاننی شێخ محمود هەرگیز سکالایەکی نەکردوە بڵێت ئەم ڕەشو روتە چۆن بژیەنێ وەکوو عورفی ئەوکاتە کە هەموو لێ قەوماوێك هاتونەتە لای سەری گەورەی بنەماڵەکەو بێ منەت بەخێوی کردون وەکوو باوکێك کاتی لە پاش چەند مانگێك ئیتر نامە بۆ خۆی و خێزان لە لایەن ئینگلیزەوە بۆ ئەچێت بۆ سەرقز لەپاش شەش حەوت ساڵ دوای شکانی شێخ محمود کە هەموو لە شاری سەقز ژیاون هەروا لە پاش ئەو بەینە ئینگلسزەکان تەبرییەنامە دەنێرن بۆ خێزانی شێخ محمود کە ئەوانیش لە ئێران ئەبن ئەوانیش بەو موحتاجی و لێ قەومایە یەنەوە ڕەشە خێزانێك بەرەو سلێمانی و لای باوکم کە برا گەورەی ژنی شێخ محمودەو بە باوکی خۆی زانیوەو هاتۆتەوە سەر ماڵ کە پورم بهیە خان ژنە گەورەی شێخ مەحموود خۆی و سی منالی هەرزەکار.

شێخ رەئوف‌و شێخ بابا عەلی‌و حەلاوە خان‌و چەند کەسێکی خزم لەگەڵیاناو چەند دەست‌و پێوەند کە سێ ساڵ بەو بێ دەستیەی هەردوو لایان لای ماڵی باوکم ئەژین لە پاش سێ ساڵ ئینجا ئینگلیز رێگەیان پێ ئەدا بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان‌و تیا بژین لە پاش ساڵێك دواتر موڵك‌و ماڵیان ئەداتەوە ئەم سێ باوکم ئەیان ژیەنێت رەشە خێزانێك لە ئافرەت‌و پیاوو منداڵ کردویتە چلوو دوو سەر خێزان ژیانێکی بەکولە مەرگی... وەکوو پورم باسی ئەکرد نازانم چۆن ئەژیاین لەبەر دڵسۆزی‌و کورد پەروەری چاوی لە تەماع‌و خۆ بردنە پێشەوەو خۆ دەرخستن نەبوو چەند وەزیفەی بەرزی دراوەتێ رەفزی کردووە هەر خوا ئەی ژیانین پورم دەیگوت شێخ هەموو چەرمەسەریەی توش بوو هەموو خەمەکەیشی بۆ کاکم بوو" یانی کاکە حمەی باوکم بە تایبەتی لەوکاتەدا کە شێخ محمود دەس بەسەر بووە لە هێندستان کەسیان ئاگایان لە حاڵی کەسیان نیە ئەمەی باسی ئەکەم خۆیی چیشتە: پورەکانم لەمەو دوا کە من کەمێ فامم کردەوەو گوێم لە سکالایان ئەبوو بەشەوان ئەیان کرد پیاوی جاران ئاوا بوون بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیوە کە لێقەوماوان بەخێوکەن ئەوە نمونەی ئەو شا پیاوانەی جاران بوو، ئەم زەمانە بەدەگمەن ئەوە هەڵئەکەوێت، کێ پارەی خۆی بۆ خۆشکو برا خەرج دەکا بێ پاداش؟ ئەو پیاوانە چاویان لە پاداش نەبووە هەر پیاوەتی‌و خزمایەتی‌و وەفا ودین، حەیفی بۆ ئەو پیاوانە کە جێیان هێشتین‌و نابنەوەو نایەنەوە، دنیا هەر بەوانەوە خۆش بوو هەزار رەحمەت لە گۆڕیان.

بابە گیان باوکی بەنرخ‌و لێهاتوو دیار لە کات‌و رۆژی خۆتاو ناسراو لەم رۆژەدا کە کەس بەکەسی نیە کەس کەس ناناسێت، من

نوسەرێکی ئەو تۆنیم بتوانم بەشێوەیە لەسەرت بنوسم کە قابیلی تۆی گەورەو بەڕێزو هەڵکەوتوو بێت، هیند بەوەفا بوویت کاتی من فامم کردەوەو گوێم لێ بوو لەگەڵ خوشکو براکانتا یادی ڕۆژانی دەربەدەری خۆتانت ئەکردەوەو نامەت ئەنوسی بۆ ئەو پیاوە دڵسۆزانەی لە کاتی فیراریتان بۆ ئێران کە لەسەر ڕێگەتانا بەسەر دیهاتەکانیانا تێپەڕبوون سا بەپێی یا بەوڵاخ هیلاکو برسی، گلیان داونەتەوەو پێخەفو خواردنیان دوانەتێ بۆ شەوی دوو شەوو هەرگیز بیرت نەئەچووەوە ڕێزیان لات بوو هەروا بە هەناسە هەڵکێشانەوە، کە بیست ساڵ تێپەڕ بوو بەسەر ئەو کارەساتانەدا باسی ئەو کەسانەت ئەکرد کە لە سەرە ڕێگا خۆیان لێ شاردوونەتەوە لە ئاغاو بەگو موختارو دەوڵەمەندی دێهاتەکان لە ترسی ئینگلیز، شەوێك داڵدەی نەداونو کەوچکێ شۆرباو نانە رەقێکیان پێ ڕەوا نەبینیون، کە لەسەر کورد واتان لێ بەسەر هاتووە ئەم هەموو ڕەشو رووتو ئافرەتو منداڵو گەنجو پیر ە بەسەرمای زستانو توفو بەفرو ڕەشەبا هەر بەو بەرگەی لە بەرتانا بووە، پێڵاو بە پێتانەوە نەمابوو ئەو پورەمان خۆشکی باوکم کە هەمیشە لەگەڵمان ئەژیا هەموو شەوێکی زستان وەکوو سەرگروشتە بۆی باس ئەکردین کە چۆن هەموو ڕێگە لە سلێمانییەوە بەفر باریوە چەندان جار دەستی یەکێکمان یان قاچ شکاوە داوێنی کراسی یا فەقیانەی قەتارچیمان بۆ دڕیوەو پێمان بەستووە زۆرلمان لە خۆمان ئەما کەچۆن دەممان لە هەندێ نامەردی هێندە دی یەك لار ئەکردەوە بۆ یارمەتی رویان لێ وەرئەگێڕاین باوکم خۆی کەم دوو بوو بەڵام پورەکەم بۆی باس ئەکردین بە چاوی پڕ فرمێسكو هەناسەیەکی قوڵ هەڵکیشان هەموو ناوی خەڵقەکەو ناوی گوندەکەو مێژووی و

ڕۆژی چی بوو ئەیان زانی کێ و کێ دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردوون و ڕێزی لێ گرتوون، باوکم زۆر کەمدوو بوو زۆری ئەبیست هەمیشە گوێی لێ ئەگرت بەڵام بە وشەی پڕ ماناو بیرکردنەوەیەکی زۆر وەڵامی ئەدایتەوە ئەو داخانەی ئەو ڕۆژە ڕەشانەی ساڵەهای ساڵی لێ قەوماوی خێزان و بنەماڵەکەی ئێمەو پورەکانم ژنی شێخ و محمودو پوری دووهەمم وەکوو هەموو ئافرەتێک داخەکانیان هەڵئەڕشت و سەر زەنشتی ئەو کەسانەیان ئەکرد کە هەستی کوردایەتی یا پیاوەتی و مەردایەتیان تیا نەبووە دەستێکی یارمەتیان بۆ ڕاکێشیت شەوێ بەو هیلاکیەکانیان بداتەوە. بەڵام مامی بەڕێزو خۆشەویستم مامە فەتاح (١٨٧٩ - ١٩٦٧/١/٢٦) کە وتم زابتێکی دڵسۆزی گەنج کە لە ئەستەمبووڵ ئاوارە بوو هەمووی تۆمار کردووە هەتا چەند جارێک پێی وتم لەوە ئەچێ تەنها تۆ بتوانیت ئاگاداری ئەم نوسینەم بکەی دەبیبەرەوە لەگەڵ خۆتا بۆ سلێمانی و ئاگاداری بکە چونکە مناڵەکەم لە تورکی زیاتر زمان نازانن، بەڵام لەبەر زوڵم و زۆرداری تورک نەم وێرا بیهێنمەوە هەر جارێک بە ئوتومبێل چووین بۆ ئەستەمبووڵ بۆ زیارەتی پێش هەزارو نۆ سەدو شەست و حەوت کە وەفاتی تیا کرد لەوە دواش کوڕی گەورەی کە ڕوحی کوردایەتی تیا بوو پێی ئەوتم پاکیزە ئەو بیرەوەریانەی باوکم ببەرەوە هی خۆتەو باوکم داویەتی بەتۆ چونکە ئێمە لێی تێ ناگەین با نەفەوتێت زۆر داخێکی زلە لە دڵما هەر نەم وێرا ترسام لەوەی لێم بگرن لە سنوری نێوان سمێڵ فشەکانی بەعس و تورک. خۆم و هاوسەرم و مناڵم بگرن لەکاتی حوکمداری شێخا جەریدەی ژین و ژیانەوە هەبوو، هەموو عەددەکانی کۆ کردبووەو تەجلیدی کردبوو... ئێمە لە کۆنەوە هەر دەست داربوین

بەڵام، بەهۆی شکاننی شێخەوە هیچمان نەما باسی وەزیران و گەورەی ئەو زەمانەی ئەکرد منیش رۆژێك وتم: بابە بۆ کە لە هەموو کەسێك لە شێخەوە نزیکیو بۆچی وەزیفەت وەرنەگرتووە فەرمووی من بۆ کوردایەتی یارمەتی شێخو حکومەتەکەیم داوە بۆ فەرزو پارە نەمکردووە، من هەمیشە لە نێوان شێخو رەئیس عەشایەرەکانا لە جمو جوڵا بوم بێ ئەوەی روپیەیە وەرگرم...

هەمیشە گوێی بە رادیووە بوو ئاگاداریی هەواڵی دنیابوو لە گشت کەس زیاتر خەمی هەبوو، هاورێی ئەو لە گوێی گادا نووستبوو، هەروەها باوکم شانازی بەو کەسانەوە ئەکرد کە سەرۆكو پیاوی نیشتمان پەروەرو دڵسۆز بوون بۆ میللەتەکەیانو خۆشی ئەویستنوو گوێ گولاغی هەواڵیان بوو، وەکو غاندیو نەهرۆو محمد عەلی نەناحو دڵسۆزی تری وڵاتان وەکوو گەلی هندو پاکستان.. کتێبی لەسەریان ئەخوێنەوە باسی ئەکرد، چەند دڵی خۆش بوو بە پەیمانی سیڤەر" کە دانی بە مافی کورددا نابێ چەند خەفەتبار بوو بە پەیمانی لۆزان کە هەڵی وەشانەوە، هتلەری زۆر خۆش ئەویست هەمیشە لە شەڕی جیهانی دوهەما لەبیرمە گوێی بە رادێوە بوو بەسەر کەوتنەکانی دڵی ئەکرایەوەو مژدەی ئەدامێ دیارە بۆی دەر کەوتبوو کە منیش حەز لەو باسانە ئەکەم هەر چەندە لە تەمەنی دەو دوانزە ساڵ بووم، زۆر هتلەری لا مهم بوو ئەیفەرموو کە ئەوە هیوایەکمان پێی بێ بۆ کورد شتێك بکا بمانکا بە شتێك. بەڵام هەر ئینگلیز بوو کوردی وا رسوا کردو هەمیشە هەر دوژمنی کورد بووەو هەروائش ئەبێ، لەو رۆژی سەرکەوتنانەی هتلەر نامەی ئەنارد بۆ شێخ بۆ بەغا ئەو باسانەی بۆ ئەنووسی ئەویش وەڵامی ئەدایەوە ئەی فەرموو: ئینگلیز بەدەم بۆت پێ ئەکەنێ بەدڵ دژ نەك

هەر بۆ کورد بەڵکوو بۆ گشت گەلان لەسەر حسابی گەلانی چەوساوە خۆی دەستدارو بەرز ئەکاتەوەو حیساب بۆ هیچ گەلێك ناکا گەر سوودی ماڵی نەبێت بۆ خۆیو دەوڵەمەندکردنی... زۆر رقی لە ئینگلیز بوو.

زۆر بە دڵ داوای سەرکەوتنی رەشید عالی ئەکرد رادیۆیەکی بوو فیبس هەمیشە گوێی پێوە بوو بۆ هەواڵی هتلەرو رەشید عالیو زۆر هەواڵی تر بەڵکوو بەسەکەوتنی کورد شتێکی دەست کەوێت، ئەگەرا بۆ تروسکاییە بۆ گەلی کورد لە هەواڵێکی رادیوکەدا، بە دەم باسی نەئەگرد بەلام گوێ گرتنو ماتیو هەناسە هەڵکێشانەوە لێکدانەوەکانی زۆر وردو راستو پڕ مانا بوون، گەر لە مەجلیسێکدا لەو بارەوە قسەی بکردایە خەڵکەکە زۆر بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ ئەگرت، ئەیان زانی شارەزایەو زامدارەو قسەی بێ جێیو بێ مانا ناکا باوکمو دایکم باسی بەکر صیدقیان بۆ ئەکردمو ئەیان ناسی کوڕی کێیە کەویستی حکومەتی کوردی لە عێراقا دابمەزرێنێت کە رئیسی وزەراو زابت بوو دایم بۆی ئەگریا کە کوشتویانە.

بابە گیان.. هەرچەند بیرئەکەمەوە تا ئەمرۆئەوە چی بوو ئەو بە حیلمیو سەبریەت هەرگیز دەمو چاوت لە کەس گرژ نەئەکرد وە لە ئێمەی منالیش تورە نەئەبووی هەزار هەڵەمان بکردایە بانگت ئەکردینە بەردەمی خۆت بە هێواشیو نەرم ئامۆژگاریت ئەکردین هەڵەکەمانت پێ ئەوتین هەموو شتێکت ورد ورد لێك ئەدایەوە بێ قسەو بێ هەڵەشەیی خۆیەکی زۆر سەیری هەبوو گەر بۆ کێشەیەکی خۆی یا خزمێك هاورێیەك دراوسێیەك بهاتنایە لای بۆ حەلکردنی ئەو کێشەیە گەر زستان بوایەو مەقەڵی لەبەر دەستیا بوایە گوێی ئەگرت

تـا باسـی ئـەو کەسـە تـەواو ئـەبوو هـیچ وەڵامێکـی ئـەو کەسـەی نەئەدایـەوە مقاشـەکەی ئـەگرت بـە دەسـتەوە وردە وردە پـشکۆکانی ئەخستە ناوەراسـتی مقەڵیەکـە ئینجـا ژیلەمۆکـەی بەسـەریا ئـەکرد ئینجا خۆڵەمێشەکە وە بە مقاشەکە ئەت کوتایەوە بەقووتی وەکوو تەپونکـە ئەمـە نیـو سـەعات یـا زیـاتری ئـەبرد ئینجـا دەسـتت لێ هەڵئـەگرت کـە بـەوەوە دەسـتت بـەکار ئـەهێناو بۆ کێشەکە مێشکت دەکردەوە کاتێ تەواو ئەبوو مەقاشەکەت دا ئەناو دەقیقەیە بێ دەنگ هەر مێشکت لەکارا بوو ئینجا سەیرێکی خاوەن کێشەکەت ئەکردوو زەردەخەنەیەکی کەم ئەیگرتی و حەلەکەیت بەو کەسە ئەوت بێ هەڵە ئـیتر ئـەو خـاوەن کێـشەیە لەسـەر رێگـەی بـاوکم ئەرۆیـشتە نـاو کێشەکەی و تـەواو بـوو. هـەروا بـۆ هـەموو کەسـێك بەراسـتی ئەمـە فەلـسەفەیەکی زۆر سـەرکەوتوو بـوو لەبـەر ئـەوە هەمیـشە خـەڵکی خزم و بێگانە ئەهاتنە لای کێشەی خۆیان بۆ باس ئەکرد ئەویش بەو شـێوە بـێ قـسەیی و بیرکردنەوەیـە بـۆی حـەل ئـەکردن ئـەم عـەقڵ و فەلـسەفەیە چـیی بـوو هـەرگیز لەحەلکردنەکـەدا هەڵـەی نەئـەکرد هەمووی بەجێ بوو، ئەم کردەوە سەیرو بە دەگمەنەی باوکم لەناو خزمانا ئەوترایەوە ئاخۆ ئەو مێشکەی چۆن خستبێتە کار بۆ ئەوەی ئەم کێشەیەی ئەو کسە حەل بکات.

شـەوی سـێ شـەممە (١٩٧٨/٧/١٨) لـە مـاڵی پـورم لـە دوای پرسەی شێخ رەئووفی پورزام بە کەمتر لە دوو حەفتە باوکم وەفاتی کـرد، لەپرسـەکەدا حـەلاوە خـانی شـێخ مـەحوود دەیگـوت، گـەر کێشەیەکمان بوایە ئەچووینە لای خاڵم بەو شێوەی لەسەرەوە باسم کرد کێشەکەی بۆ حـەل دەکردین. بـەڵام ساڵێ‌دوانێ پێ نەچوو تا

حەلە راستەقینەکەی لە مێشکیا کۆتایی ئەهات. لەکاتی گێڕانەوەی کێشەکەدا نەقسەی دەکرد نە سەیری خەڵکی دەکرد.

باوکم خویەکی تری سەیری هەبوو لەگەڵ هەر منالێك کە ئەبوو لە دایك لە باخی ماڵەکەدا درەختێکی ئەڕوان ئەی فەرموو: ئەو خووە لە باوکمەوە ئەمینی عەتار وەرم گرتووە ئەویش رەنگبێت لە باوو باپیریانەوە وەری گرتبێت هەموو درەختەکان بەردارو جوانو هەڵکەوتوو بوون لە توو لە هەنجیر لە هەنار.

باوکم زۆر حەزی لە باخ ئەکرد لە ژیانی ئەوا باخەکەمان بە درەختو گوڵەوە زۆر جوان بوو وەکوو کاکی گەورەم خوالێخۆشبوو، بەڵام بەهۆی شۆڕشی شێخ محمودو روخانی وتالانو بروی یەك ناو ماڵ یەك روپیەیی بۆ نەماوەتەوە زۆر پێی ناخۆشبوو باسی بکرێت یەك دەنك تەنازلی نە ئەکرد باسی ئەو هەموو خەسارەتەی بکا هەروای معاملە ئەکرد کە هیچی نەڕۆییوە خۆی لەوە بە گەورەتر ئەزانی باسی ناوماڵو پارە بکات لەبەر ئەو نەفس بەرزییە عالەم قەدری ئەگرت.

## حەمەی مەیتەر

کابرایەك بوو هەر لە منالییەوە لە ماڵی پورما بوو حەمە ناو (حەمەی مەیتەر) کە مەیتەری وڵاخەکانی شێخ محمود بوو.

کاکە حەمە ناو هەمیشە بە ئیشێك سەری ئەداین زۆر جار کەمی دائەنیشت لامانو قسەو باسی رۆژانی دەربەدەری بۆ ئەکردین، منیش گوێم بۆ شل ئەکردو زۆر ئەو قسانەم پێ خۆش بوو زۆر شارەزا بوو، چونکە هەر لەگەڵ ماڵی پورم بوو تا هەشتا ساڵێك لە

الأمم) کە رۆیشتووە بۆ تورکیا دوایی شکاننی شێخ لە تورکیاش زۆر ئیشی کردوەو چەند کۆمەڵو مونەزەماتیان پێك هێناوە لە خۆیو زۆر لە کوردە دڵسۆزەکانی تورکیا، پێش وەفاتی کە ئەچووین بۆ خزمەتی بۆ تورکیا هاوینان هەر ئەو باسانەی بۆ ئەکردم کە چیان کردووەو چیی هەوڵیان داوە، جارێکیان فەرمووی یەکێ لە کوردپەروەرەکانی تورکیا عیسمەت اینونو بوو کە هاورێیەکی گیانی بەگیانیم بوو بێ یەك نەئەژیان هیند لەژێرەوە کوردایەتیو حیزبایەتیمان دەکردو نامەمان بڵاو ئەکردەوە گەر بیان گرتیانەیە هەموو وانمانیان لە سێدارە ئەدایین، ئەی فەرموو: لە تورك خراپ ترو دڕتر نیەو لە هەرە دوژمنە گەورەکانی کوردە هەرگیز بەشتمان نازانن.

لە باسی عیسمەت انیونو فەرمووی: لە هەرەتی نێو کوردایەتییا بووین لەپڕ گووم بوو، ئەملا عیسمەتو ئەولا عیسمەت کە وەکوو من زابتێك بوو لەپڕ لە رادیودا گوێمان لێ بوو کە عیسمەت کراوە بە وەزیر ئیتر هەموو وشك بووین وتمان ئەوە چی بوو کرا؟ لە پاش شەش حەوت مانگ لەپڕ نامەیەکی بۆ ناردم وتی من هەر هاورێ دڵسۆزەکەتم جا پیی گوتم وەرە ئیشو کارێکت بوو وەردەگرم کارت بۆ هەڵئەسورێنم گوتم وەرە.

فەرمووی وتم دەك هەزار جار بەلەعنەت بیت هەی نەفس نزمو مردوی وەزیفەو پارە نەم وێرا جوابی نامەکەی بەمەوە چونکە لە غەیری زەردەنشتو قسەی ناخۆش نەی خۆشی ترم بۆ نەئەنوسی وتی واللە لە پاش چەند ساڵێك بوو بە رەئیس جمهوریەی تورکیا وتی چەند جارێکی تر هەوڵێ دا کە ئێمەی دڵسۆز نزیك خاتەوە بێ سوود بوو تازە چوو بووە حزبەکەی ئەتاتورکی دوژمنمان رۆژ بەرۆژ بەرز ئەبوەوە.

بێت لە سلێمانی بژیی و لەکیس کورد نەچێ ئەو کچە بەنرخە باوك‌و دایکە زۆر زۆریان پێخۆش بوو بەڵام کوڕە وتی بە چ زمانێك قسە لەگەڵ ئەو کچە بکەم هەروا دوو کوڕەکەش داوای چەن کچی کرد لە بنەماڵەکە نەیان کرد لەبەر زەمانەکە.

مامە گیان! چەند خۆش بوو هاتنەوەت لەپاش بیست‌و پێنج ساڵ چەند دڵت خۆش بوو کە قەوموو خۆیشی هاوڕێت دی هەر لە خۆشیا پێ ئەکەنیت ئەو مانگەی لامان مایتەوە باسی خۆشی ئەو سەفەرەی تەواو نابێ بۆ هەموان.

ئینجا هەرسێکیان لە منداڵەکانی بۆ تورك بوون مناڵی کوڕو کچەکەی ناو دەنا بەناوی خوشك‌و برای خۆیەوە وەکوو کاکە حەمە مناڵێکی کوڕەکەی‌و فاتمە بە ناوی دایکیەوەو ئایشە بە ناوی خۆشکێکیەوە هەروەها بەڵام سوودی نەبوو ئێستا تواونەتەوە!! مامە گیان! چەند لە دڵسۆزیت بۆ گەل‌و نیشتمان‌و کەس‌و کارت بنوسم هەر تەواو نابێ کە ئەچووم ئەیفەرموو هەواڵی سەرۆك‌و شۆڕشی کورد چیە؟ خۆ ئێمە لەتاو ئەم تورکە ناپیاوە دوژمنە ناشتوانین گوێ لە رادیوو باسی کوردستان بگرین هەر پێمان بزانن بەم تەمەنەوە توشی هەزار گیرمەو کێشمەمان ئەکات ئەی فەرموو من هەموو هیوام ئەو پیاوەیە کورد لە سایەی ئەو پیاوەوە شتێك ئەکا بە شتێك یاخوا هەر بۆمان بمێنێت مەلا مستەفای هیوای کورد یاخوا کەس لە شۆڕشەکە جیا نەبێتەوە بەڵکوو هەر پەرە بستێنیت شتی ببی بەشتێك ئۆخەی کچەکەم چیی باسی ئەکەم تێم ئەگەی لە باسی کورد لە کۆناو باسی شۆڕشی خۆ کەس نیە داخی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم توخوا هەموو ساڵێك وەرن بۆ لام حەیاتم تازە ئەبێتەوە چونکە مناڵەکانم چییان بۆ باس بکەم لێم تێ ناگەن بەڵام زۆر

ئاشکرا بوو لە کاتێکا یەکێ بیوتایە کوردم زمانی لەبنا ئەبڕا بەڵام خوا کردی کە گەورە بوو لە وەزیر رەئیس وزرا رەئیس جمهوریە دنیای بەدەس بوو هیچی لە ئێمە نەکرد منی بیرنەچووەوە هەر بەیناو بەین ئەی نار بەشوێنما بەڵام جارێک نەچوومەلای ئەو نامەردەیە.

ئەم دەنکەی لەسەر ئەم نمونەو ئاوێنەیەی رووی شا پیاوانی هەموو کوردو خەڵقی سلێمانی نووسیم تەنها بۆ ئەوەی نەوەکەی بیناسن کە ئەویش یەکێ بووە لەو شا پیاوانەی ئەو زەمانە تەنها بۆ ئەوەی باپیری خۆیان بناسن چ لە دایکەوە بێت چ لە باوکیانەوە بێت، ئەو باپیرەیانو منیش دڵم تەسکینی بێتو ئەم پورڕەشیو خۆ بەگووناە باریبەم لە دڵم دەرنەچێ کە فریای هیچ خزمەتێکی نەکەوتم باوکم لە ساڵی ١٨٧٨ زایینی لە سلێمانی لە گەرەکی دەرگەزین هاتۆتە دنیاوە لە دایکو باوکێکی دیندارو دیار لە شارەکەدا، باوکم وەکوو نوسیومە کوڕی کاکە مینی کاک فەتاحی عەتارو لەنەوەی محمود ئاغای شیوەکەڵییە دایکی فاتیمەخانی کاک فەتاحی عەتارەو لە نەوەی محمود ئاغای شیوەکەڵییە دایکی فاتیمەخانی عزیزە فەندی کە ئەویش پیاوێکی دیارەبوە دایکیشی صالعە ناو بووە وەکوو پورەکانم باسیان کردووە ئەو ژنە دیارو بەناوبانگ بووە... باوکم لە (روشدییەی مولکیەی سلێمانی) کە قوتابی بووەو بە تورکی خوێندویەتی (١٨٩٢ – ١٨٩٣) بوو کە تەمەنی ئەبێتە چواردە ساڵ باوکی لە قوتابخانە ئەیهێنێتە دەرێو ئەفەرموێ کوڕی خۆم خوا کردی کوڕی گەورەم گەورە بوو، لێت رائەبینم کە بەدڵی خۆم کارو کاسبی بکەیو زیرەکیو جەوهەر لەناوچەوانتا ئەدرەوشێتەوە لەبەر ئەوە من تەنها کارم ئەوە ئەبێت کە لەسەر

دوکانەکە دائەنیشم تۆش لەگەڵ خاڵتا حاجی تایەر ئەت نێرم وڵاتەو وڵات بڕۆن ماڵ بکڕن... ئەوەی شایانی باسە خاڵە حاجی تایەری کوڕی عزیز ئەفەندی لە هەزارو هەشت سەدو نۆسەدەکانا یەکێ ئەبێت لە بازرگانە ناودارو دەستدارەکانی شاری سلێمانی ئیتر بەڕێ ئەکەون بە وڵاخ بەرەو شامو حەڵەب باوکم بۆی ئەگێڕاینەوە کە یەکەم سەفەری بوو لە سلێمانیەوە بۆ دەرەوەی وڵات. باسی خۆشی ئەو ڕێگەو کاروان سەراو دیهاتو شارو چاکی خەڵکەکەو سەر ڕاستی و پاکی ئەکردن، فەرمووی خۆشترین سەفەر بوو لە ژیانماو زۆر شانازیم بە خۆمەوە ئەکرد کەوا گەورە بومو باوکم موتمانەی پێ ئەکردم.. کە گەیشتینە شامو ئینجا حەڵەب ئیجگار بازرگانی کوردمان ئەدی کە زۆربەی بوو بوونە هاوڕێی خاڵم هەر کە کەوتینە ماڵ کڕین کە ئێمە ماڵی عەتاریمان ئەویست لە بلوریاتو چراو لالای شوشەی چاکو راستەقینەو تاقمە چینیو شتی نایابوو عەجایبو داوو دەرمانو بەهاراتو چیی بڵێی لە ماڵی عەتاری نوقڵو ئەمانە دەمانکڕیو شت بە شت ئەم نوسیی کە برد مانەوە بۆ سلێمانیو باوکم لیستەکەی خوێنەوە هەموو بەرێکو پێکی نوسیبووم بێ هەڵەیە بەناوو نرخەوەو هەتا مەسرەفی خۆم ئیتر باوکم زۆر زۆری پێ خۆش بوو فەرمووی دەك ڕۆڵە بەر خوردارببیت باوکت حەسایەوە کە خوا کوڕی گەورەمی وا بەسەلیقەو زیرەك خەڵك کردووە ئیتر لەمەو دوا ساڵەهای ساڵ لەگەڵ خاڵما یا بێ ئەو ئەچووم بۆ ماڵ کڕین.

باوکم لە ناو ماڵو مناڵاندا دائەنیشت گەر دابنیشتایەو میوانی نەبوایە هەر ئامۆژگاریی ئەکردین، بابە گیان هەمیشە ئامۆژگارییە

بێخۆشحاڵم كە كچی باوكی خۆتانن جێی باوكت بۆ كوردایەتی كوێرنەبۆتەوە باوكم ئەیفەرموو فەتاحی برام هەر چەندە ساڵێك لەخۆم مناڵتر بوو بەڵام زۆر گوێ رادێرو تەربیە جوان بوو زیرەك لە مەكتەبا لە ماڵی ئێمەدا گەورەو بچوكی زۆر هەبوو گەر ساڵێكیش بوایە فەرق، رۆژێك لە دەرەوە هاتمەوە وا نیوەرویە سەیر ئەكەم وا فەتاحی برام لە مەكتەب هاتۆتەوە بە پەیژەدا سەركەوتووە دەستی لە كونی كۆترەكانا بوو كە حەزی لە كۆتر بازی ئەكردو هەی بوو كە منی دیی زەرد بوو وتم فەتاح وتی بەڵێ ئادەی یەك یەك بیان هێنەرە دەرێ لە هێلانەكە یانو ملیان هەڵكێشە بەنا رەزایی دڵ وتی بەڵێ باشە كاكە یەك هێنانیە خوارەو ملی هەڵكێشان ئیتر ببرای كۆتر بازێتی نەكردو هەر خەریكی دەرسو دەوری خۆی بوو.

مامم سەفەریكماندا فەرمووی لەگەڕانەوەتانا بچنە حەلەب لای ئەم هاوریەم كە كوردێكی زۆر دڵسۆزەو ببینن و حەلەب ببینن ئەو هاوریەم زابت بوو لەگەڵما لە ئەتەبازاڕی بەدزیەوە كوردایەتیمان ئەكرد هەردووكمان روتبەی ئەمیر ئالامان هەبوو تورك پێی بزانیایە كە لە ژێرەوە تێی ئەكەین لە ملی ئەداین هەروا لە عاموراش، زۆرم هاوڕێی كوردی دڵسۆز هەیەو لە ئەستەمبوڵ زۆر زۆر، هەموو یەك دڵو یەك ئیمان كەسمان لێ جیا نەبووەوە هەر عیصمەت ئینۆنو ئەی كە ناپیاو دەرچوو كە بوو بە رەئیس جموریەی تورك لە خۆشی پارەو كورسی كوردە دڵسۆزەكانی ئەگرتو ئەی كوشتن ئێمەش كەلێمان بەئاگا بوو زۆر ئەترسایـن ئەیفەرموو حەلەب بە بیرەوەری من هەمووی كورد بوون تاكە تاكە نەبێت عەرەب بوون. كە زۆركەم بوون ئێستا هەموو نهێنی كارەكانمان بۆ كورد لای عیسمەت بوو هەموو شتێكمان لای ئەو

ئەو مامە دڵسۆزەم هەزار رەحمەت لە گۆڕی هەر چەند سەرمان لێ بایە بۆ ئەستەمبوڵ هەرگیز نەم ئەدی کە فرمێسک نەڕێژێ بۆ کوردستانو لێ قەوماویو بە هیچ نەبووبێ هەموو دانشتنێك کە لەلای خۆی میوان ئەبوین هەر باسی ئەوەی بۆ ئەکردین منیش بەپێی توانا ئەوقسە بەنرخانەییم ئەنوسی بەڵام دڵیشم بەو دیاریە بەنرخەی خۆش بوو بیرەوەرییەکانی لەسەر ئەو رۆژە رەشانە کە دابوومێ بەڵام، تا ئێستا لەترسی جەوری تورك نەم توانی دەری کەمو بیهێنمەوە ئەی فەرموو خەتەکەی عەرەبییەو بە تورکی نوسیومە هەمیشە دڵتەنگو لێو بە بارو رووتەو نیشان بەڵام دڵی پێی خۆش نەبوو ئەیفەرموو: نانو پیاز بخۆی لە وڵاتێکی ئازاد لەم دەستداریو جێگەو کورسیەم لام خۆشترە.

مامە بەنرخە دڵسۆزە خۆشەویستەکەم کە لە هەموو شێوە کردارو رەفتارت لە باوکم ئەچویت وەك لەتکە وابوون هەرچەندە ساڵێکتان لە تەمەنا فەرق بوو مامە گیان نەم ناسیبویتو نەم دیبویت تا ساڵی هەزارو نۆسەدو شەستو دوو بوو، یەکەم جار هاتینە خزمەتت بۆ ئەستەمبوڵ لە پاش چ رۆژێك لە ماڵەکەتا لەگەڵتا بووین ئەوکاتە تێ گەیشتم توش چەند بەحرێك بوویت ئاوارە بوی کە بێکەسو لێ قەوماویو دوری دەنگێ کاری لێ نەکرد بۆی هەر فتاحی ئەمینی عەتاری خەڵکی گەڕەکی دەرگەزین بووی هەر کورد پەروەرو خزمەت گوزارو دڵسۆز بو خەڵقی شارەکەی جاران بووی یەك دەنك لە خۆت نەگۆڕابووی بەداخەوە لەبیر چویتەوەو مناڵیشت بوون بە تورك هەمیشە هیوای ئەوە بوو کە تاقە کچەکەی بدا بە کوردی سلێمانی بە دەستی خۆی کاغەزی نارد بۆ خزمێك وتی: کچەکەم وا حقوقی تەواو کردووە وا دام بە کوڕەکەت با

بەڵام، بەهۆی شکاننی شێخەوە هیچمان نەما باسی وەزیران و گەورەی ئەو زەمانەی ئەکرد منیش رۆژێك وتم: بابە بۆ کە لە هەموو کەسێك لە شێخەوە نزیکی و بۆچی وەزیفەت وەرنەگرتووە فەرمووی من بۆ کوردایەتی یارمەتی شێخ و حکومەتەکەیم داوە بۆ فەرزو پارە نەمکردووە، من هەمیشە لە نێوان شێخ و رەئیس عەشایەرەکانا لە جم و جوڵ بوم بێ ئەوەی روپیەیە وەرگرم...

هەمیشە گوێی بە رادیووە بوو ئاگاداریی هەواڵی دنیابوو لە گشت کەس زیاتر خەمی هەبوو، هاورێی ئەو لە گوێی گادا نووستبوو، هەروەها باوکم شانازی بەو کەسانەوە ئەکرد کە سەرۆك و پیاوی نیشتمان پەروەرو دڵسۆز بوون بۆ میللەتەکەیان و خۆشی ئەویستنوو گوێ گوڵاغی هەواڵیان بوو، وەکو غاندی و نەهرۆو محمد عەلی نەناح و دڵسۆزی تری وڵاتان وەکوو گەلی هندو پاکستان.. کتێبی لەسەریان ئەخوێنەوە باسی ئەکرد، چەند دڵی خۆش بوو بە پەیمانی سیڤەر" کە دانی بە مافی کورددا نابێ چەند خەفەتبار بوو بە پەیمانی لۆزان کە هەڵی وەشانەوە، هتلەری زۆر خۆش ئەویست هەمیشە لە شەڕی جیهانی دوهەما لەبیرمە گوێی بە رادیۆوە بوو بەسەر کەوتنەکانی دڵی ئەکرایەوەو مژدەی ئەدامێ دیارە بۆی دەر کەوتبوو کە منیش حەز لەو باسانە ئەکەم هەر چەندە لە تەمەنی دەو دوانزە ساڵ بووم، زۆر هتلەری لا مهم بوو ئەیفەرموو کە ئەوە هیوایەکمان پێی بێ بۆ کورد شتێك بکا بمانکا بە شتێك. بەڵام هەر ئینگلیز بوو کوردی وا رسوا کردو هەمیشە هەر دوژمنی کورد بووەو هەروائش ئەبێ، لەو رۆژی سەرکەوتنانەی هتلەر نامەی ئەنارد بۆ شێخ بۆ بەغا ئەو باسانەی بۆ ئەنووسی ئەویش وەڵامی ئەدایەوە ئەی فەرموو: ئینگلیز بەدەم بۆت پێ ئەکەنێ بەدڵ دژ نەك

بەنرخەکانت لە گوێما ئەزرنگێتەوە لە دڵو دەروونما جێگەی بۆتەوەو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

زۆر دڵسۆزی عالەم بوو یەکێ هوی تێ کەوتایە بۆ کارێك بۆی ئەچوو بۆلای موتەسەریف سا کاتی یەعقوبی یا مەعروف جیا وەك یا حاجی رەمەزان. هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین دەیگوت: رۆڵەکانم قەت بە چاوی سووك سەیری خەڵکی مەکەن هەموو کەسێکتان لا بەنرخ بێت دەوڵەمەندیو فەقیری مەکەن بە تەرازوو بۆ نرخی خەڵکی، هەزار هەژار هەیە لە هەزار دەستدار بەنرختره بەوە نابێ پارەی نیە.

کچێکمان بۆ هات لە مەرگەوە بێ دایكو باوك کە لامان بێو خزمەتمان بکا ببێ بە کچی ماڵەکە، دایکم فەرمووی: ناوت چییە وتی فاتە، بۆ بەیانی وتم فاتە ئا ئەو شتەم بەرێ باوکم گوێی لێ بوو فەرمووی: ئیتر نەڵێی فاتە بڵێ فاتم، وتم ئاخر خۆی وتی، فەرمووی: ئەو نازانێ بە چاوی سوك سەیری مەکەن ئەویش بەشەرە روحو ئەقڵو کەرامەتی هەیە ئەبێ وەکوو خوشکێکتان سەیری بکەن، هەرگیز لەسەروی لە خۆتان گەورەتر لە مەجلس یا لە ماڵەوە دامەنیشن زۆر حورمەتی میوان بگرن قەت لای سەرویانەوە دامەنیشن  زۆر بە ئەدەبو ئیحترامەوە لەبەریان هەستنو بەنزمی قسە بکەن لەرویانا زۆر ئاگاداری ئەمانەتی خەڵکی بکەن، گەر لایان دانان وەکوو چاوتان نیگای بەن قەت گەر مردون لە برسا قەرز مەکەن گەر بە دەگمەن کردیشتان زوو بە سوپاسەوە بیدەنەوە، ئا بەو بۆنەیەوە ئەوەم بیرکەوتەوە لە دووی سەرەتایی بووم لە ١٩٣٨دا جارێکیان عانەیە (٤ فلس)م لە هاوڕێکەم قەرزکرد وێری هاوڕێیەکم

پێ کرد، کە هاتمەوە بە دایکم وت دایکیشم فەرمووی: واللە باوکت لێت عاجز ئەبێت چۆن قەرزت کردووە وتی: وا ئەچم پێی ئەلێم، ئەوەندەم نەزانی باوکم بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی منیش زۆر ترسام فەرمووی: وەرە بەردەمم کە چووم موحاکەمەیەکی کردم فەرمووی: ئەمە ئەوەل جارو دوا جارە قەرز ئەکەی قەی ناکا ئەمجارە تەنها ئەم جارە بۆت ئەدەمەوە جارێکی تر قەرز نەکەی ئیتر بڕای بڕا فەرمووی: هیچ شتێك وەکوو قەرز کردن خەڵکی سووك‌و رسواو بێحورمەت ناکا ئەیفەرموو قەت کەس بەدرۆ مەخەرەوە.

بخوێنن خوێندن‌و خوێندنەوە لە هەموو شتێ لە دنیادا باشترە تا ئەتوانن بخوێنن هەوڵ بەن من هێندە لە مەکتەب نەم خوێندووە بەلام سێ زمانی بێگانەو ئەم هەموو معەعلوماتە هەر لە خوێندنەوەیە، ئەی فەرموو: شەخسیەت‌و ناو بەپارە دروست نابێ بە شەخسیەکە خۆی نەبێ زۆر کەس بەهەزاران هەزار لیرەی هەیە جلقێك (پارەیەکی بی نرخ بوو) نایەنێ هەزار کەسی بێ نرخ پارە دارە شەخسیەت بە مامەڵەو سەرو زمانە، مامەڵەت‌و سەر راستی‌و ئیحترام بۆ خوت‌و خەڵك ناو نەزراون پارەو شەخسییەتە.

ئەیفەرموو: هەر خزمەتی خزم‌و بێگانە بکەن بێ پاداش تەلەبەیە بکەوتایە تەنگژیەکەوە خۆی ئەچوو کارەکەی بەواسیتە بۆ جێ بەجێ ئەکرد زۆر حەزی ئەکرد خوێنەوار لەناو کوردا زۆربێت.

دەیفەرموو: رۆڵە هەمیشە دڵ پاك‌و دەم‌و زمان پاك‌و دەس پاك بن، لەگەڵ خەڵقیا رووخۆشبن باسی کەس بە خراپی مەکەن گەر یەکێ باسی یەکێکی بە خراپی بکردایە ئەیفەرموو باسی مەکەن خوا ئەقڵ بە ئەولادی با هەقتان چییە بەسەریەوە لە خواردن‌و

خواردنەوەدا بە هێواشی بێ ملچە ملچ و لوشە لووش و هەڵقوڕانن خرمە خرم و قرقێنەو دەنگە دەنگ چونکە ئەو جۆرە عادەتانە زۆر شورەییە.

خۆی هەرگیز لێمان توورە نەئەبوو ئەیفەرموو: لە خوشك و برا بچووکەکانتان تورە مەبن هەر وەڵامی ئەو پرسیارە بەنەوە کە لێتان ئەکرێ، ئەی فەرموو بۆ خواردن و ورك قەرز مەکەن نەفس بەری دەی دەشتێکە بیگریت مشتێکە زۆری پێی نەخۆش ئەکەون دایمە ئاگاداری سکتان بن زۆرو هەمە چەشنەیی تێ مەکەن دوایی ژیوان ئەبنەوە خۆی خواردنی زۆر رێکو پێك بوو کەمی ئەخوارد هەر نیوەڕۆ خواردنی قورسی دەخوارد ئێوارە نان و ماستاو یا میوە.

دەیفەرموو: زۆر ببیستن و کەم بڵێن.. لەبەر دەمی گەورەدا حیلکە حیلك و پێکەنینی زۆر مەکەن هەوڵ بەن دەجار خەڵکی بێنەلاتان ئێوە جارێك بچن، وەکوو وتوویانە پێش نان بە ساڵ چووی سوڵتانی بە مانگ چوی میوانی، بەرۆژ چوی لە جێی سەگەکانی.

هەرگیز لەسەر کەس لە کەسێکی تر زویر مەبن کە ئاشت بوونەوە دەوری تۆ چییە لەکاتی ئاشتیا، یەکێ سکاڵای خۆی یا نهێنی لا وتبووی کاتێ لێی زویر بووی ئەو نهێنییانەی لای وتووی نەی درکێنیت زیاتر ئەو نهێنیە ئاگادار بکە، گەر گوێت خورا وەکوو باوکم فەرموویەتی بە ئانیشك بیخورێنن، ئەیفەرموو زۆر قسە مەکەن کەم بڵێن و زۆر ببیستن بەوە قەدرتان لای خەڵکی ئەبێ نە گرژبە نە حیلکە حیلك بکە بەڵام روت هەرخۆش بێ و زەردە خەنە لەلێوت نەبرێت.

بۆ پیاو حیلکە حیلك زۆر ناشرینە لە ئافرەت زیاتر، حورمەتی کەس و کاری خۆتان بگرن لە دەستدارو بێ دەست بەقەی بێگانەکە

قسەی ڕەق بەکەس مەڵێن تیرو توانج مەگرنە کەس ئەمانە ڕێگەی ژیانتان بێ.

قسەتان ڕاستو حەق بێت، ڕیایی بۆ کەس نەکەن، حورمەت بەراستگۆییەوەیە.. گەر چاکەتان لەگەڵ خەڵقا کرد چاوەڕێی پاداشی نەبن، یا بە چاویا مەدەنەوە پاداشو هەق کردنەوەو پارەو دیاریو خزمەتو چاو دانەوە ریسواییە خۆی ئەمانە ڕێگەی ژیانی بوو وەکوو هەموو شا پیاوانی جاران هەرگیز منالْ کە دابنیشتیایە لای موزوعی نەئەکردەوە لە نهێنیو ئیشو کار نەك بیدرکێنن لە مەکتەب، قەدری کتێبی زۆر لا بوو زۆر بە پاکیو جوانی دوای خوێنن‌ەوە ئەی خستە جێی خۆی با چرچ نەبێ، دەیگوت: نرخی کتێبتان لابێت، من تا ئەمڕۆ خەفەت بارم بۆ کتێبەکانم کە لە شکانی شێخ ئینگلیز تالأنی کرد کتێب نابێتەوە هەموو ڕۆژێك وەکوو بیرم بێت عەسر ئەچوو بۆ محەلەکەی قادر ئاغای عەتار لای حەمامی موفتی بوو غەزەتەی ئەو ڕۆژەی ئەخوێنەوە، دایکم ئەیفەرموو منالْ بێدەنگ باوکتان ئەخوێنێتەوە، زۆر ئامۆژگاری دەکردین دەیگوت: نرخی پارەو ماڵتان لابێت بە ئاسانی ماڵ پەیانابێ بەلأم بە ئاسانی ئەڕواهەر دەستی تێ خەی کاتێکتان زانی نەماو نایەتەوە مەگەر زۆر بەگران!!

کتێب لە سلێمانیا بە دەگمەن بوو لە بەغدا خزم بیکڕیایە دوای خوێننە ئەیدا بە باوکم ئەی خوێنەوە کە گەورە تر بووم ئەیدا بەمن، گەر قسەو خەیالێکی بکردایە زۆر بەراستی ئەهاتە دیی! ئەیفەرموو ئەم کوڕە منالەم دارا کە دووسێ بوو دلێریش لەیەك بوو کە ئەیفەرموو دارا ئەخەمە حقوق دلێر ئەخەمە طب هەروا دەرچوو

دوای وەفاتی کە گەورە بوون حەزیان لەوە ئەکرد هیند دوور بین بوو.

باوکم سوارچاك بووە زەمانی وڵاخ داری چاکترین ئەسپ و ماینی هەبووە زۆر حەزی لە شتی عەنتیکە بوو کۆی ئەکردنەوە هەمیشە نایاب ترین تەسبیحی بەدەستەوە بوو سەبیلی دەسکردی سمکۆی بۆ هاتبوو هەمیشە جوانترین سەبیلی هەبوو هەروا قتوی جگەرە.

سەبیلەکەی سمکۆ ئیسماعیل ئاغای شوکاکە کە لە ساڵی ١٣٣٢، بە دەست و خەتی خۆی نوسیبووی بۆ جناب کاکە حەمە بۆ یادگاری (١٣٣٢).

حەزی لە خوێندنەوەی کتێب بوو بە کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی شتی ئەخوێندەوە وردە وردە خەریك بوو فێری ئینگلیزی ئەبوو لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا ئەیفەرموو حەز ئەکەم ئەبێت هەر فێربم، خۆی شاعیر نەبوو زۆر حەزی لە شیعر ئەکرد و زۆریشی بەو چوار زمانە لەبەر بوو هەمیشە کۆڕی شیعر لە ماڵی ئێمەدا ئەبەسترا شێخ قادری حەفیدیش حەزی لە شیعر ئەکرد جار جارێك شێخ قادر و شێخ رەئوفی شێخ مەحمودی حەفید و شاعیران شێخ نوری شێخ ساڵح و شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی کەهەر دوو ئەم ئامۆزایانە پورزای باوکم بوون، زۆر حەزی لە شتی تازە داهاتوو ئەکرد لە پێش زۆر کەسدا نەك هەموو ئەلەکتریکی راکێشابوو بۆ ماڵەوەو رادیوی فلیبس هات بۆ سلێمانی کڕی و حەمامێکی لە ماڵەکەدا دروست کرد لە ساڵی هەزارو نۆشەدو سی و نۆ تەقریبەن یەکەم کەس بوو لەبیرمە پەنجاو یەك دیناری تێ چوو هەمووی بەخشتی سوور زۆر وراق و گەورە بوو هەر بۆهاوین باش بوو ئاوی بۆریەی راکێشا کە ئەوکاتە

گەڕەك هەمووی لەسەر ئاوی ماڵی ئێمە بوو بیرێكو كارێزێكمان هەبوو هی كارێزی ئەحمەد ئاغا.

باوكم وەكوو زۆربەی باوكی ئەو زەمانە ژوری خۆی جیا بوو بێجگە لە دیواخان كە بومیوانو شەو دانیشتن بوو هەرگیز لای خێزان دا نەئەنیشت وەكوو نوسیومە گەر دابنیشتایە هەر ئامۆژگاریو كە هەمیشە دەردی دڵی خۆی هەڵئەڕشتوو باسو خواسی كورد ئەكراو باسی منورەكانی زەمانی شێخ كە چۆن بوون بە ماسونیو كافرو پشتیان كردە شێخو ملەتەكەیانو چونە پاڵ ئینگلیزی دوژمنو بونە هۆی لاواز بوونی حكومەتە ساواكەی شێخ خۆشیان بە كورد پەروەر دەئەناو داخی دنیایان كردە دڵی مللەتی كورد پەروەرانو دڵسۆزان هەرچەندە بەقەد پەنجەی دەست ئەبوون بەڵام زۆر زۆر خراپو ناخۆش بوو بۆ ئەو رۆژە كە شێخ كز بوو چۆن پشتیان تێ كرد لە باتی هەوڵی هەڵسانەوەی بكەن كاتێكیش رۆژی بوو بەهەر چوار پەل سەمایان ئەكرد جێگەی بەرزیان بوو كورسیو وەزیفە.

ژنێكی خزمی بەتەمەن جار جار ئەهاتە لامان باوكم ئەیفەرموو نابێ برۆیتەوە تا مانگێ ئەوژنە لەو رۆژەوەی شووی كردووە بە پورزایەكی دڵسۆزی باوكم لە ماڵەكەدا ژیاوەو شەش مناڵی بووە وەكوو ماڵی خەزوری بێت تا مناڵ گەورە بوون، ئەیوت باوكتان چەتری سەری هەموان بوو هەموو لەژێر باڵیا حەوابووینەوە هەموانی بەخێو ئەكرد بێ منەت وە بەیەك چاو لەگەڵ ماڵو مناڵی سەیری هەموانی ئەكردو دڵدەی هەمووی دابوو ئەو ژنە ئەیوت گەر قەسەو پرسو رامان بوایە لە باوكت خۆمان رومان نە ئەهات روو

بەروو پێی بڵێن بەڵكوو یەكێكی لەپێش خۆمانەوەمان رائەسپارد هێند بەسامو بە هەیبەت بوو كەس رووی نەئەهات لە حزوریا قسە بكا زۆر قسەی لەگەڵ خێزان نەئەكرد بۆیە هەموو شەرمیان لێ ئەكرد وەكوو عومرفی جاران هەر قسەیشی بكردایە بە نەرمیو درود نەرم نەرم بێ هەڵە راستو رەوانو بەراستی هەموو شتێكی ئەووت.

حەپسەخانی نەقیب بەهۆی ئەوەی ئامۆزاو برازنی شێخ محمود بوو زۆر لە باوكمەوە نزیك بوو خوالێخۆشبوو ئایشەخانی خوشكی دایكی شێخ لەتیف حەپسەخان وەكوو برایەك باوكمی خۆش ئەویست ئەیفەرموو جێی سیقەمە كاكە حمە نهێنیە هەرگیز فەرقی بەینی خوشكەكانی خۆیو ئەو دوو خوشكەی نەئەكرد زۆر جار كە كێشەیە قسەیە هەواڵێكی خۆشی لابوایە حەپسەخان بۆ كورد ئەینارد بە شوێن باوكماو باسو خواسیان ئەكرد لەبیرمە رۆژێك لە چلەكانا بوو ناردی بەشوێنی باوكما كە باوكم هاتەوە فەرمووی حەپسەخانی نەقیب هەواڵێكی خۆشی پێبوو گوایا لە روسیا جەنابی مەلا مستەفا بەرزانی هەوڵ ئەدا لەشكرێك كۆ بكاتەوە بێ شەڕ بكا بۆ رزگاری كوردستان باوكم بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بوو هەروا گەر ساڵی چەند جاری كە ئەهات حەپسەخان بۆ لامان تا ئەرۆیشتەوە هەر ئەو باسانە بوو لە بەیانیەوە تا ئێوارە درەنگ كە تەشریفی ئەهێنا حەزی ئەكرد زۆر دانیشێت.

باوكم زۆر نهێنی لا بوو هی شێخو شۆڕشەكە ئەویش لە باوكم زیاتر سرِ پۆشبوو زۆر شێخ محمودی خۆش ئەویست كە لە بەغا دەس بەسەر بوو هەمیشە نامەی بۆ ئەنارد ئەویش وەڵامی ئەدایەوە هەروا كەرای كرد شێخ بۆ داری كەلی شەو لەناو باوكم زری پێخۆش بوو هەروا باسی قازی محمد مەلا مستەفا، هەمیشە باسی سمكۆی

ئەکرد کە چەند کورد پەروەر بووەو زۆری خۆش ئەویستو رەسمی لای بوو، زۆر بۆ قازی موحەممەد ئەیفەرموو ئینگلیز لە باڵی ئەدا نایەڵێ جمهورییەتەکەی تا سەربێت.

## جلو بەرگی پیاوی ئەو کاتە کە باوکیشم نموونەیە بوو

تاکە تاکەو بەدەگمەن خەڵکی جلی ئەوروپاییان لەبەر ئەکرد گشت کەس منداڵ گەنج پیر ژن پیاو هەر بەرگی کوردییان لەبەر ئەکرد، ئەو پیاوانە هەمیشە پۆشتەو رێکو پێکو جلی ئەسڵی کوردی بە پاکو پۆختی لەبەریان ئەکرد کە باوکیشم یەکێ بوو لەوانە، هەرگیز نەم دیوە باوکم جلی چرچو لۆچ بێ کە کەواو چاکەتەکەی کە هەر ئەوەی لەبەر ئەکرد نەك کەواو سەڵتەو رانکو چۆغە کە لە خەڵکی لادێکان ئەیانپۆشی، وتو هەبوو ئاسنی ناوەکەی ئاگریان تێ ئەکرد ئەوسا ئەلەکتریك نەبوو هەمیشە ئەو وتووە لە ماڵی ئێمەدا پڕ لە پشکۆو ئامادەکراو بووە بۆ کراسی ژێرەوە کە ژنان بۆیان ئەدرون بە دەست بەوردیو رێکو پێکی لە بلوری سپیو جلی ژێرەوە لەگەڵیان ئەدورا ئەشۆرا ئوتوو ئەکرا کراسی یەخەی نەبوو بزمە لێ یان یەخەکەی

پەنجە قەراغی بۆ ئەکرا نەك یەخەی وەکوو ئێستا وەکوو وتم پشتێنێکی چوار پەنجەی چنراوی بیجی ئەبەست لەژێرەوە بێجگە جلی ژێرەوەی بلور شرواڵێکی لەپێ ئەکرد بەسەریا، هاوین عەبایەکی مەرەزی رەشی ئەدا بەشانا ژنێکی دەست رەنگین ساڵێ شەش کڵاوی بۆ ئەچنی هی زستان لە خامەکی مۆرو لە ژێرەوە بەرگێکی سپی بلوری پێوە ئەدوراو ئێنجا هەمووی بە سانتینی سپی ئەو ژنە کڵاوەکەی پڕ ئەکردەوە بە گوڵی بادەمی، جامانەی بە

دەستورێکی تایبەتی خۆی ئەیپێچا لە کڵاوەکەی کە هێند توندو تۆڵ بە دەوری کڵاوەکەدا ئەیهێناو ئەیبرد چەندان رۆژ تێك نەئەچوو ئەو سەربەستو جامانەش لەگەر هەرشتنێك دا بۆ ئەگێرایەوەو تێی ئەخرا کە چیویت بەقەی دوو کلۆ شەکر بە چوار گۆشەیی ئەبوو کە رەنگێکی شینی ئاسمانی ئەدا بە جامانەکە جوانتر بوو لە سپییەکە هەرگیز دوو رەنگ کەواو چاکەی لەبەر ئەکرد رەساسیو بێجی جلی هاوینەی لەسەرەوەتا خوار تەنکو فێنیكو کاڵ.

زستانیش فاسونی تەڵخترو ئەستوورو لەسەر سکییەوە بە درێژایی سەرماو سوڵ پشتێنێکی سپی خوری پستیك پانو دەوری چوار مەتر درێژ ئەم پشتێنەی ئەبەست کە شتێکی سەیر بوو نازانم لە کوێی ئەکریو قایمی ئەکرد بە قولابو گۆرەوی خۆی تایبەت بوو ئەچنرا بۆ زستان زستانو هاوین هەرگیز کلاشی لەپێ نەئەکرد هەمیشە زستانو هاوین قۆنەرەی ئینگلیزی یا دەستکردی موصڵی هەبوو هەمیشە بۆیاخ کراو عەبای فاسۆنی شان سورمە بۆ زستان.

دەمەر قوپانی هەبوو لەسەر جلی ژێرەوە شەرواڵی لەپێ ئەکرد کە بۆ زستان زۆر گەرم بوو فاسۆنی ئەستور زۆربەی رەنگی قاوەییو زستان فانیلەی قۆل درێژی خوری لەبەرئەکرد.

شەوی زستانو هاوین دشداشەی سپی لەبەر ئەکردو جلەکانی بە جوانیو رێکو پێکی خۆی قەدی ئەکرد ئەی خستە سەبەتەی جلەوەو پشتێنە سپییە خوریەکەی لول ئەدا رەنگی هی ئەو پشتیە بوو هەرگیز سکی نەئەیەشا زستان بەرگێکی خوری قوپچەداری لەبەر ئەکرد بەسەرکراسەکەیدا سەعاتێکی بە روکی بە زنجیرێکی جرێی رەنگ ئاڵتون یا زیو هەڵئەواسی بە رۆکیاکیسە باخەڵ لە [illegible]یا.

وەکوو وتم کڵاوی ٦ی ئەچنرا سێیان هاوینە سیان زستانە هی هاوینە بە دەرزیو دەزووی سپی بە قشو کون کون ئەو ژنەبوی ئەچنی چاوی زۆر تیژ بوو بەڵام بۆ خوێندنەوە عەینەکی لەچاو ئەکرد چونکە بەلایەنی کەمەوە بەسەر یەك رۆژی سێ سەعات تا چوار سەعات ئەی خوێندەوە زۆر خۆی پاكو تەمیز رائەگرت مل پاکو دەستو نینۆك پاك سەری پاك پاك ئەتاشی ئەیوت: پاکە، قەت نانو چێشتی کە بۆمان بهاتایە لە دراوسێ هی مولود کە ئەکرا سینیان ئەنارد هەرگیز نەی ئەخوارد چاوی لەشتی خەڵق نەبوو نانو ماستێکی بخواردایە پێی چاکتر بوو لەو پلاوی مەولوودە.

بابە گیان بە دەگمەن پیاوێکم ئەدی لە خزم لە بێگانە کردارو رەفتارو مامەڵەی لەگەڵماڵو منداڵو خزمو بێگانە لە هی تۆ بچێت هەمیشە ها لەبەر چاوم.. ئای کە خاوەن مەبدەئبووی هەموو شتێکت لەڕێی مەبدەئی پیاوەتیو هەق ئەکرد هەموو کەس بەڕێزو شەرمەوە قسەی لەگەڵ ئەکردیت هی ئەو معاملانەت بوو، بابە گیان لە هەرەتی موحتاجیمان نەزانو دنیا نەدیوو منداڵ کە شەش منداڵو دایکێکی گەنجی بێ دەستەڵاتو بێ پشتیوان جێت هێشتین کە تا ئەمڕۆ ناسۆری لەدڵ دەرناچێ، باوك مردن یا دایك مردن ئەو بۆشاییە گەورە هەتا هەتایە جێ دێڵێت لەناو خێزانیا لە کاتێکدا هی واش هەیە کە کۆچ ئەکا هەر وەك نەبوبێت هێندە تەئسیری ئەبێ بۆ خێزانو کورد خۆ پیاو بە ریشو سمێڵو قسەی زل نابێ بەکردارە.

باوکم لە تەمەنی حەفتا ساڵی دات لە قرچەی نیوەڕۆی مانگی ٦/ ساڵی١٩٥١ بە مەرگی موفاجات بەجێی هێشتین هەزار نورو رەحمەت لە گۆڕی خۆتو هەموو ئەوانەی هاوشانو کردەوەت بوون.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٨-٥٩ |
| **بەشی یەکەم/ شاری سلێمانی** | ٦١-١٧٢ |
| چۆن شارە خۆشەویستەکەمان دروست کرا | ٦١ |
| ئەو هۆیانەی وای لە برایم پاشا کردووە روبکاتە دەورو بەری ئەزمڕ | ٦٥ |
| خەڵکی سلێمانی لەدوای دروست کردنی شار لەچ چین و توێژێك پێك هاتوون. | ٦٧ |
| چۆن سلێمانی دروست کرا | ٦٧ |
| بۆ ناوی نا (سلێمانی)؟ | ٦٩ |
| چۆنیەتی دروست کردنی خانوی سلێمانی لەکۆنەوە | ٩٨ |
| سەکۆو تەختە بەنگ و چیغ | ١٠٥ |
| باسی ژووری عروسی | ١١١ |
| شکندری | ١١٢ |
| بوخچەو تاق پۆش | ١١٦ |
| تەقدیر کردنی دانیشتوانی سلێمانی و خانوەکانی لەلایەن دوو بێگانە لە سەدەی نۆزدەدا. | ١٢٢ |
| چووخم | ١٢٣ |
| حوجرە | ١٢٤ |
| ئەلەکەو وەلەکە | ١٢٥ |
| شیو | ١٢٦ |
| گەرماو | ١٢٨ |
| حەمامەکانی سلێمانی | ١٣١ |
| موناسەباتی خۆش لەحەماما | ١٤٣ |
| حەوتە حەمام | ١٤٣ |
| باسی هەنێ ژنی ناودارو شاژنی شارەکەمان و مەوکیبی حەمامیان | ١٤٥ |

مزگەوتەکانی شاری سلێمانی ١٥١

خانەقاکانی شاری سلێمانی ١٥٤

گردەکانی دەورو پشتی شاری سلێمانی ١٥٥

کارێزەکانی شاری سلێمانی ١٦١

خانی عەجەم ١٧٠

**بەشی دووەم/ باسی هەندێ لە پیاوو ژنی شاری سلێمانیو هەڵسو کەوتو شێوەی ژیانیان.** ١٧٣-٣١٥

هەندێ لەپیاوە بەناو بانگەکانی سەدەی ١٨ و ١٩ی شاری سلێمانی و دەروبەری: ١٧٤

شەجەرەی عائلەیەك لە ساڵی (١٧٦٠) لە قەلاچوالان ١٧٦

برایم پاشا ١٧٧

عبدالرەحمان پاشا ١٧٧

مەحمود پاشا ١٧٨

مەحموود ئاغای شیوەکەڵ ١٧٩

سەید محەمەد کۆرەیی ١٨٧

تۆفیق وەهبی بەگ ١٩٢

ئەحمەد رەفیقی حاجی فەرەجی حاجی حامید ١٩٧

عەلی ئاغا ٢٠٧

رۆستەم ئاغای قەلاچوالان ٢٠٨

ساڵح پاشا ٢١٤

تۆفیق بەگ ٢١٥

تاجیە خان ٢١٦

حاجی کەریمی عەمر خان ٢١٨

صەبرییە سەعید ٢٢٠

خەلیفە یونس ٢٢٤

کەوشەکەی ئەحەی کوڕنو ٢٢٥

باسی هەنێ رەنجدەرو ماندووی سەر بەگەڕەکەکەمان لە ژنو ٢٢٧

لەپیاو لەگەڵ هەنێ باسی تر لەساڵەکانی ۱۹۳۰ تا ۱۹٤۰

| | |
|---|---|
| پورە فاتە ناو | ۲۲۸ |
| مام ئەحمەدی ساوەر کوت | ۲۲۹ |
| پوور خونچە | ۲۳۱ |
| ئامەی چەقالە | ۲۳۱ |
| فەرحە جوو | ۲۳۲ |
| کاك عەلی | ۲۳۳ |
| مەلا معین | ۲۳٤ |
| ئەحە شێت لە ساڵی ۱۹۱۰-۱۹۲۰ | ۲۳٥ |
| شێخ حەمە غەریب هەر لە ساڵەکانی ۱۹۲۰ | ۲۳٥ |
| مچەی حەبە کشمیش | ۲۳٦ |
| حاجی ساڵح ناو | ۲۳۷ |
| یونس بەحری | ۲٤۰ |
| وەستا حەبیب | ۲٤۱ |
| هەیبەتەی کەرکوك | ۲٤۳ |
| حەمە ئاغای ئەوڕحمان ئاغا | ۲٤٥ |
| حەمە ئاغا (۱۸۸۷-۱۹٦۲) | ۲٤۸ |
| شەفیقەخانی خواجا فەندی | ۲٦۷ |
| یا سەلمە | ۲٦۹ |
| خونچەخانی مارفی فەقێ موسوو | ۲۷۱ |
| باجی سەلمە | ۲۷۲ |
| حەپسە خانی نەقیب | ۲۷٦ |
| حەکیمو مامانەکانی شارەکەمان | ۲۸٥ |
| حەڵوا چیەکانی شاری سلێمانی | ۲۹۱ |
| حەلاوە خانی شێخ مەحموود | ۲۹٤ |
| باسی هەنێ ژنی بەختیارو دڵ تەڕی سلێمانی | ۳۱۱ |
| پیرۆز خانی حاجی فەتاحی حاجی ئەولای حەمە کەرکوکی: | ۳۱۱ |

| | |
|---|---|
| ئاته خانی ژنی عبدالفتاح چەلەبی | ٣١٢ |
| حەبەخانی مارف ئاغا | ٣١٤ |
| **بەشی سێیەم/ بیرو باوەڕو داب و نەریتی خەڵکی شاری سلێمانی لەکۆندا** | **٣١٦-٤٧٣** |
| کوڵە چوار شەمووی مانگی سەفەر | ٣١٧ |
| مانگی مەولود (دوانزەی ربیع الأول) | ٣١٨ |
| سواڵی حەوت ماڵە بۆ مەخسود | ٣٢٠ |
| شەماڵە | ٣٢٠ |
| دەروێش | ٣٢١ |
| بەرات | ٣٢٢ |
| خەڵات | ٣٢٤ |
| باربوو | ٣٢٥ |
| مژدانە | ٣٢٦ |
| وەڵیفەت | ٣٢٦ |
| خەرامان | ٣٢٧ |
| تاکی گوارە | ٣٢٨ |
| خەنەو وسمە | ٣٢٩ |
| ئاگر کوژاندنەوە (یا قورقوشم) بەسەر ساوادا | ٣٣٠ |
| پۆیلانە | ٣٣١ |
| کاسە دراوسێتی | ٣٣٢ |
| دەستیاو | ٣٣٣ |
| تا بڕ | ٣٣٣ |
| بوکە بەبارانی | ٣٣٤ |
| قۆرت | ٣٣٥ |
| ناووك گرتنەوە | ٣٣٧ |
| ودەو وەلیفەتەکەی | ٣٣٨ |
| ڕەشەکە | ٣٣٩ |
| مسگەر | ٣٤١ |

| | |
|---|---|
| هەلاجی | ٣٤٢ |
| بان گووشی | ٣٤٣ |
| فەرش داخستن | ٣٤٤ |
| با کەژ | ٣٤٦ |
| عەجامات | ٣٤٧ |
| خووم | ٣٤٨ |
| چەرچی | ٣٥١ |
| خەرارو جەواڵ | ٣٥٣ |
| پیری | ٣٥٤ |
| بازارەکەی شانەدەری | ٣٥٥ |
| هەنێ لەباسی قەڵادزە لەپەنجاکانا | ٣٥٧ |
| دایناسوڕ | ٣٧٠ |
| دەریاچەی زرێبار | ٣٧٣ |
| جولەکەو کەپرە شینە | ٣٧٥ |
| مێرگە پان (لەیادی سەیرانێك ) | ٣٧٦ |
| مناڵ بوون | ٣٧٩ |
| هەندێ باسی تری مناڵی ساواو گەورەتر لەکۆنا | ٣٨٣ |
| هەنێ لەبیرو باوەڕ بۆنەخۆشی ساوا | ٣٨٩ |
| سوننەتی کوڕی مناڵ | ٣٩٢ |
| خەتەنە سوران | ٣٩٣ |
| مەولود خوێندن | ٣٩٥ |
| حـــەج | ٣٩٧ |
| سەیرانو سەیرانگاکان | ٤٠٠ |
| تـــازێ | ٤٠٥ |
| کوتەڵو دوو تەعزێی جەرگ بڕ وەکوو نموونە لە زەمانی کۆنا | ٤٠٦ |
| پیتاك | ٤٢٠ |
| جلوس | ٤٢١ |

| | |
|---|---|
| هەردوو ئیستعراز | ٤٢٢ |
| گۆرانی | ٤٢٤ |
| سنعەتو سەبەتە | ٤٢٥ |
| کڵ | ٤٢٧ |
| لەو پێویستیانەی لەقوڕ دروست ئەکرا لەناو کوردەواریا و لەسلێمانی ئەمانە بوون: | ٤٢٨ |
| قوڕە کڵ | ٤٣٣ |
| ئەو ئافرەتانەی کە بەکڵ دروست کردن بەناوبانگ بوون | ٤٣٥ |
| چۆنیەتی سورکردنەوەی کڵو جێگەکەی | ٤٣٨ |
| باخی پورە بەگی | ٤٤٢ |
| میوان دارێتی | ٤٤٣ |
| هەلاج | ٤٤٧ |
| هەنێ بیرو باوەڕکە خەڵکی جارانی کورد هەیان بوە | ٤٥٠ |
| چرا | ٤٥٥ |
| تووکی قوو | ٤٦٠ |
| هەنێ لە باسی کۆن بۆ دەمە تەقێ | ٤٦٢ |
| سوێندی جاران کە خەڵکی سوێندیان پێ ئەخوارد | ٤٦٣ |
| دایەن | ٤٦٤ |
| هەنێ لەباسی جەژنی جاران | ٤٦٥ |
| پارەی کۆن | ٤٦٨ |
| سەرشۆرك | ٤٦٩ |
| ڕۆژانی هەفتە لە باوەڕی جارانی خەڵکی شارە خۆشەویستەکەماندا: | ٤٧١ |
| **بەشی چوارەم/ جلوبەرگی کۆن لە شاری سلێمانیدا** | **٤٧٤-٥٠٤** |
| کوتاڵ بۆ جلو بەرگی ژن | ٤٧٥ |
| پێڵاو | ٤٧٩ |
| پانی بەرز | ٤٨٠ |


| | |
|---|---|
| هەنێ لەباسی خشڵی کۆنو تازە لەسلێمانیدا | ٤٨٥ |
| زەرەنگەرە جولەکەکانی جاران لەسلێمانی | ٤٨٨ |
| خشڵی ئاڵتونی زۆر کۆن | ٤٩٠ |
| چیویت | ٤٩١ |
| وێنەی شاژنێکی دڵ تەڕی ئەوکاتەی شاری سلێمانی | ٤٩٢ |
| جلی پیاوانە لەسییەکاندا: | ٥٠١ |
| نمونەی جلی پیاوێکی دەستداری ئەوکاتە کەدیومە لەچلەکانا یا پێشتر: | ٥٠٢ |
| **بەشی پێنجەم/ دابونەریتی کۆن بۆ کچ بەشوودانو ژن هێنان لە شاری سلێمانیدا.** | **٥٠٥-٥٢٩** |
| دەست ماچ کردن | ٥١٩ |
| جیازی بووک | ٥٢٠ |
| سنوقی بوراق | ٥٢١ |
| دزە حەمامو خەنەبەندان | ٥٢٢ |
| ڕۆژی شایی | ٥٢٤ |
| قودوم | ٥٢٩ |
| **بەشی شەشەم/ یارییە کۆنەکان** | **٥٣٠- ٥٤٤** |
| حلحلی | ٥٣١ |
| یارییە کوردەوارییەکان | ٥٣٥ |
| یاری کچان | ٥٣٥ |
| یاری کوڕان | ٥٤٠ |
| **بەشی حەوتەم/ هەنێ لە چیرۆك و سەرگوروشتەی کۆن و نوێ لەناو کوردەواریدا** | **٥٤٥-٧٠٢** |
| سەرگروشتەی دایك (گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە) | ٥٥٢ |
| هەرچی چاڵ بۆ خەڵکی هەڵکەنێ خۆی تێی ئەکەوێ | ٥٥٧ |
| هەزار بار بیپەسنیت هەر ئەچێتەوە سەر گاسنی | ٥٥٩ |
| ئەجەل غەیبو نسیب غەیبو دیارغەیب | ٥٦٣ |
| ئاغا بەچاوان | ٥٦٧ |

| | |
|---|---|
| ئایا سروشت راستە یا تەربیە | ٥٦٩ |
| برا لەپشت برابێت مەگەر قەزا لەلای خودابێت | ٥٧١ |
| شەمە یەکەم کەسی | ٥٧٧ |
| هەمزەو هەباس | ٥٧٨ |
| گەورە ئاو ئەڕژێ بچوك پێی لێئەخا | ٥٨١ |
| مریشك لاسایی قازی کردەوە قنگی دڕا | ٥٨٣ |
| دایکی دز ڕۆژێ سنگ ئەخواو ڕۆژێك سنگ ئەکوتێ | ٥٨٤ |
| چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە | ٥٨٥ |
| زمان بوەستێ سەر سەلامەتە | ٦٠٣ |
| زەمان زەمانی کەوا بخۆیە | ٦٠٤ |
| گوێرەکەی خەڵکی گوێرەو سار ئەبرێ | ٦٠٦ |
| سم سمی کەرێو چنگ چنگی مەیاسێ لەم دەنگو باسە سەرم ئەئاوسێ | ٦٠٩ |
| وەستای نەجاڕ بنوبێفکرو خەیاڵ خوا یەکە و دەرکی هەزار | ٦١٠ |
| کەری نیەو ئاخوڕی بۆ هەڵئەبەستێ | ٦١١ |
| ڕۆح شیرینە | ٦١٧ |
| تەماع سەری نەخۆی سەرت ئەخوات | ٦١٩ |
| خوا هەقەو ناهەقی لێخۆش نایە | ٦٢٠ |
| تێر ئاگای لەبرسی نییە | ٦٢٢ |
| ئاکوی ناو قوڵینەکە | ٦٢٦ |
| بۆکاتی خۆی دڵتەزێنو ناخۆش بوو | ٦٤٣ |
| حەوت خوشکە | ٦٤٨ |
| باوكو کوڕ | ٦٥٤ |
| ڕوداوێك بەناوی موعجیزەوە | ٦٦٤ |
| لەسەر خۆ | ٦٧٠ |
| باوەڕو ڕێکەوت | ٦٧٢ |
| فـەقـێ | ٦٧٣ |
| نەشتەرگەریەکی زۆر سەیر لەزەمانی کۆنا | ٦٧٤ |

| | |
|---|---|
| مام تەوەرە | ٦٧٥ |
| پورە مینا (ئەفسانەیە) | ٦٧٦ |
| زەنگی کاروان | ٦٧٧ |
| یادێکی زۆر خۆش مانگی ٩/ ١٩٦١ | ٦٨٤ |
| لەڕۆژێکی جەژنا ئەم بەیتەو بالۆرەیەی کۆنم بیر کەوتەوە: | ٦٩٥ |
| (ناله یان نادر) ناله پێ پان | ٦٩٧ |
| هەباسی فەڕناس | ٦٩٨ |
| **بەشی هەشتەم/ روداوی مێژویی لەشاری سلێمانی** | **٧٠٣-٨٧٦** |
| کارەسات لە سلیمانیا | ٧٠٤ |
| هاتنی مستەر ریچ قونصلی ئینگلیز بۆ سلێمانی: | ٧٠٧ |
| مستەر جیمس بێل فریزر لەسلێمانی ١٨٣٤: | ٧٠٧ |
| نەخۆشی تاعون Plague | ٧٠٧ |
| براکوژی لەناو بابانەکان | ٧٠٩ |
| تـەمـویـن | ٧١١ |
| حەمەرەزا شا لەنێوان سالآنی ١٩٤١-١٩٧٩ | ٨١١ |
| قاله تەگەرانی | ٨١٣ |
| ١٩٧٩/٢/٢٠ باسی قەسابخانەکەی موسڵ | ٨٢٤ |
| **بەشی نۆیەم/ چەند وتەو باسێك** | **٨٧٧-٨٩٥** |
| پارە بەختیاری ناهێنێت بۆ هیچ کەس | ٨٧٨ |
| هەق | ٨٧٩ |
| دونیای ئێستاو ئەوسا | ٨٨٠ |
| سکالآم لای سەلاحەدین | ٨٨٥ |
| تکایەك لەمنەوە بۆ دایکانی کورد لە هەندەران | ٨٨٧ |
| ژیانو مردن | ٨٨٧ |
| باسی ژیان | ٨٩٠ |
| بەڕیش نیە بەئیشە | ٨٩١ |
| ژن نەك ژان | ٨٩٢ |

| | |
|---|---|
| پیاوی خراپو ئافرەتی خراپ | ٨٩٢ |
| ئاخو داخ بۆ کوردی هەژار | ٨٩٢ |
| **بەشی دەیەم/ گیانداران** | ٨٩٦-٩٢٤ |
| حاجی لەق لەق | ٨٩٧ |
| کەو | ٨٩٩ |
| حوشترو خوێ | ٨٩٩ |
| بایەقوش | ٩٠٠ |
| وەفاداری سەگ | ٩٠٢ |
| هەنێ لەباسی وولاّخی بەرزە | ٩٠٣ |
| شەرتی ئەسپی ڕەسەن: | ٩١٦ |
| جرو جانەوەرێکی زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەر: | ٩٢١ |
| هەنێ بیرو باوەڕ لەسەر ئاژەڵو باڵندە | ٩٢٣ |
| **بەشی یانزەهەم/ خواردەمەنی و زەخیرە لەکۆندا** | ٩٢٥-٩٦٢ |
| زەخیرە | ٩٢٦ |
| ترشیات | ٩٣٣ |
| ترخێنە | ٩٣٤ |
| جگەرە تێکردن | ٩٣٤ |
| گوێزەبانە | ٩٣٨ |
| دارە بەن | ٩٣٨ |
| هەنێ لەو جێگەو خواردنانەی کە ناوبانگی هەیە لە کوردستانا بەتایبەتی لە سلێمانیا: | ٩٤٠ |
| ناوی هەنجیر لەکوردستانا | ٩٤١ |
| ناوی ترێی بەناو بانگ لە کوردستانا | ٩٤١ |
| ناوێ هەرمێ لەکوردستانا | ٩٤٢ |
| مۆز | ٩٤٢ |
| نان کردن | ٩٤٣ |
| چا و سەماوەر | ٩٥٠ |

| | |
|---|---|
| سەمەنی | ٩٥٢ |
| هەنێ لەباسی داری زەیتون | ٩٥٦ |
| گیای قەیتەران | ٩٥٩ |
| گیای بەرەزا | ٩٥٩ |
| ئەسپون | ٩٦١ |
| میسکو عەنبەر | ٩٦٢ |
| **بەشی دوانزەهەم/ هۆنراوەکان** | ٩٦٤-١١٣٠ |
| **بەشی سیانزەهەم/ وتەو قسەی خەڵك** | ١١٣١-١٢٠٧ |
| **پاشکۆ** | ١٢٠٨-١٢٤٧ |
| باوکم لەچاوی خۆمەوە | ١٢١٠ |
| حەمەی مەیتەر | ١٢٢٩ |
| جلو بەرگی پیاوی ئەو کاتە کە باوکیشم نموونەیە بوو | ١٢٤٤ |
| **پێرستی باسەکان** | ١٢٤٧-١٢٥٧ |



سلێمانی شەقامی مەولەوی ١٩٧٦



فولکەی بەردەم حەسیب سالح و چەند ئوتومبیلێک ی کەم ١٩٧٦



سلێمانی بەردەرکی سەرا  لە پەنجاکاندا
هەمـــووی چەنـــد ئوتومبیلێک هەبوو



شەوی چلوسی لە سلێمانی 1950



شاری سلێمانی لە چلو پە نجاکانا بەدەستەچە پا سەرا دەستەرراست بانق

لەسەرای سلێمانی وە تا شاخەکە

ئوتومبیل زورکەم بوو چوار عەرەبانەش هەبوو



10-11-1918

**لەراستەوە**

**جودت ناو**

**کوڕی جودت**

**فتاح بەگ ئەمین عەتار** ژن برای شێخ محمودی نەمر

**شێخ رؤوف شێخ مەحمود**

**شێخ مەحمودی نەمر**

**راوەستاو ئەفسەرێکی ئەڵمان**

**چفتەی سورمە بۆ منالیش باو بوو**

مامۆستایانی قوتابخانەی نموونەیی سەعادت بەشی سەرەتایی لەسلێمانی ساڵی 1921



لەراستەوە بۆ چەپ  خوالێخۆش بوو مامۆستا زێوەر - مامۆستا سەعید کابان
خوالێخۆش بوو خواجە ئەفەندی - خوالێخۆش بوو مامۆستا رەشید کابان
مامۆستا عبالله سبری - مامۆستا عەبدولرەحمان نەسیب - مامۆستا ئەحمەدی
عەزیز ئاغا



1908

**چوار هاوڕێ ی زەمانی خۆی**

لەراستەوە : دانیشتووەکان

- کاکە حەمە ئەمین عەتار
- حاجی مەلا سعیدی کرکوکلی زادە
- حەمەئاغای ئاورەحمان ئاغا
- عبدالله لوتفی حاجی عەلی ئاغا
- سیانە فیست بەسەرەکان نەزانراوە



15-3-1989

**حەلاوەخانی کچی شێخ مەحمودی نەمر لەگەڵ ئەمیری جوانەمەرگ کوڕی شێخ ڕۆوف**



1930

لەراستەوە

سالح سعید بەڕێوەبەری معاریفی کۆن لە سلێمانی


مستەفا مامۆستای شێخ ڕۆوف شیچخ مەحمود

شێخ عەزیز تاپۆ

شێخ ڕۆوف شێخ مەحمود

شێخ ڕۆوف شێخ سالح برای شێخ نوری شاعر

حەمەوێڵەیەری ڕاوەستاوە



چوار گەنجی خوێن گەرم سالأنی بیستو سیەکان رۆڵەی سلێمانی کورد پەروەران لەراستەوە

عبدالقادر حشمت ئەندازیار

ابراهیم حلمی فتاح دکتۆری ئاژەڵ

احمد رفیق حاجی فرج دەرچوی ئەمەریکا لە کشتوکاڵ

مامۆستا ڕەفیق حلمی نوسەر و مامۆستا




کۆمەڵێک سەربازی کورد





یەکەم قوتابخانە لەسلێمانی لەخانووەکەی شێخ مەحمود کرایەوە لە نیسانی ١٩٢٨



احمد رفيق حاجی فرج لە ١٩٢٨ لەكۆلیجی زراعە لە ئەمەریكا ( فلادلفیا )



ڕۆژی نەورۆز لە باخچەی ساوایانی ( پلەی دەیز ) سلێمانی ٢٠٠٧



بەغدا 1964


حەلاوەخانی کچی شێخ مەحمودی نەمر
مەلیحەخانی ژنی شێخ رووف شیخ مەحمود
مەحمودی کوری شیخ رووف



بنەماڵەیەکی خەڵکی سەرشەقامی سلێمانی دیارو ناودار 1933


به پێوه میرزا غفوری حاجی سعید قاراغا
حسێن ئاغا عبدالله ئاغا
حاجی رشیدی حاجی سعیدی قاراغا
عمر وەهبی
نوری حاجی عزیز
دکتور عبدالرحمن عبدالله
قاراغا زاوای حاجی رشید
حپسه خانی حاجی رشیدی قاراغا

دانیشتوەکان حەبە خانی ژنی میرزا غەفور
رعناخانی حاجی سەعید
منالەکە : جەمیلە خان میرزاغەفوری حاجی سەعید قاراغا
نبیهەخانی بوکی حاجی رەشیدی قاراغا
ئامینەخانی دایکی علی کەمال
عیسمەت خانی ژنی حاجی رشید قاراغا
منالەکەی جەمیلەخانی میرزاغەفوری حاجی سعید قاراغا
ئاسکەخانی ئامۆزایان کچی حاجی ئاورحمان




مەلا کاکەحەمە ی

ناری شاعیر



میرزائەورەحمان حاجی فەتاح
یەکێك لە بازرگانەناسراوەکانی سەرشەقام

1901 - 1941




خەلیفە یونس ی بەجەرگ و ئازا
لەسییەکان و چلەکاندا




هاوڕێی خۆشەویستم هەر لە
هەرزەکاریـــــــمەوە تائەمڕۆ

سورەیا عەلی برینار ئاغا

سەروبەســـــتی چەفتەی مەلیـــکی
مشکیو سرکەیی بۆژنان لە بیستەکانەوە
تــــا پەنجـــــاکان باو بووە




دیمشق      گۆڕی خوالێخۆش بوو سەلاحەدینی ئەیوبی




سەیرانگای قەشقۆلی و کەوتنە خوارەوەی هلیکۆپتەری بەعس ساڵی ( ١٩٧٦ )





کورسی کورسی جەژنی سلێمانی هەتا پەنجاکان هەر بووە

گوڵی دەسماڵی پولەکەی باجی سلمە (سەلەماوەژە ١١)





میزکە دەسماڵەکەی لەسەر ئەچنی باجی سلمە کە پیان ئەووت کارگە
یا دەسگا برنجوکەی بەسەر را قایم ئەکرد یانی کوتاڵی دەسماڵەکە کە ئەبوایە
سێی کون کون بووایە





1960تەوێلە



نەخشەی  خانوی کۆنی سلێمانی  کەزۆربەی خانوو ئەو نەخشەیەبوو
دوو دەستە سەرخانو و ژێرخانو عروسو هەیوان و دوودەری و سێدەری لە بەینیاندا ررارره و پیلکانە
بۆ حەوشە

# پێشانگای کوردی و لویزە خانی عەتار













لاله سەرحەد ـ لەندەن

بەداخەوە ئێمەی کورد لە زۆر شتدا کەمتەرخەمین و بایەخێکی ئەوتۆمان نەداوە بە بەشداربوون لە پێشانگا دەوڵەتییەکاندا و مشووری ئەوەمان نەخواردووە لەڕێگەی پێشانگاکانەوە کولتوور و کەلەپووری باووباپیرمان بخەینە پێش چاوی میللەتان، بۆ ئەوەی کوردیان پێ بناسێنین و تێیان بگەیەنین کوردی ٣٥-٢٠ ملیۆنی میللەتێکی رەسەنە و بەهۆی باری جیوپۆلیتیکی وڵاتەکەیەوە دابەشکراوە بەسەر داگیرکەرانی کوردستاندا و لە مافی رەوای نەتەوایەتیی خۆی بێ بەشکراوە.
لەو رووەوە، لویزە خانی عەتار، کە لەبنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانییە و کاکە حەمەی باوکی کە ژن برای شێخ مەحمودی قارەمان و شۆڕەسواری خەباتی میللەتی کورد بوو، لە دوای بەدیل گیرانی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیان لە ساڵی ١٩١٩دا و شاڵاوی ئینگلیزەکان بۆ ناو شاری سلێمانی، ناچار بوو لەگەڵ بنەماڵەکەی شێخ مەحمود و گەلێک خێزانی تردا رووبکەنە رۆژهەڵاتی کوردستان و ماوەیەک لای (سمکۆ)ی قارەمان مانەوە و لە دوای لێخۆشبوون گەڕانەوە سلێمانی، بۆ سەر ماڵ و خانەی وێران و تاڵانکراو.
لویزە خانی کچی کاکە حەمە، ماوەیەکی زۆرە بایەخی داوە بە کۆکردنەوەی جلو و بەرگ و خشڵ و کەرەسەی ناوماڵی کۆن و شتی چنراو و گەلێک فۆلکلۆر و کولتووری تری کوردەواریی و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شتیان لێ زەوت کراوە و دزراوە، بەڵام هەر کۆڵی نەداوە و توانیویەتی هەندێکیان بپارێزێت و لەگەڵ خۆیدا دەربازیان بکات و بیانگەیەنێتە شاری لەندەن، کە هەتا ئێستە توانیویەتی لە پێشانگا دەوڵەتییەکان بەشداریی بکات و ئەو شتانە بخاتە پێش چاو.
ئەمانەی خوارەوە نموونەی ئەو بەشداریوونەی ئەون لە پێشانگاکاندا لەگەڵ چەند وێنەیەکی ئەو کەلەپوورانەی لەو پێشانگایانەدا ئامادەی کردووە:
١- لە ساڵی ١٩٨٤، باڵوێزخانەکانی دوەڵەتان لە ئوتێل (سافۆی) لە لەندەن، ئاهەنگێکیان گێڕا بۆ پیشاندانی جوانترین جل و بەرگی میللەتان و هەرچەندە کورد خاوەنی باڵوێزخانە نییە، بەڵام لویزە خان توانیبووی دوو نموونەی جل و بەرگی ژنانەی کوردی، یەکەمیان هی ناوچەی هەڵەبجە و دووەم هی ناوچەی قەڵادزە، پێشکەش بکات.
٢- لە ساڵی ١٩٩٢دا لە "ئینتەرناشناڵ هۆڵ"ی لەندەن پێشانگایەک بەسەرپەرشتی خاتوو شان وەیل، رێکخرا، لەوەشدا لویزە خان رێگەی پێدرابوو چەند نموونەیەکی جل و بەرگی کوردی بخاتە پێش چاو و مایەی رەزامەندیی ئەوانە بوو کە سەریان لە پێشانگاکە دابوو.
٣- لە ئابریلی ساڵی ١٩٩٣دا لە فیستیڤاڵی (ئاگری زیندوو)دا کە لە Art World Sircuit جێبەجێ کرا و لەهەمان ساڵدا لە پێشانگای (جوی گراهام)دا توانیویەتی بەشداریی بکات.
٤- ئەمساڵیش لە رۆژانی ٢٦-٣-١٩٩٨دا لە فیستیڤاڵی (The Journy of a Lifetime) کە کۆمەڵگای ئەورووپا (The European Reminis Cence Network) شوێنێکی بۆ تەرخانکرابوو، لەو شوێنەدا هەندێ لە کەرەسەکانی خۆی خستبووە پێش چاو.

هیواداریین لویزە خان، لەدوا رۆژیشدا بەشدار بێت لەو چالاکیانەی کە سوودی میللەتی کوردی تیادایە و دەبێتە هۆی ناسینی کورد بەوانەی کە شارەزای کولتوور و کەلەپووری کورد نین.



**هەیاسەی زیو**



کڵاوەسەری زیو
بلباسی



# نانگین

کوپەی کە نانیان تێ ئەخست کەنەشکیو کون نەبێ

نانی تیری بەتەنور

هەروەها لە پشتیەوە شەربە کەلەکرکوك دروست ئەکرا


لەلایەن کوردەکانەوە بۆ ئاوخواردنەوە کە زۆرساردی ئەکا




کوپەلەی شین بۆ رۆن و مرەبا  و ترشیات



سندوقی بوراق بۆ جیازی کچانی لادیکانمان



کوپەی گەورەی ترشیات شین بەقەی نەوە لە گڵ بۆترخێنە



سوینەی کل بۆ جل تیاشتن هەویرشیلانن گەنم شتنەوە وەکو تەشتی ئێستا




سەتلی مسی گەورە یان
سەتلۆکەی مسی پچوک
گەورەو پچوک هەبوو




مەسینەی حەوت جوش



تاسی حەمام بۆسابون شانە لفکە بۆ حەمامی دەرەوە



کوپەی گەورەی زور زور کۆن



کاشی شینی ماستاو و کەوچکی دار






سەماوەری زەرد

سەماوەری تەنەکە

دەست کردی سلێمانی و دوکەڵ کێشەکەی



**گۆزەلەی ئاوخواردنەوە**

تەمەن هەمووی دوو ڕۆژە
شێتە زوو ئەبڕێتەوە
شتێ بکە بۆ وەتەن
با ناوت نەکوژێتەوە
کاتێ بەخۆت نازانیت
خێرا ئەوا پیریی هات
گەر شتێکت نەکردبێت
تازە تۆ شەرتت هەڵات

پاکیزە



نرخی( ٨٠٠٠ ) دینارە